# واتە

18

کۆوارێکی ڕۆشنبیریی گشتییە

کانوونی دووەم ٢٠١٢

هەواڵنامەی کتێب

کۆواری واتە
بەهاوبەشی لە نێوان
دەزگای شەفەق لە کەرکووک و
دەزگای ئاراس لە هەولێر
دەردەچێ

هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964

**واتە بۆ ئەوانەیە کە**
**دەیانەوێ واتەیەک بدەن بەژیان**

خاوەنی ئیمتیاز: بەدران ئەحمەد حەبیب
راوێژکار: ئەحمەد تاقانە
سەرنووسیار: یوسف لەتیف
نەخشاندن: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: بۆکان نووری، ئاریان ئەحمەد

هەوالنامەی کتێب

# دیموکراسیی لاواز لە بۆسەی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و هەژموونخوازیدا

ئەکرەمی میهرداد

«تەنگژە، لەو هەقیقەتەوە پەیدا دەبێت کە کۆن لە باری مەرگدایە و نوێ هێشتە لەدایک نەبووە، لەو سەردەمەدا، چەندین دیاردەی جۆرەوجۆر و جیاواز پەیدا دەبن».

گرامشی ساڵی (١٩٢٤)

هەوالنامەی کتێب

**پێشەکی**

یەکێک لە بنیاتیترین تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی مۆدێرن، یان دیموکرات، پێکهێنانی سیستمی بیرۆکراتیک و عەقڵانی و حکوومەتی یاسایە، لەو وڵاتانەی هێشتە سیستم و یاسا جێگیر و دامەزراو نین، ناتوانرێت باسی دەوڵەتی بەهێز بکرێت، هەرچەندە، لەوانەیە، هەندێک جار، ئەمە نابێتە تایبەتمەندیی دامەزراندنی سیستمی یاسایی و مافدانی کە بەهێزترین بنیاتی دەوڵەتی مۆدێرنە، باشترین نموونە لەم زەوینەیەدا، لەوانەیە دەوڵەتی سۆڤیەت بووبێ، کە لە دوای شەڕی جیهانیی دووەم بە یەکێک لە بەهێزترین و جێگیرترین دەوڵەتی دنیا ئەژمار دەکرا، بەڵام لە ڕوانگەی تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنەوە، بەدەوڵەتێکی لاواز دەناسرا، چونکە لە هێنانەدی ناسنامەی نیشتمانی و (نەتەوەیی)، پەیداکردنی ڕەواییی فەرهەنگی و گشتی بۆ حوکمڕانی، ئاوێتەکردنی خەڵک لەنێو دەوڵەتدا و بەدیهێنانی سیستمی یاسایی و مافدانیدا شکستی خوارد، پاشەکشەی یەکەتیی سۆڤیەت (زلهێزی نامۆدێرن و ناپێشکەوتوو)، دیسان بووە هۆی سەرهەڵدانەوەی وردە ناسیۆنالیزمی فەرهەنگی و نەژادی و زمانی و ئاینی و سنوورەکانیانی لەبەریەک ترازاند.

دوای ڕاپەڕین و شۆڕشەکان، دوای ڕووخانی سیستمە دیکتاتۆری و تۆتالیتارەکان، یان دوای شکستی هەندێک لە شۆڕشەکان و پەیدابوونی ناکۆکی و شەڕی سیاسیی نێوان باڵە سیاسی و

دەسەڵاتدارەکان و نەگەیشتنی کۆمەڵگە و دەسەڵات بە کەناری ئارامی و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی، زەوینەی هاندەر و یارمەتیدەر بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵات یان سیاسەتی هەژموونخوازیی پۆپۆلیستی پەیدا دەبێت. لەم زەوینە و سەردەمانەدا، کە شۆڕشەکان یان حزب و دەسەڵاتە سیاسییەکان، نەیانتوانیوە خەڵک یان زۆرینەی جەماوەر رازی بکەن و لە دەوری خۆیانیان کۆ بکەنەوە، یان تەنانەت هەر ئەو حزب و دەسەڵاتانە، نەیانتوانیوە یەکەتی و هاوئاهەنگیی خۆیان بەرەو سەرکەوتن بەرن، لایەنی سیاسی، یان دەسەڵاتداری هەژموونخواز و دەسەڵاتپەرستی پۆپۆلیستی، دەتوانێ (یان دەیەوێ) بۆ کەمکردنەوەی ناکۆکی و نارەزایی، یان دامرکاندنەوە و فریودانی خەڵک، تا ڕادەیەکی زۆر یەکەتی و یەکپارچەیی (فریودار)، لەنێو خەڵکدا، یان بەشێک لە خەڵکدا بەدی بێنێ. کاری ئەم دەسەڵات و لایەنە سیاسییانە بەرانبەر پرسی (تەنگژەی ڕەواییی دەسەڵات) دەبێت، بۆ ئەم مەبەستە دەیانەوێت هێزی خەڵک و توانای خەڵک و ڕەخنە و نارەزاییی خەڵک، بکەنە سەنگەری نەیاری بەرانبەر دەسەڵاتی پێشوو، یان خەڵکەکە دەکەنە هێزی پشتیوانی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان.

پۆپۆلیزم، بریتییە لە کۆمەڵێک سیاسەت لەلایەن هەندێک لە حکوومەتەکان، یان هێزە سیاسییەکانی سەدەی بیستەمەوە بەمەبەستی هاندانی جەماوەر و بەدەستهێنانی پشتیوانیی زیاتری خەڵک لە خۆیان و سیاسەتەکانی بەشێک لە نوخبە سیاسی و دەسەڵاتدارەکان بەناوی (خەڵک) و (جەماوەر)ی نارۆشن یان فریودراو بۆ گەیشتن بە مەرامەکانیان، لەم سیاسەتەدا، جیاوازی و جۆرەوجۆربوونی بەرژەوەندی و بیرکردنەوەی نێو خەڵک، بەتەواوی نکووڵیی لێ دەکرێت و سیاسەتی (مێگەلی) بەرامبەر بە خەڵک پیادە دەکرێت.

وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەو وڵاتانە دەگوترێ کە دوای شەڕی جیهانیی دووەم لە دەستی وڵاتانی ئەمپریالیستی ئەوروپایی رزگاریان بوو، لەم وڵاتانەدا، دوو پرسی سەرەکی کە یەکەمیان دەوڵەتسازیی مۆدێرن و یاسایی و دیموکراتییە، دووەمیان نەتەوەسازی یان گرتنەبەری سیاسەتی هاونیشتمانی و هاووڵاتییە، شکستیان خوارد، ئەم دوو شکستە، بوونە دوو ڕێگری گەورە لە بەردەم گەشە و پێشکەوتنی ئەو وڵاتانە. لەوەش زیاتر، هەندێکیان بۆ تێپەڕبوون بەرەو دەوڵەت و نیشتمانی مۆدێرن، گرفتاری کێشە و شەڕ و ململانێی چینایەتی و نەتەوایەتی و ئایدیۆلۆجیک بوون. مێژووی وڵاتانی وەک تورکیا، ئێران، سووریا، عێراق، میسر.. هتد، بریتییە لەو مێژووە پڕ شەڕ و نائارامی و زۆرانبازییانە. کێشەی نەهێنانەدی دەوڵەت و نیشتمانی مۆدێرن و دیموکراتی، لە پاڵ ناکۆکی و ململانێی بەهێزی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و ئاینی و نەژادی یان فراوانبوون و گەشەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و نالەبار کە دواجار دەبنە زەوینە و سەرچاوەی پەیدابوونی حزب و دەسەڵاتە سیاسییە هەژموونخوازەکان، یان لە ڕێگەی سەپاندنی دەسەڵاتی سەربازی و پۆلیسی، یان لە ڕێگەی هێز و جەماوەری پۆپۆلیستییەوە، توانییان دەسەڵات و هەژموونی خۆیان بسەپێنن بەسەر ئەو وڵاتانەدا، ئەزموونی دەسەڵاتی عەبدولناسر لە میسر، بەعس لە عێراق،

کۆماری ئیسلامی لە ئێران و دەوڵەتی ئەتاتورک لە تورکیا، بەتەواوی شایەتی ئەوە دەدەن کە ئەم هێزە سیاسییانە، توانییان لە هەردوو ڕێگەی هەژموونخوازی و پۆپۆلیستییەوە بۆ ماوەیەکی زۆر حوکمی ئەو وڵاتانە بکەن.

دەسەڵاتی هەژموونخواز و پۆپۆلیستی لە جیهانی سێیەمدا، ئەگەرچی بۆ ماوەی نیو سەدە توانییان جۆرێک لە جێگیری سیاسی و دەسەڵاتی دیکتاتۆری و پۆلیسی بچەسپێن، بەڵام ئەوانیش هەروەکو دەسەڵاتە ڕووخاوەکانی پێش خۆیان، نەیانتوانی (یان ڕاستییەکەی نەیانویست) دەوڵەت و نیشتمانی مۆدێرن و دیموکرات، ئاوا بکەن ئەوانیش، وەکو دەسەڵاتە ڕووخاوەکانی پێش خۆیان، کەوتنە بەر هێرشی جەماوەری پۆپۆلیست و هێزە سیاسییە هەژموونخواز و نادیموکراتەکان. مێژووی ئەم وڵاتانە، ئەوەی سەلماند، کە مێژوو دوو جاران دووبارە دەبێتەوە، بە کەسایەتی و ڕووداو و هێزەکانەوە، بەڵام جارێکیان بەشێوەی تراجیدیا و جارێکی تر، بەشێوەی کۆمیدیا.

سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی جیهانی عەرەب لەلایەن جەماوەری ناڕازی و قین لە دڵ و تۆڵەستێن و دەرکەوتن و سەرهەڵدانی چەندین هێزی سیاسیی هەژموونخواز و پاڵپشتکراو لەلایەن هێزی پۆپۆلیستی ئەو جەماوەرەوە، دیسان ئەم وڵاتانە دەخاتە بەردەمی هەمان ئەزموونی چل یان پەنجا ساڵ لەمەوپێش. لەم تابلۆ و ڕووداوە تازانەی ساڵی (٢٠١١)دا، یەکێک لە کارەکتەرە نوێکان، یان هێزێکی سیاسیی تازە (کە نیو سەدە پێش ئێستە بەو هێزەوە لە مەیداندا نەبوون)، هێزگەلی ئیسلامیی سیاسیین، کە لەوپەڕی میانڕۆیی تا ئەوپەڕی توندڕۆیی و جیهادی و تەکفیریان تێدایە، تەنانەت هەرێمی کوردستانی ئێمەش، لەم دیاردە و ڕووداوانە بێبەش نەبوو، ئەوە بوو لە (١٧)ی شوبات هەتا (١٩)ی نیسانی (٢٠١١)، هێز و حزبە هەژموونخواز و پۆپۆلیستەکان، بەرانبەر بەئەزموونی ناکام (یان ئیکمالی) دیموکراسی کوردی، هاتنە مەیدانەوە و بەردەرکی سەرایان لێ بوو بەمەیدانی تەحریری میسر و تونس و وڵاتانی عەرەبی.

بەڵام دیسان هەمان پرس یان (کێشە!)ی ڕابردوو وەکو کێو، بەرانبەر ئەم شۆڕش و وڵاتانە وەستاوە، کە ئاخۆ ئەم ئەزموونە تازانە، دەتوانن، یان دەیانەوێ، ئەم وڵاتانە بەرەو نیشتمان و دەوڵەتی مۆدێرن و یاسایی و دیموکرات بەرن یان نا؟ هێشتە وەڵام نادیارە، بۆیە ئێمەش ئەم باسەمان لەبارەی پۆپۆلیزم و سیاسەتی هەژموونخوازی هێزە تازەکانەوە ئامادە کردووە، ئەو هێزانەی بەپشتیوانیی جەماوەری ڕاپەڕیوی قین لە دڵ و تۆڵەسێن و (پۆپۆلیستی) سیاسەت دەکەن، تا دەسەڵات بگرنە دەست.

١- میتۆدی ناسینەوەی (پۆپۆلیزم) لە زانستی مرۆڤایەتیدا

ئەگەر ئەوە پەسند بکەین کە سیاسەت قەڵەمڕەوی هەقیقەت نییە، بگرە ژینگەیەکی گشتییە کە لەوێدا تاکەکان بیروڕا و دیدی خۆیان لەبارەی شێوازی ڕێکخستن و سامانداني کۆمەڵگەوە

دەخەنە نێو باس و گفتوگۆی ئازادەوە، سەرەنجام، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە پرسیار لەبارەی دیموکراسی و ئەخلاقەوە، دەبێتە مەیدانێکی گرینگ بۆ بیرکردنەوە لە کۆمەڵگەی سیاسی و پرسی پەروەردە و فەرهەنگی خەڵک بۆ هۆشیاریی خۆیان لە پێناوی ئازادی و بەرقەرارکردنی پرسی هاووڵاتیبوون و ئاشتیی کۆمەڵایەتی و یاسایی. بەڵام کاتێک، یان سەردەمێک، ئەم ئەزموونە، دووچاری بیرکردنەوەی تاریک و توندڕۆیی دەبێت و هاووڵاتییان (یان ڕاستییەکەی دانیشتوان)، سەبارەت بە پێکەوەژیانی خۆیان بێ متمانە دەبن، شایستەییی خۆیان بۆ هێنانەدی قەوارەی سیاسیی دڵخواز فەرامۆش دەکەن و بەرامبەر بەرپرسیاری بۆ هێنانەدی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مۆدێرن و دیموکرات ناهۆشیار دەبن، لەو هەلومەرجانەدا، پەیامی فەلسەفەی سیاسی دەبێتە داکۆکیکردن لە ئەندێشەی فەلسەفی و کاری سیاسی، بەرامبەر درۆ و فریودان و لاف و گەزافی بەرپرسیاریی کە پیشەی لات و شەلاتی و لۆمپەنە سیاسی و فیکرییەکانە "بۆ ئەوەی جەوهەری سیاسەت و ماهییەتی فەلسەفە بەرەو مەترسی بەرن، بەدەربڕینێکی رۆشنتر، پەیامی فەیلەسووفی سیاسی لەم هەلومەرجانەدا داکۆکیی ئەخلاقییانەیە لە دژی دیاردەی پۆپۆلیزم و کار و کردەوەی لۆمپەنیزم (لات و شەلاتی سیاسی) کە هەموو کات خاوەنی تەنگژەی بەرپرسیاریی سیاسییە کە ئاکامەکەی دەبێتە تەنگژەی رەواییی سیاسییش"(١).

ئەگەر ئەوە بزانین، دیموکراسی ئەو سیستمە سیاسییەیە کە دەیەوێ هونەری ڕێکخستن و ساماندانی کۆمەڵگە بکاتە ئامانج، بۆیە پۆپۆلیزم، یەکێکە لە ترسناکترین و دژە دیموکراتیترین ئەندێشە و دوژمنی ئەم ئامانجە، چونکە پۆپۆلیزم، دەیەوێت ڕێکخستن و شیرازەی کۆمەڵگە تێک بدات و هەڵوێستی ڕق و تۆڵە بکاتە سیاسەت و ڕێبازی خەڵک.

"هەندێک کەس وا دەزانن پۆپۆلیزم، ڕووی کاردانەوەی سیاسیی خەڵکە بەرامبەر بەدەسەڵاتداران، بەڵام واقیعییەت لەوەدایە، پۆپۆلیزم، وەڵامی کۆنەپەرستانەیە لە دژی دیموکراسیی نوێنەرایەتی کە بەستێنی واقیعی خۆی لە ئاسۆی ئەخلاقی مەدەنی و بەرپرسیاریی هاووڵاتییاندا دروست دەکات، هەر لەبەر ئەوەشە، دەرکەوتنی پۆپۆلیزم و بەهێزبوونی، هاوڕایە لەگەڵ ئاڵۆزبوونی پێوەندیی نێوان خەڵک و نوێنەرانی سیاسیی خۆیان لە دنیای سیاسەتدا کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی بیروڕا و دیاردەکانی بنیاتگەرایی، ئەخلاقی و سیاسی"(٢). لەم زەوینەیەدا، کێشەی گەورە، تەنیا ئەوە نییە کە پێوەندی و متمانەی خەڵک بەرانبەر بەنوێنەرانی سیاسی و یاسایی بەرەو شێوان و ئاڵۆزبوون دەچێ، یان خەڵک کاردانەوەیان دەبێ بەرانبەر بەو هەلومەرجانە، بگرە ئەوەیە، زەوینە و هەلی سەرهەڵدانی سیاسەتی ڕق و تۆڵە چ لەنێو خەڵک و چ لەنێو هەندێک هێزی سیاسیدا، سەرهەڵدەدات، یان دەبێتە بەشێک لە ڕێباز و بیرکردنەوە. بەشی زۆری دیمەنەکانی شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی (بەناو بەهاری عەرەبی)، یان دیمەنەکانی ئاشووبی (١٧)ی شوبات تا (١٩)ی نیسان، بریتین لە تابلۆکانی ڕق و تۆڵەی هەندێک خەڵک و سیاسەتوان بەرانبەر بە دەسەڵاتداران.

لە سەردەمی ئاشووب یان ڕق و تۆڵەی پۆپۆلیستیدا، بنیاتە عەقڵانییەکانی سیاسەتی دیموکراتیک، بەرەو شێوازە توندڕۆکانی سەرەڕۆیی دەچن، هەر بۆیە، پۆپۆلیزم، بە ستایشکردنی (خەبات و سیاسەتی!) خەڵک وەکو هێزی جەماوەری، گوتاری ئەخلاق، یان هەڵوێست و کاردانەوەی ئایدیۆلۆجیکی خەڵک دەخاتە جێگەی گوتاری دیموکراتیکی مافەکانی تاک. ناسینی ڕەوشی ڕاستەقینەی پۆپۆلیزم و ڕیسواکردنی ناوەڕۆکە ئەخلاقییەکەی کە: تۆڵەکردنەوە و نابەرپرسیارییە، ڕووخاندن و تێکدانە، ئاشووب و دروستکردنی پشێوییە، یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن و دیاریکردنی پێوەندیی نێوان ئەخلاق و سیاسەت، بە مانا دیموکراتییەکەی (ئەخلاق و سیاسەت). پێوەندیی نێوان ئەخلاق و سیاسەت لە دیموکراسیدا، دەبێ لە هەردوو لایەنی دەسەڵات (سیاسەت) و کۆمەڵگە (ئەخلاق)دا بێ، واتە؛ سیاسەت، دەبێ بەئەرکی مۆدێرن و نیشتمانی و یاسایی و دیموکراتیکی خۆی ئەنجام بدات و وڵاتێکی ئاوەدان و خاوەن ماف و ئازادی و عەدالەت و بەشداری بۆ هاووڵاتییان دروست بکات، هەردەم پابەند بێت بەو سیاسەتە ئەخلاقییانەوە، کۆمەڵگەش، دەبێ بەرپرسیار بێ لە پاراستنی ئەو دەستکەوتانە بەرەو ئاشتی و خۆشگوزەرانی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی.

پێوەندییەکانی نێوان سیاسەت و کۆمەڵگە، یان دەسەڵات و تاک لەم زەوینە و مەیدانانەدا کورت و کۆ دەبێتەوە کە بێگومان دەبنە بنەمای متمانە و ڕەوای ئەخلاقی و دیموکراتی لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا: (سیاسەت و هاووڵاتییان دەبێت ڕێکخستن و سامانداني کۆمەڵگە و ڕێگەکانی دروستکردنی هاوسەنگیی نێوان دەسەڵات و خەڵک، یان نێوان تاکەکان، فەراهەم بکەن. سیاسەت و هاووڵاتیبوون، واتە؛ ڕێگەگرتن لە توندوتیژیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و گرتنەبەری ڕێبازی یاسایی بۆ چارەسەری پرس و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، سیاسەت و هاووڵاتیبوون، بەمانای ئەوەیە، مرۆڤەکان، لە بنەمای بووناسی پلورالیستی خۆیان هۆشیار بن و سیاسەتی دیموکراتی بکەنە (هاوپشتی کۆمەڵایەتی) لێبووردن و بەرگەگرتن و داکۆکیکردن لە بوون و بەرژەوەندیی ئەوانی تر، کە لەم کاتەدا، ئەرکی سیاسەت، دەبێتە داکۆکیکردن لە بەرژەوەندیی گشتی، کە هاوکات بەرژەوەندیی من و ئەوانی تریشی تێدایە، بەشداری و گفتوگۆی ئازاد و گرتنەبەری ڕێگەکانی یاسا و کۆمەڵی مەدەنی و پرسەکانی ماف و ئازادی، دەبنە بنەما ئەخلاقییەکانی دیموکراسی و بەرپرسیاریی گشتی، هەر بۆیە، تەنیا لە سیستمی دیموکراسی و سیاسەتی دیموکراتیکدا، هاوژیانی سیاسی و پێڕەوی لە بنەما ئەخلاقییەکانی سیاسەت و هاووڵاتیبوون، دەگەنە متمانە و پێوەندیی ئاشتییانە. لەم پرسەدا، ڕێگەگرتن، یان جڵەوگیری سەرەڕۆی دەسەڵات، یان هەر هێزێکی تری (سیاسی یان کۆمەڵایەتی)، دەبێتە بنەمایەکی تری پێوەندیی ئەخلاقی لە نێوان سیاسەت و کۆمەڵگەدا، هەر لێرەشەوە، توندوتیژی، یان شەڕ لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا، یان لە نێوان دەسەڵات و هێزە دیموکراتییەکاندا ڕوو نادات، چونکە دیموکراسی، ڕاهێنانی ڕۆژانەی ئازادی و هەقیقەتە، ئەم ڕاهێنانە، تەنیا کارێکی سیاسی نییە،

بگرە بەرپرسیاری و پابەندبوونی ئەخلاقییشە.

لەو کات و جێگەیانەدا کە ئەم پرسە سیاسی و ئەخلاقی و دیموکراتییانە پەیدا نابن، لەو کاتانەدا کە دەسەڵاتەکان هەوڵ نادەن دەوڵەت و نیشتمانی مۆدێرن و دیموکرات دروست بکەن، کاتێک هێزە سیاسییە نەیارەکان، یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیا و ڕووناکبیران، نازانن، یان نایانەوێ پابەند بن بەو بنەما ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی پێوەندیی دوولایەنەی نێوان سیاسەت و خەڵک، بەرەو ئاشتی و متمانە دەبەن، یان لە سەردەمی بزربوونی ئەم بنەما ئەخلاقییانەدا، هاووڵاتییان ناتوانن بڕواکانی خۆیان بەئەوانی تر بگەیەنن، یان ناتوانن بەرپرس بن لە خۆیان و بەرانبەر کەسانی تر. لەم سەردەمەدا، هاووڵاتییان زۆر زوو توانا و کاریگەریی خۆیان بەسەر حکوومەت و بەسەر خۆیان و بەسەر کۆمەڵگاشدا، لە دەست دەدەن و هەلومەرج، یان ڕەوشی ئاشووب و پشێوی دێتە کایەوە، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا، ئەخلاقی دیموکراتیک و بەرپرسیاریی مەدەنی و دەسەڵاتی یاسایی بۆ هێنانەدی ماف و ئازادی و عەدالەت و بەشداری، نەبن، یان ئەو کۆمەڵگەیە ڕوانگەی پەروەردە و فەرهەنگی دیموکراسییانەی لاواز، یان هەر نەبێ، کارەسات سەرهەڵدەدات و هاووڵاتییان بەرانبەر داهاتووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خۆیان، متمانەیان نامێنێ، یان بەدگومان دەبن، لەم سەردەم و ڕەوشانەدا، هەل و شیمانەی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و سەلاتی و شەقاوەی سیاسی (لۆمپەنیزم)، زیاتر دەبێ، هەر لەبەرئەوەیە، لە سیستم و دەسەڵاتە پۆپۆلیستییەکاندا، نموونەی دەسەڵاتی سەدام، ئەخلاقیی مەدەنی، جێگەی خۆی دەدات بەلۆمپەنیزم و لە زەوینەی سیاسەت و کۆمەڵدا، تیۆریی پیلان و موئامەرە، جێگەی شەفافیەتی دیموکراتیک دەگرێتەوە (ئەزموونی شەڕی نێوەخۆی نێوان یەکێتی و پارتی، یان ئاشووبی (١٧)ی شوبات، ئاشکراترین نموونەن بۆ لۆمپەنیزم و تیۆریی پیلان).

یەکێک لە بنەماکانی پۆپۆلیزم (یان ڕاستییەکەی یەکێک لە هەڵوێستەکانی پۆپۆلیزم)، تێکەڵاوکردنی بنەمای جوداییی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵی مەدەنییە، فریودانی پۆپۆلیزم، یان سێکتاریزمی سەرکردەی پۆپۆلیزم، بۆ ئەوەی کە خەڵک دەتوانن دەسەڵات برووخێنن و خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست و نواندنی توندوتیژی و جیهاد و سیاسەتی تۆڵەکردنەوە بکەنە ڕێباز، دەتوانێ یان دەیەوێ بنەمای هاووڵاتیبوون و سیستمی دیموکراتیکی نوێنەرایەتی تێک بدات یان بیڕووخێنێ. لەم کاتەدا، پۆپۆلیزم، کار لەسەر داخوازیی کاتی جەماوەری کاردانەوە و تۆڵەئەستێن دەکات و بەخەیاڵی خۆی دەیەوێ بەو شێوازە کار و چالاکیی سیاسی ئەنجام بدات، بۆیە پۆپۆلیزم بڕوای بەبنەمای دیموکراتیکی هاووڵاتیبوون و سیستمی نوێنەرایەتی و جیاییی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵی مەدەنی نییە، بۆ ئەوەی بتوانێ لەشکری پۆپۆلیستی و جەماوەری بخاتە بەرامبەر حکوومەت و سیاسەتەکان، لێرەدا پۆپۆلیزم، ستایشکاری جەماوەرە، بەڵام داکۆکی لە بنەمای هاووڵاتیبوون ناکات.

لەو وڵاتانەدا کە بەرەو دیموکراسی دەڕۆن، یان دیموکراسی لە ڕەوشی لاوازی و لانی کەمدایە،

یان شـیـمـانەی شکسـتی ئەم دیموکـراسـیـیـە لە ئارادایە، یەکێک لە گـرینگـتـرین و دژوارترین ئاسـتەنگەکان ئەوەیە، چۆن دەتوانین داکۆکی لە ئەخلاقیی دیموکراتی بکەین، یـان چۆن بتـوانین توانا و هۆشـیـاریی سیاسی و فـەرهـەنگی و ئابووریی خەڵک بەرز بکەینەوە، بۆ گەیشتن بە پایە و پلەی هاووڵاتیبوون. لەو کاتانەدا کە خەڵک بەهرەمەند نەبن لە پێڕەوی ئەخلاقیی دیموکراتی، یان سـوودمـەند نەبن لە حکوومـەتی دیموکـراتی و یاسـایی بـۆ هێنانەدی ژیان و دەسکەوتە دیموکراتییەکان، ئاشکرایە کە هەل و شیمانەی ڕەوایی و دیموکراتی و سیاسی بەرەو لاوازبوون دەچێ و نەیارانی دیموکراسی، یان هەلپەرستانی سیاسی، لە ناوەوەڕا و لە دەرەوەی حکوومـەتی لاوازدا، دەکـارن کار بۆ هێنانەدی سیـاسـەت و ڕێبازی پۆپۆلیسـتی بۆ پیـادەکردنی دەسـەڵاتی هەژموونخوازیی خۆیان بکەن، لە ڕێگەی فریودانی ڕەواییی جەماوەری نارازی و تۆڵەستێنەوە.

یەکێک لە ترسناکـترین کێشـەکـانی ئەم سـەردەمـە، وێڕای نەبوونی ڕێککەوتنی سـیـاسی و ئاشتیی کۆمەڵایەتی، یان سـەرەڕای نەبوونی دەسەڵاتی یاسایی و دیموکراتی ئەوەیە، ڕەوشی نێو خەڵک (یار و نەیار)، بەرەو ناعەقڵانی و نەمانی پێوەندی و زاڵبوونی بێ متمـانەیی و دوژمنایەتی دەچێ، ئەوانـەی کـە نەیاری دەسـەڵات و سـیـاسـەتی سـەردەمن، بەرانبـەر بەوانەی لایەنگری ئەو دەسـەڵاتەن، وەکـو دوو لەشکری دژ بەیەک بەرانبـەر یەک وەسـتـاون (کـە بەردەوام هـەردوولایان کەمـایـەتیی نێو خەڵکن) و لەولاشـەوە، زۆرینەی خەڵک، ڕەوشـی بینەریان هەڵبـژاردووە، یەکەمین قـوربانیی ئەم سـەردەمـە دیموکـراسـیی لاوازە، یان دیموکـراسـیی سـەرەتاییـیـە، چ لایەنگرانی دەسەڵات، چ نەیارانی حکوومەت، لە بۆسەدان ئاخۆ کامیان داگیری بکەن!

۲– ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی پۆپۆلیزم و هەژموونخوازی

لەو جـێگە و کـاتانەدا کـە کۆمـەڵگە لـە سـەردەمی تێپـەڕبووندایە (ڕاگـوزەر – ئینتـیـقـالی) بۆ سـەردەمـێکی تر، یان لەو ڕەوشـانەدا، کـە دەسـەڵات و ڕێژیمەکـان، بەهۆکـاری جـیـاواز، توانای ئەوەیان نەمـاوە سیسـتـمی گشـتی کۆمـەڵایەتی و دەسـەڵاتی خۆیان بەسـەر تاکەکاندا بپارێزن، هەندێک دیاردە و ڕووداو دێنە پێشەوە کە کۆمەڵناسان بەکەمێک سەرنجەوە ناوی دەنێن (ڕەفتاری گشتی)، یان (دیاردەی جەماوەریی)[۳]، لەم سەردەمـانەدا، ڕەفتارە گشـتی و کۆمەڵایەتییەکان لە زەمانەتی پیادەکردن و ئاکام دوور دەکەونەوە و شێوە تازەکانی ئەنجامدانی کارەکان وەکو جاران نامۆ یـان گوناهکار و تاوانبـار ئەژمار ناکرێن، لەم کاتانەدا کۆمەڵگە، یان بەشـێک لەو کۆمـەڵگەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتاییی پێش دەسەڵات و ڕێژیم، ڕەوشی شۆڕش و ڕاپەڕین و پەلامار و خۆپێشـاندانە جـەمـاوەرییـەکان بەو شـێـوەیە بەڕێوە دەچن، ڕاسـتـییـەکەی، ژمـارەیەک خـەڵک لەوانـەیە ڕێگەی تازەی دوور لـە چاودێریی دەسـەڵات و ڕێژیم وەکـو تەنیـا ڕێگەی گـونجـاو بۆ ئەنجامـدانی کارەکان سـەیر بکەن، لەم کاتانـەدا ئەو مرۆڤانە دەردەکـەون و وتار دەدەن و کار و چالاکی دەکەن کە بێبەشن لە داوودەزگاکان، یان دامـەزراوە کۆنەکانیـان وێڵ کردووە و وازیان لێ

هێناون، بەڵام خودی ئەو کەسانەی کە مەیدان و ڕەوشە تازەکان بەدەستەوە دەگرن، دەبێتە پرسێکی گرینگ، ئەوانیش ئەو کەسانەن کە هەژموونخواز و دەسەڵاتپەرست و بەرژەوەندیخوازن، یان ئەوانەن کە ڕێژیم و دەسەڵاتەکەی جاران دەری کردوون، یان پەڕاوێز خراون، ئەم کەسانە، بەهەردوو ڕەهەندی هەژموونپەرستی و پەڕاوێزبوونەوە، بەرژەوەندیی خۆیان لە ڕێژیمی کۆندا نابینن، یان بە لەدەستدانی کۆن بەبێ ئەوەی هەلومەرج، یان ڕەوشی تازە، زەمانەتکراو بێ، پێوەندی و ناسنامەی جارانیان دەدۆڕێنن و دەچنە بەرزەخێکەوە، کە لەوانەیە کورتخایەن یان درێژماوە بێ. ئەم هەلومەرجە، کتومت لە قومار دەچێت و لەم زەوینە قوماربازییەدا، دیاردە، یان ڕووداوەکانی پۆپۆلیستی و هەژموونخوازی سەرهەڵدەدەن، یان دەبنە ڕەفتار و دیاردەی جەماوەری.

لەو سەردەمە ناپایەدار و ئینتیقالییەدا کە داوودەزگا و ڕێژیمە کۆنەکان پاشەکشە دەکەن، یان هەڵدەوەشێنەوە و هێشتە داوودەزگا تازەکانیش نەکەوتوونەتە بەردەست، یان دروست نەبوون، کە بزووتنەوەی جەماوەری و شێوازەکانی ڕەفتاری گشتی، زەوینەی گونجاو پەیدا دەکەن. لەم هەلومەرجانەدا، چەندین ڕەوش و هەڵوێست و دیدی جیاواز و ناکۆک پەیدا دەبن و ڕەفتار و ڕابەرێتیی تازەش پەیدا دەبن، ئەمەش، هەمان ئەو ڕاستییەیە کە بیرمەند و تێکۆشەری ناوداری ئیتاڵیایی، گرامشی، لە ساڵی (١٩٢٤)دا، بەبۆنەی بەهێزبوون و دەسەڵاتی فاشیزمی ئیتاڵیاوە دەڵێ: "سەردەمی تەنگژە لەو ڕاستییەوە پەیدا دەبێت کە کۆن لە حاڵی مەرگیدایە و نوێ هێشتە لەدایک نەبووە، لەم ڕەوشانەدا، چەندین دیاردەی جۆرەوجۆر و جیاواز سەرهەڵدەدەن)(٤).

باشترین زەوینە و خاک و جەماوەری گونجاو بۆ سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و ڕەوتی هەژموونخوازی نێو، یان دەرەوەی دەسەڵاتەکانی سەردەمی تێپەڕ بوون، لەو سەردەمانەدا، دەبێ کە وڵات، یان ڕێژیم لە ڕەوشی ئاڵوگۆڕدایە و تا ئەم ڕەوشە زۆرتر بخایەنێ، بوون و دەسەڵاتی ئەو هەلومەرجە پۆپۆلیستی و هەژموونخوازەش درێژە دەکێشێ.

"لەم دەورانەدا پاڵەپەستۆ و دارمانەکان هەل و شیمانەی زیاتر پەیدا دەکەن و خەڵک و جەماوەر پێش ئەوەی هەڵسەنگاندنی باش و پێگیر بۆ دیاردە و ڕووداوەکان بکەن، یان ئەزموونی بکەن، خۆیان فڕێ دەدەنە ناویان و تووشی گەلێک ناکۆکی و دڵەڕاوکێ دەبن. ئەمە ئەو سەردەمانەیە کە ماکس ڤێبەر ناوی دەنێ (سەردەمی دڵەڕاوکێ)، یان بە گوتەی ئەمیل دۆرکهایم دەبێتە (ڕەوشی فەوزا) و لەدەستدانی بیروڕا و هەڵوێست و ماناکان. خەڵک دەست دەکەن بەڕەفتاری گشتی و جەماوەری و ئاپۆڕە و نواندنی ڕق و خۆشی، یان تۆڵەکردنەوە و پەلاماردان، هەروەها لە ناوەندی نوخبە و ڕووناکبیرانیشدا، باس و خواسەکان و گوناهەکان، ڕەخنە و دژە ڕەخنەکان، بیرکردنەوەی کەسێتی و هەڵوێستی گوماناوی و گرتنەبەری بیرکردنەوەی نامۆ و نادیار کە پاشان بۆیان دەردەکەوێ کردار و گوتاریان لە چالاکی بێبەش دەبێ و لە ڕۆحی ژیان خاڵی و پووچ دەبێ، دیسان، جارێکی تر تێ دەگەن ئەو ڕۆژە بێ ئومێدانەی بۆ بەدەستهێنانی

دەسەڵات سەرفیان کرد، گومانی زۆری بۆ هێناون و هەندێکیان هێشتە هەر مەستی وتار و دەسەڵاتی خۆیانن و ئەوانی تریش لە هەستی گوناهکاری و حەسرەت نزیک دەبنەوە"(٥).

جەماوەری پۆپۆلیستی لە ڕەوشی ڕەفتاری گشتیدا "جا ئەو ڕەفتارە گشتییە بۆ پرسێکی ڕەوا بێ، یان ناڕەوا" بەبێ ڕێکخستن و دیسپلین، بەشڵەژان و دڵەڕاوکێوە سەر بەئاشووب و توغیان، یان هەڵگەڕانەوە لە سەردەم و ڕێژیمی کۆن دەسپێرن و ئامادەن بەرەو هەموو ڕێگە کوێرەکان بچن، ئەم کۆمەڵە خەڵکە، لەنێو خۆشیاندا هاوئاهەنگ نین و تەنانەت ئامانجی هاوبەشیان نییە. لەم ڕەوشەدا، وتاری زاڵ، یان هێزی باڵادەست بەنواندنی توندوتیژی و پاوانکردنی مەیدانەکان، دەتوانن زۆرینەی جەماوەری هەژار و شڵەژاو بخەنە دوای خۆیان، ئا لێرەشدا، جەماوەر دەبنە شوێنی تەماع و هەژموونی ڕابەرانی تازە. پۆپۆلیزم، لەم هەلومەرجەدا، دەبێتە ئەو ڕەوشە جەماوەرییەی کە سیاسەتی هەژموونخوازی و فاشیستی دەیکاتە کۆڵەکەی سیستمە سیاسییەکەی خۆی، بەڵام لە سەردەمێکی کورتدا نەک دوورمەودا، هەلومەرجی پۆپۆلیستی و ڕەفتار و دیاردەی جەماوەری، تەنیا لەلایەن نوخبە سیاسی و ڕووناکبیرییەکان، یان لەلایەن خەڵکی پەڕاوێز و دەرکراو لە دەسەڵات و ڕێژیمی کۆنەوە ساز ناکرێت، بگرە ئەو لایەنە سیاسی و ئابوورییە بەهێز و دەوڵەمەندانەش دەچنە ناوی یان دەیانەوێ کۆنترۆڵ و پاوانی بکەن، کە لەلایەن دەسەڵاتی کۆنەوە دەرکراون، یان بە هەر بەهانەیەک بێ، وازیان هێناوە، یان بڕوایان هاتووەتە سەر ئەوەی کە لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا هەڵناکەن و بەرژەوەندییەکانیان بەردەوام نابێ، بۆیە دەبێ بزانین، پۆپۆلیزم، تەنیا کاردانەوەی بێبەشان و هەژاران و پەڕاوێزکراون نییە، بگرە باشترین تەماع و بارمتەیە بۆ سیاسەت و ئابووری و بەرژەوەندییە هەلپەرست و هەژموونخوازەکان. لە هەلومەرجی پۆپۆلیستیدا، جەماوەری بێ پرەنسیپ و بێ ئامانج، یان دیاردە و ڕەفتاری ڕق و تۆڵەکردنەوە، ئەوەیان مەبەست نییە، کە ئاکام بە کوێ دەگات و سبەینێ چ شتێک دەچێتە جێگەی دەسەڵات و ڕێژیمی کۆن، گرینگ ئەوەیە، دەسەڵات و ڕێژیمی کۆن بڕووخێ و خەڵک پەلامار بدات و ڕەوشی دەروونی و کۆمەڵایەتیی خۆیان دەسەڵاتدار بکەن، ئەگەر ئەو دەسەڵاتداربوونە ماوەیەکی کەم یان ڕووبەرێکی بچووکیش بگرێتەوە.

خۆپیشاندان یان ڕاپەڕین و پەلاماری پۆپۆلیستی ئاراستەکراو لەلایەن سیاسەت و بەرژەوەندیی هەژموونخوازەوە، یان ئەوەتا سەردەکەوێت و ڕێژیمی کۆن دەڕووخێنێ، یان لە سەردەمێکی کورتدا، دەبێتە هۆی توندڕۆیی و ترس و وەحشەت، یان هەندێک تووشی مەستی و جەزبە و حاڵ لێهاتن دەکات، ئەمانە، دەبنە ئەو دەروێشانەی کە مەبەستیان لەوە نییە ئاخۆ دوای حاڵ و جەزبەکەیان چی دەگوزەرێ، گرینگ ئەوەیە، جۆرێک چالاکیی بێ ئاکام، یان شێوەیەک لە خۆ بەتاڵکردنەوە (تەنفیس) بنوێنن و سەردارەکەیان، یان شێخ و ڕابەرەکانیان ڕازی بکەن. لە لێکدانەوەی دەروونیدا، ئەو کەسانە، کەسانی سەردەمی ئاسایی نین و دەبنە کەسانی تر و لەلایەن ئەوانی ترەوە کۆنترۆڵ، یان پاوان دەکرێن، ئەمەش، ئەو دیدە دەروونناسانەیە کە "کەسەکان لە

خۆیان بێگانە دەبن"، واتە؛ هەلومەرج و بەهانە و دیدیان بزر دەکەن. مەرج نییە ئەم کەسانە کە بەڕیمۆت کۆنترۆڵ هەڵدەسوڕێن و تووشی مەستی و جەزبە بوون، تەنیا کەسانی سادە و پەڕاوێز بن، بگرە هەندێک کات نوخبەی سیاسی و ڕووناکبیرانیش دەگرێتەوە، بۆیە ڕێبین هەردیش بەدەنگی بڵند دەیگوت: الله اکبر، الله اکبر.

ڕەفتاری گشتی و دیاردەی جەماوەری لە ڕەوشی پۆپۆلیستی و هەژموونخوازیدا، ڕەهەندێکی دەروونی یان ڕەوشی دەروونیی نائاسایی لەلایەن خەڵکەوە دەگیرێتە بەر و ناوەڕۆکی نەستی (یان ناخودئاگا) دەبێتە ئامادەکارییەکی بەهێز بۆ بوون بە ڕێنوێن، کەس و تاکەکان تووشی هەلومەرجی دەروونیی زۆر هەستیار دەبن. لەوانەیە، تەنانەت کەسانی بەهێز و خاوەن کەسێتیی پایەداریش، تووشی ئەم بارە ببن و وێنا و تێگەیشتنی جارانیان بەرەو کەمترین ئاست بچێ و لایەنی دەروونی و هەستیارییان دەبێتە ڕێنوێن بۆ کار و هەڵوێست نواندن. کەسانی ناو دیاردە و ئاپۆڕەی پۆپۆلیستی لایەنی هەستی ئاگایان بەکەمترین ڕادە و لایەنی نەستی ناهۆشیارییان بە بالاترین پلە دەگات، لەم کاتەدا، هەژان و شڵەژان و پەلامارە کورتخایەنەکان، دەبنە لووتکەی ئەو کێرڤەی کە ڕابەرانی هەلپەرست و هەژموونخواز دەیانەوێ دروستی بکەن، بۆ ئەوەی زۆرینەی خەڵکی بەشداریی نێو خۆپێشاندانەکان، بگەیەننە سنوورێک کە بواری گەڕانەوە، یان پاشگەزبوونەوەیان بۆ نەمێنێ.

سیاسەتی پۆپۆلیستی، هەر وەکو ڕەفتار و ئاپۆڕەی پۆپۆلیستی، کە لە زەوینەی وتار و نووسین و هەڵوێستی سیاسیدایە، بە هەمان هەناسە و بەهەمان میتۆد، بیر دەکاتەوە، یان کەسەکان دەخاتە نێو ئەو بیرکردنەوانەوە. وتاری حەماسی و تاوانبارکردنی بەرانبەر و وێناکردنی لایەنی نەیار وەکو دڕندە و زاڵم و دوژمن، دەبێتە ناوەڕۆکی نووسین و بیرکردنەوەی نوخبەگەلی سیاسی و ڕووناکبیری. ڕابەرانی پۆپۆلیستی و هەلپەرستانی هەژموونخواز، بەردەوام لە بیری ئەوەدان، میدیاکاران و نووسەران و ڕووناکبیران بخەنە نێو ئەو تەڵە و داوانەوە کە بۆیان چاندوون، بۆ ئەوەی بواری پاشەکشە، یان پاشگەزبوونەوەیان نەمێنێ.

بەڵام دەبێ زۆر باش ئەوە بزانین، هەموو مانگرتن و خۆپێشاندان و کارێکی سیاسی، مەرج نییە بەرەو ڕەهەندی پۆپۆلیستی و هەژموونخوازانەی هەلپەرستی بچن، ئاخر لە دنیای دیموکراسی و ئازادیخوازیدا، گرینگترین هۆکارەکانی ماف و ئازادی و عەدالەت و بەشداری، لە ڕێگەی مانگرتن و خۆپێشاندانی ئازاد و دیموکراتەوە بەدی هاتوون. ڕەفتاری گشتی و دیاردەی جەماوەریی پۆپۆلیستی، تەنیا بۆ ئەو سنوورانە باس دەکرێت کە سیاسەتی ڕق و تۆڵە، یان هەڵوێستی توند و ئانارشی دەکرێنە پێڕەو، مەرج نییە هەموو کۆبوونەوە و ئاپۆڕە و خۆپێشاندانەکان لەلایەن سیاسەتی پۆپۆلیستی و بیرکردنەوەی هەژموونخوازانەوە ڕێنوێنی بکرێن! مانگرتن و خۆپێشاندان و سیاسەتی دیموکراتی، ڕوانگەی یەکەمی لەوەدایە کە چەمکی بەرپرسیاری و ئەخلاقیی مەدەنی و دیموکراتیک، دەکاتە بنەمای بیرکردنەوە و پابەندبوونی خۆی

بۆ هێنانەدی مـاف و ئازادی و عـەدالەت و بـەشـداری، هەروەهـا هـەمـان بنەمـای بیـرکـردنەوە و پابەندبوون بەکار دێنێ بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گشـتی و یاسایی و خوێندنەوەی بەرانبەرەکان. بەڵام کـار و کردەوەی پۆپۆلیسـتی، یان بیـرکردنەوە و هـەڵوێستی هەژمـوونخـوازانەی ڕێبـەرانی پۆپۆلیزم، تەنیـا لە هـەوڵی تێکدان و ئاشـووب و نەمـانی سیـسـتم و ڕێژیمدان، یان تەنیـا لە هـەوڵی دروسـتکردنی ئاپۆرە و ئاکسیـۆنی سیـاسی و جـەمـاوەریدان بۆ دروسـتکردنی ڕەوشی ئانارشی، واتە؛ ئەمـان، بنەمـا سـەرەکییـەکانی بەرپرسیـاری و ئەخـلاقیی مـەدەنی و پاراسـتنی بەرژەوەندیی گـشـتی و بەرانبـەرەکـان، دەکـەنە قـوربـانیی کـۆنتـرۆڵ و پاوانکـردنی مـەیدانەکـانی جـەمـاوەر و سیاسەت.

## کەسایەتیی پۆپۆلیست و هەژموونخواز

پێوەندیی سـەرەکیی نێوان پۆپۆلیزم و هـەژموونخـوازی، لەم هـاوکێشـەیەدا دەردەکەوێ، کەسـایەتیی پۆپۆلیـسـت، یان ڕەوشی پۆپۆلیـسـتی، دەچێـتـە نێـو هـەلومـەرجی سـەرسـپـاردن و گـوێڕاڵی و مێگەلییەوە، بەڵام سیاسـەت و کەسایەتیی هەژموونخـوازی دەبێتە فەرمـاندە و ڕابەر و پاوانخـواز. لە پـۆپۆلیــزمـدا، بەردەوام لایـەنی سـەرسـپـاردە و مـێگەلیی لـە خـزمــەت و فــەرمـانی لایـەنی هەژموونخواز و هەلپەرست و پاوانکاردایە.

پرسی کـەسـایەتیی پۆپۆلیـست و هـەژمـوونخـواز، بێگومـان لەم پێـوەندییـە فـراوانتـرە و دەبێ لێکۆڵینەوەی مـیـتـۆدی و فـیکریی بۆ بکرێ. بیـرمـەندانی قـوتابخـانـەی فرانکفۆرت، بەتایبـەتی هۆرکهایمـەر و مارکیوزە و ئەریک فرۆم، گرینگیی زۆریان بەمجۆرە کەسایەتییە داوە و لە کتێبی (کـەسـایەتیی هەژمـوونخـواز) و (مـرۆڤی تاکـڕەهەند) و (ڕاکـردن لە ئازادی)، لەم پرسـەیان کۆڵیوەتەوە. (لەم کەسایەتییانەدا پرسـەکانی دەمارگیری، بیرکردنەوەی توندڕۆ و دژایەتیی ئەوانی تر، هەروەها شیکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان کەسایەتی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بەو ئامانجە گەیشتن "زۆرینەی کەسانی دەمارگیر و دژە دیموکراتی، خاوەنی کەسایەتیی هەژمـوونخـواز و پاوانکارن، لەو خێزانانەشەوە پەیدا بوون کە دەسەڵات و تەسلیمبوون، تایبەتمەندیی دیاری نێوان باوکان و دایکان و منداڵەکانە، ئەندامانی ئەو خێزانانە بەرانبەر جیاوازی و لێکچوون و فرەیی، بیـرتەسک و نالێبـووردەن. گـیانی بەرگـەگرتن و خـوێندنەوەی کـەسانی تر، بەتایبـەتی نەیاران، لەلایەن کـەسـانی هـەژمـوونخـواز و پاوانکارەوە، بەهـیـچ شـێـوەیەک نابینرێ، هەمـوو کـات ئەو کەسـایەتییـانە لە حـاڵەتی دەمـارگیری و تووڕەبوون و پەسندنەکردنی کەسـانی تردان، یان لە هەلومەرجی دەروونی نائاسایی و نادیموکراتیدان. کەسانی دەمارگیر و ناسازگار و سەرسەخت، بەرهەمی شارستانی و سازوکاری نێو خۆیانن، خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵگە ئەژمار ناکەن، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان لە سەرووی کۆمەڵگەوە، کۆمەڵگە پاوان و دیل بکەن"(٦).

ئەریک فرۆم لە کتێبی (ڕاکردن لە ئازادی)، فاشیزم کە دەسـەڵاتی هەژموونـخوازانەیە بەسـەر

پۆپۆلیزمدا، بەوە دەناسێنێ کە "لە پاڵەپەستۆ دەروونییەکانی مۆدێرنیزم و سەرمایەداری پەیدا بووە"، بەبڕوای ئەو "پێکهاتەی دەروونی و کەسایەتیی چینی نێوەڕاستی کۆن، دەبێتە کەسایەتیی هەژموونخواز کە خاوەنی مەیلەکانی سادیستی و مازوخیستییە وایان لێ دەکات فاشیزم، یان دەسەڵاتی هەژموونخوازی پەسند بکەن"[٧]. کەسایەتیی سادیست دەیەوێ دەسەڵاتی خۆی و هەژموونی خۆی بەسەر ئەوانی تردا بسەپێنێ، کەسایەتیی مازوخیستیش زوو تەسلیمی دەسەڵات، یان هەژموونەکانی تر دەبێت. پۆپۆلیزم، بە تەواوی ئەو ژینگە و سیاسەت و جەماوەرەیە کە لایەکی دەسەڵات و هەژموونی سادیزمە، لاکەی تری، تەسلیمبوون و سەرسپاردنی مازوخییەکانە.

یەکێکی تر لە تایبەتمەندییەکانی کەسێتیی پۆپۆلیست و هەژموونخواز، پرس، یان کێشەی ناعەقڵانی یان دژایەتیی عەقڵە. "ئەم پرسە لەلایەن هەندێک بیرمەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە باس کراوە، ئەوان دەڵێن، هەست و ئارەزووەکان، زیاتر لە عەقڵ و لۆجیک، بەسەر کار و ڕەفتاری خەڵکدا زاڵ دەبێ". زیگموند فرۆید بنیاتنەری شیکردنەوەی دەروونی، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لاوازەکان، نەخۆشەکان و تەنانەت خۆیشی، زیاتر تەسلیمی هێزی غەریزە و ویژدانی ناهۆشیار دەبن و لە کار و کردەوەکانیاندا زاڵ دەبن. لە هەمان پرسدا، ولیام جیمز، فەیلەسووف و دەروونشیکاری ئەمەریکایی، دەڵێ "زۆربەی خەڵک ئیرادەو ئامادەییان هەیە بۆ باوەڕکردن، ئەوەی کە باوەڕی پێ دەکەن گرینگ نییە چی بێت، بگرە گرینگ لەوەدایە کە باوەڕ بکەن. بەزمانی دەروونناسیی مرۆڤ پێویستی بە شتێک هەیە کە بڕاوی پێ بکات"[٨]. تیۆرمەندێکی کۆمەڵایەتیی تر، ئەو کەسەی وا پێ دەچێ کاریگەریی زۆری لەسەر مۆسۆلینی دانابێ، دەروونشیکار و زانای کۆمەڵایەتیی فەرەنسایی گۆستاف لۆبۆن کە دەنووسێ "ڕەفتاری مرۆڤ لەنێو کۆمەڵ و ئاپۆڕەکاندا، زۆر جیاوازە لە ڕەفتاری خۆیان بەشێوەی تەنیا، ئەگەر خەڵک بەشێوەی کۆمەڵ ڕەفتار بکەن و هەڵوێست بنوێنن، ڕەفتارەکانیان، وەحشییانە دەبێت ڕەوشی دەروونناسیی کۆمەڵ و ئاپۆڕە بەسەر دادوەرییەکانی تاکدا، دروست یان هەڵە، کاریگەریی گەورە دادەنێ و ڕەوشی تاکانەی بێدەنگ دەکات"[٩].

بەڵام جۆرج سۆرێل، ئەندازیاری فەرەنسایی و تیۆرمەندی کۆمەڵایەتی و چالاکوانی سیاسی، دیدێکی تری هەیە. سۆرێل، دڵنیایی لەوە دەکات کە "زۆرینەی خەڵک لەژێر کاریگەریی ئەفسانە سیاسییەکاندا، نەک بەهۆکاری عەقڵ و لۆجیک، دەست بەکار دەکەن بۆ دروستکردنی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و هێنانەدی هەلومەرجی جەماوەری و سیاسی، بۆیە پێویست دەبێ ئەفسانەیەکی بەهێز پەیدا بکرێ کە هانی خەڵک بدات بۆ کار و هەنگاوی داهاتوو". بەبڕوای سۆرێل "دەتوانرێ مانگرتنی گشتی لە ئاستی نیشتمانیدا زۆر کاریگەر بێ، لەوانەیە و مەرج نییە ئەو مانگرتنە گشتییە بەرەو ڕاپەڕین و شۆڕش بچێ و سیستمی کۆن بڕووخێنێ، بەڵام ئەگەر بتوانێ ئەو باوەڕە ئەفسانەیییەی لەنێو خەڵکدا دروست بکات کە مانگرتنی گشتی دەتوانێ

ببێتە هۆی سەرنگونی سیستمی سەرمایەداری، دەتوانێ ببێتە هۆی لەدایکبوونی شۆڕش". سۆرێل لەو باوەڕەدایە "عەقڵانی و مەنتقیبوونی ئەفسانە هیچ گرینگییەکی نییە، بەڵام توانا هەستی و سۆزدارییەکەی دەتوانێ خەڵک بەرەو ئەو کار و هەڵوێستە بەرێ کە مەبەستە. کاتێک خەڵک بەشێوەی ئاپۆڕە و جەماوەری کار دەکەن، دەتوانن هەر ڕێگرێک لە پێشیان بێ رای ماڵن"(١٠).

ئەم دیدە ئەفسانەیی و ناعەقڵانی و سۆزدارییانە، بەشێکن لە تایبەتمەندیی کەسێتیی پۆپۆلیست کە لەلایەن ڕابەرانی هەژموونخواز و فاشیستەوە بەردەوام هان دەدرێن و لە دروشم و خۆپێشاندان و ئاپۆڕەکاندا دووبارە و چەندبارە دەکرێنەوە، لێرەوە دەردەکەوێ، کەسێتیی پۆپۆلیست و کەسێتیی هەژموونخواز، لە هەردوو سەری ئەم ڕەوشە دەروونییە ناسازگارەدا وەستاون، پۆپۆلیستەکان، دەیانەوێ تەسلیمی بێ عەقڵی و هەلومەرجی ئەفسانەیی بن و هەژموونخوازەکانیش دەکارن کۆنترۆڵ و پاوانی ئەو جەماوەرە مێگەلە بکەن کە لە سەردەمی ئەفسانە و ناڕۆشنیدا، ئامادەن تەسلیمی هێزەکانی ئەوان بن.

## زەوینەی سیاسیی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و هەژموونخوازی

زەوینە سیاسییەکانی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و هەژموونخوازی، دەبنە سەرچاوە، یان هۆکارەکانی سەرهەڵدانی سیاسەتی پۆپۆلیستی و هەژموونخوازی لە پێناو وەڵامدانەوە بەسەردەم، یان هەلومەرجی نالەبار، یان ناخوازراوی وڵات و دەسەڵات. بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە، ئەم سەرهەڵدانە بەرەنجامێکی سروشتییە بۆ ئەو هەلومەرجە لاوازەی دیموکراسیی سەرەتایی، یان دیموکراسی لانی کەم پێیدا تێپەڕ دەبێ، بگرە بەو مانایە دێ کە هەندێک هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی، پێش دیموکراسی، بڕوایان وایە، بە سیاسەتی هەژموونخوازییان دەتوانن هەلومەرجێکی پۆپۆلیستی و جەماوەریی وەها دروست بکەن کە لەلایەک خۆیان دەسەڵات بگرنە دەست و لەلایەکی ترەوە بەناوی ڕزگارکردنی وڵات و دەسەڵاتەوە لەو ئاستەنگانەی دیموکراسیی لاواز دروستی کردوون، یان تێی کەوتووە. مادام، قسە هاتە سەر دیموکراسیی لاواز و لانی کەم، دەبێ ئاماژە بکەین بەڕەهەندەکانی دیموکراسیی دڵخواز یان دیموکراسی، بەمانا مۆدێرنەکەی، نەک بەمانا دیفاکتۆکان. سەرەتا، دەبێ لەو وتەیەی بیرمەند و کۆمەڵناسی ناوداری ئەڵمانیایی (ماکس ڤێبەر)ەوە دەست پێ بکەین کە "مەبەست لە ڕەهەندی مۆدێرنی دەسەڵات، هێنانەدی پرسی دەوڵەتی نەتەوە یان نیشتمانە و دەبێتە (شێوازی ئامانجدار) بۆ دەوڵەتی مۆدێرن. ئەدەبیاتی سیاسی و کۆمەڵناسی بۆ ئەم مەبەستە دەیانەوێ لە دەروونی وڵاتێکدا، پێکەوەسازانی دەوڵەت و نیشتمان، یان هاوئاهەنگیی خەڵک و دەسەڵات بکەنە ئامانج"(١١). هۆکارەکانی هێنانەدی دیموکراسیی ئامانجدار، ئەو ڕەهەندانەن کە دیموکراسیی لاواز لە ڕەوشی لانی کەم و دیفاکتۆ رزگار دەکەن و دەتوانن ئامانجی یەکەمی دیموکراسی فەراهەم بکەن، ئەویش،

دروستکردنی  دەوڵەت و نیشتمانی مۆدێرنە. ئەمەش، باشترین هۆکار و هێزن و بۆ ڕێگەگرتن لە پۆپۆلیزم و هەژموونخوازی، نەبوونیشیان دەبێتە گرینگترین زەوینە بۆ سەرهەڵدانی ئەم دوو دیاردە نادیموکراسی و نامۆدێرنە:

١- دەوڵەتسازی، یان دروستکردنی دەسەڵات و ڕێکخستنی بەتوانا بۆ کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی وڵات و نیشتمان. ئەم ئامانجەش، بەوە دێتە دی، داوودەزگای بەتوانا و دەسەڵاتی یەکناوەندی سیاسی و دیموکراتی هاوبەش کۆنترۆڵی سنوورەکان و توانای بەڕێوەبردنی وڵات لە نێوەخۆی سنوورەکاندا بکەن. ئەم سیاسەتە، یان ئەم هۆکارانە، لەلایەن بیرمەندانەوە پێی دەڵێن: "سێگۆشەی هاوئاهەنگی" بۆ دەسەڵات و نیشتمانی مۆدێرن کە لەم دەسەڵاتانە پێک دێن، ڕێککەوتن و سازگاری لە نێوان دانەران و بەڕێوەبەرانی سیاسی و حکومەتی، بوونی دەسەڵات و بەڕێوەبەرایەتیی بیرۆکراتی و ڕەسمی و پسپۆڕی بۆ کاروبارەکانی خەڵک، دەسەڵاتداران، یان ئەنجوومەنە هەڵبژێردراوەکانی ناوچە و شار و دێهاتەکان.

٢- دروستکردنی نیشتمان و نەتەوە: ئەگەرچی نیشتمان و نەتەوە دەتوانن دەوڵەت، یان دەسەڵاتی مۆدێرن دروست بکەن، بەڵام دەسەڵات و دەوڵەتیش دەتوانن دیسان و سەرلەنوێ نیشتمان و نەتەوە دروست بکەنەوە و هێنانەدی ناسنامەی نیشتمانی و هاووڵاتیبوون و هاوبەش کە خاوەن هێز و پێوەرە هاوبەشەکانی فەرهەنگی و هاوئاهەنگیی نێوان دانیشتوان بێ. لەم قۆناغەدا، هەلومەرجی نەژادی و میللەتی بەرەو سیاسەت، یان پێڕەوی (ناسیۆنالیستی) دەچێ، بەمانا مەدەنی و دیموکراتییەکەی، نەک تەنیا بەمانا فەرهەنگی و نەژادی و مێژووییەکەی. بیرمەندانی زانستیی  نەتەوایەتی و نیشتمانی بەم ڕەهەندە دەڵێن "دروستکردنی  هەمووستانێک بۆ دانیشتوان، کە هاوژیانی و هاوچارەنووسی بۆ هەمووان لە ماف و ئازادی و ناسنامە و نیشتماندا دروست بکات، ناسیۆنالیزمیش، بەم مانایە دەبێتە نەتەوایەتییەکی مۆدێرن و سیاسی و دیموکراتی"(١٢).

٣- پایەدارکردنی دیموکراسی: گەشەپێدانی بنەما و باوەڕە هاوبەشەکان لەبارەی زەوینەکانی دەسەڵاتی خەڵکەوە  لە ڕێگەی خەڵک و لە پێناوی خەڵکدا، بەمەش، دیموکراسی دەبێتە "خەڵکسالاری". هێنانەدی یەکسانیی سیاسی، دیموکراسیی نوێنەرایەتی و وەڵامدانەوەی سیاسی، هاوڕێ لەگەڵ بەشداریی هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان لە سیاسەت و بڕیاردانی گشتی یان چارەنووسیدا، سەرەنجام، هێنانەدی سیستمێکی حوکمڕانی و هاووڵاتیی گشتی و لە بەرژەوەندیی گشتی. بە دامەزراوەکردنی ئەم چەمک و زاراوانە، دەتوانێ ڕەهەندی مۆدێرنسازی، یان بیرۆکراتیکی دەوڵەتی  دیموکراسی فەراهەم بکات.

٤- بەرقەرارکردنی حکومەتی یاسا و مافەکان: هێنانەدی  دەسەڵاتی دەستووری بۆ بەرجەستەکردنی (پەیمانی  کۆمەڵایەتی) و ڕاگەیاندن و پابەندبوون بەیاسا و ڕێساکانەوە لە

پێناو ماف و ئازادی و بەشداری و عەدالەت و خۆشبەختیدا.

٥- هاووڵاتیبوونی کۆمەڵایەتی- ئابووری: بەداوودەزگاکردنی پرەنسیپەکانی مافی کۆمەڵایەتی و ئابووریی هاووڵاتییان و هێنانەدی دەوڵەتی خۆشگوزەران وەکو پارێزەری دادپەروەری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و گشتی. ڕاگرتنی هاوسەنگیی دادپەروەر و یاسایی لە نێوان سەرمایەداران و بازاڕ و خەڵکدا و هێنانەدی پاراستنی یاسایی بۆ ماف و ئازادی و خۆشبەختییەکانی خەڵک.

٦- خوێندنەوە و مودارات و یارمەتیی هەموو گرووپەکانی ئاینی و نەژادی و کۆمەڵایەتی و داکۆکیکردنی یاسایی لە ماف و ئازادی و بەرژەوەندی و بەشدارییەکانیان. واتە؛ گرتنەبەری سیاسەتی هاووڵاتی بۆ هەمووان لە هەموو ئاین و نەژاد و تایەفەکان.

بێگومان هەر دەسەڵاتێک بەخۆی بڵێ مۆدێرن، یان دیموکراتی، دەبێ ئەم بنەمایانەی سەرەوە بۆ دەوڵەت و نیشتمان دروست بکات و لەو ڕێگەیەوە هەموو کاروبارەکان بەڕێوە ببات، بەڵام ئەو دەسەڵات و دەوڵەتەی کە ناتوانێ، یان نایەوێ، یان هێشتە نەیتوانیوە "وەکو حکوومەتی هەرێمی کوردستان" پێی دەگوترێ "دەوڵەتی شکستخواردوو کە دەسەڵات و نیشتمانەکەی گەڕاوەتەوە بۆ هەلومەرجی سروشتی یان سەرەتایی، پێش بوونی دەسەڵات. لەم هەلومەرجەدا، ڕەواییی دەسەڵات بەتایبەتی لە ڕوانگەی دیموکراسیدا، لە دەست دەچێ و بەکارهێنانی هێز، یان توندوتیژی و فریو لەو وڵاتەدا پایەدار دەبێ، ئاسایش و دادپەروەریی یاسایی، تا ڕادەیەکی زۆر نزم دێتە خوارەوە و دەوڵەت وەکو ناوەندیی بڕیاردان لە کار دەکەوێ، یاساکان جێبەجێ ناکرێن، سیستەم پایەدار نابێ و هاوپشتی کۆمەڵایەتی لەنێو دەچێ"(١٣). لەم کاتانەدا، بێگومان لەنێو دەسەڵات و کۆمەڵگە و هێزە سیاسییەکانیشدا ئەوەی کە باڵادەست و کاربەدەست و بڕیاردەر دەبێ، تەنیا هێزە دیفاکتۆکانە، یان ئەو هێزانەیە کە دیموکراسی پێیان نەوێراوە، یان نەیتوانیوە بیانخاتە نێو چوارچێوەی یاسا و دەسەڵاتی چاودێریی یاساوە. ئەو هێزانەش، بریتین لە هێزە کۆنەکانی سیاسی، میلیتاریستی، ئابووری و کۆمەڵایەتی، یان بەرژەوەندیی ئەو هێزانە دەکرێتە پێوەر لە جیاتیی بەرژەوەندیی گشتی لەم کاتانەشدا، بیروباوەڕی فریودان و ناشەفاف و ناڕاستەقینە، وەکو جاران درێژە بەنەریتە خراپ و دژە دیموکراسی و مرۆڤانەکان دەدەن. ئەم زەوینە و مێژووە، دەبێتە باشترین ژینگەی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و باشترین کاتەکان بۆ دەسەڵات و هەژموونی هێزە هەژموونخواز و پاوانچییەکان.

دەوڵەت و دەسەڵاتی شکستخواردوو، یان لاواز، ئەوانە نین کە هێز و توندوتیژی بەکار ناهێنن، بگرە ئەو دەسەڵاتانەن وێڕای بەکارهێنانی هێز و توندوتیژی، بەڵام لەوەدا لاواز و شکست خواردوون کە نەیانتوانیوە ڕەهەند و تواناکانی دیموکراسی و مۆدێرنیزم لە خۆیاندا پەیدا بکەن. زۆرێک لەو دەوڵەتانەی نەیانتوانیوە مۆدێرن و دیموکراتی بن،

بەڵام زۆر بەهێز و تواناوە توندوتیژی و زۆریان بەکار هێناوە، ئاشکراترین نموونەیان دەوڵەتی سۆڤیەتی پێش ساڵی (١٩٩١)ە.

هەروەها دەوڵەتانی لاواز یان شکستخواردوو، دەوڵەتی بێبەهرە و بێبەش نین لە سەرچاوە پێویستییەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی، بگرە لەوەدا بێبەش و بێ بەهرەن کە نەیانتوانیوە کۆمەڵگە بەرەو ئاشتی و پەیمانی کۆمەلایەتی و ڕێککەوتنی سیاسی بەرن، هەم لەگەڵ خۆیاندا و هەم لەگەڵ دەسەلاتدا. ئەم جۆرە دەسەلاتانە بەسەختی گرفتاری کێشە و دابڕانە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان بوون کە دەسەلاتی سیاسی و زۆرداریی ناوەند، هۆکار و سەرچاوەی سەرەکییە بۆ ئەم کێشە و ناخۆشییانە. ئەگەرچی ئەم دەوڵەتانە، بەتایبەتی ئەوانەی جیهانی سێیەم، زۆرێک لە هۆکارەکانی دواکەوتوویی ئابووری و کۆمەلایەتی، یان بوونی کەلێن و دابەشبوونە فەرهەنگی و ئاینییەکان، یان ناکۆکیی نێوان نەریت و مۆدێرنیزمی تازە پەیدابوو کێشەیان بۆ دروست دەکات، بەلام ڕاستی و هەقیقەت لەوەدایە، دەسەلاتی سیاسی خۆی و بەڕێوەبەرانی ولات، نەیانویستووە دەوڵەت لە لاوازی و شکستە بۆماوەییەکان یان لە سەرەڕۆیی و هەژموونخوازیی پیاوانی دەسەلاتدار و هەژموونپەرست ڕزگار بکەن.

دەوڵەتانی ئەوروپای ڕۆئاوا و ئەمەریکای باکور، لە دوو زەوینەی گرینگدا توانیویانە بەو ئامانجە مۆدێرنە بگەن و چەمک و زەوینەکانی (کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی)، بێگومان، بەمانا یاسایی و شارستانییەکەی و (ئاشتی و ڕێککەوتنی کۆمەلایەتی)یان هێناوەتە دی، بەهۆی دەوڵەتی یاسا و مافەکان و خۆشگوزەرانییەوە، توانیویانە و بێگومان ویستویانە، ببن بەدەسەلات و دەوڵەتی بەهێز. ئەم دەسەلات و دەوڵەتە بەهێزانە، بێگومان، نە پۆپۆلیزمی هەندێک لە خەڵک (خۆپێشاندانەکانی هاوینی ٢٠١١ لە بەریتانیا) و نە هەژموونخوازیی لیبرالیزمە تازەکانیش (سیاسەتی ڕێگان و تاچەر) دەروەستی ئەم دەوڵەتانە نایەن. لەم دەوڵەتانەدا، هەموو کەلێن و دابەشبوونەکانی نێوان ئاین و زانست، نێوان نەژاد و نەتەوە و ئاینەکان، نێوان دەسەلات و خەڵکیان بەیاسا و پێڕەوی هاوولاتیبوون چارەسەر کردووە، یان توانیویانە کۆنترۆڵ و ڕێککەوتنی کۆمەلایەتی پایەدار بکەن. فرەوانترین کەلێنی ولاتانی ڕۆئاوا، کێشەی نێوان کلێسا و دەوڵەت بوو کە بەهەوراز و نشێوی زۆری مێژوودا دەهات و دەچوو، سەرەنجام، بەقازانج و دەسەلاتی دەوڵەت و سیاسەتی سیکۆلار چارەسەر کرا. ئەم دەوڵەت و کۆمەڵگەیانە، لە ڕێگە و بنەماکانی "جیایی ئاین لە سیاسەت، جیاکردنەوەی دەسەلاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، دەسەلاتی دەستووری و یاسایی بۆ ماف و ئازادییەکان، سەرەنجام، بەهۆی هێنانەدی کۆمەڵی مەدەنیی ڕیشەدار و بەهێزەوە، توانییان بگەنە پایەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی بەهێز و جێگیر".

بەلام لە ولاتانی جیهانی سێیەم، زۆر ڕوون و ئاشکرایە، ئەم ئاشتی و ڕێککەوتنە کۆمەلایەتییە، بەرچاو ناکەوێ و کەلێن و دژایەتییەکانی نێوان نەریت و مۆدێرنیزم، نێوان ئاین و دەوڵەت، نەیاری و ناسازیی نێوان خەڵک بەهۆی ئاین و نەژاد و ڕەوشی کۆمەلایەتی، نەیاری و جیاوازیی

چینایەتی، لە هەمووشیان بەهێزتر و ئاشکراتر، جیاوازی و نەیاریی نێوان دەسەڵاتداران و خەڵکە، ئەم نەیاری و جیاوازی و دژایەتییانە، کاریگەری هەیە و سێبەری بەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کردووە. لەم ڕەوشانەدا، دەسەڵات یان نفوزی دەوڵەت، بەرەو لاوازی دەچێ، هێز و نفوزی لایەن و کەسەکان، نەک لە کۆمەڵگەدا تەراتێن دەکەن، بگرە دەسەڵات خۆی و دەوڵەتیشیان کردووەتە بارمتە. ئەگەرچی دەسەڵاتدارانی داگیرکاری دەوڵەتی و حکوومەت بەناوی نیشتمان و دیموکراسی و ماف و ئازادییەوە قسە و بانگەواز دەکەن، بەڵام ڕاستییەکەی، هەموو دەسەڵات، دەوڵەت، حکوومەت و نیشتمانیش لە خزمەتی ژمارەیەکی کەمدایە لە دەسەڵاتداران و بەهێزەکان، ئەمەش، باشترین زەوینە و ژینگەیە بۆ هەژموونخوازی و دیکتاتۆری. بەرەنجامی ئەم بەهێز و دەسەڵاتدارانەش، دەبێتە ئەوەی، یان دەوڵەت و دەسەڵاتێکی بەناو مۆدێرنی لاواز دروست دەکەن، یان دەوڵەتێکی بەهێز و دیکتاتۆر و پۆپۆلیست و هەژموونخوازیی پۆلیسی و سەربازی دروست دەکەن. نموونەی یەکەمیان پڕاوپڕە بۆ هەرێمی کوردستان و نموونەی دووەمیشمان لە دەسەڵاتی بەعس و سەدامدا بینی.

بەڵام ئەم دەسەڵات و دەوڵەتانە، هەر بەلاوازی دەمێننەوە، نەک بەو مانایەی هێزی سەرکوتیان نییە و لە پیادەکردنی سیاسەتی توندوتیژدا ناتوانان، بگرە بەو مانایەی کە ناتوانن ئاشتی و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی بەدی بێنن. باشترین نموونە لەم زەوینەیەدا ئەوەیە کە هەموو حکوومەتەکانی عێراق نەیانتوانی ئاشتی و ڕێککەوتنی نێوان کورد و سوننە و شیعە دروست بکەن. لەم کاتەدا، چ کۆمەڵگە و چ حکوومەت، بەردەوام هەل و شیمانەی ئەوەیان هەیە بکەونە بەرهێرشی گرووپە کۆمەڵایەتییە نەیار و دژەکان و بەردەوام کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتیی دەوڵەت لە لاوازبووندایە و هەموو کات لە هەوڵی ئەوەدایە، سیاسەتی سەرکوت و چەوسانەوە بەکار بێنێ. کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، یان ئاسایشی گشتی، بێگومان بەمانای سیاسەتی زۆر و سەرکوت نییە، بگرە مەبەست لە هێنانەدی یاساییکردن و دامەزراوەکردنی ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، یان پێوەندیی نێوان لایەن و هێز و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانە.

چارەسەرنەکردنی ئەو نەیاری و جیاوازییانە و دەستنەبردن بۆ زەوینە و سەرچاوە یاسایی و مافدانییەکان، دەبنە هۆی زیاتر نەیاری و دوورکەوتنەوە و دژایەتیی نێوان بەشەکانی کۆمەڵگە، ئەم زەوینانەش، دەبنە باشترین هۆکاری سیاسیی چارەسەرنەکراو بۆ سەرهەڵدانی بزاوی پۆپۆلیستی کە گەڕانەوەیە بۆ سیاسەت و دیاردە و ڕەفتاری جەماوەریی هەژموونخوازانە. واتە؛ هەر لایەنێک لە دژی لایەنەکانی تر، هێز و ڕفتار و دیاردەکانی خۆی دەنوێنێ، یان گەڕانەوەیە بۆ ئەو ڕەوشەی کە (تۆماس هۆبز) پێی دەڵێ: ڕەوشی سروشتی، یان سەرەتایی پێش ڕێککەوتن و پەیمانی کۆمەڵایەتی، کە تەنیا بە یاسا و سیاسەتی ماف و ئازادی و هاووڵاتیبوون چارەسەر دەکرێ.

یەکێک لەو بیرمەندانەی زۆر بەڕوونی باسی هەلومەرجی نەبوونی یاسا و سیستەمی گشتی دەکات، کە دەبێتە ژینگەی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم بەسەرکردایەتیی فاشیستەکان، "ئەنتۆنیۆ

گرامشی"یە کە لە مانگی مایۆی ١٩٢١، واتە؛ ساڵێک پێش ئەوەی مۆسۆلینی و فاشیستەکان بگەنە دەسەڵات لە ئیتاڵیا، گرامشی دەڵێ "هەڵوەشاندنەوەی سیستەم و یاسا کە نیشانەی شکستی دەوڵەت و سەرەتایەکە بۆ دارمانی".

نابووتیی دەوڵەت و حکوومەت، بێهێزی و لاوازیی سیستەم و یاسا و پاشەکشەی کۆمەڵگە، ئەو دیاردانەن کە هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆ بەیان دەکەن... لەم هەلومەرجەدا، هەر بەشێک لە کۆمەڵگە پابەند دەبێ بەشێوازە تایبەتییەکانی خۆیەوە و بۆ پاراستنی خۆیان تێ دەکۆشن. ئەو خەڵکانەی لە دەزگا و سازمانە حکوومەتییەکاندا، یان لەنێو حزبەکاندا هیچ بەش و سوودێکیان نییە، یان پارێزراو نین لە بەرانبەر هێرشەکاندا، ناچار دەبن داکۆکی لە مافی بنەڕەتیی ژیان و ئازادی و کەرامەتی خۆیان و بژێوییان بکەن، یان ناچار دەبن لە ڕێگەی خۆیان و هاوکارەکانیانەوە، بەرگری بۆ خۆیان پەیدا بکەن"(١٤).

## سیاسەت و ئامانجی پۆپۆلیزم و هەژموونخوازی

پێناسەی پۆپۆلیزم و هەژموونخوازی لە زانستی کۆمەڵایەتیدا، چەمکێکی گشتی، یان دیاریکراوی نییە، بەڵام زۆربەی کات، بەتایبەت لە وڵاتانی دواکەوتوو، یان لە ناوچە تازە پەرەئەستێنەکاندا، پۆپۆلیزم، بریتییە لەو سیاسەتە هەژموونخواز و سەرکوتکەرانەیەی ئەو ڕابەرانەی خۆیان بە پۆپۆلیست یان (خەڵکی) دەناسێن، دەیانگرنە بەر. پۆپۆلیزم، لە ڕوانگەی جەماوەری تووڕە، یان تۆڵەئەستێنەوە، ئەو سەنگەرەیە کە ئەو خەڵکانە دەتوانن داخ و ڕقی خۆیان لە دژی دەسەڵاتداران، یان زاڵمان پیادە بکەن، بەڵام لە ڕوانگەی ڕابەرانی هەژموونخوازەوە، ئەو ژینگەیەیە کە هێز و هەژموونی خۆیانی تێدا کۆ دەکەنەوە بۆ نەیاری و دژایەتیی دوژمنەکانیان. لە کاتێکدا ڕابەرانی هەژموونخواز بەدەسەڵات دەگەن و بەپشتیوانیی جەماوەری پۆپۆلیست و ئامادە بۆ هێرش، یان بۆ تۆڵەکردنەوە یەکسەر دەست دەکەن بە سەرکوت و توندوتیژی لە دژی نەیارانیان. مۆدێلی دەوڵەتی پۆپۆلیستی، دەوڵەتی هەژموونخوازە، چ لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نمایشی و ڕووکەشەوە، یان لە ڕێگەی داگیرکردنی دەسەڵاتەوە، ئەم دەوڵەت و دەسەڵاتە یەکێک لە سیاسەت و ڕێگەکانیشی دەبێتە دەسەڵاتی میلیتاریستی و پۆلیسی. لەبەر ئەوەش کە پشتیوانی و هێزی جەماوەرییان لە پشتە، بۆیە زۆربەی کاتەکان سیاسەت و ئامانجەکانیان دێتە دی و بەناوی داخوازی و مافی خەڵکەوە، مەرامەکانیان جێبەجێ دەکەن.

لە مەیدانی ئابووریشدا، سیاسەتی پۆپۆلیستی ڕابەرایەتیکراو لەلایەن هەژموونخوازانەوە، دەیانەوێ گەشەی ئابووری، بەناوی سۆسیالیستی و دابەشکردنی سامانەوە لە بەرژەوەندیی چینەکانی خوارەوە پێڕەوی بکەن. ئەم دەسەڵاتانە بەناوی گەشەی ئابووریی مىلليی ناسەرمایەدارییەوە، یان بەناوی دیموکراسیی نوێوە، یان بەناوی دەسەڵات و ئابووریی میللی و جەماوەرییەوە، سیاسەت و مەرامەکانی خۆیان دێننە دی. زۆرجاریش توانیویانە شێوەیەک لە

ژیانی باش، یان خۆشگوزەرانی بۆ خەڵک بێننە دی.

نموونەی دەسەڵاتی بەعس لە عێراق بەو شێوەیە بوو کە نموونەیەکی بەرچاو بوو لە دەوڵەتی ڕەفاهی پۆپۆلیستی کە سەرەنجام بووە دەوڵەتێکی ئاشکرای دیکتاتۆری و پۆلیسی.

شێوازەکانی پۆپۆلیزمی وڵاتانی دواکەوتووی ئاسیا، ئەفریقیا و ئەمەریکای لاتین "پۆپۆلیزمەکەیان بە شێوەی نەریتی وەکو دیاردەیەکی چەند ڕەهەندی دەرکەوتن کە چەند تایبەتمەندیان هەبوو: ڕابەرایەتیی سیاسی (کارێزماتیک یان شۆڕشگێڕ)، ژینگەی کۆمەڵایەتیی نەریتی و دواکەوتووی بەجێماو لە فەرهەنگی مێژووی ڕابردوو، ژینگەی کۆمەڵایەتیی هێزە چینایەتییە هەژارەکان، بەتایبەتی ئەوانەی لە سەردەمی پێش سەرمایەداری بەجێ ماون، وەکو جووتیاران، وردە کاسبکاران، پیشەوەران، گرتنەبەری سیاسەتی ناسیۆنالیزمی ئابووری بەناوی ئابووریی نیشتمانی، نەک سەرمایەداری یان سۆسیالیستی، دەستێوەردانی فرەوانی دەوڵەت لە هەموو کاروبارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیی نێو خەڵک، سیاسەتی تەفرە و فریودانی کۆمەڵانی هەژار و زەحمەتکێش، سەرەنجام، سیاسەت و ئایدۆلۆجیای دیماگۆگی کە وتار و کرداریان زۆر دوورە لە یەکترەوە".

لەو وڵاتانەدا کە تەنگژەی ناسنامە و ڕەوایی سیاسیی کۆمەڵگە و دەسەڵات لە ئارادایە، یان کۆمەڵگە و دەسەڵات نەبوونەتە نیشتمان و دەوڵەتی مۆدێرن و دیموکرات و یاسایی و مافدانیی، بێگومان یەکێک لە ئەلتەرناتیڤەکان دەبێتە پۆپۆلیزم و ڕابەرانی هەژموونخواز و دەسەڵاتپەرست باس لە مۆدێلێکی سیاسیی تێکەڵاو (یان میللی و خەڵکی) دەکەن کە نە دەتوانێ وەکو ناسیۆنالیزم، ناسنامەی نیشتیمانی و نەتەوەیی بۆ وڵات دروست بکات، نە وەکو دیموکراسی دەتوانێ دەوڵەتی یاسا و مافەکان بێنێتە دی، نە وەکو سۆسیالیزم دەسەڵاتی چینایەتی بەرقەرار بکات. بگرە شێوازێک لە دەسەڵاتدارێتی باس دەکەن کە تێکەڵاوێکی ناڕاستگۆیە لە هەموو ئەم ئایدۆلۆجییانە، تەنانەت ناتوانێ شێوەیەک بێ لە تۆتالیتاریزم، بگرە وەکو خۆیان دەڵێن، دەسەڵات و سیستەمێکی میللی و جەماوەری و خەڵکییە کە ڕابەرانی هەژموونخواز بەپێی بەرژەوەندی و بیروباوەڕی خۆیان دایان تاشیوە. لەم ستراتیجەدا، ئامانجی بەهێزبوون، یان گەشەی دەوڵەتخوازی و دەسەڵاتپەرستی و هێنانەدی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی سەر بە حزب، یان شاندی دەسەڵاتدار (یان ئۆپۆزسیۆن)، دەبێتە مەبەستی یەکەم لە کاروانی پۆپۆلیزمدا.

لە زەوینەی پۆپۆلیزم و لە سایەی سەرکردایەتیی هەژموونخوازدا، یەکێک لە ئاکامەکان، یان (لەو مەبەستانەی بەوردی لەلایەن ڕابەران و نوخبەی سێکتاریست و هەژموونخوازەوە نەخشەی بۆ داڕێژراوە)، سەرهەڵدانی ئایدۆلۆجیا فرەوان و پان و بەرینە جەماوەرییەکانە، لەوەش گرینگتر، دروستکردن، یان بەردەوامکردنی هەلومەرجی کۆبوونەوە و ئاپۆڕە و نواندنی هێزی جەماوەرییە بۆ ڕەوا پێشاندانی ئەو ئایدۆلۆجیا و سەرکردایەتییە سیاسییانە. ئەگەرچی، پەیدابوونی

کۆمەڵگەی جەماوەری، یان هاتنە مەیدانی جەماوەر لەنێو کۆمەڵگەدا، قۆناغێک پێش تێپەڕبوون بەرەو شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و لەنێوچوونی ناسنامە نەریتییە زاڵەکان، بەسەر پێوەندیی ئابووری و مافەکانی ڕەعیەت، بەدەستی خانەدانە دەسەڵاتدارەکان، هاتووەتە دی. لەم قۆناغەدا، هێشتە نە پارتە بەهێزە چینایەتییەکان پەیدا بوون، نە دەسەڵاتی سیاسی و یاسایی بەهێز و جێگیرن و نە ناسنامە و نەریتە کۆنەکان لەنێوچوون. بەڵام شارەکان قەرەباڵغ بوون، کۆچی لادێ بۆ شار دەستیان پێ کردووە، هۆکارەکانی هاتوچۆ و پێوەندیی بەهێز و فرەوانبوون، بەڵام هاوکات داوودەزگا و هێزە مۆدێرن و دیموکراتەکان لەدایک نەبوون، یان هێزیان نییە، لەم کاتانەدا، ڕابەرایەتیی مێژوویی و نەریتی، یان کارێزماتیکی شۆڕشگێڕانە، یان ڕادیکالە تووڕەکان، دەتوانن لەو زەوینە جەماوەرییە بێ ناسنامە و نارۆشن و نایاسایی و نامەنتقییەدا، هێزی خۆیان کۆ بکەنەوە و دیاردەی پۆپۆلیزم بەهێز بکەن.

هەندێک لەو هێزە پۆپۆلیستییانە، بیروڕا، یان ئایدیۆلۆجیایەکی تۆتالیتاریان هەیە، "وەکو فاشیزم، لینینزم، ستالینیزم، ماویزم، یان ئیسلامیی سیاسی"، هەندێکی تریان، هیچ بیروباوەڕێکی دیاریکراویان نییە، تەنیا دیاردەی پۆپۆلیستی و جەماوەرییان دروست کردووە، "وەکو بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستان، بزووتنەوەی سەوز لە ئێران و بزووتنەوەکانی بەناو بەهاری عەرەبی".

یەکێک لە سیاسەت و ئامانجەکانی پۆپۆلیزم و هەژموونخوازی (ئۆپۆزسیۆن) بریتییە لە ڕەخنەی توند و ڕادیکال لە هەلومەرجی باو، ئەمەش لەبەر دوو هۆکار دەکەن، یەکەمیان بۆ ئەوەی هێز و هەژموون و تەوژمی جەماوەری ناڕازی و نەیار زیاتر بکەن و دیاردەی جەماوەری و ڕەفتاری جەماوەری لە شەقام و سیاسەتەکاندا توندتر بکەن و زیاتر هۆکارەکانی بەردەوامبوونی بهێڵنەوە. دووەم، بۆ ئەوەیە، بەخەڵک و جەماوەرەکەیان بسەلمێنن، هەموو هەڵە و خەتاکان لە ئەستۆی دەسەڵاتدایە، تا بڵێن، ئەم هەلومەرجەی دەسەڵات دروستی کردووە، شایەنی ڕیفۆرم و چاککردن نییە، مەگەر تەنیا بەڕووخان و لەنێوچوونی ئەو دەسەڵاتە نەبێ، بەڵام ڕەخنەی ڕادیکال و دیاردە و ڕەفتاری جەماوەری، هەموو کات لە مێژوودا کورتخایەن بوون، تەنانەت پۆپۆلیزم، نەیتوانیوە ناسنامەیەکی سیاسیی بەهێز و بەردەوام لە مێژوودا دروست بکەن، تەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتووە "عەبدولناسر لە میسر، بەعس لە عێراق و سووریا، زۆربەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ئاسیا و ئەفریقیا" کە پاشان بوونەتە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و کۆنەپەرست و پۆلیسی و تەنانەت پشتیان کردووەتە جەماوەرە پۆپۆلیستەکەی جارانیشیان. پۆپۆلیزم، لەبەرئەوەی بەرهەمهێنەری ناسنامەی سیاسیی بەهێز و پایەدار نییە، وەکو "لیبرالیزم، سۆسیالیزم، دیموکراسی، نەتەوایەتی"، بۆیە دروشمە چەپڕۆکان، یان راستڕۆکانی، یان تەنانەت میانڕۆکانیش، بەفریای ناکەون و زۆربەی دروشمەکانیان تەنیا لەو کاتەدا دەتوانێ هێزی هەبێت کە باس لە (بەرژەوەندیی خەڵک) و پرسی خەڵک دەکەن، زۆربەی جاریش ئەم بەرژەوەندی و پرس

و خەڵکەش، نارِۆشن، یان فریودەرن.

سەرەنجام، پۆپۆلیزم، هێندەی ئامراز و هۆکار و ژینگەی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسییە بەناوی (خەڵک)ەوە، بەو ئەندازەیە پرس و دیاردە ناوبراوەکانی نییە، تەنانەت ناوی خەڵک و بەرژەوەندیی خەڵکیش هەر بۆ بەرژەوەندی و بەدەستهێنانی دەسەڵاتە بۆ ڕابەران و بەرپرسانی هەژموونخواز، هەر لەبەر هەژموونخوازی و دەسەڵاتپەرستیش، پۆپۆلیزم، یان دەسەڵاتی بەرهەمی پۆپۆلیزم، نایەوێ کە ئەو دەسەڵاتە سنووردار بێ بەیاسا، یان لەژێر چاودێری و بەرپرسینەوەی یاسا و خەڵکدا بێ، یان بیەوێ بەرەو دەسەڵاتی دیموکراتی بچێ، ئەوەی کە مەبەستی سەرەکییە لای پۆپۆلیزم و هەژموونخوازیی، تەنیا دەسەڵاتە، دەسەڵاتی ڕەها.

سەرچاوەکان:


١- رامین جهانبگلو، زمانی برای انسانیت بشر، نشرنی، چاپ اول ١٣٨٧، ل ١٨- ١٩.
٢- هـ.س.پ.ل ١٩.
٣- هانس گیرس و سی رایت میلز، منش فرد و ساختار اجتماعی، ترجمەی اکبر افسری، نشر اگاه، چاپ اول ١٣٨٠، ل ٤٢٤
٤- جیمز جول، گرامشی، ترجمەی محمد رزا زمردی، نشر پالپ، چاپ اول ١٣٨٨، ل ٦٤.
٥- هانس گیرس و سی رایت میلز، هـ.س.پ.ل ٤٢٧.
٦- حسینعلی نوزری، نگریەی انتقادی مکتب فرانکفورت، نشر اگاە، چاپ دوم، ١٣٨٦، ل ٢١.
٧- حسین بشیریە، جامعە شناسی سیاسی (نقش نیروهای اجتماعی در زندگی سیاسی) نشرنی، چاپ نهم ١٣٨٢، ل ٣١٦.
٨- ترنس بال وریچارد داگر، ایدەئولوژیهای سیاسی و ایدە ال دمکراتیک، ترجمەی دکتر، رویا منتزمی انتشارات پیک بهار، چاپ اول ١٣٨٤، ل ٢٧٢.
٩- هـ.س.پ.ل ٢٧٢.
١٠- هـ.س.پ.ل ٢٧٣.
١١- دکتر پرویز دلیرپور، زمینە های سیاسی و اجتماعی پوپولیزم و اقتدار طلبی، مجلە اطلاعات سیاسی، اقتصادی، شمارە ٢٧٩-٢٨٠، ل ٤٨.
١٢- موریس باربیە، مدرنیتە سیاسی، ترجمەی عبدالوهاب احمدی، نشر اگا، چاپ دوم، ل٢١٧، و ل٢٢٢.
١٣- مجلەی اطلاعات سیاسی-اقتصادی شمارە ٢٧٩-٢٨٠، ل ٥٢.
١٤- جیمز جول، گرامشی، ل ٦٢.


هەولێرەی کتێب

# ڕۆهەڵاتناسی
# بە تێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە

د. موحسین محەمەد حوسێن

بەشی یەکەم

### دەستپێک

ڕۆهەڵاتناسی، بووەتە بوارێکی مەعریفیی دیار و بەرچاو، میتۆد و چوارچێوە و قوتابخانەگەلی خۆی هەیە کە شایەنی لێ وردبوونەوە و کار لێکردنن، هەروەها هەندێک لەو لایەنانەی بایەخیان پێ دەدات، بوونەتە سەنتەری زانستی و ڕۆشنبیری کە بە شێوەیەکی دەستەجەمعی توێژینەوەیان لەبارەوە دێتە ئەنجامدان.

ڕۆهەڵاتناسی، بووەتە گرینگترین سەرچاوەکانی ئاڵوێری کولتووریی نێوان ئەوەی پێی دەگوترێ (ڕۆئاوا) لەگەڵ ئەوەی پێی دەگوترێ (ڕۆهەڵات)، تا دێ سەرنجی ژمارەیەکی زۆرتر لەو کەسانە ڕادەکێشێ کە بایەخ بە بوارەکانی مەعریفە دەدەن و لەگەڵ ڕۆژگاردا نوێ دەبنەوە. لە پاڵ ئەو زیادەیەی هزرڤانانی سەردەمی نوێ و ئەو حوکم و تێڕوانینە تازە و جیاوازانەی بەردەوام دەیخەنە سەر خەرمانی ڕۆهەڵاتناسی، پاش ئەوەی ڕزگاریان بووە لە کاریگەرییە عاتیفییەکانی (ئاینی بێ یان ڕەچەڵەکی...هتد) ڕووداوگەلی مێژوو. هەروەها تێڕوانینە تەقلیدییە خۆ بەلزانەکانیان گۆڕا، لەو چوارچێوەیەدا، ڕۆهەڵاتناسی هاوسەردەمی فرەنسایی (جاک بێرک)، مەرگی ڕۆهەڵاتناسیی جاڕ دا، هەروەها ئەنوەر عەبدولمەلیک، لە وتارێکدا لە کۆواری دیۆگێن _ Diogenes، (تەنگژەی ڕۆهەڵاتناسی)ی ڕاگەیاند، ئەوەبوو ئەدوار سەعید (ت٢٠٠٣) سەرکۆنەی کرد، ئێرفن جەمیل شەک، لە کتێبەکەیدا (ڕۆهەڵاتناسی وەک سێکس)، هەمان کاری کرد، نووسەرگەلێکی تریش بەدوای ئەواندا سەرکۆنەیان کرد، سەرباری ئەوەی، پرسەکە، لە بنەڕەتدا،

.................................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عەبدوڕەزاق عەلی

دەست بۆ ڕایەڵەی نێوان هەردوولا دەبات، بەهەموو جیاوازیی تێڕوانین و دژبەرییە توندەکانیانەوە. ڕیچارد سۆدرن، وەک ڕاکێشڕاکێشی نێوان مەعریفە و ئیرادەی هێز و دەست بەسەرداگرتن، وەسپی پێوەندیی نێوانیان دەکات، ئەو پێوەندییەی لە ڕێی کۆمەڵێک لێکەوتە و ئاڵۆسکاوی، بەچەوساندنەوەی ئەوی تر و دەست بەسەرداگرتنیەوە، خۆی دەنوێنێ. میشێل فۆکۆ-Mitchel Foucault (ت١٩٨٤)ش هەر وای بۆ چووە، کاتێک پێوەندییەکەی بەکۆیلەکردنی کولتووری و کۆمەڵایەتی ناو دەهێنا، فۆکۆ، پێی وابوو ئەو (ئارکیۆلۆجی)یە ئاڵۆزە، زەوینەی تەماشاکردنی (ڕۆهەڵات) وەک پاشکۆ، یان شتێک کە دەتوانی دەستکاریی بکەی، ساز دەکات.

ئەگەر بمانەوێ، ئێمەی ڕۆهەڵاتی، لەم گلانە هەستینەوە، دەبێ سەرەتا ددان بەوەدا بنێین گلاوین و دەمێکیشە. دەبێ جوان لە خۆمان ورد بینەوە، نەچینە پێش ئاوێنەیەکی قۆقزی چاوخەڵەتێن، وەک د. عەبدولعەزیز حەموودە دەڵێ، ئەو ئاوێنەیەی گەورەمان دەکات و ناهێڵێ هەقیقەتی خۆمان و قەوارەمان بناسین و بزانین چمان لەباردایە، لە ڕۆژگارێکدا، شوێنێک بۆ عاتیفە نەماوەتەوە، یان خەریکی خۆبادان بین بە ڕابردووەوە، با ئەو ڕابردووە جوانیش بێ. ئاخر خۆ ئێمە تاکە بولبولێک نەبووین، خوێندبێتمان و ڕۆیشتبین. ڕابردوو، بە هانای کەسانێک ناگات کە نایانەوێ کوڕی سەردەمەکەی خۆیان بن. هەر ئەمەیە پاڵمان پێوە دەنێ چاو بەپرسی پێوەندیی نێوان هۆشیاری و عەقڵدا بگێڕینەوە، لەوە وەکۆڵین کە لەبارەمانەوە دەنووسرێ، ئەگەر بەڕاستی دەمانەوێ لەو نسکۆیەی بەسەرماندا هاتووە ڕابین، یان ئەو پیلانانە پووچەڵ بکەینەوە کە بۆ دواخستن و سووک سەرنجدان و پاشکۆیەتیمان دادەڕێژرێ.

ڕۆهەڵاتناسی، پرسێکە، دەیان ساڵە گفتوگۆ و مشتومڕی لەبارەوە دەکرێ. بەجۆرێک کە دیاردەگەلی ژیانی ڕۆشنبیری داپۆشیوە، چ بەو کتێبانە کە چاپخانەکان بە ناونیشانی جیاجیا دەیخەنە بازاڕەوە، یان بەشێک لە بەشەکانی کتێبێک، یان وەرزنامەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرێ کە هەڵبژاردەیەک لە نووسەرانی خودان تێڕوانینی جیاواز دەری دەکەن. هەندێک بە پارێزەوە خۆیان لە دارەتی ڕۆهەڵاتناسی دەدەن، وەک چۆن کەسانێک بە بڕێک سادەییەوە باسی دەکەن و سووک سەرنجی تێڕوانینەکانی خەڵکانی تر دەدەن، هاوکات خەڵکێک هەیە، بە پارێزێکی زۆرەوە دەنووسن، لە پاڵ کەسانێکی تردا کە بەبیرۆکە و وێناکردنێکی پێشوەختەوە، باس لە ڕۆهەڵاتناسی دەکەن.

هەندێکی تر وای بۆ دەچن، ڕۆهەڵاتناسان لە ئێمە تێ ناگەن(!)، وەک خۆمان لە خۆمان دەگەین، (بریا لە خۆمان بگەیشتینایە). نووسەری وامان تێدایە، خۆزگە دەخوازێ هەرچی لەبارەمانەوە نووسراوە نەمێنێ، یان هەرچی نووسراوە، ڕەوانەی کارگەکانی کاغەزیان بکەین، تا بکرێنەوە هەویر و سەروتازە چییان بەدڵە ئەوەی تێدا بنووسنەوە، چونکە پێیان وایە، بیرۆکگەلی ڕۆهەڵاتناسان بێزارکەرن، وەک ئەوەی پێش دەوروبەری هەزار ساڵ ڕووی دا، ئەو کاتەی فەرمانڕەوا و دەستوپێوەندەکانی، یان دانەرەکە خۆی، کتێبەکەیان لە ئاو هەڵدەکێشا و

مەرەکەبەکەیان دەسڕییەوە، یان فڕێیان دەدایە تەنوور، یان ئاگردانێکەوە، تا بەدەم هەلهەلەی ژنان و شایولۆغانی خەڵکێکدا کە دەتگوت لە هۆش خۆیان چوون، کتێبەکان بسووتێن، یان جاری وا هەبوو، کتێبەکەیان لەگەڵ نووسەرەکەیدا دەناشت، هەندێک جار بە گوێرەی وەسێتی نووسەرەکە بووە، تا دوای خۆی، نەشێوێندرێ، یان خراپ لێک نەدرێتەوە، یان نەک خەڵکەکە چۆنیان پێ خۆشە ئەوها کتێبەکە لێک بدەنەوە و بچن ئێسک و پرووسکی نووسەرەکە، لە گۆڕ دەربێنن و سەرلەنوێ لەداری بدەنەوە(!)

خەڵک هەن، فرچکیان بە جووینەوەی بیرۆکگەلێکەوە گرتووە، نەک لەبەرئەوەی تامیان خۆشە، بگرە لەبەرئەوەی ئەو بیرۆکانە بێ کێشە و سەرئێشەن. ئەو کەسانە، نایانەوێ بەرد فڕێ بدەنە گۆمێکی مەنگەوە، هەموو هەوڵێک دەدەن بارەکە تاهەتایە وەک خۆی بمێنێتەوە. چێژ لەوە دەبینن، نایانەوێ مێشکی خۆیان و خوێنەرانیان ماندوو بکەن، بگرە دەیانەوێ لە بەردەم کۆمەڵگە گیرخواردووەکەیاندا، وەک منداڵێکی ئاقڵوئاغر دەرکەون.

خوێندنەوە – بۆ خۆی – داهێنانێکی ترە، کاتێک (خوێنەر) برێک ماندوو دەبێ لە دووی شتێکی ناوازە، هاوبەشی داهێنەرە لە گەڕان بە شوێن شتی تازە و بەسوودا.

بۆ هەر خوێنەرێکی سەوداسەری ماندووبوون
بۆ ئەوەی بە شوێن هەقیقەتدا دەگەڕێ، حەقیقەت، بە مەزەندەی من و خۆی.
ئەم بەرهەمە پێشکێشە.

## دەبێ چی بکەین؟

دەبێ چۆن مامەڵە و هەڵسوکەوت بکەین لە تەک (ڕۆئاوا)دا. من لێرەدا، هەوڵ دەدەم چەندی بتوانم، واز لە حەز و سۆز بێنم، ناڵێم بە شوێن بێلایەنیدا دەگەڕێم، یان هیچ هەڵوێستێکم لە کن چێ نەبووە دەرهەق ئەو بابەتانەی دەیان ساڵە لەبارەی ڕۆهەڵاتناسییەوە نووسراون، بە هەموو ئەو لێکنەچوونانەی تێیاندا هەیە. ئاخر هەر "بێلایەنی"، بۆ خۆی بیرۆکەیەکی ئایدیالییە، زۆر گوتنەوەشی، جگە لە قسە ڕیزکردن و ساویلکەیی، شتێکی تر نییە، یان خۆ بواردنە لە جیاوازییە بەرچاوەکانی نێو مرۆڤگەل، کە تەنیا بەخوا دەکرێ[١]، هەروەها، مەبەستمان ئەوە نییە، ئەوەی دەنووسین بێ خەوش و کەموکورتییە. وەلێ دەڵێین، هەڵوێستێکی هزریی پێشوەختەمان نییە تا بمانەوێ، (بەهەر نرخێک بێ)، داکۆکی لە ڕاستبوونی بکەین، بگرە ئەو بۆچوونانەی ئێمە، لە سۆنگەی هەڵوێستێکی شارستانیانەوەیە کە بڕوای بەئاڵووێری کولتووری هەیە، بڕوای بەڕەخنە لێگرتنی هەموو ئەو هزرە دابڕ و بڕاوانەوە هەیە کە لە زەینماندا جێگیر بوون و بواری گفتوگۆکردنیان نەماوە، یان مشتومڕ لەبارەیانەوە، بووەتە حەرام (تابۆ) و بە هیچ کلۆجێ دەرفەتی لێتوێژین و وەکۆڵین و چاوگێڕانەوەیان نییە.

هەوڵی تێگەیشتن لەم هەڵوێستە دەرهەق بەڕۆهەڵاتناسی، بووەتە پرسێکی حەتمی، ئاخر ئەم بیرکردنەوە دیاریکراوە، وای لێ هاتووە، قەوارەی کتێبە چاپکراوەکانی جێ هێشتووە، ئێستێ، ڕۆشنبیرانی سەرقاڵ و مژووڵ کردووە و تا دەیانساڵی تریش هەروا دەبێ. ئەمە، مانای وایە، مێشکگەلێک هەن هێشتە لە کاردان و پەکیان نەکەوتووە، بە ڕۆژی ڕووناک، ئەو پرسانە شەنوکەو دەکەن، بێگومان، چوونە نێو ئەو مەیدانگەلەوە، ئاسان نییە و کوڕی خۆی گەرەکە، ئەڵبەت باجی دەستبردن بۆ پرس و نەگۆڕگەلێک کە خەڵکەکە لەسەریان ڕاهاتوون، باجێکی گەورەیە. وەلێ بێدەنگبوونمان بەرانبەر شتێک کە ئۆقرەی لێ بڕیوین، نیشانەی کەمتەرخەمیمانە لە هەردوو لایەنی بابەتی و خۆییەوە، ئەو کەمتەرخەمییەی بە بەرچاوی خۆمانەوە دەیبینین و لە ئاستیدا دەسەوەستانین، وەک بڵێی پێوەندیی بەئێمەوە نەبێ، بەڵام کاتێک هەستمان بە نیگەرانی کرد، ئەوە، یەکەمین هەنگاوی ڕاستە.

لۆجیک نییە، هەرچی ڕۆهەڵاتناسان دەیڵێن بیسەلمێنین. ناچێتە عەقڵەوە، هەوڵەکانی (ڕۆئاوا) قەبووڵ بکەین کاتێک ئیسلام – وەک نموونە – لە تێگەیشتنێکی کەموکورتدا، کورت دەکەنەوە، وەک چۆن فرە کولتوورییەکەی بەتاکگەوهەری پێشان دەدەن کە شایستەی پێشڤەچوون نییە و وێنەیەکی کاریکاتۆریی مایەی گاڵتەجاڕی، یان تۆقاندن، بۆ گەلانی موسڵمان دەکێشن، وەک ئەدوار سەعید دەڵێ(٢)... یان نموونەی "ڕۆهەڵاتناسە ئایدیۆلۆجیستەکان"ی وەک "دانیال پایپس" و کتێبەکەی "لەسەر ڕێی خوا. ئیسلام و دەسەڵاتی سیاسی"(٣)، کە مەبەستی سیاسییانەی لە پشتەوەیە. پایپس، لەو کتێبەدا هەوڵی داوە، هەموو مێژووی موسڵمانان لە سۆنگەی ڕووداوێکی دیاریکراوەوە بخوێنێتەوە، لەوێدا، باس لە "ئیسلامی کەسنەناس، یان هەستی خۆ بەکەمزانین" دەکات، یان هەوڵەکانی "ئارنست ڕینان و مارسێل برۆست" بۆ دروستکردنی جۆرێک لە ئیسلامفۆبیا(٤).

ئەم بێدەربەستییەی لەم تێزانەدا دەبینرێ کە فریان بەلۆجیک و پاساوی لۆجیکییەوە نییە، پێش هەر شتێک، بۆ ڤەکۆڵینە ڕۆهەڵاتناسییەکان خراپە. سووک سەرنجدانی موسڵمانان، گەیشتووەتە ئاستێک دەڵێن: موسڵمانان، ناتوانن نوێنەری خۆیان بن، بۆیە دەبێ خەڵکی تر نوێنەرایەتییان بکات، ئەوانەی لە موسڵمانان خۆیان، زیاتر لە ئیسلام شارەزاترن. بەم شێوازە "نایپۆڵ" و "پایپس" و "سنۆک هۆرنگرۆنیێ"ی هۆڵەنداییشیان لە تەکدا، زۆر بەئاسانی، لە کتێبخانەکانی خۆیانەوە – یان وەک ئەدوارد سەعید دەڵێ، لە ماڵە بەرزەکانیانەوە – وەزارەتی دەرەوە، یان ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە، چاودێریی ئیسلامیان دەکرد و حوکمیان لەبارەوە دەدا(٥).

دەشێ ڕۆهەڵاتناسی بخەینە نێو چەمک و مانا و خەسڵەتگەلێکەوە، بەو پێیەی سیستمێکی ئەکادیمی ڤەکۆڵینە لە ڕۆهەڵاتدا، یان تەرزێکی بیرکردنەوەیە کە پشت بەجیاوازییەکانی نێوان ئەوەی پێی دەگوترێ (ڕۆهەڵات) و ئەوەی پێی دەگوترێ (ڕۆئاوا) دەبەستێ. دیسان مانای وایە، دامەزراوەیەک هەیە بایەخ بەم ناوچە بەرفرەوان و کاکی بەکاکییە دەدات. تا بیناسێ و لێی تێ

بگات، یان ڕەنگە بیەوێ کۆنترۆڵی بکات، وەک بینیمان و دەبینین. گشت ئەم مانایانە، ڕاستت دەوێ، پێکەوە گرێ دراون. ئاخر ڕاستینە (هەقیقەت)ی هێز و ویستی ڕۆئاوا بۆ ئەوەی دەست بەسەر ئەم ناوچەیەدا بگرێ، وا لەناو کرۆکی تێڕوانینی ڕۆئاوادا، واتە؛ ئەوروپا و دواتر ئەمەریکا، دەرهەق بە (ڕۆهەڵات)، هەر لە چوارچێوەی ویستەدا، جیاوازیی نێوان (ئێمە) و (ئەوان) بە ڕوونی دەردەکەوێ[٦]. تا وای لێ هاتووە، وشەی (ڕۆهەڵاتناس)، واتە؛ پسپۆڕێکی زانستی و ئەکادیمیی تا بڵێی شارەزا لە زمان و مێژووگەلی ڕۆهەڵاتدا[٧].

ئەدوارد سەعید پێی وایە، ئەو بۆچوونانە بەشێوەیەک لەلایەن ڕۆهەڵاتناسانەوە بەرتەسک کراوەتەوە، گەیشتوونەتە ئەوەی بڕوا بەخۆیان بێنن کە شتێک هەیە ناوی (ڕۆئاواییانە) و شتێکی تر هەیە ناوی (ڕۆهەڵاتییانە)یە و ئەمەی دواییان، دەبێ بندەستی ئەوەی یەکەمیان بێ و بەداگیرکردنی خاکیان ڕازی بن، یەکەمیش، چۆنی بوێ، ئەوها حوکمیان بکات[٨].

بێ دوودڵی، پێویستە ئێمە لە شەنوکەوی ئەم جۆرە پرسانەدا، کەمێک ئارام بین و ڕامێنین، پێویستمان بە عەقڵێکە ڕێز لە عەقڵ بگرێ، لە کێشەکانی ئێستێ تێ بگات، دەرک بە هێزی هزر و توانای گۆڕینی بکات. پێویستمان بەدەنگێکی دوور لە هەرا و خۆبەلزان و هەڕەشەکردن هەیە، ئاخر ئەمانە خەسڵەتی هزرڤان نین، نیشانەی نابووتبوونی ڕۆشنبیرین، نابووتبوونی ئەوەی نایەوێ تێ بگات، یان تێ ناگات و بڕوای بەدیالۆگ نییە، بۆیە ئامادە نییە لە تەک موخالیفەکانیدا دانیشێ، پێیوایە، هەقیقەت تەنیا لە کن ئەوە و موڵکی خۆیەتی، ڕای بەرانبەر بەکافر دەکات و هەوڵ نادات گوێی لێ بگرێ، نازانێ کە ڕەنگە هەڵە بێ، یان سەرچیخ چووبێ، عەقڵی نایبڕێ بە بیرکردنەوەکانیدا بچێتەوە، یان ئەو وارە (واقیعە) بێ سەروبەرە تێ پەڕێنێ، لە ڕێی دیالۆگ و لێ وردبوونەوە و واز لە منجڕی و خۆخەڵەتاندن بێنێ و خۆی ڕادەستی ئەوە بکات کە هەیە. ئەو کەسانە، دان بەوەدا نانێن گۆڕانەکان، سروشتی ژیان و ڕۆژگارن، نکووڵی دەکەن کە گەڕان و سووڕان بەشوێن هەقیقەتدا، کاری مرۆڤ بووە بەدرێژاییی مێژوو. هەوڵ نادەن ژینگەیەکی هزریی وا بێتە ئارا کە پێکەوەگونجانێک دروست بکەن لە نێوان ئەوەی خۆیان بیری لێ دەکەنەوە و ئەوەی لە واقیعدا دەگوزەرێ، سەرنجێکیان لەسەر شتە باوەکان نییە کە بەهیچ کلۆجێ بۆ ئەم ڕۆژگارە نابن، ئاخر هزرڤان، یان ئەوەی بەشوێن ڕاستینەدا وێڵە، دەکارێ گلەیی لە کولتووری کۆمەڵگەکەی بکات و ڕەخنەی لێ بگرێ، با – هزرڤانەکە – دوورەوڵاتیش بێ و لە وڵاتێکی تر بژی[٩].

هزرڤانی ڕاستگۆ، هەوڵ دەدات، کۆمەڵگەکەی و تاکەکانی وا لێ بکات ژیانێک بگوزەرێنن کە مرۆڤەکان بنیات بنێتەوە، ئەو مرۆڤەی لە کاروان بەجێ ماوە، مرۆڤێکە، بێ ئۆقرە و ئیرادە و زەینی ئیفلیج بووە، مرۆڤێکی چەوساوە، خۆی پێش خەڵکی تر خۆی چەوساندووەتەوە، پێش خەڵک، خۆی ئازاری خۆی داوە، سەری کز کردووە و بەوەی هەیە ڕازییە، نایەوێ بیر بکاتەوە دەبێ دنیا چۆن بێ، نایەوێ تێکەڵی خەڵک و ببێتە ئەندامێکی کارا لە کۆمەڵگەکەیدا، بۆیە بەناکاملی دەمێنێتەوە.

تەنانەت لە قسەکردنیشدا، زمانێکی تەختەیی بەکار دێنێ و بیرۆکەی ڕەقوتەق دەخاتە ڕوو، گوتارگەلێکی بێ گیان دەجوێتەوە، بیرۆکە ڕەها و ناعەقڵانییەکان دووبارە دەکاتەوە کە فرپیان بەڕاستی و وارەکەوە نییە، بیرۆکەگەلێک، ڕێ لە ئازادی دەگرن، هەر ویستێکی لێک تێگەیشتن و پێشڤەچوون و شارستانیبوون، تەپەسەر دەکەن[10].

ڕۆشنبیری کارا، یان ئەوەی ئەنتۆنیۆ گرامشی پێی دەڵێ (عضوی)، بیرۆکەکانی وەک پشکۆی بن خۆڵەمێش دەگەشێنەوە، هەست بە بەرپرسیاریی گۆڕینی وارەکە دەکات، بەچاوێکی تیژەوە مێژوو و ئاڵۆزییەکانی دەخوێنێتەوە، ئازایانە قسەی خۆی دەکات، لە دەوڵەمەندکردنی وارەکەدا بەشدارە، بێ ئەوەی خۆی ڕادەستی ڕابردوویەک بکات کە لە زۆر لایەنەوە، کەڵکی کاروانی بەرەوپێشی کۆمەڵگە ناگرێ، ڕادەستی ئەوی تر نابێ. ئەم ڕۆشنبیرە، وامان لێ دەکات، پەند لە ڕابردوومان وەرگرین، بێ ئەوەی ببینە کۆیلەی، سوود لەوانی تر وەردەگرین، بێ ئەوەی لێ گەڕێ، خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر عەقڵماندا بێنن، یان بمانترسێنن[11].

لێرەدا، پێویستە لەسەرمان، ئەرکە پۆلیسییەکان کە دەیەوێ بەگژ هەوڵەکانی تێکدانی کۆمەڵگەدا بچێتەوە، لە ئەرکە هزرییەکانمان، کە ئامانجیان ڕۆنانی دنیایەکی چاکترە، جیا بکەینەوە. ئاخر کۆکردنەوەی ئەم دوو جۆرە ئەرکە، وەک چەسپاندنی ئەو مەترسی و غایلانەیە کە ئەدیب و هزرڤان "جۆرج ئۆرویل" (١٩٠٣ – ١٩٥٠)، لە ڕۆمانە بەناودەنگەکەیدا "براگەورە"، لەبارەیانەوە وریامان دەکاتەوە، یان لە ڕۆمانی "١٩٨٤"دا، کە سەرلەبەری کۆمەڵگە زارەترەک دەبێ، بەمەش، هەموو هەوڵەکانی گۆڕینی تەرزەکانی بیرکردنەوە و سیستەمە ستەمکارە پۆلاینەکان، دەبێتە مەحاڵ[12]. کەواتە، لەسەرمان پێویستە، ئەو ترسەی هەناومان تووڕ بدەین کە لەگەڵ هەموو بیرکردنەوەیەکدا لە گۆڕین، ئازارمان دەدات.

کارەکە، کارێکی گرانە، ئاخر شکاندنی دیواری ترس و دەرچوون لەو پەرژین و قەفەسەی بەدەستی خۆمان دروستمان کردووە، ئاسان نییە. بۆیە داوای تێگەیشتن و کەڵک وەرگرتن لە کولتووری بەرانبەر دەکەین. هەرچییان هەیە بە وردی بیخوێنینەوە، تا ئەوان و خۆشمان بناسین.

بەڵام ناڵێم، هەرچی هی خەڵکە، بۆ ئێمە بەسوودە، بگرە دەڵێم: دەبێ بیانخوێنینەوە بێ ترس و دابڕان، بیانخوێنینەوە تا لە باڵادەستییان ڕزگار بین، تا لە بەردەمیاندا سەراسیمە نەبین، نابێ پێمان لەسەر لێوار دابنێین، دەبێ هەستینەوە، بێ ئەوەی دوای ئەوان بکەوین، یان ببین بەبار بەسەریانەوە، نابێ بە هەموو شتێکیان سەرسام بین.

ناکرێ دەستبەرداری ڕابردوومان بین، وەلێ دەبێ هەڵوێستمان دەرهەقی هەبێ. نابێ دیلی دەستی پێناسەیەکی ڕابردووخواز و باری قورسی ڕابردوو بین. نابێ خۆمان بەهەڵەدا بەرین بەوەهمگەلێکی کۆنەوە – وەک ئەدۆنیس دەڵێ – و بێ سێ و دوو بەپیرۆزیان بزانین، دەبێ لێیان وەکۆڵین، بەوپەڕی خۆشەویستی و ڕێزەوە مامەڵەیان لە تەکدا بکەین، ئاخر، کەلەپوورەکەمان، بەرهەمی عەقڵی خەڵکانێکە کە ئەگەر زیندوو ببنەوە و بگەڕێنەوە نێو ژیان، جیاواز لە

بیرکردنەوەی پێشوویان، کار دەکەن و بیر دەکەنەوە، ئەوان کوڕی شەرعیی سەردەمی خۆیان بوون، لەگەڵ عەقڵیەتی سەردەمی خۆیاندا ڕاستگۆ بوون، ئاخر کەلەپوور، بەرهەمی باو و باپیرانمانە کە زۆریان ڕێز لێ دەگرین، دەبێ وەک مامەڵەی نەوە لەگەڵ باپیریدا، مامەڵەی بکەین. کەلەپوور، تێرمان دەکات و تێرمان ناکات، لە دوورەوەڕا تێرمان دەکات، پێوەندیمان لەگەڵ کەلەپووردا دووسەرەیە، لە سەرێکەوە ڕێزگرتنە و لە سەرێکی ترەوە، دابڕانێکی مەعریفییانەیە (ئەپستمۆلۆجییانەیە)[١٣].

پێوەندییەک لەسەر بناخەی ڕێزگرتن نەک پیرۆزکردن، نابێ چاومان تەنیا لەوان بێ. دەبێ ڕێز لە ڕۆڵیان بگرین – کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەگەشایەوە –، بە قووڵی و سەرڕاستییەوە، بەشێنەیی و ڕێزەوە لە بەرهەمەکانیان وەکۆڵین، ڤەکۆڵینێکی ڕەخنەگرانە، لە سایەی تیۆرییە مەعریفییە نوێدەمەکاندا. شاراوە نییە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان پێداهەڵدانی ڕابردوو و دەست پێوەگرتنی تا ئاستی شەیدایی، لەگەڵ خوێندنەوە و تێگەیشتن تا دەگاتە ڕەخنە لێگرتن و تێپەڕاندنی ئەو ڕابردووە. لە کەلەپووردا، جا کەلەپووری هەر میللەت و کۆمەڵگەیەک، باش و خراپی تێدایە، نابێ هەمووی بەجەڵەبی وەرگیرێ، بۆ ئەوەی نەمانگێڕێتەوە بۆ دواوە، هێز و توانای بیرکردنەوەی هاوسەنگمان لەبەر ببڕێ.

خۆ ئەگەر کۆمەڵگەیەک هێندە پێوەندیی ڕابردووی بوو کە ئێستێی لە بیر بەرێتەوە، مانای وایە، ڕوو لە داڕووخانە، ئەو میللەتە دەیەوێ لە پشت پەردەی ڕابردوو و تارماییەکانیەوە خۆی حەشار بدات، تا قەرەبووی شکستەکانی ئێستێی بکاتەوە. چونکە ڕۆژگاری ئێستێ، هاوکاریی خۆ دەوڵەندکردنی کولتووریی دەکات و پێویستی بەدەستەبژێرێکی بەئاگا و شارەزا هەیە، واتە؛ پێویستی بە (ئینتلێجینسیا)یەک هەیە بتوانێ لە پێداویستییەکانی ئەم سەردەمە تێ بگات، تێکەڵی ئەوان تر ببێ و بزانی چ دەڵێن لەبارەمانەوە.

لە هەمووی مەترسیدارتر، ئەوەی لەو ڕابردووەدا – بەوپەڕی شایستەیی و لێهاتووییەوە – پێیدا هەڵدەدرێ، بیروباوەڕەکەیەتی، کە جێگیری و ڕەهایی (دۆگما) خەسڵەتی دەقەکانێتی بەجیاوازیی بیروباوەڕ و ناوەکانەوە، بە گوێرەی بوونیان لەسەر نەخشەی دنیای کۆن. وەلێ تەنانەت بیروباوەڕەکانیش، نابێ تا دنیا دنیایە وەک خۆیان بەردەوام بن، بێ ئەوەی گۆڕانێکیان بەسەردا بێ – یان بهێنرێ –، هیچ نەبێ لە پرسە لاوەکییەکاندا، نەخاسمە ئەو پرسانەی پێوەندییان بەژیانی دنیاییی مرۆڤگەلەوە هەیە. ئاخر گەر گۆڕان نەبێ، هەندێک پرس پێویستیان نەدەکرد بگۆڕێن. دەقێکی ڕوون هەیە دەڵێ: خوا، هەر سەد ساڵ جارێک، کەسێک ڕەوانە دەکات تا پرسگەلی ئاینیی خەڵکەکە نوێ بکاتەوە. ئەمە، بانگەوازێکە بۆ گۆڕان و تازەبوونەوە و چاکسازی. ئاخر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، وەلێ دەبێ ئەو گۆڕانە، بەپێی ڕێساگەل و بەڕازیکردن بێ.

لە قورئانی پیرۆز و سونەتی پێغەمبەردا، بنەماگەلێکی گشتییان تێدایە، بەهیچ کلۆجێ دژبەر

نین لەگەڵ سوود وەرگرتن لەو زانست و هزرانەی کۆمەڵگە بەرەو بارێکی باشتر دەبەن، جا زانست لە هەر کوێ بێ (با لە چین بێ) یان ژاپۆن، ئەگەر بەڕاستی دەمانەوێ ڕێی پێشکەوتن بگرین، لە پاڵ دەستگرتن بە بەها بنچینەییە جوانەکانی قورئان و سونەتەوە[١٤].

هەر بۆ نموونە، دەبا بزانین، خەلیفەی عەباسی، مەئموونی کوڕی هاروون ئەلڕەشید (١٩٨–٢١٨ک/٨١٣–٨٣٢ز)، پێش نێزیکەی دوازدە سەدە، چی کردووە، کاتێک زەوینەی سەرهەڵدانی گفتوگۆ و مشتومڕی بۆ زانایانی ئاخافتن ساز کرد تا کار گەیشتە ئەوەی ڕێگەی دا، باس و تەئویل بۆ وردترین و مەترسیدارترین پرسەکانی نێو دەقی پیرۆز بکرێ، دیسان ئەو دیدارانەی نێوان موعتەزیلە (ئەهلی ئیحسان و تەوحید)، لەبارەی ئەزەلییەتی ئاخافتنی خوا، خەڵقکردنی قورئان، سیفەتەکانی خوای گەورەوە، هەروەها پرسی قەزاوقەدەر و کرداری بەندەگەل، وردکردنەوەی پێنج ئەسڵەکە و شەرحکردنیان، لەبارەی میتۆدی بیرکردنەوە و هەڵوێستیان بەرانبەر بیروباوەڕ و ژیان[١٥]، بەرپرسیاریی بەندەگەل بەرانبەر کارەکانیان.

ئێستێ، بڵێی پێویستمان بە گۆڕینی واقیعەکەمان و تەرزی بیرکردنەوەمان نەبێ، تا لەگەڵ دەوروبەرماندا ڕابێین، ببینین خەڵک چییان کردووە، گوێ بگرین بزانین چ دەڵێن؟

ڕۆهەڵاتناسی، گورزی کەمەرشکێنی لە کەسانێک وەشاندووە، کاتێک بۆچوونێک دەخوێننەوە کە لەوە ناچێ لێی ڕاهاتوون، وازهێنانی مرۆڤیش لە شتێک کە لەسەری ڕاهاتووە، ئاسان نییە، با وازهێنانەکە پێویستیش بێ، بۆیە سوور دەبێ لەسەر بۆچوونی خۆی، هەوڵیش دەدا بەرپەرچی قسەی خەڵکی تر بداتەوە، چونکە چاوی کەسی تر نابینێ لێرەدا مەبەستمان (ڕۆهەڵاتناسانە).. ئاخر خەڵکێک هەن، خۆیان بەوەوە گرتووە، خەڵکی تر تۆمەتبار بکەن، تەنیا لەبەرئەوەی سەر بەکولتوورێکی جیاوازن و لە دنیایەکی تردا دەژین.

تۆمەتبارکردنی ڕەهای ڕۆهەڵاتناسان، چ توێژەری پسپۆڕ بن، یان لەلایەن فەرمانگەکانی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکانیانەوە ڕاسپێردرابن، کارێکی ڕاست نییە. ئاخر تۆمەتبارکردنی بێ بەڵگە، هەموو ڕایەڵەیەکی گفتوگۆ کۆتا پێ دێنێ، یان چ نەبێ ڕێی لێ دەگرێ. بۆیە سەیر نییە – وەک توێژەرێکی عێراقی دەڵێ –، ناو بەناو ببیستین، فڵانە نووسەر چاوی بە فیسارە ڕۆهەڵاتناس کەوتووە و زانیاری و بۆچوونەکانی بۆ ڕاست کردووەتەوە، نووسینی کەسێکی تری پێشان داوە، ئەویش ناچار بووە دان بەهەڵەی خۆیدا بنێ...هتد. بەواتایەکی تر، نووسین بەڕەهایی (دابڕ)، بێنەوبەردەی زۆرە، وەک چۆن تەماشاکردنی حوکمگەلیش، وەک حوکمی کۆتایی، گێرمە و کێشەی خۆی هەیە[١٦].

کێشەی هەرە ترسناک، پێوەستە بەمەیلی ڕەخنەگرانە، بگرە هێرشکارانەی بڕێک لە نووسەرانی عەرەب و مسڵمانان، وەک دەبینین، نووسینەکانیان هەڵچوونێکی دوور لە بابەتیبوونیان پێوە دیارە، نەخاسمە، لە شیکردنەوەی خۆدا (الذات) لەژێر باری (خەمی کەلەپوور)، یان ئەوانەی پێیان دەگووترێ ڕابردووخوازان، یان (خەمخۆرانی کەلەپوور، ئێستێ نا دوایی)، بە بەهانەی

وەستانەوە دژی شرۆڤە و لێکدانەوەگەلێک کە لە شرۆڤە و لێکدانەوەکانی (خاوەنەکانی کەلەپوور)، خودانی باوەڕە نەگۆڕەکان، جیاوازن. بەمەش، ئەو هەستەی (هزرڤان) لە قەفەس دەنرێ، کاتێک دەیەوێ ڕەخنە لەو شرۆڤە و لێکدانەوانە بگرێ کە لەگەڵ گیانی سەردەمەکەدا نایەنەوە، داوا دەکەن پشت بە هزرێک ببەسترێ کە بەرهەمی پێداویستیگەلێکن، پێداویستی واقیعی ئەمڕۆ نین، دەیانەوێ بەرەو ڕابردوویەک بگەڕێینەوە کە لە زۆر لایەن و وێستگەیدا، بەکەڵکی ئەمڕۆ نایەت.

بەرانبەر بەوە، میتۆدێکی هزری سەری هەڵداوە، بەسەر دار و بەردووی ڕابردوودا ناگری و خۆی نارنێتەوە، یان سەرلەبەری ڕۆهەڵاتناسان تۆمەتبار ناکات بە شتێک کە نەیانکردووە. میتۆدێک، هەوڵ دەدات تێڕوانینێکی بەئاگایانە بێنێتە ئارا، یەکەم، لەبارەی خۆوە، دووەم لەبارەی مەرجەکانی کنەکردنی ڕابردووەوە، دوور لە پێداهەڵدانی هزرێکی ڕابردووخوازی ڕووت و ڕەجاڵ، یان سەرسامبوون بەهەموو ئەوەی ڕۆهەڵاتناسان دەیڵێن. میتۆدێکی ئازا کە دژایەتی (ئەوی تر) ناکات، تەنیا لەبەرئەوەی لە بۆچوون و سەرەنجامەکانیدا جیاوازە، ئەم میتۆدە، تا دێ گەشە دەکات و گەورە دەبێ، سەرەڕای نووسینگەلێک کە پڕوپاگەندە بۆ هزرێکی داخراو دەکەن، هەرچەندە پێوەندیی بەمرۆوە نییە، مەگەر بەجەستە نەبێ.

دەبێ هەوڵ بدەین لە ڕۆهەڵاتناسی ورد بینەوە تا تێی بگەین و بتوانین نیازی کەسە دیارەکانی بخوێنینەوە، دواتر، پرۆژەی تێڕوانینێکی ئەلتەرناتیف لەبارەی هەڵچوونەوە دارێژین، تێڕوانینێک، هاوکارمان دەبێ لە کێشانی وێنەی میتۆدێک کە وا دەکات لە ڕابردوومان تێ بگەین و ئەمڕۆ قەبووڵ بکەین، دوور لە هەڵچوون و هاوارکردن.

لەم چەند دەیەیەی دواییدا، نووسینگەلێکی ئازایانە کەوتنە بەرچاو، کە توانای خستنەڕووی تێڕوانینێکی شارستانییانەی کەلەپووریان تێدایە، ئەو تێڕوانینە شارستانییەی تانوپۆکەی لای چەندین هزرڤانی سەدەی بیستەم دەرکەوتووە لە کاتی تێڕوانینی ڕەخنەگرانەیانەوە بۆ بابەتی کەلەپوور و هزر، دەشێ، ئەم قۆناخە، ناو بنێین، قۆناخی دروستبوون، دوایی پێگەیشتن، یان بەرهەمی هزری(١٧).

سەرچاوە و ژێدەر و پەراوێزەکان:

١- البازغي، استقبال الآخر، الدار البيضاء، المغرب، ص ٦.

٢- صبحي الحديدي (المترجم والمحرر) لكتاب د. أدوارد سعيد: تعقيبات على الاستشراق، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ١٩٩٦، ص ٢٨.

٣- صدر كتاب دانييل في نيويورك عام ١٩٨٣، صبحي، مصدر سابق، ص٤٣، أي أنه ألفه خلال حرب العراق مع ايران، أي بين دولتين مسلمتين متجاورتين، وأثناء انتفاضة الفلسطينيين الأولى، وغزو اسرائيل لبيروت تحت قيادة أرييل شارون١٩٨٢، وكانت أمريكا يحكمها رونالد ريغان (الحزب الجمهوري).

٤- د. أدوارد سعيد، المصدر نفسه، ص ٤٦.

٥- المصدر نفسه، ص، ٤٥.

٦- د. ألبيرت حوراني، الاسلام في الفكر الأوروبي، الدار الأهلية للنشر، بيروت، ١٩٩٤، ص ٧٨.

٧- د. أدوارد سعيد، مصدر سابق، ص ١١٦.

٨- د. أدوارد سعيد، الاستشراق (المعرفة، السلطة، الانشاء)، ترجمة: كمال ديب، مؤسسة الأبحاث، بيروت، ١٩٨١، ط٢، ص ٦٧.

٩- فخري صالح، الدفاع عن أدوارد سعيد، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ٢٠٠٠، ص، ١٠٩.

١٠- جورج قرم، شرق وغرب، الشرخ الأسطوري، ترجمة ماري طوق، دار الساقي، بيروت، ٢٠٠٣، ص٢٤.

١١- جان مارك بيوتي، فكر غرامشي السياسي، ترجمة جورج طرابيشي، دار الطليعة، بيروت، ١٩٧٥، ص١٣- ٣٦.

١٢- جورج قرم، شرق وغرب، مذكور، ص ٢٤.

١٣- Epistemology نظرية المعرفة من حيث صحتها وأساليبها ومداها، وهي العملية التي يدرك الفرد بمقتضاها ويفسر ما يحيط به. أنظر: أحمد خورشيد النورجي، مفاهيم في الفلسفة والاجتماع، دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد- ١٩٩٠، ص٢٢٩.

وأنظر: عبدالسلام بن عبدالعالي - وسالم يفوت، درس الأبيستيمولوجيا، دار الشؤون الثقافية العامة- بغداد-١٩٨٦، ط٢، ص٧ - ١١، فصل (١) من نظرية المعرفة الى الأبيستيمولوجيا، وناصيف خير بيك، من الأبيستيمولوجيا الى المجتمع، منشورات وزارة الثقافة السورية، دمشق: ٢٠٠٢، ويترجمها د. بسام الهاشم ب(العلومياتي)، أنظر: غاستون باشلار، العقلانية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت _ ١٩٨٤، ص١٩.

١٤- في حوار مع خالد محي الدين: الدين والمنهج العلمي في التفكير، مجلة الكاتب المصرية، العدد(١٤٤)، ص١٣.

١٥- عن المعتزلة أنظر: د. محمد عمارة، الخلافة ونشأة الأحزاب الاسلامية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بغداد، ط -٢/١٩٨٤، و د. محمد عمارة نفسه، المعتزلة ومشكلة الحرية الانسانية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط٢ _ بغداد. ١٩٨٤ وعن سيرة المأمون، أنظر: المسعودي، مروج الذهب ومعادن الجوهر، دار المعرفة _ بيروت _ ٢٠٠٥، ج٤، ص٦ _٤١.

١٦- محسن جاسم الموسوي، مقاله: مداخل المثقفين العرب للاستشراق (نقطة تحول)، دورية (الاستشراق) سلسلة كتب الثقافة المقارنة، بغداد، العدد(١) ١٩٨٧، ص٩.

١٧- المصدر نفسه.

# ڕۆهەڵات
# وەک پەناگە و ڕزگاربوون

بوو گوستاڤسۆن

دەکرێ بگوترێ دۆزینەوەی ڕۆهەڵات لە هۆشیاریی ئەوروپاییدا – یان بۆ ئەوەی دەستەواژەی ئێدوارد سەعید بەکار بهێنین، داهێنانی ڕۆهەڵات – چاکەی یەک تاکە پیاو بوو: یوهان وۆلفگانگ فۆن گوێتە (١٧٤٩ – ١٨٣٢). شارستانەتیی مەسیحی، هەر لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستەکانەوە، ئیسلامەکان، یان سەراسینەکانی [عەرەبەکانی]، وەک سیمبۆلی ئەنتی مەسیح بینیوە، کە بە هەر نرخێک بێت دەبوو دژی بوەستریتەوە. لە ئەوروپا، لە چاخەکانی ناوەڕاست و ڕێنیسانسدا، بە شەیتانیکردنی سەراسینەکان بەردەوام بوو و هاوکات لە سەدەی ١٧ و ١٨ تورکەکان لە ڕۆهەڵاتەوە لایەنی هەڕەشە بوون. پاشان بوو بە مەترسیی زەردەکان [مەبەست لە ئاسیاییەکانە/وەرگێڕ] و دوای شۆڕشی ڕووسییش، مەترسیی سوورەکان هەڕەشە بوو لە ڕۆهەڵاتەوە. وا پێ دەچێت ئەو کاتە لە ئەوروپا ترس لە بەربەرەکانێی ڕۆهەڵات دەستی پێ کردبێت، کە لە ناوەڕاستی سەدەی پێنجەم ڤەندالەکان ڕۆمایان وێران کرد. گوێتە بە بەرهەمە شیعرییەکەی "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی" کە ساڵی ١٨١٩ بڵاو کرایەوە، ڕۆهەڵات و فەرهەنگی فارسی–عەرەبی کرد بە نموونەیەک بۆ ڕۆئاوا، کە بەپێی ئەو لە دۆخێکی تەنگژە و هەڵوەشاندنەوەدا بوو. لە چاوی گوێتە وە ڕزگاربوون لە ڕۆهەڵاتەوە دەهات.

لە شیعری سەرەتای کتێبەکەدا، بە مەبەستی ڕزگارکردنی شارستانەتیی ڕۆئاوا لە لەناوچوون، باسی هیجرە، یان کۆچکردنێک بۆ ڕۆهەڵات دەکرێت. مەبەست لە هیجرە کۆچکردنی محەمەدە لە مەککەوە بۆ مەدینە، لە ئەیلوولی ٦٢٢، ئەو ڕووداوەی کە ساڵی ئیسلامی لێیەوە دەست پێ دەکات. بە هەمان شێوەیش گوێتە بە بەکارهێنانی ئەم دەستەواژە عەرەبییە، کە کۆچکردن بۆ ڕۆهەڵات و فەزای فەرهەنگیی ئیسلامی ئەوێ، دەکرێ ڕێنیسانسی ئەوروپا بگەیەنێت و چاخێکی نوێ دەست

..........

وەرگێڕانی لە سوێدییەوە: ڕزگار شێخانی

پێ بکات. دەکرێ بەیەکگەیشتنی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا سیستەمێکی نوێی جیهان دابهێنێت، تێیدا ئاشتی و بە یەکەوەژیان مسۆگەر بکرێت. بۆ گوێتە ڕووکردنە ڕۆهەڵات زێتر پڕۆژەیەکی تێکەڵکردنی فەرهەنگییە، لەوەی ئەو جۆرە کەڵک وەرگرتنە فەرهەنگییە بێت، کە ئیدوارد سەعید لە لێکۆڵینەوەکەیدا، ئۆریێنتالیزم ڕەخنەی لێ دەگرێت. ڕاستی ئەوەیە، کە گوێتە لە ''دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی''دا توانیویەتی وا بکات، کە ڕۆهەڵات بە دەنگی خۆی و پاشخانی فەرهەنگیی خۆیەوە قسە بکات.

١

''دیوانی ڕۆژئاوایی ڕژۆهەڵاتی'' لەبەر سێبەری ڕۆژگارێکی زۆر شەڕاوی و نائارامی مێژووی ئەورووپادا نووسرا: شەڕەکانی ناپلیۆن. گوێتە خۆی شاهێدی زەبروزەنگ و نەهامەتیی ئاسەواری شەڕ بوو، کاتێک سەرەتا سوپاکانی ناپلیۆن و پاشان هێزی هاوپەیمانان ڤایمەریان داگیر کرد. ئەم ئەزموونە لە چەند شیعرێکی دیوانەکەدا ئاوێنا بوونەتەوە. بۆ نووسینی ''دیوانی ڕۆئاوایی ڕۆهەڵاتی'' سروشی لە بەزەوقەوە خوێندنەوەی شاعیری فارسی سەدەی ١٤، حافزەوە وەرگرت، کە لە بەهاری ١٨١٤ دا داخوێندبوویەوە و ساڵی پێشتر ١٨١٢ – ١٣ لە دوو بەرگدا چاپ کرابوو و هەممەر پورگستاڵ تەرجەمەی کردبوو. کاریگەییەکی تری گرینگ، بینینی ماریان فۆن ڤیلماری ٤٠ ساڵ لە خۆی بچووکتر بوو، لە هاوینی ١٨١٤دا، کە لە ماوەی سەفەرێکدا لە ڕاینلاند بینی. ئەوسا گوێتە تەمەنی ٦٥ ساڵ بوو و بەجۆرێک خوێندنەوەی حافز و ئاشقبوونی لە ماریان فۆن ڤیلمار، بوو بە هیجرەی تایبەتی خۆی، کە هێزی داهێنان و ئارەزووی ژیانی پێ بەخشییەوە.

دۆخێکی دەروونیی وا لە ڕۆهەڵاتبینیی خۆیدا لە شیعرەکانی ''دیوانی ڕۆئاوایی ڕۆهەڵاتی''دا ئاوێنا دەکاتەوە، کە لەژێر ناونیشانەکەدا نووسراوە: دیوانی ڕۆهەڵاتیی نووسەرێکی ڕۆئاوایی''. واتە مەسەلە بەیەکگەیشتنی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوایە، هەم لە ئاستی کەسیی خۆی و هەم لە ئاستی مێژوویی و فەرهەنگیشدا. دیوان لە فەرهەنگی عەرەبیدا، ئەو ناوە باوەیە بۆ کۆمەڵە شیعرێک. لەبەرئەوەی گوێتە دەیزانی خوێنەرەکانی زانیارییان لەبارەی ڕۆهەڵاتەوە نییە، بۆیە بەشێکی زۆری بۆ پەراوێز و ڕوونکردنەوە لەبارەی مێژوو و فەرهەنگی ئیسلامییەوە تەرخان کردووە. حەزکردن لە ڕۆهەڵات هەر لە دەمی گەنجییەوە هەیبوو و لە ماوەی ژیانی درێژیشیدا، بەردەوام بوو کە لەبارەی ئەم بابەتەوە، ئەدەبیات کۆ بکاتەوە. زانیارییەکانی ئەو لەبارەی ئیسلام و فەرهەنگی فارسی – عەرەبییەوە زۆر فراوان بوو، کە لە ''دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی''یشدا دیارە.

ئەگەر ئاشقبوونی گوێتە بە ماریان فۆن ڤیلماری گەنج گرینگیی هەبێت لە ئەشقبینیی لە ''دیوانی ڕۆئاواییی ڕۆهەڵاتی''دا، ئەوا شیعرەکانی حافز تا ئاستێکی زۆر کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتن لە شیعرنووسیندا هەیە، کە دوو بابەتی سەرەکین لە کتێبەکەدا. پڕۆژەی دۆزینەوەی ڕۆهەڵات بۆ خۆی و بۆ سەردەمەکەی، گوێتە زێتر لە شیعری یەکەمدا ''هیجرە'' بە وردی باس

دەکات. من لەم گوتارەدا ئاماژە بە تەرجەمەکەی مارتین تێگێنس دەکەم، کە ساڵی ٢٠٠٤ چاپ کراوە و لە دوو کۆپلەی سەرەتا وا دەست پێ دەکات:

ڕۆژئاوا، باکور و باشوور دەڕووخێن
تەختی پاشایەتی دەهەژێن، وڵاتان تاڵان دەکرێن.
بۆ خاکی پاکی ڕۆژهەڵات سەرهەڵبگرە
بۆنی پاتریارکەکان هەڵبمژە!
لەوێ، ئاشق بە، بنۆشە و گۆرانی بڵێ:
کانیی خدر گەنجت دەکاتەوە.

دەمەوێ لەوێ
سەرلێشێواویی مرۆڤم بۆ ڕۆشن ببێ،
ڕۆبچمە کانگەی ڕەچەڵەک
ئەو دەمەی گوێمان لێ بوو خواوەند
لەناو دارستان بێ گرفت و بێ هەرا
بە زمانی مرۆڤ دوا.

ئاسەواری شەڕەکانی ناپلیۆن ئاژاوە و پشێوی لە هەموو ئەوروپا نایەوە. تاکە لا مژدەی باوەڕ بە ژیانی نوێی دەدا، ڕۆهەڵات بوو، لەوێ کانیی خدر هەبوو (دێری ٦). خدر ئەو پەیامبەرە ئەفسانەییەیە کە لە قورئان باسی کراوە و کە "کانیی ژین"ی دۆزیوەتەوە، کە ژیانی گەنجیی ئەبەدی دەداتە مرۆڤ. لە نوێ لەدایکبوونەوەیەکی وای شارستانیی ئەوروپایە، گوێتە بە کۆچکردن بۆ "خاکی پاکی ڕۆهەڵات" (دێری ٣) بۆی دەگەڕێ، بۆ ئەوەی سێ لایەنەکەی باوەڕی لە ژیان ڕازیبوون بە ئاکام بگەیەنێت: "لەوێ، ئاشق بە، بنۆشە و گۆرانی بڵێ" (دێری ٥) ئەشق، شەراب و خۆشیی ژیان و گۆرانی، واتە شیعری تەڕ و هونەر نهێنیی حیکمەتی ڕۆهەڵاتن، بەتایبەتیش هی شاعیرانی فارس و لە سەرووی هەمووشیانەوە حافز و ئەو شیعرانەی ئەو لەبارەیانەوە نووسیونی. بەڵام پێویستیی سەفەر بەرەو ڕۆهەڵات، ڕۆحی و میتافیزیکیشە، چونکە گەڕانەوەیەکە بۆ وڵاتەکانی ئینجیل و پاتریارکەکان، وەک کە گەڕانەوەیشە بۆ شوێنی بەهەشت " ئەو دەمەی گوێمان لێ بوو خواوەند/ لەناو دارستان بێ گرفت و بێ هەرا/ بە زمانی مرۆڤ دوا" (دێری ١٠-١٢). پرۆژەی دۆزینەوەی ڕۆهەڵات، هاوکات لە سێ لایەنەوە ڕوو دەدات: مەبەست ئەوەیە کە مرۆبینییەکی نوێ، تێگەیشتنێکی نوێ لە کۆمەڵگە و لە خواناسییەکی نوێ دابهێنرێت.

ئەم باوەڕە ئاینییەی کە لە شیعری یەکەمی "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی"دا دەتروسکێتەوە و هەموو بەرهەمەکەی نەخشاندووە، وەک نزیکیی ئادەم لە خوا لە بەهەشت، ئەو ڕاستەوخۆ

بەیەکگەیشتنە دوور لە دۆگم و فەرمانەیە لەگەڵ خوادا. ئەوەی ترسی لەسەرە، مانەوەی مرۆڤە، کاتێک ئەقڵیەتێکی حیکمەتیی ژیان و باوەڕ بە ژیان هەبوو، جێگەی ئەقڵیەتێکی ڕووخێنەر دەگرێتەوە. مەبەست لە دوازدە کتێبەکەی "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی" ئەوەیە، کە ڕۆحی ونبووی مرۆڤ بێتەوە بەردەست و ڕێپێشاندەریش، یان، "پیر" (دەستەواژەی فارسییە بۆ ڕێبەری ڕۆحی) حافزی شاعیر دەبێت، کە لە سەدەی ١٤ لە شیراز لە باشووری ئێران دەژیا. وێنەی سەرەکیی کتێبەکە لەگەڵ کاروان سەفەرکردنە بەناو بیاواندا بۆ چوونە ناو هۆشیاریی نوێ و هەستیارییەکی نوێ (هی ڕۆهەڵات) بۆ گۆرانییەکانی حافز، کە سەرقافڵەچییەکان، واتە شاعیر چڕیویانە.

گوێتە خۆی زۆر هەم لە هونەری شیعرنووسین و قەدەری ژیانی حافز دەدۆزییەوە. ئەویش وەک گوێتە خۆی لە سەردەمێکی ترسناکدا دەژیا، ئەوسا مەغۆلەکان بە سەرۆکایەتیی تەیمووری لەنگ ڕۆهەڵاتیان تێکدا و وێران کرد. بەشێک لە "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی" ڕێک ناوی "تیمورنامە"یە، لەوێ باسی شەڕی زستان دەکات کە هەوڵ درا چین داگیر بکرێت و هاوکات هاوتەریبی دەکات لەگەڵ شەڕی ناپۆلیۆن دژی ڕووسیا لە زستانی ١٨١٢ دا. هەردوو داگیرکردنەکە شکستی هێنا و لە بریدا بە کارەسات بۆ داگیرکەرەکان خۆیان کۆتاییان هات. وێرانکاریی مەغۆلەکان لە کۆتایی سەدەی ١٤، سەردەمێکی پڕ لە کوشتار و تیرۆر بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا، حافز توانی بە هونەرەکەی و باوەڕی عیرفانیی لە خواگەیشتن، باوەڕی بە مرۆڤ و ژیان بپارێزێت. هەروەها حافز لەقەبێکی ڕێزلێنانە، دەبەخشرایە ئەو کەسانەی قورئانیان لەبەر دەکرد و دەیانتوانی لە کاتی چارەنووسسازدا ئایەتی گونجاوی قورئان بهێننەوە. حافز لە شارەکەیدا وەک پیر بە کۆمەڵێک مورید بەدەورییەوە کاری دەکرد. لە چاوی گوێتەوە، ئەو شاعیری سەردەمی دژواری بوو، کە لە سەردەمێکی بەترسدا، بە هونەری فرەواتای شیعرەکانیەوە کۆمەکی مرۆڤی کرد بژیت و باوەڕی بە ژیان بۆ بهێنێتەوە. هەتا ئەمڕۆیش، حافز شاعیرێکی زۆر زیندووە لە ئێران، لەوێ بەرهەمەکانی لە تەنیشتی قورئان و مەسنەویی مەولانادا، لە زۆربەی ماڵ دەبینرێن.

ئەوەی گوێتە لای حافزی شاعیر پێی سەرسام بوو، کە لە ڕوونکردنەوەکانی "دیوانی ڕۆئاواییی ڕۆژهەڵاتی"یشدا جەختی لەسەر کراوەتەوە، توانای ئەوە بوو لە گێڕانەوەی زۆر فرە ڕەنگیی جیهان، بەڵام ڕەنگە بەر لە هەموو شتێک فرە لایەنی بێت لە هەست و خەیاڵیدا. گوێتە ئەو وەک ڕووناکبیرێکی سەربەخۆ و لەزەت لە ژیان وەرگر دەبینێت، کە ناهێڵێت نە زاناکان و نە مۆراڵیستەکان بێدەنگی بکەن. خوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو، وەک ئەوەیە بە هەموو هەستەکانتەوە لەناو حەشاماتی سەرشەقام و کاروانسەراکانی شیراز بێت. هەوڵێکی وایش، کە فرە ڕەنگیی ژیان ئاوێنا بکرێتەوە، لەو دوازدە کتێبەی "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی"دا ڕەنگی داوەتەوە. شیعری خۆشەویستی، شیعر لەبارەی سروشت و ژیان لە کاروانسەراکانی تێدایە، وەک کە شیعری لەبارەی ڕووداوی کۆمەڵایەتی و مێژووییشیەوە تێدایە. کتێبەکە لە شیعری لیریکیی کورت، بە

تێکهـەڵکێشـان لەگـەڵ شـیعری ڕازدەربڕ و گـوتـوبێژی دراماتیکیی بە فـەزای حـافـز، پێکهاتووە. تەنانەت ئاکاریش لە تێکستـەکاندا خـەسڵـەتی مـەزاجێکی کراوە و بزێوی هەیە، لە گەڕان بەدوای کانیی ژیندا، یان ئەو بەهایانەی ڕەنگە بتوانن ئەو ڕۆئاوایـەی، کە هـەڕەشـەی لەناوچـوونی لەسەرە، ڕزگار بکەن. هـەروەها شـیعرەکـان تژین لە ئاماژەکردن بە قـورئان و بەرهـەمی شـاعیرانی فـارس و عەرەب.

لە کتێبی یەکەمدا، "گۆرانیبێژنامـە" ئەکۆردی سـەرەکیی بۆ هـەمـوو دیوانەکە لێ دەدرێت: پەنا بە خوا، یان "تەوەکول"، ئەو تێگەیشتنەی، کە هـەموو شتێک لە دەست خوا، یان ئەڵڵاهـە. تەوەکول هـەم بە ڕازیبوون بە قەدەر و هـەم دڵنیاییش دەگرێتەوە، کە لە ژیاندا هێزێکی خێر هـەیە. گۆێتە بەم دێرە گرینگانە "ڕۆهـەڵات هی خوایە! / ڕۆئاوا هی خـوایە" تێگەیشـتنی خۆی دەردەبڕێت، کـە ئیسـلام و مەسیحی لەسـەر هـەمان بناغە دروست کراون. ئاینەکان دژی یەکتری نین، بگرە ڕاسـتتر یەکەیەکی تەواوکەر پێک دەهێنن. ئەمە تێگەیشتنێکە گرینگییەکی زۆری بۆ گۆێتە هـەم لە ڕوانینی لە تەوەکول و هـەم لە تێگەیشـتنی لە ڕۆهـەڵات دەبێت. وەکو تر شـیعرەکـانی "گۆرانیبێژنامـە" بە دووربینییەکی سەیر دەناسرێتەوە، کاتێک دەشـت و دەر لە ڕاینلاند دووچار بەرانبەر بە ژینگەی ڕۆهـەڵاتی، تیشک دەکەوێتە سـەری. ئێستا شـاعیر لە خـەونی، یان خەیاڵیدا گەیشتووەتە ڕۆهـەڵات، بەو مانایەی کە لەلایەکەوە ڕازییـە، کـە ئەگەرچی پیاوێکی پیریشـە، ئاشق بێت و لەلایەکی تریشـەوە شـیعر بڵێت، ئەگـەرچی وا پێ دەچێت گرمـوهـۆڕی شـەڕ دەنگی ئەو کپ بکـەن. گۆێتە قـەت بە جـەسـتە سـەردانی ڕۆهـەڵاتی نەکرد، بەڵام لەمێژ بوو بە هـۆی شـەیدابوونیـەوە بۆ فـەرهـەنگ و مێژووی ڕۆهـەڵات، لەوێ بوو.

٢

شاعیر لە "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهـەڵاتی"دا، لە خـەیاڵ و هـەستدا ڕێبوارێکە، کە کرۆکی حیکمەتی ژیـانی ڕۆهـەڵاتـی لە ئـەشق و شــەرابدا دەدۆزێتــەوە. بـۆیە دوو بـەشــە گــرینگـەکــەی دیوانـەکــە، "زولێخـانامـە" و "سـاقینامە" خـۆشـەویسـتی بۆ ماریان فـۆن ڤیلمـار دروست دەکەنەوە. بەڵام لێرە دەنگ و هـۆی تـریش دەردەخـرێت، هـەر لە سـتـایشکردنی ڕەفـتـاری جـوانـی ڕۆهـەڵاتیـیـەوە، وەک ڕێزگـرتنی مـیـوان و بەخـشندەیی، هـەتا ڕەخنـەگـرتن لە دۆخی سنووردارکـراوی فـەرهـەنگی لە ئەڵمـانیا، لە سـەردەمی گۆێتـەدا. لە کـتـێبـەکەدا ڕەخنە لە هاودەم توندە: مـرۆڤ لە ڕەفـتـاریاندا خـەریکی خـۆویسـتـەیی و بەرژەوەندیی خـۆیانن، کـە بووە هـۆی سـەرەکـیی شـەڕ و وێرانبـوون لە ئەورووپا.

لەبەر ئەمـە، گۆێتـە لـە "زولێخـانامـە"دا سـتـایشی خـۆشـەویسـتیی پاک و ئیرۆتیکی دەکات. ئەم بابەتە هـەر لـە بەشـی سێیـەمی "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهـەڵاتی"دا، لـە "ئەشـقنامـە"دا دەخرێتـە ڕوو، لەوێ گۆێتـە بە ئاشکرا لەبارەی ئەشقی خۆیەوە بۆ ماریان فۆن ڤیلمار دەنووسێت. سـەرەتا بەوەی

ناوی ئاشق و مەعشووقی ناوداری شیعری فارسی بژمێرێت، ئەوە بە بیر ئەو دەهێنێتەوە، کە زۆر شێوازی ئاشقبوون هەیە. بۆیە دەکرێت پیاوێکی پیر و کچێکی گەنج ئاشقی یەکتری بن، چونکە ئەشق پێڕەوی یاساکانی خۆی دەکات. گوێتە لەم شیعرانەدا لەو هەوەسە پڕ لە سۆزەی حافز نزیک دەبێتەوە، کاتێک بۆ نموونە دەنووسێت:

چاو، دەم، بەڵێ ئەوانە بوون
منیان بینی، تازە ماچیان کردم.
کەمەر باریک، جەستە خڕپن،
وەک لە هەوەسی بەهەشتیدا.
ئەو لەوێ بوو؟ ئێستا لە کوێیە؟
بەڵێ لەوێ بوو! ئەرێ، بەخشی
بەڵام لە کۆچدا بەخشی؛
منی کردووە بە کۆیلەی خۆی.

بەهەشت لەم کاتە کورتانەدا هەیە، کە تێیدا جووتبوون دەکرێت، کاتی کورت کە ئاشق هەموو کات تاسەی دەکات. لە بەشەکەدا، وێنەی شیعریی شیعرەکان، لە شیعری کلاسیکیی فارسیدا دەناسرێتەوە، بە ئاماژەکردن بە قژی مەحبووبە، یان بە هودهود، (پەپووسلێمانکە) کە وەک تەتەر لە نێوان سولەیمان و شاژنی سەبا ڕۆڵی هەبوو. بەڵام شاعیرە پیرەکە، هەست بە دوودڵی دەکات خۆی بداتە دەست هەستی قووڵی خۆیەوە، چونکە نایەوێ جارێکی تر بکەوێتە ناو دێوانەیی ئەشقەوە. نایەوێ ببێت بە کۆیلەی مەحبووبەکەی (دێری ٨). لەگەڵ ئەوەیشدا ڕەنگە قوربانیدانێکی وای خودی خۆ بەناوی ئەشقەوە، نوێنەرایەتیی پەیامی دروستی مرۆڤ بکات.

ئەگەر گوێتە لە ''ئەشقنامە''دا بەناوی خۆیەوە باسی ئەشقی خۆی بکات، ئەوا لە ''زولێخانامە''دا، پێوەندیی بە ماریان فۆن ڤیلمارەوە بە ڕۆهەڵاتی، یان بە ئەفسانە دەکات. ناوەکە ئاماژەیە بۆ زولێخای ژنی پوتیفاری سەرلەشکری میسر، کە ئاشقی یووسف بوو، بەڵام ناچار بوو ئەشقەکەی پاک بکاتەوە بۆ ئەشقی خوا. ئەو لە فەرهەنگی عەرەبی و فارسیدا، بوو بە سیمبۆلی ئەشقی ئیرۆتیکی کە دەگۆڕدرێ بۆ ئەشقی ڕۆحی. وەک لای حافز، ئەشقبینی لە ''زولێخانامە''دا خەسڵەتی تێکەڵکردنێکی ئیرۆتیک و عیرفان هەیە. بەشەکە لە زنجیرەیەک دیالۆگی لیریکی لە نێوان زولێخا و حەتەمی خۆشەویستی پێک هاتووە، کە نازناوێکی نەریتییانەیە لە شیعری خۆشەویستیی فارسیدا. بەم شێوەیە گوێتە دەتوانێت پلە جوداکان لە ئەشقی نێوان زولێخا و حەتەم، بکاتە دراما. ناوی حەتەم لە ناوی بازرگانێکی گەڕیدە و بەخشندەی عەرەبە، لە شیعری حافزەوە وەرگیراوە.

خۆشەویستی لە هەوەسی ئێستای ئەبەدیدا هەیە و "زولێخانەمە"یش بەوە دەست پێ دەکات، کە شاعیر داوا لە مەحبووبەکەی دەکات بێتە ناو ئەم ئێستایەوە، بە گوتەیەکی تر، لە باوەشی ئەو پشوو بدات، کە لەوێ نە جیهان و نە کاتیش بوونیان هەیە. دەکرێت بەشەکە بە زنجیرەیەک غەزەل بچووێنرێت، کە هەموو هەست و سۆزی ئاشقەکان نمایش دەکات. چەند شیعرێکیشی تێدایە، ماریان فۆن ڤیلمار نووسیونی، کە ئەمە لە دوای مردنی لە ساڵی ١٨٦٩ دا، زانرا. ئەو شیعرانەن کە لەگەڵ نامەدا بۆ گوێتە ناردبوونی و ئەویش لەناو "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی"ی دانان، کە ساڵی ١٨١٩ چاپ کرا.

حەتەم، ئەلتەر ئێگۆی (خودێکی تر) گوێتە لە "زولێخانامە"دا، سەرەتا گازاندە لەوە دەکات کە ئەم ئاشقبوونە بە جۆش و خرۆشە ئارامیی لێ بڕیوە و وای لێ کردووە، ژیانی "لە ناکاو درزی تێ بکەوێت". بەڵام زولێخا لە شیعرێکدا، کە ماریان فۆن ڤیلمار نووسیویەتی، وەڵام دەداتەوە، کە لە بریدا ئەشق بە بەخشینی ئاسوودەییەوە، چاکی دەکاتەوە. لە کۆپلەیەکی زۆر جواندا، گوێتە سیمبۆلێکی نەریتییانەی شیعری فارسی بەکار دەهێنێت: بولبول وەک سیمبۆلی ئەشق بۆ مەحبووبە، کە مەحبووبەیش، گوڵ سیمبۆلیەتی. ئەم زمانە سیمبۆلییە، هەم مانای هەوەسی سێکسی و هەم مانای ڕۆحی دەگەیەنێت.

دڵگیر، خۆ دەتوانم دەست بەسەرتا بهێنم و
گوێم لە ئاوازی دەنگی خوایی بێ؟
وا پێ دەچی گوڵ بۆ من مەحاڵ بێ
پەیامی بولبول لێی تێ ناگەیشترێ.

گوڵ "مەحاڵ"ـە و جریوەی بولبولیش "لێی ناگەیشترێ"، چونکە شاعیرە پیرەکە پێی وایە ئیتر توانای نەماوە ئاشق ببێت. وا پێ دەچێت دەنگەکە "خوایی" بێت، چونکە جووتدەنگی ئەشقی ڕۆحی و ئیرۆتیکییە. وەک لای حافز، لە شیعرە خۆشەویستییەکانی گوێتەیشدا، لە ئیرۆتیکەوە بۆ عیرفان دوور نییە. لێرە دیمەنی باخچە دەردەکەوێت و زۆریش ئاماژە بە دەم و نیگای مەحبووبە دەکرێ. لە شیعر لە دوای شیعردا، نیگا سەرنج ڕادەکێشێت، دەم ماچ دەکات، دەست بەسەردا دەهێنرێت، قژ دڵبەرە. دەکرێ لە ئەدەبی ڕۆئاوادا "زولێخانامە" وەک "غەزەلی غەزەلان"ی هەوەسی ئیرۆتیکی بخوێنرێتەوە. لە نیگاکانی زولێخادا سروشتی پارادۆکسی ئەشق ئاشکرا دەبێت، کاتێک دەگوترێت، کە "لەبەرئەوەی نەخۆش کەوتیت چاک بوویتەوە، لەبەرئەوەی چاک بوویتەوە نەخۆش کەوتیت". گوێتە بەم دوو دێرە، شیکردنەوەیەکی قووڵی سایکۆلۆجیای ئەشق دەکات، بەوەی وا هەست دەکرێت، ئەشق هەم ئازارە و هەم چێژە، هەم نەخۆش بوونە و هەم ساغییە. کە هێندە پڕ مانا ئاماژە بە سروشتی دووانەی ئەشق بکرێت، شتێکە، کە گوێتە هاوبەشە لەگەڵ شاعیرە فارسە گەورەکانی شیعری خۆشەویستی لە ئەدەبی ئەورووپاییشدا لەگەڵ فرانچیسکۆ پێترارک.

هەوارگەی کتێب

وەکو تر، "زولێخانامە" کاریگەریی فەرهەنگی فارسی بەسەردا زاڵە. حەتەم بە دەستەواژەی مەکرۆکۆسمیکی (گەردوونناسی) باسی خۆی وەک خۆر و مەحبووبەکەیشی وەک مانگ، "گەورەترین ژن و مێردی گەردوون" دەکات. هەروەها هەست دەکات لە یەک کاتدا مرۆڤێک و دوو مرۆڤیشە، هەروەک درەختی ژینکگۆ بیلوبا، کە "ڕۆژهەڵاتییە" و گەڵای شەقبووی هەیە، بۆیە وا پێ دەچێت، هەم یەک گەڵا و هەم دووی هەیە. ئەشق هێزێکی ئەفسوونییە، کە هەم ئاشقان لە یەکتری نزیک دەکاتەوە و هەم لە یەکتریان جودا دەکاتەوە. ئەو شیعرانەی حەتەم ئاراستەی زولێخای خۆیان دەکات، وەک مرواری وەسف دەکرێن، کە ئەو دەتوانێت بە ملی خۆیانەوەیان بکات و جوانیی ئەویش لە هەموو گەنجینەیەک بە بەهاترە، کە بە کاروان لە ڕۆژهەڵاتەوە هێنراون. حەتەم-گوێتە بە ئەشق هەست بە خۆشیی ژیان دەکات، هەردوو ڕووی لەم دێرە پەندییانەدا کۆ کراونەتەوە، کە "خۆشیی ژیان گەورەیە- خۆشی لە ژیاندا گەورەترە". لێرە هەردووکیان، خۆشیی کە هەبێت و خۆشییە گەورەکەی تریش کە ئەشق بدۆزیتەوە، پەسند دەکرێن. لەگەڵ ئەوەیشدا حەتەم ئەوە باش دەزانێت، کە ئەو وەک هەموو ئاشقێک، مەحبووبەکەی نموونەیی دەکات، کاتێک دەیکات بە حۆریەکی سەر زەوی، یەکێک لەو پاکیزانەی کە لە بەهەشت پێشوازی لە مردوو دەکات. زولێخا وەڵام دەداتەوە، کە ئەگەرچی دەبێ دوور لە یەکتریش بژین، بەڵام ئەشقی حەتەم، مانا دەبەخشێتە ژیانی ئەو. حەتەم کە لە کاروانسەرایەک دانیشتووە و شەراب دەخواتەوە، نامە بۆ مەحبووبەکەی دەنووسێت، دیمەنێک کە دەچێتە سەر کتێبی دواتر لە "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی"دا، "ساقینامە". بەڵام ئەگەر ئاشقەکان نەشتوانن یەکتری ببینن، ئەوا هەردەم هەر لای یەکترن، کە بەم دەربڕینە جوانە داڕێژراوە "لە زولێخاوە بۆ زولێخا- دەمرم و دەژێمەوە". بۆ حەتەم، ڕوو لە هەر لایەک بکات، مەحبووبە لایەتی، ڕەنگە ئاماژە بێت بۆ شوێنێکی قورئان، کە گوتراوە، مرۆڤ سەیری هەر شوێنێک بکات، ڕووبەڕوو لەگەڵ خوادا، کرۆکی ئەشقی کۆتایی وەستاوە.

لە کۆتاییی "زولێخانامە"دا، تۆنی دەنگ دەگۆڕدرێت بۆ خەم و تاسە، کاتێک خودی شیعر تێ دەگات کە خۆشەویستیی ئەو بۆ زولێخا خۆی ناگرێت، چونکە ئەو هی کەسێکی ترە. ماریان فۆن ڤیلمار هاوسەری هاوڕێی دێرینی گوێتە، یوهان یاکوب فۆن ڤیلمار بوو، کە بووە هۆی ئەوەی گوێتە ساڵی ١٨١٦ پێوەندیی لەگەڵ ماریان پچڕاند، بەڵام بەردەوام بوون لە نامەنووسین بۆ یەکتری. لە نامەگۆڕینەوەکانیاندا، بە هێنانەوەی شیعری حافز کۆدێکی نهێنییان داهێنا بۆ ئەوەی هەست و ڕازیان دەربڕن، ڕاستییەک کە لە شیعرێکی "زولێخانامە"دا دەربڕاوە. تێکستێکی تری بەشەکە، ماریان فۆن ڤیلمار نووسیویەتی، بە وێنەی "بای شەماڵ"، کە لە ڕۆژهەڵاتەوە دێت و کانگەیەکی باوە لە شیعری خۆشەویستیی فارسیدا، تاسە و غەریبیی زولێخا بۆ حەتەم دەردەبڕێت. دەردەکەوێت خۆشەویستیی نێوان حەتەم و زولێخا مەحاڵە و ئەوەی شاعیر ماویەتییەوە، شیعر و بیرەوەرییەکانیەتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا تێ گەیشتووە، کە ئەشق بنەچەی ژیانە و خوا، یان ئەڵڵاهـ لەناو خۆشەویستیدا جیهانی دروست کرد و ئەم بۆنەیەیش لە ئەشقی

هەولێر کتێب

نێوان مرۆڤ دێتە ئاکام. لە کۆتاییدا زۆلێخای خۆشەویست دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ "سەد ناوە پیرۆزەکەی خوا"، واتە شێوازێک بۆ ناسینی هەموو ژیان". بەو جۆرە خۆشەویستییە ئیرۆتیکییەکە بۆ خۆشەویستییەکی ڕۆحیی – وجوودی گۆڕا. – ستایشکردنێکی ژیان خۆی. هەم هی هەوەسی ئیرۆتیکی و هەم هی کاتی ئەشقی ڕۆحی، کە ئێستایە و لەو شیعرە جوانەدا، "زولێخا دەدوێت" دەردەبڕێت، کە کۆتا بە "تەفکیرنامە" دەهێنێت و لەوێ ئەو میتافۆرە سەرەکییەی ئاوێنەیش دەردەکەوێت.

ئاوێنەکەم دەڵێ: من جوانم!
ئێوە دەڵێن: ڕۆژگارێک پیر دەبیت!
لە خوادا ئەبەدییەت دەرکەوت!
وا ئێستا لە مندا ئەوتان خۆش دەوێ!

ئاشقبوون ئەوەیە لە ئێستای ئەبەدیدا بژیت، تێیدا بە ئەشقی مرۆڤانە، کە ئاوێنەبوونەوەی ئەشقی خواییە، بەسەر کات و مردندا سەردەکەوێت.

٣

لای شاعیرە کلاسیکەکانی فارس، کاروانسەرا شوێنێکی گرینگە، چونکە لەوێ شاعیر دادەنیشێت و بیر لە ئەشق و مەحبووبەکەی دەکاتەوە و هەر لەوێیش کانیی ژین – شەراب دەدۆزێتەوە. لە شیعری سەرەتای "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی"دا، گۆێتە باسی ئەوە دەکات، کە هیوادارە لە ڕۆژهەڵات "کانیی خدر" بدۆزێتەوە. ئەو کەسەی لەو ئاوە سیحرییە بخواتەوە، ڕۆح و جەستەی گەنج دەبێتەوە. سەرچاوەیەکیان ئەشق پێکی هێناوە، کە لە "زولێخانامە"دا جێگیر کراوە، بەڵام سەرچاوەی دووەم شەراب، یان مەستبوونە. لە ڕاستیدا ئەشق و مەستی، دوو ڕووی هەمان وەجدی عیرفانی پێک دەهێنن، تێیدا مەیخۆرەوە–ئاشق لە نهێنیی کرۆکی ژیان دەگات. حافز بە شێوازی خۆی سۆفی بوو و وا باویشە سۆفییەکان بەسەر "نامەست" و "مەست"دا دابەش دەکرێن. نامەستەکان بە ئەقڵ و هۆشیارییەوە بۆ عیرفان دەگەڕان، بەڵام مەستەکان متمانەیان بە هەست و بیرتیژی دەکرد. حافز لەوانەی دووەمیان بوو و گۆێتەیش لە "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی"دا، خۆی دەکات بە دەمڕاستی ژیانبینییەکی "مەستی"ی وا. ئەمەیش بەتایبەت لە بەشی "ساقینامە"دا ڕوو دەدات، کە لە دوای "زولێخانامە"وە دێت. ڕەنگە لە "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی"دا، "ساقینامە" زێتر لە هەموو بەشەکان، سروشی لە تەسەووفەوە وەرگرتبێت.

لە شیعری یەکەمدا، شاعیر بەتەنیا بەسەر جامی شەرابییەوە، قەڵەم و کاغەز لە بەردەم دانیشتووە. شەراب خواردنەوە و شیعرنووسین، مەستی و داهێنان، بەیەکەوە گونجانێک لە هەمان دیمەندا پێک دەهێنن: کە بگەیتە حیکمەتێکی بەرزتری ژیان. شاعیر کێشەی زانایان، کە ئاخۆ

هەواڵنامەی کتێب

قورئان ئاسمانییە، یان داهێنراوە، بەلاوە گرینگ نییە. ئەوەی ئەو دەیزانێت ئەوەیە کە "شەراب لە خواوەیە" و ئەو کەسەی بیخواتەوە "بە باوەڕێکی پتەوترەوە لە خوا دەڕوانێت". لێرە گوێتە ئەو وێنە نەریتییەی شەراب وەک وەجدی عیرفانی، یان بینینی عیرفانیی خوا، بەکار دەهێنێت. تەنانەت ئەوەیش دەگوترێت، کە سەراب "لە خواوەیە"، بە گوتەیەکی تر، کە مەستبوون کرۆکی خودا پێک دەهێنێت. ڕادەربڕینێکی بوێرانەی حەللاجی، یان ئەحمەد غەزالییانەیە! شاعیر بە چاوی گەشەوە مەبەستیەتی بڵێ، کە شەراب دەبێ خوایی بێت، چونکە هەموو خەم و نیگەرانییەک ڕادەماڵێت؛ خۆ لە بەهەشتیش خەم و نیگەرانی نین. بەڵام مرۆڤ دەبێت بە ماقووڵی بخواتەوە، وەک کە حافز و شاعیرانی تری فارس لە دیوانەکانیاندا، ڕێنوێنیی وا دەکەن.

هەروەک "زولێخانامە"، بەشی زۆری "ساقینامە"یش لە دیالۆگێک، لە نێوان شاعیر و مەیگێڕەکەیدا، یان "ساقی"ـەکەیدا کە ناوی کوڕی جوانی مەیگێڕە، پێکهاتووە. کە دەکرێ هەردووکیان وەک ئاوێنابوونێکی دوو کەسە قسەکەرەکە، حەتەم و زولێخا ببینرێن، بەوە جەختی لەسەر دەکرێ کە گوتوبێژەکەیان بە دیالۆگێکی کورت دەست پێ دەکات و تێیدا زولێخا دەپرسێ حەتەم بۆ هێندە گرژە. پاشان حەتەم وەڵام دەداتەوە:

تۆ دەزانی کە جەستە قەفەزێکە،
ڕۆح هەڵخەڵەتێنراوەتە ئەوێ،
بەڵام ڕۆح حەزێکی زۆری هەیە.
ئەو دەمەی دەخوازێ، لەناو زیندانی دەربچێ،
ئەوسا، تەلبەندی تری بۆ هەڵدەچنرێ.
ئەو دەم، دوو مەترسی هەڕەشەن لێی
بە گرژییەوەیش لەناو تەلبەندەکانیدا پەل دەهاوێ.

ئەگەر جەستە قەفەزێک بیت،
خۆ قەفەزەکە تێنووە؟
ڕۆح باری باشە لەوێ
دەیشتوانی هەر بەهۆش بێ لەوێ.
سەرەتا بوتڵە شەرابەکە دەیەوێ بچێتە ئەوێ
پاشان یەک لە دوای یەک.
لە ئاکامدا، ڕۆح لەگەڵ شووشەی شەرابان هەڵناکا
حەز دەکات هەموویان وردوخاش بکا.

لێرە گوێتە بە شێوەیەکی کۆمیدیایی کار لەسەر ئەو وێنە باوەی جەستە وەک زیندانێک بۆ ڕۆح

هەولێرنامەی کتێب

دەکات. کاتێک شووشەی شەراب، یەک لە دوای یەک دێنە ناو زیندانی ڕۆحەوە، دەبینێت دەرفەتی هەیە ڕابکات. لە شیعری فارسیدا، مەیگێڕ کوڕیژگەیەکی جوانە، کە نوێنەرایەتیی وێنەیەکی نموونەییی ئەڵڵاهـ دەکات. وەک لە شیعری خۆشەویستیدا، لە شیعری لەبارەی شەرابیشەوە ئاوێتەبوونێکی عیرفانی و ئیرۆتیکێکیی بۆنی هاوڕەگەزبازی لێ هاتوو، ڕوو دەدات. بۆ ''ئەحمەد غەزالی''ی سۆفی، هاودەمیکردن لەگەڵ کوڕیژگەی ''بێ ریش'' شێوازێک لە گەیشتن بە وەجدی عیرفانی دەگەیەنێت.

گوتوبێژی نێوان ساقی و شاعیر بەوە دەست پێ دەکات، کە کوڕە جوانەکە، بادام دەداتە شاعیر، بۆ ئەوەی ژانەسەری مەستییەکەی نەهێڵێت. پاشان داوا لە شاعیر دەکات بچێتە بەر هەوای پاکی باخچە بۆ ئەوەی گوێ لە بولبول بگرێت. بۆنەکانی باخچە لە شەودا و ئاوازی بولبول، دیمەنی نموونەییی شیعری عیرفانیی فارسی پێک دەهێنن. شاعیر بە دڵگرانی گازەندە لە جیهان (ئەم پیرەژنە ناشیرینە) دەکات، کە ئەم سێ چاکییە، باوەڕ، هیوا و خۆشەویستیی لێ سەندووە. ئەو بۆ ئەوەی ئەشق و شیعری خۆی ڕزگار بکات، لە ڕۆهەڵات پەنای بۆ جامی شەراب هێناوە. شاعیر و مەیگێڕ بەیەکەوە لە شەوی هاوین لەبن ئەستێران، بە حەپەساوی لە حزوور ''ڕێگەکانی گەردوون''دا دانیشتوون. ئەوەی کە لە دیالۆگی ''ساقینامە''دا دراماتیزە دەکات، ئەو سێ مەقامەی مەستیی سۆفیانەیە: کە لە خۆ فەرامۆشکردندا مەست ببیت؛ کە بەهاودەمی لەگەڵ وێنەی نموونەییی ''هاوڕێ''دا مەست ببیت و لە کۆتاییشدا، لە حزوور گەردوون، یان خولقێنراوی خوادا مەست ببیت. ئەم سێ پلەیە نوێنەرایەتیی چوون لە ''فەنا''وە بەرەو ''بەقا'' دەکەن لەناو گەردووندا. ئەوسا ساقی خەوی لێ دەکەوێت و شاعیریش بەم شەوە بەتەنیا شەرابەکەی دەخواتەوە، چونکە ''بەقا''، تەنیا لە تەنیاییی ڕەهادا دەکرێ پێی بگەیت.

بابەت لە ''ساقینامە''دا، بە وەجدی عیرفانیی مەستی ئازادکردنی ڕۆحە لەناو جەستە، یان لە مادەدا. ئەم بابەتە لە بەشی دواتر لە ''مەتەڵنامە''دا، دەگۆڕێت و لێرە سەرچاوەی سروش شاعیری فارس سەعدی و بەرهەمەکەی ''گوڵستان''ـە. گوێتە لە شیعرێکدا مەسەلەی ئەو دڵۆپە ئاوە بەکار دەهێنێت، کە خوا دەیخاتە ناو سەدەفێکی بن زەریا و لەوێ دەبێتە مروارییەک، کە پاشان لە ''تاجی قەیسەر'' دەدرێت. ئەمە لەیەکچوونێکی تێکەڵبوونی عیرفانییە لەگەڵ خوا، لە تەوحیددا. لە شیعرێکی تردا باسی پەڕی تاووس دەکات، کە وێنەی چاوی خوای لەسەرە، بە مەبەستی ئەوەی کە لای خوا، جوانیی سەر زەوی ئاوێنەبووێکی جوانیی خواییە. شیعرەکە بەم دێرانە کۆتاییی دێت ''بە گەنجینە ڕازی بە، فێر بە بژی/ ئەوسا شایستەی میحرابی''. دۆزینەوە و ڕێزگرتنی جوانیی خوایی، مانای ئاشکراکردنی ناوێکی پیرۆزی خوا دەگەیەنێت. لە ڕاستیدا شیعرەکانی ''مەتەڵنامە'' باسی تاسەی ڕۆح دەکەن، کە بگەڕێتەوە بۆ ڕەچەڵەکی خۆی لە خوادا. بۆیە گوێتە جارێکی تریش لەبارەی گۆرانیی جوانیی بولبولەوە دەنووسێت و لە دوا شیعریشدا باسی ئادەم و حەوا، یان ژن و پیاوەکە وەک ''دوو دلۆڤانترین خەیاڵی خوا'' دەکات. ئەم دوو خەیاڵە وێڵ و سەرگەردانن هەتا

نەگەڕاونەتەوە لای ئەڵڵاهـ، کە ئەمە، ڕێک لە دوا بەشی ''دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی''دا، لە ''بەهەشتنامە'' ڕوو دەدات.

گۆیتە وەک تێپەڕین بۆ ''بەهەشتنامە''، بەشێکی کورتی بە ناوی ''فارسنامە''ـەوە داناوە، کە لەبارەی شارستانیی فارسە کۆنەکانەوەیە. لە چاوی ئەوەوە، ئەم شارستانییە نوێنەرایەتیی نموونەیەکی فەرهەنگێکی بەرز دەکات، کە دەتوانرێ وەک بەهەشتێکی سەر زەوی وەسف بکرێت. ''ئاینی سروشت''ی ئەوان لەسەر خۆر و ئاگرپەرستی بنیات نرا و بە گوتەی گۆیتە خۆی، باوەڕی سەرەکیی ئەوە بوو، کە ''توخمی پاک''ی سروشت، وەک پیرۆز لێی دەڕوانرا. ئەم تێگەیشتنە ژینگەیە/میتافیزیکییە ئاسەواری تەنیا لەسەر کۆمەڵگە نەبوو، بگرە لەسەر ژیانی تاکەکەسیشدا هەیبوو. شارستانەتیی فارسەکان لە ئەنجامی داگیرکردن و پاشان دەرکرن و ڕاونانیان لە هەموو ڕۆهەڵات، لەناوچوو. بەپێی گۆیتە، ڕێزگرتن لە سروشت و ژیان خۆی، مەرجی کۆمەڵگەی خۆشگوزەران و ژیانی خۆش پێک دەهێنن. ئەو لە بیری ژینگەییی خۆیدا، زۆر لەپێش سەردەمەکەیەوە بوو و لە شارستانەتیی فارسەکانیشدا ئەنجامی پیادەکردنی جۆرێک لە سیاسەتی ژینگەیی، ''وەسیەتنامە''یەکی بۆ دوارۆژ، بینی.

٤

لە شیعری یەکەمی ''بەهەشتنامە''دا، شاعیر دەڵێ لە قورئان ئەوە دەگوترێ، کە موسڵمانی باوەڕدار دەچێتە بەهەشت. ئەو خۆی کاتێک ناو دەمی مەحبووبەکەی ماچ دەکات، هەست بە تامی بەهەشت دەکات، بۆیە باوەڕ بە بەهەشت دەکات. وەک ''زولێخانامە'' و ''ساقینامە''، بەشی زۆری ''بەهەشتنامە''یش لە دیالۆگێک پێک هاتووە، لێرە لە نێوان شاعیر و حۆرییە. لە قورئاندا باسی حۆری وەک پاکیزەی خۆشەویستی جوانی بەهەشت دەکرێ. دیالۆگی نێوان شاعیر و حۆری دەکرێ وەک جۆرێکی تری دیالۆگەکانی پێشتر، لە نێوان حەتەم و زولێخا و شاعیر و ساقی چاوی لێ بکرێت. ئەگەر لە ''زولێخانامە''دا مەبەست دەرخستنی سروشتی ئەشق بێت و لە ''ساقینامە''یشدا مەبەست دەرخستنی سروشتی مەستیی ژیان بێت، ئەوا مەبەست لە دیالۆگی ''بەهەشتنامە''دا ڕوونکردنەوەیە، بەهەشت چییە و کێ دەتوانێت بچێتە ناویەوە. بە گوتەیەکی تر، باسی ئەوە دەکات، لەم دیدەی حیکمەتی ژیانی ڕۆهەڵاتی تێ بگات، کە گۆیتە لە شیعری یەکەمی ''دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی''دا وەک بەشێکی سەرەکی لە بابەتییانەی کتێبەکەدا، ڕای دەگەیەنێت: بۆ ئاینی ڕاستی خوا بگەڕێیت. شیعری دووەم و سێیەمی ''بەهەشتنامە'' ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە چ کەسێک پێوەندیی ڕاستی لەگەڵ خوادا هەیە، بۆ ئەوەی بچێتە بەهەشت.

شیعری دووەم لە ڕووداوێکی مێژووییەوە وەرگیراوە، کە لە سووڕەتی ٣:١٢٣ یشدا هەیە: شەڕی بەدر لە ساڵی ٦٢٤ محەمەد بە هێزێکی باوەڕداری ٣١٩ کەسییەوە لە بەدر، بەسەر سوپایەکی نزیکەی هەزار کەسیدا سەرکەوت. ئەم ڕووداوە، ڕێگەی بڵاوبوونەوەی ئیسلامی لە

ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خۆش کرد و ئەمەیش لە فەزای فەرهەنگی ئیسلامیدا بە ئەندازەیەکی ئەفسانەیی گەورە کراوە. زۆر شیعر لەبارەی شەڕی بەدرەوە نووسراون. لە شیعری گوێتەدا، دیمەنەکە دوای شەڕەکەیە، ئەودەمەی محەمەد لەبن ئەستێراندا قسە بۆ پیاوەکانی دەکات. ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەوانەی لە پێناو باوەڕیاندا مردن، بە پێشاندانی برینەکانیانەوە دەچنە بەهەشت. تێگەیشتن لە شەڕی پیرۆز، یان "جیهاد"، سەرچاوەی لە چەند ئایەتێکی سوورەتی سێیەمی قورئاندا هەیە. شیعرەکەی گوێتە بەردەوام دەبێت و دەڵێ لە بەهەشت "درەختی حیکمەت" و درەختی ژیان دەڕوێن و حۆرییەکانیش لەوێ دەژین، کە برینی پاڵەوانە مردووەکان سارێژ دەکەن و "شەربەتی نایابی ترێی بەهەشت"یان دەدەنێ. شیعرەکە ئاماژەیە بۆ "میعراج"یش، سەفەری محەمەد بە ئەسپە باڵدارەکەیەوە، "بوراق"، کە بەڵگەی ئەوەیە باوەڕدارەکان دەچنە بەهەشت.

ئەگەر پیاوی نموونەیی ئەوە بێت، کە خەباتکردن و مردن لە پێناو باوەڕدا دەبێتە هۆی چوون بۆ بەهەشت، ئەوا چوار ژنی نموونەییش بۆ بەهەشت هەڵبژێردران، کە شیعری سێیەمی "بەهەشتنامە" لەمبارەیەوەیە. زولێخا بۆ بەهەشت هەڵبژێردرا، چونکە ئەو ئەشقی بۆ یووسف، گۆڕی بۆ ئەشقی خوا. مریەم هەڵبژێردرا، چونکە عیسای ڕزگارکەری هێنایە جیهانەوە. لێرە گوێتە لەم تێگەیشتنە نەریتییەی ئیسلام لە عیسا وەک پەیامبەر لادەدات و وەک کوڕی خوا باسی دەکات. سێیەم ژن کە پێشوەخت بڕیاری چوونە بەهەشتی درا، خەدیجەی ژنی یەکەمی محەمەد بوو، چونکە ئەو باوەڕی بە پەیامی پێغەمبەریی ئەو کرد. هەمان بڕیار کچە خۆشەویستەکەیشی، فاتیمەی گرتەوە. گوێتە بە ناوهێنانی ئەو چوار ژنە، کە بۆ بەهەشت هەڵبژێردران، ئاماژە بە نموونەییەکی ژیانی ژنانە دەکات، کە ڕەوشتی – هەستییە و پێچەوانەی نموونەیی پیاوانەیە، کە لەسەر بنەمای بوێریی جەستەیی دامەزراوە. ئەوەی کە هاوبەشە، بەشداریکردنێکی چالاکە لە خەباتی ژیاندا، لە نێوان خێر و شەڕ و ڕاست و ناڕاستدا.

دیالۆگی نێوان شاعیر و حۆری لە "بەهەشتنامە"دا، لەبەر"دەروازەی بەهەشت" دەست پێ دەکات، لەوێ حۆری داوا دەکات بەر لەوەی بیخاتە بەهەشتەوە، برینەکەی ببینێت. ئەوسا شاعیر دڵی و "برینی پایزی ئەشق (هی خۆی)" پێشان دەدات. ئەم دێرە ئاماژەیە بۆ ئاشقبوونی گوێتە بە پیری بە ماریان فۆن ڤیلماری ٤٠ ساڵ لە خۆی بچووکتر، ئەو ئەشقەی کە بە شێوازی جودا ئاسەواری لەسەر هەموو "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی" بە جێ هێشتووە. شاعیر ئازاری چێشتووە، چونکە باوەڕی وا بووە، کە ئەشقی نێوان مرۆڤ ئەبەدییە و خۆشەویستیی برایانەیش، دەتوانێت جیهان بگۆڕێت. لێرە، بە هێنانەدی برایەتی، یوتۆپیی سیاسەتی کۆمەڵایەتیی گوێتە، لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەرتر، دەتروسکێتەوە. لەبەرئەوەی، هەم مرۆڤ و هەم جیهانیش کامڵ نین، شاعیر دەبێتە نوێنەرێکی ئەو شەهیدانەی ئەشق، کە بەزۆری لە سۆفیزمدا باسیان دەکرێت. مرۆڤبوون ململانێیەک دەگەیەنێت، کە جۆرێک لە شەهیدبوونی ئێکسیستێنتیالییە، (وجوودییە).

شاعیر وا هەست دەکات، لە حۆریدا زولێخای مەحبووبی دەبینێتەوە. ئەوسا حۆرییەکە دەڵێ کە ڕەنگە ئەو لە زولێخا بچێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو کەسێکی ترە. ئەو نوێنەرایەتیی منی ڕۆحیی زولێخا دەکات و بۆیە ئایدیای ئەشق دەکات بە جەستە. لەبەرئەوەی لە ''بەهەشتنامە''دا شێوازی ئاخاوتن گوتوبێژێکی خۆشە، بۆیە گوێتە ڕێگە بە خۆی دەدات، کە بە سوعبەتەوە ئەوە ڕابگەیەنێت، کە حۆری لە پێناو ئەم شاعیرە ئەڵمانیاییەدا خۆی فێری ''بەندبێژی'' کردووە. شیعرێکی هەجوویش لەبارەی چوار ئاژەڵەوە، کە بۆ بەهەشت هەڵبژێردران دەخاتە ناویەوە. یەکەم ئاژەڵ ئەو کەرەیە، کە عیسا، پێیەوە هاتە ناو ئورشەلیم. بێجگە لەو گورگەیش، کە محەمەد خوتبەی بۆ دا، ئەو سەگەیش لە بەهەشتە، کە لە بەردەرکی ئەو ئەشکەوتەی ئەسحاب ئەلکەهف تێیدا نووستبوون، پاسەوانیی دەکرد و لە کۆتاییشدا پشیلەیەک، کە محەمەد دەستی بەسەریدا هێنابوو.

شاعیر لە بەهەشت ''ڕۆحێکی گەنج''ی دەدرێتێ، کە لە هیجرەکەیدا بەرەو ڕۆهەڵات بەئامانجی خۆی گەیشتووە: کە ئاو لە ''کانیی خدر'' بخواتەوە. ئەوانەی کە دێنە بەهەشت، جەستەی بەڕۆحکراو و هەستی ڕۆحییان هەیە و ئاخاوتنیشیان ''زمانی چاوە''. لەگەڵ ئەوەیشدا لە بەخواگەیشتندا مەقام هەن، تێیدا گەورەترین مەقام لەم تەواو خوابینییە پێک هاتووە، کە ''ڕۆح دەفڕێت و تەواو ون دەبێت''. ئەم دۆخە خەیاڵ بۆ خوابینینی دانتی دەبات، لە کۆتاییی ''کۆمیدیای یەزدانی''دا – فەرامۆشکردنێک و ونبوونێک لە بینینی کانیی ئەشقی ئەبەدیدا.

''دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی'' بە بەسەرهاتی ئەسحاب ئەلکەهف، ئەفسانەیەک کە هەم لە داوونەریتی ئیسلامی و هەم لە هیی مەسیحیدا هەیە، کۆتاییی دێت. لێرەیش بابەتی کۆچ، هیجرە دووبارە دەبێتەوە، کە وەک ستروکتوری سەرەکی بۆ شیعرەکانی کتێبەکە ئەرکی هەیە. شەش پیاوی گەنجی مەسیحی لەگەڵ شوانێک و سەگەکەیدا بۆ ئەوەی لە ستەمی زۆردار و زاڵمێک، ڕزگاریان ببێت، بەیەکەوە ڕادەکەنە ناو ئەشکەوتێک. بەڵام لە دوای ئەوەی کە ئاشکرا دەبن، دەرگەی ئەشکەوتەکە دادەخرێتەوە و حەوت کەسەکەیش دەکەونە ناو خەوێکی قووڵەوە، کە ٢٠٠ ساڵ دەخایەنێت. فریشتەیەک ئێشک لە حەوت پیاوە نووستووەکان و سەگەکە دەگرێت. کاتێک لە خەو هەڵدەستن، نەوەکانیان فەرمانڕەواییی شانشینەکە دەکەن و بۆ ئەوەی خۆیان بناسێنن، یەکێک لە حەوت نووستووەکان، نیشان دەدات، لە کوێ لە بن ئەو کۆشکەدا کە خۆی دروستی کردبوو، گەنجینەیەک شاردراوەتەوە. پاشان خوا حەوت نووستووەکە بۆ بەهەشت دەبات. ئەوەی ئەفسانەی ئەسحاب ئەلکەهف باسی دەکات، ئەوەیە، کە لە سەردەمی ناخۆشیدا، کۆچکردن لە خۆیدا ڕزگاربوونە، چونکە بەم شێوەیە، بەهای بنەڕەتی دەپارێزرێت، ئەگەرنا لەناو دەچوو. هیجرە، لە یەک کاتدا ستراتیجییەکی مانەوە و کردارێکی پاراستنی فەرهەنگە، کە دەتوانرێت بۆ ''دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی''ی گوێتەیش وا بگوترێت. بە نووسینی کتێبەکەی دەیویست بەسەر تەنگژەیەکی کەسی و مێژووییدا سەربکەوێت و لە شیعرەکانیشیدا، ڕۆهەڵات دەکات بە خاڵی ناوەند بۆ سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی فەرهەنگی. ژیانی خۆش و کۆمەڵگەی خۆشگوزەران لە

حیکمەتی ڕۆهەڵاتیدا هەیە بدۆزرێتەوە، کە لەسەر بیری تەوەکول، یان پشتبەستن بە خوا بنیات نراوە، کە جۆرێک هیوای ئۆنتۆلۆجی دەگەیەنێت. ڕەنگە ئەم مانا غەیبییەی ئەفسانەی ئەسحاب ئەلکەهف، کە هیوا ئۆنتولۆجییەکە دوو مانای لە کۆچەکەدا دەبێت: کۆچکردن لە دەست سەردەمێکی ناخۆش و کۆچکردن لە کاتی خۆیشیدا. ئەم دوو هیجرەیە لە یەک کاتدا ئێپستیمۆلۆجی و ئێستاتۆلۆجی (مەعریفەناسی و ئایندەناسی)، بەم شێوەیە ئەمە مانای شێوازێک دەگەیەنێت، کە بەهای بنەچەیی ڕزگار بکرێت، بەڵام هاوکاتیش هەڵسەنگاندنەوە و هەڵوەشاندنەوەی هەموو بەهاکانە لەو دەمەی کە کات کۆتاییی دێت.

لە کۆتاییی "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی"دا، گۆیتە هیواخوازە کە سەردەمەکەی پێشوازیی گەرم لە شیعرەکەی بکەن و دوای مردنیشی چێژ لە پیاسەکردن لە "خاکی بەهەشت" بە "باخچە" جوانەکانیەوە ببینێت. ئەم باخچانە، زۆر بەهەشتە تایبەتەکەی خۆی، ڤایمەری خۆشەویستی گۆیتە دێننەوە بیر. بەڵام پێشوازیکردن لە "دیوانی ڕۆژئاوایی ڕۆژهەڵاتی"، کە ساڵی ١٨١٩ چاپ کرا، بەو شێوەیە نەبوو، کە ئەو هیواخواز بوو. ئێستا، لە سەردەمی ئەمرۆماندا، دوای دەرکەوتنی توانای ئەم بەرهەمە، ڕێزی لێ دەنرێت. گۆیتە زۆر لەپێش سەردەمەکەیەوە بوو، نەک هەر تەنیا لە ڕێزگرتن لە فەرهەنگی ئیسلامی، بگرە لە باوەڕی تەواویشی کە بەیەکگەیشتنی ڕۆهەڵات و ڕۆئاوا دەتوانێ سەردەمێکی نوێ لە مێژووی جیهاندا دابهێنێت. وا پێ دەچێت ئەمرۆ ڕێک لەسەر دووڕێیەکی مێژوویی وا بین. تێرۆریزمی دەمارگیری و کێشە لەسەر بڵاوکردنەوەی کاریکاتێرەکانی محەمەد، ڕەنگە سوودی هەبێت و ببێتە هۆی خواستێک بۆ تێگەیشتن و دیالۆگ لە نێوان ڕۆهەڵات و ڕۆئاوادا. ڕەنگە دوارۆژ ببێت بە هیجرەیەکی دوور لە ململانێی شارستانەتی، کە هیوای بیرمەندە پۆست–ئیسلامییەکانیشە لە جیهانی ئیسلامیدا. ئەوان پێیان وایە، کە هیچ کێشەیەک لە نێوان نوێخوازی و ئەقڵیەتی ئیسلامیدا نییە، بگرە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی خۆشگوزەران، هێندەی ڕۆهەڵات پێویستی بە ڕۆئاوایە، ڕۆئاوایش پێویستی بە ڕۆهەڵاتە.

سەرچاوە:

Det stora okända
Symposion 2010 .Kulturkritiska essäer av Bo Gustavsson

# کوردناسی لە ڕووسیا

## هەڤپەیڤینێک لەگەڵ پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار

سازدانی: فەرهاد پیرباڵ

بابەتی کوردناسی Kurdologie لە پایەتەختی زۆربەی وڵاتە زلهێزەکان لە زانستگاکاندا دەخوێنرێ و لە ناوەندە ڕۆشنبیرییەکاندا بایەخێکی زۆری پێ دەدرێ، کوردناسی لە ڕووسیا: زۆر کەم لێکۆڵینەوەی بە زمانی کوردی لەسەر نووسراوە، پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار یەکێکە لەو پسپۆڕە دانسقانەی لە زۆر کۆنەوە بەناو ئەم بابەتەدا ڕۆچووە.

بۆ تیشک خستنە سەر ئەم بابەتە بە پێز و فراوانە "کوردناسی لە ڕووسیا" بیست و چوار پرسیارمان لە ڕۆژی ٣٠/ ١/ ١٩٩٦ ڕووبەڕووی ناوبراو کردەوە، کە لێرەدا لەگەڵ وەڵامەکان، دەخرێنە بەرچاوی خوێنەران.

پرسیاری یەکەم: سەرچاوەکانی کوردناسی لە یەکەتیی سۆڤیەت کامەن؟

وەڵام: ئەگەر ئەنجامی پریسترۆیکا یەکەتیی سۆڤیەتیشی نەڕووخاندایە، دەبوو بڵێین (کوردناسی لە ڕووسیا و یەکەتیی سۆڤیەت) لەبەرئەوەی پەیدابوونی کوردناسی گەلێ پێش ئەو ماوەیە بووە کە وڵاتەکە ناونراوە یەکەتیی سۆڤیەت ١٩١٧ –١٩٩١.

سەرچاوەکانی کوردناسی ئەو بەرهەمانە دەگرێتەوە ئەوانەی بەزمانی ڕووسی و زمانانی تر لە بارەی کوردەوە نووسراونەتەوە، لەو ڕۆژگارەوە کە دەوڵەتی ڕووس بایەخی بە کورد داوە بۆ بەرژەوەندیی خۆی تا سەردەمی ئێستامان.

بێگومان لە سەرچاوە کۆنەکانی ڕووس ناوی کورد وەک میللەت و هۆز و کۆمەڵە خەڵکێکی ئیتنی هاتووە. بەڵام بۆ یەکەمین جار لە کارێکی زانستیدا لە ساڵی ١٧٨٧ ناوی کورد کەوتە ناوەوە وەک نەتەوەیەکی خاوەن زمانێکی زیندوو. ئەوە بوو زانای ئەو سەردەمەی بەناوبانگی ڕووس پ. س.



هەواڵنامەی کتێب

پالاس لەسەر داوای کاترینی دووەمی قەیسەری ڕووسیا کتێبی (فەرهەنگی بەراوردی هەموو زمان و دیالێکتەکان)ی دانا. ئەو فەرهەنگە بریتییە لە وشەی زمانی میللەت و نەتەوەکانی ئەو سەردەمە، ژمارەی وشە کوردییەکان ٢٧٣ وشەیە، لە ستوونی ژمارە ٧٧دا تۆمار کراون.

ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە ئەوروپاییەکان لە هەموو کار و کردەوەیەکی زانستی و تەکنیکیدا بایەخی زۆریان بە بیبلیۆگرافیا داوە، لەبەرئەوەی کلیلی دەرگەی لێکۆڵینەوەیە لە هەموو بابەتێک، واتە مێژووی بابەتەکە، یا بەشێوەیەکی تر هەرچی لەبارەی بابەتەکەوە نووسراوە،

بەم جۆرە پێش هەموو شتێک پێویستە ئاگەداری هەموو ئەو بیبلیۆگرافیایانە بین کە لەبارەی کوردناسییەوە لە وڵاتی ڕووسیا کەوتووەتە ناوە:

١- یەکەمین لیستەی بیبلیۆگرافیای کوردناسی لە وڵاتی ڕووسیا پ. لێرخ لە ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەم ١٨٥٦ لە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی کوردی ئێران و باپیرانیان لە خالدیانی باکور) بڵاوی کردووەتەوە. لەم بیبلۆگرافیایەدا ناوی گەلێ لەو سەرچاوانە هاتووە ئەوانەی پێش ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەم بڵاو کراونەتەوە. ئەو لیستەیە زیاتر لە سەت سەرچاوەی گرتووەتە خۆ، زۆربەی کارەکان وتارن، لە کتێبیشدا پەنجەی بۆ ئەو لاپەڕانە درێژ کردووە کە باسی کوردیان تێدا کراوە. زۆربەی زانیارییەکان لەبارەی جوگرافیا و ئەتنۆگرافیای کوردەوەیە، لێرەشدا بایەخێکی تەواو بە ناو و سۆراغی هۆز و عەشیرەتەکانی کورد دراوە.

یەکەم کار لای لێرخ لە بیبلیۆگرافیاکەیدا ناوی کتێبی گەشتەکەی پزیشکی هۆڵەندی لیۆنهارت راوولفە ١٥٧٣ بۆ وڵاتی سووریا و یەهوودیە و عەرەبستان و میزۆپۆتامیا و وڵاتی بابل و وڵاتی ئاشوور و ئەرمەنستان. لەم سەرچاوە کۆنەدا زانیاری بە نرخ لەبارەی ناوچەکانی کوردستانی باشوور و باکورەوە بڵاو کراوەتەوە. ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێ ئەوەیە: بەشێکی ئەم کتێبە لەلایەن سەلیم تەها تکریتییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و بەناوی (رحلة المشرق)ەوە لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٨ بڵاو کراوەتەوە. ئەم چاپە عەرەبییە بە هیچ جۆرێ جێی متمانە نییە لە ڕووی زانستییەوە، لەبەرئەوەی وەرگێڕ بە ئارەزووی خۆی تێبینی داوە، دەسکاری وشە و زاراوە و رستەی کردووە، بە چاوێکی شۆڤێنیانەی سەردەم تەماشای کارێکی زانستی کردووە کە زیاتر لە چوارسەت ساڵ بەر لە ئێستا نووسراوەتەوە، تەنانەت ناوی کتێبەکەش لە دەسکاری رزگاری نەبووە.

دوا سەرچاوەی لیستەی بیبلیۆگرافیای لێرخ ئەو وتارەیە کە ک. میکشین بە ناوی (کورد لە پارێزگای سمۆلێنسگ) لە کۆواری (هەنگی باکور) لە ساڵی ١٨٥٥دا بڵاوی کردووەتەوە.

٢- بیبلۆگرافیای دووەمی کوردناسی لە ڕووسیا ف. رۆستۆپچین دایناوە، لەسەر داوای "کۆمەڵەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی مەسەلەکانی ناسیۆنالی و کۆلۆنیالییەوە". ئەم کارە لە کۆواری "ڕۆهەڵاتی شۆڕشگێڕ" لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٣٣بڵاو کراوەتەوە. لەم بیبلۆگرافیایەدا

کەرەستە و سەرچاوەی کوردناسی لە سەرەتاوە تا ١٩٣٣ بڵاو کراوەتەوە، ٧٣٢ سەرچاوەی تێدایە لە کتێب و نامیلکە و باس و وتار. لەناو ئەمانەدا ٢٧٠ بەزمانی ڕووسی نووسراون، ئەمە دوو لە سێی هەموو بیبلۆگرافیاکەی، ١٨٢ی بە زمانی ئینگلیزی، ١٣٨ی بە زمانی فرەنسی، ١٢٣ی بە زمانی ئەڵمانی، ١٤ بەزمانی ئیتاڵی، ٢٥ی بە عەرەبی و تورکی و فارسییە. بێگومان سەرچاوە بەم زمانانە یەکجار زۆرە، بەڵام دەست خاوەن بیبلۆگرافیاکە نەکەوتووە لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە بیبلۆگرافیاکە وەکو لای خوارەوەیە:

٥٢ لەبارەی مێژووەوە.

٣٩٧ لەبارەی جوگرافیا و ئەتنۆگرافیاوە.

٤٥ لەبارەی بابەتی کۆمەڵایەتی- ئابوورییەوە.

٧٤ کورد و ئیمپریالیزم.

٣٨ بزووتنەوەی رزگاریی کورد.

٣٨ زمانەوانی.

٨٨ ئاین.

لەناو ئەمانەدا ١١٢یان کتێب و نامیلکەن، ٣٢١ وتاری تایبەتی بە کورد، ٢٩٥ سەرچاوەش باسی کوردیان تێدا کراوە، لەگەڵ ٤ وتار لە ئەدەبی بەرز.

هەولێرەی کتێب

٣- بیبلۆگرافیای کوردناسی، ئەمەیان لە دانانی ژ. مۆسەیلیان کارگەریی زانستی بەشی کوردناسی ئەکادیمیای زانستییە لە سانت پیترسبۆرگ، کتێبەکە لە مۆسکۆ لە ساڵی ١٩٦٣ بڵاو کراوەتەوە. لەم بیبلیۆگرافیایەدا ٢٦٠٩ ناو هاتووە، لەگەڵ ٧٩ ناوی تر، ئەمانە ئەو کارانەن بە زمانی رووسی لە ساڵانی ١٩٦١ - ١٩٦٣ بڵاو کراونەتەوە.

٤- بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی سۆڤیەت ١٩٢١ - ١٩٦٠ ئەمە لەلایەن هـ. ئا. ئەلێکسانیانەوە لە ساڵی ١٩٦٢ لە یەریڤان بڵاو کراوەتەوە. ئەمە بیبلیۆگرافیای ناوی ئەو کتێبانەیە بەزمانی کوردی لەو ماوەیەدا بڵاو کراونەتەوە، ژمارەی ناوی کتێبەکان "٢٣٨"ە. یەکەم کتێب بەناوی "شەمس" بە زمانی کوردی و ئەلفوبێی ئەرمەنییە لە شاری ئێچمیادزین لە ساڵی ١٩٢١ بڵاو کراونەتەوە. دوا کتێب واتە «ژمارە ٢٣٨» «کتێبی خوێندنەوە» لەلایەن گ. گ پەهلەوییەوە دانراوە، بۆ فێرکردنی خوێندەواری بۆ گەوران، لە عەشقبادی پێتەختی تورکمانستان لە ساڵی ١٩٣٥ چاپ کراوە.

٥- "کتێبی کوردی لە ئەرمەنستان" ئەمە بیبلیۆگرافیای ئەو کتێبانەیە کە بە زمانانی کوردی ئەرمەنی و ڕووسی و ئازربێجانی لە ئەرمەنستان بڵاو کراونەتەوە. بە کۆششی جەلیلی جەلیل لە یەریڤان لە ساڵی ١٩٨١ چاپ کراوە. ماوەی دەرچوونی کتێبەکان نێوان ١٩٣٠ - ١٩٨٠یە.

ئەمە ئەو کتێبانەیە کە هی خوێندنی قوتابخانە نین، لە ئەدەبی داهێنراو و لێکۆڵینەوە لە ئەدەب و مێژوو و هەموو زانستییە کۆمەڵایەتییەکانی تر. بیبلیۆگرافیاکە ناوی ٣٠٠ کتێبی تۆمار کردووە.

پرسیاری دووەم: سەرەتای دامەزراندنی کوردناسی لە زانستگەکانی یەکەتیی سۆڤیەت دەگەڕێتەوە بۆ کەی؟ چۆن دامەزرا؟

وەڵام: مەسەلەی ڕۆژهەڵاتناسی وەکو زانستی یەک لە ڕووسیا پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە لەبارەی ئەوەوە ئەم زانستییە سەر بە چ دەزگایەکی زانستییە؟ لەو وڵاتەدا دوو دەزگا هەن بۆ پارێزگاری و پەرەسەندن و پێش خستنی هەموو زانستەکان، یەکەمیان (ئەکادیمە) و دووەمیان (زانستگا)یە. ئەکادیمیەی ئیمپراتۆری ڕووسی لە سەتەی هەژدەم لەگەڵ بناخەدانانی شاری سانت پترسبۆرگ دروست کرا بوو. ڕۆژهەڵاتناسی دەزگایەکی ئەکادیمیە بووە، لەناو ئەویشدا کوردناسی وەکو زانستێک سەری هەڵدا، لە پێشانا دەزگاکە ناوی (مۆزەخانەی ئاسیا) ١٨١٨ بوو، ئینجا بوو بە ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی ١٩٣٠ ئەم دەزگایە تا ئێستا بەردەوامە.

لە ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەمەوە لە ڕووسیا بایەخ بە کوردناسی دەدرا، بەتایبەتی لە سانت پترسبۆرگی پێتەخت و لە پاشانا مۆسکۆ. لە پاش چەسپاندنی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە قەفقاس مەڵبەندی کوردناسی لە ئەفغانستان و ئازربایجانیش هاتە کایەوە، بەرهەمی زانستی و ئەدەبیاتی ئەمانە بە زمانی ئەرمەنی و ئازربێجانی و ڕووسی بوون.

هەرچی زانستگەکانی ڕووسیای کۆن و سەردەمی سۆڤیەتیش بوون، بەدەگمەن بەشی کوردی تێیاندا دەبینرا، ئەویش نا وەک بەشێکی زانستی سەربەخۆ، بگرە وەک گرووپێک لەناو بەشی ئێرانیدا. بۆ بەڵگە لە دەورووبەری شەڕی دووەمی گێتی لە کۆلێجی ڕۆژهەڵاتی زانستگەی سانت پترسبۆرگ «لینینگرادی ئەوسا» لە بەشی ئیرانیدا وانەی زمانی کوردی دەوترایەوە، سیمیناری ئەدەب و مێژوو و ئەتنۆگرافیای کورد و کوردستان لە بەرنامەی خوێندنیان بوو. هەروەها لە پەنجاکانی ئەم سەتەیەدا لە بەشی ئێرانی کۆلێجی زمان لە زانستگەی شاری سەمەرقەندی ئۆزبەکستان زمان و ئەتنۆگرافیای کورد دەخوێندران. بوون و نەبوونی بەشی کوردی لە ڕووسیای کۆن و تازەدا پێوەندی بە کادیری زانستییەوە هەبوو. بەم جۆرە زانایەکی کوردناسی رووس ی. ی. ئاڤالیانی توانی سیمینارێک لە بەشی ئێرانی زانستگەی سەمەرقەند بکاتەوە، لەو بەشەدا تەنیا خۆی پسپۆڕی ئەم مەیدانە بوو، لەبەرئەوە وتنەوەی هەموو وانەکان کەوتبوونە سەر شانی خۆی.

لە ناوەڕاستی شەستەکانی ئەم سەتەیە ١٩٦٤ عەباس مەمەد نیزارۆڤی کوردی تورکمانستان لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی سانت پترسبۆرگ بەرگری لە نامەی دوکتۆرای خۆی کرد لە بابەت هەندێ لایەنی ئەتنۆگرافیای کوردی تورکمانستان، کە گەڕایەوە شاری عەشقاباد لە بەشی

ئێرانی کۆلێجی ڕۆژهەڵات سیمینارێکی کوردی کردەوە، خۆی وانەکانی پێشکێش دەکرد.

پرسیاری سێیەم: گرینگترین زانستگە و مەڵبەندی کوردناسی کە لێکۆڵینەوەی تێدا ئەنجام درابێ لە سەتەی هەژدەم و نۆزدەم بەم لاوە «قۆناخ بە قۆناخ» کامانەن؟ گرینگی و بایەخیان چیی بوو؟

وەڵام: گرینگترین و بەرزترین مەڵبەندی کوردناسی لە ڕووسیا لە ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەم ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی سەر بەئەکادیمیای سانت پترسبۆرگ بوو. لە ماوەیەدا ب. ئا. دۆرن دەورێکی باڵای هەبوو لە دانانی بەردی بناخەی کوردناسی لەو وڵاتەدا، بەوەی یارمەتییەکی زۆری دامەزرێنەری کوردناسی پ. ئی. لێرخیدا، بەتایبەتی بۆ چاپکردن، کارە زانستییە بە نرخەکانی لە مێژوو و ئەتنۆگرافیا و زمانەوانی کوردەوە.

گەورەترین کارێکی پیرۆزی ئەم دەزگایە گەیاندبێتە ئەنجام و شانازیی هەمیشەیی نەتەوەی کورد بێ، بڵاوکردنەوەی کتێبی «شەرەفنامە»ی مێژوونووسی یەکەمی کورد شەرەفخانی بدلیسی بوو. لە ساڵانی ١٨٦٠ – ١٨٦٢ ڤ. ڤ. ڤیلیامینۆڤ – زیرنۆڤ لە دوو بەرگدا تێکستی فارسی «شەرەفنامە»ی بڵاو کردەوە. لە پاشانا لە ساڵانی ١٨٦٨ – ١٨٧٥ تێکستی فرەنسی گۆڕینی ف. ب. شارموا لەگەڵ تێبینییەکی زۆری جوگرافی و مێژوویی و ئەتنۆگرافی لە دوو بەرگدا. بڵاو کرایەوە. ئەم کارە سەرەتاییەکی لەبار و پڕ مانا بوو، بەڵگەی ئەوە بوو کوردناسی لەم وڵاتەدا لەو ڕۆژانە و لە داوا ڕۆژیشدا جێگەی دیاری دەبێ لە هەموو ئەورووپا و ئەمەریکادا.

لەو ڕۆژگارەدا و لە ئەکادیمیەی سانت پترسبۆرگ دیارترین بەرهەمێکی کوردناسی دوو کارە گرینگەکەی قونسولی ڕووس بوو لە شاری ئەرزەڕۆمی عوسمانی ئەلێکساندەر ژابا، یەکەمیان ئەنتۆلۆجیا بەناوبانگەکەی بە زمانی کوردی و فرەنسی ١٨٦٠، دووەمیان فەرهەنگی کوردی فرەنسی ١٨٧٩.

دەوری زانای گەورە ک. گ. زالیمان لە گەشەپێدان و گۆڕینی کوردناسیدا دیار بوو، بەهۆی یارمەتیی ئەوەوە کۆمەڵێک کاری زانستی زانایانی بێگانە لە بابەت کوردەوە بڵاو کرایەوە. لەمانە کردەوەکانی ف. یووستی، ی پریم، ئا. سۆسینی لەبارەی زمان و ئەدەبی سەرزار «فۆلکلۆری» کوردەوە. هەرچەندە کوردناسی لە دوا ساڵانی سەتەی نۆزدەم و سەرەتای سەتەی بیستەم هەندێ سستی بەخۆیەوە دی، بەڵام لە پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی سۆڤیەت ئەم جارەیان بە گوڕتر سەری هەڵدایەوە. ڕێکوپێکیی کوردناسی لە ڕووسیا، لە سەرەتاوە دەتوانم بڵێم بە بێ پسانەوە تەنیا لە ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی سانت پترسبۆرگ بوو. ئەگەر ناوەندی تر پەیدا بووبن وەکو لە وەرامی پرسیارێکی تر ڕوونم کردووەتەوە، کاتێ بووە کوردناسی لە پاڵ ئێرانناسی کاری زانستیی هێناوەتە بەرهەم. لە دەسەڵاتی سۆڤیەتەکانیشەوە تا ڕووخانی ئەو ڕێژیمە ١٩٩١

له پرسیار و وەرامی تری ناو ئەم ریپۆرتاجە گەلێ زانیاری و بیرورا لەم لایەنەوە دەخرێتە ڕوو.

پرسیاری چوارەم: حەز دەکەین باسی دیدە سیاسی و پاڵپشتە سیاسییەکەی کوردناسی ڕووسیامان بۆ بکەی، لە کۆنەوە؟ ئاخۆ سیاسەتی ڕووسیا هیچ ئامانجێکی سیاسی یا ئاینی لەو بایەخدانە بە کوردناسی هەبووە؟

وەڵام: بێگومان ڕووسیا مەبەستێکی سیاسی و کەمی ئاینی بووە لە ڕۆژهەڵاتناسی کوردناسیدا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم لایەنە پێویستیمان بە پێشەکییەک هەیە. لە سەدەی هەژدەمدا ١٧٠٣ لەگەڵ بنیاتنانی پێتەختی ڕووسیای تازە سانت پترسبۆرگ لەلایەن «پیترس»ی گەورەوە قۆناخی دەسەڵاتی ڕووسیای تازە دەستی پێ کرد، ئەمە بووە هۆی ئەوەی بیری ئیمپریالیزمی کلاسیکی لە ڕووسیا بکەوێتە ڕوو. فراوانی خاکی ڕووسیا و هاوسێکانی لە هەموو لایەکەوە بووە هۆی ئەوەی لەسەر زەوی بخزێ وڵات و خاکی هاوسێیەکانی داگیر بکا و بیخاتە سەر خاکی ڕووسیا. بێ ئەوەی بێویستی بەوە هەبێ لە زەویی ئەودیو زەریاکان بگەرێ، وەکو ئیمپریالیستەکانی بەریتانیا و فرەنسا و ئیتاڵیا و هی تر. بەم جۆرە لە ڕۆئاوا گەیشتە کەنداوی فینلەندە و زەریای بەلتیک، لە باشووردا گەیشتە زەریای رەش و قەزوین و قەفقاسی داگیر کرد، لە ڕۆژهەڵاتدا گەیشتە ئۆقیانووسی باسفیک بەرامبەر بە یابان.

ئیمپراتۆریەتێکی تۆتالیتاری دروست بوو و لە پاشانا بوو بە یەکێک لە دەوڵەتە زلهێزەکانی گێتی.

بایەخدانی ڕووسیا بە ڕۆژهەڵاتناسی لەلایەک لاساییکردنەوەی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانی ئەورووپای ڕۆئاوا بوو، لەلایەکی ترەوە شارەزایی پەیداکردن لە میللەت و نەتەوە هاوسێییەکانی خۆی لە پێناوی بەرژەوەندیی دەوڵەت و ئاسایشی نەتەوایەتیی ئەو سەردەمە. نێزیکبوونەوەی ڕووسی لە کەنداوی «بەسرە، فرسی، عەرەبی، ئیسلامی» هیوا و ئامانجێکی دێرینی ڕووس بوو، ئەمەش بە «گەیشتن بە ئاوی گەرم» بە ئەنجام دەگەیشت. بۆ دەست خستنی ئەم ئامانجە دەبوو قەفقاس داگیر بکرێ. وڵاتی کوردەواریش پردێک بوو، بە بێ ئەو، ئامانجەکە نەدەهاتە دی. جگە لەوەی بەشێک لە دانیشتوانی ئیمپراتۆریەت لە ڕووسیای کۆن و سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان کورد بوون. خاکەکەیان ناوەندێکی ستراتیجی بوو بۆ پاراستنی سنووری خوارووی ڕووسیا. ئەم هەموو هۆیانە بوون بە بەڵگەی ئەوەی ڕووسەکان بایەخێکی تەواو به کورد بدەن، هەرچەندە مەبەستیان چاکەی خۆیان بووبێ، بەڵام بزووتنەوەی کوردناسی وەک کردەوەیەکی چاک بۆ کورد گەڕایەوە بەوەی لەلایەک هەندێ سامانی نەتەوایەتی پارێزرا، لەلایەکی ترەوە ساغکردنەوە و لێکۆڵینەوەی هەندێ لەو سامانە گەیاندرایە ئەنجام و سەرچاوەیەکی گرینگ کەوتە ناوەوە نەک تەنیا بۆ کوردناسی بگرە بۆ لێکۆڵینەوە لە سامانی نەتەوایەتیی کورد بە گشتی.

ئینجا ئەگەر ئاوڕێک لە کوردناسی لە سەردەمی سۆڤیەتەکان بدەینەوە ١٩١٧– ١٩٩١ بەرامبەر بە وێنەیەکی سەیر دەوەستین. لە سەردەمی لینین تا پلەییەک بە راستیان بوو کە مافی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییان دەدایە نەتەوە بچووکەکان. بەلای منەوە ئەگەر ئەو کوردە ژمارە کەمە لەو وڵاتەدا لە دەرەوەی ڕووسیا، لە تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا ژمارەیان بە ملیۆن نەبووایە نە دەبوونە خاوەنی ئەم مافە. هەرچۆنێ بێ داوودەزگای خوێندن و کتێب و ڕادیۆ و ڕۆژنامە و شتی تر لەناو کوردی ئەرمەنستان و ئازربێجان لە قەفقاس و تورکمانستان لە ئاسیای ناوەڕاست پەیدا بوو. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند سیاسەتی بەدفەری ستالینیزم لە پێش شەڕی دووەمی گێتی نەک بە تەنیا سڕییەوە. بگرە لە کوردی قەفقاسیش ئاوارە و دەربەدەر کرد لە پاش شەڕ ژیر و هۆشیارەکانی نێزیک ستالین مافی خوێندەوارییان گەڕاندەوە، ئەم جارەیان تەنیا بۆ کوردی ئەرمەنستان، وەک یەدەگێک لە پێناوی دەست تێوەردان لە کاروباری ئەو وڵاتانەی هاووڵاتیی کوردیان هەیە. ئەم ئامانجە سیاسییەی کە لە بەرژەوەندیی دەوڵەتی ڕووس بوو کارێکی گەورەی کردە سەر پەرەسەندن و پێشکەوتن و بەردەوام گۆڕانی کوردناسیی زانستی، لەو وڵاتەدا، ئەگەر بیروباوەڕی نالەبارمان هەبێت لە کوردناسیی رووسیا لە بابەت مێژووەوە، لەبەرئەوەی بەریاد بوو، بیرەوەری خۆش و پڕ لە سۆزمان هەیە لەبارەی بەرهەمی کوردناسییەوە ئەوەی لە گۆڕەپانی ئەدەب و زەمان و ئەتنۆگرافیاوە کەوتە ناو نامەخانەی نەتەوایەتیی کوردییەوە. بەم جۆرە کوردناسی لە ڕووسیای کۆن و ڕووسیای سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان سەرتۆپی ڕۆهەڵاتناسی ئەوروپا و ئەمەریکایە، لە ریزی پێشەوە دەوەستێ.

پرسیاری پێنجەم: بۆچی کوردناسی لە ئیرانناسی جودا نەدەکرایەوە و وەک بەشێکی سەربەخۆ نەدەخوێندرا؟ ئاخۆ هۆکارێکی سیاسی یا هی تر لەم مەسەلەیەدا دەور دەبینێ؟

وەڵام: پێش هەموو شتێک دەبێ ئەوە بزانین لە ڕۆهەڵاتناسی و کوردناسی، بەتایبەتی و زانستی ئەتنۆلۆجی و ئەنترۆپۆلۆجیدا زاراوەی «ئێران» هیچ مانایییەکی سیاسی و قەوارەی دەوڵەت ناگەیەنێ بەپێی جوگرافیا «ئێران» بەرزە خاکێکە چەند نەتەوە و میللەتێکی سەربەخۆی تێدا دەژی، بەشێک لەمانە بەپێی ژیانیان لەم هەرێمە جوگرافیایەدا دەژین لە ڕووی ئەتنۆلۆجی و زمانەوە «ئێرانی» یان پێ دەڵێن، لە زاراوەی ئێرانی زاراوەیەکی تریش دروست کرا بۆ ئەم مەبەستە «هیندۆ ئێرانی» واتە نەتەوە و میللەتەکانی کە لە ئێران و هیندستان دەژین. ئەمانە گرووپێکی گەورەن لە گرووپەکانی «هیندۆ ئەوروپای» کە لە پێشاندا بە «ئاری» ناویان دەبردن. ئەم زاراوانە لە ڕەگەزناسی «ئەتنۆلۆجی» و زمان بەکار دێن، گرووپی «ئێرانی» وەک گرووپی «سلاڤی» یا «لاتینی» یا «جەرمەنی» بەکار دەهێنرێ هیچ پێوەندییەکی بە سیاسەت و دەوڵەت و چارەنووسی نەتەوایەتییەوە نییە. کە دەڵێن گرووپی «ئێرانی» هیچ جیاوازییەک لە مافی میللەتانی ئەم گرووپە

نابینرێ، کورد بێ یا ئەفغانی، بلووج بێ یا گێلەکی، فارس بێ یا تاجێک. بەم جۆرە «ئێرانناسی» لە ڕۆژهەڵاتناسی ئەورووپادا زاراوەیەکی ڕاستە و دانانی بەشی ئیرانناسی کارێکی بەجێیە، لەبەرئەوەیە کوردناسی لە ئێرانناسی جیا نەکراوەتەوە، مەسەلەکە مەسەلەیەکی زانستییە و هیچ پێوەندی بە سیاسەتەوە نییە. ئەوەی پێویستە بوترێ ئەوەیە لەناو بەشی ئێرانناسی لە نەتەوە ئێرانییەکان گرووپ دروست دەبێ، وەکو گرووپی کوردی یا بلووجی یا تاجیکی، ئەمانە هەر لایەنە و پسپۆڕی تایبەتیی خۆی هەیە. هەر گرووپێکیش ئەگەر فراوان و گەورە بوو بۆی هەیە ببێ بە بەشێکی سەربەخۆ، وەکو ئەمە لە ساڵی ١٩٥٩ ڕووی دا. گرووپی کوردی لەناو بەشی ئیرانناسی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیەی زانستی سانت پترسبۆرگ لە بەشی ئێرانناسی جیا بووەوە و بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆژهەڵاتناسی ئەورووپادا بوو بە بەشێکی زانستی سەربەخۆ.

پرسیاری شەشەم: لەناو کوردناسە ڕووسەکانی سەتەی هەژدەم و نۆزدەم کامەیان لە هەموویان شارەزاتر و چالاکتر بوون؟ ئەو کوردناسانە بەڕاستی کوردییان زانیوە؟

وەڵام: کۆمەڵێک لە زانایانی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسیای کۆن کوردناسی ڕاستەوخۆ نەبوون، لەمەیدانی لێکۆڵینەوە لە هاوسێکانی کورد وەکو عەرەب و فارس و تورک کاریان دەکرد، بەڵام دەوری گرینگیان بووە لە پێشخستنی کوردناسی لە سەرەتای دروستبوونیەوە بە شێوەیەکی فەرمی لە ئەکادیمییەی سانت پیترسبۆرگ لە ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەمدا، لەمانە: ب. ئا. دۆن، خ. د. فرێن، ڤ.ڤ. ڤیلیامینۆڤ – زیرینۆڤ. ڤ. ب. شارمووا گ.ی. زالیمان، ن.ی. مار. و هی تر.

بەردی بناخەی کوردناسی لەو دەزگایەی لە ساڵی ١٨١٨ بەناوی «مۆزەخانەی ئاسیا» دامەزرا، لەلایەن ئەو کەسانەوە بوو کە ڕاستەوخۆ کوردناس نەبوون، بەڵام ئاگەداری ئەوە بوون کە نەتەوەی کورد جێگەیەکی تایبەتی هەیە لە ژیانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەروەها دەورێکی مێژوویی گرینگیان بووە لە ڕابردووی ئەم ناوچەیەدا. لە هەوڵ و کۆششی ئەمانە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی کوردناسیی زانستی لە ڕووسیا پەیدا بوون، چالاکترینیان ئەم زانایانە لەناو ئەم ناوانەدا دەبینرێن: پ. ئی. لیرخ، ئە.ژابا، ڤ. دیتیل، ئی. ن. بیریزین و هی تر.

لەبارەی کوردیزانینەوە ئەو ڕاستییە دەخەمە ڕوو، ڕۆژهەڵاتناسەکان لەگەڵ ئەوانیشدا کوردناسەکان، زمانی ئەو نەتەوانەی لێیان کۆڵیونەتەوە، بەو جۆرە نەیانزانیوە قسەی پێ بکەن، یا بیر و رای خۆیانی پێ بنووسنەوە بەڵام ئەوە هەیە بە هۆشیاری ئاگەداری ئەو نەتەوانە بوون کە لێیان کۆڵیونەتەوە. هەرچی لە بابەت کوردیشەوەیە بەتایبەتی لە وڵاتی ڕووسیای کۆن و دەسەڵاتی سۆڤیەتی. دواتر کوردناسەکان لە بەشی ئێرانناسی دەرچوون و لە فێربوون و لێکۆڵینەوەی زمانی فارسییەوە گۆڕەپانی کوردناسییان هەڵبژاردووە، بۆیە فارسییەکەیان لە کوردی باشتر بووە. کوردناسەکان لە هەموو کارێکی زانستی یان پابەندی تیۆرین زیاتر لە پراکتیک، زمانی فەرمیی

نووسینیان زمانی خۆیانە «ڕووسی»، هەموو لێکۆڵینەوە و وردبوونەوەیەکیان لە ڕێی تیۆرییەوە دەگاتە ئەنجام، لە زمانەکەشدا لە ڕووی زانسییەوە، نەک قسەکردن، ئەوەندەی لێ دەزانن کارەکانیان بەشێوەیەکی زانستی خۆیان بخەنە ڕوو، لەگەڵ ئەمەشدا لە کەموکووڕی بەدەر نین.

پرسیاری حەوتەم: لە سەردەمی خوێندنی ئێوارەدا بارودۆخی خوێندنی کوردناسی لە ڕووسیا چۆن بوو؟

وەڵام: هەشت ساڵ لە ژیانم لە وڵاتی ڕووس چووە سەر، لە بەهاری ساڵی ١٩٦٨. لە نیوەی ئەم ماوەیەدا قوتابیی خوێندنی بەرز بووم لە شارانی مۆسکۆ و سانت پیترسبۆرگ، لە نیوەکەی تری کارگەی زانستی بووم لە بەشی کوردناسی ئامۆژگاری ڕۆهەڵاتناسی ئەکادیمیای زانستی لە سانت پترسبۆرگ. دەبێ ئەوە بوترێ ئەم بەشە زانستییە کوردییە یەکەمین بەشی سەربەخۆ بوو نەک لەو وڵاتەدا بگرە لە دەزگا ڕۆهەڵاتناسییەکانی هەموو ئەوروپا و ئەمەریکاش.

بەشەکەی ئێمە ناوەندی ڕۆهەڵاتناسی ئەو وڵاتە بوو، وتار و باس و کتێب و نامەی خوێندنی بەرز هەموو کاروبارێکی کوردناسانی دەرەوەی سانت پترسبۆرگ لەبارەی هەموو بابەتەکانی کوردناسی «زمان، ئەدەب، مێژوو، ئەتنۆگرافیا... هتد» بۆ هەڵسەنگاندن دەنێراننە بەشەکەی ئێمە. ئەگەر کاری زانستی لەبارەی کوردناسییەوە بە قەوارە و ناوەڕۆک زۆر بووبێ و بەرهەمی هەموو دەزگا زانستییەکانی تری ڕووسیا هەمووی بەیەکەوە هێندەی لای ئێمە نەبووبێ، لەبەرئەوە بووە کارگێڕانی ئامۆژگاریی ڕۆهەڵاتناسی بەتایبەتی چاودێری بەشەکەیان دەکرد، بایەخیان پێ دەدا، زیاتریش لەبەرئەوە بوو جۆرە سۆزێکیان هەبوو بەرامبەر بە کورد. ئەو ماوەیەی من لەوێ بووم زانای بەرز و کوردناسی ناودار و دامەزرێنەری بەشی کوردناسی ی. ئە. ئۆربیلی بوو بەسەرۆکی ئامۆژگا، لە پاش ئەو پسپۆڕی تورکناسی و دۆستی کورد ئە. ن. کۆنۆنۆڤ، ئنجا پسپۆڕی تورکناسی ئەرمەنی. ئە. پترۆسیان ئەمانە پشتی بەشەکەیان دەگرت، لە هەموو کۆبوونەوەیەک ئەگەر من بەشداریم تێدا بکردایە ئەوەم دەخستە ڕوو، لەو ڕۆژگارە سەخت و پڕ مەینەتییەدا ١٩٦٣ – ١٩٦٧، لە هەموو پارچەکانی کوردستان تەنانەت لە کوردستانی عێراقیشدا ترووسکاییی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە لە پێناوی پارێزگاریی سامانی نەتەوایەتی بەدی نەدەکرا. بۆ ڕاستی دەربڕینیش دەموت: بەتایبەتی لە کوردستانی عێراق و شاری بەغدا لە سییەکانەوە تا ئەو سەردەمە بەدفەڕە، چاپەمەنی کوردی زۆر و کەم لە ناوەوە بووە. ئەم وتانەی من لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ڕۆهەڵاتناسی و کوردناسیدا لە وڵاتی پان و بەرینی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە دەوترا و پشتگیری لێ دەکرا.

جگە لەو هۆیانەی باسمان لێوە کردن، زۆربەی زانا و قوتابییانی خوێندنی بەرز لە هەموو بابەتەکانی کوردناسی «مێژوو نەبێ» خۆیان هۆکارێکی تری گەورە بوون لە پێناوی پێشکەوتنی

بەشەکە. کادیرانی بەشی کوردناسی برێتی بوون لەمانە: قەناتی کوردۆ، ئی. ی. توکیرمان، م. ب. ڕۆدینکۆ، ژ.س. موسەیلیان، ی. ئی. ڤاسیلیڤا، قوتابییانی خوێندنی بەرز: ئی. ئە. سمیرنۆڤا، ز. ع. یۆسۆفۆڤا «زاری یوسف»، ک. ر ئەیووبی «کەریمی ئەیووبییان»، ئۆردیخانی جەلیل، جەلیلی جەلیل، مەکسیمی خەمۆ، مەمەد نیزانۆڤ، شکۆی حەسەن، وەزیری ئەشۆ، کاووس قەفتان و من. زۆربەی قوتابییانی خوێندنی بەرز لە پاش بەرگریکردن لە نامەکانیان لە بەشەکەدا بەکارگەری زانستی دادەمەزران، لەناو ئەمانەدا منیش لە بەشەکەدا مامەوە وەک کارگەری زانستی تا بەهاری ساڵی ١٩٦٨.

نەبوونی پسپۆڕ بۆ بابەتی مێژوو و پێشکەوتنی زمانەوانی لە بەشەکەدا مایەی بەختیاری بوون، لەبەرئەوەی زمانەوانی تا پلەیەکیش ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ئەدەبی کۆنی کلاسیکی لە «ئیدیۆلۆجییەتی مارکسی و چینایەتی سەرمایەداری و دیکتاتۆریەتی پرۆلیستاریا» بەدوور بوو، لەبەرئەوەیە بەرهەمی زانستی لەم لایەنانەی کوردناسیدا وەکو خۆی ماوەتەوە و گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە و بووە بە سەرچاوە کەرەستەیەکی بە کەلک لە مێژووی ڕۆشنبیری و خوێندەواری نەتەوەی کورد. هەرچی «مێژوو»شە، نەتەوەی ئێمە لە وڵاتی ڕووسیا لە زۆر نەتەوەی تر زیاتر تاڵاوی پێشێلکردن و ئاوەژووکردنی چێشتووە. لە سەردەمی لووتکەی «پیریسترۆیکا» و «گلاسنۆست»ی گۆرباچۆڤ ١٩٩٠ کۆمەڵێک لە زانایانی مێژوو و مێژوونووسان داوای ئەوەیان کردبوو، بەرهەمی زانستی مێژووی سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەتەکان بە گشتی بەتاڵ بکرێ. من پێم وایە پێویستی نەدەکرد ئەم زانایانە دەمیان ماندوو بکەن و مشووری ئەم مەسەلەیە بخۆن، چونکە ئەم بەرهەمە مێژووییە خۆی خۆی خواردەوە و بەتاڵ بوو. لەسەر هەموو زانایەک پێویستە هۆشیارانە و زۆر بە وریایی کەرەستە و سەرچاوەکانی ئەو ڕۆژگارە لە نووسینیدا بەکار بهێنێ.

پرسیاری هەشتەم: ئێوە شەخسیی خۆتان زیاتر سوودتان لە کام لەو کوردناس و مامۆستا کوردناسانە وەرگرتووە «لەبێگانان»؟

وەڵام: ئەو شەش حەوت مانگەی کە لە مۆسکۆ بووم و خەریکی فێربوونی زمانی ڕووسی بووم، نەپەرژامە سەر ئەوەی ناسیاوی لەگەڵ ڕۆهەڵاتناسەکانی مۆسکۆ پەیدا بکەم، دیارە لەمانە ئەوەی پێوەندی بە کوردەوە بوو بێ کارگەرانی بەشی ئێرانناسی و تورکی و عەرەبی بوون. ئەمانە بایەخیان بە کوردناسی دەدا. لە پاش نیشتەجێبوونم لە سانت پێترسبۆرگ و هاتوچۆکردنم بۆ مۆسکۆ ناسیاویم لەگەڵ هەندێکیان پەیدا کرد. لەگەڵ چەند کەسێکیان بووین بە هاوڕێ و برادەری نێزیک. لەبەرئەوەی ئامۆژگای ڕۆهەڵاتناسی مۆسکۆ بایەخێکی تایبەتی بە مێژوو دەدا. سێ زانایان لە پاش شۆڕشە سوپاییەکەی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ی عێراق، بەپێی دەستنیشانکردنی دەسەڵاتی سۆڤیەت هاتنە مەیدانی کوردناسییەوە وەک پسپۆڕ و شارەزا لە مێژووی کورد «سەتەی

نۆزدەم و مێژووی تازە و سەردەم». بەم جۆرە دۆستایەتیم لەگەڵ ب. م. دانتیگ، ن. هـ. خالفین، م. س. لازارێف پەیدا کرد. یەکەمیان پسپۆڕی مێژووی میللەتانی عەرەب بوو، شارەزاییەکی تەواوی لە مێژووی کورد هەبوو. کتێبێکی بە نرخی ئەم زانایەم لە ڕووسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی «الرحالة الروس في الشرق الاوسط- گەڕۆکە ڕووسەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا» و لە ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا بڵاو کرایەوە.

دووەمیان خالفین هاوڕێیەکی نێزیکم بوو، کتێبی «خەبات لە پێناوی کوردستان»دای بڵاو کردەوە. ئەمە سەرئێشەیەکی بۆ پەیدا کرد، بەوەی کۆمەڵێک لە مێژوونووسە شۆڤێنییە ئەرمەنەکان بە ناوی «بیروباوەڕی مارکسیزم- لینینیزم» و «ئەنتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتار»ی هێرشێکی زۆریان بردە سەری، بە ناوی ئەوەی لە کتێبەکەی دا بۆ «چاکەی» کورد و «خراپە»ی ئەرمەن گراوە، بێگومان خراپییەکەش هەر ئەوە بووە ناوی «کوردستانی تورکیا»ی هێناوە. ئەرمەنە شۆڤێنەکان بەمە رازی نابن دەبێ ئەو هەرێمە جوگرافییایە پێی بوترێ «ئەرمەنستانی ڕۆژئاوا»، لەبەرئەوەی بەلای ئەوانەوە «ئەرمەنستانی سۆڤییەت» خۆیان «ئەرمەنستانی ڕۆژهەڵات»ە. بەنووسین و بە ترساندن هێرشێکی زۆریان بردە سەری. ناچاربوو واز لە مەیدانی کوردناسی بهێنێ و بگەڕێتەوە سەر پسپۆڕیەتی خۆی لەبارەی نەتەوە موسڵمانەکانی ئاسیای ناوەڕاست.

سێیەمیان لازارێف، زانایەکی هەڵکەوتووی لەبار، دۆستێکی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمان، خزمەتێکی گەورەی کوردناسی کردووە، ئەرمەن و ئازەرییە شۆڤێنییەکانیش وەنەبێ لەگەڵی بووین، بەڵام لازاریڤی بە توانا لە زانستی مێژوو و شارەزا لە هەڵسوکەوتی پۆلیتیک و دیبلۆماسییەت و گونجاندنیان لەگەڵ زانست، سەرەڕای ئەوەش ئازایی و چاونەترسی خۆی بووە هۆی ئەوەی تا ئێستا لە نەتەوەی کورد دوور نەکەوێتەوە. ئێستاش لە مۆسکۆ جگە لە بەرهەمی زانستی لە مێژووی کورد جموجۆڵی کۆمەڵایەتی و پۆلیتیکیشی هەیە لە سێنتەری کوردی لە مۆسکۆ.

ب. س. براگینسکی شارەزا لە تیۆرییەکانی ئەدەبی ڕۆژهەڵات، فارسی «تاجیکی» زاتێکی بێ وێنەیە. ماوەیەکی زۆر لە تاجیکستان ژیاوە. ئەوەندە دڵشاد و گوشاد بوو بەنامەی خوێندنی بەرزم «مێژووی ئەدەبی کوردی تازە» کە بۆ هەڵسەنگاندن بۆیان نارد بوو، وتی: دەبێ بە زووترین کات چاپ بکرێ. وا بوو پێش چاپکردنی لە یەکێ لە باس و لێکۆڵینەوەکانی یادی نامەکەی منی کردبووەوە.

لە کوردناسی ڕۆژهەڵاتناسی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی سانت پترسبۆرگ ئەوەی دەستی دەگرتم و سوودی پێ گەیاندم کۆمەڵێک زانای گەورە بوون هی وەکو: ی. ئە. ئۆربیلی، ئی. ی. توکیرمان، ئو. ل. ڤیلچیڤسکی، ی. م. بۆگولووبۆڤ، م. ی. یۆلدرێڤ، س. م. پیتروشێڤکی، ئی. ی. ستروڤێ، ئی کراچکۆڤسکایا «خێزانی زانای ناودار کراچکۆڤسکی» و هی تر.

ئەو زانایانەی ناویانم پێشکێشتان کرد، زۆر و کەم لە ڕووی زانستییەوە یارمەتییان داوم،

هەندێکیان هاوڕێی نێزیکیان بووم. جگە لەمانە بەپێ سڵەمینەوە دەتوانم ئەوە دەری بڕم لە ڕۆهەڵاتناسانی مەیدانی «کورد و عەرەب و تورک و فارس»ناسیدا لە سەرانسەری وڵاتی سۆڤیەتی ئەو سەردەمە لە شەستەکانی ئەم سەتەیەماندا کەمی وایان تێدایە نەیانناسم و ئاشتایەتیم لەگەڵیاندا پەیدا نەکردبێ.

پرسیاری نۆیەم: ڕۆڵی کوردەکان خۆیان و مامۆستا کوردەکان چی بوو لە پەرە پێ سەندن و خزمەتکردنی کوردناسی لە ڕووسیا؟

وەڵام: ئەوەی ڕاستی بێ بەشێک لە هاووڵاتیانی ڕووسیایی کۆن و سەردەمی دەسەڵاتی سۆڤیەت کوردن. ئەمانە وەکو کۆمەڵێکی گەورە و خاوەن ناوچە و هەرێمی جوگرافی لە ئەرمەنستان و ئازربێجان و شاری تفلسی پێتەختی گورجستان لە قەفقاس دەبینرێن. هەروەها کۆمەڵێکیش لە نێزیک عەشقابادی پێتەختی تورکمانستانی ئاسیاییی ناوەڕاست زیندەگانی دەکەن. جگە لەمە کورد لە هەموو پێتەختی کۆمارەکان و شارە گەورە پێشەسازییەکان و مەڵبەندی کارگە و فابریقە گەورەکان دەژین. زۆربەی ئەوانەی لە ژیانی بە کۆمەڵی کوردی دوور کەوتوونەتەوە بۆ ئامانجی نان و کار پەیداکردن بووە، یاخۆ ژنی بێگانەیان هێناوە و مەڵبەندی ژنەکانیان هەڵبژاردووە بۆ ژیان. هەندێ لەو کوردە خوێندەوارانە هەوڵیان داوە لە مەیدانی لێکۆڵینەوەی مێژووی ڕۆشنبیری و خوێندەواریی کورد کار بکەن. بە هۆی ئەوەی هەڵگری زمانەکەی خۆیانن بە ئاسانی توانیویانە لە ئەکادیمیە و زانستگەکان نێزیک ببنەوە. بۆ بەڵگە لە پاش چەسپاندنی دەسەڵاتی سۆڤیەت لە قەفقاس لە ڕێی هەوڵدانی عەرەبی شەمۆ کۆمەڵێک مێردمنداڵی کوردی ئەرمەنستانیان ناردە سانت پترسبۆرگ. لەو کاتەدا ی. ئە. ئۆربێلی مامۆستای زانستگە بوو. ئۆربیلی ئەم قوتابییانەی گرتە خۆ، تا خوێندنیان تەواو کرد و گەڕانەوە ئەرمەنستان.

قەناتی کوردۆ یەکیک بوو لەو قوتابییانە، لە پاش تەواوکردنی خوێندن نەگەڕایەوە ئەرمەنستان. ئەمە دەورێکی باڵای هەبوو لە دواییدا بۆ پێشکەوتنی کوردناسی لەناو ئێرانناسیدا، لە پاشانا دامەزراندنی بەشێکی سەربەخۆ بۆ کوردناسی هەندێ لە کوردی ئەو وڵاتە کە بۆ خوێندن دەهاتن بۆ سانت پترسبۆرگ لە پاش تەواوکردن لەوێ دەمانەوە، ئەمە دەبووە پاڵپشتێک بۆ بەهێزبوونی بەشەکە، لەوانە زاریێ یوسف لە تفلیسەوە، ئۆردیخانی جەلیل لە یەریڤانەوە، کەریم ئەیووبی «بە ڕەگەز کوردی ئێران و پەنابەری سیاسی بوو» لە باکۆوە ڕوویان کردبووە سانت پترسبۆرگ، ئەمانە لە پاش تەواوکردنی خوێندنی بەرز لەوێ مانەوە. هەروەها زانایەکی تری زمان چەرکەس بەکاییڤ «چەرکەسی بەکۆ» لە پاش تەواوکردنی خوێندنی لە مۆسکۆ مایەوە و کارگەری زانستی بوو لە ئامۆژگای زمانەوانی لە ئەکادیمیەی مۆسکۆ، خزمەتێکی گەورەی زمانی کوردی کردووە بەتایبەتی دانان و ڕێکخستنی دەستووری زمانی کوردی کوردەکانی ئەرمەنستان و ئازربێجان و تورکمانستان.

لە ئەكادیمیەی زانستی ئەرمەنستان و زانستگەی یەریڤان كوردی ئەوێ دەوری دیاریان هەیە لەگەڵ زانا ڕووس و ئەرمەنەكان لە پێشخستنی كوردناسی لەو وڵاتەدا. دیارترینی زانایانی كورد لە بواری كوردناسیدا دەتوانین پەنجە بۆ هی وەكو حاجی جندی و ئەمینی عەبدال و شەكرۆی خدۆ مەكسیمی خەمۆ و هی تر درێژ بكەین.

دەمێنێتەوە ئەوەی ئەوانەی بە نەتەوە كوردن و لە دەزگای ڕۆهەڵاتناسیدا كار دەكەن بە كوردناس حسێب دەكرێن؟ ڕەنگە ئەم پرسیارە بێ وەرام بمێنێتەوە. بە ڕێكەوت لە وڵاتێكی فراوانی وەكو ڕووسیا كە بە ئەوروپا دەژمێرێ، هاووڵاتیی كوردیان هەیە. بێگومان ئەم كوردانە مافیان لە هەموو كەسێكی تر زیاترە بۆ ئەوەی لە دەزگا ڕۆهەڵاتناسییەكاندا كار بكەن و خەریكی كوردناسی بن، ئەم دیاردەیە لە وڵاتەكانی تری ئەوروپا و ئەمەریكا نابینرێ. لەبەرئەوەیە كارە زانستییەكانیان لەبارەی كوردەوە دەچێتە ناو گێتی كوردناسییەوە، لەبەرئەوەی بە زمانی ڕووسی یا ئەرمەنی دەینووسن وەك كوردناسێك. كەچی ئەمانە ئەگەر كتێبێك بۆ قوتابخانە كوردییەكان دابنێن، یا مێژووی ئەدەبی كوردی بنووسنەوە، وەك زانا و ڕۆشنبیرێكی كورد دەكەونە بەرچاو. بۆ بەڵگە ئەو كتێب و نووسینانەی من كە لە ڕووسیا بە زمانی ڕووسی بڵاو كراونەتەوە دەچنە ناو بیبلۆگرافیای كوردناسی لە ڕووسیا.

پرسیاری دەیەم: بۆچی بیر لەوە نەدەكرایەوە كە مامۆستای كورد لەو زانستگایانەدا دابمەزرێن و دەرس بڵێنەوە؟ چ جۆرە گیروگرفتێك و ململانێیەك لەم بوارەدا هەبوو؟

وەڵام: وەك لە جێیەكی تری ئەم ڕیپۆرتاجەدا وتم: كوردناسی لە وڵاتی ڕووسیا ئەگەر هەبووبێ لە ئەكادیمیە بووە. ئەكادیمیەش دەزگای لێكۆڵینەوەی زانستی و خوێندنی بەرزە. لە سەرانسەری ڕووسیا زانستگەیەك نییە بەشی كوردی تێدا بێت و بەناوی خوێندنی كوردی دیبلۆم «بەكالۆریۆس = لیسانس» وەربگرێ، تەنیا بەشێكی كوردی لە زانستگەی یەریڤان هەبوو بۆ ئەو كوردانەی كە دەبوون بە مامۆستای زمانی كوردی لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەكانی ناوچەی ئەلەگەز كە بە كوردی دەخوێندرا، هەرچی زانستییەكانی تریش بوو دەرچوانی مێژوو، چوگرافیا، فیزیا، كیمیا... هتد. لە كوردەكان خۆیان دەبوون بە مامۆستای ئەو قوتابخانانە. من خۆم لە نێزیكەوە ئاگاداری ئەوەش بووم هەندێ ئەرمەنی ئەوانەی كوردییان دەزانی لەو قوتابخانانە بەپێی پسپۆڕییان مامۆستا بوون و وانەیان دوتەوە. ئەگەر لە زانستگەییەكی وەكو سانت پترسبۆرگ یا زانستگەی سەمەرقەند ساڵێك لە ساڵان بەهۆی بوونی كادیری زانستی لە كوردناسیدا سیمینارێكی كوردی كرابێتەوە، ئەمە تەنیا بۆ كورد نەبووە، قوتابی هەمەجۆری تێدا بووە، مێژووی كورد و ئەدەبی كوردی بە زمانی ڕووسی تێدا دەوترایەوە و فێری سەرەتاكانی زمانی كوردیشیان دەكردن.

پرسیاری یازدە: لە ناوەڕاستی بیستەکاندا وەرچەرخانێکی گەورە لە ژیانی کولتووری میللەتە بچووکەکان سۆڤیەتدا «لەوانە کورد»یش ڕووی دا. ئەم وەرچەخانە چ کارێکی کردە سەر پێشکەوتنی کوردناسی لە سۆڤیەت؟

وەڵام: لەبارەی کوردەوە ڕاستتر ئەوەیە بڵێین لە دوا ساڵانی بیستەکاندا وەرچەخانێکی گەورە لە ژیانی کولتووری ڕووی دا. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٢٩ مارگولۆڤ و عەرەبی شەمۆ ئەلفوبێی زمانی ستانداری کوردیان ریک خست لەسەر بنچینەی دیالێکتی کرمانجی ژووروو. لە ساڵی ١٩٣٠ دەست کرا بە کوردی خوێندن لە قوتابخانە کوردییەکانی کوردنشینی ئەرمەنستان و ئازربێجان و تورکمانستان. ئەم کارە بەشێک بوو لە مافی خوێندن بەزمانی نەتەوایەتی، جگە لەمە ڕادیۆ و ڕۆژنامەی هەفتەیی «ڕێیا تازە» و «خانەی پەروەردە بۆ مامۆستایانی کورد» و « تیپی مۆسیقا و گۆرانی و تەمسیلی کوردی» و دەیان قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی کردەوەیەکی دڵخۆشکەرەوە بوو، لەبەرئەوەی بەرهەمی چاپەمەنی ساڵانە لە هەموو پارچەکانی تری کوردستاندا نەدەگەیشتە بەرهەمی هەفتەیەکی ئەو وڵاتەی لەو سەردەمەدا بە ڕاستی بوو مافی خوێندەواری و ڕۆشنبیری دەدایە نەتەوە بچووکەکان.

لە ئەنجامی ئەم فراوانی و گەشبینییەدا کادیری باشی کوردناسی لەناو کوردەکانی ئەوێ پەیدا بوو، هەر ئەمەش بووە هۆی بەهێزبوونی کوردناسی لەو کاتەی هەندێ لەو کوردانە ڕوویان کردە دەزگاکانی ڕۆهەڵاتناسی لە ئەکادیمییە. بەڵام داخی گرانم هەوری ڕەشی چەپەڵ بەری ڕۆژە ڕووناک و پاکی گرت، لە ئەنجامی پراکتیککردنی تیۆرییە فاشستییەکانی تیرۆرستێکی وەکو ستالین بەرامبەر بە میللەت و نەتەوە بچووکەکان وابوو لە ساڵی ١٩٣٨ تەنیا یەک کتێبی کوردی لەو وڵاتە گەورەیەدا چاپ کرا، ئەویش لە باکۆی پێتەختی ئازربێجان بەناوی «بەرنامەی زمانی کوردی بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکان». لە پاش ئەمە ناوی کورد لەو وڵاتەدا سڕایەوە، خەڵکی کورد لە قەفقاسەوە ئاوارەی ئاسیای ناوەڕاست کران. کارەساتێکی گەورە بوو لە «وڵاتی سۆسیالیزم» «کورد بوون» تاوانێکی گەورە بێ! لە دواییدا بۆ مەبەستی ڕاستی شاردنەوە هەندێ لە کۆمۆنیستە کوردەکانی لای خۆمان دەیانوت «لەبەر شەڕی دووەم بوو» دیارە ئەمە درۆیەکە هەڵبەستراوە، ئەگینا کەس هەیە نەزانێ شەڕی دووەم لە ساڵی ١٩٣٩ دەستی پێ کرد لەو کاتەدا کورد ئاوارە و قەلاچۆ دەکرا، کۆمۆنیستەکانی ئەوی دەستیان لەناو دەستی فاشستەکانی ئەڵمانیا بوو، شەڕ لە ساڵی ١٩٤١ گەیشتە ڕووسیا.

لە ساڵی ١٩٤٦ لە پێناو ئەوەی مەسەلەی کورد جۆکەرێک بێ لە گەمە «قوماری» ناو دەوڵەتان و کۆمۆنیستەکانی ڕووسیا لە کاتی پێویست بەکاری بهێنن دووبارە مافی ڕۆشنبیری و خوێندەوارییان دایەوە کورد، ئەم جارەیان تەنیا لە ئەرمەنستان بە مەبەستی ئەوەی کوردی هەرێمەکانی تر بتوێنەوە. تا پلەیەک توانەوە لە ئازربێجان سەری گرت بە هۆی ئەوەی ئازەری و

کورد هەردوو لایان موسڵمانی شیعە بوون، بەڵام لە تورکمانستان سەری نەگرت، لەبەرئەوەی کورد لەوێ شیعە و تورکمانەکان سوننەن.

پرسیاری دوازدەم: لە کۆنەوە و لە سەردەمی ئێوەشدا و لە دوای ئێوەش سروشتی وەرگێڕان لەو زانستگایانە و سروشتی بە زەمالە خوێندن لەو ئەکادیمیانەدا چۆن بوو؟ مەجەکانی وەرگێڕان و زەمالە وەرگرتن چی بوون؟

وەڵام: لەبەرئەوەی هەموو کاروبارێک بە دەست دەوڵەتی تاکە پارتیەوە بوو، خوێندن لە زانستگا بەهەموو قۆناخەکانییەوە بەدەست وەزارەتی خوێندنی بەرزبوو، ئەم زەمالەی دەدایە دەوڵەت و پارتییە کۆمۆنیستەکانی دەرەوە و پارتییە دۆستەکانی خۆیان و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی و هەموو لایەنێکی دۆستی سۆسیالیزم بوون. ڕەنگە تاقیکردنەوەی خۆم لەم گۆڕەپانەدا هەندێ لایەن ڕوون بکاتەوە و ببێ بە وەرامی پرسیارەکە.

کە من بۆ خوێندنی بەرز چوومە ئەو وڵاتە، مەرجی سەرەکی ئەوە بوو باوەڕنامەی یەکەمی زانستگەم هەبێ، واتە بەکالۆریۆس یا لیسانس، ئەوان دیبلۆمی پێ دەڵێن، لە سەرەتای بەهارەوە تا سەرەتای زستان لە مۆسکۆ کۆرسی زمانی ڕووسیم خوێند، بەبێ ئەوەی تاقیکردنەوە بدەم ڕاپۆرتێکی کورتیان لەسەرم نووسی و ڕووم کردە شاری سانت پترسبۆرگ، لەوێ لە بەشی کوردناسی ئامۆژگای ڕۆهەڵاتناسی ئەکادیمیە بووم بە قوتابیی خوێندنی بەرز، مامۆستایەکیشیان بۆ دەستنیسشان کردم بۆ بەردەوامبوون لەسەر زمانی ڕووسی. لە پاش ماوەیەکی کەم لەلایەن لیژنەیەکی تایبەتییەوە دوو جار کۆبوونەوەم لەگەڵدا کرا، تەواوی فایلەکەم لە بەردەمیان بوو، لە ئەنجامی کۆبوونەوەکان ئەوەیان تێ گەیاندم، کۆمەڵێک بابەت هەیە من نەمخوێندوون، پێویستە کۆرسێک یا دووانیان لێ وەربگرم، لەمانە: ئەدەبی گریکی و لاتینی، کتێبی پیرۆز «بەتایبەتی تەورات» وەک یادگارێکی ئەدەبی، ئەدەبی بەراوردکاری بەپێی تیۆرییەکانی ڕۆئاوا، ئەدەبی ئەتنیک «ئەدەبی هەرە کۆن، واتە ئەدەبی میزۆپۆتامیا و میسری کۆنی پێش ئەدەبی گریک و ڕۆمان». لە پاشانا پێنج بابەتی تریشیان بۆ دەستنیشان کردم دەبوو تاقیکردنەوەیان تێدا بدەم. بەدەم نووسینەوەی نامەی دوکتۆرا، کۆرسەکانم وەرگرت و تاقیکردنەوەکانمدا. بەشێکی کۆرسەکان لە زانستگەی سانت پیترسبۆرگ بوو، بەشێکی تری لای مامۆستاکانی ئامۆژگای دیاکۆنۆڤ «خاوەنی کتێبی میدیا». لە هەموو ئەم بابەتانەدا بەسەرکەوتووی تاقیکردنەوەمدا.

هەر لەو ماوەیەدا بوو دوا تاقیکردنەوەشم لە زمانی ڕووسی پێشکێش کرد و ئەم قەرزەشم لەسەر لاچوو، بەڵام لەسەر دوای خۆم لە خوێندنی زمانەکە بەشێوەیەکی فەرمی بەردەوام. لە پاشاندا بەتەواوی هەموو کاتم تەنیا بۆ نووسینەوەی نامەکە بوو. هەڵوێستیان بەرامبەر من وا بوو، بەڵام لە دواییدا مەرجەکانیان قورستر بوو لەگەڵ ئەوانەی لە عێراقەوە دەچوون و باوەڕنامەی

بەکالۆریۆسیان لە دوای ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ وەرگرت بوو، چونکە بیستبوویان شیرازەی خوێندن لە زانستگەکانی عێراق لە ڕووی زانستییەوە تێک چووە و وەکو جاران نەماوە.

پرسیاری سێزدەم: سیستەمی خوێندنی بەکالۆریۆس و خوێندنی بەرز لە ڕووسیا لە سەردەمی ئێوەدا چۆن بوو؟ جیاوازییان لەگەڵ عێراق چی بوو؟

وەڵام: سیستەمی خوێندنی بەکالۆریۆس، ئەوان دیبلۆمی پێ دەڵێن، وەکو وڵاتانی تری ئەورووپا بوو، جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ عێراقدا نەبوو، هەروەها لە خوێندنی بەرزیش، بۆ بەڵگە بەگشتی خوێندنی یەکەمی زانستگە چوار ساڵە لە هەموو کۆلێج و ئامۆژگاکاندا، تەنیا پزیشکی نەبێ شەش ساڵ و بیناسازی و سەیدەلە پێنج ساڵ وەکو لای خۆمان. قوتابی عێراقی لە هەموو قۆناخەکانی خوێندنی ئەو وڵاتە هەبوون، مەرجی سەرەکی فێربوونی زمانی ڕووسی بوو، لەبەرئەوە ساڵێکیان بۆ زمان دادەنا لە پاش ئەوە لە کۆلێجەکە وەردەگیرا، بەڵام ئەوەندە هەبوو کاربەدەستانی ئەو وڵاتە چەند لەگەڵ قوتابییانی خۆیان بە زەبروزەنگ بوون لە ڕووی خوێندنەوە، لەگەڵ بێگانە ئەوەندە خاو و خلیسک بوون، بەتایبەتی لەگەڵ «گێتی سێیەمی» دواکەوتووی ئەو سەردەمە، عێراقیش یەکێک بوو لەوان، وایان دەزانی پزیشکی لە وڵاتێکی وەکو عێراق ئەوەندە دواکەوتووە، ئەگەر لای ئەوان نەزانێ دەرزییەک لە نەخۆشێ بدا، لە وڵاتی خۆی دەبێ بە حەکیم باشی «سەرەک تەبیب»... لەبەرئەوەبوو داخی گرانمان ئەم دەردە زانستی کوردناسیشی گرتەوە، هی وا باوەڕنامەی بەرزیان لە زمان و ئەدەب و مێژووی کورد وەرگرتبوون بە ئەرکێکی گران بەسەر زانست و زانستگە و زانستپەروەرییدا، قوتابییانی ئێمە زۆر بە ئاسانی خوێندنیان تەواو دەکرد، ئەوانەی خۆیان زۆر بەگرانی.

پرسیاری چواردەم: دوای تێکچوونی سیستەمی سیاسیی یەکەتیی سۆڤیەت، هیچ ئاگەدارییەکتان لەبارەی ئەمڕۆی کوردناسی لە «سۆڤیەت» هەیە؟ چۆنە؟

وەڵام: دوا گەشتی وڵاتی ڕووسیام لە کانوونی دووەم و شوباتی ١٩٨٧دا بوو، سەرەتای «پیریسترۆیکا» و «گلاسنوست»ی گۆرباچۆڤ بوو، ئەوەی لە هەموو شتێک زیاتر بەختیار و گوشادی کردبووم ئەوە بوو لەو ڕۆژانەدا ناوی بۆریس پاستیرناکی مەزن کە سی ساڵ بوو قەدەخە کرابوو دەگەشایەوە و لەسەر زاری هەموو کەسێکی ئەو وڵاتەدا بوو. لەبارەی ڕۆهەڵاتناسییەوە بەتەواوی نەدەزانرا هەڵوێستی دەوڵەت بەرامبەر بە دەزگا زانستییەکان چۆن دەبێ، ئەمە و دەبێ ئەوەش بزانین لەو سەردەمەدا دەوڵەت بایەخێکی ئەوتۆی بە زانستی ڕۆهەڵاتی نەدەدا. جگە لەوە کوردناسیش بەهۆی ماڵگواستنەوەی تسوکیرمان لە سانت پیترس بۆرگەوە بۆ مۆسکۆ و کۆچی دوایی کۆردۆییڤ کز بووبوو، بەشەکەی سانت پیترسبۆرگ چوار کارگەری زانستی کوردناسی

تێدا مابوو، ئەوانیش ئەوەندە لەگەڵ یەکتری ناکۆک بوون، یەکێکیان لە بەشی ئێرانناسی هێنابوو و کردبوویانە سەرۆکی بەشی کوردناسی.

لە ئەنجامی رووخانی سیستەمی سۆسیالیزم لە رووسیا کوردناسی زیانێکی گەورەی لێ کەوت، دەتوانین بڵێین رۆهەڵاتناسی بە گشتی خرایە پشتگوێ. دەسەڵاتی «سۆڤیەت» لە رووی زانستییەوە بێ یا لە رووی پروپاگەندە بۆ سۆسیالیزم بایەخێکی تایبەتی بە رۆهەڵاتناسی دەدا، وەکو چۆن بایەخی زۆری بە راگەیاندن «رۆژنامە و گۆوار و چاپەمەنی و رادیۆ و تەلەڤزیۆن و سینەما و شانۆ... هتد» و یارییەکانی وەرزش و ئۆلۆمپیاد و هی تر دەدا. لەلایەکی ترەوە بەشێکی باش لە سەرچاوە و دەسنووسەکان لە پاش شەڕی دووەمەوە تا نەمانی دەسەڵاتی سۆڤیەت بڵاو کرانەوە. ئەوەی ماوە لە وزەی کارگەرانی ئیستادا نییە، ناتوانن زانستییانە ساغیان بکەنەوە. لەبەرئەوە کوردناسی بە گشتی لەو وڵاتەدا لە حاڵەتی وەستاندایە.

بەشی کوردناسی لە سانت پیترسبۆرگ پێویستی بە پارە هەیە، ئەگەر لایەنێک بە فریای نەکەوێ بۆی ناکرێ بەرنامەی زانستی ئەوتۆ دابنێ لە دوارۆژێکی نێزیک بتوانێ بەرهەمی زانستی بێنێتە ناو مەیدانی دەرگەکانی رۆهەڵاتناسییەوە.

پرسیاری پازدە: دەسنووسە کوردییەکان زیاتر لە کام شار و کتێبخانەی کامە زانستگەدا هەن؟ بۆچی زیاتر لەوێن؟ ئەم دەسنووسانە چۆن گەیشتنە ئەوێ؟ بە چ ئامانجێک پارێزراون؟

وەڵام: رەنگە تاکە تاکە دەسنووسی کوردی لە نامەخانەکانی گشتی و زانستگە و ئەکادیمییەکانی کۆمارەکانی قەفقاس «ئەرمەنستان و ئازربیجان و گورجستان» و تاشقەندی پێتەختی ئۆزبەگستانی ئاسیای ناوەراست چنگ بکەون، زیاتریش دەسنووسی عەرەبی و فارسی و تورکی کە باسی کوردیان تێدا بێ، بەڵام کۆمەڵێک دەسنووسی کوردی بەنرخ لە شاری سانت پترسبۆرگ لە دوو دەزگای زانستیدا پارێزراون:

١- بەشی دەسنووس لە نامەخانەی گشتیی شاری سانت پترسبۆرگ.. کۆکراوەی ئێرە برێتییە لە ٥٤ دەسنووس، لەمانە ٤٤ی بەزمانی کوردییە، ٤ی بە فارسییە، ٣ی بە تورکییە. ئەم دەسنووسانە لەلایەن قونسوڵی رووس لە وڵاتی عوسمانی ئەلیکساندەر دیمینتییێڤیچ ژابا کۆکراونەتەوە. ژابا لە ماوەی ١٨٣٦- ١٨٦٩ قونسولی رووسیا بووە لە شارەکانی ئەرزڕوم و ئیزمیر.

لە سەرەتای ساڵی ١٨٥٦ کە ژابا قونسوڵی رووسیا بووە لە ئەرزەڕوم، زانا و رۆهەڵاتناسی ناودار کارگێری مۆزەخانەی ئاسیا «لە دواییدا ئامۆژگاری رۆهەڵاتناسی» ب. ئا. دۆرن، داوا لە ژابا دەکا خەریکی لێکۆڵینەوە بێ لە زمانی کوردی و سەرچاوە و کەرەستە کۆ بکاتەوە لەبارەی

ئەدەبیات و فۆلكلۆر و زمان و ئەتنۆگرافی كوردەوە، هەروەها بایەخێكی تایبەتیش بە كۆكردنەوەی دەسنووسی كوردی بدا. بۆ ئەم ئامانجە كۆمەڵێك لە مەلا و فەقێ و میرزا «خوێندەوارانی ئەو سەردەمە» لە دەوری خۆی كۆ دەكاتەوە، مەلا مەحموودی بایەزیدی یەكێك بوو لە هەرە نێزیكەكانی وەكو سكرتێریك یا ڕاوێژكارێكی تایبەتی بوو بۆ بۆ كاروباری ڕۆشنبیری و خوێندەواری كوردی.

مەلا مەحموود لە دوا ساڵانی سەتەی هەژدەم لە بایەزید لەدایك بووە. لەوێ دەستی بە خوێندن كردووە، لە پاشاندا لە تەورێز، فارسی و عەرەبیزانی چاك بووە، لە ناوەڕاستی سەتەی نۆزدەم نشتەجێی ئەرزەڕۆم بووە و لە ژابا نێزیك كەوتووەتەوە.

مەلا مەحموود دانەر و وەرگێڕی گەلێك لە دەسنووسەكانی ژابایە لە زمانی فارسییەوە. بەڵام بەزۆری ناوی خۆی لەسەر ئەم كار و بەرهەمانە تۆمار نەكردووە، ڕەنگە ترسی بووبێ لەوەی بۆ مەلایەكی وەكو ئەو كارێكی بەجێ نەبێ لە یەكێكی وەكو ژابای ناموسڵمان نێزیك ببیتەوە و هەرەوەزی لەگەڵدا بكا. هەندێ لە نووسینەكانی بەناوی «فەقیر مەحموود ئەفەندی»، «خراجە مەحموود ئەفەندی» تۆمار كردووە.

٢- بەشی دەسنووس لە نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆهەڵاتناسی ئەكادیمیەی زانستی. زۆربەی دەسنووسی ئەم دەزگا زانستییە لە كۆكراوەكانی ژابایە، وەكو لە هەندێ لە نامە تایبەتییەكانیدا دەردەكەوێ، ئەوەی دەستی دەكەوت لە دەسنووس و لێكۆڵینەوە لە ڕۆشنبیری كوردی بە پۆستەی دیپلۆماسی لە ئەرزەرۆمەوە بۆ «دوڕن»ی كارگێڕی ئامۆژگای ڕۆهەڵاتناسی دەنارد. جگە لە ژابا مارتن هارتمان و ڤیلیامینۆڤ. زیرنۆڤا دەوری باڵایان بووە لە پێناوی دەوڵەمەندكردنی ئەم دەزگایە لە دەسنووسی كوردی.

ناوەڕۆكی ئەم دەسنووسانە لە بابەت ئەدەبی میللی و چیرۆكی شیعری وەكو ئەسكەندەرنامە و لەیلا و مەجنوون و هی تر بە دیالیكتی گۆرانی و گۆڕینی گولستانی سەعدی بە دیالیكتی كرمانجی خواروو و گەلێ لێكۆڵینەوەی تری كە پێوەندی تریان بە دەستووری زمان و لێكۆڵینەوە و زمانەوانییەوە هەیە.

دەزگا ڕۆهەڵاتییەكانی ڕووسیا هەوڵ و تەقەلایان لە پێناو كۆكردنەوەی دەسنووسی زمانانی ڕۆهەڵات بە تایبەتی دەسنووسی كوردی بۆ ئەو ئامانجە بووە، ڕۆژی لە ڕۆژان ئەم دەسنووسانە ساغ بكرێنەوە، بۆ ئەوەی ببن بەسەرچاوە و كەرەستەیییەك بۆ كوردناسەكانیان.

**پرسیاری شازدەم: گرینگترین ئەو، دەسنووسانەی «كە لەلایەن جەنابت یاخەڵكی تر» كاریان لەسەر كراوە، كامانەن؟**

وەڵام: پێش هەموو شتێك گەلێك وتارم بە زمانانی كوردی و عەرەبی و ڕووسی بڵاو كردووەتەوە لە

بابەت پێناسینی خوێنەر و خوێندەواری کورد بە دەستنووسی کوردی و دەستنووسی زمانانی تر کە باسی کوردیان تێدا هاتووی ئەمە بن.

لەبارەی ساغکردنەوە و بڵاوکردنەوە دەستنووسەکانی کوردی لە ڕووسیا، من ڕێنووسی هەموو دەستنووسانەم لەگەڵ خۆم هێنایەوە کە گەڕامەوە وڵات، لە حەفتاکاندا کۆششێکی زۆرم کرد بۆ ساغکردنەوەیان، بەشی زۆرم تەواو کرد، لەناو دەستنووسە ساغکراوەکاندا، بۆم گونجا ئەمانە بڵاو بکەمەوە:

١- کۆمەڵێک شیعری بڵاونەکراوەی «ئەدەب» «عەبدوڵڵا بەگی میسباح- دیوان، شاعیری گەورەی خاکی موکریان». ئەم شیعرانەم لە ئەرشیفی باسیل نیکیتین دەست کەوت، لە ئامۆژگای ڕۆهەڵاتی سانت پترسبۆرگ لە سەردەمی جەنگی یەکەمی گێتی کە باسیل نیکیتین قونسوڵی ڕووسیا بوو لە تەوریز عەلی بەگ سالار سەعیدی برای عەبدوڵڵا بەگی میسباح بۆی ڕەوانە کرد بوو، ئەم کتێبەم لە بەغدا لە ساڵی ١٩٧٠ بڵاو کردەوە.

٢- دەستووری زمانی عەرەبی بە کوردی، ئەم دەستنووسە لە دانانی عەلی تەرەماخی و کۆکراوەکانی ژابا بووە، لە نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆهەڵاتناسی پارێزراوە، لە ساڵی ١٩٧١ لە بەغدا بڵاو کرایەوە.

٣- تێکستی «مەم و زین» یا «مەمی ئالان»ی فۆلکلۆری لە کۆکراوەکانی مارتن هارتمان، لە ئامۆژگای ڕۆهەڵاتناسی پارێزراوە، لە ساڵی ١٩٧٣ لە بەغدا بڵاو کرایەوە.

٤- فەرهەنگۆکێکی کوردی، باسێکی بەراوردکارییە لە نێوان دوو دیالێکتی بچووکی دیالێکتی کرمانجی خواروو «هەکاری» و «ڕەوەندی دەوروبەری مووش و بایەزید» لەلایەن ژاباوە دانراوە و لە ئامۆژگای ڕۆهەڵاتناسی پارێزراوە، لە ساڵی ١٩٧٤ لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

٥- شیعری شێوەی لوری لە زمانی کوردی لە دەستنووسی ژمارە «E- 12» ئەم دەستنووسە لە ئامۆژگای ڕۆهەڵاتناسی پارێزراو، نموونەکانی بایەخێکی تایبەتیان هەیە لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، لە ساڵی ١٩٨٤ لە کتێبی « لە بابەت مێژووی ئەدەبی کوردییەوە» لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

جگە لەمە بەشێکی زۆر لە شیعر و بەخشانی ناو دەستنووسەکان بۆ یەکەمین جار لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامە و کۆوارەکاندا بڵاوم کردوونەتەوە.

ئەوەی من ئاگەدار بم، تا ئێستا بەشێکی زۆر لە ناوەڕۆکی دەستنووسەکانی ڕووسیا ئەوەی پێوەندییان بە زمان و ئەدەب و مێژوو و ئەتنۆگرافیاوە هەیە بڵاو کراونەتەوە، لەم مەیدانەدا م. ب. رودینکۆ دەوری باڵای بووە. لە دەستنووسە گرینگەکان «مەم و زین»ی خانی و شێخی سەنعانی فەقێی تەیران و لەیلا و مەجنوونی حاریس بەدلیسی و یوسف و زولەیخای سەلیمی سلێمانی بڵاو کردووەتەوە. ژ. موسەیلیان پسپۆڕی ئەدەبی میللی، دەستنووسەکانی «زەمبیل فرۆش» و «گۆرانی

میللی کوردی» بڵاو کردووەتەوە. ی. ڤسیلیێڤا هەردوو بەرگی کتێبە نایاباکەی «شەرەفنامە»ی شەرەف خانی بدلیسی بە زمانی ڕووسی بڵاو کردووەتەوە.

پرسیاری هەڤدەم: گرینگترین ئەو دەسنووسانەی کە لەوێ ماون و هێشتا کاریان لەسەر نەکراوە، کامانەن؟ لە کوێن؟ بایەخیان؟

وەڵام: وەک بۆمان ئاشکرا بوو بەشی زۆری دەسنووسەکانی شاری سانت پرسبۆرگ لە پاش شەڕی دووەمی گێتییەوە تا ئێستا ساغ کراونەتەوە و لە چاپ دراون، ئەوەی ماوە وەنەبێ گرینگ نەبێ و بێ بایەخ بێ، بەپێچەوانە بەتایبەتی ئەو دەسنووسانەی بەرهەمی ئەدەبییان تێدا تۆمار کراوە. ئەوی ڕاستی بێ ئەمانەش بۆیە تا ئێستا ماونەتەوە، چونکە تەنگوچەڵەمەی تەکنیکیی زۆریان تێدایە، وەک ناخۆشی خەت، یا ونبوونی هەندێ پەرەی دەسنووسەکان، یا قورسی ناوەڕۆکیان، هەروەها ئەو دەسنووسانەی ناوەڕۆکیان بە دیالێکتەکانی کرمانجی خواروو و گۆرانی نووسراونەتەوە، ئەمە هەمووی بووەتە هۆی ئەوەی لە وزەی کوردناسانی ئەوێدا نەبێ لە ڕووی زانستییەوە بۆیان ساغ بکرێتەوە، جگە لەمە پسپۆڕی واشیان تێدا نییە دیالێکتەکانی کرمانجی خواروو و گۆرانی پزانن، باوەڕیش ناکەم لەناو دەسنووسەکاندا شتی وای تێدا بێ بەبڵاوکردنەوەی شۆڕشێکی زانستی و ڕاگەیاندن بەرپا بکا.

پرسیاری هەژدەم: سروشتی سوود وەرگرتن لەو دەسنووسانە «ئیستیعارەکردن و فۆتۆکۆپیکردن و بەکار هێنانیان» چۆن بوو؟ گیروگرفتەکانی سوودوەرگرتن لەو دەسنووسانە کامانەن؟

وەڵام: سیاسەتی خۆ بەزلزانینی پارتی کۆمۆنیستی خاوەن دەسەڵات ڕەنگی لە هەموو کار و کردەوەیەکی کۆمەڵدا بووەوە. ئەوان تەنیا خۆیان بە گەورە و هۆشمەند و دڵسۆز دەزانی، واتە ئەوەی کۆمۆنیست نەبێ بچووک و کەمفام و دڵڕەقە، بەو جۆرە کەسانەیان دەوت بۆرجوازی. کارکردن لەسەر دەسنووس و ساغکردنەوەی تەنیا بۆ هاووڵاتیی خۆیان بوو، بە بەهانەی ئەوەی ئەگەر بێگانەیەک خەریکی دەسنووسەکان بێ، ئەدی زاناکانی خۆیان چی بکەن! لەم لایەنەوە ئەوەی بەسەرخۆم هاتووە دەگێڕمەوە: لە شاری سانت پترسبۆرگ، لە دوو جێگە – وەکو وتم – دەسنووسی کوردی هەبوو، لە نامەخانەی گشتی شار و نامەخانەی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی کە من قوتابیی خوێندنی بەرز بووم لەو دەزگایە و شناسنامەیم لە گیرفان بوو بۆ ئاشنابوون لەگەڵ دەسنووسەکان لە نامەخانەی گشتییەوە دەستم پێ کرد، وتیان لە ئامۆژگای خۆتان داوای دەسنووسەکان بکە ئێمە بە پۆستەی خۆمان بە فەرمی دەیانێرین بەڵام مانگێک و دوو مانگ چاوەنۆڕی هیچم دەست نەکەوت. جارێکی تریش چوومەوە لایان.

وتیان: ئەم دەسنووسانە هەر هەموویان کاری زانستییان لەسەر دەکری بۆ ساغکردنەوەیان، لەبەرئەوە جگە لەو کەسانە نابێ خەڵکی تر کەڵکی لێ وەربگرن، لە پاش چاپکردنیان ئەو کاتە هەموو کەسێک بۆی هەیە چاوی پێیان بکەوێ. ناچار بەوە رازی بووم چوار پێنج ڕۆژ لەسەر یەک هەر ڕۆژەی بۆ ماوەی تەنیا نیو کاتژمێر چاو بە دەسنووسەکان بکەوێ. بەمە رازی بوون و هەموو ڕۆژێ یەکێکیان لەگەڵم دادەنا تا لە بینینی دەسنووسەکان دەبوومەوە. ئیتر لە دواییدا ناچاربووم شێوازێکی تر بەکار بهێنم بەوەی قوتابییانی تری خوێندنی بەرز لە هاووڵاتی خۆیان ڕوونووس یا میکرۆفیلمی ئەم دەسنووسانەیان بۆ دەست دەخستم.

هەرچی دەسنووسەکانی ئامۆژگای ڕۆهەڵاتناسیش بوون ئەوەی خۆم قوتابی بووم تێیدا لە ماوەی چەند ساڵێکدا بەشی هەرەزۆری دەسنووسەکانم بە قەڵەمی خۆم ڕوونووس کردەوە.

لەو سەردەمەدا لە وڵاتی ڕووسیا ئیستینساخ نەبوو، لەباتی ئەو بەفۆتۆگراف وێنەی لاپەڕەکانی کتێب یا دەسنووس وەردەگیراو دەبوو بە میکرۆفیلم «نێگاتیڤ» ئینجا ئەمە چاپ دەکرا و «فۆتۆکۆپییان پێ دەوت. بەم جۆرە کتێبی کۆن و دەسنووس گرینگم میکرۆفیلم دەکرد، وە ئەوەی زۆر پێویست بووایە چاپم دەکرد دەبوو بە «پۆزەتیڤ» واتە فۆتۆکۆپی. بەشێکی زۆری ئەم میکرۆفیلمانە تا ئێستا لە نامەخانەکانمدا وەکو خۆیان ماونەتەوە و نەکراون بە کتێب.

هەرچۆنێ بێ بەوە زۆر بەختیارم کە لە ژیانی زانستیمدا توانیم بەشداری لە بڵاوکردنەوەی هەندێ لە دەسنووسە بەنرخەکانی کوردی لە ڕووسیا بکەم، میکرۆفیلم و فۆتۆکۆپی بەشێکی تریش بپارێزم.

پرسیاری نۆزدەم: بەڕای تۆ، چۆن دەکرێ کورد یا ئەکادیمی و زانستگەکانی کوردستان بتوانن سوود لەو دەسنووسانە ببینن؟ بەچی شێوەیەک؟

وەڵام: دوا گەشتم بۆ وڵاتی ڕووسیای خۆشەویستم لە ساڵی ١٩٨٨دا بوو، لەمێژ نەبوو «پیرۆسترۆیکا» و «گلاسنۆست»ی میخائیل گۆرباچۆڤ دەستی پێ کردبوو، لەو ڕۆژگارەدا گرینگترین مەسەلە بۆرس پاسترناک بوو. من زۆر بەختیار بووم، لەبەرئەوەی دەمێک بوو وتبووم: «سەرکردەکان دەمرن، بەڵام پاسترناک زیندوو دەبێتەوە». بێگومان ئێستا کە لەوێ هەموو شتێک گۆڕاوە، هەڵوێستیان بەرامبەر بە دەسنووس و کتێبی کۆن و چاپکراوی دەگمەن وەکو پێشان نەماوە. لەوە دڵنیام هەموو کەسێک ئێستا بەئاسانی بۆی دەکرێ دەسنووسە کوردییەکانی ئەو وڵاتە میکرۆفیلم و فۆتۆکۆپی بکا و بیانهێنێتەوە نیشتمان. ئەوەش هەیە ڕەنگە پارەی باشی بوێ. من بەشبەحاڵی خۆم پرۆژەیەکم بە دەستەوەیە لە گەشتێکی داهاتوومدا بۆ ڕووسیا هەموو دەسنووسە کوردییەکانی ئەوێ میکرۆفلیم بکەم بۆ نامەخانەیەکی لە دەزگا زانستییەکانی لای خۆمان.

پرسیاری بیستەم: ژمارەی ئەو دوکتۆرانەی لە یەکەتیی سۆڤیەت لە بەشی زمان و ئەدەبی کوردیدا خوێندنیان تەواو کردووە «لەچاو وڵاتانی تر» لە هەمووی زیاتر، کەچی ژمارەی ئەو کتێبانەی کە ئەوان لە ڕووسییەوە گۆڕیوویانە بۆ کوردی لە هەموو کەمترە؟ هۆی ئەمە چۆن لێک دەدەیتەوە؟

وەڵام: قسەکەت ڕاستە؟ بەڵام من ناتوانم بۆتی لێک بدەمەوە، هۆی ئەم سستییە لە خۆیان بپرسە، من دەتوانم بەرگری لە خۆم بکەم، هەرچەندە ئەوەی من لەم مەیدانەدا کردوومە بە کەمی دەزانم، بەڵام من گومرگی خۆم داوە، فەرموون لەگەڵ ئەم کردەوانەم لەبارەی وەرگێڕان لە نێوان هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ڕووسییەوە، هەموویشیان لە دوور و نێزیکەوە پێوەندییان بە خوێندەواری و ڕۆشنبیریی کوردییەوە هەیە:

١– دوازدە سوارەی مەریوان و چەند چیرۆکێکی تری کوردی، لە کوردییەوە وەرگێڕاون بۆ ڕووسی، لە ساڵی ١٩٦٨ لە مۆسکۆ «٣٠» سی هەزار دانەیان لێ چاپ کراوە و بڵاو کراوەتەوە.

٢– نامەی خوێندنی بەرزم «مێژووی ئەدەبی کوردی تازە»، بە زمانی ڕووسی لە ساڵی ١٩٦٧ لە مۆسکۆ بڵاو کراوەتەوە.

٣– الاکراد– ملاحظات وانطباعات نادرە: لە ڕووسییەوە وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە ساڵی ١٩٦٨ لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

٤– مخطوطات فریدە و مطبوعات نادرە: لە ڕووسییەوە وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە ساڵی ١٩٧٨ لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

٥– تاریخ الاستشراق: لە ڕووسییەوە وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، لە ساڵی ١٩٨٠ لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

٦– الرحالة الروس في الشرق الاوسط: لە ڕووسییەوە وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لە ١٩٨١ لە بەغدا بڵاو کراوەتەوە.

٧– گەشتێک بۆ ئەرزەڕۆم: لە ڕووسییەوە وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ساڵی ١٩٩٥ لە ستۆکهۆڵم بڵاو کراوەتەوە.

جگە لەمانە گەلێ وتار و باسی تریش لەم بابەتەوە لە ڕۆژنامە و گۆوارەکاندا بڵاو کراونەتەوە، بڕێکیش بە دەسنووس لە ماڵەوە ماونەتەوە.

پرسیاری بیست و یەک: بەرهەمی کوردناسی لە ڕووسیا لە کۆنەوە تا ئێستا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

وەڵام: ڕووس لە کۆنەوە بایەخی بەکوردناسی داوە، بەتایبەتی لە سەردەمی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیای مۆدێرن لە نیوەی دووەمی سەتەی هەژدەمەوە لەو کاتەی زۆربەی ناوچەکانی قەفقاسی داگیر کرد و لە سنووری نەتەوەی کورد نێزێک بووەوە. هەر لەبەر ئەوەش بوو زیاتر بایەخی بە کوردی باکوری کوردستان دەدا، بۆیە زۆربەی سەرچاوە و کەرەستە و دەسنووسەکانی ڕووسیا لەمەڕ دیالێکتی کرمانجی سەروو و ناوچەکانی باکوری کوردستانن. ئەمە و ئەگەر لەلایەکی تریشەوە تەماشای ناوەڕۆکی بەرهەمی کوردناسی ئەوێ بکەین دەبینین لە پلەیەکی بەرزدایە لە سەردەمی کۆنی «ئیمپراتۆریەتی قەیسەری» و سەردەمی تازەی «دەسەڵاتی سۆڤیەت» لێرەشدا بێگومان تێبینییەکی زەق خۆی دەنوێنێ ئەویش ئەوەیە هەموو ئەو کارە زانستییانەی پێوەندییان بە مێژووەوە هەیە بەچاویلکەیەک لایەنی مارکسیزم – لینینیزم لێک دراونەتەوە. لەبەرئەوەیە لە ڕووی زانستییەوە کەڵکێکی ئەوتۆ نابەخشن، ئەوەی تری کە دوورە لە ئایدیۆلۆجییەتی کۆمۆنیزم و هەموو ئایدیۆلۆجییەتێکی تریش لە کەڵک نەکەوتووە، وەکو بڵاوکردنەوەی دەسنووسە کۆنەکان، تێکستی بەرهەمی ئەدەبی «شیعر و پەخشان» تێکستی ئەدەبی میللی «فۆلکلۆر». دەستووری زمان و زمانەوانی و جوگرافیا و ئەتنۆگرافیا و گەلێ شتی تریش.

پرسیاری بیست و دوو: دواڕۆژی کوردناسی لە ڕووسیا چۆن دەبینن؟

وەڵام: دەوڵەتی ڕووسیای ئێستا لە ڕووی ئابوورییەوە شێرزەیە، باوەڕ ناکەم بتوانی وەک پێویستە دەزگاکانی ڕۆهەڵاتناسی بژێنێ، جا لەبەرئەوەی ئەم دەزگایانە بناخەیەکی قایم و پتەویان هەیە، نەخۆش دەکەون و لاواز دەبن، بەڵام زوو لەناو ناچن. دەوڵەت ئەگەر باری ئابووری بەرەو چاکە بڕوا درێغی ناکا لە یارمەتی دان و دەست گرتنی دەرگا ڕۆهەڵاتناسییەکان. هەرچی کوردناسیشە لەو وڵاتەدا پێم وایە چارەنووسی جیایە لەگەڵ نەتەوە و میللەتەکانی تری ڕۆهەڵات.

بێگومان ئەمەش لەوەدا دەبینین کە لە ڕووسیا هاووڵاتیی کورد هەیە، لە ناوچە و هەرێمە جیاوازەکاتنی ڕووسیا و قەفقاس و ئاسیای ناوەڕاست، ئەمانە وەکو هەموو دانیشتوانی ئەوێ لە گەلێ کاروبار و هەڵسوکەوتی ژیانیان ئازاد و سەربەستن، دەتوانن لەو جێیەی کاریان دەست بکەوێ بژین، مافی ئەوەیان هەیە ڕوو بکەنە دەرەوەی وڵات. دەتوانن کوردی دەرەوەی ڕووسیا بە براو هاونەتەوەی خۆیان بناسن. بۆ مەبەستی یەکگرتنی کوردی ئەو وڵاتەیانە و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی دروست بووە. یەکێک لەمانە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردییە لە مۆسکۆ. دەتوانرێ ئەم ناوەندە ببێ بە مەڵبەندی کوردناسی، واتە زانایانی ڕووسیا لە ڕووس و ئەرمەن و جوولەکە و هی تر لەگەڵ خوێندەواری کوردی ئەوێ هەرەوەزی و هاوکاری بکەن و بەمە جێگەی بەرزی ڕووسیا لە کوردناسیدا دەپارێزن و بەرهەمی بە پێز لە بابەت ڕۆشنبیری کوردییەوە دروست دەکەن. لەو

وڵاتەدا کورد دۆستی زۆرە، زانای گەورەی وەکو لازارێڤ و حەسرەتیان و هی تری تێدایە، ئەمانە چارەنووسی زانستی و زانایی و خوێندەواریی خۆیان بە سامانی نەتەوایەتی کوردەوە بەستووە.

پرسیاری بیست و سێیەم: گوتتان، تاکە بەشی فەرمی بۆ کوردناسی لە هەموو گێتیدا، ئەو بەشەیە کە ئێوە خوێندنی بەرزتان تێدا تەواو کردووە لە سانت پترسبۆرگ، ئەو بەشە ئێستا لە چیدایە؟

وەڵام: ئەوەی من ئاگەداریم لێی هەیە تا ئەم کاتە ئامۆژگای رۆهەڵاتناسی ئەکادیمییەی زانستی لە سانت پترسبۆرگ هێشتا هەر ماوە. بەڵام ئامۆژگاکە بە گشتی بێ هێز بووە، زیاتر لەبەرئەوەی بەشێکی زۆر لە کارگەرە زانستییەکانی وڵاتیان بەجێ هێشتووە و روویان کردووەتە دەرەوە، بەتایبەتی بۆ ئەوروپا و ئەمەریکا. بەشی کوردناسی ئێستاکە چوار کارگەری زانستی کاری تێدا دەکەن. لەوە دڵنیام ئەو بەشە ئازیزە دەمێنێ تا ئامۆژگاکە خۆی بمێنێ. باوەڕیش ناکەم ئەم دەزگا زانستییەی لە ساڵی ١٨١٨ بەناوی «مۆزەخانەی ئاسیا» دروست بوو بەئاسانی دەرگەی دابخرێ. لە ئابلوقەی چەند ساڵەی شەڕی دووەمی گێتی دەرگەی ئەکادیمیەی زانستی دانەخرا. رووس دەیپارێزێ، لەبەرئەوەی دروشمێکە لەوانەی نەتەوەی رووس وەک خەڵکێکی مەزن پێشانی نەتەوەکانی سەر رووی زەوی دەدەن.

پرسیاری بیست و چوارەم: ماوەی گفتوگۆ لەسەر ئەم باسە گەلێ فراوانە، هیچی ترتان لەم بابەتەوە هەیە بیڵێن؟

وەڵام: زۆر ماوە بۆ وتن، بەڵام تەنیا پەنجە بۆ تێبینییەک درێژ دەکەم، ئەویش لەم کاتەدا هاتەوە یادم. لەم رۆژەوە چارەنووسی ئێمەی گەیاندووەتە ئەمرۆ، بەتایبەتی کوردی عێراق، زمانی دووەمان ئینگلیزی بووە، لە پۆلی پێنجەمی قوتابخانەی سەرەتاییەوە دەیخوێنین تا قۆناغەکانی خوێندنی بەرز، کەچی ئەوەندەی لێ فێر نابین کاری خۆمانی پێ ببەینە سەر. ئەگەر بەرنامەی زانستی هەبێ بۆ رێکوپێککردنی هەموو سوچێکی کۆمەڵ، پێویستە زمانی دووەممان یەکێک بێ لە پێنج شەش زمانە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا، من لە ماوەی خوێندنی بەرزمدا هەستم بەمە کرد. تاکێکی کۆمەڵ ئەگەر هەوەسی لە پزیشکی و ئەندازیاری بێ بۆ دەبێ لە منداڵییەوە زمانی ئینگلیزی هەڵنەبژێرێ. ئەگەر ویستی ببێ بە پسپۆڕی مێژوو و ئەرکیۆلۆجی و جیۆلۆجی بۆ ئەڵمانی هەڵنەبژێرێ! بێگومان تا بە قووڵی نەچێتە گێتی کوردناسی و سامانی نەتەوایەتیی کوردەوە هەست بەوە ناکا چەندە پێویستی بە زمانی رووسی هەیە.

مارف خەزنەدار

هەولێر – مەڵبەندی رووناکی ١٩٩٦/٣/١١

# مەکیاڤیللی لە تای تەرازوودا

د. موحسین محەمەد حوسێن

٢ لە ٢

"پشێوی زیان بە سەرجەم کۆمەڵگە دەگەیەنێت، لە کاتێکدا ئەو لەداردانانەی میر جێبەجێیان دەکات تەنیا زیان بە کەمینە دەگەیەنن"!

مەکیاڤیللی

## ڕەگەکانی مەکیاڤیللیزم و بەرهەمە تاڵەکانی

مەکیاڤیللی دەڵێ: شێوازی بیرکردنەوە و میتۆدە پێشەنگەکەی لە دۆزینەوەی هاوچاخ و هاوولاتییە ئیتاڵیاییەکەی (کریستۆڤەر کۆڵۆمبس ١٤٥١-١٥٠٦) دەکات، کاتێک ئەمەریکای دۆزییەوە، هەروەها بۆ ئەو قسەیەی، کە هیچ یەکێک لە باو و باپیرانی پێشتر ئەم ڕێگەیەیان نەگرتووەتە بەر، ئاخۆ کابرا پێشەنگ بووە لە بیرکردنەوە و کەسی تریش پێشی نەکەوتووە؟

بەپێی ئەو زانیارییە کەمەی هەمانە، وای دەبینین کە نزیکبوونەوەیەک لە نێوان هزری سیاسیی ئیتاڵیایی و لە نێوان ئەوەی لە کولتووری گریکیدا هاتووە، هەیە. لەو وتەیەی بەدەستهێنانی سەرکەوتن، ئیتر لە پایەدا بێت، یاخۆ دەوڵەمەندی و شکۆمەندی، ئەوەیە کە مرۆڤ لە ژیاندا خۆی لێ دەپارێزێت، ئەمە بوو کە سۆفیستەکان Sophist خستیانە ڕوو، ئەوەش مانای مامۆستای لێزان و پیشەگەری دەستڕەنگین دەگەیەنێت.[٥٨]

وەلێ ئەوی گرینگە ئەوەیە بە هەر شێوەیەک بێت تاک بەمرازی خۆی بگات. ئیدی ئەو زانیارییانەی پێی گەیشتبوون بەچەندین شێواز بڵاویان کردەوە، وەکو گوتاربێژیی ڕەوان، ئەوان لە

.........................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل

هەڵوێستیاندا پراکتیکی بوون، هەر لە شوێنی خۆیانەوە بۆ دۆزینەوەی هاووڵاتیی چاک و سەرکەوتوو ڕۆڵی ڕێنوێنیکەریان بینی.

پرۆتاگراس Protagras بنەما و ڕێساکانی سەرکەوتنی لە ژیاندا فێر دەکردن، گۆرگیاسیش ڕەوانبێژی و سیاسەتی دەدایەوە، پرۆدیکۆس Prodicusیش تایبەتمەند بوو بەفێرکردنی زمان و ڕێزمانەکەیەوە، هیپاس Hippiasیش بۆ وتنەوەی وانەکانی مێژوو و سروشتزانی و وەرزش، بڕوایان وابوو هیچ ڕێگەیەک بۆ زانینی هەموو زانست نییە، ئەمەش لەبەر کورتیی ژیان و ناڕوونیی بابەتەکان و هەڵخەڵەتاندنی هەستەکان.

سۆفیستەکان گاڵتەیان بەچەمکی دادپەروەریدا دەهات، لەبەرئەوەی لە داهێنانی لاوازەکانە تا بەهێزەکان ملکەچ بکەن و بەرهەمی هێزی سروشتییان لێ بسەنن.

یاسای هێز (یاسای میر) تاقە یاسایە سروشت دانی پێدا بنێت. سۆفیستەکان یەکەمین بوون لەوانەی بانگەشەیان بۆ ئەو ڕێبازە کرد، کە ستەمکاران و پیاوەکانی بانگەشەیان بۆ دەکرد، وەک:

ماف لەگەڵ هێزدایە، هێزیش لەگەڵ مافە، بۆچوونەکانیان لە چەندین لایەنەوە لە بۆچوونەکانی مەکیاڤیللییان دەکرد، وەک ڕەخنەیان لە بەهاکان و ئاکاری باو و داوونەریت گرت و ڕەتیان کردنەوە، بێزاریی خۆشیان ڕاگەیاند لە هەر پێوەندێک لەلایەن ئەو بەهایانەوە، بەو پێیەی سیفەتی نەخوازراون.[٥٩]

پێوەریان بۆ چاکە شارەزایی بوو لە پیشەیەک و سەرکەوتن تێیدا، نەخاسمە لە سیاسەتدا کە لای ئەوان سەرنج ڕاکێشتر بوو، لە شێوەی مەکیاڤیللی، لەبەر ئەمە قورساییان خستە سەر گوتاربێژی، تێیدا مامۆستای یەکەم بوون.

چونکە ڕاستی لای ئەوان ڕێژەیی بوو (ئەوان وەکو پارێزەرانن گوێ بەهەقیقەتی مەسەلەکە نادەن)، کە تەرخان کراون بۆ بەرگریکردن لێی و توانای بەهانە هێنانەوەی زۆریان هەیە، تاکو خراپترین وا نیشان بدەن باشترینە، بەڵگەهێنانەوەش بۆ ئەوەی کە ڕەش سپییە.[٦٠]

ئەم بیرۆکانە بەپەیژەی زەمەندا لە هەمان شوێندا هاتنە خوارێ، لەگەڵ جیاوازی لە دەربڕیندا، ئەوەبوو مەکیاڤیللی لەبەر ڕۆشنایی ڕەوشی سەردەمە سیاسییەکەیدا لە وڵاتە بەش بەشبووەکەیدا لە سەردەمی ڕێنیسانسدا ناوەڕۆکەکانیانی زیندوو کردنەوە و ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ڕەوتەکە دوای سەدان ساڵ بەسەر هزری فەیلەسووفی ئەمەریکایی ولیەم جەیمس (١٨٤٢–١٩١٠)ی دامەزرێنەری ڕێبازی پراگماتیزم، کە دەڵێت: ڕاستیی پەتی هیچ نرخێکی نییە، ئەگەر کاریگەری لەسەر واقیع نەبێت. هەروەها بیرۆکەکە هێلانەی لە هزری ئەڵمانیاییدا کرد و ڕەوتەکە لای فەیلەسووفی ناودار (فردریک نیتشە F. Nitche 1844-1900)ی خودان کتێبی (زەردەشت وایگوت)دا بەدەرکەوت.

ڕاستییەکەی فەیلەسووف و هزرمەندە پراگماتییەکان[٦١] لە جۆن لۆکەوە John Lock (١٦٣٢–

١٧٠٤) هیچیان نەکردووە، ئەوەندە نەبێت ڕێبازی هەستییان لای سۆفیستەکانی پرۆتارکۆس و هاوەڵانی ژیاندەوە.[٦٢]

هەرچی بەهاکانیشن، ئەوا مەکیاڤیللی زۆر لە سۆفیستەکان دوور ناکەوێتەوە، کاتێک ڕایان گەیاند:

ڕەوشتی شتێکی ڕێژەیی و کێشەیەکی بەهەند وەرگیراوە، هەروەها داوونەریتی وەزعی (وضعية)، بەگشتی ڕەنگدانەوەی هەستە خۆیی و ویژدانە تاکەکەسییەکانە، پاشان لە گۆڕان و وەرچەرخانێکی بەردەوامدایە و وەستانی نییە.. ئەمەش مژدەی ڕووخانی ڕەوشت و چەقبەستن لە بازنەی نەهلیزمی (هیچگەرایی) پەتیدا ڕادەگەیەنێت.

هەموو ئەوانەی باسمان کردن، خەریکە فەلسەفەی پراگماتیزم لە ڕێنوێنییەکانی سۆفیستەکان بکات، بەهەڵەدا ناچین گەر بڵێین ئەوە سۆفیزمی چاخی نوێیە.[٦٤]

سۆفیزم بەپێشەنگی فەلسەفەی زانستیی هاوچەرخ لە مامەڵەکردن لەگەڵ ژیاندا دێتە ژماردن. ئەمەش وای لە یەکێک لە هەرە دیارترین دامەزرێنەرانی پراگماتیزم کرد، ئەویش فردریک شیلەرە خۆی بە "قوتابیی دڵسۆزی پرۆتاکۆراسی سۆفیست" وەسف بکات.[٦٥]

لێرە و لەوێ دەبینین نزیکبوونەوەیەکی هزری لە نێوان مەکیاڤیللی و ئیبن خەلدوونی توونسی (١٣٣٢–١٤٠٦)دا هەیە، ڕەنگە لە ڕێگەی تەلپاسییەوە بێت، یەکەمیان قسەی لەوانەی ئیبن خەلدوونی کرد، کاتێک بەر لەو ئیبن خەلدوون بە نزیکەی سەدە و چارەکێک ڕای گەیاندووە.

ئەو پێویستیی پشتبەستنی میر بەسەر کۆمەڵەکەیدا، وێڕای جیاوازیی بۆچوون و زاراوەکانیان، هەردووکیان وای دەبینن لە هێزدا نهێنیی وڵاتان و پارێزگاریکردن لێیان خۆی حەشار داوە، هەروەها وای دەبینن خۆ خەریککردن بەڕابواردن و خۆشبژێوی دەبنە شیمانەی هەرەسهێنانی دەوڵەت، دوای ئەوەی لاواز دەبێت. ئەمەش وای لە مەکیاڤیللی کرد، بەردەوامیی میرەکان لەسەر سیاسەتی چەکدارکردن و یارمەتیدانی هێزەکانی سوپا بەهەموو ڕێگەیەک و بەردەوامبوون لەسەر ڕاهێنان و پێشخستنی چەک بەهەموو جۆرەکانیەوە، بەپێویست بزانێت، لەگەڵ بەردەوامیی دۆخی وریایی نەک هەر لە دۆخی شەڕدا، بگرە لە کاتی ئاشتیشدا.

ئەوەش دەڵێت، کە ئامادەبوونی بەردەوام و ئاگەداری لە دۆخی ئاشتیدا پێویستترە، تاکو سەربازەکان تووشی سستی و ماندووبوون و جێگیری دەبن، ئەمەش بەهۆی تەمەڵی و کەمتەرخەمیی ئامادەکارییەکان، هەروەها سەرقاڵبوونیان بەڕابواردن و خۆشگوزەرانییەوە، کە دەوڵەت لاواز دەکات و دەبێتە هۆی ڕووخانی.[٦٦]

قسەکەمان بەوە کۆتایی پێ دێنین، تاکو لە پێوەندیی مەکیاڤیللی بە مەکیاڤیللیزمەوە تێ بگەین، کە وەکو هەندێک وای دەبینن، بەشێوەیەک لە شێوەکان بەخراپی لێی گەیشتوونە، هەروەها وا لە مەکیاڤیللیزم گەیشتووە، کە ئەوپەڕی مامەحەمەیی و خۆبردنە پێشەوەی سیاسییە و شێوەیەکی

کارکردنی داماڵراوە لە بەهاکان و تا ئەوپەڕی هەموو ئاکارەکانی ڕەوشت بەڕەوا دەزانێت.

مەکیاڤیللی داوا لە میرەکەی دەکات هەرچی دوودڵی هەیە بخاتە ژێر پێوە، بۆ ئەوەی ئامانجی باڵا بەدەر بکەوێت:

بەدیهێنانی وڵاتێکی بەهێز و بەبەردەوامی پارێزگاریکردن لێی، ئیدی بەهەر نرخێک بێت، وەکو مەردێک بۆ خۆشبژێوی.

دەتوانین ئەوی لەم شێوە دڵڕەقانەیەی مەبەستێتی (ئامانج پاکانە بۆ شێواز دەکات) بەلای کەمەوە لەوەدا کورت بکەینەوە، کە ئەم ئامانجە بنیاتنانی باشترین جیهانە کە بشێت.

دەبێت ئاین و ڕەفتار ملکەچی ئەم ئامانجە بن، کە "وەکو ئەو بۆی دەچێت" بەرزترین ئامانجە بۆ کاری مرۆیی، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە خراپ نییە گەر پەنا ببرێت بۆ درۆ و فێڵبازی و هەڵخەڵەتاندن و.. ئەوی لە هەلپەرستی لێی بەرهەم دێت و.. پێڕەوکردنی سیاسەتی کوتەک و.. بەکارهێنانی دڵڕەقی و.. پاکتاوی جەستەیی و.. گۆڕی بەکۆمەڵ و قڕکردنی ڕەگەز.

لە واقیعدا مەکیاڤیللییەکان زۆریان لە مەکیاڤیللی بار کرد و لە مەکیاڤیللی خۆی مەکیاڤیللیتر بوون، بۆیە پتر شێواندیان و بەدکۆرانیان تێدا ئەنجام دا. وێڕای هەڵوێستی کڵێسای دژ بەم پیاوە، کە گەلێک هەڵوێستی کڵێسای (نانیشتمانی) ڕیسوا کرد و گاڵتەی پێ کرد، کە بووە بەردی سەر ڕێگە لە بەردەم بزووتنەوە نیشتمانییەکان و هەوڵی یەکخستنی وڵاتێلێک ملکەچی دەسەڵاتی بەرفراوانی ئەو بوون، هەرچەندە مەکیاڤیللی لەسەر داخوازیی پاپا کتێبی (مێژووی فلۆرەنسا)ی دانا.

هەروەها ڕۆماش کتێبەکانی چاپ کرد و کۆمیدیاکانی بەئامادەبوونی پاپای مەزن پێشکێش کردن و دواتریش کڵێسا ساڵی ١٥٥٩ بڕیاری بەسووتاندنی بووکەڵەیەک دا کە مەکیاڤیللیی دەنواند.[٦٧]

پەڕاوێزەکان:

(١) لە نووسینە عەرەبییەکاندا بەچەندین شێوە ناوی مەکیاڤیللی هاتووە:

مکیاڤیللی، مکیافیلی و بەهەڵگەڕاندنەوەی V واتا پیتی (ڤ) بۆ (ف). بەهەمان شێوەش بەنیسبەت ناوی یەکەمیەوە: نیکۆلای، نیکۆڵۆ. تەنانەت ناوی تەواویشی لەسەر بەرگی دەرەوەی کتێبی (میر)دا نووسرا، کە لە وەرگێڕانی محەمەد لوتفی جومعەیە، خانەی پەروەردە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن - بەغدا. بەشێوەی (نیقۆلای ماکیافیلی) و لەسەر بەرگی ناوەوەش (نیقۆڵو مکیافیللی) و لە هەمان بەرگدا نووسراوە (دانانی نیقۆڵا ماکیاڤیللی).

(٢) د. حسن عثمان: منهج البحث التاريخي. دار المعارف. القاهره، ١٩٨٤، ص٤٨.

(٣) د. محمد فؤاد شكري و د. محمد انيس: اوروبا في العصور الحديثة (من النهضة الايطالية حتي الثورة الفرنسية) مكتبة الانجلو المصرية _ القاهرة ١٩٥٦ _ ١٩٥٧، ص١١.

(٤) ليسلي ووكر: مقدمة كتاب (المطارحات) لمكيافيللي – ت: خيري حماد. منشورات دار الافاق الجديدة. بيروت. ط ١٩٧٢/٢، ص٣٤.
(٥) هەمان سەرچاوە. ل٣٦.
(٦) المطارحات: ص٤٤.
(٧) الامير. ص٥٢–٥٣.
(٨) هەمان سەرچاوە. ل٨.
(٩) هەمان سەرچاوە. ل١٥.
(١٠) سمير شيخاني: اعلام الحضارة. مؤسسة عزالدين للطباعة والنشر. ط١٩٧٢/٢ ج٢، ص٣٧٧
(١١) شوفالية، جان جاك: تاريخ الفكر السياسي. ت: د. محمد عرب صاصيلا. المؤسسة الجامعية للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت. ط١٩٩٨/٤، ص ٢٣٧.
(١٢) الامير. ص١٢.
(١٣) د. حسن عثمان. سەرچاوەی پێشوو. ل٤٨.
(١٤) هوركهايمر، ماكس: بدايات فلسفة تاريخ البورجوازية. ت: محمد علي اليوسفي. دار التنوير. بيروت ١٩٨١. ص١٣.
(١٥) هەروەها لە وەرگێڕاوی یەکەمین جار لە قاهیرە لە ساڵی ١٩١١دا (و دار التربية لە بەغدا چاپی کردەوە)، ئێمەش پشتمان بەم چاپە بەستووە، مەگەر بەدەگمەن نەبێت، ئاماژە بەچاپەکەی تریش دەکەین کاتێک لێی وەربگرین.
(١٦) لە وەرگێڕانەکەی خیری حماد، چ/٤ ١٩٧٩.
(١٧) المطارحات. ص ٧٨.
(١٨) حازم صاغيه (المعد والمترجم): نيكولو ماكيافيللى. دار الرواد، بيروت، ١٩٨٠، ص٣٦.
(١٩) سەرچاوەی ناوبراو ل٤٨، هەروەها بڕوانە هۆرکهایمەر ل١٧– ١٨.
(٢٠) شوفاليه ص٢٣٧.
(٢١) هەمان سەرچاوە ٢٣٨.
(٢٢) حازم ص٣٧.
(٢٣) شوفالية ص ٢٣٤.
(٢٤) د. محمد فؤاد شكري. هس ل ١٣٩.
(٢٥) د. كمال مظهر احمد. مكيافيللي والمكيافيللية. منشورات دائرة الشؤون الثقافية والنشر. بغداد ١٩٨٤، ص٧٦,
(٢٦) هس ل٧٧.
(٢٧) د. مصطفى النشار. فلاسفة ايقظوا العالم. دار الثقافة والنشر والتوزيع. القاهرة ١٩٨٨. ص٢١٣ و (مطارحات) مكيافيللي. ص١٧.
(٢٨) مطارحات والامير. طبعة دار الافاق الجديدة. ص٥.

هەوڵنامەی کتێب

(٢٩) احمد عصام الدين: الثورة الفرنسية. الهيئة المصرية العامة للتاليف والنشر. القاهرة ١٩٧١، ص٧٥، ٧٩، ٨٣.

(٣٠) حازم ص٥٠ _ ٥١. هةروةها بڕوانة: جيمس وستفال تومسون و اخرون: حضارة عصر النهضة. ت: عبدالرحمن زكي. دار النهضة العربية ومؤسسة فرانكلين للطباعة والنشر. القاهرة، نيويورك ١٩٦١ ص, ٨٩

(٣١) ويدجيري، البان: المذاهب الكبري في التاريخ. ت: ذوقان قرقوط. دار القلم. بيروت ١٩٧٩، ص١٨٠-١٨١.

(٣٢) د. كمال مظهر. مكيافيللى. ص٧٩.

(٣٣) كريستيان غاوس. مقدمة كتاب (الامير). ت: خيري حماد. منشورات دار الافاق الجديدة – بيروت. ط٢٤/٢٠٠٥، ص١٩.

(٣٤) د. كمال مظهر. مكيافيللى. ص٩٣.

(٣٥) هس ل٩٤.

(٣٦) بڕوانه: د. احسان حلاق: مناهج الفكر والبحث العلمي. دار النهضة العربية. بيروت ١٩٩١، ص٣٠٢.

(٣٧) د. زكريا ابراهيم: دراسات في الفلسفة المعاصرة (الجزء الاول). مكتبة مصر ١٩٦٨، ص ١٤٥.

(٣٨) ابوضيف: مصطفي: منهج البحث التاريخي. مطبعة النجاح الجديدة. دار البيضاء. المغرب ١٩٨٧، ص, ٩١

(٣٩) هس ل ٩١.

(٤٠) د. كمال مظهر احمد: النهضة. وزارة الثقافة والفنون. بغداد ١٩٧٩، ص١٢٤، لة فانبشتايني گواستووةتةوة، بة ژووسي.

(٤١) هس ل ١٢٩

(٤٢) هوركهايمر، ص١٥.

(٤٣) شبنكلر: تدهور الحضارة العربية. ت: احمد الشيباني. منشورات دار الحياة بيروت ١٩٦٤، ج١، ص, ٢٢٩

(٤٤) هوركهايمر، ص ١٥.

(٤٥) كيللة وكوفالسون: المادية التاريخية. دراسة في نظرية المجتمع الماركسية. دار التقدم. موسكو. ص٢٧٩.

(٤٦) هس. ل١٣، صبحي احمد محمود. في فلسفة التاريخ. منشورات جامعة قاريونس. بنغزي، ليبيا، ١٩٨٩, ص, ٢٣٩

(٤٧) هوركهايمر، ص٢٣.

(٤٨) بڕوانه: ساطع الحصري: دراسات عن مقدمة ابن خلدون. ط٣، مكتبة خانجي. القاهرة. دار الكتاب العربي. بيروت ١٩٦٧، ص١٧٨.

هەروەها توێژینەوەیەکمان لە: (المجلة العربية للعلوم الانسانية) بەناونیشانی (نظرية الدورات المتعاقبة) جامعه الكويت. المجلد ٥/ العدد ١٩، ١٩٨٥، ص ١٢٨.

توێژەر کامەران محەمەد قادر پلەی ماستەری لەسەر (ڤیکۆ و فەلسەفەی مێژوو) وەرگرت، لە بەشی مێژوو ـ کۆلێجی زانستە مرۆییەکان. زانکۆی سلێمانی. ساڵی ٢٠٠٦.

(٤٩) د. عبداللطيف احمد علي: مصادر التاريخ الروماني. دار النهضة العربية للطباعة والنشر ـ بيروت ١٩٧٠، ص٥٨.

(٥٠) هورکهایمر. ص١٧.

(٥١) صبحی. ص ٩٨.

(٥٢) هورکهایمر. ص ٢٠.

(٥٣) صبحی. ص٩٩.

(٥٤) هس. ل ١٠٠.

(٥٥) هەمان لاپەڕە.

(٥٦) د. عبدالرحمن بدوی: نیتشه. ط٣/ ١٩٥٦، ص١٦٤، لە (صبحی)یەوە. ل ١٠١.

(٥٧) لیسلی ووکر. مقدمه (مطارحات). ص ١٠١.

(٥٨) د. عرفان عبدالحميد. المدخل الي معاني الفلسفة. دار الشؤون الثقافية العامة. بغداد ١٩٨٦، ص ٤٩.

(٥٩) وولتر ستيس. تاريخ الفلسفه اليونانيه. ت: مجاهد عبدالمنعم مجاهد. دار الثقافه للنشر والتوزيع. القاهره ١٩٨٤، ص ٩٨.

(٦٠) هس. ل١٠٠- ١٠١.

(٦١) بۆ زانیاریی پتر لەسەر فەلسەفەی پراگماتی، بڕوانە: د. زكريا ابراهيم. ص٢٦- ٦٠.

(٦٢) د. مصطفى النشار. ص, ٧١

(٦٣) د. عرفان. ص ٥٤.

(٦٤) بڕوانە پەراوێزی (١) لە کتێبی ابن حزم الاندلسي. الفصل في الملل والاهواء والنحل. دار الجيل. بيروت (د.ت) ج,١ ص ٤٣.

(٦٥) د. عرفان. ص ٥٥.

(٦٦) د. مصطفى النشار. ص ٢٠٨.

(٦٧) د. كمال مظهر احمد. النهضة. ص١٣٠، پەراوێزی ٤٣.

## ئامۆژگارییەکانی مەکیاڤیللی بۆ سەدامی قوتابیی خۆی لە کەرکووک

لە کۆڕی "بەعەرەبکردنی کەرکووک"دا لە سلێمانی لە ٢٠٠٥دا خوێندراوەتەوە

لە بەشی یەکەمی ئەم توێژینەوەیەدا ئەوەم گوتبوو، هەینێ ناوی مەکیاڤیللی دەبیستین، فریودان و ناپاکی و بێ ڕەوشتی و بێ بەهاییمان بەرگوێ دەکەوێت و لامان وادەبێت فەرمانڕەوا ئازادە لەو ئاکارانەی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی بەهێزی دەوڵەتەوە بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتەکەی و بۆ دەرچوون لە یاسا مرۆییەکان دەیانگرێتە بەر.

بۆیە ئەم ناوە جووت بووە بەسەرجەم سیفەتە دزێوەکانەوە. هەروەها بووەتە هێما بۆ هەر سیاسەتوانێکی دڵڕەق، گوێ بەشەرەف، یا داوێنپاکی نەدات و گەورەترین تاوان بۆ گەیشتن بەمەرامە شەڕانگێزەکانی ئەنجام بدات.

هەروەها مەکیاڤیللیزم Machiavellianism بووەتە زاراوەیەک بۆ کاری نابەجێ.

ئەو کاتی بڕیاری دانانی ئەم کتێبەم دا، پرسیم:

ئاخۆ لەوەوە دەست پێ بکەم، کە ئەوی سەدام بەکەرکووکی خۆڕاگر و ئازای کرد؟ یا لە ڕێنوێنییەکانی مەکیاڤیللیی ڕابەری و ئامۆژگارییەکانیەوە بۆی دەست پێ بکەم، کە چۆن سەدام جێبەجێی کردن؟

بڕیارم دا لە ڕێنوێنی و پرەنسیپەکانی مەکیاڤیللییەوە دەست پێ بکەم، ئەوانەی لە کتێبە هەرە ناودارەکەیەوە (میر) هاتوون.

ئەم نووسەرە سیاسییە، کە لە (١٤٦٩ – ١٥٢٧) لە فلۆرەنسای ئیتاڵیادا ژیاوە، ڕەفتارەکانی لە ئیمپراتۆرەکانی ڕۆمان ئەوانەی فەرمانڕەواییی گەلەکەیان دەکرد، وەرگرتووە. لە نموونەی کاراکلا Caracalla و کالیگۆلا Caligulla و نیرۆن Neron.

ئیدی ئەو کتێبەی بووە ئینجیلی ستەمکاران و هاوەڵی سەرینیان، تاکو ببێتە دوا شت بەر لەوەی بنوون بیخوێننەوە، یاخۆ یەکەمین شت بێت کاتێک گزنگی بەیان دەدات، چاویان پێی هەڵبێت، بۆ ئەوەی دەسەڵاتداری و ستەم بکەن و خوێن بڕێژن و ئیمزای لەداردانەکان بکەن.

(میر) بووە دەستووری چەوسێنەران، ناودارترینیان ناپلیۆن و هیتلەر و مۆسۆلینی و ستالین و لیستەکە درێژ دەبێتەوە.

ڕەنگە سەدام دوا فەرمانڕەوا نەبێت ئیلهامی لە ڕێنوێنییەکانی مەکیاڤیللییەوە وەرگرتبێت، کاتێک سیاسەتی قڕکردنی پیادە کرد، جا ئیتر لە دوجەیل بووبێت، یا لە هەڵەبجە، یاخۆ لە پرۆسەکانی ئەنفالدا، یان لە هۆرەکان، یانیش ئەنجامدانی سیاسەتی پاکتاوکردنی ڕەگەزی لە شارەکانی کوردستاندا، نەخوازە لە کەرکووکی خۆشەویستدا.

هەرچەندە دیکتاتۆرەکان کاتێک دەسەڵاتی کورسی لووتیان بەرز دەکات و حەزی بەتاڵی مەزنیی دایان دەگرێت، ئاتاجی کتێب نابن.

بۆیە سیاسەتی دڵڕەقی و قڕکردنی بەرابەر دەگرنە بەر، ئیتر لەژێر هەر پاساوێکدا بێت بۆ مانەوەیان لەسەر کورسییەکانیان بەپێویستی بزانن.

دەبا سەرنجێک لە بۆچوونەکانی مامۆستاکەی سەدام بدەین:

١- باشترین شێواز بۆ دەسەڵاتدار و بەردەوامیی فەرمانڕەواییەکەی ئەوەیە، زۆرترین وێرانکاری و خوێنڕێژی و قڕکردنی بەکۆمەڵ بپێکێت، تاکو بەرابەرەکەی "ڕەشە خەڵکەکە، یاخۆ

نەیار، یان دوژمن" یەکی ئەنجامدانی هەر کارێکی تۆڵەستێنانە بکەوێت. هەروەها ئەو زیانانەی میر یا ستەمکار پێیان دەگەیەنێت ماڵوێرانکەر بێت. بەڵام ئەگەر زەرەر و زیانەکان دیاریکراو بن، ئەوا دەتوانن دووبارە ڕاست ببنەوە و تۆڵە لە زۆردارانیان بسێننەوە. بۆیە دروستترین ڕێگە کاتی چوونە ناو وڵاتێکەوە، وێرانکردن و لەناودانی خەڵکەکەی و هەموو ئەوانەی بە ڕوویدا دەوەستنەوە.

٢- ئامانجی فەرمانڕەوا و تاقە پیشەی ئەو شەڕە، چونکە موڵک و ماڵی دەپارێزێت و پایەی خۆی و دەستوپێوەند و زەلامەکانی بەرزتر دەکاتەوە.

دەبێت لە بیرۆکەی شەڕ خۆی بەدوور نەگرێت و پێویستە لەشکرێکی ڕاهێنراوی ئامادەکراوی هەبێت بۆ ڕووکردنە هەر وڵاتێکەوە سەرۆک داوایان لێ بکات. ئەو فەرمانڕەوایەشی بیر لە خۆشگوزەرانی و کامەرانیی گەلەکەی دەکاتەوە پتر لەوەی بیر لە شەڕ دەکاتەوە، ئەوا هەرچی هەیە لە دەستی دەدات.

داخۆ ڕۆژێک سەدام بیری لە خۆشبژێویی میللەتە دەرکراو و خاپوورەکەی (لە ناخەوە و لە ماڵەکەشیدا) کردووەتەوە، کە ئابرووی براوە و لەژێر هەڕەشەی حەوزی تیزاب و گۆڕی بەکۆمەڵدایە، یاخۆ بەلیستی خۆراکەوە کۆت کراوە؟

٣- لەسەر دەسەڵاتدارە (سەرۆکی ئەنگانە) هیچ نەترسێت و گوێ بەوە نەدات کاتێک بەدڵڕەقی ناودەبەن، دڵڕەقییەکەی بە بەزەییانەترە لە بەکارهێنانی نەرمی. خۆ ئەگەر بەراورد پێویست بێت لە نێوان دەسەڵاتداری تۆقێنەر و دەسەڵاتداری لە بەردڵان، ئەوا تۆقێنەر لایەنە باشەکەیە.

هەڵبەت پاراستنی دەسەڵاتیش بۆ دڵڕەقی دەگەڕێتەوە، هەینێ دڵڕەقی زۆر بەمەبەستی خۆی دەگات، فەرماندە بەبڕێکی دیاریکراو (چاکە) لەگەڵ ڕەشە خەڵکەکەدا دەکات "بە بەخشینی دیاری: پێشا چەترێکی لە شوێنی وەستانی پاسەکان دادەنا و لەسەری دەنووسی: دیاریی سەرۆکی فەرماندەیە خوا بیپارێزێت".

٤- شەڕ و سیاسەت دووانەن. کێ بیەوێت شەڕ بەرپا بکات، ئەوا دەبێت سیاسەتیش بکات، لەسەر میرە تەبیعەتی شێر و ڕێویی لە یەک کاتدا هەبێت، چونکە شێر بەو تەڵانە نازانێت بۆی دەنرێنەوە، کەچی ڕێوی پێیان دەزانێت، ڕێوییش ناتوانێت بەرهەڵستی گورگ بکات، بۆیە لەسەر میرە ڕێوی بێت، تاکو خۆی لە تەڵە بپارێزێت و ببێتە شێر تا گورگەکان بترسێنێت، واتا لەسەر ستەمکارانە یاسای دارستان پێڕەو بکەن.

شۆڤالێ دەڵێت: "بەڕای هەر هزرمەندێکی ئاکاری ئەمە تابلۆیەکی ترسێنەرە، بەڵام بە دیدی مەکیاڤیللی و هەتیوەکانی ئەوا ئەم پرۆسەیە (هاوکێشەیە) زۆر سروشتییە".

٥- بەڵێن بەجێگەیاندن، سەدام حوسێن ئەوەی بیر هاتەوە، کە لە (٣٠ی تەمووزی ١٩٦٨دا لەگەڵ ئەوانی بەر لە دوو هەفتە لەگەڵیدا بەشدار بوون، کە بەشۆڕشی ١٧ - ٣٠ تەمووز ناوبرا(!). هەروەها پەیماننامەی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ و هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا بارزانیی سەرۆکی کورد

بەر لەوەی مـەرەکـەبی ئیـمـزاکـردنەکـەی بەدەسـتی خـۆی لە گـەڵاڵە کـردی وشک بێـتـەوە. ئینجـا پەیماننامەی دەریای عەرەب لەگەڵ شای ئێران لە جەزائیر (ئاداری ١٩٧٥).

هـەروەهـا ڕاگەیاندنی نەتەوەیی، کە لە بەغدا لە ناوەڕاستی ئاپۆڕەی چەپڵەلێدەراندا بەشێوەیەکی دیماگۆگیی پێکەنینهێنەر ڕای گەیاند.

هـەروەهـا پەیماننامەی بەرگریی هـاوبەش لەگەڵ وڵاتە عەرەبییـەکاندا و ئەوی لەگەڵ پیاوەکانیدا لە کـوێتـدا (دەسـتـەخـوشکـی بچـووک!) ئەنجـامـی دا، بگرە ئـەوی لەگـەڵ هـاوڕێبـازەکـانی ڕێگەی لە تەمووزی ١٩٧٩دا ئەنجامی دا.

مـەکـیـاڤـیللی دەڵێت: هەڵەیە مـیـر بەڵێنەکـانی بەجـێ بگـەیـەنێت، ئـەگـەر دژ بەمـانـەوەی لەسـەر کورسیی فەرمانڕەوایی بن.

هـەروەهـا لـەسـەر مـیـرە بۆ دژ وەسـتـانـەوەی پەیمـانەکـان پەنا بۆ فـێڵ و تـەڵەکـە ببـات، هـەروەهـا پێچەوانەی ئەوە نیشان بدات کە جێبەجێی دەکات، بۆیە دەبێت لە دەزگەکانی ڕاگەیاندنیەوە ئەوەی لەسەر بڵێن کە ئەمانەت دەپارێزێت.

خـەڵکیش سـادە و خۆشـباوەڕن بڕوای پێ دەکەن، ڕاگـەیاندنی هـەڵبـەسـتراویش بەردەوام شـەو و ڕۆژ ئەوە بەگوێی خەڵکیدا بدات.

دەبێت ئەویش بەپێی ڕەوشـەکە فـرتوفـێڵ بکات و لـەسـەر دەسـەڵاتداری لێزانە پەیمـاننامـەکـان لەسـەر شـێوازی ڕێوی پراکتیزە بکات و هەموو ئەو شێوازانە بەکار بهێنێت لە پێناو بەردەوامی دان بەمانەوەی لەسـەر کورسیی دەسەڵات. لەم شێوازانەش:

پیـاوەکانی وەکو ئامـێر بەکار بهێنێت بۆ جێبـەجێکردنی ئامانجە دزێوەکانی، کە بۆ خـۆیان بە ڕەوایان دەزانێت. پاشان شەقێکیان تێ هەڵدەدات و هـەندێک جاریش کاتێک بێزاریی خەڵک ڕوو لە هەڵکشان دەکات، دەیانکاتە قۆچی قوربانی.

لەمـەوە مـیری لێزانمان (سـەدام) کاتێک هاوەڵەکانی بەکار دەهێنا (گەلێک جار) بۆ تۆقاندنی خـەڵک و دڵڕەقی لـە بەرابەریاندا، پاشـان دەیکوشـتن، تـاکـو مـژدە بەخـەڵکی بدات کـە لە پێناوی میللەتدا کوشتنی(!).

واتا لەسـەر مـیرە پیاوەکـان و هـاوەڵانی بکـوژێت، لەوانەی شـیمـانەی ملمـلانێی تێدا دەبینییـەوە. ئەوان پارێزەری بوون، بەخـۆی ئاراسـتـەی کـردن بۆ جـێبـەجـێکردنی تاوان و پەنـد دادان بەخـەڵک، ئینجـا لە بەرابەر ئاپۆڕای لێبـووک و تەپڵکوت لە پیـاوەکـانی، تاکو خۆی وا نیشـان بدات پارێزەری نیشتمان و گەلە و ئەو قوربانیی پیلانێکە، بۆیـە خوێنڕشتنیان بە ڕەوا دەزانێت، پاشان فرمێسکی تیمسـاحـانەیان بۆ دەرێژێت و فـرمـێسکەکەشی بە کلینیکسێک، کە پێشـتـر لەسـەر مێزەکە بۆی ئامادە کراوە دەسڕێت.... ئای چ قێزەونییەکە(!).

پێشنیـازەکانی مەکیاڤیللی لە بەرابەر ئەوی سـەدام و ڕژێمە فاشییەکەی دژ بە (میللەتەکەی) و

دراوسێکانی و دژ به مرۆڤایەتی ئەنجامیان دا هێندێک بەزەییان تێدان.

هەروەها دژ بەهاوئاین و هاونەتەوەکەی، دوژمنکارییە سەرسەختانەکەی دژ بەئێران، کە لەسەر زەویی خوزستان، یاخۆ وەکو ناوی نابوو (عەرەبستان) ئەو خاکە عەرەبییە موسڵمانەی هاوسنوورە لەگەڵ خوارووی عێراقدا، لە شارەکانی موحەممەرە (خورەمشەهر) و خەفاجیە (سوسەنگەرد) و حەمیدیە و دەشبول (دێزەفول) و گەلێک شارۆکەی تر.

هەروەها لە کوردستانی ئێراندا بەهەرێمە جۆرەوجۆرەکانیەوە، هەر لە کرماشان و قەسری شیرین و دەهلەران و گێلان غەرب و سەرپێڵی زەهاو و ئەوانی تر.

هەڵبەت هەمان شتیش سەبارەت بە کوێت ئەو دەوڵەتۆکە عەرەبییەش دەگوترێت، کە بە پارە و ڕاگەیاندن و لایەنی لۆجستییەوە یارمەتیی سەدامی دا. هەرچی کوردستانە (عێراق) ئەوی لەگەڵ (گەلی کورددا ئەنجامی دا، کە بە دوو ماف بەهرەمەندە!) ئەوا تا دەتوانیت قسە لەسەر تاوانەکانی بکە. تەنانەت لە فەرهەنگی پیاوکوژاندا شێوازێک نەماوەتەوە لەگەڵ میللەتەکە و خاکەکەیدا نەیگرتبێتە بەر، لە سیاسەتی خاکی سووتاوەوە تاکو پاکتاوی ڕەگەزی (کەرکووک، شنگار، خانەقین، مەخموور... هتد) تاکو سیاسەتی ئەپارتاید. گشت ئەم سیاسەتانە دژ بەو ڕێنماییانە بوون کە لە ئاینەکەیدا هاتووە، کە بانگەشەی ئەوەی دەکرد پێوەندە پێیانەوە (يا ايها الناس انا خلقناكم من ذكر وانثي وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقاكم) و (لا فضل لعربي علي اعجمي الا بالتقوي).

ئەمە سەبارەت بە یاسا دانراوەکان، وڵاتان لە سەدەی هەژدەمینەوە دەستووریان داناوە و خاڵی تایبەت بەمافی مرۆڤیان تێدا جێگیر کردووە، نەخوازە کاریگەریی شۆڕشی ئەمەریکایی لە ساڵی ١٧٧٤دا، هەروەها دوای شۆڕشی فەرەنسی، واتا ساڵی ١٧٩٢، بەڵام ڕاگەیاندنی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ گرینگترین بەڵگەنامەیە، کە لە ساڵی ١٩٤٧دا دەرچوو، یەکێک لە خاڵەکانی دەڵێت: مافی مرۆڤ خۆیەتی بە سەرجەم ئازادییەکانی بەهرەمەند بێت، بێ جیاوازی بەهۆی ڕەگەز یا ڕۆشنبیرییەوە (زمان و ئاین) یا بیروباوەڕی سیاسی، یان ئینتیمای نیشتمانی و دوور لە جیاوازی لە نێوان ئافرەت و پیاودا. هەروەها زامنکردنی پاراستنی موڵک و ماڵی کەسەکان و شوێنی نیشتەجێبوونیان.

عێراق یەکێک لەو وڵاتانە بوو کە لەسەر ئەم بەڵێننامە جیهانییە ئیمزای کردبوو.

بەڵام ئیمزاکردنەکەی تەنیا مەرەکەبی سەر کاغەز بوو، ئەوەبوو خاڵە گرینگە ناسراوەکانی تر بەتەواوی پشتگوێ خران و هیچ حسێبێکی بۆ نەکردن، نموونەی ئەمەش ئەوە بوو کە سەربازە عێراقییەکان لە سەرەتای سەردەمی پاشایەتیدا دژ بەبزووتنەوە ناڕازیخوازەکانی کورد ئەنجامیان دا، کە داوای هەندێک مافیان کرد بەپێی ئەوە لە ماوەی پێکهاتنی شانشینی عێراقدا کوردستانی باشووڕ بە عێراقەوە لکێنرا.

هەڵمەتە دڕندانەکانی سوپا لەگەڵ سەرەتای بزووتنەوەی ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١دا پتر بوون.

بەردەوام شاڵاو بۆ وڵاتی کوردان و دانیشتوانەکەی دەبرا، تەنانەت ئەوانەشی گرتەوە، کە لە دەرەوەی خاکەکەیاندا بوو (بەغدا و پارێزگەکانی کووت و عیمارە) لە کوردە فەیلییەکان، نەخوازەڵا لە نێوان ساڵانی ١٩٧١ – ١٩٨٠، ئەوە بوو لە نیشتمانەکەیان دەرکران و دەست بەسەر دوکان و خانوو و موڵک و ماڵیاندا گیرا، بگرە حکوومەتی فاشی خێزانەکانیشیانی پەرتەوازە کرد، بە وەدەرنانی دایکان و باوکان و هێشتنەوەی ڕۆڵەکانیان لە عێراقدا، ئەمەش سیاسەتی (لێکدابڕانی خێزانی)یە، کە مانای بەزەیی نازانێت.

هەروەها سیاسەتێکی پێڕەو کرد لە بەرابەر پیاوانی بارزانیدا ئەوپەڕی دڕێوی و فاشیزمی تێدا بوو، ئەوە بوو بەکۆمەڵ کوشتنی و ژن و منداڵەکانیانی هێشتەوە. هەروەها پرۆسەی ئەنفالی دژ بە(میللەتەکەی) لە (شوبات تا ئەیلوولی ١٩٨٨) ئەنجام دا و زاراوەی ئەنفال (لای کورد مایەی قێزەونی بوو، چونکە کوشتنی بەکۆمەڵ دەگرێتەوە و هەندێکیان بیریان چووەوە کە ئەنفال ناوی یەکێک لە سوورەتەکانی قورئانە).

سەدام ویستی سیفەتی پیرۆزی بە تاوانەکەی بدات، کە دژ بە شەریعەتەکانی ئاسمان و زەوین. ڕێژیم پتر پێی لە تاوانەکانی داگرت کاتێک بەفڕۆکەکانی کیمیابارانی شارێکی کرد پڕ لە منداڵی ساوا و ئافرەت و پیر بوو، هەروەها ئەم چەکەی لە زیاد لە (٢٧٠) گوند و شارۆکەی کوردستان لە ڕۆژێکدا بەکار هێنا، نەخوازە لە دۆڵی بالیسان و دەڤەری بادینان و گوند و شاخەکانی سلێمانی.

ڕێژیمی سەدامیی عەفلەقی نزیکەی نیو ملیۆن مرۆڤی بەخوێن ساردییەوە (لەسەر ناسنامە و لە سۆنگەی ئەوەی کوردن) لەناودا، هەروەها پتر لە ٤٥٠٠ گوندی کوردستانی خاپوور و وێران کرد، بەمزگەوت و قوتابخانە و ماڵ و پەرستگەی کرستیان و یەزیدی و خەڵکەکەیشی بۆ شوێنانی تر گواستەوە.

ئینجا پەنای بۆ شێوازێکی تری دوور لە مرۆڤایەتی برد، ئەویش شێوازی ناچارکردنی کوردەکان بەگۆڕینی نەتەوەیان تا ببنە عەرەب، سەرەتا بەزۆر لەگەڵ ڕۆڵەکانی تایەفەی یەزیدی و برایانی کرستیاندا بوو. ئەم هەڵسوکەوتەش دژ بەلۆجیکە و کارێکی گەمژانە و سەرشێتانەیە. چۆن دەبێت کوردێک ببێتە ناکورد، ببێتە عەرەب. ئەمە ئەو شتەیە هەر مرۆڤێکی ژیر و ناژیر گاڵتەی پێ دەکات، تەنانەت عەرەبیش. هەروەها لەگەڵ ڕۆحی هاووڵاتیبوون و برایەتیدا نایەتەوە، پرەنسیپەکانی شەرع و مافەکانی مرۆڤ ڕەتی دەکەنەوە.

بەڵام ئەمە بۆ ڕێژیمی ڕەگەزپەرستی فاشی چووە سەر، ئەمەش تا ڕادەیەک لەژێر هەڕەشە و بەزۆر و لەژێر ناوێکی پێکەنینهێنەر و گریاناوی (ڕاستکردنەوەی نەتەوە)، نەک گۆڕینی نەتەوەیەک بۆ ئەوی تر، بۆ نموونە، بگرە بەدیاریکراوی بۆ نەتەوەی عەرەب.

وەک ئەوەی کوردی کەرکووک هەڵە بووبن ئەو کاتی کورد بوون(!). یان وەک ئەوەی دانیشتوانی

کەرکووک لە کوردەکە شتێکیان بەدەست هێناوە و لە سەردەمی پاشایەتییەوە (فێڵیان) لە دەوڵەت کردووە، یاخۆ ئەوی پێیان دەگوت (سەردەمی کۆماری)، پاشان کاتی ئەوە هات نەتەوەکەیان بگۆڕن و بگەڕێنەوە باوەشی (عرووبە!)کەیان. ئەمەش لە کاتێکدا بوو کورد دووچاری چەوسانەوە بووبوو، نەخاسمە لە کەرکووک لەلایەن کۆمپانیای نەوتی عێراقەوە IPC دەیانچەوسێننەوە، یەکەم لەبەر هۆی ڕەگەزی و دووەم چینایەتی، چونکە نوێنەری نەدارانی شاری کەرکووک بوون، بەهۆی سیاسەتی حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانەوە و دەبوو کوردی لەو پێگە یا پۆستانە دوور بخستایەتەوە، ئەمەشیان بەچەندین شێواز ئەنجام دەدا، بەڵام نەگەیشتە ئەو ڕادەیەی تەقینەوەی ڕەگەزپەرستی ڕوو بدات بەدەرکردنی کورد لە شارەکەیاندا، وەک ئەوەی لە کاتی سەدامدا ڕووی دا. بگرە پرۆسەی بەعەرەبکردن گەیشتە ڕادەی ئازاردانی هەست ئەوەدەمی تاقمی دەسەڵاتدار ناوی گەڕەک و شەقام و سەیرانگە و قوتابخانە و ناوی دوکانەکان و کتێبخانە و ریستۆرانت و یانە و مزگەوت و تەکیە و..... هتد، گۆڕی بۆ ئەو ناوانەی هەستەکان بەیندار دەکەن، وەک:

عرووبە و ئەو ناوانەی دەلالەت لە ڕەگەزپەرستی دەدەن، وەک: عبدالملک بن مروان (هێمای بەعەرەبکردنی دیوان و پارە لە سەردەمی بەنی ئومەییەی ناسراو بەڕەگەزپەرستی و تایفەییان و دژ وەستانەوەی ئالل بەیت و شەرعی ئیسلامی و بۆ موسڵمانانی ناعەرەب).

***

لەسەرمانە ستایشی کارەکەی مامۆستای پارێزەر تاریق جەمباز بکەین، ئەو کاتی دۆسیەی تاوانەکانی ڕێژیمی سەدام حوسێنی بڵاو کردەوە لەژێر ناونیشانی (پاکتاوی ڕەگەزی - گۆڕینی نەتەوەی کورد و تورکمان لە کەرکووک- ٥٠ بەڵگەنامە لە دۆسیەی تاوانەکانی ڕێژیمی سەدام حوسێندا).

بەڵام بەر لەوەی بچینە سەر ناواخنی هەندێک لەم بەڵگەنامانە، بڕگەیەک لە مەکیاڤیللییەوە وەردەگرین لە (میر) لە بەشی سێیەم لەژێر ناونیشانی (موڵکدارێتییە تێکەڵەکان) (ل ٥٨-٧٠ چاپی ٢٠٠٥ - دار الافاق الجدیدة - بەیرووت) لە ڕاسپاردەکانی مەکیاڤیللی سەبارەت بەچۆنیەتیی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکی ئەو زەوییانەی میر خستوونییەتە سەر وڵاتەکەی خۆی، یاخۆ بەر لەم میرە بەزۆر و دوور لە ڕەزامەندیی خەڵکەکەی خرابووە سەر ئەو وڵاتە. بۆیە داوا لە میر دەکات و دەڵێت: ڕەنگە چاکترین ئامراز و لە هەمووی پتر ئاسوودەیی بەدەسەڵاتدار ببەخشێت ئەوەیە دەسەڵاتدار بڕیاری ئەوە بدات بارەگاکەی لەو شوێنە (نوێیە/ لکێنراوە) دابنێت.

ئەم بڕیارە موڵکەکان سەلامەتتر و تەمەندرێژتر دەکات.

بوونی داگیرکەر لەو دەڤەرەدا وای لێ دەکات پشێوییەکان ببینێ و دەمودەست چارەسەریان بکات.

دیکتاتۆری عێراق ئەم سیاسەتەی پێڕەو نەکرد، بەڵام بڕیاری دا هەولێر بکاتە مەڵبەندی ناوچەی

کوردستانی خودموختار (بەپێی ناونانی ڕژێمەکە)، پاشان پایەتەختی هاوینەی عێراق، تاکو نەک هەر لە کەرکووکەوە نزیک بێت، بگرە لە گشت خاکی کوردستانەوە، تاکو فەرمانەکانی بەوێرانکردن و ئەوانەشی لێی دەژین بە زووترین کات بگات.

پاشان مەکیاڤیللی داوا لە میر دەکات کۆلۆنی دابمەزرێنێت (گەڕەکی نیشتەجێکردن) لە شوێنی داگیرکراو، ڕەوەندی سەر بەنەتەوەکەی خۆی تێدا نیشتەجێ بکات. لەگەڵ هێزی سەربازیی زۆری تێدا دابنێت. بەناردنی ڕەوەند بودجەی دەوڵەت مەگەر کەم ئەگینا هیچی تێ ناچێت.

بەم کارەی میر ـ دیکتاتۆر هیچ خراپیی تێدا نییە بۆ ئەوانەی زەوی و ماڵیان زەوت کراوە، گەر دانیشتوانی تازە بهێنرێنە سەر زەوییەکانیان.

هەرچی خەڵکی ڕەسەنی شارەکەن، دوای ئەوەی زەوییەکانیان لەدەست دا و لە گشت شوێنێک نەدار و ئاوارە بوون (نەخوازە لە ئەنبار)، یا شارەکانی کوردستان، دەتوانن ئازار بەڕژێم بگەیەنن. لە دوا حاڵەتی دوامیندا دەبێت هیچ لەگەڵ خۆیاندا نەبەن. هەرچی دانیشتوانەکەی ترە، ئەوانەی زیانیان بەر نەکەوت، ئەوا هێمنیی خۆیان دەپارێزن لە ترسی ئەوەی نەکو بەدەردی برا ئاوارەکانیان بچن.

ئەمەیە مەکیاڤیللی لە (میر)ـەکەی داوا دەکات، کە بە بەزەییتر بوو لە دیکتاتۆرەکەی عێراق، ئەوی بڕیاری دا سیاسەتی پاکتاوی ڕەگەزیی ئەوانی ناو کەرکووکیش (پارێزگەی تەئمیم – بەپێی ناولێنانی خۆیان) بگرێتەوە و دەبێت کورد و تورکمان نەتەوەیان بۆ عەرەب بگۆڕن.

ئێستا بابگەڕێینەوە سەر ئەو دیکۆمێنتانەی دوای ڕزگارکردن لە چنگی ڕژێمی رووخاو لە کەرکووکدا دۆزراونەتەوە:

* دیکۆمێنتێک لە ١٩٩٩/٧/٤دا دەرچووە، ئەم بڕگەیەی لێ وەردەگرین:

"دەمانەوێت پێتانی ڕابگەیەنین، کە (ناوچەی ٢٤ – تۆپزاوە) ساڵی ١٩٨٧ بەمەرسوومێکی کۆماری دەستی بەسەردا گیراوە و وەکو دەڤەرەکانی تری ناوچەکە بووەتە دەڤەرێکی قەدەغەکراو، ئەمەش دوای نەهێشتنی حەوت گوندەکە و شارەدێی یایچی و بنیاتنانی چوار کۆمەڵگە بۆ خێزانە عەرەبە ناسراوەکان بەمتمانەی تەواویان بۆ حزب و شۆڕش و بۆ بەتینکردنی پشتێنەی تەناهی بەدەوری شارەکەدا. بۆ پێشەوە بۆ خەبات.

* بڕیاری (گۆڕینی نەتەوە) بوودییەکان (!) ناگرێتەوە.

لە ٢٠٠٠/٢/٢٩دا دەرچوو، لەگەڵ سیاسەتی برسیکردنی ئەوانی عەرەب نین لە کەرکووک.

١– بە سەرجەم فەرمانبەرانی فەرمانگەکانتان لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی کورد و تورکمان ڕابگەیەنن، نەتەوەی خۆیان بگۆڕن، ئەمەش بەپێی کارڕاییی تایبەت و لە تۆماری ڕەگەزنامەشدا بنووسرێت.

٢– ڕێگەی توند بگیرێتە بەر لە بەرابەر ئەوانەی نەتەوەی خۆیان ناگۆڕن لە دوای ٢٠٠٠/٤/١وە و

(پسوولەی خۆراکیان لێ بسێنرێتەوە!) و بەفەرمی ئەمەیان پێ ڕابگەیەنرێت، لە ڕێگەی بەستنی کۆڕی فراوانەوە سەبارەت بەمە. لە دواییشدا بگوازرێنەوە بۆ ناوچە دوورەدەستەکان و پلە و پایەی کارگێڕییان دابگیرێت. لەگەڵ وەستاندنی زیادەی مووچە و بەرزبوونەوەی ساڵانە و بەخشیش و دەرماڵەی پیشەیی و ختوورەکانیان، ئینجا دەرکردنیان لە خانووە حکوومەتییەکان لە ماوەی (سی) ڕۆژدا.

٣- بڕیاری گۆڕینی نەتەوە کلدان و کرستیان و ئەرمەن و (بوودییەکان!) ناگرێتەوە.

بۆ پێشەوە لە خەباتکردن

ئیمزا

حیکمەت تاهیر خالید

لە ٢٠٠٠/٢/٢٦ سەبارەت بەسڕینەوەی شوێن و پاشماوەی دوژمنان و لە گۆڕانی نیازەکانیان: (دانیشتوانی کەرکووک ئەوانەی بەدەر لە زمانی عەرەبی بەزۆر زمانێکیان بەسەردا سەپێنراوە، ئەوانە دوژمنن و دەبێت ئاسەواری بوونیان لەم شارەدا نەهێڵرێت).

دەقی بڕیارەکە:

١- ئەو ڕاپۆرتانەی لە لێژنەکانی پتەوکردنی زمانی عەرەبییەوە لە سەرجەم قوتابخانەکانی پارێزگەی کەرکووکەوە هاتوون، ئاماژە بەسەرکەوتنی پرۆسەکە بەشێوەیەکی باش دەکەن. زمانی عەرەبی بەسەر گشت قوتابخانەکاندا سەپێنراوە و دەست لە بیناقاقای زمانە (ناوەخۆیی)یەکان گیر کراوە و هیچ ڕۆڵێکیان لە گفتوگۆکردندا نەماوە، بەتایبەت لە بواری پەروەردە و فێرکردن و وانەوتنەوەدا.

٢- لیژنەی سانسۆری ناوەخۆیی لە پارێزگەدا توانی سەرجەم ناوەکان و ناوی شوێنە بازرگانی و پیشەسازی و گازینۆ و چایخانە و مزگەوت و تەکیە و شەقام و شوێنە دێرینەکان بگۆڕێت، کە بە(دیالێکت) و زمانی کوردی و تورکمانی نووسرابوون.

٣- ئەوە بوو بەناوی عەرەبی (ڕەسەن و دێرینی مێژوویی) گۆڕان، کە لەگەڵ سەرجەم گۆڕانەکەدا بێنەوە، ئەوە بوو هەموو جومگەکانی ژیانی لەناو مەڵبەندی پارێزگەی تەئمیم (کەرکووک)دا گرتەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە لە خەباتکردن.

ئیمزا

نافع سەلمان موتڵەگ

وەکو دەبینین ڕاسپاردەکانی مەکیاڤیللیی مامۆستا بە بەزەییانەتر بوو لەوەی قوتابییەکانی پێڕەویان کرد(!).

* جێبەجێکردنی پلانی ڕاگواستنی هاووڵاتییانی ناعەرەب لە سەنتەری پارێزگەی تەئمیمەوە.

زۆر نهێنییە. ٢٠٠٠/٤/١٦.

"بە پشتبەستن بەڕێنوێنییە تایبەتەکانی ناوەند، کە لە وەزارەتی ناوەخۆوە دەرچووە، هەمبەر ڕاگواستنی هاووڵاتییانی ناعەرەب لە پارێزگەی تەئمیمەوە بۆ دەرەوەی ناوچەکە و لەبەر هۆکاری تەناهیی تایبەت بە پارێزگەکە و لەبەر ڕووناکیی ئەنجامەکانی سەرژمێریی ساڵانەی دانیشتوان و هەڵاتووان بۆ دەرەوەی عێراق. ئەم هاووڵاتییانەی لەم لیستە هاوپێچەدا ناویان هاتووە بۆ ڕاگوێزان و ٢٠٠٠/٤/١٥ لە ڕێگەی لێژنەی تایبەتی تەناهی و لە ماوەی یەک ڕۆژدا(!).

کاری پێویست کرا سەبارەت بەمردە ماڵ و (الاموال الغير منقوله) و ئامێرە کارەباییەکان".

بۆ زانین و خوێندنەوە.

ئیتر بۆ پێشەوە لە خەباتکردن.

ئیمزا

سەرتیپ (عمید)/ نافع سەلمان موتڵەگ

هەواڵنامەی کتێب

* بۆ پارێزگەی تەئمیم ٢٠٠٠/٧/٢

دوای توێژینەوەی پلانی ساڵانە بۆ پاکتاوی کەرکوک لە (ڕەگەزی دەرەکی - العرق الدخيل)

ئەم ڕێنوێنییانەمان دەرکرد:

یەکەم: دەستکردن بەڕاگواستنی هاووڵاتییانی ناعەرەب لە شارەدێ و شارۆکەکان و گوندەکانی سەر بەپارێزگەی تەئمیم، ئەمەش لەبەر ڕووناکیی ڕێنوێنییە تایبەتەکان و ئەو هۆیانەی وا دەخوازن.

دووەم: ئەو هاووڵاتییانەی ڕاگواستن دەیانگرێتەوە، سەرپشک دەکرێن بۆ پارێزگەی ڕومادی (ئەنبار)، یان پارێزگەکانی باکور (تەنیا سلێمانی).

سێیەم: ئەو ڕاگوازراوانەی پارێزگەی ئەنبار هەڵدەبژێرن، ڕێگەیان پێ بدرێ هەموو شتومەکی ماڵەکەیان بگوازنەوە بەئامێرە کارەباییەکانیشەوە. دەستیش بەسەر هی ئەوانەدا بگیرێت، کە ڕوو لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکەن.

چوارەم: وەستاندنی ڕاگواستنی هاووڵاتییانی تورکمان، لەبەر نەگۆڕینی نەتەوەیان(!) تا ماوەیەکی تر. هەوڵیش دراوە بۆ ناچارکردنیان بەگۆڕینی نەتەوەیان(!).

پێنجەم: ئەم ڕێنوێنییانەی سەرەوە لە ٢٠٠٠/٧/١٥وە جێبەجێ دەکرێن.

ئیتر بۆ پێشەوە لە خەباتکردن.

ئیمزا

فەریق ڕوکن/ سەعدون عەلوان ئەلموسڵح

ج/ وەزارەتی ناوەخۆ بۆ کاروباری تەناهی

ڕێزدار ڕازگری لقی کەرکووکی حزبی پێشڕەوی بەڕێز

٢٠٠٠/٧/١٠

ب: تەرخانکردنی زەویی کشتوکاڵی

لەبەر حەزی تاکەکانی هۆزی ئەلبو مەفرەج، کە لەم لیستە هاوپێچەدا ناویان هاتووە بۆ خانوو و کۆمەڵگەیەک بۆیان لە دەڤەری (کتکە)ی سەر بەشارەدێی ئاڵتوون کۆپری، کە هاوکات دێتەوە لەگەڵ ڕێنوێنییەکانی سەرکردایەتییە حەکیمانەکەمان و لە سەرووی هەموویانەوە سەرکردەی ڕەمز بەڕێز سەدام حوسێن (خوا بیپارێزێت) لە پترکردن و چڕکردنەوەی دانیشتوانی عەرەب و دابینکردنی پشتێنەی تەناهیی شاری کەرکوک، تکایە ڕەزامەندی بفەرموون لەسەر تەرخانکردنی زەویی کشتوکاڵی بۆیان لە (کتکە)ی سەر بە شارەدێی ئاڵتوون کۆپری (ئامادەییی تەواویان تێدایە بۆ هەموو کات لەوێ نیشتەجێ بن) و جێبەجێکردنی ئەوی پێویستە لێیان.

لەگەڵ ئەوپەڕی سوپاس و ڕێزماندا.

هاوپێچ: لیستی ناوی جووتیارەکان

مەکتەبەی کتێب

* نهێنی و تایبەتە

بۆ: ڕێکخستنەکانی پارێزگەی تەئمیم ٢٠٠١/٣/٢٧

ب: زانیاری

تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت بازرگانی و کاروباری ئابووری لە شاری کەرکووک بەدەست (کورد و تورکمان)ـەوەن. تکایە زانیاریتان هەبێ و بەباشی دەزانین کەسانی عەرەب ئامادە بکرێن بە مەبەستی هەڵبژاردنیان بۆ ئەندامێتی لە ژووری بازرگانی و زیادکردنی ڕێژەی عەرەب تێیدا بەڕێژەیەک لە ٥٠٪ کەمتر نەبێت، کە لە مانگی داهاتوودا هەڵبژاردنەکەیان ئەنجام دەدرێت و کاندیدە عەرەبەکان بۆ هەڵبژاردنەکە ڕۆشنبیر بکرێن، لەبەر زامنکردنی بردنەوەیان.

ئاگەدارمان بکەنەوە. لەگەڵ ڕێزماندا.

فەریق ڕوکن

قەیس عەبدوڕەزاق محەمەد جەواد

پارێزگاری تەئمیم

کۆماری عێراق

وەزارەتی بازرگانی

پلانێکی تەناهیی بازرگانی

بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی دیوانی سەرکردایەتی لە ٢٠٠٠/١/٩ ئەم ڕێنوێنییانەی خوارەوەمان دەرکرد، بەپێی ئەوە ڕێ لە (هاووڵاتییە عێراقییە!) ناعەرەبەکان دەگیرێت ئەمانەی خوارەوە بکەن:

١- هێنان و کڕین و فرۆشتن و بەکرێگرتن و بەکرێدانی ئامرازە هەمەچەشنەکانی گواستنەوەی تایبەت، کە لە دوای ٢٠٠٠/٣/١ـەوە دێنە وڵاتەوە.

٢- کاری بازرگانی لەسەر هێڵی وڵاتە دراوسێکان.

٣- موڵکدارێتیی زیندەماڵ و مردەماڵ و هەموو جۆرە ئامێر و ئامرازێک و هۆیەکانی گواستنەوە، کە لە دوای ٢٠٠٠/٣/١ـەوە دێنە وڵاتەوە.

٤- بنیاتنانی بینا و کۆگا و دامەزراوەی هەمەچەشن.

٥- بەشداریکردن لە کەمکردنەوە و زیادکردن و چوونە ناو هەموو جۆرە بەڵێندەرایەتییەکەوە لە سەرجەم بەشەکانی دارایی و ئابووریی عێراقی و بیانی.

ئیمزا

فەریق ڕوکن/ سەعد خالید ئەلعوبێدی

بەرپرسی کاروباری تەناهی

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوەخۆ. پارێزگەی تەئمیم

نووسینگەی تایبەت

مێژوو: ٢٠٠٠/١/١٣

بۆ کاروباری ناوەخۆ/ دیوان

ئاگەدارکردنەوەی لێژنەی سانسۆری ناوەخۆ لە پارێزگە بە پابەندبوونی خاوەن شوێنە بازرگانی و پیشەسازییەکان بەگۆڕینی ناو و ناونیشانە تۆمارکراو و نووسراوەکانی شوێنەکانیان بەزمانی ناعەرەبی، وەکو ناوی کوردی و تورکمانی.

ئەمەش سەرجەم دوکان و شوێنەکان دەگرێتەوە: (چایخانە، مۆبیلیات، گازینۆ، گەرماو، مزگەوت، تەکیە، گۆڕ، کۆڵان، شەقام، شوێنە مێژینەکان، سالۆنی سەرتاشین و بووک گواستنەوە و جوانکاری، شوێنی گەمە و ڕابواردن و وەرزش... هتد) و گۆڕینیان بۆ ناو و ناونیشانی عەرەبیی

خودان سیفەتی شۆڕشگێڕی (حزبیی ناسراو).

ئیتر بۆ پێشەوە لە خەباتکردن.

لیوا ڕوکن/ نەوفەل ئیسماعیل خزەیر
پارێزگاری تەئمیم
سەرۆکی لێژنەی تەناهی لە پارێزگە

بسم الله الرحمن الرحیم(!)

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوەخۆ. کاروباری تەناهی

بۆ: پارێزگەی تەئمیم

نووسینگەی تایبەت. ژمارەی نهێنی/ ١٦٤٣١٦

سەبارەت بە ڕەوشی نەسرۆ و پڕ لە شڵەژانی قوتابخانەکانی کەرکووک. لابردنی هەندێک دیاردەی نەرێنی بۆ سەرخستنی پرۆسەی پەروەردە لەسەر ڕەوتی نەتەوەیی(!) و یەکخستنی ڕیزەکان(!). ڕێگە نەدان بەبێگانە کەلێن بدۆزێتەوە، نەکو دەست وەربێنێ و گەمە بەئاوەزی نەوەی تازەهەڵچوو بکات(!) بەدروشمی ڕەگەزپەرستی. لەبەر ئەمە لەسەر هەموو قوتابیانی قوتابخانەکانی پارێزگاکان لەسەر ئەم ڕێنوێنییانەی خوارەوە بڕۆن:

یەکەم: پەروەردە و فێرکردن و خوێندن بە هەموو قۆناغەکانیانەوە (دایەنگە و سەرەتایی. ناوەندی. ئامادەیی ئەکادیمی و پیشەیی و پەیمانگە و کۆلێجەکان) تەنیا بەزمانی عەرەبی بن. بۆیە دەبێت پابەند بن بەمانەوە:

أ- بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەم زمانانە بەکار بهێنرێن (کوردی، تورکمانی، ئاشووری، کلدانی) لەلایەن دەستەی فێرکردن و دەستەی وانەوتنەوەوە لە کاتی وانەوتنەوەدا، یان ئەو ڕستانەی قورسن، جگە لە زمانی عەرەبی (لە کاتی دەوامدا).

ب- بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەو زمانانەی ئاماژەمان پێ کردن بەکار ببرێن لە لایەنی دەستەی فێرکردن و وانەوتنەوەوە لەگەڵ قوتابیان لە ماوەی پشوودا.

ج- بەهیچ شێوەیەک نابێت ئەو زمانە ناوەخۆییانە جگە لە عەرەبی لەنێو قوتابییەکان خۆیاندا بەکار ببرێن.

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوەخۆ. پارێزگەی تەئمیم

بۆ بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و فێرکردن

ب: گشتاندن

هاوپێچ ڕێنوێنییە تایبەتەکان لە وەزارەتی ناوەخۆوە دەرچووە. بەژمارە ١٢١١٣ لە ١٩٩٩/٩/٢١ کە بەیاداشتی نووسینگەی تایبەت پێمان ڕاگەیەنراوە، برێتییە لە پابەندبوون بە جێبەجێکردنی زمانی عەرەبی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا. لەگەڵ وازهێنان لە شێوەزمانە ناوەخۆییە (دەرەکییەکان) لە زمانەکانی تر.

بەوردی پابەند بن بەو ڕێنوێنییانەوە. لێژنەیەکی تایبەتیش لە بەڕێوەبەرایەتی پێک بێت ئەرکی بەدواداچوون بەسەر لێژنە تەناهییەکانی تردا لە هەموو قوتابخانەکانی پارێزگە بگرێتە خۆ. ڕاپۆرتی ناوبەناویش بۆ لێژنەی تەناهیی پارێزگە بەرز بکرێتەوە و ئاگەدار بکرێینەوە.

هاوپێچ: ڕێنوێنییەکانی وەزارەتی ناوخۆ.

ئیتر بۆ پێشەوە (بەرەو عەقیدە و خەبات).

سەرتیپ/ نافع سەلمان موتڵەگ

کۆماری عێراق

وەزارەتی ناوەخۆ. پارێزگەی تەئمیم

نووسینگەی تایبەت

بۆ: وەزارەتی ناوەخۆ

کاروباری تەناهی

هەوڵنامەی کتێب

وا لە خوارەوە زانیاریتان لەسەر ڕاگواستنی هاووڵاتییان لە پارێزگەی کەرکووک بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پارێزگەی ئەنبار بۆ دەنێرین. لەبەر هۆکاری تەناهی و لەبەر ڕۆشنایی ڕێنوێنییەکانی ناوەند. لە ١٩٩٨/١/١ تا ١٩٩٨/١٢/٣١ بۆ دەنێرین، بەم شێوەیە:

١- ژمارەی خێزانە کوردە ڕاگوێزراوەکان سەد و حەفتا و دوو خێزانن. سەد و سی و شەش خێزانیان بۆ پارێزگەی سلێمانی گواستراونەتەوە، حەڤدەیش بۆ پارێزگەی هەولێر. نۆزدە خێزانیش بۆ پارێزگەی ئەنبار.

٢- ژمارەی خێزانە تورکمانە ڕاگوێزراوەکان حەڤدە خێزانن. نۆ خێزانیان بۆ پارێزگەی سلێمانی گواستراونەتەوە. هەشت خێزانیشیان بۆ پارێزگەی ئەنبار.

٣- تێکڕای هاووڵاتییەکان = ١١٦٧ کەسن.

ئیتر بۆ پێشەوە (بەرەو عەقیدە و خەبات).

لیوا ڕوکن/ نەوفەل ئیسماعیل خزەیر

پارێزگاری تەئمیم

بسم الله الرحمن الرحيم

نهێنی و بەپەلە

بۆ: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەواڵگری

ب: ڕاییکردن (!)

"دوای فەرمانی ڕاستەوخۆ لەلایەن خودی سەرکردایەتیی سیاسییەوە و بەهەڵسانمان بەپرۆسەکانی ئەنفالی یەکەم و دووەم، کە تێیدا کۆمەڵی جیاجیامان گرت، لە نێویاندا کۆمەڵێک کیژیان تێدان، تەمەنیان لە ١٢ بۆ ٣٣ ساڵن نەک ١٤ بۆ ٢٩ ساڵ، وەکو لەو یاداشتەدا هاتووە، کە ژمارەی ١١٠١ بە مێژووی ١٩٨٩/١٢/١٠ لەخۆ دەگرێت، ئێمەش بەپێی فەرمانی ئێوە کۆمەڵێک لەو کچانەمان بۆ تیاترۆخانە و یانە شەوانەییەکانی کۆماری میسری عەرەبی (خوشکە گەورە!) نارد، بەپێی (داواکاریی ئەوان). هاوپێچ لیستی ناوی ئەو کچانەیە لەگەڵ تەمەنی هەریەکێکیان. بفەرموون بۆ ئاگەداریتان لەگەڵ ڕێز".

ئیمزا

بەڕێوەبەرایەتی هەواڵگریی پارێزگەی تەئمیم

بێ نووسینی ناوی بەڕێوەبەرەکەی

(بەم شێوەیە: گەلاوێژ، چیمەن، شلێر، کوێستان، سروە، سۆزە و دەیانی تر لە کیژانی پاکیزەی کوردستان بە سۆزانیخانەکان تا کاریان تێدا بکەن، فرۆشران. ئەمەش لە ئەستۆی ڕێژیمە کە بەدرۆ برگەی (الله اکبر)ی لە ئاڵاکەی داوە، ڕێژیمێکی ناوازەی وا پاڵ بە کچانی میللەتەکەیەوە دەنێت، تاکو ناموسیان بەسوورخانەکانی وڵاتێکی برا بفرۆشێت!).

وێنەیەک لە فۆرمی (تصحيح القومية)...

بسم الله الرحمن الرحيم

السيد مدير احصاء محافظة التأميم المحترم

الموضوع: تصحيح قومية

يرجي التفضل بالموافقة على تصحيح قوميتي من القومية.......... الى القومية العربية.

وتفضلوا بقبول جزيل الشكر والتقدير

طابع ٢٥ دينار

المواطن:

الاسم:

العنوان:

هەوڵنامەی کتێب

التأريخ:

بسم الله الرحمن الرحيم

کۆماری عێراق

ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

ژمارەی بڕیار ١٩٩٠

مێژووی بڕیار ١٨/ جمادی الاخر ١٤٢٢ لە ٢٠٠٢/٩/٦

لەبەر بوونی دۆخەیلی بۆماوە لە تۆماری کاتی فەرمانڕەواییی عوسمانییەکان لە عێراقدا و لە پێناو دانی ماف بەعێراقی نەتەوەی خۆی هەڵبژێرێت و بێتەوە لەگەڵ پرەنسیپەکانی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیستی، کە عەرەب ئەو کەسەیە لە نیشتمانی عەرەبیدا بژێت و بەزمانی عەرەبی بدوێت و عروبەی بە نەتەوەی خۆی هەڵبژاردبێت، بە پشتبەستن بە بڕیارەکانی بڕگەی (؟) لە مادەی چل و دووی دەستوور، ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش بڕیاری دا:

یەکەم: هەر عێراقییەک هەژدە ساڵی تەواو کردبێت، مافی ئەوەی هەیە نەتەوەکەی بگۆڕێت بۆ نەتەوەی عەرەب.

دووەم: داواکاریی گۆڕینی نەتەوە پێشکێش دەکات بۆ فەرمانگەی ڕەگەزنامە و باری شارستانی، کە کەسەکەی تێدا تۆمار کراوە.

سێیەم: بەڕێوەبەرایەتیی ڕەگەزنامە و باری شارستانی لە پارێزگە ئەمە جێگیر بکەن، لە داوایەکدا لە ماوەی ٦٠ ڕۆژ لە پێشکێشکردنی.

چوارەم: لە تۆماری شارستانی گۆڕینی نەتەوە جێگیر بکات و ببێتە بناغەیەک بۆ چاککردنی تۆمار و دیکۆمێنتە فەرمییەکانی تر.

پێنجەم: وەزیری ناوەخۆ ڕێنوێنیی دەربکات بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی بەندەکانی بڕیارەکە.

شەشەم: بڕیارەکە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمییەوە جێبەجێ دەکرێت.

سەدام حوسێن

سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش

هەواڵنامەی کتێب

# فاکتی تاوانی جینۆساید
# لە ڕۆژئاوای کوردستاندا

د. مارف عومەر گوڵ

گەلی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان لە چەوساندنەوەیەکی نەتەوەییی بەردەوامدایە. جۆری سیاسەتی ڕێژیمی سووریا جیاوازە لەگەڵ سیاسەتی وڵاتە داگیرکەرەکانی تری کوردستان. لە ڕۆژئاوای کوردستان نە بزووتنەوەیەکی چەکدار هەیە و نە شەڕیش هەیە، بۆیە جێبەجێکردنی سیاسەتی جینۆساید لەم بەشەی کوردستاندا، میتۆد و نەخشەی جیاوازی گرتووەتە خۆ. مەرج نییە جینۆساید هەر لە کاتی شەڕدا یا بەهۆی شەڕەوە بێتە ئەنجامدان، هەروەکو پەیماننامەی ١٩٤٨ لەبارەی قەدەغەکردنی جینۆساید و سزا خستنە سەر تاوانکارانی جەختی لەسەر کردووە. جینۆساید نەک هەر لە سەردەمی شەڕدا، بگرە لە سەردەمی ئاشتیشدا دێتە ئەنجامدان، چونکە مەبەست لە جینۆساید هەر فەوتاندنی فیزیکی (بەدەنی) مرۆڤ نییە بە تەنیا، بگرە فەوتاندنی کولتووری-نەتەوەیی مەترسییەکەی لەوەدایە، ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە پێوەندیی نەتەوەیی یەکیان دەخات، بوونی نامێنێ و بە درێژاییی مێژووی ئاسەواری کوێر دەبێتەوە. ئەمەش دەبێتە زەبر بۆ مێژوو و مرۆڤایەتی، چونکە کولتوور و ئابووری و سیاسەت و مێژووی شارستانیەتی نەتەوەیەک هەڵدەتەکێندرێ و لووش دەدرێ.

هەر لە دامەزراندنی دەوڵەتی سووریا و لکاندنی هەندێ ناوچەی ڕۆژئاوای کوردستان پێوەی، حکوومەتی سووریا کەوتە پەیمانکاری لەگەڵ تورکیا و عێراق و ئێراندا. یەکێ لە مەبەستە گرینگەکانی ئەو پەیمانکارییە، هاوجووتکردنی هەوڵ و تەقەڵلای سووریا لەگەڵ ئەو وڵاتانەدا بۆ بەربەرەکانێ و بەربەندکردنی هەر بزووتنەوەیەکی کوردییە، چونکە پاشەڕۆژی ئەو بزووتنەوەیە بە مەترسی دادەنێن بۆ لەتکردنی ئەو سنوورە دەسکردەی کە لە نێوان ئەو وڵاتانەدایە.

لە ١٩٢٦/٥/٣٠دا پەیماننامەی دۆستایەتی لە نێوان تورکیا و فرەنسادا مۆر کرا، پاشتر پرۆتۆکۆڵی ژمارە هەشت وەکو پاشکۆی ئەو پەیماننامەیە مۆر کرا، لەبەرئەوەی ئەو کاتە سووریا لەژێر منداتی فرەنسادا بوو، بەگوێرەی بەندی یەکەمی ئەو پرۆتۆکۆڵە، سووریا و تورکیا پابەندن

بە بەرهەڵستیکردنێکی هاوبەش لە دژی هەر کەس و دەستەیەک بێت لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان هەردوو لایان. بەگوێرەی بەندی سێیەم و چوارەمیش، هەردوولا "تاوانباران" کە ئاودیو دەبن، دەگرن و تەسلیمی یەکتری دەکەنەوە[١]. ئەوە ئاشکرایە کە تاوانباران و چەکداران مەبەست لەو هێز و گرووپە کوردییانەیە کە ئەو سەردەمە لە خەباتدا بوون بۆ وەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد.

ساڵی ١٩٤٦ لە دوای کۆتاییهاتنی ماندانی فەرەنسا لە سووریا، کە سەربەخۆیی ڕاگەیاندرا، ئیتر حکوومەتی سووریا کەوتە جێبەجێکردنی سیاسەتی (پشتێنی عەرەبی) و تەعریبکردنی ناوچە کوردییەکان لەسەر سنووری تورکیا و عێراق[٢]. ئەم سیاسەتە دوو پرۆسەی پێ ئەنجام دەدرا، یەکەم تەعریبکردنی ناوچە سنوورییەکان و ڕاگواستنی کورد، دووەمیش، دوورخستنەوەی کوردی دیوی سووریا لە کوردی ناوچە کوردییەکانی دیوی تورکیا و عێراق.

پشتێنی عەرەبی، ناوچەیەکی پان و بەرینی گرتەوە بەدرێژاییی (٣٢٠) کیلۆمەتر و بەپاناییی (٣٠) کیلۆمەتر. پرۆژەیەکی تری سیاسەتی سووریا بەپلانی (سەرژمێریی نائاسایی) کوردەکان ناسراوە و تەنیا بۆ ناوچەکانی کوردستان بوو، کە (١٥٠,٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار کورد بە بێگانە لە قەڵەم دران و بێ بەڵگەنامە و ناسنامەی سووریایی مانەوە. هەروەها دەوڵەتی سووریایی لە ساڵەکانی حەفتاکاندا لەژێر ناوی (گوندی مۆدێرن)دا پرۆژەیەکی تری داڕشت. مەبەستی ئەم پرۆژەیەش بریتی بوو لە ڕاگواستنی چەند خێڵێکی کورد بۆ دەرەوەی ناوچەکانی کوردستان و نیشتەجێکردنی خێڵە عەرەبەکان لە جێگەکانیان[٣].

بەگوێرەی پیلانی (پشتێنی عەرەبی) ڕژێمی سووریا دەیویست لە ماوەی پێنج ساڵدا دانیشتوانی کوردستان ڕیشەکێش بکات و ناچاری کۆچکردنیان بکات. بۆ ئەو مەبەستەش لە بەراییی سنووردا بەقووڵیی (١٥) کیلۆمەتر و بە درێژاییی (٣٧٥)کیلۆمەتر، سەرجەم ٣٣٢ گوندی بەنێوی (کێڵگەی دەوڵەتی)یەوە چۆڵ کرد[٤]. ئەو کارانەش وا ئەنجام دەدرێ، هەر داخوازییەک لەلایەن کوردەکانەوە بکرێ بۆ بەدیهێنانی مافی نەتەوەیی، ئەوا بەکوشتن و برین وەڵام دەدرێتەوە. بۆ بەربەندکردنی هەموو هەوڵێکیش، ڕێکخراو و کەسانی ناوداری کورد چەوساندنەوەیەکی توند کەوتووەتە سەریان[٥].

حکوومەتی سووریا لە پرۆگرامی خوێندندا ئەوەی جێگیر کردووە کە کوردەکان لە شوێنی ترەوە هاتوون و لەو ناوچانەدا جێگیر بوونە[٦]. ئەمەش ڕەفزکردنی ڕاستییەکی مێژووییە کە ئەو خاکەی کورد لەسەری دەژی کوردستانە. لە زانستی مێژوودا ئەوە ڕوون کراوەتەوە کە بوونی کورد لەو ناوچانەی ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستدا لە پێش بوونی تورک و عەرەبیشەوەیە.

پرۆژە نهێنییەکەی (محمد طلب هلال) لێپرسراوی سیاسیی ناوچەکانی جزیرە ساڵی ١٩٦٣ بە ناونیشانی-لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی ناوچەی جزیرە لە ڕوانگەی نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە - لە (١٥٩) لاپەڕەدا، تابلۆیەکی دیاری سیاسەتی سووریایە و نەخشەی لەناوبردنی

گەلی کوردی لە چوارچێوەدا داڕێژراوە. ناوەڕۆکی ئەو پرۆژەیە زۆر بەڕاشکاوی سیاسەتی جینۆسایدی تێدا دیاری کراوە لە دژی بوونی نەتەوەیی کورد. (محمد طلب هلال) دەڵێ: "هیچ گەلێک نییە ناوی -کورد- بێت، میللەتێکیش نییە ناوی میللەتی کورد بێ".. هەروەها دەڵێ: "هەرگیز زمانێک نادۆزینەوە ناوی زمانی کوردی بێ".. ناوبراو زۆر بێ ئابڕووانە پێی لێ دادەگرێ و دەڵێ؛ "کوردەکان نیشتمانێکی نەتەوەییان نییە، بگرە کەسانێکی دانیشتووی چیاکانن..". ئیتر بەقسەی ئاغای هیلال گەلی کورد "مێژووی نییە و شارستانیەتی نییە و زمانی نییە و بگرە ڕەگەزیشی نییە"[٧]. دیارە ئەو بیروڕایەی (محمد طلب هلال)، وەکو کاربەدەستێکی گەورەی سووریا پێشتر ڕەفتاری پێ کراوە، بۆیە وا بەڕاشکاوی و بێ ئابڕووانە کردوویەتی بە پرۆژەیەکی سیاسی و بەنووسراوی بەرزی کردووەتەوە بۆ سەرانی دەوڵەتی سووریا و ئیتر پاشتر لە سیاسەتی ڕەسمیی دەوڵەتدا تەواو ڕەنگی داوە.

ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨ ڕێژیمی سووریا زۆربەی ئەفسەرە کوردەکانی لە سوپا دەرکرد، ساڵی ١٩٥٨ ڕێگەی زانکۆ لە قوتابیانی کورد بۆ کۆلێجەکانی ئەفسەری و پۆلیسی گیرا. کاسێت و چاپەمەنیی کوردی قەدەغە کرا و کەوتنە شکاندن و سووتاندنیان. هەر کەسێک پێی بگیرایە، ئەوا دەخرایە زیندان. دەست کرا بە تەعریبکردن و (١٥,٠٠٠) پازدە هەزار خێزانی عەرەب لە ناوچەکانی حەس و سەلەمیە هێنرانە کوردستان و لە زەوییە بەپیتەکانی زەهیریە و ئەحمەدیە نیشتەجێ کران. لە هاوینی ١٩٦٠دا ژمارەیەکی زۆری سەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی سووریا و نزیکەی (٥,٠٠٠) پێنج هەزار کوردی تر زیندانی کران. ساڵی ١٩٦٢ دەوڵەتی سووریا سەرژمێریی ناوچەکانی کوردستانی کرد، بەپێی ئەو سەرژمێرە ٩٠٪ی دانیشتوانی کوردستان لە مافی هاونیشتمانێتی بێبەش کران و بەڵگە و ناسنامەیان لێ زەوت کرا[٨].

لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦٢دا ڕێژیمی سووریا، سەرژمێریی نائاسایی پارێزگای جەزیرەی کرد، بەگوێرەی ئەم سەرژمێرە زیاتر لە (٢٠٠,٠٠٠) دووسەد هەزار کورد مافی هاونیشتمانێتییان لێ سەندرایەوە و بێ وڵات و بێ ناسنامە مانەوە. تەنانەت گەلێ خێزان هەندێ لە ئەندامانیان بەبێ ناسنامە و هەندێکیش ناسنامەیان هەر ماوە. وەکو دایک و باوک ناسنامەیان هەیە و منداڵەکانیان لێیان سەندراوەتەوە یان بە پێچەوانەوە[٩]. دیارە ئەم سیاسەتەش دەبێتە هۆی ئەوەی، ئەوانەی بێ هیچ ناسنامەیەک ماونەتەوە مافی ژیانیان لێ زەوت کراوە، چونکە نە مافی ئیشکردن، نە کڕین، نە فرۆشتن، نە ژنهێنان یا شووکردن... هتد هیچ یەکێک لەو مافانەیان نییە، کەواتە ڕێگەی بەردەوامبوونی ژیانیان لێ گیراوە. لەلایەکی ترەوە، (٦٠,٠٠٠) شەست هەزار کەس لە دیمەشق بەگوێرەی هەمان یاسای (سەرژمێریی نائاسایی) بەبێ ناسنامە ماونەتەوە[١٠].

سیاسەتی تەعریبکردن لە کوردستاندا، لەلایەکەوە عەرەبی لەو ناوچانە نیشتەجێ دەکرد و لەلایەکی ترەوە پێوەندی کوردی دیوی سووریا و دیوی تورکیا و عێراق لەیەک داپچڕێ و ئەو کوردانەی ناو سنووری سووریا لە ناوچە سنوورییەکانەوە، ڕاگوێزران، کە لە ئاکامدا بەگوێرەی

سـیـاسـەتـی (پشـتـێـنی عـەرەبی)، (١٤٠,٠٠٠) سـەد و چل هـەزار جـووتـیـار و ڕەنجـدەری کـورد جـێگـەکـانـیـان بەعـەرەب پڕ کـرایەوە و زیاتر لـە (٦٠,٠٠٠) شـەست هـەزاری تریش ڕوویان کـردە تورکیا و لبنان و شوێنەکانی تری سووریا[11].

ڕێژیمی سووریاش لەگەڵ ڕێژیمە داگیرکـەرەکانی تری کوردستـاندا بەشدارە لـە دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کورددا. لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٣ یەکەتییەکی سوپایی لە نێوان سووریا و عێراق پێک هات. ئەنجـوومـەنێکی باڵا بۆ بـەرگـریی هـاوبەشی هـەردوولا لە ١٩٦٣/٩/٢دا ڕاگـەیاندرا. سوپای سووریا سنووری بڕی و هاوشانی سوپای عێراق لە ناوچەکانی زاخۆ و دهۆک بە تانک و فڕۆکە و تۆپی قورسـەوە، بە قسـەی عـەبدولسـەلام عـارف (ئەرکی پیرۆز)ی بـەجێ گـەیاند. ڕێژیمی عێراق بە ڕەسمی ڕای گەیاند کـە هێزە چەکدارەکانی سووریا لە (باکوری عێراق!) وا دەجەنگن، سـەرۆکی ئەوسـای عێراق عـەبدولسـەلام عارف لە سـەردانی هێزەکانی سووریادا وتی: "براکانم! بەناوی میللەتی عـەرەبەوە بەخێرهاتنتان دەکەم، سوپاس بۆ یەزدان بۆ ئەم یەکەم بەیەکگەیشتنە. ئێمـە بەخـتـیار و خۆشـحاڵین کـە دەبینین سـەربازانی عێراق و سووریا هـاوشان دەجـەنگن"[12]. بەگوێرەی بیروڕای (محمد طلب هلال)، دەبوایە هێزی سووریا بـەپەلە بەشدار بوایە لە شەڕی دژی کورد لە "باکوری عێراق!"، تا نەخشـەی ڕاگواستن و تەعریبکردنی کوردستـانی سووریا هاوکات بێت لەگەڵ لێدانی بزووتنەوەی کورد لە عێراق، چونکە ئەو شەڕە شـەڕی (چەک و باوەڕ)ـە[13].

چاوگێڕانێک بەنـاوەڕۆکی پڕۆژەکـەی (محـمد طلب هلال)دا، چاکتر لـە سیاسـەتی سووریامان ئاگەدار دەکات، چونکە ئەو پڕۆژەیە بووە بە بەرنامـەی سیاسیی حکوومـەت و جـێبـەجێ دەکرێ. هیلال لە پێشەکیدا مەبەستی پڕۆژەکەی لەبارەی ناوچەی جەزیرە وا ڕوون دەکاتەوە:

(اصبحت اليوم مهددة تدق ناقوس الخطر مستصرخة الضمير العربي الحي لانقاذها وتطهيرها من كل الشوائب والزبد التاريخي لتعود مساهمة فعالة كأخواتها من محافظات هذا القطر – العربي – نظرا لموقعها ومركزها وانتاجها وثروتها)

دەقەکەی بەکوردی:

پارێزگـای جـەزیرە (ئیمـڕۆ بەر هەڕەشـە کـەوتووە و زەنگی مـەترسـی لـێ دەدا و داوا لە ویژدانی زیندووی عەرەبی دەکات تا ڕزگاری بکا و لە هەموو پیسی و پۆخڵەواتێکی مێژوویی پاکی بکاتەوە، تا چالاکانە لەبەرجێگە و شـوێن و بەرهـەم و سامـانی وەکو پارێزگاکانیـترەی ئەم وڵاتە عـەرەبییـە بەشدار بێتەوە)(١٤).

سـەیرە! (محـمد طلب هلال)، خـاوەن دەوڵەت و ئابووری و دەسـەڵات بەدەست، بەجـۆرێک بوونی کورد خستوویەتییە مـەترسییەوە تا هاوار بۆ (ویژدانی زیندووی عـەرەب) ببات و پارێزگای جزیرە لە کـورد ڕزگار بکەن! کوردی نیشـتـمـان دابەشکراو و ئازادی لێ زەوتکراو، ئابووریی وڵاتەکـەی دەکرێتـە چـەک بۆ پڕۆژەی لەنـاوبردنی خـۆی، هێشـتـا بەلای ئاغـای هـیـلالەوە ترسناکـە لەسـەر

(میللەتی عەرەب!). لە ڕاستیدا ئەم بیر و ڕایە، لە ڕادەبەدەر فاشییانە و دژ بە کەمترین و سەرەتاترین مافی ئاسایی مرۆڤە.

پڕۆژەکەی (محمد طلب هلال) بریتییە لە پێشەکی و دەسپێک و شەش فەسڵ. لە فەسڵی یەکەمدا، نووسەر کەوتووەتە شێواندنی مێژووی کورد و نکووڵی لە بوونی دەکات، چ وەک – گەل – یا وەکو –نەتەوە– کە خاوەنی مێژوو و زمان و شارستانییەت نییە و دەڵێ؛ "فهم أناس يعيشون علي ما تقدمة الامم من تراث وحضارات ليس لهم فيها أي سهم ولم يقدمو أو يؤثرو علي تلك الامم والحضارات ولا بشعيرة صغيرة من انتاجهم ايا كانت"(١٥). واتە: "ئەوانە خەڵكێکن لەسەر کەلەپوور و شارستانییەتی میللەتانی تر دەژین، هیچ بەشدارییەکیشیان تێیدا نییە و ئەوەندەی تاڵە موویەکیش هیچیان پێشکێش نەکردووە و بەهیچ جۆرە بەرهەمێکیش کاریان لەو میللەت و شارستانییەتانە نەکردووە".

تەنیا ئەم بیروڕایە خۆی لە خۆیدا پرۆسەکردنی تاوانە دەرهەق بەگەلی کورد، لێرەدا، ئێمە نامانەوێ بچینە سەر ئەو باسەی کە کورد میللەتێکی دێرینەو خاوەن کولتوور و مێژوویەکی تایبەت و سەربەخۆیە، با لە مەبەستی سەرەکیی باسەکەمان دەرنەچین تەنیا دەپرسین، ئەگەر کورد وایە کە کاربەدەستی گەورەو سیاسەت مەدارێکی دەوڵەتی سووریا، وەکو (محمد طلب هلال) دەڵێ، ئەی بۆچی ئەوەندە لە بوونی کورد دەترسێ و سیاسەتی خۆی و دەوڵەتەکەی لەسەر پڕۆژەکەی ئەو داڕێژراوە؟! ئیتر ئەو بیروڕایە نەخشەی فەوتاندنی نەتەوەیی کورد دیاری دەکات، هەر وەکو لە فەسڵی یەکەمدا گەیشتووەتە ئەم ئەنجامە و کێشەی کورد بە مەترسی لەسەر بوونی عەرەب دەزانێ، بۆیە پێی وایە ئەو کێشەیە: "قد اصبحت تهدد الكيان العربي، مغذاة من الجهات المعادية للقومية العربية قديمها وحديثها في الخارج والداخل"(١٦). واتە کێشەی کورد "ئیتر هەڕەشە لە بوونی عەرەب دەکات، چونکە لە دەرەوە و لە ناوەوە لەو لایەنانەوە پشتگیری دەکرێ کە دوژمنی کۆن و تازەی نەتەوەی عەرەبن). کەواتە، دانەر و سیاسەتوانی دەوڵەتی سووریا بڕیار دەدا و دەڵێ؛ "لذا وجب حلها جذريا و وضع الخطط اللازمة لذلك في القطرين الشقيقين سورية والعراق ويكون الحل موحدا والخطة واحدة"(١٧). واتە: "بۆیە پێویستە لە ڕەگ و ڕیشەوە چارەسەری بکرێ و نەخشەی پێویستی بۆ دابنرێ تا لە هەردوو وڵاتی برا، سووریا و عێراق یەک چارەسەر و یەک نەخشەی هاوبەش بێ". ئەوەمان لە بیر بێ، وەکو پێشتر باسمان کرد کە سووریا و عێراق بەسوپای هاوبەش کەوتنە لێدانی بزووتنەوەی کورد، لەلایەک، لەلایەکی ترەوە، تەواوی ئەو خاڵانەی لەو پڕۆژەیەدا دراون بەڕێژیمی سووریا لە پراکتیکدا تا کاتی نووسینی ئەم باسە کاریان پێ دەکرێ، بۆیە سیاسەتی ڕێژیم لە دژی کورد تەواو نەهێشتنی کولتوور و بوونی نەتەوەییە لە چوارچێوەی سووریادا، بگرە بەشداربوونیش لەگەڵ وڵاتانی تری داگیرکەری کوردستاندا.

لە فەسڵی دووەمدا نووسەر دەچێتە سەر باسی بوونی کورد لە پارێزگای جزیرە و دەڵێ؛ "يتكاثف هذا في الامكنة الخصبة بحيث يستعصي عليك ايجاد جيب عربي صغير في بعض المناطق

وخصوصا في منطقة المالكية وقبور البيض والقمشلي وعامودا ويحتلون اخصب المناطق في الجزيرة واكثرها امطارا"(١٨). هەرچەند ئاغای دەسەڵاتدار نکوڵی لە بوونی نەتەوەیی کورد دەکات و بوونی خاکی کوردستان لەلای ئەو نییە، بەڵام ئەم بیروڕایەی ئیسپاتی ئەوەیە کە خۆی بە درۆ دەخاتەوە و ڕوونی دەکاتەوە کە زۆربەی دانیشتوانی کوردستان کوردن و کوردستانیش وڵاتێکی دەوڵەمەندە.

سەرنج بدەن دەڵێ؛ "یحتلون اخصب المناطق" واتە بەپیتترین ناوچەیان داگیر کردووە، وشەی (داگیر کردووە) بەکار دەهێنێ، پێی وایە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، کورد هاتوون و خاکی عەرەبیان داگیر کردووە. پاشتر نووسەری پرۆژەکە دەچێتە سەر باسی نەوەی نوێی کورد و دەڵێ؛ "ان هذا الجيل الذي اصبح متعلما هو عنصر الخطر"(١٩). بەلای ئەوەوە نەوەی نوێی کورد کە خوێندەوارە، جێگەی مەترسییە. بۆیە وای بۆ دەچێ: "كان يقال قديما عربوهم بالعلم وكانت النتيجة ان العلم الذي قدمناه لهم اصبح السلاح الاول والعقائدي بين ايديهم"(٢٠). واتە: "لەکۆندا دەیانوت بەزانیاری تەعریبیان بکەن. بەڵام ئەنجامەکەی وا کەوتەوە ئەو زانیارییەی کە پێشکێشمان کردن، بوو بە یەکەم چەکی باوەڕ بە دەستیانەوە". کەواتە پێی وایە بەزانست خەڵکی کوردستان زیاتر بوونە بەدوژمن بۆیە دەڵێ؛ "خلقنا لانفسنا بأنفسنا أعداء الداء أشداء جمعوا بين الشراسة والعقيدة والحجة بل والبيان"(٢١). هەر بۆیەش داوا دەکات و دەڵێ؛ "نقترح سياسة التجهيل لاننا لسنا بحاجة لخلق دائم_ وتجديد مستمر بعد الان وبواسطة مدارس الدولة ومعاهدها حيث اثبتت التجربة عكس ماكان يقال – علموهم يستعربون"(٢٢). واتە: "پێشنیازی سیاسەتی تجهیل دەکەین. چونکە ئێمە لەمەودوا ئیتر پێویستمان بەداهێنانی هەمیشەیی و نوێکردنەوەی بەردەوام نییە بەهۆی قوتابخانە و ئامۆژگاکانی دەوڵەتەوە، تاقیکردنەوە پێچەوانەی ئەوەی ساغ کردەوە کە وتراوە –فێریان بکەن تەعریب دەبن".

ناوەڕۆکی تەواوی پرۆژەکەی (محمد طلب هلال)، کە مەبەستی سەرەکییە لە داڕشتنی نەخشە و پیلانی فەوتاندنی کورد و تەعریبکردنی خەڵکەکە و خاکەکەیان، لە (١٢) خاڵدا بەمجۆرە خراوەتە ڕوو، وا دەقاودەق وەکو خۆی دەیاننووسینەوە:

١- ان تعمد الدولة الى عمليات التهجير الى الداخل مع التوزيع في الداخل ومع ملاحظة عناصر الخطر اولا فأول. ولابأس ان تكون الخطة ثنائية او ثلاثية. السنين تبدأ بالعناصر الخطرة لتنهي الى العناصر الاقل خطورة وهكذا...

٢- سياسة التجهيل: أي عدم انشاء مدارس او معاهد علمية في المنطقة لان هذا اثبت عكس المطلوب بشكل صارخ وقوي..

٣- ان الاكثرية الساحقة من الاكراد المقيمين في الجزيرة يتمتعون بالجنسية التركية. فلابد لتصحيح السجلات المدنية وهذا يجري الآن انما نطلب ان يترتب على ذلك آجلا وكل من لم تثبت جنسيته

وتسليمه الى الدولة التابع لها. اضف الى ذلك يجب ان يدرس من تثبيت جنسيته دراسة ايضا معقولة وملاحظة كيفية كسب الجنسية لان الجنسية لاتكسب الا بمرسوم جمهوري. فكل جنسية ليست بمرسوم يجب ان تناقش تبقى من تبقى أي الاقل خطرا وتنزع من تنزع عنة الجنسية لتعيده بالتالي الى وطنه.

ثم هناك تنازع الجنسيات فانك تجد احدهم يحمل جنسيتين في آن واحد او قل ثلاث جنسيات. فلابد والحالة هذه ان يعاد الى جنسيته الاولى وعلى كل حال فالمهم مايترتب على ذلك الاحصا و والتدقيق من اعمال، وحيث يجب ان تقوم فورا عمليات الاجلاء.

٤- سد باب العمل: لابد لنا مساهمة في الخطة من سد ابواب العمل امام الاكراد حتى نجعلهم في وضع اولا غير قادر على التحرك وثانيا في وضع غير المستقر المستعد للرحيل في اية لحظة وهذا يجب ان ياخذ به الاصلاح الزراعي اولا في الجزيرة بان لا يؤجر ولا يملك اكراد والعناصر العربية كثيرة وموفورة بحمدالله.

٥- شن حملة من الدعاية الواسعة بين العناصر العربية ومركزة على الاكراد بتهيئة العناصر العربية اولا لحساب ما وخلخلة وضع الاكراد، بحيث يجعلهم في وضع قلق وغير مستقر.

٦- نزع الصفة الدينية عن مشايخ الدين عند الاكراد وارسال مشايخ بخطة مرسومة عربا اقحاحا. او نقلهم الى الداخل بدلا من غيرهم. لان مجالسهم ليست مجالس، دينية ابدا بل وبدقة العبارة مجالس كردية. فهم لدى دعوتهم الينا لايرسلون برقيات ضد البرزاني انما يرسلون ضد سفك دماء المسلمين، واي قول هذا القول.

٧- ضرب الاكراد في بعضهم وهذا سهل وقد يكون ميسورا بأثارة من يدعون منهم بانهم من اصول عربية على العناصر الخطرة منهم. كما يكشف هذا العمل اوراق من يدعون بانهم عربا.

٨- اسكان عناصر عربية وقومية في المناطق الكردية على الحدود فهم حصن المستقبل ورقابة بنفس الوقت علي الاكراد يثما يتم تهجيرهم. ونقترح ان تكون هذه العناصر من شمر لانهم اولا افقر القبائل بالارض وثانيا مضمونين قوميا مئة بالمئة.

٩- جعل الشريط الشمالي للجزيرة منطقة عسكرية كمنطقة الجبهة بحيث توضع فيها قطعات عسكرية مهمتها اسكان العرب واجلاء الاكراد وفق ماترسم الدولة من خطة.

١٠- انشاء مزارع جماعية للعرب الذين تسكنهم الدولة في الشريط الشمالي على ان تكون هذه المزارع مدربة ومسلحة عسكريا كالمستعمرات اليهودية على الحدود تماما.

١١- عدم السماح لمن لايتكلم اللغة العربية بأن يمارس حق الانتخاب والترشيح في المناطق المذكورة.

١٢- منع اعطاء الجنسية السورية مطلقا لمن يريد السكن في تلك المنطقة مهما كانت جنسيته الاصلية (عدا الجنسية العربية. الخ..) هذا وان هذه المقترحات ليست كافية بل اردنا منها اثارة المسؤولين

بحسب خبرتنا لتكون تباشير مشروع خطة جذرية شاملة لتؤخذ للذكى بعين الاعتبار(٢٣).

کورتەی ئەو (١٢) خاڵە بەمجۆرەیە:

١- ڕاگواستن، بە تایبەتی لە سەرەتاوە ئەوانەی کە زیاتر مەترسییان لێ دەکرێ.

٢- سیاسەتی-تجهیل- : واتە نەکردنەوەی قوتابخانە لە ناوچەکەو ڕێگەگرتن لە خوێندن.

٣- ئەوانەی لە تورکیاوە هاتوون، ناسنامەی سووریاییان لێ وەربگیرێتەوە و ڕەوانە بکرێنەوە.

٤- ئیش نەدرێ بە کوردەکان تا بێ ئیش بن و ئاژاوە و ناخۆشییان تێدا بڵاو بێتەوە و ناچاری کۆچکردن بن.

٥- پڕوپاگەندەکردن لەناو عەرەبەکاندا لە دژی کوردەکان تا وەزعیان بشێوێ.

٦- ڕێگەی داوونەریتی ئاینی لەناودارانی ئاینی لەناو کوردەکاندا بگیرێ و بە نەخشەی تایبەت شێخە عەرەبە ڕەسەنەکان بۆ ئەو ناوچانە ڕەوانە بکرێن.

٧- ئاژاوە دروستکردن لەناو کورداندا، بەجۆرێک هەندێکیان وەکو عەرەب باس بکرێن لە دژی ئەوانەی کە مەترسییان لەسەرە.

٨- نیشتەجێکردنی کەسانی عەرەبی نەتەوەیی لە ناوچە کوردییەکاندا، بە تایبەتی عەشایری (شمر) چونکە خاوەنی زەویزار نین، تاکو خۆیان بە زەویزاری کوردەکانەوە بگرن.

٩- ناوچەکانی سەرووی جەزیرە بکرێن بە پایگا و سەربازگە وەکو بەرەی شەڕ سوپای لێ جێگیر بکرێ و خەریکی ڕاگواستنی کوردان و نیشتەجێکردنی عەرەبەکان بن.

١٠- دروستکردنی کێڵگەی هەرەوەزی بۆ عەرەبەکان لەو ناوچانەی کە لە جێگەی کوردەکاندا نیشتەجێ دەکرێن و چەکدار بکرێن وەکو (مستعمرات)ی یەهوودییەکان لەسەر سنوور.

١١- ئەوەی عەرەبی نازانێ مافی خۆ پاڵاوتن و هەڵبژاردنی نەبێ لە ناوچە کوردییەکاندا.

١٢- بەهیچ جۆرێک (جنسیة)ی سوورییایی نەدرێ بەوانەی کە دەیانەوێ لە ناوچە کوردییەکاندا بژین، تەنیا جنسیە بدرێ بە عەرەب خەڵکی هەر وڵاتێک بێت.

بەڕاستی ئەم پڕۆژەیە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرایی سیاسەتێکی هەتا بڵێی فاشییانە و کۆلۆنیاڵیانە دەرهەق بە گەلی کورد دیاری دەکات. لە جێبەجێکردنی تاوانی جینۆسایدا، هەر وەکو پێشتر وتمان تەنیا مەرج نییە کە خەڵکەکە لە ڕووی فیزیکییەوە بفەوتێندرێن. سیاسەتی ڕێژیمی سووریا فەوتاندنێکی نەتەوەیی، کولتووریی کوردییە. بەپرۆسەیەکی نەخشە بۆ کێشراو و لەسەرخۆ. ڕێژیمی سووریا لە واقیعدا پشتی بەهەموو پێشنیازەکان و بیروڕاکانی ئەو پڕۆژەیە بەستووە و لە هەموو لایەکەوە گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا لە (ئاستێکی نزمدا دەژی و دەرامەتی تاکەکەس تەواو بەربادە، هەژاری بەشێوەیەکی زۆر ترسناک ناوچە کوردییەکانی تەنیوە

و زاڵ بووە بەسەر خەڵکەکەیدا)[٢٤]. ئەو سیاسەتەش گەلێ ئەنجامی خراپ و نائاسایی دروست کردووە لەناو خێزانە کوردەکاندا، بەتایبەتیش زۆر بەخراپی کاری کردووەتە سەر ئاستی ئابووری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی، خەڵکەکە.

ساڵانی ١٩٧٥–١٩٧٨ رێژیمی سووریا (١٠٠,٠٠٠) سەد هەزار خێزانی عەرەبی لە غەمرە نیشتەجێ کرد[٢٥]. لەگەڵ راگواستن و تەعریب و قەدەغەکردنی زمان و کولتووری کوردیدا لە سووریا، ناوی گوند و ناوچە و شارەکان لە کوردییەوە کراون بە عەرەبی هەر بۆ نموونە؛ تربە سپی کراوە بە قبور البيض، سەرێ کانی بە رأس العين، چل ئاغا بە جوادیە، دێرک بە مالکیە. شان بەشانی ئەو پرۆسەیەش پروپاگەندەی رێژیم بۆ نەبوونی کورد لە سووریادا لە ئارادایە و پشتگوێخستنی ئەو راستییەی کە کوردیش وەکو هەر میللەتێکی تر بەگوێرەی هەموو یاساو عورفێکی دنیا مافی ژیانێکی ئاسایی و کامەرانیی هەیە، هەردوو کتێبەکەی (منذر الموصلي)، بەڵگەی ئەو راستییەن. ئەوەتا (منذر الموصلي) دەڵێ؛ "الاكراد يعيشون في الوطن العربي ويتمتعون بحقوق متساوية ويؤدون واجبات متماثلة"[٢٦].

واتا: "کورد لە نیشتمانی عەرەبیدا دەژی و لە ماف و ئەرکیدا یەکسانن" نەک هەر لە سووریا بگرە پەل دەهاوێ بۆ عێراق وا پێشان دەدات کە حکوومەتی عێراق مافی نەتەوایەتیی کوردی پاراستووە[٢٧]. لە کتێبی دووەمیشدا (منذر الموصلي)، بە هەمان شێوە کەوتووەتە شێواندنی مێژوو و واقیعی کورد[٢٨]، هەوڵی داوە بەهەر شێوەیەک بێت بوونی بەشێکی کوردستان لە سووریا رەت بکاتەوە و دژایەتیکردنی بزووتنەوەی کورد و بەمەترسی زانینی لەسەر عەرەب بخاتە روو[٢٩].

لە ماوەی نێوان ٥–١٩٩١/٨/٢٣، لە جنێڤ لێژنەی بەربەندکردنی جیاوازیی رەگەز لە UN لە کۆبوونەوەی چواردەمینیدا، لەبارەی چاودێریی جێبەجێکردنی پەیمانی جیهانی لە دژی جیاوازیی رەگەزەوە، لەبارەی بەندی شەشەمینی ئەو پەیمانەوە پرسیار لە نوێنەری سووریا کرا، کە ئاخۆ کوردەکان، یا ئەوانەی بە رەچەڵەک کوردن، هەست بەوە دەکەن لە رووی رەگەزەوە جیاواز دەکرێن، یا ئەوەتا نوێنەری سووریا ئاگەداری وەزعیان نییە؟ نوێنەری دەوڵەتی سووریا لە وەڵامدا وتی؛ کێشەی کورد لە سووریادا نییە، کوردەکانی سووریا بەئارەزووی خۆیان بەتەواوی تێکەڵی کۆمەڵگەی سووریایی بوونە و جیاواز ناکرێن[٣٠]. دیارە نوێنەری سووریا لە کاتێکدا راستی دەشارێتەوە کە هەتا ئێستاش زمان و کولتووری کوردی لە سووریا قەدەغەن و بەهەزاران کورد بێ ناسنامە لە ژیانێکی سەختدا دەژین.

پەرلەمانی ئەوروپایی لە بریاری خۆیدا ١٩٩٢/٦/١٢ لەسەر هەر چوار پارچەی کوردستان لە خاڵی ٢٣دا (داوا لە سووریا دەکات کۆتایی بە ستراتیجی تەعریب بێنێ، بارودۆخی عەسکەری لە ناوچە کوردنشینەکاندا نەهێڵێ، دەست بەدیموکراتیزەکردن و سازدانی هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکرات بکات و بەزووترین کات زیندانە سیاسییەکانی ئازاد بکات کە زۆریان هەرزەکار و لاوی

کـوردن)[٣١]. هەروەهـا پەرلەمــانی ئەورووپایی لە ڕۆژی /١٦ژووئیــەی ١٩٩٣دا لەبارەی هـەر چوار پارچەی کوردستانەوە بڕیارێکی تری دەرکردووە. کە دێتە سەر سووریا دەڵێ؛ "بە لە بەرچاو گرتنی ئەو سـیاسـەتە سـەرکوتکەرانەیە کـە لە دژی کـوردەکـانی سـووریا بەڕێوە دەچـێ" دوایی لە دوای ڕوونکردنەوەی وەزعی پارچەکانی تری کوردستـان لە خـاڵی دووەمدا پەرلەمـان دەڵێ؛ "شـێلگیرانە داواکــاری ئەوەین تا لـە هەمــوو دەوڵـەتان بـەجـێــدی داوا بکرێ کــە مــافــە دیموکــراتیک و فەرهەنگیـیەکانی کوردەکان لە وڵاتانی خـاوەن کورددا بەڕەسمی بناسن بێ دواکـەوتن هەنگاوی پێویست بۆ کۆتاییهێنان بە پێشێلکردنی مافە ئینسانییەکان هەڵبگرن".[٣٢]

ڕێژیمی سـووریا بەشـداره لە هـاوکـاریکردنی ڕێژیمەکـانی تری داگیـرکـەری کـوردسـتـان لە دژی گـەلی کـورد. ئەوەتا ١٠/٢/١٩٩٣ وەزیرانـی دەرەوەی ئێـران و تورکـیـا و سـووریا لە دیمەشق کـۆ بوونـەوە، بەبیــانووی پاراســتنی یەکـەتیی خـاکی عێـراق[٣٣]. بەڵام مـەبەسـتی سـەرەکـیی ئەو کـۆبوونـەوەیە پلاندانانـە بۆ تێکدانی ئەو حکوومـەتـە کـوردییـەی کـە لە خـوارووی کـوردسـتـان، لە چوارچێوەی عێـراقدا دروست بووە. پێویسـتـە ئەوە بڵـێین بەگوێرەی بڕیاری ژمـارە (٦٨٨)ی UN، ناوچەیەکی ئاسایش لە زۆربەی ناوچەکانی خوارووی کوردستان دروست بووە و لەژێر چاودێریی چاودێرانی UN دوور لە دەسـەڵاتی ڕێژیمی عـێـراق هەڵبـژاردن کـراوە و پەرلـەمـانێکی کـوردی و پاشـتـریش ئەنجوومـەنی وەزیران دامەزران، لە چوارچێوەی عێراقدا. ئەگەرچی عـێراق هـەردەم بەردەوامـە و هـەوڵ دەدات وەزعەکە بشـێوێنێ حکوومـەتەکانی سووریا و تـورکیـا و ئێرانیش زۆر سەغڵەتن بەوەی کە گەلی کورد حکوومەتی دامەزراندووە، مەترسییان لێ نیشتووە کە کار دەکاتە سەر بەشەکانی تری کوردستان.

***

ئەو فاکتـانەی خستمانە ڕوو لە ناوچەکانی کوردستان، ئەوەی تورکیا و سووریا، عێراق و ئێران دەیکەن، ئەو ڕاسـتییە دەسـەلمێنێ کە گەلی کورد فـەوتاندنێکی بەردەوام هەڕەشـە لە پاشـەڕۆژی دەکات. سیاسـەتی وڵاتە داگیرکـەرەکانی کوردستـان خراپتره لە سیاسـەتی وڵاتێکی کۆلۆنیـالی دەرهەق بە خـاکی کۆلۆنیـالکراو. ئیتر ئەو ڕێژیمانە جگە لەوەی هـەر لایە و بەرنامەی تایبـەتی هەیە بۆ ڕاگـواسـتن و کـوشـتن و تالانکردن و تواندنـەوەی گـەلـی کـورد، بەردەوامـیش هـاوبەشن لەگـەڵ یەکتردا. سوپا و ئابوورییەکی بێ شـوماریان لە دژی گەلی کورد خسـتووەتە کار، (هـەر کاتێکیش بزووتنەوەی کورد نەشـونومـای کردبـێ یان مەترسـیی بۆ هـەریەک لەو ڕێژیمانە نابێتەوە، هـاوکـاریی ئاشـکرایان بـە دزی لە نێــوان ئەو دەوڵـەتـە داگـیـرکـەرانـەدا بۆ بەرگـریی خـەبـاتی کـورد پـیـادە کراوە)[٣٤].

کەواتە هـاوبەشیی نێوان وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستـان، سیاسـەتێکی دیار و ستـراتیجێکی گـرینگە، چونکە بەرژەوەندیی ئەو وڵاتـانە لە دژایەتیکردنی گـەلی کـورددا یەک دەگـرێتــەوە. هـەر

یەکێک لەو وڵاتانە ئەو بەشەی کوردستان کە پێوەی لکێندراوە، بەهیچ جۆرێک بەخاکی گەلی کوردی نازانێ و کوردیش وەکو گەلێکی سەربەخۆ ناناسێ، بۆ هەمان مەبەست د. کەمال میراودەلی ڕاستی بۆ چووە کە دەڵێ؛ "ڕێژیمە داگیرکەرەکان بەروبووم و داهاتی کوردستان بۆ بەهێزکردنی سوپای داگیرکردن و دامەزراوە و پرۆژە کۆڵۆنیاڵییەکان بەکار دەهێنن، هەر جۆرە دەرفەتێکی پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییان لە گەلی کورد بڕیوە و لە حاڵەتی داچووندا هێشتوویانەتەوە"(٣٥).

ئێمە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە لە بەشەکانی کوردستاندا میتۆدی هەمەچەشنە بەکار دێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی ئەو ڕێژیمانە. ئیتر جۆری سیاسەتی جینۆسایدی لە ڕۆژئاوای کوردستان جیاوازە، وەک لە بەشەکانی تری کوردستان، یا لە هەر سەردەمە و قۆناغێکدا ڕێژیمە داگیرکەرەکان بەچەند جۆرێکی جیاواز هەوڵی فەوتاندن و زەبر پێگەیاندنی گەلی کورد دەدەن. ئەو ڕاستییانەی کە خستمانە ڕوو، بەشێکن لەو تاوانانەی لە دژی گەلی کورد ئەنجام دەدرێن، تەنیا وردبوونەوە لەو تاوانانە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە جینۆساید هەر چوار بەشی کوردستانی گرتووەتەوە.

هەوڵنامەی کتێب

پەراوێزەکان:

١- گەسرەتیان: کوردەکانی تورکیا...ل١٧٤-١٧٥.

٢- م. س. لازەریف: کورد و کوردستان، سەرچاوەی ناوبراو، ل٥٦.

٣- ڕێناس: دامەزراندنی دەوڵەتی سووری و کێشەی کورد لە سووریا. وەرگێڕانی لە فەرەنساییەوە: خانی شەرەفکەندی، گ. هیوا، پاریس ژمارە ٧، ١٩٩٠، ل٨٢.

٤- جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی. ل١٣٦.

٥- الدکتور عبدالرحمن قاسملو: کردستان والاکراد. ل٧٧.

٦- دیدار: گەلی کورد لە کوردستانی سووریا و چارەنووسێکی نادیار، ڕ. سەردەمی نوێ. ستۆکهۆڵم. ژمارە ٤٥، نۆڤەمبەری ١٩٨٩، ل١-١١.

٧- محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة من النواحي القومية، الاجتماعية، السياسية. سورية- الحسكة ١٩٦٣، ص ٤-٥.

٨- کرمانج گوندی: کوردستانی بندەستی سووریا، ڕ. سەردەمی نوێ، ستۆکهۆڵم، سپتێمبەری ١٩٩٠، ژمارە ٥٤، ل٨.

٩- المثقف التقدمي: مجلة الحزب الديمقراطي التقدمي الكردي في سورية ١٩٨٩، العدد ٧، ص١٨-١٩.

10- David McDowall. The Kurds. London, 1989. P. P. 25-26

١١- كرمانج گوندی: کوردستانی بندەستی سووریا/ سەردەمی نوێ. ژمارە ٤٥، ل٨.

١٢- ش. ج. اشريان: الحركة الوطنية الديمقراطية في كردستان العراق ١٩٦١- ١٩٦٨، عربه عن الروسية: ولاتو. بيروت ١٩٨٧، ص١٠٦.

١٣- محمد طلب هلال: دراسة عن محافظة الجزيرة. ص٤٦.

١٤- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٢.

١٥- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٥.

١٦- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٢٤.

١٧- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٢٤.

١٨- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٢٦.

١٩- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٤١.

٢٠- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٤١.

٢١- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٤١.

٢٢- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٤٢

٢٣- محمد طلب هلال: هـ. س، ص٤٦-٤٨

٢٤- المثقف التقدمي. العدد ١٩٨٩،٧،ص٢٤.

٢٥- كرمانج گوندی: کوردستانی بندەستی سووریا، ڕ. سەردەمی نوێ ژمارە ٨، ١٩٩٠، ل٨.

٢٦- منذر الموصلي: عرب واكراد، رؤية عربية للقضية الكردية. بيروت ١٩٨٦، ص٢٢٣.

٢٧- منذر الموصلي: عرب واكراد. ص٣١١.

٢٨- منذر الموصلي: الحياة السياسة والحزبية في كردستان. لندن ١٩٩١.

٢٩- ڕەشاد میران: هەڵسەنگاندنی ڕوانینێکی عەرەبی بۆ کێشەی کورد، کۆواری ڕابوون. ژمارە ١، ستۆکهۆڵم ١٩٩١، ل٣٤.

٣٠- المنظمة العربية لحقوق الانسان. نشرة اخبارية. القاهرة. كانون الثاني ١٩٩٢، العدد ٤٩،ص١٠.

٣١- کۆواری سیاسەتی دەولی. هەولێر، ١٩٩٣، ژمارە ٤، ل٧٧-١٠٤.

٣٢- کوردستان: ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی ئێران. ژمارە ٢٠٠، ئووتی ١٩٩٣، ل١٠.

٣٣- خەبات. هەولێر: ژمارەی ڕۆژی ١٤/٢/١٩٩٣، ل١.

٣٤- ٢٤٠- کەمال میراودەلی: دوازدە نەفرەتی کۆڵۆنیالیزم لە کوردستاندا، کۆواری ڕابوون، ستۆکهۆڵم ١٩٩١، ژمارە ٢، ل٣٠-٣١


هەواڵنامەی کتێب

### لە گەنجینەکانی ئەرشیڤی کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس-ەوە


# دەسنووسێکی بڵاونەکراوەی "نامەی والیی کوردستان"ی

د. نەجاتی عەبدوڵڵا

## پێشگوتار

ئەم دەسنووسە کە ئێستە لە کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس بە ناوی "نامەی والیی کوردستان" و بە کۆدی (7177 arabe) پارێزراوە وا ئێستە بۆ یەکەم جار لێرە بڵاو دەکرێتەوە. ئەم دەسنووسە لەناو کۆمەڵێک نامەی تردا بەناوی (رسائل محمد کریم خان کرمانی)دا هاتووە و تەواوی دەسنووسەکە لە ١٠ی تەمووزی ١٩٤٦ لە تاران پێشکێش بە ئێرانیناسی گەورەی فرەنسایی هێنری کۆربن کراوە. دەقی تێکستی "نامەی والیی کوردستان" لە پەڕەکانی (٢٤-٣٢)ی دەسنووسەکەدایە. ئەوەی دیارە ئەوەیە کە وا دیارە ئەم نامەیە لە وەڵامی نامەیەکی دواین والیی ئەردەڵان (ئەمانوڵڵاخانی دووەم (١٨٤٦-١٨٦٧)دا نووسراوە کە ئاراستەی کەریمی کوڕی ئیبراهیمی کردووە. بەگوێرەی وەڵامی نامەکە بۆ والیی کوردستان، والی لە نامەیەکدا کۆمەڵێک پرسیاری دنیایی و ئایینیی لە مەلاکە کردووە و داوای وەڵامی لێ کردووە. ئەم پیاوە ئایینییە کە وەڵامی نامەکەی والیی کوردستانی داوەتەوە دیارە دانیشتووی تاران بووە و نامەکە شەوی یەکشەمووی چواری مانگی جومادی دووەمی ١٢٨٣ نووسراوە کە مێژووی ١٤ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٨٦٦ دەکات و دواتر لەلایەن عەلی بن محەمەد کرمانی لە گوندی لەنجە لە مانگی جومادی ئەوەلی ساڵی ١٢٨٤ی کۆچی نووسراوەتەوە کە ئەم مێژووە دەکەوێتە نێوان ٣١ی ئاب-٢٩ی ئەیلوولی ١٨٦٧ ڕێک لە دواین ساتەکانی ڕووخانی ئەمارەتی ئەردەڵان. ئەم مێژووەی دووەم دروست مێژووی نووسینەوەی ئەم دەسنووسەیە کە لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە و وا ئێستە لە کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس پارێزراوە.

ئەمانوڵڵاخانی دووەم (١٨٤٦-١٨٦٧) ناسراو بە (غولام شاخان) لە دەرباری (شا)ی ئێران گەورە بووە و دواین والیی بنەماڵەی ئەردەڵان بوو. مزگەوتی داولئەمان لە سنە و پارکی حوسێن ئاباد و ئامانیەی دروست کرد. لە کتێبخانەکەیدا ٢٠٠٠ بەرگە کتێبی هەبووە. لە ساڵی ١٨٦٧ ناسرەددین شا کۆتایی بە دەسەڵاتی ئەمانوڵڵاخان و میرنشینی ئەردەڵان هێنا و فەرهاد میرزا قاجار بوو بە یەکەم حوکمڕانی دەوڵەتی ئێران لە سنە (کوردستان).



ئەمانوڵڵاخانی دووەم ١٨٤٦ – ١٨٦٧

سەرچاوە:

Sheerin Ardalan, Les Kurdes Ardalân: entre la Perse et l'Empire ottoman, Paris : P. Geuthner, 2004.



ئەمانوڵڵاخانی گەورە
ئەرشیفی وەزارەتی دەرەوەی ئێران

سەرچاوە:


Sheerin Ardalan, Les Kurdes Ardalân: entre la Perse et l'Empire ottoman, Paris : P. Geuthner, 2004.



IV. Chasse du *vâli* d'Ardalân
Cavalier kurde de l'escorte pendant la chasse
Gravure d'après un dessin du commandant E. Duhousset (« Les chasses en Perse », dans *Le To*
*Monde*, 1862, page 119)

سەرچاوە:

Sheerin Ardalan, Les Kurdes Ardalân: entre la Perse et l'Empire ottoman, Paris : P. Geuthner, 2004.


EX LIBRIS
HENRY CORBIN
Henry Corbin
Teheran
10 juillet 1946

# رسالة الى كردستان

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وسلام على عباده الذين اصطفى وبعد، فقد ابلغ
الى الجناب كافي الكفاة وحامي الحماة ووالي الولاة ذو العز الباذخ
والفخر الشامخ المؤيد بلطف الله المنان امان الله خان والي
كردستان اعزه الله وحفظه من طوارق الحدثان بان يسأله
وسائل فيها من مسائل اراد مني جوابها وان من المسائل ما يمكن
رسمها في الكتب ومنها ما لا يكتب ويحتاج الى النطق والسمع
والمشافهة ومنها ما لا يكتب ولا ينطق به ويجب كتمه في
الصدور الى حلول القبور ومنها ما لا تعبير عنه عند العالم
بروم بعض العالم منه تعبيرا اصلا ولما كان جنابه العالي
لصدقه وصفائه مجلا من قلبي ولحب تعليمه وايقافه على مطلوبه
اكتب له ما يمكن كتبه واشير الى ما لا يمكن كتبه اتكالا على فهمه
الذكي وعقله الصافي انشاء الله ولا حول ولا قوة الا بالله

ونختتم

والى كردستان

ونعتصم بالله تماكره الله واكتب ما اكتب على نحو الابتدا
من دون ان اعنون مسائله لغاية عندي وان كان فيما اكتب
جوابها اعلم يا اخي جعل الله مستقبلك خيرا من ماضيك وصير
قرة عينك في ابنك ان الله عز وجل الحكيم العليم القادر
القاهر خلق هذه السموات الرفيعة والارضين
الوضيعة وما بينهما من صنوف الخلق لغاية عظيمة لا يدري
اسرارهما عند الله عز وجل وجعلها في غيب خلقه وجعل لاظهارها
اسبابا ولخفائها اسبابا ومن اسباب اظهارها ارسال الرسل
وانزال الكتب وايجاد الاوصياء وخلق الحكماء والعلماء
وجعل الاخوان الاصفياء وتخلية القلب وسلامة البدن
وصفاء العقل والهداية والتوفيق والعمل باوامره والنهي
عما نهى عنه وجعل لخفائها اسبابا ومنها الطبائع الجمادية
والطبيعة النباتية والنفس الحيوانية والنفس الامارة
بالسوء والعادات والطبع والشهوات والغضب والاحقاد
والشقاوة وامثالها ومنها الدعاة الى النار ودار البوار
وابناءهم واشباههم والقرناء والشياطين واحزابهم
وارتكاب المنهيات وترك المأمورات واسباب

دار الكردستان

الاظهار من حيث الخلاصة اعظم واقوى ولله العزة
ولرسوله وللمؤمنين وحزب الله هم المفلحون وجند الله
هم الغالبون الا ان الانسان كلف الميل الى اسباب الاظهار
بعد ما امكن منه والاعراض من اسباب الستر بعد ما امكن
منه فمن علم الله منه الخير وهيا له اسبابه فعمل بمقتضاها
دق حجب انيته شيئا بعد شيء حتى انكشف له وتبين ما جعل
فيه من تلك الغاية العظمى نور على نور يهدي الله لنوره
من يشاء وهم متدرجون في مدارج الترقي وانكشاف تلك
الغاية على درجات شتى ومن علم الله منه الستر وهيا له
اسبابه فعمل بمقتضاها انعقد حجب انيته شيئا بعد شيء
حتى حجب الاسرار وتراكم الاستار واظلمت الدنيا
اذا اخرج يده لم يكد يراها ومن لم يجعل الله له نورا فما له
من نور اما الاولون فلا يحصل لهم الترقي والترقي الا
بجذب من العالي وانجذاب من الداني اما جذب العالي
فهو موجود دائما لا يمنع من اصل مانع من طباع جماله وكماله
ومقتضى كرمه وجوده ورحمته السابقة فهو مبذول
موجود لا يسع اصلا الامتناع لعدم اجزائه الا بسبب

ارضا

والی کردستان

اوصل الى الاهتزاز بعدم اشراق الشمس عليها وانما الواجب
تحصيل الانجذاب وهو الامتثال وهو بتكليفك فمن امتثل
امر الجاذب فقد انجذب اليه والامتثال هو الطاعة فلا
نجاة لاحد الا بالطاعة ولا هلاك الا في العصيان
والطاعة هي العمل بما امر الله ورسوله من الفرايض والفضائل
والانزجار عما نهي عنه من المحرمات والمكروهات فما من شي
يقرب الى الله الا وقد امر به وما من شي يبعد عن الله
الا وقد نهي عنه فلا يغرنك الشيطان ان تعمل باسباب
التسهيل وتتقرب الى الله ليس باما نيكم ولا اماني
اهل الكتاب من يعمل سوء يجز به فمن يعمل مثقال ذرة
خيرا يره ومن يعمل مثقال ذرة شرا يره واعلم ان جذب
العالي هو اثر جماله وهو جميل لا نهاية لجماله والانجذاب
هو الحب وهو الامتثال وهو الطاعة ان كنتم تحبون الله
فاتبعوني فالحب هو الطاعة فالناس في درجات الحب
على قدر طاعتهم فلا يغرنك الشيطان والله ان ولي
عملا مكليه من الطامع والبرئ من على من عصاه ولا يحتاج
الى شاهد بعد العيان فمن انهمك في المعاصي

والي كردستان

ومن زعم انه محب علي عليه السلام فقد زعم انه منجذب الى علي عليه السلام
ومن زعم انه منجذب الى علي عليه السلام وهو يرتكب الموبقات
فقد قال بان عليا عليه السلام جذبه الى المعاصي وهو ان عرف
كفر بالرحمن فضلا عن الايمان فاول ما يجب عليك في
ادعائك المحبة والولاية الاعراض عن المعاصي بالكلية
والتوجه الى مبدأ الخير ثم السلوك الى المبدأ باقدام الطاعات
مبلغ الاستطاعات وهو المشي على الصراط ثم تنال
المطلوب على قدر سرعة سيرك وبطئه ولا تكونن من
الكسلانين المتوانين عن الخير الذين يلقون التقصير دائما
على ربهم ويبرؤن انفسهم عن التقصير ويعتذرون
دائما بعدم هداية الله وترك توفيق الله وعدم تهيئة
اسباب الله وذلك عند العارف كفر بالله وقول
بنقصان كمال الله وجمال الله وحاشا الله بل الجذب
منه موجود بلا نهاية وانما العوائق في انجذابك فسر تبلغ
وامتثل واعمل وخذ اجرك ولا تكونن ممن يريد
القرب بلا مشي فذلك اماني النوكى اليس للانسان
الا ما سعى وان سعيه سوف يرى قل لا يعبأ بكم ربي

لولا

والى كردستان

لولا دعائم الخوف والرجاء بل لزم في العمل فمن لا يعمل له فليس براج

والخوف يظهر في الحذر فمن لا يحذر لا يخاف والحب يظهر

بالامرين معاً وايثار المحبوب على النفس فمن لا يظهر الامرين

مع الايثار فليس بمحب هذا هو تمام الامر وكال الطريق

الادب الذي اتى به الانبياء المرسلون وندب اليه

الاوصياء المقربون سلام الله عليهم ولا تصغ الى اصحاب الحيل

لتحصيل حطام الدنيا والرياسة المتشبهين بالمرشدين

والعرفاء فانهم والله عجزوا عن سائر الحيل فسلكوا مسلك

تغرير العباد ومخادعتهم والله العلي العظيم ولا والله

لا يريدون الا الحيلة وبغالا وحمير الحمل الثقال ويستخدمونهم

في حوائجهم ثم وصيتك يا اخي لما المطلب من النصح اولاً

باصلاح جسدك فانه لا يخلق روح الا لجسد فاطلب اولاً

ما كلك ومشربك فلا يكونا الا من حلال فانه اذا حرم

الطعام حرم الدم وحرم الروح المتولد منه فلا تقتضي

الا الميل الى المعاصي والحرمان من الله فاطلب طعامك

حتى يطيب روحك ونفسك فتميل الى جوار الله فاذا

حصلت ... لا تأكل وتأكل حتى تشتهيه فان الاكل على شهوة

والي كردستان

اسراف والله لا يحب المسرفين وغرادك ان تصير حبيب الله
فاذا اشتهيت وأكلت شغلا تريد لي شهوتك فانه اسراف
وقف بالاهينا طعام ارفع يدك وانت تشتهيه فسوف تؤتى
الكفاية بعد رفع اليد واسع في الغفلة من بطنك فلا
تمكنه ملاه يوم جهلك اليه ولا تخل اخلاه يوم جهلك اليه بل اطعم
بقدر ان تنساه واسقه بقدر ان تنساه وكذلك الحكم
في لباسك ومسكنك وليكونا من حلال وما لا يوجهك
اليهما وتنساهما وتفرغ عنهما حتى تتوجه الى ربك وهذا
حق جميع اسباب بعثتك من الدنيا حتى لا يوجهك شيء
عنها اليها وتخليك وشأنك فاذا فرغت من بطنك
وبدنك فاسع في منع الاعراض الخارجية والشواغل
الطارية عليك الداخلة عليك من الابواب الخمسية اما
بمنع الاعراض وطردها واما بسد الابواب الخمسة حتى لا يدخل
عليك ما يشغلك عن ربك وتفرغ لخدمته وذلك هو
الخلوة المطلوبة واعلم ان الانسان مركب من الاضداد
ولا بد لكل واحد منها في بقائها من حصول وان لم يحصل
اليها المدد يتفكك تركيب بدن الانسان ويهلك قبل اجله

المسع

دار کردستان

الشيء ما يقبل ومنها ان بينك ما يقتضي الحركة وما يقتضي السكون
فتحرك احيانا واسكن احيانا وبينك ما يقتضي الضحك ومقتضي
البكاء فاضحك احيانا وابك احيانا وبينك مقتضي الشهوة ومقتضي
الاعراض عنها فاعمل الشهوة بك احيانا واعرض عنها احيانا
وعلى هذه فقس ما سواها وليكن كل ذلك من الحلال ومن
تتخلف عما قلت هلك او فسد والقول الفصل في ذلك
لا تكثر من شيء ابدا فلا بد من الخلوة احيانا ومن العشرة
احيانا ومن اسرف في الخلوة جن وتركه في امر الله ويكن حضرة
السلاطين وذلك انك قد امرت من عند الله بحسن
اخوانك واداء حقوقهم ومعاشرة اهلك واولادك
وتربية مالك وحفظه وولدك وتحصيل العلم والدنيا
والدين فلو خلوت في كثير لو تؤد حقوق الله فاذا فرغ
نفسك لعبادة الله فاعلم ان الله عز وجل فرض لكل عضو
من اعضائك ولكل مرتبة من مراتبك عبادة والواجب
على العبد ان يقوم بوظائف العبودية في جميع المقامات
والكتب الشرعية متكفلة ببيان ذلك واياك والتهاون
بها والنظر اليها بعين الازدراء كفعل السفهاء فانهم

والذكر نسبة

الهية نبوية علوية عملية حق الانسان منها الخفلاء والعرفاء
ومن تلك الاعضاء اللسان وعبادته كفه عما يكره الله
والملائكة فيما امر الله فالصامتون حتى عن الحق جهال لكن
مبدعون ومن عبادته الذكر وان الله سبحانه جعل لكل
عبادة حدا محدودا ولم يجعل للذكر حدا وقال اذكروا الله
ذكرا كثيرا فينبغي ان يكون لسان الانسان مشغولا بالذكر
دائما وكل ما يخرج من فيك ذكر الا ان اصرحها التكلم
باسماء الله وهي كثيرة جدا ولكل اسم خاصية معينة وانه
معلوم فينبغي ان يختار الانسان على حسب حاله ومقامه
اسما او كلاما ومن تدبر في اختلاف الادعية في الجوامع
وفي قوله اعددت لكل هول لا اله الا الله الى اخره عرف كنه
ما قلنا فذلك يختلف بحسب اختلاف حال الذاكر
وما يناسب السالك في اول سلوكه الاستغفار الكثير
عن صدق وندم لان التخلي قبل التحلي فاذا تخلى عن المعاصي يشرع
في التحلي ويتدرج شيئا فشيئا ثم التي لا اوله ذكر يا حي
يا قيوم ليحيي الله قلبه بنور الولاية ويجعله قائما بعبادته
وخدمته فان قصر به التوفيق عن الخدمة يناسبه ذكر يا حي
ولا نوم

والاكردستان

ولا قوة الا بالله العلي العظيم وكذلك اذا عرض له وسوسة
او خاطر سوء يداوم على لا حول ولا قوة وصل المراد وتخلية الذكر عليه
ونسيان الخاطر وكذلك اذا عرض له وسوسة اعتماد على
غير الله او رجاء الى سواه او خوف من غيره وقد تكفل ببعض
الخواص فقد اعرضت لكل هول الى اخره واعلم ان الاسماء بمنزلة
العقاقير ولكل عقاقير والامراض كثيرة تعرض وتجري
وينبغي للطبيب ان ينظر الى حال المريض يوما فيوما بل ساعة
بعد ساعة ويأمره باسم وذكر والذي يأمر به اهل الجهل
من ذكر واحد يذكره فانهم لا يبالون على اي جنب وقع
فذلك فعل الجهال والمتلبسين بالحق وذلك كسائر
افاعيلهم المنكرة التي تستقبحها العقول الباهرة النيرة
من الرقص والطرب والزفن والمزمار والغنا
وعشق المردان وامثال ذلك من الفسوق والكراهي
فلا والله يراؤن الناس ولا يذكرون الله الا قليلا
وكفاك انه يسلك بغير مسلكهم ولم يذهب ولي
مذهبهم ولو سلكوا او ذهبوا لما خفي ولما اخفوا لم
كانوا يخفون وهم كانوا يخشون ببدع مبتدع ومنتحلين

دالكردستان

الدين السابق ولا نكير واعلم ان الذكر ليس بمحض امزاج الحروف من
الفم فان النائم ايضا ربما يتكلم ولكن الذكر ذكر اذا كان يترجم القلب
وتعمله وقصده وارادته مثل ما تكلم زيدا وعمرا فاسع في ان لا تخرج
من فمك كلمة الا باشارة قلبك وذلك لا يمكن في الاوائل
في المجالس العامة اللهم الا في الخلوات والليالي واثنائها
فاذا اعتاد القلب لحضوره كونه في المجالس وكمال العادة ان
يتوجه القلب الى الذكر حتى يتطبع ذلك كالطبع ذكر الله بنا
فيصير بحيث ينصرف عن الذكر بقسر ولو خلي وطبعه رجع
الى الذكر بسرعة فاذا صار كذلك فقد كف عادته بالدنيا
وذكرها فاعتدل ولا يجوز ان يمنع ذكره عن نفسه
او مثل ورب اليه وهو اولى فذلك ذكر شيطاني وفعل
الجهال والذاكر من لا يفوته طاعة ولا يشغله معصية فاذا
داومت على ذلك صار خاطرك ذلك الذكر ويخطر
ببالك دائما فذلك الذكر لا يخطر ببالك الا ان دائما
انواع ما تتكلم الان بلسانك فالمعتاد بالذكر يصير خطرات
قلبه الذكر وهو افضل الذكر ولما يعلم ثوابه الا الله ونعوذ بك
الذكر الذي يطرد الوسوسة والشيطان والخطرات
لا الذكر

والکردستان

لا الذكر اللساني فاسع في الذكر حتى يعتاد قلبك ويصير مجموع

خواطره الذكر ومع هذا الذكر ينبغي ملاحظة الحالات

والعوارض والحوائج والاشتغال بذكر يناسب الحال وعكس يمكن

وبسبها جملة فانها تتغير بتغير الاحوال ولكن يكون دائم بزعم

فاذا اردت الرزق فقل يا رازق ولا تقل يا مانع فاذا

اردت الانتقام من عدو فلا تقل يا رحيم بل قل يا منتقم

وهكذا فتراقب على حالك وحال نفسك وقل دائما

دائك ودوائك ومع ذلك كله لا تترك شيئا من

الفرائض واعمل بما امكنك من المندوبات وجانب

المحرمات واترك ما امكنك من المكروهات واعمل الباقي

لله متوجها عليها واسع في جميع هذه الاحوال في لين

عريكتك وخفض جناحك واظهار بشرك وحسن خلقك

فان كثيرا من العباد والزهاد يبتلون بفظاظة وغلظة قلب

وعبوس وجه وسوء خلق وذلك ان اعمالهم زادت في

سوداء امزاجهم وامرضت اخلاطهم واورثتهم جنونا من حيث

لا يشعرون فلا تكثر من الانزواء والذكر والخلوة والفكر

والجوع والسهر دفعة فانما تورث الجنون التبديل اشتغل

والي كردستان

بها وتزهد فيها قليلا قليلا بقدر ان لا يخرج مزاجك عن الاعتدال

وقد ذكرت لك انفا ان لا تكثر من شيء ابدا حتى من العبادة

وحسن الاكثار في الايمان واليقين والولاية وهي موهوبة

ذلك فضل الله يؤتيه من يشاء والله ذو الفضل العظيم

واعلم انه مع ذلك كله لا يبلغ سالك منتهى مطلبه الا بشيخ

مقدم ورفيق مصاحب والا فالسالك الواحد شيطان

وسيضل وسيجن وقد ذكرنا فضلهما وبيانهما في الارشاد

وغيره فراجع فانه لا يسع فيهما واما ما سألت من القرض

فلا باس به في مالك ومشربك ولكن اذا اعطيت بدله

محرما فلا يبرأ ذمتك من الدين والقرض الا ان يحلل الرجل

ومع ذلك عليك اثمان حيث اقرضت بغير حق واعطيته

غير مستحق واقول لك قولا فصلا وصدقا عدلا الا العيب فيه

وبيت نعتريه ولا يكون فيه مخادعتك لا تتحلى بحلي الذين ابتلاء

بهذه التسويلات الا ان تتوب الى الله توبة نصوحا وصدقا فيها

ان تعمل بما فاتك من فرائض الله وتترك ما انت فيه من المعاصي

وتؤدي ما عليك من حقوق الخلق او ترضيهم ثم تدخل ذلك

في زمرة الطيبين الطاهرين وتسلك مسلكهم والا فلا

العبد داود

دالە کرزستان

لعيب وشره عن بعض يغتر و بذهب نعم الاشتغال بالطاعات
خير من ان لا يتوب من ان يزيد في المعاصي يوما فيوما لعل الله
يذهب بالحسنات ما ارتكبه من بعض السيئات واما
الكمال فلا والله لا يحصل الا للتائبين العابدين بنفي
وهو الفكر وقد بسطنا القول في اقسامه في طريق النجاة
فلا تتركه فانه جلاء القلب ودرمانه وقائده وسائقه وهاديه
ودليله ولكن لا تكثر منه اولا فانه يورث الجنون واذا
اهوالك دائما مع اهل السلامة فان احسست بالانحراف والجنون
فارجع واعتدل حتى لا تتخبط ولا يعتريك الماليخوليا
واري كثيرا من اهل الفكر والعلم ممن حصل لهم الماليخوليا
وهم لا يشعرون وقد ذكرنا ذلك في كتبنا الطبية واجمل
ذلك وامثاله وجب الاتصال بشيخ معتدل وابليس صاحب
قابل ولا تفعل ما يسلم الانسان منه فان لم تلق شيخا كاملا
وصاحبا سابقا فادفع بنفسك ودارها ولا تثقل
عليها فانه لما فات من الرياضة بغير استاد الجنون بالجملة
عليك بالذكر ما امكنك في اثناء الليل والنهار ويكن
الاسماء التي يتسلى بها اهل همته فان الاسماء المهيمنة العظيمة مناسبة

## والی کردستان

مناسب للبالغين اصحاب القوة والطاقة والضعيف المبتدي
لا يتحمل تلك الاسماء مثل ذكر الوهاب انسب للمبتدي من
ذكر الله وذكر لا اله الا الله مخصوص بالمشايخ وذكر يا الله اعظم
منه وذكر يا هو اعظم منه ولكل درجات مما عملوا والمبتدي
يداوم على الاسماء الجزئية على حسب حاله وطاقته وقد فصلنا
في طريق النجاة شرح الذكر والفكر وشرح العلم والحلم فراجع
فانه كتاب عظيم شريف ثم اني اوصيك ان تحترز حذرك
من الاسد الضاري من كتب الضلال وغير اهل الحق
ومن مجالستهم ومحادثتهم ومخاصمتهم ومجادلتهم وصحبتهم
والاصغاء الى كلامهم فانها اضر على العبد من جيش يزيد بن
معاوية على جند الحسين عليه السلام فان كنت عندك من اهل
الشك في دين الله فاطلب لنفسك دينا ويقينا صافيا اذا
ذقت باليقين فقل الله ثم ذرهم في خوضهم يلعبون ولا
يلتفت منكم احد وامضوا حيث تؤمرون فاعرض عنهم
حتى يخوضوا في حديث غيره واما ينسينك الشيطان
فلا تقعد بعد الذكرى مع القوم الظالمين واوصيك
ان تداوم على ذكر آل محمد عليهم السلام فانه ترياق شفاء فان ذكرهم
من كل

دالی کردستان

لاوليائهم

من كل داء وامان من كل خوف وحفظ من كل سوء وان

بولائهم عصمة لو سلكوا بها في لجج البحار الزاخرة ومهامه

القفار الموحشة لامنوا من مخاوفها وعصموا من شرائد ما

وتذكرهم اقسام كثيرة افضلها ان تعلم انهم شاهدون لك

في كل فعل وعمل وهم اقرب اليك منك واولى بك منك

واوجد منك في مكانك واعلم بك منك فتستشعر

دائما ذلك وتعلم انك حاضر لديهم يرونك ويميزونك

ويحصون ما يصدر منك وتستشعر الخوف منهم

وكيف لا تخاف في ذلك ولو اطلع عليك طفل مميز

لم ترتكب عنده موبقا وتستحي منه وتخاف فضيحتك

فكيف لا تخاف من اطلاع امامك وانت معتقد

انه صاحب المرأى والمسمع وقادر عليك وهو مجاريك

باعمالك يوم ندعو كل اناس بامامهم فاستشعر ذلك دائما

وتقدمهم بين يديك في جميع حوائجك وارادتك

في كل احوالك وامورك واستعن بهم واستشعر عظمتهم

فتتادب عندهم ولا ترتكب ما يكرهونك بسببه وما

يبغضونه كما يتادب العبد الذليل عند السلطان الجليل

واكردستان

وتأدب بآدابهم وربما يحبونك بسببه وقد نصحتك اذ لك
في الارشاد وطريق النجاة وغيرهما ان اجمع ولما كنت
مشغولاً بنوادر الناس واستوعب ذلك اوقاتي
ما قدرت ان اكتب ازيد من ذلك وفيما ذكرت
لك هيهنا عجالة كفاية وبلاغ وفي كتابي طريق النجاة
غنية لك ولا تحسبنه لغيرك بل انصب نفسك في
محضر خطاباته واعمالك وامثالك المخاطبون به ولا
تطلب معه وصية خاصة فانه من تسويلات نفس
الكسلونين والمرجو ان لا تنسانا من صالح دعائك
في مظان الاجابة والسلام عليك ورحمة الله وبركاته
كتبه العبد الاثيم كريم بن ابراهيم وفرغ منه ليلة الاحد
الرابع من شهر جمادى الثانية من شهور السنة الثالثة
والثمانين من المائة الثالثة عشرة من الهجرة في بلدة
طهران حامداً مصلياً مستغفراً تمت
حرره العبد الاثيم الجاني علي بن محمد الكرماني غفر الله ذنوبه ولوالديه
جميع اخواننا المؤمنين بحق محمد وآله الطيبين ولعنة الله على اعدائهم
اجمعين في قرية ... في شهر جمادى الاولى سنة ١٢٨٤

# ژیانێک، ڕاپەڕینێک، مەنفایەک

## ژیانی بەدرخان بەگی بۆتان

محەمەد یونس

بەشی یەکەم

"ئەو بوو بەسیمبۆلێ سەرکردەیەکی نموونەیی بۆ کورد"

وەدیع جوەیدە

**فەرمانڕەوایەتی**

بەدرخان بەگ دواین بەگی میرنشینی بۆتانە کە پێتەختەکەی جزیرەی بۆتان (جەزیرە) بوو. لەبارەی مێژووی لەدایکبوونیەوە دیدی جیاواز هەیە. هەندێک لە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن بەدرخان بەگ لە ساڵی ١٨٠٢ لەدایک بووە، مالمیسانیژ (Malmisanig) بەپشتبەستن بەو زانیارییانەی لە عەبدوڕەحمانی کوڕی بەدرخان بەگ دەستی کەوتووە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە لە ساڵی ١٨٠٦ لەدایک بووبێ.

هەرچەندە مێژوونووسان لەبارەی مێژووی لەدایکبوونی بەدرخانەوە بەگەوە کۆمەڵێک ناکۆکیمان لەلا دروست بکەن، بەڵام لەبارەی شوێنی لەدایکبوونیەوە هیچ ناکۆکییەک لە ئارادا نییە و گومان لەوەدا نییە کە شوێنی لەدایکبوونی جزیرەیە.

لە شەجەرەی خێزانی بەدرخان بەگ کە بەناوی ئازیزان ناسراوە و لە مێژوودا ناوی ئەو کەسانەی تێدا تۆمار کراوە کە سەر بەو بنەماڵەیەن و لە هەرێمی بۆتان بەردەوام فەرمانڕەواییان کردووە، ڕێزبەندیی ناوەکان بەم شێوەیەی خوارەیەوە:

"ئەمیر شەرەف خان ١

.............................................................

وەرگێڕانی لە تورکییەوە: هەوار ئیسماعیل



هەواڵنامەی کوردی

ئەمیر محەمەد خان

ئەمیر شەرەف خان ٢

مەنسوور خان

ئیسماعیل خان

مستەفا خان

ئەمیر بەدرخان ٢ ".

بانگەشــەی ئەوە دەکـرێ کـە بنەمـاڵەی بـەدرخـان بـەگ لەگـەڵ سـەلاحـەدینی ئەیووبی یەکـیـان گـرتووەتەوە. لە پاڵ ئەوەدا لە زۆرێک لە سـەرچاوەکـاندا زانیـاری هـەیـە لەبارەی یەکگرتنەوەی ئەم بنەماڵەیە لەگەڵ خالیدی کوڕی وەلید. لەبەرئەوەی سەلماندنی ئەو دوو بانگەشەیە زۆر زەحمەتە، لەو بارەیەوە ڕاڤـە ناکـەم. وێڕای ئەوە بـەبەراورد لەگـەڵ بانگەشـەکـانی تر، پێ دەچێت ئەو بانگەشـانەی شـەرەفخـانی یەکەم لەبارەی ئەو بنـەماڵەیە لە کتێبی شـەرەفنـامە بەزمـانی کوردی نووسـیویەتی کە بەیەکەمین کتێبی مێژووی کورد دادەنرێ، زیاتر لە ڕاستییەوە نێزیک بن.

کاتێک عەبدوڵڵا خـان ئەمیـری جزیرە باوکی بـەدرخان بەگ کۆچی دوایی دەکا، سـاڵح بەگی برا گەورەی بەدرخان فەرمانڕەوایەتی دەگرێتە دەست. سـاڵح بەگ بەهۆی ئەوەی خاوەن کەسایەتییەکی ئاینی بووە، دەست لە کـاروباری دنیـا دەکـێـشـێـتـەوە و ئەوەندەی پێ نـاچێ دەرک بەوە دەکـا کـە فـەرمـانڕەوایەتی بەگـوێرەی ئەو نییـە، لەبەرئەوە بانگـی بەدرخـانی برای دەکـا و فـەرمـانڕەوایەتیی دەداتە دەست ئەو.

لەبارەی بەدرخـان بەگـەوە لێـڵـی تەنیـا سـنووردار نیـیـە بەمـێـژووی لەدایکبـوون و درەخـتـی خێزانـەکـەیەوە، بگرە لە سـەرچاوەکـاندا لەبارەی مێژووی بـوون بە ئەمیـر، بەواتەیـەکی تر (چوونە سـەر تەخت) زانیاریی جیاواز هەیە. ژمـارەیەک لە سـەرچاوەکان ئامـاژە بەوە دەکەن بەدرخـان بەگ لە سـاڵی ١٨٢١ لە تەمـەنی ١٨ سـاڵی بـووە بەفـەرمـانڕەوا و ژمـارەیەکیـشـیـان پێیـان وایە لە سـاڵی ١٨٣٥ بووە بەفـەرمـانڕەوا، بەڵام ئـەوەی لێـرەدا مـسـۆگـەرە ئەوەیە کـە بـەدرخـان بەگ لە تـەمـەنی لاوێتیدا بووە بەفەرمانڕەوای کوردستان.

لە سـەرەتادا بەدرخان بەگ لەسـەر ناوی ئەمیـر سـەیفـەدین شـێر فـەرمـانڕەوای ڕەسـەنی جزیرە فەرمانڕەوایەتیی کرد و لە نووسین و هەواڵ ناردندا مۆری ئەمیر سەیفەدین شێری بەکار هێنا.

قـۆنـاخـی فــەرمــانڕەوایەتیی بەدرخـــان بەگ لە کـــاتێکدا هـات کــە بـەخت یـاوەری نەبـوو. لەو سـەردەمـەدا سـوڵتـان مـەحـموودی دووەم پاشـای عوسـمـانییـەکـان بـوو و بەگـەرمی نەیدەڕوانییـە میرنشینە کوردییەکان کە هەر لە سەردەمی سوڵتان سەلیمەوە نیوچە ئۆتۆنۆمییەکیان پێ درابوو.

لە ساڵی ١٨٢٨ لە سەردەمی مەحمموودی دووەم لە ئەنجامی ئەو سیاسەتەی بەرامبەر میرنشینەکانی کورد دەهاتە پێڕەوکردن، تەنیا میرنشینەکانی بابان، سۆران و بۆتان لەسەر پێ مابوونەوە. سوڵتان مەحمموود ڕاشکاوانە ئاماژەی دەدا کە سەرکردەکانی کورد ناناسێ و فەرمانبەری تورکی ڕەوانەی جێگەی ئەوان دەکرد.

سوڵتان مەحمموود دەیخواست شوێنی مەشقی سەربازە لاوەکانی عوسمانی لابەرێ و کوردەکان بخاتە ناو ڕیزی ئەو سوپا گەورەیەی لە هەوڵی دامەزراندنی بوو. بۆ ئەو مەبەستە بەچڕی داوای سەربازی لە کورد دەکرد و لەبەرئەوەی کوردەکان لەگەڵ ئەو دۆخەدا ڕانەهاتبوون زۆرجار ڕادەپەڕین.

بەدرخان بەگ لە ماوەی سەرەتای فەرمانڕەوایەتییدا زۆر کاریگەر نەبوو. هۆکاری ئەوەش برێتی بوو چاوەڕوانکردنی بۆ کۆکردنەوەی هێز. بێگومان بەوردی بەدواداچوونی بۆ ئەو ڕووداوانە دەکرد کە لە دەوروبەری ئەودا ڕوویان دەدا، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو هێزەی لە خۆیدا نەدەبینی خۆی بەدوور دەگرت لە چوونە ناو ڕووداوەکانەوە.

بەدرخان بەگ لە ساڵی ١٨٣٨ هاوکاری عوسمانییەکانی کرد لە گرتنی سەعید بەگ کە ئەویش وەک خۆی بەگێکی کورد بوو. جەنەڕاڵ هێڵمۆت فۆن مولتکا (Helmuth Von Moltke)لە نامەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش و ورد باس لە قۆناغەکانی گرتنی سەعید بەگ دەکا کە هانای بردووەتە بەر قەڵاکەی. هەرچەندە مولتکا لەبارەی هاوکارییەکانی بەدرخان بەگ لە خستنی قەڵاکەی سەعید بەگ بڵێ (ناوی هەیە، ناوی نییە)، لە سوپادا پلەی فەرماندەی تیپی پێ درا و قبووڵ کرا ببێ بە فەرمانڕەوای چەند شارۆکەیەک.

سەرکردایەتیی عوسمانی بەردەوام پێوەندیی گەرمی لەگەڵ بەدرخاندا نەبوو، بگرە لە ساڵی ١٨٣٨ نارەحەت دەبێ لە هەڵسوکەوتکردنی بەدرخان بەگ بەشێوەیەکی سەربەخۆ و سوپایەک دەنێرێتە سەری. لەو جموجۆڵە سەربازییەدا جزیرە ئابڵوقە دەدرێ و بەدرخان بەگ ناچار دەبێ خۆی بەدەستەوە بدا. لە ئەنجامدا تا ڕادەیەکی زۆر دەسەڵاتی سنووردار دەکرێ، بەڵام لەسەر کار لانابرێ.

بەدرخان دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر ئەو ڕووداوەدا بەشدار دەبێ لە شەڕی نیزیپ لە بەرامبەر ١٠٠ هەزار سەربازی عوسمانی بەسەرکردایەتیی ئیبراهیمی کوڕی محەمەد عەلی قەواڵی. وەک دەزانرێ ئەم شەڕە بەشکستێکی گەورەی عوسمانییەکان کۆتایی دێت و بەدرخان بەگیش لەو شەڕەدا نێزیکەی ٣٠ هەزار سەربازی لەدەست دا. دوای ئەوە بەدرخان سەرەتا هێزەکانی خۆی بەرەو دیاربەکر و دواتریش بەرەو جزیرە کشاندەوە.

## یاخیبوون

"کەس نازانێ چی پێ دەکرێ تا تاقی نەکاتەوە"

P. Syrus

عوسمانییەکان کاتێک بەمسرییەکانەوە خەریک بوون، ئەو گۆڕانکارییانەیان دواخست کە بەنیاز بوون لەبارەی میرنشینەکانی کوردەوە ئەنجامی بدەن. بەدرخان ئەوەی وەک هەلێک هەڵسەنگاند و کەوتە جموجۆڵ بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتداریەتیی خۆی بەسەر میرنشینە کوردییەکانی تردا. پیاوی خۆی نارده لای سەرجەم سەرۆک عەشیرەتەکان و پێوەندیی خۆی لەگەڵ نوورەڵا بەگی ئەمیری هەکاری باش کرد کە پێشتر دوژمنایەتیی یەکتریان دەکرد و سەرکەوتوو بوو لە ڕاکێشانی موقاس بەگی عەبدوڵڵا خان بەلای خۆیدا. لە ماوەی چەند ساڵێکدا هەموو ئەو ناوچانەی دەکەوێتە نێوان ماردین و ئێران خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی و بەشێکی زۆر لە سەرۆک عەشیرەتەکانی کورد گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بوون.

ئەو لایەنانەی چوونە ناو ڕێککەوتنەکەوە، لەسەر خاکی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەستیان کرد بەزیادکردنی ژمارەی سەربازەکانیان و نوژەنکردنەوەی ئەو قەڵا و سەنگەرانەی نیوچە ڕووخاو بوون.

سنووری فەرمانڕەوایەتی بەدرخان بەگ لە ساڵی ١٨٤٠، وێرانشەهیر، سنجار، سیڤەرەک، دیاربەکر، سیرت، ئورمییە، سابلاخ، مووسڵ و ڕەواندزی دەگرتەوە. وێڕای ئەوەی ئەو شوێنانە بەناو سەر بە دەوڵەتی عوسمانی بوون، بەڵام لە ڕاستیدا لەژێر فەرمانڕەوایەتیی بەدرخان بەگدا بوون.

بەدرخان بەگ باش دەیزانی ئەو هەڵوێستە گوێنەدەرانەیەی ئەو ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە مایەی نارەزاییی دەوڵەتە گەورەکان، لەبەرئەوە بەئاراستەی بەهێزکردنی سوپاکەی خۆی هەنگاوی نا. سەرەتا کەسانی پسپۆڕی لە ئەورووپاوە هێنا بۆ کوردستان و لە جزیرە کارگەیەکی باروت و کارگەیەکی دروستکردنی چەکی دامەزراند. بەدرخان تەنیا بەوە نەوەستا، بگرە وا پێ دەچێ حیسێبی ئەوەی دەکرد ماوەی فەرمانڕەوایەتیی درێژ دەبێ لەبەرئەوە لاوانی کوردی ڕەوانەی ئەورووپا دەکرد بۆ ئەوەی مەشق بکەن لە بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای شەڕدا.

هەر وەک چۆن لە بەشی (کەسایەتیی بەدرخان بەگ)دا باسی دەکەین، بەدرخان بەگ سەرۆکایەتییەکی ئایدیالیست و خاوەن ویست بوو. پێم وایە دەستکردن بە دروستکردنی بەلەم لە دەریاچەی وان بەسە بۆ سەلماندنی ئەو تایبەتمەندییەی ئەو. بەلەمەکانی بۆ گواستنەوە و گەیاندن لە دەریاچەی واندا بەکار هێنا. بەدرخان بۆ بەهێزکردنی سوپاکەی هەموو ڕێوشوێنێکی گرتە بەر. ئەو یەکسانی و دادپەروەرییەی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا پێڕەو دەکرا بڵاو بووبووەوە،

لەبەرئەوە لە هەر چوار پارچەی کوردستانەوە خەڵک بەرەو بۆتان کۆچیان دەکرد. بەدرخان تەنیا بەمەرجێک ئەو کۆچانەی قبووڵ دەکرد، ئەویش (دەبوایە کەسەکان خاوەن ئەسپ، چەک، شمشێر و دەمانچە بن، لەبەرئەوەی ئەو مەرجە بەخێرایی ڕێگەی لە بەردەم گەورەکردنی سوپا دەکردەوە).

بەدرخان زەوی دەدا بەو لادێییانەی کۆچیان دەکرد بۆ میرنشینەکەی و لە بەرامبەر ئەوەدا سێیەکی ئەو بەرهەمەی دەستیان دەکەوت وەک باج لێی وەردەگرتن.

بەدرخان چاودێریی دۆخی ئەو هەژارانەشی دەکرد کە لە میرنشینەکەیدا دەژیان. لە جزیرە ماڵی خواردنی بۆ هەژاران کردەوە و بەمەبەستی هاوکاری پارەی پێ دەدان.

لەو ناوچانەی بەدرخان دەسەڵاتدار بوو، ئەوانەی تاوانیان بکردایە بەتوندی سزا دەدران و دەستی ئەو کەسانە دەبڕا کە دزییان دەکرد، لەبەرئەوە دۆخی دزین لەو ناوچانەدا بەرچاو نەدەکەوت. هەروەها بەدرخان لە هەرێمەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ڕاوی قەدەخە کردبوو. بەگوێرەی ئەوەی باس دەکرێ، تەنانەت ئاژەڵە درندەکانیش بەبێ ترس لە مرۆڤ نێزیک دەبوونەوە.

دیتل Ditil توێژەری ڕووسیایی بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە گەشتەکەی خۆی بۆ وڵاتی بەردخان دەکا:

(لەم دەڤەرە تەناهی و ئاسایش وەک یاسایەک چەسپاوە و لە وڵاتی بەدرخان بەگ منداڵ بەو زێڕەی بەدەستییەوەیەتی بەبێ ترس دەسووڕێتەوە. لە دەڤەرەکانی تر کەسەکان بەرەو ئێرە کۆچ دەکەن و نایانەوێ ئێرە بەجێ بهێڵن).

تێڕوانینەکانی دیتل پێشانمان دەدا لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەدرخاندا ئاسایش بەمانای ڕاستەقینەی خۆی هاتووەتە چەسپاندن.

بەدرخان نەک تەنیا لەگەڵ کوردە موسڵمانەکان، بگرە لەگەڵ ئەرمەنی و ئاشوورییەکانی ژێر دەسەڵاتیشیدا بەشێوەیەکی یەکسان هەڵسوکەوتی دەکرد. لە جزیرە کە مەڵبەندی فەرمانڕەوایەتیی ئەو بوو، شوێنی پەرستن بۆ سەرجەم ئاینە جیاوازەکان هەبوو. شاهپازیان ahpazyan مێژوونووسی ئەرمەن لەم بارەیەوە دەڵێ "لەبەرئەوەی پرەنسیپی سەربەخۆیی سیاسی بالاترین خواستی بەدرخان بوو، بەلایەوە کورد و ئەرمەن هاوڕێ بوو. (...) لەبەرئەوەی لەلای ئەو دەستەواژەی ڕەگەز و ئاین هیچ بایەخێکیان نەبوو.

میر پشتگیری لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرکاریی نێوان کورد و ئەرمەن دەکرد و تەنانەت خەڵاتی دەکردن و خوازیار بوو پێوەندییان لەگەڵدا بەهێز بکا کە ئەوە دۆخێک نەبوو کوردە موسڵمانانەکانی هەرێمەکە لێی ڕاهاتبن. پێ دەچوو بەدرخان گرینگییەکی تایبەتی بەئەرمەنەکان دەدا، لەبەرئەوەی ڕاوێژکارەکانی لە ئەرمەن هەڵبژاردبوو و لە خاڵە گرینگەکانی ناو سوپادا بەرپرسیاریەتی دابووە دەست ئەرمەنەکان و بەشێکی زۆر لە سەربازەکانی سوپا لە ئەرمەن پێک

هاتبوو. بەشی هەرە زۆری سەرچاوەکان هاوبیرن لەوەی لە وڵاتی بەدرخاندا دەوڵەمەندی و ئارامی و دادپەروەرییەک هەبووە کە لە گەورەترین دەوڵەتانی ئەو سەردەمەدا بوونی نەبووە.

جەزیرییەک کە لە ئورفا دەمبینی بە (بەدرخان بەگ کەسێکی ئەوەندە دادپەروەر بوو) دەستی بەئاخاوتن دەکرد و بەم شێوەیە بەردەوام دەبوو (فەرمانی دابوو نرخی بەرهەمی ئەو لادێیانەی لە رۆژئاوای جزیرە نیشتەجێ بووبوون و بەرهەمەکانیان دەهێنایە بازاڕ و لە ناوەندی شار دەیانفرۆشت زیاتر بێ لە نرخی بەرهەمی ئەو لادێیانەی لە رۆهەڵات نیشتەجێ بووبوون. چونکە ئەو پێی وابوو لادێییەکانی لە رۆئاواوە دەهاتن بەیانیان روویان لە رۆژ بوو و ئێوارانیش لە کاتی گەڕانەوەیاندا رووەو رۆژ دەگەڕانەوە و لە ئەنجامدا لە لادێییەکانی رۆهەڵات زیاتر ماندوو دەبوون).

لە ساڵی ١٨٤٢ بەدرخان زۆر بەهێز بوو. سەرجەم بەگەکانی کوردستانی خستبووە ژێر فەرمانڕەوایی خۆی و لەژێر ناونیشانی (رێککەوتنی پیرۆز)دا پەیمانێکی لەگەڵدا ئیمزا کردبوون. بەگەکانی کورد ناچاربوون ملکەچی بەدرخان بن. لەبەرئەوەی هیچ کامێکیان ئەوەندەی بەدرخان بەهێز نەبوون کارگەی باروت و دروستکردنی چەک دامەزرێنن و لە زەریاچەی واندا گواستنەوەی زەریایی ئەنجام بدەن.

لە ئەنجامدا ئەمیر بەدرخان لە ساڵی ١٨٤٢ سەربەخۆیی خۆی ڕاگەیاند. لەسەر ناوی خۆی پارەی دروست کرد و جزیرەی کرد بە پێتەخت. لە بەرامبەردا بەگەکانی کورد پشتیوانی خۆیان بۆ ئەمیر ڕاگەیاند و سوێندیان خوارد لە هەموو هەلومەرجێکدا پشتیوانیی لێ بکەن.

دەکرێ بگوترێ بەدرخان دەوڵەتی دامەزراندبوو و باس لەوە دەکرێ لەو سەردەمەدا (١٨٤٢) لە جزیرە ئاڵای خۆی بەرز کردووەتەوە و تەنانەت وەک دەوڵەتی عوسمانی بیرۆکراسییەتی خۆی پێک هێناوە. "مەلا عەبدولقودس شێخی ئیسلام (بەرپرسی کاروباری ئاینی)، تاهیر ئاغا (مامۆ تاهیر) سەر لەشکری سوپا، حامید ئاغا فەرماندەی گشتیی ئەسپسواران، ئەفەندی ئاغاش بەرپرسی خەزێنە....بوو".

بەدرخان ئەوەندە هەستی بە بەهێزیی خۆی دەکرد، تەنانەت ئەو باڵیۆزانەی دەگەڕاندەوە کە لەلایەن سوڵتانی عوسمانییەوە دەهاتنە لای و دەیتوانی بڵێ سوڵتانی عوسمانی ناناسم. ک.ڕیچ (K. Rich) فەرماندەیەکی ئینگلیز کە بە هۆی کێشەی فارس – تورکەوە رەوانەی هەرێمەکە کرابوو، کاتێ سەردانی بەدرخان بەگ دەکا لەلایەن بەدرخانەوە پێشوازیی لێ دەکرێ و فەرمانی سوڵتان دەداتە دەستی و داوا دەکا شوێنێکی حەوانەوەی بۆ دابین بکا. بەدرخان بەگ دوای خوێندنەوەی فەرمانەکە بەم شێوەیە وەڵامی دەداتەوە (هیچ سوڵتانێک ناناسم. ئەم سوڵتانە کێیە؟ بۆچی فەرمانەکانی ئەو بۆ من دێت؟ من لێرە خاوەن ماڵم و دەمەوێ لە زاری میوانەکانمەوە بزانم بۆچی هاتوونە بۆ لام نەک لە رێگەی ئەو فەرمانانەی بەدەستیانەوەیە).

میر دەیزانی ئەو هەڵوێستە بوێرانەیەی ئەو لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە نارەزایی لێ

دەکـەوێتـەوە، بـەڵام نـەیدەزانی کـەی و بە چ هۆیەکـەوە ڕووبەڕووی کـاردانەوە دەبێـتـەوە. ئەو دۆخـە تووشـی فۆبـیای کردبوو و لەژێر هـەر ڕووداوێک کە لە دەورووبەریدا ڕووی دەدا گومـانی لە هـەبوونی دەسـتی عـوسـمـانییەکـان دەکرد، بەڵام ئەو دەسـتـەی نەدەدۆزییەوە. کـاردانەوەی عوسـمـانییـەکان دوا کەوتبوو.

## کۆمەڵکوژی

(ئەو سـەرکەوتنەی زوو دەست دەکەوێ مرۆڤ بێ بڕیار و سـەرچڵ دەکا)

Bacon

(کورد کە تێر بوو یا ژنێک هـەڵدەگرێ یان پیاوێک دەکوژێ)

پەندی پێشینانی کوردی

"ڕۆژێکی گەرمی هـاوین، دوو پیاو دەڕۆن بۆ کۆشکە هـاوینییەکەی بەدرخـان بەگ و بەپەلە دەچن بۆ دیداری بەگ. ئەو دوو کـەسـە کە تووڕەیی و خـەمـبـارییـان پێـوە دیارە، بێ دواکەوتـن باس لە هۆی سـەردانەکـەیان بۆ بـەگ دەکەن، "ئێـمـە سـەیدین هیچ گـومـانێک نیـیـە لە پابەندبوونمان بە ئـاینە پیرۆزەکەمـان، لەبەرئەوە هـاتووین بۆ دیدارت. داواکارین سنوورێک بۆ گاورە نەستـۆرییەکان دابنێی کە ئەمڕۆ دوو ڕۆڵەی لاویان کوشتووین و ڕای بگەیەنی کە سزای کوشتنی سـەیدێک چەند گەورەیە. ئەگـەر وەک پێـویست وەڵامی ئەو کـۆمـەڵکوژییـە نەدەنەوە، ئەوا لە ڕۆژی قـیـامـەت لەلای حـەزرەتی محەمەدی باپیرمان سکاڵاتان لێ دەکەین".

بەگ دوای مـاوەیەک لـە بیـرکـردنەوە بەم شـێـوەیە وەڵامی دانەوە "دەمـەوێ ئـەوە بزانن کـە ئێـوە منتان خستە دۆخێکی سەختەوە، ئەگەر وەک ئێوە باسی لێوە دەکەن سنوورێک بۆ نەستۆرییـەکان دابنێم ئەوا کۆتا بەمیرنشینەکەم دێ و بەمەش ئـەم دنیایە لەدەست دەدەم، بـەڵام ئەگەر بێدەنگ بم ئەوا ئاخیرەتم لەدەست دەچێ".

مـاوەیەکی تر بیـری کـردەوە و دوای دانەوەی هـەناسـەیەکی قـووڵ گـوتی "من ئاخـیـرەتی خـۆم هەڵدەبژێرم، بۆ چوونە شەڕ ئامادەبن".

ئەم چیرۆکەم لە کتێبێکی عـەرەبی بەرچاو کەوت کە لە شـێخێکی جـزیری دەسـتم کەوتبوو. ئەو کەسە بەتەمەنانەی لە جزیرە چاوم پێ دەکەوتن چیرۆکی هـاوشێوەیان دەگێڕایەوە.

لە حـوزەیرانی ١٨٤٣ بەدرخـان لە ئامـادەکاریدا بوو بۆ ئـەنجامـدانی گـەورەترین هـەڵە لە ژیانیـدا. نەستۆرییەکان ماوەیەکی درێژ بوو هەڵوێستیان گرتبوو و بەهـیچ شێوەیەک سـەریان دانەدەنەواند و چیی تر باجیـان نـەدەدا. بەدرخـان لەو خـاڵەدا زۆر هـەسـتـیـار بوو، لەبەرئەوە مـاوەیـەکی درێژ پلانی

شەڕی دادەنا دژی نەستۆرییە یاخییەکان. ناردنی کراسی خوێناویی دوو سەیدەکە دوایین دڵۆپ بوو کە بووە هۆی ڕژانی ئاوی ناو پەرداغەکە. بەدرخان ئەوەی وەک ڕاگەیاندنی شەڕ لێک دایەوە. بەگە کوردەکانی تر (ئیسماعیل پاشای ئامێدیی و نوورەڵا بەگی هەکاری) لە هەڵوێستی نەستۆرییەکان لە ماوەی دواییدا ڕازی نەبوون. نورەڵا بەگ بۆ چەندان جار داوای لە بەدرخان بەگ کربوو لە دژی نەستۆرییەکان شەڕ بەرپا بکا.

لە کۆتادا بەدرخان بڕیاری خۆی دا و هەواڵی بۆ بەسەرجەم بەگەکانی کورد ڕەوانە کرد و سوپایەکی ١٠٠ هەزار کەسی ئامادە کرد تاکو نەستۆرییەکان پەشیمان بکاتەوە لەو ڕۆژەی تێیدا هاتوونەتە دنیا. ئەو سوپایە لە ناوچەکانی وان تا ڕەواندز و لە دیجلەوە تا سنووری ئێران کۆ کرابووەوە.

سوپا بەڕێ کەوت و لە کاتێکدا بەدەروازەی کوتران (Kutran) دا هەڵدەکشا دووجار ڕووبەڕووی بەرهەڵستی بووەوە و شەڕ دەستی پێ کرد. ڕاستتر ئەوەیە کە بڵێین کۆمەڵکوژی دەستی پێ کرد. بەگوێرەی ژمارەیەک لە سەرچاوەکان لە ماوەی ئەو شەڕەی لە تیار (Tiyar)هاتە ئەنجامدان ١٠ هەزار و بەگوێرەی ژمارەیەک سەرچاوەی تریش ٢٠ هەزار نەستۆی هاتنە کوشتن. سەربازەکانی بەدرخان ئاگریان بەردەدایە هەر شتێک کە دەکەوتە پێشیان. بەدرخان فەرمانی دا ماڵباتە موسڵمانەکان ئاڵای سپی لەسەر خانووەکانیان هەڵواسن بۆ ئەوەی بەهەڵە خانووەکانیان نەسووتێنرێ. سەرجەم ئەو خانووانەی ئاڵای سپییان لەسەر نەبوو هاتنە سووتاندن. ئەو کۆمەڵکوژییە سەرسوڕهێنە بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بەردەوام بوو. یەکێک لە براکانی بەدرخان کە لە مەترسیی دۆخەکە گەیشتبوو، بەجلوبەرگی نەستۆرییەکان و بە گاسنێکی سەر شانییەوە چوو بۆ بینینی بەدرخان. میر بەسەرسوڕماوییەوە پرسی (ماشەڵا هۆی ئەو گەمەیە چییە؟)، براکەی لە وەڵامدا دەڵێ، ئەگەر کۆمەڵکوژییەکە بەو خێراییەی کە هەیە بەردەوام بێ، ئەوا هیچ نەستۆرییەک بەساغی نامێنێ و لە ئەنجامدا هەموو کوردێک دەگاتە ئاستی ئەوەی خاکەکەی خۆی بکێڵێ و ئێستە ئەویش خۆی بۆ ئەوە ڕادەهێنێ.

دووەمین شەڕ لە دژی نەستۆرییەکان لە ساڵی ١٨٤٦ بەڕێوە چوو. ئەم جارەیان ئەو نەستۆرییانەیان کردە ئامانج کە لە Thuma نیشتەجێ بوون و وەک داگیرکاری یەکەم ئەم جارەشیان کۆمەڵکوژی و تاڵانکردن هاتە دووبارەکردنەوە.

### هۆیەکان

ئاخۆ لەبەر چی نەستۆرییەکان ڕاپەڕین؟ یان کاتێک ڕاپەڕین ئاخۆ شیمانەی ئەوەیان نەکردبوو لەوانەیە ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژییەکی لەو شێوەیە ببنەوە؟

تا ساڵانی ١٨٤٠ نەستۆری و کورد بەتەبایی پێکەوە ژیاون. وەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێ دا،

لە ساڵی ١٨٣٨ بەدرخان بەگ کاتێک لەگەڵ هێزەکانی عوسمانی لە شەڕدا بوو، نەستۆرییەکان هاوکاریی بەدرخانیان دەکرد. واتە برایەتیی سەتانساڵەی نێوان نەستووری _ کورد لە سەردەمی بەدرخانیشدا بەردەوام بوو. ئەو فاکتەرەی کاری کردووەتە سەر گۆڕانی هەڵوێستی نەستۆرییەکان لە ماوەی دواییدا، ئەو پڕوپاگەندانە بوو کە مسیۆنەرە (موبەشیر: مژدەدەر) ئەوروپاییەکان لە ناوچەکەدا پێی هەڵدەستان. مسیۆنەرە ئەوروپاییەکان دەیانگوت پێویستە چیی تر نەستۆرییەکان لەژێر دەستی کورددا نەژین و لە ئەگەری ڕاپەرینێکدا هاوکاری نەستۆرییەکان دەکەن. نەستۆرییەکانیش بە هاوکاریی ئەوروپاییەکان هەڵخەڵەتان و ڕاپەڕینیان ئەنجام دا. تەنانەت مار شامون (Mar _amun)سەرۆکی کلیسەی نەستۆرییەکان لە بارەگەی خۆیدا ئاڵای ئینگلیزەکانی بەرز کردبووەوە و پێی وابوو بەو شێوەیە کورد دەستیان بۆ نابەن، لە دواییشدا مار شامون بەهۆی ئەو ڕووداوانەوە مسیۆنەرە ئەوروپاییەکانی تۆمەتبار کرد.

لە پاڵ ئەوەدا دەوڵەتی عوسمانیش تا ڕادەیەک ڕۆڵی هەبووە لەو ڕووداوەدا. والیی مووسڵ لەو نامەیەی بۆ مار شامون سەرۆکی کلیسەی نەستۆرییەکان ڕەوانەی کردبوو ئاماژەی بەوە دەدا، لە ئەگەری ڕوودانی شەڕ لە دژی کورد هاوکاریی نەستۆرییەکان دەکەن.

ئاخۆ بەدرخان بۆچی کۆمەڵکوژییەکی ئەوەندە گەورەی ئەنجام دا؟ ئاخۆ نەیدەتوانی کەمێک بەخوێنساردییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ دۆخەکەدا بکا؟ ئاخۆ حسێبی بۆ ئەوە نەکردبوو کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو کۆمەڵکوژییە بۆ سەر فەرمانڕەوایەتییەکەی لە ماوەیەکی درێژدا چییە؟

بێگومان کەسێکی زیرەکی وەک بەدرخان بەگ لەوانە نەبوو حسێبی بۆ هەموو ئەمانە نەکردبێ. لەو بڕوایەدام هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانی ئەو کۆمەڵکوژییە لەلایەن بەدرخانەوە، خواستی خۆپێشاندانە بەوەی تاکە فەرمانڕەوای کوردستانە. لە چیرۆکەکەی سەرەوە و تەنانەت وەک لە زۆر لە سەرچاوەکاندا باس دەکرێ، بڕوام بەوە نییە کە تاکە هۆ هەڵسوکەوتکردن بێ بەگوێرەی هەستە ئایینییەکان. بێگومان کەسایەتییەکی ئاینی بەدرخان و پڕوپاگەندەی ژمارەیەک لە پیاوانی ئاینی هاندەری دەوروبەری تا ڕادەیەک کاریگەری هەبووە لە ڕوودانی دۆخەکە، بەڵام ئەوانە دەستنیشانکەر نەبوون.

وێڕای ئەوەی بەدرخان دەیزانی ئەو کۆمەڵکوژییە گەورەیەی ئەنجامی دەدا لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی و بەتایبەت لەلایەن دەوڵەتە گەورەکانی ڕۆئاواوە نارەزاییی لێ دەکەوێتەوە، ئاخۆ لەبەرچی ئەو کۆمەڵکوژییەی ئەنجام دا؟ ئەم پرسیارە سەرەتا زۆر سەرقاڵی کردم، بەڵام دواتر لە کتێبەکەی وەدیع جوەیدی (Wadie Jwaideh) چەند سەرەداوێکم دەست کەوت. پاشای عوسمانی لە ئەرزەڕۆم لە ئەگەری ڕوودانی کۆمەڵکوژیی بێلایەنیی خۆی ڕاگەیاندبوو. لەوانەیە بەدرخان ئەو هەڵوێستەی وەک بێ لایەنیی دەوڵەتی عوسمانی لێک دابێتەوە. یەکێک لە هۆیەکانی هێرشی بەدرخان بۆ سەر نەستۆرییەکان، چاوبڕینی ئەو بوو بۆ سەر خاک و موڵکی نەستوورییەکان. دوای

کۆمەڵکوژییەکە ماڵ و موڵکی نەستۆرییەکان چەندان ڕۆژ هاتە تاڵانکردن. لە پاڵ ئەوەدا پێشتر چەند جارێک نوورەڵا بەگ کە بەگی هەکاری بوو، پێشنیازی بۆ بەدرخان کردبوو هێرشێکی هاوبەش بۆ سەر نەستۆرییەکان ئەنجام بدەن کە دەکرێ ئەو خاڵەش بەیەکێک لە هۆیەکان بژمێرین. بەدرخان بێ دوو دڵی ئەو پێشنیازەی پەسند کردبوو و چونکە بەو هۆیەوە هەرێمی هەکاریش بەتەواوەتی دەکەوتە ژێر فەرمانڕەوایەتیی ئەوەوە.

یەکێک لە هۆیە سەرەکییەکانی داپڵۆساندنی نەستۆرییەکان، ترسێکی ڕژدیی بەگەکانی کورد بوو لە چالاکیی نەستۆرییەکان لە ماوەکانی دواییدا. مسیۆنەرە ئەمەریکاییەکان باڵەخانەیەکی خزمەتگوزاری (خوێندنگە، نەخۆشخانە)یان دامەزراندبوو. ئەو دۆخە گومانێکی ڕژدیی لەلای نوورەڵا بەگ و بەدرخان بەگ و سەرجەم بەگەکانی کورد دروست کردبوو. ژمارەیەک لە بەگەکانی کورد پێیان وابوو ئەو باڵەخانە خزمەتگوزارییە قەڵایەکە بۆ ڕاپەڕاندنی نەستۆرییەکان لە دژی کورد. هۆی ئەو لێکدانەوەیەی کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی دروستکردنی باڵەخانەکە کە نێزیک بوو لە قەڵایەکی کۆن.

هۆیەکەی هەرچییەک بێت، کۆمەڵکوژیی نەستۆرییەکان گەورەترین هەڵە بوو کە بەدرخان بەدرێژاییی ماوەی فەرمانڕەوایەتیی خۆی ئەنجامی دا.

کاردانەوەی دەوڵەتە گەورەکان لە بەرامبەر کۆمەڵکوژییەکە دوا نەکەوت. باڵیۆزەکانی ئینگلیز، فەرەنسا و ڕووسیا عوسمانییان نامەباران کرد و داوایان لێی کرد بەدرخان بوەستێنێ و بەهۆی ئەو ڕەفتارانەیەوە سزای بدا.

حکوومەتی عوسمانی لە ئەنجامدا و بەهۆی سووربوونی وڵاتانی ڕۆئاوا کەوتە جووڵە. عوسمانییەکان سەرەتا خوازیار بوون ئەو کارە بەشێوازێکی ئاشتییانە چارەسەر بکەن. بۆ ئەو مەبەستە لەو نامەیەی خەیرەدین پاشا والیی دیاربەکر لە ساڵی ١٨٤٧ بۆ ڕێزداران ساڵح، ئیبراهیم و ئیزرائیل ڕەوانەی کرد کە لە شێخەکانی نەقشبەندیی بوون لە جزیرە، ئاماژەی دا خۆی یەکێکە لە موریدەکانی تەریقەتی نەقشبەندیی و بیستوویەتی بەدرخان بەگیش سەر بە هەمان تەریقەتە و بەبۆنەی برایەتیی ئەندامبوون لە هەمان تەریقات داوای لێ کردوون ئامۆژگاریی بەدرخان بەگ بکەن و ڕازیی بکەن خۆی بەدەستەوە بدا.

بەڵام بەدرخان بەگ نیازی ئەوەی نەبوو ڕازی ببێ و تەنانەت ئارەزووی هەبوو شەڕ لە دژی دەوڵەتی عوسمانیدا بکا. لەو بارەیەوە با لە ڕاپۆرتەکەی موشیر عوسمان پاشا فەرماندەری سوپای ئەنادۆڵ بڕوانین:

"(...) بەگوێرەی ئاخاوتنەکانی ئەحمەد بەگی قایمەقام، بەدرخان بەگ گوتوویەتی ئەگر بچنە سەری، ئەوا شەڕ دەکا. لە وەڵامدا ئەحمەد بەگ گوتوویەتی "دوو ڕۆژ مۆڵەتتان پێ دەدەین، بە جوانی بیر بکەنەوە. تا کۆتاهاتنی ماوەکە وەک دوژمن ڕەفتارتان لەگەڵدا ناکەین" و هەر چەندە بەو

شێوەیە ئامۆژگاریی کردووە، بەڵام بەدرخان بەگ لە وەڵامدا گوتوویەتی "پێویست بەمۆڵەت ناکا، من قەڵایەکی باش و بەهێزم هەیە. نەک ئێوە تەنانەت ٣ پاشاش بێتە سەرمان ناتوانێ دەستی بەسەردا بگرێ و تا ئەو کاتەی هێزم تێدایە بەرهەڵستیتان دەکەم".

عوسمانی کە تێ گەیشت ناتوانێ لە ڕێگەی گفتوگۆوە دەردەستی بکا، بۆ ئامادەکرنی سوپایەکی گەورە دەستی بەئامادەسازی دەکا. عوسمانییەکان کە کێشەی میسریان چارەسەر کردبوو، لە توانایاندا هەبوو سەرجەم هێزی خۆیان بۆ ئەو مەبەستە بخەنە جوڵە و لە ڕاستیشدا وایان کرد. لە ئورفاوە تا خەرپوت، لە ئەرزەرۆمەوە تا بەغدا و مووسڵ، لە زۆر شوێنەوە بانگی هێزە سوپاییەکانیان کرد. ئەو سوپایەی کۆ کرایەوە نێزیکەی لە ٣٥ هەزار کەس پێک هاتبوو و لە دوو لاوە کەوتنە جووڵە. لە باڵی ڕاست موشیر عوسمان پاشا و لە باڵی چەپەوە فەریق عومەر پاشا سەرکردایەتیی سوپاکەیان دەکرد.

باڵی چەپی سوپاکە کە بە سەرکردایەتیی فەریق عومەر پاشا لە تەمووزی ١٨٤٧ کەوتە جووڵە، عەبداڵ خان و مەحموود خانی فەرمانڕەوای هەرێمی وانی کردبووە ئامانج. فەریق عومەر پاشا لە ماوەیەکی کورتدا سەرکەوتوو بوو لە گرتنی ئەو دوو بەگە کوردە کە ماوەیەکی درێژبوو یاخی بووبوون. لەو ماوەیەدا موشیر عوسمان پاشا کە سەرکردایەتیی باڵی ڕاستی سوپاکەی دەکرد، بەدرخان بەگی کربووە ئامانج و لە دیاربەکرەوە بەرەو بۆتان بەڕێ کەوتبوو.

دەبووایە بەدرخان بە سوپا ١٥ هەزار کەسییە سنووردارەکەیەوە، بەرپەرچی سوپای ٣٥ هەزاریی ئامادە و پڕچەکی عوسمانی بداتەوە. وێڕای ئەوە لە یەکەمین ڕووبەڕووبوونەوەدا هێزەکانی بەدرخان لە شەڕەکەدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا. گەورەترین هۆی سەرکەوتنەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوچەیەکی شاخاوی بوو و هێزەکانی عوسمانی شارەزای ناوچەکە نەبوون.

عوسمان پاشا سەرکردەی سوپای عوسمانی دەرکی بەوە کرد کە ناتوانێ بەو ڕێگەیە سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و دەستی کرد بە گەڕان بەدوای ڕێگەی تردا.

## ناپاکی

(گەورەترین تراجیدیا ژێرکەوتنی مرۆڤە بەدەستی خۆی، نەک بەدەستی ڕکابەرەکەی)

CUS D, AMA

(لێبووردن لە دوژمن ئاسانترە لە لێبووردن لە دۆست)

Mme Dorothe Delusy

دەق لەو کاتەدا بەدرخان ڕووبەڕووی ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو بووەوە. یەزدانشێری خزمی کە

بۆ پاراستنی جزیرە ڕەوانەی کردبوو، بڕوای بەبەڵێنەکانی موشیر عوسمان پاشا کردبوو و بەرەی خۆی گۆڕیبوو و جزیرەی دایە دەستی هێزەکانی عوسمانی کە بەدرخان وەک چاوی خۆی لێی دەڕوانی. بەو شێوەیە کولتووری ناپاکی کە لە بروتوسەوە دەستی پێ کرد، لێرەدا خۆی پێشان دەدا و بەدرخان بەگ بەدرێژاییی تەمەنی ئەو ناپاکییەی لە بیر نەدەکرد و لێی نەدەبووری. کەس بۆی نەبوو لەلای ئەو ناوی یەزدانشێر بخاتە سەر زاری. لە خەونی خۆیدا کچی کوڕێکی خۆی دەدا بە تاهیری کوڕی یەزدانشێر، بەهۆیەوە بە ڕۆژ و بە مانگ خەمی دەخوارد.

پێ دەچێ ئێرەیی گرینگترین هۆی ناپاکیی یەزدانشێر بووبێ بەرامبەر بەدرخان. لە کاتێکدا بەدرخان پێشتر شاگردی میر سەیفەدینی باوکی یەزدانشێر بوو، ئێستە پێی هەرس نەدەکرا بەدرخان ببێ بەتاکە فەرمانڕەوای کوردستان.

بەدرخان بەزووترین کات شۆکی ناپاکییە چاوەڕواننەکراوەکەی بەلاوە نا و کەوتە جووڵە. سەرجەم یەکە سەربازییەکانی باکوری خستە گەڕ بۆ ئەوەی سەرلەنوێ جزیرە بگەڕێنێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی و ئەوەندەی نەخایەند دەستی گرتەوە بەسەر جزیرەدا، بەڵام ئەو دۆخە زۆر بەردەوام نەبوو. سوپای بەدرخان هیلاک بووبوو بەهۆی ئەو شەڕەی لە باکور بەرامبەر هێزەکانی عوسمان پاشا ئەنجامی دابوو.

بەدرخان هەر کە چووە جزیرە، نەخۆشییەکی توندی کۆلێرا لەناو سوپاکەیدا سەری هەڵدا. عوسمان پاشا زۆر خەمبار نەبوو بەوەی بەدرخان بۆ جارێکی تر دەستی بەسەر جزیرەدا گرتبوو، بەپێچەوانەوە دۆخێکی خوازراو چاوەڕوانکراو بوو لەلایەن ئەوەوە. گرتنی دەورووبەری جزیرە لە چوار لاوە بەس بوو بۆ گرتنی بەدرخان و لە ئەنجامیشدا ئەوە ڕووی دا. لە کاتێکدا عوسمان پاشا توانای دابینکردنی هێزی نوێ و پێداویستیی خۆراکی هەبوو، بەڵام بەدرخان بەگ بەختێکی وای نەبوو.

کاتێک بەدرخان بەگ بینی شەڕ بەپێچەوانەی بەرژەوەندی ئەو بەردەوام دەبێ، ناچار بوو پێتەختەکەی خۆی جێ بهێڵێ و لەگەڵ ٥٠٠ چەکداردا لە ٢٤ی تەمووز ١٨٤٧ پەنا بباتە بەر قەڵای ئەوراخ (Ewrax). بەدرخان لە قەڵای ئەوراخ تەنیا چوار ڕۆژ توانی خۆی ڕابگرێ کە پێشتر دەیگوت "ئەگەر سێ پادشاش بێتە سەرمان ناتوانێ دەستی بەسەردا بگرێ".

میر دوای ئەوەی نامەیەکی ڕەشید پاشای گەورەی پێ دەگات کە تێیدا هاتووە، ئەگەر خۆی بەدەستەوە بدا و بڕوا بۆ ئەستەمبۆڵ ئەوا کەس دەست درێژ ناکاتە سەر گیان و ماڵ و خێزانەکەی، بەدرخان لە ٢٨ی تەمووز ١٨٤٧ خۆی دایەدەستی عوسمانییەکان.

بەو شێوەیە ئەو بزاوە گەورەیە کۆتایی پێ دێت کە بە سەرۆکایەتیی ئەمیر بەدرخان بەخەیاڵی کوردستانێکی سەربەخۆ دەستی پێ کردبوو.

دواتر حکوومەتی عوسمانی بەشێوازی جیاواز هەموو ئەو کەسانەی خەڵات کرد کە ڕۆڵیان

هەبوو لە سەرکوتکردنی ئەو ڕاپەڕینەدا. ئەو فەرماننامەیەی بەبۆنەی سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە هاتبووە ئامادەکردن، لە سەرتاسەری ولاتدا دەخوێنرایەوە و ڕەزامەندیی پاشا دەهاتە ڕاگەیاندن. لە دواییدا خەلاتی "مەدالیای کوردستان" درا بەو کەسانەی ڕۆڵیان هەبوو لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا. ئەو مەدالیایە ٢٩ ملم بوو و لەسەر دیوێکی هێمای پاشا و لەسەر دیوەکەی تری وێنەی زنجیرە شاخێک و لە سەرووی زنجیرە شاخەکەش نووسرابوو "کوردستان" لە خوار ئەوەشەوە نووسرابوو "ساڵی ١٢٦٣". لە ئاڵتون و زیو چوار جۆر هاتووەتە دروستکردن. جۆری یەکەم دەدرا بە پاشا و سەرلەشکرەکانی سوپا، جۆری دووەم دەدرا بە پاشای فەریق و لیواکان و بەرپرسانی دارایی و والییەکانی مووسڵ، خەرپوت، سیواس و ئەرزەڕۆم کە ڕۆڵیان هەبووە لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە و جۆری سێیەمیشیان دەدرا بەو فەرماندارانەی پلەی ملازم و سەر تیپیان هەبوو. جۆری چوارەمیان کە لە زیو هاتبووە دروستکردن دەدرا بەو فەرماندارانەی پلەیان چاوەش و بەرپرسی کەرت بوون.

گومان لەوەدا نییە ولاتانی ڕۆئاوا ئەوەندەی عوسمانییەکان و بگرە لەوانیش زیاتر خۆشحاڵ بوون بە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە. حکوومەتی عوسمانی وەک چۆن لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا لەلایەن ولاتە گەورەکانی ڕۆئاوا بەمەبەستی هاندان بۆ چوونەسەر بەدرخان نامەباران دەکرا، ئەم جارەیان بەبرووسکەی پیرۆزبایی نامەباران کرا.

عوسمانییەکان دوای سەرکوتکردنی ڕاپەڕین تا ڕادەیەک ئۆقرەیان گرتبوو و بۆ ئەوەی جارێکی تر ڕووبەڕووی دۆخێکی هاوشێوە نەبنەوە، لە هەرێمەکەدا چەند پێکهاتەیەکی کارگێڕییان دامەزراند. لە هەرێمەکەدا لەژێر ناونیشانی (ویلایەتی کوردستان) ویلایەتێکی دامەزراند و ئەرکی بەڕێوەبردنی ئەم ولایەتە درا بەئەسەد موخلیس پاشای والیی مووسڵ.

### مەنفا

(هەندێک لە ئامانجەکان هێژان ئەگەر سەرکەوتووش نەبن)

Sweeney

بەدرخان بەگ لە ١٩ی ئەیلوول ١٨٤٧ لەگەڵ ماڵباتەکەی کە نێزیکەی ١٠٠ کەس بوو و ٢٠٠ کەس لە دارودەستەکانی گەیشتە ئەستەمبۆڵ. ئەوەندەی پێ نەچوو سوڵتان عەبدولەجید داوای بینینی بەدرخانی کرد. کاتێک لەبارەی هۆی ڕاپەڕینەکە پرسیاری لێ کرد، بەدرخان بەو چوارینەیەی عومەر خەیام وەلامی دایەوە:

(پێم بڵێ کەس هەیە لە دنیادا گوناهی نەبێ، پێم بڵێ دەکرێ بژی بەبێ گوناه، ئەگەر بەمن بڵێی خراپ و خراپکاریم لەگەڵدا بکەی، پێم بڵێ چ جیاوازییەکت دەمێنێ لەگەڵ مندا).

سوڵتان خۆشحاڵ دەبێ بەو وەڵامە، بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگر لە بەردەم ناردنی بەدرخان بۆ یۆنان.

بەدرخان بەگ و ماڵباتەکەی لە ٣١ی تشرینی یەکەم ١٨٤٧ گەیشتنە شاری کاندییە لە یۆنان و بەشێک لە ئەندامانی ماڵباتەکەی کە خواستی ئەوەیان نەبوو بڕۆن بۆ یۆنان لە ئەستەمبۆڵ مانەوە. لە شێخەکانی بەدرخان، عەبدولقودس ئەفەندی و شێخ عەبدولغانی لەناو ئەو کەسانەدا بوون کە ڕەوانەی یۆنان کران.

میر لە ماوەیەکی کورتدا لە ژیانی یۆنان ڕاهات و چەند پارچە زەوییەکی کڕی و وردەوردە پێگەیەکی بۆ خۆی دروست کرد.

بەدرخان بەدرێژایی ماوەی مانەوەی لە یۆنان ژیانی لەژێر چاودێریدا بوو. دەترسان لەوەی دووبارە لەوێ ڕابکا و بەدوای کاری مەترسیداردا بڕوا، بەڵام بەدرخان بەتێپەڕبوونی کات دوای ئەوەی تێ گەیشت کە جارێکی تر چاوی بە کوردستان ناکەوێتەوە، یۆنانی وەک وڵاتی خۆی قبووڵ کرد. لە یۆنان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی یۆنان کە لە ساڵی ١٨٥٦ بەرپابوو. بەو بۆنەیەوە پلەی میری میرانی پێ درا و ناونیشانی پادشای پێ درا و پێی ڕاگەیەنرا کە ئەگەر دەیەوێ بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەستەنبۆڵ و لەوێ نیشتەجێ ببێ، تەنانەت بەو مەرجەی نەچێتە ناوچەی ئەنادۆڵ لە ناوچەی ڕومەلی ئەرکێکی فەرمی پێ بدرێ و بکرێ بە والیی ڕوومەلی.

بەدرخان بەگ دوای ئەوەی نێزیکەی ١٠ ساڵ لە یۆنان نیشتەجێ بوو، قبووڵی کرد بگەڕێتەوە بۆ ئەستەمبۆڵ و دوای ٨ ساڵ مانەوەی لەوێ بۆ بەسەربردنی دوایین ساڵەکانی ژیانی ڕووی لە شام کرد. دوای تێپەڕبوونی چەند ساڵێک لە ١٨٦٩ ژیانە گەردەلوولاوییەکەی کۆتاییی پێ هات.

بەدرخان دوای ئەوەی کۆچی دواییی کرد خێزانێکی ٦٢ کەسی لە پاش خۆی بەجێ هێشت. کە پێک هاتبوو لە ٤ هاوسەر، ٦ کەنیزەک، ٢١ کوڕ، ٢١ کچ و ١٠ نەوە.

میر بەر لە مردنی بانگی سەرجەم منداڵەکانی دەکا و وەسیەتی خۆی ڕادەگەیەنێ. ئەوەی خوارەوە وەسیەتەکەی بەدرخان بەگە:

"هەمووتان لەناو ماڵەکانتاندا لەگەڵ منداڵەکانتاندا بە زمانی کوردی بدوێن. ئەگەر بەکوردی نەدوێن، کوردیتان لە بیر دەچێتەوە. کوردیتان لە بیر بچێتەوە، کوردستانیشتان لە بیر دەچێتەوە. ئەوەی کوردستان لە بیر بکا، ڕۆڵەی من نییە".

## کەسایەتیی بەدرخان بەگ

بەدرخان بەگ لە مێژووی کوردستاندا خاوەن کەسایەتییەکی ژیر و باڵادەستی دەگمەنە کە توانیویەتی سەرجەم بەگەکانی کورد لە ژێر فەرمانڕەوایەتیی خۆیدا کۆ بکاتەوە. بە ڕادەیەک گڕگرتوو بوو کە دەیخواست خاک لە عوسمانییەکان داببڕێ کە یەکێک بوو لە بەهێزترین دەوڵەت

لە کاتی خۆیدا. ئەوەندەش خەیاڵپەرست بوو بەشێوەیەک خەیاڵی ئەوەی دەکرد لە ڕێگەی کەناڵێکی هاوشێوەی کەناڵی سوێسەوە دەریاچەی وان و دەریای ڕەش بەیەک بگەیەنێ. ئەوەندە ئاڵوودە و قۆز بوو بەشێوەیەک کە ٤ خێزان و ژمارەیەکی زۆر لە کەنیزەک بۆ خۆی بهێنێ کە نایەتە ژماردن. ئەوەندە کەسایەتییەکی ئاینی بوو بە ڕادەیەک دەیان هەزار کەس لە پێناوی ئایندا بکوژێ و تەنانەت لە کاتەکانی کاریشدا زیکر بکا. سەربازێکی ئەوەندە بەهێز بوو کە توانی چەندان جار سوپای عوسمانی تێک بشکێنێ و لە کاری بەڕێوەبردنیشدا ئەوەندە سەرکەوتوو بوو سەرجەم مسیۆنەرە ڕۆئاواییەکانی بە خۆی سەرسام کردبوو کە سەردانی وڵاتەکەیان دەکرد، بەڵام بەهەمان ئاستیش لە کاری سیاسیدا سەرکەوتوو نەبوو (ئەگەر وەبیر خۆمان بهێنینەوە لە پرسی کۆمەڵکوژیی نەستۆرییەکاندا هەستی بەگەمەی وڵاتە گەورەکان نەکردبوو).

لەم خاڵەدا بێ ئەوەی باس لە تایبەتمەندییەکی تری بەدرخان بەگ بکەم ناتوانم بەسەر ئەم باسەدا تێپەڕ ببم کە ئەویش کاریزماکەیەتیی. وەدیع جوەیدە لە کتێبەکەیدا باس لەوە دەکا "کاریزمای بەدرخان بەگ دەقاودەق ئەو پێناسەیەی ماکس وێبەر لەخۆ دەگرێ کە بۆ سەرۆکایەتییەکی خاوەن کاریزما کردوویەتی". لە ڕاستیدا لەو خاڵەدا هاوڕام لەگەڵ جوەیدەدا. بەدرخان بەگ توانی لە کورتترین کاتدا بەگەکانی کورد لەژێر یەک چەتر کۆ بکاتەوە کە ناسراون بەوەی هیچ کاتێک یەکەتی لە نێوانیان دروست نەبووە. دروستکردنی کۆنفیدراسیۆنێک لە نێوانیاندا کە بەبۆچوونی من ئاستەمترین کارە لە دنیادا، نیشانەی کەسایەتییە کاریزماکەیەتی. بێجگە لەوە پێم وایە وەک موگناتیس ڕاکێشانی جەماوەرێکی زۆر بەلای خۆیدا و ڕێزلێگرتنی لەلایەنیانەوە، نیشانەی ئەوەیە جوەیدە بەهەڵەدا نەچووە لە بانگەشەکردن بەوەی بەدرخان وەک کەسایەتییەک خۆی نواندووە.

## ئەنجام

گومان لەوەدا نییە میر بەدرخان یەکێکە گرینگترین و ڕەنگاوڕەنگترین کەسایەتییەکان لە مێژووی کورددا. گرینگییەکەی لەوەدا نییە کە سەرۆکایەتیی یەکەمین ڕاپەڕینی نەتەوەیی کردبێ لە مێژووی کورددا، بگرە لە هەمان کاتدا هۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەرێمێکی فرەوانی خستووەتە ژێر فەرمانڕەواییی خۆی کە لە مێژووی کورددا نموونەی نەبووە و لە هەر شوێنێ فەرمانڕەواییی کردبێ یەکەتیی دەستەبەر کردووە.

وەک کەسانێک بانگەشەی بۆ دەکەن بزاوی بەدرخان بزاوێکی فیوداڵی نییە. پێویستە ئەو ڕاپەڕینە دوور بگرین لەو ڕاپەڕینانەی سەرۆک عەشیرەتەکانی تر بۆ بەهێزکردنی پێگەی خۆیان ئەنجامیان داوە، لەبەرئەوەی لەو ڕاپەڕینانەدا سەرۆک عەشیرەتەکان عەشیرەتەکانی تریان وەک ڕکابەر دەبینن و سەرەتا لە بەرامبەر ئەوان کۆشش دەکەن، لە کاتێکدا لە ڕاپەڕینەکەی بەدرخاندا

دۆخێکی پێچەوانە جێگەی باسە. وەک دەزانین بەدرخان بەر لەوەی ڕاپەڕێ یەکەمین کار کە ئەنجامی دابێ ئیمزاکردنی (ڕێککەوتنی پیرۆز) بوو لەگەڵ سەرۆک عەشیرەتەکانی تردا. ئەوەش هێمای ئەوەیە بزاوەکەی بەدرخان بەگ بزاوێکی نەتەوەیی بووە و سنووری عەشیرەتی تێپەڕ کردووە.

ڕاستە بەدرخان سەرۆکی عەشیرەتێک بوو، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە بەڵگەی ئەوە نییە کە ئەو بزاوەی بەڕێوەی بردووە بزاوێکی فیوداڵ بووبێ.

گرتنی بەدرخان لە قۆناخێکدا کە ڕاپەڕینی نەتەوەیی لە سەرتاسەری دنیادا سەرهەڵدەدات ڕێکەوت نییە. لەو ڕوانگەیەوە بەهەڵەدا دەچین ئەگەر ڕاپەڕینەکەی بەدرخان لەگەڵ ڕاپەڕینی بەگە فیوداڵەکانی کورد لە پێش ئەو بخەینە تای یەک تەرازووەوە. ڕاپەڕینی بەدرخان بەواتەی ڕاستەقینە تێکۆشینێکی ڕزگاریی نەتەوەیی بوو.

دوای ئەوەی بەدرخان کۆچی دوایی دەکا ئەو ماڵباتەی لە پاش خۆی بەجێی دەهێڵێ بەبەتاڵی ناوەستێ. نازانرێ ئاخۆ نەوەکانی وەسیەتی بەدرخانیان جێبەجێ کردووە یان نا، بەڵام بەلایەنی کەمەوە بەئاسوودەییەوە دەتوانین بۆ نەوەکانی پشتێنەی یەکەم ئەوە بڵێین. لەبەرئەوەی لە ساڵی ١٨٩٨ یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لەژێر ناونیشانی "کوردستان" لەلایەن عەبدوڕەحمانی کوڕی بەدرخان بەگەوە هاتە چاپکردن.

جەلادەت عەلی بەدرخان (کوڕی ئەمین عەلی بەگ) نەوەی بەدرخان بەگ یەکەمین ئەلف و بێی کوردیی بەپیتی لاتینی داهێنا.

ئەو بەدرخانییانەی لە ڕۆژی ئەمڕۆدا دەژین بەشێوەیەکی زۆر سەیروسەمەرە ئەندامبوونیان لەو ڕەچەڵەکە دەپارێزن.

دەتوانین ئەمرە گونەنسای وەزیری دەرەوەی تورکیا لە ڕابردوودا و جەمال کوتای مێژوونووس و ناسراو بە(ئەو مێژووەی دەژی) لە ڕیزی ئەو بەدرخانییە ناسراوانەدا هەژمار بژمێرین کە تا ئێستە دەژین.

تێبینیی وەرگێڕ:

* ئەمرە گونەنسای تا ئێستە مامۆستایە لە زانکۆی ئیشق.

* جەمال کوتای مێژوونووس (لە ٤ی شوبات ٢٠٠٦ لە ئەستەمبۆڵ کۆچی دوایی کردووە).... سەرچاوە ڕۆژنامەی حورییەتی تورکی.

سەرچاوە: کۆواری (بیر) بەتورکی. ژمارە ١٣ ساڵی ٢٠١٠

# کورد و وڵاتەکەی

## مێژووی گەلی کورد

## لە سەردەمە هەرە کۆنەکانەوە تا سەردەمی نوێ

موقەدەم شێخ عەبدولواحید

بەشی حەوتەم

### عەشیرەتە کوردییەکان – نەخشەی عەشایەریی کورد

نەخشەی عەشایەریی کوردان، هەروەک دۆزی کورد بە ئاڵۆز دادەنرێ، گەلی کورد سەرەڕای کۆنیی مێژوویان هێشتا لە قۆناغی پەرەسەندندایە، لە قۆناغی بنەماڵەوە بۆ قۆناغی عەشیرەت، و ئەو هۆیانەی دەبنە هۆی زیادبوونی تیرە و بنەماڵە عەشایەرییەکان، سروشتی تۆبۆگرافیی وڵاتانی کوردە، کە ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدا دەژین چیایین و چیای بەرز و دۆڵی قووڵیان تێدایە، ئەم سەختیی زەوییەی یارمەتیی پەیدابوونی دێیەلی بچووک و لە پێوەندیی نێو عەشیرەتە جوداکانی کەم کردووەتەوە.

دووەم: پێویستییە پێشەیییەکانی کوردەکان کە پێویستیی لەوەڕ و کشتوکاڵییە و هەروەها حەز لە کۆچ و بارکردنە، وای لە کۆمەڵان کردووە لەناو یەک خێزانی گەورە و هەندێک خاوەن پیشە و خزمەتکار و دەستوپێوەندا لەگەڵ یەکتریدا بگونجێن و ئەم خێزانە گەورانە دواتر بوونە عەشیرەتی ئەوتۆ کە ڕێکخستنیان و سەرکردایەتیکردنیان لەلایەن یەک سەرۆکایەتییەوە سانا بێ و بتوانن بە ئاسانی ڕەشماڵەکانیان هەڵبگرن و بە دوای لەوەڕگەدا بگەڕێن.

سەری خێزان کە هەردەم گەورەترینیان دەبێ، یان ئاغا یان بەگی پێ دەگوترێ. ناوی تیرە یان

.............................................................

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

عەشیرەتیش لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ ناوی یەکێک لە باپیرە پێشینە چاکە بە ئاینەکانیان، یانیش سەرکردەیەکی شەڕیی دلێر، یان سەرکردەیەکی توانا کە ئازایانە بەرگریی لە پیاوانی خۆی کردبێ بەرەنگاری هێرشێکی دوژمنان بووبێ، کەواتە سەیر نییە ئەگەر ژمارەی عەشیرەت و تیرە کوردییەکان بوونەتە پتر لە چەند هەزارێک. لەگەڵ ئەوەشدا کە هەریەکەیان ناوی عەشیرەت یان تیرەی لەخۆ ناوە، لە ڕاستیدا مەبەستی تاکەکانیان لەوە ناوی هەر ئەو بنەماڵەیەیە کە ئەوانی تێدان و بە عەشیرەتی دادەنێن نەک بنەماڵە.

لەو ماوەیەی گەڕان و سووڕانی ناو خاکی کوردانمدا تووشی گرفتێکی گەورە هاتم کە ئامادەکردنی سەرچاوە بوو لەبارەی عەشیرەتە کوردییەکانەوە. تەنیا لەبارەی ژمارەیەکی کەم لە عەشیرەتە کوردەکانەوە نەبێ کە لە عێراق و ئێران و سووریا و تورکیادا دەژین نەمتوانی بە دوور و درێژی لەبارەیانەوە بنووسم، لەوانەیە ئەمەش هۆیەک بووبێ کە بابەتی لێکۆڵینەوەکەم تەواو نەکردبێ، یان ماوەیەکی باش لەوێدا نەماومەتەوە.

مەبەستم لەم کتێبە قسەکردنە لەبارەی کورد و وڵاتەکەیانەوە و خوێندنەوەی بارودۆخیانە بە ئامانجی یەکەتیی ئیسلامی، نەک زیادکردنی جودایی و دابەش بوونی ناو موسڵمانانی جیهان کە بە کردەوە لەناو خۆیاندا دابەش بوون. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئامانجم یەکەتییە، دەشێ من (بێ ئەوەی مەبەستم بێ) گوێم نەدابێتە هەندێک لە عەشیرەتە کەم بایەخترەکان و من بەر لەوەی دەست بە بابەتەکە بکەم لەو بارەیەوە داوای لێبووردن دەکەم.

نەخشەکەم ئەوەیە لە هەر دەوڵەتێکەوە یەک لە عەشیرەتە بە بایەخەکان وەربگرم و پەسنیان بکەم و شیی بکەمەوە، لەلایەکی ترەوەش هەندێک ناوچەی تایبەتم هەڵبژاردن کە لەلایەن ستراتیجییەت و ئابوورییەوە جیاوازن و پەسنی ژیانی کوردانم تێیاندا بە درێژی کردووە. لە کۆتاییی ئەم بەشەشدا شتێکم لەبارەی ئێزیدییانەوە نایە سەر کە لە چیاکانی عێراق و سووریادا زۆر تێکەڵی کورد بوون و ئێزیدییەکان بوونیان لە شارۆکەی سنجار " شنگار " و دەوروبەریدا زۆرە، کە شارۆکەیەکی جوانە و دەکەوێتە لاپاڵەکانی چیای شنگاری ڕۆئاوای مووسڵ. ئێزیدییەکان تایبەتمەندیی ئازایی و جوانییان هەیە، ئافرەتەکانیان لە جوانترینی ئافرەتانی جیهانن، لەشولارێکی شۆخ و شەنگیان هەیە. ئێزیدییەکان لە زۆر لای ڕەگەزەوە لە کوردەکان دەچن، تەنانەت داوونەریتیشیان لە داوونەریتی کوردان دەچێ.

لە عێراقدا ئێزیدییەکان پایەیەکی پەسندیان هەیە، زۆرێکیان لێ لە هێزی ئاسمانیی شاهانەدا سەربازی دەکەن و هێزێکی نیزامییان لێ پێکهێنرابوو بەریتانیاییەکان سەرپەرشتییان دەکرد بۆ ئەوەی بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان بکەن، لە دوو بنکەی شاهبە و حەبانییەدا. تا ماوەیەکی نزیکی لەمەوبەریش ئێزیدییەکان گەلێکی دواکەوتوو بوون، بەڵام دەستیان بە پێشکەوتن کردووە بۆ ئەوەی بە ڕەوتی شارستانی بکەن، بە سوودوەرگرتن لە پەروەردە و فێربوون و بە خستنە سەر کار و بەکارهێنانی ئامێرەکانی ڕادیۆ و خوێندنی ڕۆژنامان و هیی تر لە دیاردەکانی شارستانییە

نوێیەکان و هەروەها لە سایەی حکوومەتی ڕووناکبیری عێراقدا لە وڵاتی کوردانددا گەیشتوونەتە ئەو پلە پەسندە.

## کوردە (میهرانییەکان)

کوردە میللییەکان (میهرانییەکان) بە گەورەترینی عەشیرەتە کوردییەکان دادەنرێ و لە هەمووشیان بڵاوترن. میللییەکانیش وەک عەشیرەتە کوردەکانی تری ئێرانی و تورک و عەرەب (مەبەست لەو کوردانەن کە لە ئێران و تورکیا و وڵاتە عەرەبییەکاندان – وەرگێڕی کوردی) لەگەڵ بەسەردا زاڵبوونی ڕەگەزی تورک و ئێرانی، کە بنچینەیان بۆ عەشیرەتی (جیتۆ !)ی کۆن دەگەڕێتەوە. ئەمانە موسڵمانی سونین، هەرچەندە هەندێکیان لەسەر ڕێبازی ئێزیدین و هەندێکیشیان خرستیانن.

لە کۆتاییی بەشدا لەو ئێزیدییانە دەدوێم کە گەلێک لە کورد دەچن و لەناویشیاندا دەژین.

ئەو خاکەی کوردە میللییەکانی لەسەردا دەژین لە باکوری سووریاوە بەسەر ڕووباری فوراتەوە تا کۆتاییی هێڵی ئاسنیی تورکیا لە دیاربەکر بەخۆوە دەگرێ، ئینجا بۆ نوسەیبین و بەرەو ڕۆهەڵات دەڕوا تا سەر ڕۆخەکانی ڕووباری دیجلە. ئەو دەشتایییە بەرینەی دار و درەختی تێدا دەگمەنە، لەگەڵ خوو و ڕەوشتی کوردە میللییەکان و داوونەریتیاندا دەگونجێ چونکە بۆ ژیانی کۆچەرایەتیش و بۆ ژیانی جووتیاریی جێگیریش وەک یەک دەست دەدا.

ئەم میللییانە بە زمانی کرمانجی دەپەیڤن کە لە شێوەزاری کوردەکانی مووسڵ و کەرکووک جیاوازە، بە شێوەزارێک دەدوێن وشەگەلی فارسی و تورکیی تێدا لە عەرەبی زیاترە. جیاوازی لە زمانی کرمانجیی بنەڕەتی وەک جیاوازیی پشتووە کە عەشیرەتی یوسفزای پاتانی پێی دەدوێن لە شێوەزاری عەشیرەتەکانی ئافریدی، یان وەزیریی پاتانی لە پاکستاندا.

لەلایەن چۆنێتی و هۆیەکانی ژیانیشیانەوە لە تورک نزیکترن و لە عەشیرەتە کوردییەکانی تر ڕۆشنبیرتر و بە ڕەوشتترن و کەمتر سادەیی و ڕەوەندایەتییان پێوە دیارە. کوردە میللییەکان پتر لە عەشیرەتە ڕەوەندەکانن، گەرچی هەندێک لە تیرەکانیان لە گوندەیلێکدا نیشتەجێن کە قەڵایەکی بە خانووی گچکە گچکە و زنجی لە قوڕ دروستکراو دەورەدراویان لە ناوەڕاستدایە و ئەو زنجانە لەوانە دەچن کە لە ناوچەی سەرسنووری باکوری ڕۆئاوای پاکستاندا دەیانبینین.

میللییەکان (میهرانییە ڕەوەندەکان) گەلێکی مەزنە و ئێستاش نەریتە کۆنەکەیان پاراستووە کە لە چیاوە هاتنە خوارەوە و بە ماڵ و ئاژەڵەکانیان بەرەو باشوور کۆچکردنی وەرزی زستانە، هەروەک عەشایەری (غیلزای) لەسەر سنووری پاکستان – ئەفغانستان، هەر بەخۆشیان ڕەشماڵەکانیان دەچن کە لە مووی بزن یان لە خوریی وشتر دەیانچن، چنینێکی وردی ئەوتۆ کە ڕێ بە باراناو یان بە تیشکی خۆر نادا بچێتە ناو ڕەشماڵەوە کە لەسەر دوو ڕیزە ستوون

دادەمەزرێن، لایەکانیشی لەسەر کۆڵەکەی کورت دادەمەزرێ کە دەتوانن لەناویدا بەپێوە بوەستن و ناوەوەی ڕەشماڵ بە بەڕەی جوانی ڕیشووی شۆڕبووەوە دەڕازێنرێنەوە.

سیستەمی عەشایەریی کوردە میللییەکان هەروەک عەشیرەتە سەرەتاییەکان لەسەر سەرۆکی بنەماڵە بنیات دەنرێ. عەشیرەتیش لە دوازدە کۆمەڵەی سەرەکی پێک دێ و هەریەکەیان دەبنە چەند عەشیرەتێک یان چەند بنەماڵەیەکی گەورە و سەرۆکایەتیی عەشیرەت پشتاوپشت دەگوازرێتەوە. بە تەمەن گەورەکانی بنەماڵە ئاغا هەڵدەبژێرن کە سەرۆکایەتیی هەرە باڵای پێ بکرێ و ئەنجوومەنێکیش کە لە سەرۆکی عەشیرەتەکان و پیرەپیاوان پێک دێ، کێشەکان یەکلا دەکاتەوە.

میللییەکان هێشتا ئیبراهیم پاشای مەزنی قارەمانیان یاد دەکەنەوە و یادی بەرز ڕادەگرن ، کە عەشیرەتە گچکەکەیانی لە کۆتاییەکانی سەدەی پێشوودا (دەبێ مەبەست لە سەدەی نۆزدەی زاین بێ) لەژێر سەرکردایەتیی خۆیدا یەک خست. ئەفسانەیەک دەڵێ ئیبراهیم پاشا خۆشی و یەکەتی و شانازیی بۆ کوردە میللییەکان دابین کرد – و بە شان و شکۆوە دەژیا – کە ڕەشماڵەکەی لەسەر چل ئەستووندان دانرابوو و لەسەر پەردەکانیدا تابلۆگەلی چنراوی ڕەنگاوڕەنگ هەڵواسراوە و بە نرخترین کەلوپەل و بە بەهاترین مافوور ڕاخرابوو و بە هاوەڵیی دەستوپێوەندێکی گەورە و دەستە پاسەوانێکەوە دەگەڕا لە سەد و بیست سوارچاک پێکهاتبوو. سوڵتان عەبدولحەمید پلەی پاشاییی پێ بەخشی، ئیبراهیم پاشای بە حاکمی سەر ئەو ناوچانە دامەزراند کە کوردە میللییەکانی لێ دەژین.

هەروەها سوڵتان هەندێک تایبەتمەندیی دەستنیشانکراوی بە ئیبراهیم پاشا بە تایبەتی و کوردە میللییەکان بە گشتی بەخشی، کە پێوەندییان بە باج و کارگێڕیی ناوەخۆیی و تەنانەت مافی پێکهێنانی لەشکرێکی ناوەخۆی نافەرمیشی پێیان بەخشی.

میللییەکان لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیددا تا ڕادەیەکی زۆر ئۆتۆنۆمییان هەبووە و لە کۆتاییەکانی سەردەمەکەشیدا ئەو سوڵتانە تیپە لەشکرێکی نافەرمیی لێیان پێک هێنا و سەرکردایەتییەکانی دایە دەست خۆیان و ناوی تیپی "حەمیدییە "ی لێ نان و لە جێی پاسەوانی تایبەتیی سوڵتان بوو، بۆ پاراستنی لە دژی هەر شۆڕشێک گەلەکەی لە دژیدا بەرپای دەکرد، هەروەک لە بەشی پێشوودا باسمان لێوە کرد.

ئیبراهیم پاشای سەرکردەی کورد پێشوازیی لە دروستکردنی ئەم تیپەی حەمیدییەی کرد. لە ڕاستیشدا ئەمە لە بەرژەوەندیدا بوو کە بواری بۆ ڕەخسا دەست بەسەر هێزێکی ڕێکوپێکدا بگرێ و زۆربەی ئەو ئەفسەرانەی سەرکردایەتییان دەکرد خزم و لایەنگیری خۆی بوون. هەروەها دەسەڵاتی لەناو عەشیرەتەکەی خۆشیدا چەسپاند. کە دەسەڵاتی تەواوی بۆ بانگکردنی سەربازانی هەبوو. ناوچەکەشی بە پارێزراوی و بێ دەستدرێژی لێکردن مایەوە. کە باجگر و سەربازەکان

نەیاندەوێرا بچنە ئەو دەشتانە.

هەروەها لە وێرانشەهردا پایەتەختێکی بۆ شانشینییە بچووکەکەی بنیات نا، کەسانی عەرەب و ئەرمەنیشی لێ نیشتەجێ کرد و لە تەک پیاوی ئاینیی عەرەبدا لە وێرانشەهردا کلێسایەکی ئەرمەنییش دروست کرا، ئەسقوفێک بەڕێوەی دەبرد. وێرانشەهر بەدرێژاییی مێژوویدا هیچ کاتێک وەک لە سەردەمی ئیبراهیم پاشادا نەبووژاوەتەوە.

دوای مـردنی ئیـبـراهیم پاشـا ئەوەی دوای ئەو هات ئەو بەهرەیەی ئەوی تێدا نەبوو، بۆیە میللییەکان سەرکردەیەکی مەزنیان لەدەست دا کە بەرزی و یەکەتیی بۆیان دابین کرد و ناویانی بەرز کردەوە، ئەوەی لێکهەڵوەشانەوەی پتر کرد لەناو میللییاندا دەرکەوتنی بزووتنەوەی (تورکە لاوەکان) بوو، بە تایبەتی دوای لابردنی سوڵتان عەبدولحەمید لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئەتاتورک.

دوای شەڕی یەکەمی جیهانیش چارەنووسی میللییەکان بۆ ماوەیەکی کورت کەوتە دەست هات و نەهات، بەڵام کە نەخشەی دەوڵەتی سووریای ئێستا کێشرا و خرایە ژێر چاودێریی فرەنسایییەوە، کوردە میللییەکان خۆیان بە دابەشکراوی لەناو دوو دەوڵەتی سەربەخۆدا دیتەوە کە سووریا و تورکیان. هەر لەوساکەشەوە گوێڕایەڵی قانوونن و هیچ ئاژاوەیەک نانێنەوە، چ لە سووریا بێ یان لە تورکیا.

ئێستاش باسی عەشیرەتێکی تری کورد دەکەم ناوچەیەکی بە بایەخ و بە ڕووپێو فراوانتر لەوەی میللییەکان و پایەیەکی گەورەیان لەلای گەلی ئێراندا هەیە.

### کوردە " گۆران "ەکان

ئەم عەشیرەتە کوردە بەناوبانگە لە دەشتەکانی ڕۆژئاوای ئێران و باشووری ڕۆژئاوایدا ژیان بەسەر دەبەن و ژمارەیان لە کرماشان و دەوروبەریدا پترە کە لە شارە هەرە بەناوبانگەکانی ڕۆژئاوای ئێرانە. بە زمانە ناوچەیییەکان وشەی " گۆران " چیایی، یان خەڵکی چیا دەگەیەنێ، یانیش " گۆر "واتە" چیا".

". بەپێی کتێبی شەرەفنامە (لەو کتێبە هەرە بە بایەخانەیە کە لەبارەی عەشیرەتە کوردەکانەوە نووسراوە)، شا " گوتاریزین گیو " بنیاتنەری عەشیرەتی گۆرانەکانە، وەک دەشڵێن بەهمەن، ڕۆهان ــ ی کوڕی گۆتارزین ــ ی کوڕی گیو "ی ناردووە بۆ تێکدانی ئۆرشەلیم و بە دیل گرتنی جوولەکەکان و هێنایان، هەروەها لە چەند شوێنێکدا بە ناوی بەختوننەسر ئاماژە بەم "ڕۆهان–ە کراوە. بەپێی کتێبەکەی، ئەو وڵاتەی دەکەوێتە دەوروبەری " تەختی شیرین " و " کرمانشاه – کرماشان " هەر لە سەردەمی ڕۆهانەوە بەدەست جێنشینانی گۆتاریزی کوڕی گیوەوە ماوەتەوە و بە خەڵکەکەی گوتراوە کوردی گۆران و ئێستاشی لەگەڵدا بێ ناوی شا گۆتارزینی کوڕی گیو و

نازناوەکەی لە نەقشێکی " پای بێستوون "ی نزیک کرماشانی باکوری ڕۆژئاوای ئێراندا ماوەتەوە.

لە کتێبی مەسالیکولئەبسار " مسالک الابصار "یشدا – کە کتێبێکی ترە لە کتێبە کۆنە بە بایەخە مێژووییە گەورەکان– دا باس لەوە کراوە کە عەشیرەتی گۆران لە سەدەی چواردەمدا دەسەڵاتی بەسەر ناوچەی کوردستانی باشووردا ڕاگەییوە، کە ئەم ناوچەیە لە سنووری هەمەدانەوە تا شارەزوور دەگرێتەوە. بۆیە دەتوانین بڕیار بدەین کە گۆرانەکان سەردەمێک لە سەردەمەکان بەشێکی گەورەی باشووری ڕۆژئاوای ئێرانیان بە دەستەوە بووە، تەنانەت ئێستاش گۆران زۆربەی دانیشتوانی سەرتاسەری سنووری باشووری ڕۆژئاوای ئێران و دەوروبەری خانەقین پێک دەهێنن.

گۆران (گەل !!)ێکی زۆر چالاکە و حەزیان لە داهێنان و ئامێرەکانە و تایبەتمەندیی کورتەباڵایی و گەنمرەنگیی پێستیان هەیە، بەڵام تەندروست و لەش بەهێزن. لەسەر کشتوکاڵ و مەڕوماڵات بەخێوکردن دەژین و چاکترین جۆری خورییان لێ دەست دەکەوێ. لەو شمەکانەی قازانجێکی ئێجگار زۆریان بۆ دابین دەکا هەنار و ترێ و شیر و شیرەمەنییە. گۆران بە دڵێری و زیرەکی و دڵسۆزی بۆ دەوڵەتیان ناسراون، ژمارەیان لە نێوانی ٤٠٠ – ٥٠٠ هەزار کەسێکە و ئەو ناوچەیەی گۆرانی لێیە لەبەر بوونی دەوڵەمەندترین کێڵگە نەوتییەکان، بایەخێکی پتری هەیە.

### کوردی جەرجیرایا (١)

کوردی جەرجیریا بە زۆری لەسەر سنووری تورکیا – عێراقدا دەژین و بەشی زۆری وڵاتەکەیان دەکەوێتە ناوچەی باشووری ڕۆهەڵاتی تورکیاوە. ژیانێکی نیمچە کۆچەری دەژین و لە وەرزە شیاوەکاندا خاکەکانیان دەچێنن و بە مەڕوماڵاتیانەوە لە لەوەڕگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگوازنەوە و لە فرۆشتنی بەروبوومی کشتوکاڵ و کڕینی جلوبەرگ و شمەکی تری پێویستییەکانی ژیانیاندا پشت بە مووسڵ و نوسەیبین و جزیرە " جەزیرەت ئیبن عومەر " دەبەستن. ژمارەی کوردە جەرجیرایاییەکان لە نێوان دە و دوازدە هەزاردایە و وڵاتەکەیان بە ئاو دەوڵەمەندە و چاکترین جۆری گەنم و برنج و جۆ لە پاڵ میوە و تەڕەدا بەرهەم دەهێنن. خوری بە کاڵا و بەروبوومی کشتوکاڵی و بەرهەمی شیرەمەنی دەگۆڕنەوە.

کوردە جەرجیراییەکان نموونەی مێردایەتین و باڵابەرز و دیمەن جوانن و بە یەکقسەیی و درشتی و خواردەیی ناسراون و لەلایەن ڕەوشتیشەوە زوو تووڕە دەبن بەڵام دوای دامرکاندنەوەی شۆڕشی تووڕەییان لە توانادایە بە ئاسانی کەوی بکرێن. ڕەسەنیان دەچێتەوە سەر عەرەب بەڵام خۆیان بە کوردی خاوێن دادەنێن. وەک دەڵێن ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر سولەیمان ئاغا ئەم عەشیرەتەی لە سلێمانییەوە ڕاگوێزاوە.

عەشیرەتی بتوان

عەشیرەتێکی زۆر بچووکە لە باکوری مووسڵ لە لاپاڵە باکورییە رۆهەڵاتییەکانی چیای جوودی–دا دەژین، لە گوزەرانیاندا پشت بە کشتوکاڵ و مەڕوماڵات دەبەستن.

عەشیرەتی حوسێنان

بە پێچەوانەی جەرجیرایاییەکان عەشیرەتی حوسێنان دەچنەوە سەر بنچێکی رەسەنی کورد بەڵام لە ماوەی دووسەد ساڵی رابردوودا تەواوێک بوونەتە عەرەب، لە دەوروبەری مووسڵدا نیشتەجێن و ژمارەیان چەند هەزارێک رەت ناکا، لە راستیشدا ئەمانە لقێکن لە لقەکانی ئێزیدی و کوردە حوسێنانییەکان جووتیاری نیشتەجێن و گەنم و جۆ و گەنمەشامی دەچێنن.

لە عەشیرەتە گچکەکانی تری ناوچەی مووسڵ عەشیرەتەکانی گولی و سندی و حەجام لە زاخۆ و عەشیرەتەکانی مزووری و دۆسکی و شواخان لە دهۆک لەسەر سنووری تورکیا – عێراقدا و عەشیرەتەکانی سوورچی و کیزا و زوکری و هەرکی لە ئاکرێ. عەشیرەتەکانی نێروەییەکان و بەرواریی باڵا و ساینا لە ئامێدی. زۆربەی ئەم عەشیرەتانەش رەوەندن، هەرچەند هەندێک لە عەشیرەتەکانی زاخۆ و دهۆک زەویوزاریان هەیە گەنم و جۆ و برنجی تێدا دەچێنن.

عەشیرەتەکانی جاف–ی ئێران

کوردە جافەکان لە لایەکانی رۆهەڵات و باکوری سنووری عێراق – ئێراندا دەژین و ئەم عەشیرەتە لەناو عەشیرەتە کوردەکاندا بە کەمتر گوێڕایەڵی قانوون دادەنرێن و لە گوزەرانیاندا بە تەواوی پشت بە مەڕوماڵات بەخێوکردن دەبەستن و ژمارەی عەشیرەتی جاف بەلای کەمەوە ٦ هەزار کەس دەبن و لە نزیک کفری و چەمچەماڵ و هەڵەبجەدا نیشتەجێن لە عێراقدا، ناوچەکانیشیان بۆ دە میلی تری بەناو سنووری ئێراندا دەکشێ.

لە عەشیرەتە گچکەکانی تری ئەم ناوچەیە تاڵەبانی و بەرزنجە و شوان و " ئەکرجا !! "و عەشیرەتی بارزانی–ی بەناوبانگ کە لە نزیک کەرکووکەوە نیشتەجێن.(٢) کوردە بارزانییەکان بایەخێکی گەورەیان لە شۆڕشی ١٩٤٦ – ١٩٤٧ی مەلا مستەفای بارزانییەوە پەیدا کرد و زۆربەی بارزانییەکان لە سەیدەکانن و لە هەموو عەشیرەتە کوردەکانیش رۆشنبیرتر و زاناترن.(٣)

## کوردی کاکەیی

عەشیرەتێکی بەبایەخی تر لە ناوچەی نزیکی کەرکووک و سلێمانیدا نیشتەجێن کە عەشیرەتی کاکەییە. کاکەییەکان سەر بە رێبازی شیعەن.

لەلایەن ڕەگەزیشەوە لە قزڵباش نزیکترن وەک لە کورد. تێکەڵییان لەگەڵ قزڵباشاندا زۆرە و ژن و ژنخوازییان لەگەڵدا دەکەن و هەندێک لە کوردە کاکەییەکان باوەڕ بەوە دەکەن کە تیرەیەکن لە تیرەکانی ئەو عەشیرەتی قزڵباشەی لە وڵاتی کوردانددا نیشتەجێن و بە شێوەیەک لە شێوەکانی کرمانجی دەدوێن و ژمارەیان لە نێوانی نۆ هەزار و دە هەزار کەس دەبێ و پیشەی سەرەکییان جووتیارییە.(٤)

## کوردی خۆشناو

کوردە خۆشناوەکان لە ناوچەی ڕۆژئاوای هەولێر و لە هاوینەهەواری شەقڵاوەی جواندا نیشتەجێن، بە دیمەن جوانی و بەهێزیی لەش و ئامادەیی قسە ناسراون. زۆریشیان حەز لە ژیانی سەربازییە. کوردە خۆشناوەکان لە کوردەکانی تر پێشکەوتووترن، ڕۆشنبیرتر و زاناترن و دەوڵەمەندترن، بەزۆری لەسەر کشتوکاڵ و کاری ئازاد دەژین ، هەروەها وەک عەشیرەتە کوردەکانی تر، چ لە عێراق بن یا لە ئێران، لە سوپا و پۆلیسدا وەردەگیرێن و فەرمانە شارستانییەکانی شاریش دەکەن و ژمارەیان نزیکەی ٣٠ هەزار کەس دەبێ.

## کوردی پژدەر و هەورامان

لە سلێمانیی باکوری عێراقدا عەشیرەتێکی کورد دەژی پێی دەڵێن پژدەر. ئەمەش لە گەورەترینی عەشیرەتەکانە و زۆربەیان لە ئێران دەژین و تێکەڵ بە دوو عەشیرەتی هەمەوەند و هەورامانن و زۆربەیان ڕەوەندن چونکە وڵاتەکەیان بەپیت نییە، چەند بەشێکی بچووک بچووکی نەبێ کێڵگەی سەوزیان تێدایە کە کانیی لەژێر زەوییەوە هەڵقووڵاو و جۆگەلەی لە چیاوە هاتوو دەیاندێرن.

لە دەوروبەری شاری ڕەواندزی بەناوبانگی باکوری عێراقیشدا کوردەکانی زێباری و مەنگوڕ هەن، کە دەسەڵات و هێزێکی گەورەیان هەیە و ئەفسەرگەلێکی ناوداری سوپا و پیاوانی سویلی حکوومەتیان لێ پێگەییوە و بە زۆرخواردەیی و ڕۆشنبیریی بەرز ناسراون.

لە نزیک شاری ڕەواندزەوە، هەولێری لانکەی شارستانیی کوردی دێرین هەیە، کە عەشیرەتی دزەیی و تیرەکانی مامەسێنی و سیان و ئاغاکاکی خان و شیروانیی لێ دەژین، هەروەها لە نزیک هەولێرەوە هەندێک کۆمەڵەی عەشیرەتەکانی خۆشناو و گەردی(٥) و شێخان و ئاکۆ و شیلانە و شاڵەبەگی و نۆدەشت و مەنگوڕ و باڵەک و شۆڕش لە تەک عەشیرەتەکانی زێباری و کازوری و هەرکیی بەناوبانگ هەن.

## کوردی هەمەوەند

کوردە هەمەوەندەکان لەلای ڕۆژئاواییەکانی ئێراندا، لە نزیک سنووری ئێران – عێراقدا دەژین. ئەمانەش بە زۆری ڕەوەندن و لە بازرگانی و فرۆشیاریدا بەبایەخترینی ئەو شارانەی پشتیان پێ

دەبەستن مــەهاباد و ڕەزائـیــیــەی ڕۆئاوای ئێـرانن. ئەم ناوچەیە تا شـارۆکـەی (خنیت !)ی سـەر سنووری ئێران ــ عیراق دەکشێ و ژمارەیان نزیکەی ١٥ هەزار کەسە.

### باشووری ڕۆئاوای ئێران

وەک پێـشـتـر گـوتم گۆران لە باشووری ڕۆئاوای ئێـراندا لە بەهێزترینی عەشـیـرەتە کوردەکـان دادەنرێ، لە پاڵ گۆرانەکانیشدا، لە شارەکانی خانەقین و قەسری شیرین و دەوروبەری کرماشانی ڕۆئاوای ئێراندا تیرەگەلی خەیلانی و (قەدیرمیر و بەجالم و دالوو و تاڵەبانی!!) دەژین.

### ئێزیدییەکان

لەلایەکـەوە کوردەکـان بەگـشـتی لە پانتـانییـەکـانی ناوچەی سنووری باکوری ڕۆئاوای پاکسـتـان دەکەن، ئێزیدییەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە عەشیرەتەکانی " لال کفیر " دەکەن کە لە لاپاڵەکانی چیای هیندوکـوش–ی باکـوری جـەترالّ لەسـەرسنووری باکـوری ڕۆئاوای پاکـسـتـان دەژین، بۆ خۆشبەختیش لێکچوونی نێوانی ئەم دووانە لەوە پتر نییە.

ئێـزیدییـەکـان ژمـارەیان ٢٢٠٠٠ کـەس دەبێ و بە " شـەیتـانپـەرست " دەناسـرێن و لە هـەندێک کۆمەڵگەی بچووکی جیاجیای لایەکانی ئاسیای ناوەڕاستیشدا هەن. بەڵام بوونیان لەو ناوچەیەدا کـە لە شـێـوەی بازنەدا بۆ مـاوەی ٨٠ مـیلی باکـور و باکـوری ڕۆئاوای مـووسڵ دەکـشـێ چڕترە. ئێزیدییەکان خۆیان بەخۆیان دەڵێن " دەسازای ".

### بنچینەیان

لەبارەی بنچینەی ئێزیدییانەوە تیوورییەکان زۆرن، هەندێک بە یەکێک لە عەشیرەتە ئیسرائیلییە بزرەکانیان دادەنێ، هەندێکی تریش لە نەوەی ئاشوورییە کۆنەکانیان دادەنێن، کەچی هەندێکیش بە ئامـۆزای زەردەشـتـیـیـانـیـان دادەنێن کـە لە دێرزەمـانەوە بە چیـاکـاندا کـۆچیـان بۆ ڕۆئاوای دەریاچەی ورمێ کردووە و ستاریان لێ گرتووە.

وشــەی " ئێـزیدی " یان ئایزادی لە وشــەی " ئەزدان " وەرگـیـراوە، کـە بە زمـانی پەهلەویی کـۆن "ئافەریدەی باڵا " دەگەیەنێ، کە خوای مەزن لە تیوورییاندا بەرزییەکی خەیاڵیی گوزارەیی داماڵراو بە خـۆوە دەگـرێ، بـەڵام بایەخـدانی زۆریـان بەو ئافـەریدەیەیە کـە ئێـمـە پێـی دەڵێن " مـەلائیکەتە نەفرەت لێکراوەکە "، ئەمە ئەگەر وشەی ڕەوشتـبـەرزانـە بۆ پەسنی شـەیتان بەکار بـهێنین، بەڵام ئەوان بەو ئافـەریدەیەی دادەنێن کـە گـەورەی کـۆن و بوون، دەسـەڵاتی تەواوی بەسـەر جـیـهـانی سـەرزەوی داوەتێ، بۆیە شـەیتـان هـێـزێکە دەبێ دڵی ڕابگـیـرێ و ڕێزی لێ بنرێ، ئەگـەرچی ڕەحمـەتیشـە هەموو مرۆڤێک خۆشی بوێ، ئەمان لێی دەترسن، ئەگەر کەسێک وشەی شـەیتان–ی نەفـرەت لێکراو لە بەردەمـیـاندا بـەکـار بـهێنێ لەرز دەیانگرێ، چونکە ئەم ناوە خـەوشـهـێن و

سووککەرەوەیە کە موسڵمانان بەوەی ناو دەبەن، کە بە گیانی بەدکاری دادەنێن و دژایەتیی خوای باڵا دەکا، لە کاتێکدا ئێزیدییەکان هەموویان بە گەورەیەکی خاوەن هێزێکی ئێجگار گەورەی لە سروشت بەدەری دادەنێن.

دووەم تیوریی باو، کە پشت بە ڕاستیی مێژوویی نابەستێ ، کە ئێزیدییەکان باپیرەکانی یەزیدی کوڕی موعاوییە بوونە، کە بەرپرسە لە شەهیدبوونی ئیمام حوسێنی نەوەی محەمەدی پێغەمبەر " د. خ " و هەروەها، ئێزیدییەکان لەلایەن ڕەگەزایەتییەوە تەواوێک لە کورد دەچن، تەنانەت زمانیشیان زۆر نزیکە لە زمانی کرمانجی.(٦)

## ئاین

پەسندتر وایە سەرەتا باسی باوەڕی ئاینییان بکەین ، چونکە ڕوانینی سیاسییان لەسەر ئەم باوەڕە بنیات نراوە. ئاینی ئێزیدی سیستەمێکی ڕێکوپێک نییە، بگرە تێکەڵەیەکی ئاڵۆزە لە بتپەرستیی پێش ئیسلامەتی و جوولەکەیەتی و خرستیان و ئیسلامەتی و لە کۆتاییشدا لە ڕێنوێنییەکانی شێخ ئادیی سۆفیی موسڵمان کە لە حەڵەبەوە هاتووە و ساڵی ١٢١ی کۆچی لە شارۆکەی شێخ ئادیدا مردووە کە (٣٥ میل) لە باکوری مووسڵەوەیە.

دەقەکانی ڕێبازەکەیان بەدەوری داواکردنی بەزەیی لە سەرچاوەی بەدکاریدا دەخولێتەوە کە "مەلەک تاوس" ی باڵندەی پیرۆزی پێ دەگوترێ، لەوانەیە دان نان بە سەرەتای چاکە و بەدکاریدا کە مەلەک تاوس نەمری دەکا، لەو ئێرانییانەوە وەرگیرابێ کە باوەڕی دووانەییان هەبووە. هەروەها دەشێ ئێزیدییەکان خۆرپەرستیشیان لە ئێرانییان وەرگرتبێ، چونکە دەریاچەی ورمێ کە زەردەشتی پێغەمبەری لە تەکدا لەدایک بووە، زۆر لە شوێنی باڵندە پیرۆزپەرستەکانەوە نزیکە. لەلایەکی ترەوە ئەوە بە ڕاستتر دادەنێن کە خۆرپەرستییەکەیان کۆنترینی باوەڕەکانیان بێ، چونکە لە کاتی هەڵاتن و ئاوابوونیدا زۆر پەرۆشی خۆشەویستیی ئەون و ئەو شوێنە ماچ دەکەن بۆ یەکەم جار تیشکی بەردەکەوێ.

ئێزیدییەکان هەموو نوێژ و سرووتە ئاینییەکانی تریان بە زمانی عەرەبی ئەنجام دەدەن، ئەگەرچی زمانیان زمانی داسنیی زۆر نزیکە لە کرمانجیی " زمانی کوردان " و قورئان بە پیرۆز دادەنێن و وەک موسڵمانانی تر بەرزی ڕادەگرن و ئێزیدییەکان لەو بڕوایەدان کە ئاوی زەمزەم--ی مەککە، هەر لەو سەرچاوەیەوە هەڵدەقوڵێ کە ئاوی ئەو بیرەی گوندی شێخ ئادیی لێوە هەڵدەقوڵێ (کە نزیکەی ٣٥ میل لە باکوری مووسڵەوەیە).

## سرووتە ئاینییەکان و داونەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان

وەک پێشتر گوتم باوەڕی ئێزیدی بە تێکەڵبوونی باوەڕگەلێکی زۆر و ئاینگەلێکی جیاواز پێکهاتووە، ئەمان وەک موسڵمانان خەتەنە دەبن و وەک خرستیانان لە ئاو هەڵدەکێشرێن و وەک

جووڵەکە خۆراکە قەدەغەکانی وەک بەرازخواردن  قەدەغە دەکەن و هی تریش. هەروەها وەک مەندائییان قێز لە ڕەنگی شین دەکەن، لە باوەڕیاندا هەریەک لە ئیبراهیم " دروودی لێ بێ " و یوونس و عیسا "دروودی لێ بێ" و محەمەدی مەزنمان دروودی لێ بێ و مەهدیی پێشەوا (ئەمەش لەلای ئەوان شێخ ئادییە) لە تەک مەلەک تاوس تێکەڵییەکی ئاڵۆز پێک دەهێنن لە هیچ ڕێبازێکی تردا نییە.

هیچ کەسێکیش لە بەردەمی ئێزیدییەکدا ناوێری تف لە زەوی بکا، یان دەنگی " ش "ی لێ ببیستریێ چونکە وشەی شەیتان بەم پیتە دەست پێ دەکا، خۆ ئەگەر کەسی وەها لە وڵاتی ئێزیدییاندا بێ، ژینی خۆی لەدەست دەدا. هەر لەو خۆراکانەی ئێزیدییان بە حەرامی دادەنێن خواردنی کەڵەشێرە، چونکە بە شێوە لە تاوس دەکا و هەروەها کاهوو و کودیش، هەروەها گۆشتی بەرازیشیان لەلا قەدەغەیە.

هەروەک پێشتر باسم لێوە کرد ئێزیدییەکان قورئان بەرز ڕادەگرن، وەک هەر موسڵمانێکی تر، بەڵام دوو کتێبی پیرۆزی تری تایبەت بە خۆیانیان هەیە، یەکێکیان ناوی کتێبی " جیلوە "یە (کتێبی سرووش) و کتێبەکەی تر کتێبی "ڕەشە"، کتێبی جیلوە بریتییە لە ڕاگەیاندنی هێزی شەیتان و توانستیەتی و ئاراستەی لایەنگیرە دڵسۆزەکانی. کتێبەکەش بەم وشانە دەست پێ دەکا: " لەمەوپێش و ئێستاش و تاهەتایە دەسەڵاتم بەسەر هەموو ئافەریدەکاندا ڕادەگا و فەرمانی کردن و نەکردنی کاروباری هەر کەسێکم بە دەستەوە دەبێ کە گوێڕایەڵم بێ " هەروەها کتێبەکە ڕاسپاردەکانی بۆ لایەنگرانی کۆتا پێ دەهێنێ کە پێویستە ڕێنوێنییەکانی پەنهان بکەن و نەیاندرکێنن. کتێبی ڕەش-یش(٧)، بریتییە لە دوو بەش، باسی دروستکردنی جیهان و مێژوویەکی کورتی هەموو ئاینە کۆنەکان و سرووتە ئاینییە جیاجیاکان و پەند و قسەی نەستەقی ڕەوشتبەرزی دەکەن. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە کتێبی ڕەشدا بە هیچ شێوەیەک باسی وشەی شەیتان نەکراوە.

### نازناوەکانی پیاوە ئاینییە ئێزیدییەکان

پیاوە ئاینییەکان لەلای ئێزیدییان دەکرێنە حەوت پلە کە ئەمانەن:

١) میر، ئەو کەسەیە ئارامگەی شێخ ئادی پاس دەکا، کە هەر بۆ خۆی هەیە فەتوا لەبارەی کاروباری ئاینییەوە دەربکا.

٢) شێخەکان، ئەو پێشەوا و فێرکارە ئاینییانەن کە بۆیان هەیە فەتوای سیاسی دەربکەن.

٣) پیر، ئەو کەسە بەڕێزە بە شکۆیەیە، کتێب بەسەریدا دەسەپێنێ کاتی خۆی بۆ ڕۆژووگرتن و میانبینی تەرخان بکا.

٤) ڕەهواڵ، ئەو کەسەیە کە دەهۆڵ دەکوتێ و لە بەردەمی مەلەک تاوسدا گۆرانی دەڵێ.

٥) کوچک، ئەو کەسەیە کفنی مردووان دەکا و خەونان لێک دەداتەوە.

٦) فەقیر، ئەمانە ڕەبەنن و وەک ئاسایی جلکی ڕەش لەبەر دەکەن.

٧) مەلا، ئەوەیە کە منداڵان فێر دەکا و کتێبە ئێزیدییە پیرۆزەکان دەپارێزێ.

هەروەها ئێزیدییەکان بەسەر حەوت تایەفەدا دابەش دەکرێن و پابەندی ژن و ژنخوازیی ناوەخۆن، تەنانەت هیچ کەسێک هاوسەرکاری لەگەڵ کەسێکی تایەفەکەی خۆی نەبێ ناکا، ئەم تایەفانەش ئەمانەن:

١) شێخ ئادی.

٢) شێخ شەمس.

٣) مەلەک تاوس.

٤) مەلیک فەرەحەدین.

٥) شێخ شەریفەدین.

لەبارەی دوو تایەفەی شەشەم و حەوتەمەوە هیچیان لەبارەوە نازانین.

ئێزیدییەکان ئارامگەی شێخ ئادی پیرۆز ڕادەگرن. ئەم ئارامگەیەش بەناوی دوو کەسەوە ناو لێ نراوە، هەر ئەو ناوانەیان هەیە، یەکێکیان چاکێکی بە دەسەڵاتە " ولی متصرف " لە سەدەی دوازدەدا ژیاوە و ئەوی تر باخەوانێکی کوردە و لە سەدەی سێزدەمدا ژیاوە.

ئێزیدییەکان ڕێز لە ناوی هامو شێرۆ دەگرن " دەبێ: حەمۆ شێرۆ نەبی؟ "، کە ماوەیەکی دوور و درێژ پێشەوای بێ ڕەقیبی هاودەمیی ئێزیدییان بووە لە چیای شنگاردا. هەروەها ڕاوێژکاری سەرکردەی هەرە گەورە بوو و بووە سەرکردەی فەقیران و بیری جودابوونەوە و گیانی ئاژاوەگێڕیی لەناویاندا بڵاو دەکردەوە، بەڵام ئەمانە بە هۆی باش لە چاکە تێگەیشتنی چاک و نوێ و ژیری، هیچ ئاژاوەیەکیان دژی حکوومەت بەرپا نەکرد، لەلایەکی ترەوە حکوومەتی عێراق ئێزیدییەکان نیشتەجێ دەکا و هەموو یارمەتییەکیانی داوە کە لە توانایدا بووبێ تا بوونەتە هاونیشتمانیی عێراق، بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا دەکەن و قانوون دەپارێزن، دوای ئەوەی لە ڕابردوودا دژ و دژ بە یاسا کاریان دەکرد.

***

## پاشکۆ

شازدە ساڵ بەسەر دانانی ئەم کتێبەدا ڕەت بووە،[٨] داخۆ لەوساشەوە چەند ڕووداوی گەورە گەورە هاتووەتە کایە، بەڵام شێوەی گشتیی مێژووی کورد گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. کوردەکانی تورکیا وەک کورد، وەک خۆیان نەماون، ئێستاکە تورکی چیاییان پێ دەڵێن.

بەڵام لە عێراق و ئێراندا لەبەر ڕووداوە مێژووییە جیاوازەکانەوە کوردەکان لەم دوو دەوڵەتە فرە ڕەگەز و فرە زمانانەدا نەتواونەتەوە. کورد لە ئێراندا دوای ڕووخانی د. موسەددیق ئەو بایەخەیان نەماوە کە هەیانبووە، بە تایبەتی لە دەنگوباسی ئێرانیدا.

کەچی لە عێراقدا بە تایبەتی دوای شۆڕشی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨ حکوومەتە شۆڕشگێڕە یەک لە دوای یەکەکان بە دڵسۆزی و ئەمانەتەوە هەوڵی چارەسەری دۆزی کوردیان داوە بەڵام بەهۆی سیاسەتە دەرەکییەکانی ئەو ناوچەیەوە، نەیانتوانیوە بگەنە چارەسەرێکی گونجاو و لەلایەن کوردانەوە پەسند.

ئێستا بۆ یەکەم جارە لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ ڕێککەوتننامەیەک بەستراوە بۆ ڕاگرتنی شەڕی نێوانی حکوومەتی عێراق و شۆڕشگێڕە کوردەکان.

تەنگژەی کورد لە باکوری عێراقدا بەشی هەرە زۆری یەکە سەربازی و هێزی ئاسمانیی عێراقی خەریک کردووە و دووری خستووەتەوە لە دوژمنی ڕاستەقینە – ئیسرائیل– ، ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و ناواخنەکەی کە دووربینیی حکوومەتی عێراق بەخۆوە دەگرێ، حکوومەتیش و گەلی عێراقیش شایانی سوپاس و پێداهەڵدانن کە ئێستا هێزەکانیان دەتوانن ڕووی کۆششیان بەرەو شەڕی دوژمنی ڕاستەقینەی ناوچەکە وەربگێڕن کە ئیسرائیل–ە. وەک یەک دوژمنی ڕاستەقینەی عەرەبیشە و کوردیشە.

خۆ ئەگەر مەبەستی ئەم کتێبەم ئەوە بێ بە لێکۆڵینەوە و پشکنین لە مێژووی کورد، ئەوە بسەلمێنم یەکەتیی بنەڕەتیی موسڵمانان ئەو سنوورە نەتەوەییە ساختەیە ڕەت دەکا، کە بناغەکەی زمان و ڕەگەز و هۆکارە جوگرافیایی و سیاسییەکانە. ئەم ڕێککەوتنەی ئێستای نێوانی حکوومەتی عێراق و شۆڕشگێڕانی کورد ئەم ڕاستییەی سەلماند و خاڵێکی وەرچەرخانیش بوو لە مێژووی گەلی کورددا، کە هەموو ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن کە، لەبەر ئەو مەترسییەی دەورەی لە ئیسلام و پیرۆزییە ئیسلامییەکانی داوە (قودس و ئەقسا). پێویستە لەسەر ئەم دوو گەلە موسڵمانە لەگەڵ پاڵەپەستۆ سیاسییەکانی دەوڵەتە گەورەکانیش ناکۆکییەکانی نێوانیان لاببەن،.

دوای ئەم هەمووە، ئیسلام وەک جاران ماوەتەوە و ئەو هێزە گەورە یەکخەرەوەی هەموو گەلە ڕەگەز و زمان و بیروباوەڕە جیاوازەکانە.

ئیسلام تەنانەت لای کرستیانە ئاسیاییەکانیشدا خاوەن واتایەکی بەرزە، چونکە ئەو بنیاتە

گیانی و کۆمەڵایەتییەی لە سایەی ڕێنوێنییەکانی مەسیحدا لە ئاسیا بڵاو بووەتەوە کە لەو ناوچەیەدا ژیاوە و ڕۆهەڵاتی ناوەڕاستی پێ دەڵێن و لێدوانەکانی بۆ نەتەوەیەک پێشکێش دەکرد کە ئێستاش پاشینەکانیان هەر لەو ناوچەیەدا دەژین.

ئەوەی جێی مخابنیشە ئەوەیە، ئەمڕۆ ئەو نەتەوەیە ببینی کە ڕێنوێنییەکانی مەسیحیان ڕەت کردەوە و ئازاریان دا، لەلایەن شوێنکەوتووانی مەسیحەوە " درووودی لێ بێ " یارمەتی و پشتگیری دەکرێن.

## کۆتایی

پەراوێزەکانی وەرگێڕی کوردی:

(١) دەبێ " گەرگەری " بێ.

(٢) ئەم زانیارییەی نووسەری کتێبە دەبێ هی سەردەمانێک بێ کە هەولێر و دەوروبەریشی سەر بە کەرکووک بووە، دەنا ناوچەی بارزان دەمێکە سەر بە هەولێرە.

(٣) شۆڕشەکانی بارزان زۆر لەپێش ئەو مێژووەوەیە، تەنانەت شۆڕشەکانی بارزانیی نەمر " مەلا مستەفای بارزان " لە سەرەتای سییەکانەوە لە شۆڕشدا بووە.

هەروەها من " وەرگێڕی کوردی " نەمبیستووە بارزانییەکان سەید بن یان خۆیان بە سەید بزانن، بگرە کوردی ڕەسەنن.

(٤) کاکەیی لە شێوەی عەشیرەتێکی سەر بە نەتەوەیەکی تایبەت نین، بگرە ڕێبازێکی سۆفییانەیە، کەسانی عەشیرەت و نەتەوەی جیاوازیان تێدایە.

(٥) لە دەقی کتێبەکەدا بە (غوری) نووسراوە.

(٦) گومان لەوەدا نییە ئێزیدییەکان کوردی ڕەسەنن و داوونەریت و زمانی کۆنی کوردیی خۆیان پاراستووە.

(٧) مەبەست لە کتێبی ڕەش، " مەسحەفا ڕەش "ە.

(٨) چاپی یەکەمی ئەم کتێبە ساڵی ١٩٥٥ بووە.

***

(*) دانەر لەمەدا بە هەڵەدا چووە، چونکە چوار ڕێبازەکە (حەنەفی و شافیعی و حەنبەلی و مالیکی) بوون، دواتر ڕێبازی (جەعفەری و هی تری.. شیعەشی هاتووەتە پاڵ). (وەرگێڕی کوردی)

(**) نووسەر لەمەدا بە هەڵەدا چووە، چونکە شاری سلێمانی ئەوساکە هەر بنیات نەنرابوو.

# له لاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە

ڕەتکردنەوە و ڕەخنەگرتنە لە کتێبی (La question Kurde)ی

دوکتۆر شوکری محەمەد سەکبان

کە بە فرەنسایی ساڵی ١٩٣٣ لە پاریس بڵاوی کردووەتەوە.

ڕەفیق حیلمی

بەشی سێیەم

" پاشکۆ "

**کورد چییان لە تورک دەوێ؟**

نامەیەکی دوکتۆر شوکری محەمەد بەگ، بۆ فەیزی بەگی وەزیری نافیعە و نێردراوی دیاربەکر

بەیرووت: ١٤ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٢٣

د. محەمەد شوکری سەکبان

هاوشاری خۆشەویست و بەڕێزم فەیزی بەگ[٥١] لەو نامەیەمدا کە بۆ زولفی (ذلفی) بەگی برامانم نووسیبوو و پیرۆزبایی و سەرکۆنەی بەخۆوە گرتبوو، زۆر چاک هاتبوومە جۆش و پاشماوەی هەڵچوونەکەشم بۆ ئێوە هەڵگرتبوو، وا دیارە، لەژێر کاریگەریی دەوروبەر و وەرزەکەدا، دەماری نائاسایی بە ئاگاهاتووم، ئێستا دەبێ ئارام بووبێتەوە و دەتوانم ئەم دێرانە بە خوێنێکی ساردەوە بنووسم. شاری خۆشەویستمان، ئەمجارەش بەو شێوەیەی کە مافی نوێنەرایەتیی بەئێوە داوە و ڕاسپاردووە و لەبەر ئەو پشت بەتۆ بەستنە، پیرۆزبایی لە هەموو ئەوانە دەکەم، دەنگیان بە

وەرگێڕانی لە تورکی عوسمانییەوە: ئەحمەد تاقانە



هەواڵنامەی کتێب

ئێوە داوە و لەنێو پشێویی جۆرەوجۆری سەردەمدا، لەو ئەرکە پیرۆزەدا کە دراوەتە لاتان، شانازی بە دووپاتکردنەوەی ئاواتەخوازیی دڵسۆزانەم بۆ سەرکەوتنتان پێشکێش دەکەم. تکاکارم بڕوا بکەن کە بە پاراستنی ئەمجارەی پلە و پایەتان لەناو حکوومەتدا، لە ڕادەبەدەر بەختیار و سەربەرزی کردووم. ئەوەندە هەیە، فەیزی بەگی برام، کە خاوەنی نووسینگەیەکی ئاسایی تایبەت بەخۆیەتی، بێزی نەهاتووە وەڵامی هیچ کام لە سێ نامەم بداتەوە، کە لە بەیرووتەوە بۆم ناردوون. نازانم ئەمە چۆن لێک بدەمەوە. گریمان نامەکانم لە کاتی خۆیاندا نەگەیشتبن، خۆ دەکرا دەمودەست بەدوو دێر هەواڵم بپرسێ. بۆ زولفی بەگی براشمانم نووسیبوو، نەمویستووە بەمەندە پشتگوێ خرانە، زیز و تووڕە بم، ئەم تووڕەنەبوونەم لە ئەزموون زۆریمەوەیە و نەمویستووە هەڵچم. نامەی ئەمجارەم بە بەریدی تۆمارکراو دەنێرم بۆ ئەوەی بوار بە بەدحاڵیبوون نەدەم. لەم نامەیەدا کە بۆتانی دەنێرم، دەمەوێ هەندێک لەبارەی سیاسەتەوە بدوێنم، تکای یارمەتیتان لێ دەکەم. هەر چۆنێک بێ، نوێنەرێک، بەتایبەتی وەزیرێک، ناتوانێ بڵێ حەزم لە سیاسەت نییە. بە تایبەتی بابەتی نامەی دۆستێکی دێرین، هی بەلای خۆمەوە، برادەرێکی دڵسۆز، لەبارەی دۆزێکەوە کە هی ئەمڕۆش نەبێ هی سبەینێیە، دوای نانخواردنێکی نیوەڕۆ، بەپێی بارودۆخ لەسەر کورسییەک یان قەنەفەیەکدا، لەناو دووکەڵی چرووتێکی کێشراودا ئەوە دەهێنێ بخوێنرێتەوە. ئەگەر ئەوەندە شانازییە بە نووسراوەکانم بدەن و ئاگەداری ئەمە بم. دڵنیا بن لە جاران پتر بەڕێزەوە لە خۆشەویستیی ئێوەدا بەردەوام دەبم، بەر لەوەی ئەو چەند تێبینییانەی کە بڕیارم داوە بیانخەمە بەرچاوتان، دەمویست بە بۆنەی کردنەوەی ئەنجوومەنی[٥٢] تازەوە، هەندێک زانیاری لەبارەی ئەو بابەتەی نیازم وایە باسی لێوە بکەم بەدەست بخەم کە بەشێکن لەو ڕوونکراوانەی لە لایەنە جیاجیاکانەوە خراونەتە ڕوو، بە بێدەنگی ڕەت بوون، بەسەر ئەو بابەتەدا کە من مەبەستمە، پتر سەرنج و ئەندێشەمی نەک ڕانەکێشا، بگرە بیرەیل و دەمارەکان لەناو ئەم هەرایە بێهۆشکراوەدا بەڕاستی ئارەزووی زانینی بەشێکی ئەو بیر و بۆچوونە گشتییانەی دەکرد کە لەم بارەیەوە بیریان لێ دەکرێتەوە. زۆر چاکە، دەزانم ئەوانەی شتی سەراسای وەک جیاکردنەوەی ئەنادۆڵ لە پایەتەختی کۆن و[٥٣] دامەزراندنی دەسەڵاتێکی هەمیشەیی و بەردەوام و سەربەخۆیان داهێناوە، هەموو خاوەن هۆشێک کە لە ژینگەی ئێمەدا دەژی و لە شێوەیەکی سەراسایی، دوای بەدیارخستنی ئەم توانا و بڕیارەی گەیشتوویەتێ، لە ناشایستەترین کات و مەرجێکدا نەخشە و پلانی بە ئەنجامێکی بیرکارییانەوە بچەسپێنێ و پەی دەرپەی جێبەجێی بکات و لەنێو چەپڵەڕێزانی هەموو دنیا– سەرەڕای تا ڕادەیەک دژایەتیی نهێنی و ئاشکرایان –. دوای سەرکەوتنی یەک لە دوای یەک و پرشنگداردا کە بە داستانی مەزنی (ئەفیوون قەرەحیسار) دەستی پێ کرد و لە کاتی گفتوگۆی پێویستی سیاسیدا و ئەو حکوومەتی ئەنقەرەیەی کە بەو تێگەیشتن و زیرەکییە سیاسییە هەرگیز چاوەڕواننەکراوەیان، هەموو کەسێکیان ناچار کرد چەپڵەیان بۆ بکوتن، لەلایەن لێژنەیەکی هەڵبژاردەوە سەرپەرشتی دەکرێ و بەڕێوە دەبرێ، کە لە

کەسانێک پێکهاتووە، لە ڕوویەکی گومان لێ نەکراوەوە فێرە تەماشاکردنی ڕاستیی شتەکان بوون. دەمەوێ بڵێم " پەیماننامەی سیڤەر " کە دۆزی کوردستانیشی بە خۆوە گرتبوو و کە لە شێوەی منداڵێکی لەبارچوودا لەدایک بوو و تەنانەت تەمەنی یەک خولەکیشی نەبوو، کە بەپێی سەرەی خۆی لەبارەی بڕیارەکانیەوە دەدوێین، باس کردن و نەکردنی ڕاستی و ناڕاستیی ئەو مافانەی بەم پەیماننامەیە بۆ کورد دانیان پێدا نراوە، ناشێ لە بێ بایەخیی خودی دۆزەکەوە یان لە پشتگوێخستنەوەیەوە سەری هەڵدابێ.

بەتایبەتی ئەو کەسە ئاماژە بۆکراوانەی لە سەردەمێکی مێژوویی، وەک ئەم چارەکە سەدە دواییەیە پڕ لە پێشهات و ڕووداوە جۆرەوجۆرەدا ژیاون، دەبێ پەندیان لەو کارەسات و هەڵە سیاسییانە، ئەوەندەی پێویستە وەرگرتبێ،

حکوومەت و دەستەی ئیتتیحادی (کۆمەڵەی ئیتتیحاد و تەرەققی) نایانەوێ بایەخ بە دۆزەکانی ئەلبانستان و عەرەبستان بدەن، تەنانەت بە شێوەیەکی دیار نایانەوێ دان بە بوونیشیاندا بنێن. لە کاتێکدا ئاشکرا و دیارە کە دۆزەکەیان بە چ شێوەیەک بەسەر حکوومەتی عوسمانی و هەموو ئەو پێوەندیدارانەدا کەوتووەتەوە، هیچ هۆیەک و بیانوویەکم پێ نابینرێ کە ئەو برادەرە بەڕێزانەی لە هەموو بارەیەکەوە ئەزموون و بیرکردنەوەیانم لا پەسندە، دۆزی کوردیش کە لە بارودۆخی ئێستادا لە گرینگیدا لەوانەی وەک ئەم دۆزەن، کەمتر نەبووە و شان و شکۆی دەوڵەت و دوو نەتەوەی تورک و کوردیش، تا بچووکترین خاڵ بە شێوەیەکی گشتگیر بیر لە قازانجەکانی نەکرێتەوە و دۆزەکەیان چارەسەر نەکرێ. لەبەرئەوەی هەرچەند بچووک و دەستکورتانەش بێ، پێوەندیم بە دۆزێکەوە هەیە، ئەمڕۆ نەبێ سبەینێ، پێویستی بە لێ وردبوونەوە دەبێ، وەک کوردێکی بێدەسەڵاتی هەستەوەر و دڵسۆز و وەفادار، وەکو یەکێک کە تورکی خۆش دەوێ، دەمەوێ هەندێک تێبینی بخەمە بەرچاوان، ئەگەر لەناویاندا شتێکی لە سوود خاڵی نەبووتان دۆزییەوە، بەندەشتان لەم دەمەدا بەختیارانە بەجێهێنانی ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانیم بەردەکەوێ. ناچارم بەکورتی باس لە هەندێک ڕووداوی ڕابردوو بکەم کە ئەم بیرە چەسپاوەی ئەمڕۆی لەلا پەیدا کردووم، ئەوەی پێیگەیاندبێ و بەژیانی نەمریی گەیاندبێ. بەداخەوە، لەوانەیە گێڕانەوەی ئەم پێشەکییە سەرئێشەبەخشە پێویست بێ. دوای ئاگربەستی گشتی بێ ئەوەی بمەوێ ڕاکێشرامە ناو سیاسەتەوە – لەو ڕۆژانەدا کە تازە زاتی بەڕێزتان گەڕابوونەوە بۆ ئەستەمبوڵ – دانیشتنی کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکانی شەش ویلایەتەکە (ولايات ستة مدافعهء حقوق جمعيتي)[٥٤] بوو کە بە سەرۆکایەتیی (ئیلیاس سامی ئەفەندی)[٥٥] لە بینای بەرگریی میللیدا کۆ بووبووەوە. ئەگەر لە بیرت بێ، ئەو ڕۆژە لێوم لەیەک نەترازاند و بەر لە کۆتاییی دانیشتنەکە لەگەڵ (فائیق عالی بەگ)[٥٥ أ]دا چووبوومە دەرەوە، چونکە نیازی بە ناو سیاسەتدا ڕۆچوونم نەبوو. هەفتەیەک پێشتر لە (کۆمەڵەی کوردستان)ەوە بانگهێشتنێکم بەدەست گەیبوو، بەڵام وەڵامی بانگهێشتنەکەیانم نەکردبوو. دواتر لەسەر سووربوونی نزیکەکان و داواکارییان یەک جار چوومە کۆمەڵەی بەرزبوونی کوردستان (کوردستان

تعالی جمعیتی) کە ئێستا کۆمەڵەی ئۆتۆنۆمیی کوردستان (کوردستان مختاریت جمعیتی)یە. ماوەیەکی باش بەسەرچوو. ڕۆژێکیان لە کۆنە کتێبفرۆشانی (یوکسەک قاڵدرم) و ئەملا و ئەولادا، نەخشەی (ئەرمەنستانی گەورە) کە لایەکی لە قەفقاسیا و لایەکی لە ئەسکەندەرووندایە بە بۆیە تایبەتییەکانیەوە سەرنجمی ڕاکێشا. بەپێی بارودۆخی گیانیی ئەوسا، ڕەوشی حکوومەتەکان بەرامبەر کارەسات و ئازارەکان ڕاڕا و بێدەسەڵات بوو، ئەوساکە ئەرکی مرۆڤانەی بەندەتان (مەبەست سەکبان خۆیەتی!) کە نۆژداری بوو، ئەرکی نەتەوەیی – کە دیسان و بەپێودانگێکی گەورەتر – خزمەتکردنی مرۆڤایەتی بوو، پێ ڕاگەیاندم. بەپێی ئەمە بە هەچ مەبەستێکی سیاسییەوە بێ بڕیاری خۆ خستنە ناو گرفتەکانی و چوونە ناو ڕێکخراوە کوردییەکانم دا. لە جێی خۆدابوونی ئەم دەست پێوەگرتنەشم، کە ئەوەشم لە حکوومەتی ئەوسا (حکوومەتی تۆفیق پاشا)[٥٦] بیست بە ئەندامانی کۆمەڵەی بەرز بوونی کوردستان (کوردستان تعالی جمعیتی)یان گوت کە بە خۆیان ناتوانن کوردستان ڕزگار بکەن، ئەگەر ئێستا لە تواناندا نەبێ بە دراو یارمەتی بدرێن دەشێ بە هۆیەکانی تر یارمەتی بدرێن، پشتگیریم کردن.

کەسێک لە ئەندامانی کابینەش هەر ئەو واتەیەی بە ئەندامانی (کۆمەڵەی بەرگری لە مافەکان)[٥٧] ڕاگەیاندبوو. لەو بارەدا پێویستی کرد کە نیشتمانی دایک لە بە (ئەرمەنستان)بوون ڕزگار بکرێ. لەبەرئەوەی کە هێزێکی بەرگریی مادی هێشتا لە ئارادا نەبوو، بایەخ بەهۆیەکانی قایلکردن درا. ئامانج و مەبەستی ئەو یاداشتانەی بە چەندین جۆرە واتە و گوزارشتی جیاوازەوە دراون، ئەوە بوو کە تا دەکرێ حکوومەتێکی کوردستانی گەورە بهێنرێتە گۆڕێ و خۆ لە داگیرکاریی ئەرمەنییان بپارێزێ، کۆمەڵەی کوردستانیش کە لەوەدا سەرکەوت لە کوردستانیشدا لقگەلێک بکاتەوە، لە دەمی کۆنگرەی ئەرزەڕۆمدا و[٥٨] لە دەمی دوای ئەویشدا، لە واتا و گشتگیریی وەئاگاهاتنەوەی وریاییی ئەنادۆڵ کە دەستی پێ کردبوو دەمودەست گەیشتبوو و ئەو ئەنجامە شادیگەیێنەی ئاواتەخواز بوو کە ئەو بزووتنەوەیە ئەنجامی داوە تا ئەمڕۆش ساتێک لە بەرچاو ون نەبووە. بەڵگەیەکی ئەمەش، لەو ڕێنوێنییەدا دەبیننەوە کە ئاراستەی لقەکانی خۆی بەگشتی و سەرانی شارەوانییەکان کرابوو و ڕاسپێررابوو کە بە گشتی کوردەکان با پەیڕەوی بزووتنەوەی میللی و مستەفا کەمال پاشا بکەون. بێگومان ئەمە لەناو دۆسیەکانی شوێنە پێوەندارەکانیشدا دەست دەکەوێ، منیش و تێکڕای ئەو برادەرە هۆشیارە هاوکۆششەکانم، هەوڵی ئەوەمان داوە بەهەر شێوەیەک بێت ڕێ لە خوێنڕشتنی نێوان کورد و تورک بگیرێت و بە هەر شێوەیەک دەبێت نەهێڵرێ بزووتنەوەی میللی تووشی بێهێزی بێ. نابێ لەمە پتر لە ئێمە داوا بکرێت، لەبەرئەوەی ئەم ڕووداوانە هێشتا تێکەڵ بەمێژوو نەبوون، ناچارم خۆم لە وردەکارییەکانی ئەم باسە لابدەم. لە بنچینەدا ئەمەندە ڕوونکردنەوانەش زیاد بوون. دەتوانم ئەمە بڵێم، من لەو کەسانەم کە دڵسۆزانە ئاواتەخوازی بەرزبوونەوەی شانوشکۆ و سەربەخۆییی تەواو و بە دەسەڵاتبوونی تورکیام. لەو دەمەدا کە تورک بە (پەیمانی سیڤەر) بە دیل گیران، بۆ

نەتەوەموسڵمانەکانی تر سەرکەوتن و ڕزگاربوون تا چ ڕادە و پلەیەک مژدەگەیێن دەبوو، بگرە ئەگەر تەنیا ئەم باوەڕە سیاسییە، ڕابەری هیوا و بزووتنەوەکانمان بێت. بای ئەوەندەی تێدایە کە ئەوە بسەلمێنێ هەرگیز و هیچ کاتێک دوژمنی تورک نەبووین و بە واتایەکی ڕەسەن و ڕاستەقینە خاینی میللەت و نیشتمان نین. تکایە بڕوا نەکەن بەم قسانە بە هەڵەش وابزانین بەچاوی خیانەتکاری نیشتمانییانەوە لێمان دەڕوانن.

وەک بۆ زولفی بەگم نووسیوە، گوتبووم ئەگەر بڵێن: "چەند نێوچەوان هەیە بە پاکی و درەوشاوە بەدەرکەوێ!" دەتوانرێ نێوچەوانی شوکری محەمەد(٥٩) پێشان بدرێ. بۆ ئەوەی ئەمەش لە جۆری " کراماتی " شێخەکەی خۆمان نەبێ کە هەر لە خۆیەوە گێڕاوەتەوە، یارمەتیم بدەن چاو بە کورتەیەکی ڕابردووی نزیکدا بگێڕم.

کۆمەڵە کوردییەکان، ئەو دەمەی کە وڵاتەکەی خۆیان پێشکێشی ئەرمەنییە دراوسێکانیان کرد و لەو دەمانەدا کە هێشتا هێزێکی بەرگریی شایستەی پشت پێ بەستراو لە گۆڕێدا نەبوو. پەنا برایە بەر هۆیە سیاسییەکان، لەلایەکەوە هەوڵی ئەوەیان داوە ئەوروپاییەکان ڕوویان تێ بکەن، لەلایەکی ترەوە هەوڵیان داوە لەگەڵ ڕەقیبانیان پێک بێن و بە ڕێککەوتننامەی (شەریف پاشا – نۆبار پاشا)(٦٠)وە بە ئەرمەنییانیان سەلماندووە کە کورد ڕەوەیەک نین و بۆ دامەزراندنی کارگێڕییەک و بەپێی ئەمەش وەک نەتەوە لە توانستیاندا هەیە حکوومەت پێک بهێنن و ناکۆکیی سنووریان بۆ بڕیاردانی کۆمیسیۆنی تێکەڵاو لە هەردوو لای ڕێککەوتوو جێ هێشتووە. ئەم ڕێککەوتننامەیە، دەبێ لای بەڕێزتان دیار و ئاشکرا بێت کە چەند لە بەرژەوەندیی کوردان بووە. لە ئەنجامی کۆششی یەک لە دوای یەکدا، توانراوە ئەو بەندانەی زیادەڕۆترینی کوردە میللەتپەروەرەکان دڵنیا دەکات، بخرێتە سەر بەشی کوردستان–ی (پەیماننامەی سیڤەر)ەوە.

بۆ ئەوەی بڕیارێکی دروست لەبارەی کۆشش و ئامانجەکانیەوە بدەن، دەبێ بزانن کە چالاکیی سیاسیمان لەناو کەشوهەوای چ جۆرە بیرکردنەوەیەکدا جووڵاوەتەوە. نەک هەر تەنیا کورد و تورک، تەنانەت زۆرێکی ئەوروپاییەکانیش، بە چاوێکی دوور لە گومانەوە وەک دۆزێکی بڕاوە سەیری ئەو لەشکرە یۆنانییە دەکرد کە بۆ بەدیهاتنی ئاواتە سیاسییەکانی ئەوروپا خرابووە هێرشبردن، کە سەرکەوتووانە درەنگ بێ یان زوو کۆتا بەم کارەساتە دەهێنێ. لەناو بازنەی ئەو بڕوایەدا کە تا سەرکەوتنی " ئەفیوون قەرەحیسار " درێژەی هەبوو، بە ڕەوا بینین و لە جێی خۆدابوونی ئەو کارانەی ئەنجام درابوو ئاشکرا و دیارە. تەنانەت موسیۆ لوید جۆرج–یش(٦١) لەوە گەیشتبوو کە بە ئەوینی سەربەخۆیی سینگیان دەرپەڕیبوو، بە شکستێکی زۆر قووڵەوە فریو درابوو. پتر دەچمە پێش و دەڵێم، هەندێک لەو پایەبەرزانەی بزووتنەوە میللییەکانیان ڕێک دەخست و بەڕێوەیان دەبرد، دەیانگوت ئەگەر کاتی ئەوە هات و گەر پێویست بوو، هەڵدەکشێینەوە چیاکانی ئەرزەڕۆم و دووبارە تا بەدیهاتنی پەیمانی نەتەوەیی " میثاق میللی " دەست لە بەرگریکردن هەڵناگرین. کەواتە بەهەرحاڵ باسی لە تواناداوبوونی بەرگری لە گۆڕێدا نییە. خوا

نەکردە، ئەگەر لەشکری یۆنان سەربکەوتایە و ئێمەش سەرنج و ڕێزی ئەوروپامان بەدەست نەخستبا، خستنە سەر ئەرمەنستانی ولاٌتمان کاری ئەوتۆی نەدەویست. ئیدی ئێمەمانان کە بەم ئەندێشەیەوە کار دەکەین. لە ڕاستیدا، ئاواتەخوازی ئەوە بووین هێزە میللییەکان سەرکەوتن بەدەست بهێنن. بۆ سەلماندنی ئەمە: سەردەمانێک بە کۆتاییهاتنی فەرمانڕەواییی تورک لە کوردستاندا، دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتیی کورد کاری ئەوتۆی نەدەویست، بەلاٌم ئێمە هەرگیز ڕێمان بەیاریکردنی ئەم درامایە نەداوە کە لە ئەنجامدا نێوانی تورک و کورد بەخوێنڕشتن بگات. لە بنەڕەتدا لەبەر گەلێک تایبەتمەندی، ناچاری گوزەرانی دۆستانەن و لە ئەنجامی زۆر خراپی سەرلەنوێ وەشاندنەوەی تۆوی ناکۆکی بەناو ئەم دوو نەتەوەیە تێ دەگەیشتین. دووەم: لەم سەردەمەدا هێنانە گۆڕێی جیابوونەوەی کوردستان لە تورکیا ئەنجامی خراپی چاوەڕواننەکراوەی بۆ هەردوو نەتەوەکە بەرهەم دەهێنا، چونکە بەم ناکۆکییە، بەرگریی تورکەکان دووچاری لاوازی، بگرە ئیفلیجی دەهات و خەریک بوو ببینە هۆی دیلییەکی هەمیشەیی. لەناو ئێمەدا هیچ کەسێکی خاوەن هۆش بەمە قایل نابێ، بەپێچەوانەوە بە دزێوی دادەنێ. ئینجا لە (١٠ی ئەغستۆس "ئابی" ١٩٢٠)ی ڕۆژی مۆرکردنی پەیماننامە[٦٢] ناوبراوەکەدا، ڕۆژی بە فەرمی دان بە مافە سیاسییەکانی کورددا نان‌دا، لە جیاتیی دەربڕینی شادی، لەگەڵ تورکاندا لەناو نائومێدییەکی پڕ ئازاردا بووین. دەربڕینی شادی و خۆشیمان بۆ ڕۆژی بەدیهاتنی ئاواتە نەتەوەیییەکانی هەردوو نەتەوەکە هەڵگرتبوو. هەڵبەتە تورکەکان، ئەو ڕۆژەوە کە لە مێژوودا کاریان لەگەڵ کورددا یەکخستووە تا ئەمڕۆ، ئەو خوێنەی، پێکەوە لە پێناوی بەرگری لە نیشتماندا ڕژاوە، هەنسک و گریانی ئەو هەتیو و بێوەژنانەی لێیان جێ ماون، بێگومان، لە ڕۆژێکی گونجاودا بە بەرچاوەوە دەگرن. هەڵبەتە برا گەورەکانمان بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوەیییەکانمان یارمەتیمان دەدەن. ئەم دۆزەی پتر لە پێویست درێژەم دایە، هەر کاتێک بووە مێژوو و مێژوونووسە بێلایەنەکان هەر کاتێک بە شەقامی لێ وردبوونەوەدا ڕەت بن، ئەوسا فراوانی و گشتگیریی خزمەتگوزاریی بێدەسەلاٌتانەم (واتە هی نووسەر خۆی) بە تایبەتی لەم بوارەدا ڕوون دەبێتەوە. ئەوسا تورکەکان لە کورد پتر، تێ دەگەن تا چ ڕادەیەک قەرزاری بەندەتانن (واتە نووسەر) و هێشتا لەمە پتر گوتن زیانگەیێنە. کۆمەڵە کوردییەکان بەرامبەر هەموو ئەو لێژنە تورکانەی دژی هێزە میللییەکانن، بە دوورەپەرێزی ماونەتەوە. هیچ کاتێک بەچاوێکی بایەخ پێدانەوە سەیری حزبی (إئتلاف – حریت = پێکهاتن–ئازادی) نەکراوە، تەنانەت دوای داگیربوونی (ئزمیر)یش ڕێیان لە سەرۆکەکانیان گرتووە کە دووبارە نەچنەوە ناو کابینەوە. لە ڕاستیدا سەرۆکەکانیشیان کە هاوبیریان بوون لە حزبی (ئیئتیلاف و حوررییەت)ەوە چوونەتە دەرەوە، پتر لە هەموو کەس دژایەتیی ئەوانیان کردووە.

بڕوای خودی خۆم ئەوەیە، لە یەکەم هەلی گونجاودا هێزە میللییەکان، بە پێکهاتن لەگەڵ ئینگلیزدا، هەرچییەکیان پێ پچڕاوە لە زەوینەی ڕزگارکردنیەوە بووە. هەوڵم دەدا ئەم باوەڕەم لەناو هەموو کۆمەڵێکدا دەرببڕم و بیسەلمێنم. لەو بڕوایەدا بووم کە سەرکەوتن و بەرکەوتن لە

پێکهاتنی نەتەوە ئاساییەکان و ئینگلیزەکاندایە، بەم بۆنەیەوە یارمەتی بفەرموون، بیروباوەڕی خۆم لەبارەی غازی پاشاوە[٦٣] ڕوون بکەمەوە. هەر لە شەڕی بەناوبانگی (ئەنافۆرتە)وە بەڕێگەی مستەفا جەلالەدین بەگی بینباشیی هاوڕێی سەربازییەوە، ئەوانم ناسیبوو. بێ پسانەوە، تا ئەمڕۆ، بەرامبەر بەوان ڕاستگۆترین هەستی ڕێزم هەبووە، ئەوەندەی متمانەم بە توانستی سەربازییان هەبووە، ئەوەندەش لە زیرەکیی سیاسییانەشی دڵنیام. تا ئێستا جگە لە یەک هەڵسوکەوت کە کەسایەتیی خۆی دەڕووشێنێ، هەموو هەڵسوکەوتەکانی تری بەڕاست دەزانم. ئەم کارەی بۆ خودی خۆی زیانگەیێنە، لە جیهانی ئیسلامدا کرۆکی کودەتایەکی قووڵ بەرپاکەرەوە بەخۆیەوە دەگرێ. مەبەستم، لە هەڵبژاردنەوەی ئەم هەموو زەحمەتییانە، ئەوەیە بیرۆکەیەک لەبارەی پلەی ڕاستگۆیی و دڵسۆزیمەوە، لەبارەی پێوەندییەکانی دواڕۆژی تورک و کوردەوە ڕوون بکەمەوە.

لە سەرەتای نامەکەمدا گوتبووم، بەوەی کە بەڵکو شتەیلێک لەبارەی ئەو ڕوونکردنەوانەوە تێ دەگەم کە لە بۆنەی کردنەوەی ئەنجوومەندا گوتراون، لە نووسینی ئەم دێرانەدا چاوەڕوان بووم، کە شتێکم دەستنەکەوت و تێ نەگەیشتم، لەم بارەدا دەبێ بکەوینە هەڵێنجان و لێکدانەوە: سیاسەتی تورک دەبێ چی بێ؟ دوای هەڵێنجانی ئەوە، کورد دەبێ داوای چی بکەن؟ با بۆ دەربڕینی ئەمە بوێری بەخۆم بدەم و بڵێم:

تورک، یان ئەو کوردەی لەناو سنووری ئەمڕۆی تورکیادان، یان وەک دەسەڵاتی عوسمانی دەیکرد، وەک خۆیان وازیان لێ دەهێنن، یان سیاسەتی تورکاندن پەیڕەو دەکەن، یانیش بەگرتنی ڕێی ئامانجی پان تۆرانیزم، سیاسەتی لەناوبردن و کۆچ پێکردن دەگرنە بەر. ئەمەی چوارەمینیش ئەوەیە کە کورد وەک نەتەوەیەک دانی پێدا بنرێ و هۆیەکانی یارمەتیدانی بۆ ئامادە بکەن. کورد، ئەگەر وەک ئەوەی لە سەردەمی عوسمانیدا بوون، بەو شێوەیە بمێننەوە، جگە لەوەی نە بۆ خۆیان و نەبۆ ئەوانی تر، سوودێکیان نابێ، بگرە زیانیشیان دەبێ، چونکە بە نەخوێندەواری و هەژاری و ڕەوەندی دەمێننەوە. ئەو (هاونەتەوانەمان) کە لە بژێویی زانست بێبەش دەبن، لەوانەیە بۆ هەموو شتێک، بۆ چاکیش و بۆ خراپیش ببنە داردەست. کە دێینە سەر دۆزی تورکاندن: ئەگەر ئەوەم بەعەقڵدا بچێ کە تورکەکان بتوانن کورد بتاوێننەوە، هەروەک – زیا گوک ئاڵپ بەگ[٦٤] ئەفەندیی دۆستمان باوەڕی بەوە کردووە – خۆم زۆر بە بەختیار دادەنا. ئەو کوردانەی لە چوارسەت ساڵەوە بە زەبری شمشێر نەتوێنرابێتەوە، لەمەودوا، کێڵگەی لاوازی شارستانیی تورک هیچ کاتێک بەداخەوە ناتوانێ بیتوێنێتەوە، ئەگەر تواندنەوەی ڕەگەزێکی بیانی لە توانادا بوایە، ئەڵمانەکان لە تواندنەوەی (پووزەن!!)، کە ئەڵمانی لەهستان (پۆڵۆنیا)یان پێ دەگوتن و لەهـەکان (پۆڵۆنییەکانی) دەوروبەریاندا سەردەکەوتن. لە گشت گوندەکانی (کەهـ = پۆڵۆنی)یاندا، بە دەربڕینێکی تر، کە لە قوتابخانەکانی ئەڵمانیای ڕۆهەڵاتدا تەنیا بە ئەڵمانی وانە دەگوترایەوە، ئەوانەی بە پۆڵۆنی قسەیان دەکرد تووشی جۆران ئەشکەنجە و چەوسانەوە بوون، بەلای هەموو کەسێکەوە زانراوە، کە منداڵەکانیان یەک وشەی ئەڵمانی فێر نەبوون و هەر بە پۆڵۆنی مانەوە. ئەگەر ئەڵمانیا بەو

توانستە زانیارییە و بەو ئاستە بەرزە، بەو برە پارە زۆرەی بۆ بودجەی پەروەردە (مەعاریف)ی تەرخان کردووە، نەتوانێ پۆلۆنییەکان بتوێنێتەوە، کوردە لادێییەکان کە شانازیی نەتەوەییان لە سەرووی هەر جۆرە گفتوگۆیەکە، بە تایبەتیش لەم سەردەمی نەتەوایەتییەدا تورکەکان چۆن دەتوانن بیانتوێننەوە؟ هەندێک لە مێشک ئەستووران، لەوانەی کوردەکان ناناسن و لە ڕووداوەکانی ئەمڕۆ خۆیان نەبان دەکەن بە شیانی جێبەجێبوونی ئەمە قایل دەبن، ئەگەر ڕێ بدەن کاتی بە بەهای خۆیان بەفیڕۆ بدەن و ئۆباڵی بە ئەستۆی ئەوان!..."

بە تورککردنی ئەو کوردەی ناچاری جگە لە خۆشگوزەرانی لەگەڵ تورکدا پەیڕەوکردنی سیاسەتی تر نییە، چەند خولیایەکی بەتامە!. گەر ئەمە لە تواناد بوایە، ئەو (شوکری محەمەد)ەی تا ئێستا خۆی لە ڕشتنی خوێنی تەختەیەکی وشکی ڕەقوتەق لاداوە، بۆ بەجێهێنانی ئەم جۆرە سیاسەتە، دەبووەوە خۆ بەختکەرەوەیەکی گەرم و دڵسۆز! مخابن، ئەمەم بەلاوە هەرگیز بەکاری کردەنی دیار نییە. با ئەوەش لە بیر نەکەین کە کوردستان تا ئێستا لە قەوارەی خۆیدا بە نەتەوەگەلێک دەورە و گەمارۆ دراوە، ئێستا ئەگەرچی بەهۆی ترەوە لەگەڵ ئەوروپاییاندا پێوەندی دەکا. کاریگەریی زانستی، کۆمەڵایەتی و بەتایبەتی سیاسیی ئەم دراوسێیەتییە لەلای پیاوە بەڕێزەکانی تورکاندا شاراوە نییە. تەنانەت ئەگەر کورد بیانەوێ بە ئاسوودەیی و نەزانی دانیشن زۆرجاری وا هەیە، لە کاریگەریی دڵکێش و غافڵکەرەوەی بیانییان و بزواندنیانەوە بەدوور نابن، لەم ڕووداوانەدا، جاروبارێک، لە بێزارکردنی برا تورکەکانمان بە دوور نابن. سیاسەتی بەزۆر تاواندنەوە و لەناوبردن: دەشێ لە تواناد بێ، دەڵێم دەشێ، چونکە دوور نییە کوردەکان بەرامبەر تۆپ و تفەنگ و هۆیە تازە جەنگییەکان نەتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. هەرچەندێک ئەوەندەی کۆچ پێکردنی ئەرمەنییەکان ئاسانیش نابێ، بەڵام بۆ ئەوانەی کە هەموو جۆرە خۆبەختکارییەک بە بەرچاوەوە دەگرن دەشێ، بەڵام ئەمە لە هەرێمێکدا کە هەر کیلۆمەتر دووجای سێ چوار کەسی بەردەکەوێ، چ سوودێکی دەبێ؟ دوای ئەوەی هەموو خەڵکەکەی بە شمشێرەوە بکرێ، کێ ئەو ناوچانە ئاوەدان دەکاتەوە؟ کێ دەیانپارێزێ؟!. سامانی وڵات، بەهەرحاڵ تەنیا سامانی بێگیان و رووەکی ژێرزەوی و سەرزەوی نییە، مرۆڤەکانیشیەتی، قۆڵ و مێشکیانە، بە لەناوبردنی سێ ملیۆن زیندوو و توانا، خەڵکێکی کە توانای هەموو جۆرە پێشکەوتنێکیان هەیە، چ قازانجێکی دەبێ؟ هیچ.کۆچەر دەهێنییە ئەورانە و نیشتەجێیان دەکەین، چۆنیەتی بە کۆچەرایەتی، ئەگەر ئێمە دژواریی زیادکردنی سەرژمێرمان نەزانیبێ کێ دەیزانێ؟ بە چ سامانێک، بە کام بودجە و خواهشەوە کۆچەر دەهێنرێ و لەسەر بەردە ڕووت و ڕەندەکاندا نیشتەجێ دەکرێن و بەشەو دەیانهێڵنەوە؟. لەوانەشە بۆ هەندێکیان ئەم نیشتەجێکردنە بە تۆبزییە بەدکاری بێ، بەلای منەوە بێبەربوونی براوەیە. ئەو کەسانەی کە دەڵێن دەکرێ، بەشێوەی لەناوبردن و کۆچ پێکردنەوە وا بکرێ واز لە نەتەوایەتیی خۆیان بهێنن، ئەمە کارەساتی زۆر گەورە بۆ کورد و زیانی زۆر گەورەی بۆ تورک لێ دەکەوێتەوە. تورکەکان کە ڕابەرێکی خاوەن ویژدانی زۆر و زیرەکێکی وەک غازی

مستەفا کەمال پاشا پاسەوانیانە و ئەم هەڵسوکەوتە نارەوایە بەرامبەر برا کوردەکانیان، کە هەموو دەم لە پێناوی ئەواندا ئامادەی خۆبەختکردن بوون، هەر هیچ نەبێ بۆ ڕێزی میللەتپەروەرانەیاندا بەڕەوا نابینن. ئەم کارە لەپێش چاوی هەندێک لە پیاوە کورتبینەکانی کورد و تورکدا لە شێوەی مێردەزمەیەکی بەسام و زل قوت دەبێتەوە، ئومێدەوارم کە لە تارماییی پتر نرخێکی تری نەبێ. چوارەمینیش ئەوەیە کە کورد وەک نەتەوەیەک ددانی پێدا بنێن و ڕێز لە مافە سیاسییەکانی بگرن. بەندەتان (واتە نووسەر) بەتاقیکردنەوە ئەوەم بە مێشکدا دەچێ کە تاقیکردنەوەم لەو مامۆستایەمەوەیە لە (یەمەن)دا بەسەرم بردووە. هیچ میللەتێک بە شارستانییەکی بێگانە بەشارستانی ناکرێ. بەمجۆرە نەتەوەی کورد کە نەتەوایەتییەکەی زانراوە، ئەگەر ئامادەیی بەشارستانیبوون و پەرەسەندن بەدەست بهێنێ، ئەوەی بەر لە هەمووان بەم سەرکەوتنە خۆشبەختانەیەی کوردە، سوودمەند بێ، دیسانەوە نەتەوەی تورکە. تورکی بە ژیاری و شارستانی لە کورد پێشکەوتووتر، سوود لە سەرچاوەی سامانەکانی کورد وەردەگرێ، بەرامبەر ئەو دوژمنە دەرەکییەی هێرش دەباتە سەر تورک، دەچێتە ناو ڕێکخراوە سەربازی و سویلەکانەوە، سەربازی کورد کە لەملا و لەولا کۆ کراونەتەوە و لەسەر حسێبی تورک کەلوپەلی بۆ دابین کراوە و لە جیاتیی ئەرکە سەربازییەکانیان، بەتەواوی هۆشیارییەوە، خراوەتە ژێر ئامادەبوون و لەسەر کیسەی وڵاتیان کەلوپەل و بژێوی دابین کراوە و وەک تورک خاوەنی ئامانج و خاوەن بیر و خاوەن دڵ و تیپی سەربازیی ڕێکوپێکی کوردیان وەدەست دەکەوێ. نەتەوەی کورد کە نابێتە مەترسی بۆ سەر یەکەتیی سیاسیی تورک و لەنێو داوونەریتی نەتەوەییی خۆیدا هەنگاوی پتەو دەنێت و بەهیچ جۆرێک، بەهیچ شێوەیەک ڕێیەکی وا ناگرێتە بەر کە زیان بە بەرژەوەندیی تورک بگەیەنێ، ئەوەی لەلای هەردوو نەتەوەکەش بەبایەخ بێ، بیری هاوبەش و ئەرکی هاوبەش پێک دەهێنێ. کە تورک مافە سیاسییەکانی کورد پەسند بکا، کورد ئەرکی ئەوەی لە ئەستۆدا دەبێ کە ڕێ لەو جۆرە هۆشیارییە نەتەوەییە بگرێ تەنانەت ببێتە مایەی زیانی کورد خۆیشی. کورد کە بەدوای مافەکانی خۆیدا دەگەڕێ و مافەکانی دەدرێتێ، ئەوەشی فێر دەکرێ کە منەتباری یاریدەری بێ و ڕێز لە هەموو ماف و بەرژەوەندییەکانی ئەو بگرێت.

تورکەکان، کە ڕێز لە مافەکانی کورد دەگرن، بەو شێوەیە کاروباری ناوەخۆ لە هەموو جۆرە شێواندنێک دەپارێزرێت. بەندەتان (واتە نووسەر)، دەمەوێ هەموو سرووشەکانم لە مێژوو وەربگرم. لەم سەردەمەی مەشرووتییەتەماندا، دوو حزبی سەربەخۆ لە پەرلەماندا هەیە. ئیتتیحاد و تەرەققی – حوررییەت و ئیئتیلاف، یەکەمیان حزبێک بوون دامەزراندنی فەرمانڕەواییی نەتەوایەتی و بەرزتر ڕاگرتنی دەسەڵات و ڕەگەزی تورک بەسەر نەتەوەی تردا بە ئامانج دەگرێ. کەچی حوررییەت و ئیئتیلافـی ئەوسا لەوانە پێکهاتبوو کە هەوڵی ئەوەیان دەدا و بووبوونە هۆی لاوازیی بەڕێوەبەرایەتیی تورک و لە نوێنەرانی ئەرناوت (ئەلبانی) و عەرەب پێکهاتبوون، کە لەگەڵ نوێنەرە خرستیانەکاندا بیری جودابوونەوەیان پەرە پێ دەدا. زۆربەی زۆری نوێنەرانی ئەلبانی و

عەرەب لەگەڵ ئەندامە خرسیانەکاندا هاوپەیمانییەکی دان پێدا نەنراو و نابەدڵیان هەبوو بۆ رووخاندنی فەرمانڕەوایی نەتەوەییی تورک تێ دەکۆشان. لە کاتێکدا لەنێو ئەمانەدا تاکە یەک نوێنەری کوردیش نەبووە. هەروەها لوتفی فیکری بەگ(٦٥) بێلایەن بوو. تا ئەم ساتەش هیچ نوێنەرێکی کورد بە زانین و نەزانی، هاوکاریی ئەم جوداییخوازییانەی نەکردووە. لە ڕاستیدا هۆیەکیش نەبوو ئەمە بکرێ. چونکە ئیتتیحادییەکان، ئەوسا سیاسەتی تورکایەتییان ئەمەندە هەڵنەئایساندبوو. بە ڕواڵەت تورک و کورد یەکسان بوون. ئەگەر دەڵێن ئیسلام فەرمانڕەوایە، کوردیشی تێدایە، خۆ ئەگەر عوسمانییش بڵێن، هەرچەندیش فەرمانڕەوایی تورک بە مەبەستیش گیرابێ، ئەوەندە سەربەرزی بریندار ناکا، چونکە ئەم "ناوە شاهانەیە" بەلای هەمووانەوە پەسند و خۆشەویست بوو.

بەڵام ئەمڕۆ تورکایەتی بە هەموو لق و پۆپەکانیەوە کە دەستی بەسەر بارودۆخەکەدا گرتووە، ئاخنینی کورد بەناو کۆمەڵگەی تورکدا زۆر نائاساییە و لە کاتێکدا میللەتانی لە کورد زۆر دواکەوتووتر خاوەنی سەربەخۆیین، بە تەواوی ئارەزووەوە چوونی کوردەکان (توانەوەیان) بەناو کۆمەڵگەی تورکدا هەرگیز نابێ. لەنێو ئەو دەوڵەتە سەرکەوتوو و ژێرکەوتووانەدا کە بەشداریی شەڕی (یەکەمی) جیهانی بوون – تەنیا کوردەکان، لە نێوان ئێران و تورکیا و عێراقدا دابەش بوون و ناتوانن ببنە خاوەنی چارەنووسی خۆیان. ئەمەیان کە ڕاستییەکە ئەو جۆرە سیاسەتەی نوێنەرە کوردەکان خەریکی پەیڕەوی کردنین و سەرەڕای هەموو دڵسۆزییەکیان لە داهاتوودا ئەو دۆخەی لە پەرلەماندا دەیانبێ، لایەنگیریی ئەو حزبە تورکە ئۆپۆزسیۆنە دەکا کە هەوڵی لاوازکردنی حزبی سەرکەوتووی حکوومەت دەدەن، یانیش لەگەڵ ئەودا کۆششەکانی یەک دەخا، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە، هیچ کاتێک بۆ کوردان، تەنانەت پەسندیش نەبێ، لە هێنانە کایەی چاوچنۆکی بەدوور نابێ، لە کاتێکدا کە دوای ئەوەی ددان بە مافی سیاسیی کورددا نرا، ئەم لایە مەترسیدارە وەلا خرا، ئەو نوێنەرە کوردانەی لە ئەنجوومەنی نەتەوەییدا ئامادە دەبن، لەگەڵ بەردەوام بەهێزکردنی بەڕێوەبەرایەتیی تورکدا، پتر لەوەی ببنە توندڕۆی داردەستی خودی کەسێتیی خۆیان، ئەرکی ئەوەیان دەخرێتە ئەستۆ لایەنگیر و هاوکاری حزبی حکوومەت بن. ئەمە جگە لە هەزارویەک سوودی ناوەخۆیی، سوودەکانی دەرەوەشی نابێ بەکەم بزانرێت و بەسووکی تەماشا بکرێت.

هەر کام بەشانەی کوردستان کە وەک لەهستان (پۆلۆنیا) لە نێوان سێ دەوڵەتدا بەش کراوە، بخرێنە دۆخی ئەندامێتیی سیاسییەوە (organisme politique) کوردەکانی ئەو بەشە بەڕاستی بەخۆیانەوە دەبەستنەوە و ئەوانەش کە لە دوو بەشەکەی دەرەوەدا ماونەتەوە لە کاتێکی کەمدا و بەبێ هیچ زەحمەتییەک بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ.

ئەم بەشەی کوردستان، ئەگەر وەک ئەندامێکی سیاسیی پێشکەوتنی شادگەیێن بەخۆیەوە ببینێ، برا هاوخوێنەکانی کەیفخۆش دەکات و بانگهێشتنیان دەکا بۆ ئەوەی بێنە پاڵ بەشەکەی لە

خۆیان پێشکەوتووتر و بەمجۆرە توانای سیاسی و ئابووری و خۆشگوزەرانی پتر دەکا، دوو بەش کە مەترسییەک و سوودێک پێک دەهێنن، بێگومان دووەمیان شایانی پەسندکردنە.

لەو بارەدا یاریدەدانی بەرەوپێشەوە چوونی دوارۆژی کورد، بەو شێوەیەش کە نەبێتە هۆی ئەوەی زیان بە تورک بگەیەنێ، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەی کوردستان کە بە بیردا بێتەوە دەبێ چی بێ؟

بۆ ئەم جۆرە بەڕێوەبەرایەتییە، نموونەی جودا جودا دەهێنینەوە: پێکهێنانی شێوەی سیاسیی وەک (خدێوییەتی) لە ئەوستریا – مەجەرستان، پروسیە – باویرا– سەکسۆنیا... تاد و، پەیداکردنی موتەسەڕیفێتی لە شێوەی چیای لبنان لە توانادایە. ئەگەر تورکەکان دەڵێن، ئێمە سەربەخۆییمان بە خوێنی خۆمان بەدەست هێناوە، لە کاتێکدا هیچ هۆیەکی ناچارکەرەوە نەبووبێ، تایبەت بەوەی ئێوەی کوردەکان بێ ئەوەی پشت بەهێزی خۆتان ببەستن، چۆن ئەمەندە داواکارییە داوا دەکەن؟ لە وەڵامدا دەڵێین، لە بنچینەدا سەربەخۆیی مافێکی ئاساییە.. نادرێ تا وەربگیرێ. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە ژیانی لە تورک جودابووەومان ناوێ، تەنیا بەپێی چەندی و پایە و ڕەگەز، چوونە ناو کۆمەڵی نەتەوەیی تورک، هەستی نەتەوەییمان بریندار دەکات. لەناو بازنەی ئەو داوونەریتەدا پێشکەوتنمان بۆ نییە، بۆیە داوای شێوەیەکی یەکسانیمان دەوێ.

تورکەکان، چی دەڵێن با بڵێن و چۆن بیر دەکەنەوە با بیر بکەنەوە، ئێمەی کوردیش دەمانەوێ "ببینە خاوەنی زمانی نەتەوەیی خۆمان و بەری ڕەنجی خۆمان بەدەست خۆمانەوە بێ. ". پەیمان و بەڵێنی نەتەوەیی ئەمڕۆ و سبەینێی ئێمە دەکرێ لەم ڕستەیەدا چڕ بکرێتەوە. کام شێوە بەڕێوەبەرایەتییەی کە ئەم دەستووره سیاسییە میانڕۆ دابین دەکات و وەدەستی دەهێنێ، لەلایەن تورکێکی خاوەن ویژدانیشەوە پەسند دەکرێ، ئەو بەڕێوەبەرایەتییەمان لەلا پەسندە. ئێمەی کورد نە کەوتووینەتە دووی تاج و تەخت و نە بەدوورکەوتنەوەش لە داوونەریتی نەتەوەییمان بیر لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی زیادەڕەو دەکەینەوە. تا ڕۆژی پەسلان (قیامەت)، تا بەدیهاتنی ئەم ئامانجەشمان لەگەڵ هەر کەسێکدا کە هەبێت درێژە بە کێشەکەمان دەدەین. تەنیا یەک کەسیشمان لێ بمێنێ هەر واز ناهێنین. ئەو نەتەوانەی مافی ژیانیان دەوێ، بە ڕواڵەت چەند ناتوان و بەستەزمانیش دیار بن، لە کاتی کار و کردەوەدا هەریەکەیان دەبنە تاشە بەردێک، نموونەیەکی درەوشاوەی ئەمەش تورکەکانن، ئەو تورکانەی لە تۆپ و تفەنگ بێبەش بوون و بەرامبەر بەو دوژمنانەیان وەستان کە نەک چەند ساڵێک، بگرە چەندین سەدە لە خۆیان پێشکەوتووتر و تواناتر بوون، هەڵچوونی تورک. نەتەوایەتیی تورک چۆن کۆمەڵە..ێکی بەسامی بەزەویدا ڕاخست؟ بەچ شێوەیەکی پرشنگدار مافی ژیان و مافی سەربەخۆیی خۆی پێیان سەلماند؟ ئەوەی بۆ تورک ڕاست و ڕەوا بێ، ئەم بوونە بۆ تورک، باش و پیرۆز بێ، داواکردنی ئەمە بۆ کورد بۆچی بە تاوان بژمێردرێت؟ یان ئەمە بۆچی خەیاڵ بێ؟

هیچ نەتەوەیەک، بە دوورکەوتنەوە لە دادوەری، نابێ شانازیی بەهێز و زەبروزەنگی خۆی بکا،

حزبەکان و حکوومەتەکان و تەنانەت وڵاتانیش لەو کاتانەدا ڕووخاون کە خۆیان زۆر بەهێز زانیوە. ئەگەر نموونەی مێژوویی ئەمەشت دەوێ: ئیتتیحاد و تەرەقی لە کاتێکی هەرگیز چاوەڕواننەکراودا، یاخیبوونی[١٣]ی مارتی بینیوە.[٦٦] وەنیزەلوس، لوید جۆرج، لەکاتێکدا ڕووخاون کە خۆیان بە فەرمانڕەوا دەزانی. بەڕێوەبەرێتیی دیکتاتۆرییانەی ئەو پیرە سوڵتان عەبدولحەمیدە،[٦٧] بەهۆی ئەو کۆمەڵەیەی کە سێ چوار ژۆن تورک پێکیان هێنابوو و بەو ڕووناکیی ڕاستییەی کە بڵاویان کردبووەوە، لە یەک ڕۆژدا ڕووخا. هەڵچوونی نەتەوەکان، بەڕێوەبردنی چارەنووسی خودی خۆیان بووەتە بیروباوەڕێک، دەستوورێکی نێونەتەوەیی. هیچ هێزێک ناتوانێ ڕێ لەمە بگرێ، بەڵام ئێمە، ئێستاکە ئەمەمان مەبەست نییە، نامانەوێ بیر لە ڕۆژێکی وەها بکەینەوە، ئێمە هەرگیز بیر لەوە ناکەینەوە هیچ کاتێک لە تورک جیا ببینەوە. لە بەستنەوەی چارەنووسمان بەهی ئەوانەوە دوور نەکەوتووینەتەوە، چونکە تورک و کورد پێوەندییە هەمیشەییە جوگرافیایی و ئابووری و ئایینییان، ناچاری پێکەوەژیان و پێکهاتن و ڕێککەوتنی تەواویان دەکا. ئەگەر ئێمە بەکاروباری خۆمانەوە بهێڵنەوە. ئەگەر بایکۆتمان لێ بکەن، ئێمە لەوان گەلێک زیانمەندتر دەبین، بەندەتان (نووسەر) نامەوێ هەست و سۆز تێکەڵ بە نووسینەکانم بکەم. ئەوەندەی لە دەستم دێت لە کاتی نووسینی ئەم دێرانەدا، هەوڵم داوە هەست بە هەڵچوونەوە نەکەم. من بە شیکردنەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو و داهاتوو دەمەوێ ئەو ئەنجامانەی لێیانم هەڵێنجاوە بخەمە ڕوو. بەمجۆرە ئێستا نیشانەیەکی نیازپاکیم و دڵخاوێنیم دەردەبڕم کە لەو شێوە هەموارکردنەوەیەی خوارەوەدا دەیبینین، پیاوێکی وەک من کە تەمەنی خۆی لە قوتابخانە تورکییەکان و لە ژینگەی تورک و لەناو شارستانیی تورکدا بەسەر بردبێ، چۆن ئەوەندەی تورکێک تورکی خۆش ناوێ؟ بەڵام بێکەسیی ئەو نەتەوەیەشم کە سەر بەو نەتەوەیەم و بێدەسەڵاتی و دەستکورتیی ئەو، بەتایبەتی ناتوانم نەخوێندەواریی ئەو لە پێش چاوم لابدەم، ڕووی قسە لە پایەبەرزتان دەکەم، لە نوێنەری پایەبەرزی ئەم نەتەوە بەدبەختە، لە ڕۆڵەی ڕەسەنی دەکەم، تکایە بفەرموون و لەم چەند دێرەم ورد ببنەوە.

ئەم وێنەیەی هەموارکردنە کە ناچێتە عەقڵەوە هیچ تەگەرەیەکی لە ڕێدا بێ و لەناو بازنەی ئەو بنەما و یاسایانەدایە کە (ئەنجوومەنی باڵای نەتەوەیی "پەرلەمانی" تورکیا) دانی پێدا ناوە و بڕیاری پەسندکردن و جێبەجێکردنی داوە:

لە یەکەم مادەی (میثاق ملی)یەوە. ".... خەڵکانێک لە ڕەگەزگەلێک پێکهاتوون، کە بە کۆمەڵە پێوەندییەکی ئاینی و شارستانی بەیەکەوە بەستراون و عوسمانییانێکن هەست بە یەک بیری هاوبەش دەکەن و دانیشتوانی ئەملا و ئەولای هێڵی داگیرکراون و زۆربەیان موسڵمانن، بە مەرجی ڕێزی چونیەکی بەرامبەر مافی نەژادی و مەرجە کۆمەڵایەتییەکانیان و بە هیچ بیانوویەک بە کردەوە و بە ماف دابەشبوون پەسند ناکەن. " کە لە فرەنساییم وەرگێڕاوە.

دەردەکەوێ کە بەرایی و کۆتایی، ئەوانەی پەیمانی نەتەوەیی " میپاق میللی "یان لا پەسندە و

لێی ورد بوونەتەوە، کە باس لە زۆرینەی عوسمانی و موسڵمانان دەکا، بوونی خەڵکانی موسڵمانی جگە لە تورک، واتە بوونی ڕەگەزێکی جگە لە تورک قبووڵ دەکا.

ئەم ڕەگەزە، ڕەگەزی کوردە، بە داواکاریی ڕێزی بەرامبەر یەکبوونی مافی ڕەگەز و بارە کۆمەڵایەتییەکان، پەسندکردنی مافی ڕەگەز و بارە کۆمەڵایەتییەکانی ڕەگەزی کوردە. داخۆ لە مافی بە زمانی خۆ فێربوون و نووسینی نەتەوەیەک پیرۆزتر دەبێ چ مافێکی تری هەبێ؟ ئاخۆ لە دەوڵەتی عوسمانیدا بێ، یان لەناو حکوومەتی تورکیای نوێدا ، کە بەرەوپیری پیرۆزییەکانی هەموو نەتەوەکان بگەنەوە، ئاخۆ لە زمانی ئازیزی کورد چ پیرۆزییەکی تری دەبێ؟ ئەگەر زمانەکەی نەبێ داخۆ دەتوانێ هەڵسوکەوتی ئاینی بەجێ بهێنێ؟ (میثاق مللی– پەیمانی نەتەوەیی) لە کۆمەڵێکی بێجگە لە تورک–مان ئاگەدار دەکاتەوە. بارە کۆمەڵایەتییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە جودایە، بەپێی ئەوەش کە بە ماددەی بیست و دووی قانووننامەی پێکهاتووە بنەڕەتییەکان (تشكيلات أساسية)دا دەچینەوە: "بەپێی ئەو پێوەندییە ئابووری و کۆمەڵایەتی و زمانییانەی نێوانیان، بەیەکخستنی ویلایەتەکان، ناوچەکانی پشکنەرە گشتییەکان" پێک دەهێنرێن. دۆزەکە ئاسانە، ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی کوردی لێیە، بەپێی پێناسەکانی مادەی بیست و دوو یەکیان بخەین. پشکنەرایەتیی گشتی دابمەزرێنین، مادەی بیست و سێیەمی ئەم قانوونە کتومت بەسەر ئەم پشکنەرایەتییە گشتییانەدا ڕاگەیەنین. مادەکانی قانووننامەی بەڕێوەبردنی ویلایەتەکانی ئێستاش، مەبەست دابین دەکا. تەنیا مادەیەک لەم قانوونەدا نەنووسراوە بۆی زیاد بکەین. پشکنەری گشتی دەبێ کورد بێ. ئەم کوردە، دەکرێ یەکێک بێ لە پیاوانی دەوڵەتی عوسمانی، دەکرێ لە نێردراوە " نوێنەر "ە بەرێزەکان هەڵبژێردرێ، هەڵبژاردنی پشکنەری گشتی لەلایەن (ئەنجوومەنی نەتەوەیی)یەوە بەڕێوە دەچێ و لابردنیشی دەبێ بەهەندێک مەرجەوە پێوەست بێ، بەم بۆچوونە وەک هیچ تەگەرەیەک لە بەردەمی پەرەسەندنی شارستانیی کورددا نامێنێ، هەروەها لەبەرئەوەی لەشکر و سیاسەتی دەرەوە و بە گشتی چارەسەری دۆزە هاوبەشەکانی تورکیا بەدەست حکوومەتی ئەنجوومەنی بالای نەتەوەییی تورکیا (پەرلەمان)ەوە دەبێ، بۆ ئەوەی چارەسەری دۆزە گشتییەکان بکات، ڕێ بە وەشاندنی هیچ جۆرە تۆوێکی جیابوونەوە نادرێ. هەر لە بنەڕەتیشەوە پێویست بەمە ناکات و ڕێی تێ ناچێ. تەنیا خستنە ڕووی تایبەتمەندییەک بەسوودگەیێن دەزانم کە لە ئاستی هەڵبژاردنی پشکنەری گشتیدا بەرچاوم نەکەوت: لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنە گشتییەدا کە لە ناوچەی هەڵبژاردنی پشکنەری گشتیدا، دەکرێ، نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان لە بارەگەی بەڕێوەبەرایەتیی پشکنەری گشتیدا، نوێنەرە هەڵبژێردراوەکان لە بنکەی بەڕێوەبەرێتیی پشکنەری گشتیدا بەناوی ئەنجوومەنی گشتیی بالای ویلایەتەوە، کۆبوونەوە دەکرێ و لەناو سنووری دەسەڵاتیاندا و قانوون و نیزامەکان دەچەسپێنن و بودجەی پشکنەرایەتیی گشتی ڕێک دەخرێ و ئاراستەکانی بەجێهێنانیان دەستنیشان دەکرێ، دەسەڵاتی ئەم ئەنجوومەنە وەک دەسەڵاتی سەر پارچە زەوییەک Landtag ەوە دەبێت، بۆ ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە تورکیا و کوردستانەوە هەیە، نوێنەرانی

کورد وەک جاران لە ئەنجوومەنی بالآی نەتەوەییدا ئامادە دەبن، کە لە ئەنقەرە کۆ دەبێتەوە. ئەگەر ئەمانەی خستمنە ڕوو کە لەگەڵ گیانی ئەو قانوونانەی دەوڵەتدا کە ئێستا لە ئارادان گونجاون و لەگەڵ (پەیمانی نەتەوەیی) و ناوەڕۆکەکانیدا تەباییان هەیە، پەسند بکرێن، هەموو ڕۆڵە نیشتمانییە کوردەکان، بەتەواوی ویست و ئارەزووەوە، دۆستانە لە پێناوی بەدیهێنانی ئاواتە هاوبەشە نیشتمانی و نەتەوەییەکاندا هەوڵدەدەن و خۆیان بۆ تەرخان دەکەن. ئەو داواکارییانەی کە لە (پەیمانی نەتەوەیی)ی کوردیشدا باسیان لێوە کراوە و شایەنی باسکردنن کە لە – کورد دەبێ ببێتە خاوەنی زمانی خۆی و بەری ڕەنجی خۆی لە دەستی خۆیدا بێتدا کورت کراوەتەوە، هەموو داواکارییەکانی دەگرێتە خۆ – ئەگەر بەم شێوەیە جێبەجێ بکرێ، پێوەندیی کۆنی دۆستایەتی لە نێوان دوو نەتەوەی برادا بە پەیماننامەیەک بەهێز دەبێ. ئومێدەوارم کە توندڕۆترین نەتەوەپەروەرانی تورکیش، ئەمەندە داواکارییە نەتەوەییە میانڕۆیانە، بەڵام دڵسۆز و نەگۆڕانەمان، بە تەواوی ڕێز و بە باشزانینەوە پەسند دەکەن و ئەو برینانەی هەردوو نەتەوە، کە شەڕی درێژخایەن و دژوار کردوویەتییەوە و هەردوو وڵاتەکەی بە وێرانەیی هێشتووەتەوە، بەبێ خوێناویکردن بپێچنەوە. هەر لەو کاتەشدا ئومێدی ئەوە ناکەم تورک – بالۆرەکانی – (دۆزی کورد، بوونی نییە)، ئەوەندە دووبارە بکەنەوە و (کورد و تورک یەکن) و (کورد واتە تورک) و لەسەر ئەم جۆرە پشتگوێخستنە ساویلکانەدا سوور بن. دۆزی کورد و تورک بەردەوام هەبووە. لە ئەستەمبۆڵدا هەموو ئەو کابینانەی دوای ئاگربەس هاتوون و ویستوویانە بەو جۆرەی کە تێی گەیشتوون، دۆزی کورد چارەسەر بکەن، بۆ ئەمە، هەموو کات لە شێوەیەکی ئەوتۆ گەڕاون لە بەرژەوەندیی هەردوو نەتەوەکەدا بێ. کابینەی حکوومەتی ئەنقەرە کە لە زیرەکی و درکی سیاسیدا لە سەرووی هەموو ئەوانەی پێش خۆیانەوەیە، کە لە خاڵی ڕوانگەی خۆیانەوە لەسەر هەقن، بە درێژاییی سەردەمی شەڕ باسی ئەم دۆزەیان نەکردووە.

چونکە ئەو بۆچوونە هەبوو کە دوور نەبوو بەرگریی میللی تووشی لاوازی بهاتایە، بەڵام ئێستا هیچ تەگەرەیەک نەماوە.

فەیزی بەگ ئەفەندیی برام. زۆر تکاتان لێ دەکەم، بفەرموون و ئەم دۆزە پشتگوێ مەفەرموون، کە ئێوە کۆنترینی نوێنەرانی کوردن و وەکو ئەندام بوونتان لەناو کابینەدا و ئەو دۆستایەتی و برادەرییەی لە کۆنەوە لە نێوانماندایە، بەندەتان (واتە نووسەر بەخۆی) بەوەی کە چاکتان دەناسم، ئەو باسانەی لەلایەن منی بێدەسەڵاتەوە خراونەتە ڕوو، تا لە ڕێی بەڕێزتانەوە بەزووترین کات بەوانە بگەیەنرێ کە پێویست دەکا پێیان بگا. (باڵیۆز– سەرکۆنەی بۆ نییە!) ئەو نووسینانەم کە پێم وایە لە خزمەتی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی هەردوو نەتەوەی تورک و کورددایە، هەڵوێستت لاواز ناکا. ناوەندە سیاسییەکانی ئەنقەرە، نازانم لەبارەی کورد بیریان لە چی کردووەتەوە. لە ڕاستیشدا من ڕۆژنامەش بە ڕێکوپێکی ناخوێنمەوە. لەم دۆزەی کە خستمە ئاراوە، وەک یەکێک لە سەربانەوە بەربووبێتەوە و دەرفەتی ئەوەی نەبێ لە دەوروبەری ورد بێتەوە، ئەوە هەر بەبیرمدا

ناهێنمەوە کە لەوانەیە بڕیاری ئەوە بدەی، کەشەکە نەگونجاو بێت، دۆزی کورد ببێ و نەبێ هەر لە سەردەمی سەرۆکایەتیی مستەفا کەمال پاشادا دەکرێ چارەسەر بکرێ. لە پەسن و ڕەوشتەکانی ناوبراودا، لە سنووری توانای قەڵەمنووسیمدا هۆی بەکارنەهێنانی وشەی جوان و پێداهەڵدان، لە ترسی ئەوەوە بوو کە بەڕیاکاری لێک نەدرێتەوە، ئاواتەخوازم پاشا، لە سەردەمی دەسەڵاتیدا لە ژێری و بەرچاوڕوونیی سیاسیی کوردەکانیش، سوودمەند بن، خوا تەمەندرێژی بکا. بەوەی کە مرۆڤە هەتاهەتایە نامێنێ. بە گەلێک شوێنەوار و بەڵگەی زۆرەوە بڕیاری ئەوە دەدەم کە پاشا کوردیان خۆش دەوێ. ئەگەر کەسێکی وەک (سەقەللی پاشا) لە جێی پاشای ناوبراودا بووایە، کێ دەزانێ تا ئێستا چ کارەساتەیلێکی خوێناویمان دەبینی.

لە دواییشدا، بەڕێزی بەرزتان، بڕوای هەموو تورکەکانتان بەدەست خستووە. گفتوگۆی دۆزێکی ئەمەندە بەبایەخ، بەزۆری دەبێتە هۆی بۆچوونی جیاجیا و پەرت. خاوەن بڕیار و ویستی وەک حەزرەتی پاشا، دەتوانێ بیروباوەڕەکانی بە برادەرە سیاسییەکانی فێر بکا. لەلای خەڵکیدا لە پێشەوایەکی میللی (Populair) بەولاوە، کەس ناتوانێ ئەم دۆزە چارەسەر بکا و بڕیاری لەسەر بدا. پاشا، بەوەی کە دڵسۆزترین نموونەیەکی جوانی میللەتپەروەرییە، لە هەموو کەسێک پتر ڕێز لە خۆشەویستیی نەتەوەیی دەگرێ و پەسند دەکا. لە بەردەمی ئەو کارە مەزنەی کە هێناویەتە گۆڕێ، وەک هەموو مرۆڤێکی شارستانی کە درک بە واتای پیرۆز و پیرۆزیی نەتەوەیی دەکا، کە بەڕێزەوە دەچەمێمەوە، بەدڵی دڵسۆزانەوە داواکارم چاودێریی دامەزراندنی پێوەندییە سەربەخۆکانی تورک _ کورد لەسەر بناغەیەکی پتەو کە لە ناوچوونی نەبێ بفەرمێ.

زۆر ئارەزوو دەکەم نووسینەکانم لەلایەن هاوشارە دۆستەکانم و ئەو هاوڕێیانەمەوە کە لە ئەنجوومەندان بخوێنرێنەوە. بەمەوە، ئەو دۆست و هاوڕێیانەی پێویستیم بەخۆشەویستی و ڕێنوێنییان هەیە، شارەزاییەک لەبارەی ڕێبازی سیاسیمەوە بەدەست بهێنن. بەرپرسێتیی هەموو ئەو پێشەکییانە لە ئەستۆ دەگرم. ئەو خاڵانەی کە تێگەیشتنیان ئاسان نییە و ئەو بیر و بۆچوونانەی – لەوانەیە – پێویستییان بە ڕوونکردنەوە هەبێ، ئامادەم – ئەگەر لە تواناندا بێ – ڕوونکردنەوەی تێکڕاییان لەبارەوە پێشکێش بکەم.

بەندەتان هەلێک بۆ پایەبڵندتان دەڕەخسێنم بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی، کە لە گۆشەیەکی تورکیای نوێدا، لە شێوەی کوێرە دوومەڵێکدا لە چیاندایە و هەردەم ئامادەیی گەورەتربوون و بوونە گەنگەرین–ی تێدایە. بوون بە وەزیری پایەبەرزی میللەتێکی جوامێر، بەڵام بێکەس، لەلایەن بنەماڵەتانیشەوە، بەپێی ئەوەی کە سەر بە بنەماڵەیەکی خانەدانی پێویست بەڕێزگرتنی کوردستانن. لە ئەنجامدا بەو بەرپرسییەتییەی وا فەرمووتان لە ئەستۆی خۆتان گرتووە، بە بەرپرسێتیی شوکری محەمەد بەراورد ناکرێ کە مرۆڤێکی خێرخوازە و ئاواتەخوازە، کورد لە نەزانی و هەژاری ڕزگار بکەن و جگە لەوەی کە تەنیا (کورد)ێکە و بەس و بەرپرسییەتییەکی تری نییە و لە نێوان بەرپرسێتییتاندا جیاوازیی بەراورد هەڵنەگر هەیە.

لەم ڕووەوە، زۆر تکاتان لێ دەکەم کە گەورەیی و سەرسوڕهێنیی ئەو پرسیار و ئۆباڵەی کە لە بەردەمی مێژوودا دەکەوێتە ئەستۆتان، بخەنە بەر بیر و ئەو بایەخە شایستەی کارەی پێ بفەرموون.

ڕێزی تایبەتیم لێ پەسند بفەرموون، گەورەم.

پسپۆڕی نەخۆشییەکانی پێست و فەرەنگی
دوکتۆر شوکری محەمەد

***

سەرباری ئەوەی سێ مانگ بەسەر ناردنی نامەکەدا ڕەت بوو، تا ئێستا هیچ وەڵامێک دەرنەکەوتووە – بێ ئەوەی قسەی تر بکەم – بڕیار دەخەمە بەر هەڵسەنگاندن و ویژدانی خوێنەرە بەڕێزەکان.

دوکتۆر شوکری محەمەد
لە دانیشتوانی (ئەرغەنی مەعدەنی)ی دیاربەکر
بەیرووت ١٨/کانوونی یەکەم/ ١٩٢٣

***

هەولێر

پەراوێزەکانی پاشکۆ " کورد چییان لە تورک دەوێ ":

(٥١) فەیزی پیرینجچی ئۆغلو – عەزیز فەیزی پیرینجچی ئۆغلو (نازناوی بەر لە یاسای تورک پیرینجچیزادە بووە) ئەندامی مەجلیسی مەبعووسانی عوسمانی و لە پەرلەمانی کۆماری تورک_دا، بە گشتی لە چوار خولدا ئەندامێتیی پەرلەمانی کردووە. هەر لەو سەردەمەدا سێ جار وەزیریی ئاوەدانکردنەوەی بەڕێوە بردووە. سیاسەتوانێکی بەڕەسەن کوردە.

١٨٧٩ لە دیاربەکر هاتووەتە دنیاوە، کوڕی عارف بەگی پیرینجچیزادەیە، دوای ژیانی کارمەندێتی، خولێکی مەجلیسی مەبعووسان و چوار خول نوێنەرایەتیی دیاربەکری کردووە. دواتر لە خولێکی پەرلەمانی کۆماری تورکیا و لە ٢ خولیشدا نوێنەری دیاربەکر بووە، لە لێژنەی وەزیرانی جێبەجێکردندا (١٩٢١ _ ١٩٢٢) و لە (١٩٢٣ _ ١٩٢٤) وەزیری ئاوەدانکردنەوە بووە.

ساڵی ١٩٣٣ کۆچی دوایی کردووە.

سەرچاوە:

.http://tr.wikipedia.org/wiki/Feyzi_Pirin%C3%A7%C3%A7io%C4%9Flu

(٥٢) ئەنجوومەنی باڵای نەتەوەیی (پەرلەمانی تورک).

(٥٣) واتە ئەستەمبۆڵ کە پێش ئەنقەرە، پایەتەختی دەوڵەتی عوسمانی بووە.

(٥٤) کشانەوەی ڕووس لە خاکی کوردستانەوە ساڵی ١٩١٧، یارمەتیی ئەرمەنییەکانی داوە کە هەوڵی ئەوە بدەن ناوچەیەکی فراوانی کوردستان بخەنە سەر دەوڵەتی ئەرمەنیی خۆیان، کە ئەم ناوچەیە لەم ویلایەتانە پێکهاتووە: ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، موش، بایەزید، وان، بتلیس.

بڕوانە: فؤاد حمه خورشيد – القضية الكردية في المؤتمرات الدولية– ص/٥٠.
– ساڵی ١٩١٨، سولەیمان نەزیف لەگەڵ هەندێک لە برادەرانی، بەناوی (کۆمەڵەی بەرگری لە مافە میللییەکانی ویلایەتەکانی خۆرهەڵات)ەوە کۆمەڵەیەکی دامەزراند، ئەندامەکانی لە کەسایەتیی وەکو ئەمانەی خوارەوە پێکهاتبوون:
سولەیمان نەزیف، ئیسماعیل حەققی بەگ، ئەحمەد نەدیم بەگ، ئاسەف بەگ، فەیزی بەگ، زولفی بەگ.
بڕوانە:

Alakom __erif Pa_a _S.101.R

(٥٥) ئیلیاس سامی ئەفەندی: لەم نامەیەوە دیارە کە ئەم کەسایەتییە سەرۆکایەتیی ئەو کۆمەڵەیەی (بەرگری لە شەش ویلایەتی خۆرهەڵات)ەی کردووە، لە پەراوێزی ژمارە (٦)دا باس کراوە و نووسەری نامە بەخۆی لە یەک لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەڵ (فەیزی بەگ)دا بەشداریی تێدا کردووە.

(٥٥ أ) فائیق عەلی ئۆزانسۆی (١٨٧٦ _ ١ ئەکیم ١٩٥٠): یەک لە شاعیرانی پێلی " سەروەتی فونوون " بووە. کوڕی سەعید پاشای دیاربەکریی کوردە. برا بچووکی " سولەیمان نەزیف " لە کۆتاییەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا، یەک لە والییانی مووسڵ بووە، بە هۆی تەنگژەیەکی دڵەوە لە (١ی ئەکیمی ١٩٥٠) لە ئەنقەرە کۆچی دوایی کردووە.
زۆر بە کورتی لە:

http://yazarmezar.com/mezar-sayfa-195.html

(٥٦) تۆفیق پاشا: ئەحمەد تۆفیق پاشا (١٨٤٥ _ ١٩٣٦) دوا سەرەک وەزیرانی عوسمانی بووە.

(٥٧) مەبەست لە کۆمەڵەی (بەرگری لە شەش ویلایەتەکە..)یە.

(٥٨) تەمووزی ١٩١٩.

(٥٩) مەبەست نووسەر بەخۆیەتی.

(٦٠) ڕێککەوتننامەی (شەریف پاشا– نۆبار پاشا) ئەو ڕێککەوتننامەیەیە کە لە (٢٠ی کانوونی یەکەمی ١٩١٩)دا مۆر کراوە، لە نێوان شەریف پاشا و نۆبار
پاشا (بۆغوسی کوڕی نۆبار پاشا)ی هەردوو نوێنەری کورد و ئەرمەنی بۆ کۆنگرەی ئاشتیی پاریس، بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە، ناکۆکییەکانی نێوان کورد و ئەرمەن دراوەتە دەست لێژنەیەکی هاوبەش بۆ یەکلاکردنەوە.. بڕوانە:. ٩٨, " . R.Alakom _ _erif Pa_a

(٦١) موسیۆ لوید جۆرج (داڤید): (١٨٦٣– ١٩٤٥) سیاسییەکی ئینگلیزە و سەرۆکی حزبی ئازادەکان و سەرەک وەزیرانی بەریتانیا (١٩١٦– ١٩٢٢) ڕۆڵێکی گەورەی لە کۆنگرەی ئاشتیی (ڤرسای) ساڵی (١٩١٩)دا هەبووە.

(٦٢) ڕۆژی مۆرکردنی پەیمانی (سیڤەر)ە.

(٦٣) واتە: مستەفا کەمال ئەتاتورک.

(٦٤) زیا گـوێک ئالپ (١٨٧٦– ١٩٢٤) لە دیاربەکر لەدایک بووە، کوڕی محەمەد تۆفیق ئەفەندیی دیاربەکرییە. ناوی ڕاستەقینەی محەمەد زیا–یە. بەشاعیرێکی گەورە و بیرمەندێکی کۆمەڵایەتی و

نەتەوەییی تورک  S - _Me_hurlar. ١٥٢– ,١٥٣ دەژمێردرێت. بڕوانە: _A. Gövsa- Türk.

(٦٥) لوتفی فیکری: (١٨٧٢– ١٩٣٤).. «.. لوتفی فیکری–ی نوێنەری دەرسیم، پێ دەچێ خرابێتە ناو لێژنەی نوێنەرایەتیی کورد بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس، ساڵانی دواتر لە ڕوونکردنەوەیەکدا دەڵێ: لە تەلەگرافێکی شەریف پاشا–دا کە بۆی ناردووە دەڵێ: "هەردووکمانیان بە نوێنەر هەڵبژارد، دەمودەست وەرە". ئەمیش وەڵامێکی بێ سوودی دەداتەوە و دەڵێ: "بەسوپاسەوە بەوە قایلم کە بەناوی هەموو عوسمانییانەوە بێم، بەڵام تەنیا بۆ نوێنەرایەتیی کورد نایەم". Alakom _ _erif Pa_a _ s.96..R
ئەمیش لەمەی خوارەوەی وەرگرتووە: Tark Zafer Tunaya _ Türkiye de Siyasal Partiler 11, 1970 s.196 _

(٦٦) یاخی بوونی (١٣ی مارتی ١٩٠٩) ئەو کودەتایەیە کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمی پێ لابراوە و (محەمەد ڕەشاد)ی کوڕی سوڵتان عەبدولمەجید و برای سوڵتان عەبدولحەمید بووە، هێنرایە سەر تەختی سوڵتانێتیی دەوڵەتی عوسمانی. بڕوانە: 244 - 243 s- _A. Gövsa- Türk Me_hurlar .

(٦٧) سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم (١٨٤٢– ١٩١٨).

*


سەرچاوەکانی پەراوێزەکانی (کورد چییان لە تورک دەوێ):

(١) المنجد في الأعلام– الطبعة ١٢– ١٩٩٦.

(٢) د. فؤاد حمة خورشيد مصطفى – القضية الكردية في المؤتمرات الدولية– الطبعة الأولى – مطبعة وزارة الثقافة– أربيل ٢٠٠١.

(٣) رفيق حلمی– کورد مسئلەسی صفحاتندن– وطن مطبعە سنیە طبع اولمشدر– ١٩٣٥

(4) _brahim Alaettin Gövsa- Türk Me_hurlar_, Ansiklopedisi- yedigun ne_riyat

(5) Rohat Alakom- _erif pa_a- Bir kürt Diplomat_n_n firt_nal_ y_llar_- Avesta- _kinci Bask_- 1998- _stanbul.


تێبینی: لە کاری وەرگێڕان و ئامادەکردنی ئەم نامیلکەیە بووبوومەوە، بەڕێز کاک (عەبدوڵڵا زەنگنە)، ژمارە (٨)ی پایزی (٢٠٠٢)ی گۆواری (Serbesti)ی بۆ هێنام کە بە تورکیی لاتینی لە (ئەستەمبۆڵ) دەردەچێ و لە لاپەڕە (٩٢– ١٠٠)یدا نامیلکەکە بە تورکیی لاتینیی نوێ بڵاو کراوەتەوە.. سوپاسی دەکەم. (وەرگێڕ)

هەولێرنامەی کتێب

# دوورخستنەوەی ناوی یەحموور
# لەناوی شا بەهرام گوور

تۆفیق وەهبی

بەشی یەکەم



لە چاپی دووەمی کتێبی "ئێران لە سەردەمی ساسانییاندا"ی پرۆفیسۆر ئارتەر کریستنسن – وەرگیراوە.

## پێشەکی

لە کاتی گەڕانەوەمدا بەدوای ڕۆنانی ناوی شارەزوور" شەهرزور " دا و ورد بوونەوە لە دوو وشەی " جوفور " و " گوڤور " ی ئاوێستاییدا کە واتای " قووڵ " دەگەیەنن، هەروەها لە زمانی ئێرانیی ناوەڕاستینە و تازەدا کە بەم شێوازە پەرەیان سەندووە: " جەرف، حەفر، گوور، زوفور، ژورف، زوور، زوول، ژوول، ژوور، ژۆرە، جۆر، قووڵ. "، هەروەها لە عەرەبیشدا: " زور، زوراء، صحراء ." واتەی: قووڵ و گۆڕەپان و زەویی نشێو و بیابان " دەگەیەنن.

ئەم خوێندنەوەیە هێنامیە سەر ئەوەی لە نازناوی "گوور"ی "بەهرام گوور" ورد ببمەوە.

دوای ئەوەی گەیشتمە ئەوەی واتەی "شەهرەزوور – شارەزوور" (شاری نزم، وڵاتی نەوی،

.................................................................

وەرگێڕ لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

ناوچەی نشێو، دەشتایی) دەگەیەنێ.(١) هەروەها ڕوانیم کە لەوانەیە واتەی " بەهرام گوور " یش (بەهرامی دەشتەکی) بێ و خۆم لەم بابەتە دا. ئەنجام ئەم نامیلکەیە بوو کە دەیخەمە بەر دەستی خوێندەوارانەوە، هیوادارم سوودی بۆ لێکۆڵەرەوان و لێوردبووانی مێژوونووسان و زانایان هەبێ، ئەمەندەشم بەسە.

بەغدا – ئەلوەزیرییە

تۆفیق وەهبی – لە ٣ ی تەمموزی ١٩٥٧ دا

## چوونە ناو باسەکە

لە مێژوودا، گوتراوە کە بەهرام گوور بەهرامی پێنجەمی کوڕی یەزدگوردی گوناهبارە، کە شیرەخۆرە بووە باوکی داویەتییە دەست مونزیری کوڕی نوعمان کە شای عارەبان بووە لە حیرە، تۆ ئەوەی پەروەردەی بکا.بەمجۆرە ژنەیلی عەرەب شیریان داوەتێ و پەروەردەیەکی عارەبانە پەروەردە بووە و پشکێکی زۆری لە ڕۆشنبیری و ئەدەب و سوارچاکی و ئازایی بە دەست خستووە. کە باوکی مردووە، فارسەکان بە بیانووی ئەوەوە کە کوڕی یەزدگوردی گوناهبارە کە لە سەردەمی فەرمانڕەواییدا زۆری ناڕەوایی لە گەڵیاندا کردووە و چەوساندوونییەوە و لە نێو عەرەبدا پەروەردە بووە و ڕەوشتی فارسی هەڵنەگرتووە و پتر عەرەبە وەک لەوەی فارس بێ، ڕەتیان کردووەتەوە کە بیکەنە شا، بۆیە فارسەکان کەسێکیان لە خانەدانەکان کە کیسرا " خوسرەو " ی یەک لە نەوەکانی ئەردەشیریان لە سەر تەختی ئێران دانا. بەڵام بەهرام گوور، ساڵی ٤٢٠ ی زایین کە لە تەمەنی بیست ساڵیدا بوو، تەختی شاهێتیی بە یاریدەی سەربازیی مونزیری کوڕی نوعمان لە دەست ڕەقیبەکەی سەندەوە.

بەهرام گوور سوارچاک و ڕەوشت بەرز و خواردە و سەربازێکی ئازا و بەهرەوەر و پاڵەوانێکی بەهێز و دلێر بووە، گەلی ئیرانی زۆریان خۆشویستووە، عەرەبیش لە ئێرانییانیان کەمتر خۆش نەدەویست. فیردەوسی لە شانامەدا بەم دێڕەشیعرانە لاواندوویەتییەوە:

" مخابن، شایەکی وەها، ئەمەش دادوەریی بێ، نەکەی بەبەدکاری ناو ببەی،
لە نێو پەنجا شادا لە نەوەی کەیانییان، ئەوانەی لە سەر تەختی ئێران دانیشتن،
کەسێکیان وەکوو بەهرام گوور نەبوو، لەدادوەری و مەزنی و لە چیری و بەهێزیدا،
هەموو وەزیرەکان بە ڕۆستەمی فەرمانڕەواییان ناو دەبرد، چیای ئاسنی بە تیر شەق دەکرد،
بەڵام کە ڕۆژی هات دوانەکەوت، ئەو ڕۆژە، نە مێرینی دادی دا نە قارەمانێتی. "
ساڵی ٤٣٨ ی زایین کە مردووە، لە تەمەنی سی و هەشت ساڵیدا بووە.

فارسەکان ئەو کارە قارەمانییەتییانەی ئەنجامی دەدان و ئەو سوارچاکییە دەگمەنەی هەیبووە لە یادیاندا پاراستوویانە و لە هەڵبەستنەوەی چیرۆکی ئەفسانەییدا زۆرڕەوییان کردووە،

چیـــرۆکـــەیلێکی دیکەی ئەفـســـانەیی ئێـرانیــشـیـــان داوەتە پاڵ، دواتر بۆ نـەوەکـانی داهـاتوو گوازراونەتەوە، لە سەدە ئیسلامییە بەراییەکاندا دیمەنەیلێکیان لێ لە بان دیوار و دەفر و بەرە و مافوور و کالاًیاندا بەرچاو دەکەوت، لەمانە ئەو جامە زیوینەیە کە کریستنسن باسی دەکا:

" ئێـستـاشی لەگـەڵدا بێ جـامـەیلێکی زیوین هـەن مـێژوویان بۆ دەمـی سـاسـانی دەگـەڕێتـەوە، دیمەنێلێکیان لەسەر نەخشێنراوە لە سـەرەڕۆیی ڕاووشکاری ئەم شایە وەرگیراون. لە مۆزەخانەی ئارمیتاژی لینینگراددا جـامێک هـەیە بەهرامی پێنجەم دەنوێنێ، شـایەکە بە شێوەی ئەفسـەرەکەی دەناسرێتـەوە، سـواری وشترێک بووە و کـەنیزەکێکی لاویش لە پشـتـییەوە سـوار بووە. جیـاوازیی کۆمـەڵایەتیی نێوانی شـا و ئافرەتەکە لە جیاوازیی بەژنی دوو کەسـەکەوە دەردەکەوێ. کـەنیزەکـەکە ئارەزووە ئەهریمەنانەکەی دەردەبڕی و دەیەوێ ببینێ ئایا شـا دەتوانێ هە بە تـیر هـاوێژتن مـامزی نێرە بکاتە مێیە و بە پێچەوانەشەوە، بەمجۆرە، شـا دوو تیر دەهاوێژێ پەیکانەکانیـان لە شێوەی دوو شـاخ لە سـەری گیانلەبەرەکەدا دەچەقێ و تیرێکی دووسـەر لە نێرەکە دەگرێ و دوو شـاخەکەی لێ دەکاتەوە. وێنەکێشی جامە زیوینەکە شێوەیەکی تایبەتی بە تیرەکە داوە، کە سـەرەتیرەکەی وەک مانگی نوێ دروست کردووە."(٢)

ئەم چیرۆکە لە کتێبگەلێکی مێژوویی ئیسـلامیـدا باس کراون، ئەمەش یـەکەمینی سـەرەڕۆییە ڕاووشکارانەکانی بەهرامی گوورن.

کۆنترین مێژوونووسێکیش ئەم چیرۆکەمان بۆ دەگەڕێنێتەوە، ئیبن قـوتەیبەی دەینەوەر " دیناوەر " ییـە (کە لە ٨٨٩ / ٢٧٦ دا کۆچی دوایی کردووە)، ئیبن قوتـەیبە لە کـتێبی (عیون الاخبـار، ل/ ١٧٨) دا دەڵێ:

" لە کـتـێـبی (ژینامــەکـانی فـارس) دا خـوێندوومــەتەوە کـە بەهرامگوور ڕۆژێکیـان لەگـەڵ کەنیزەکێکی خۆیدا چووەتە ڕاو ، مامزەیلێکیان لێ دەردەکەون، بە کەنیزەک دەڵێ:

– دەتەوێ تیر لە کوێی ئەم کێویلەیە بدەم؟

کەنیزەک دەڵێ:

– دەمەوێ نێرەکانیان چون مێیەکانیان لێ بکەی و مێیەکانیشیان چون نێرەکان.

تیرێکی دوو سەری لە نێرەمامزێک دەدا و دوو شاخی لێ دەکاتەوە و دوو تیریشی لە مێیەیەک دەدا لە جێی شاخیاندا دەچەقێنێ.

ئینجا پێی گوتووە بە یەک تیر گوێی مامزێک و سمەکەی پێکەوە گرێ بدەی، بوندوقـەیەکی(× أ) لە بناگوێی مامزەکە دەدا، کە دەستی هەڵدەبڕێ گوێی بخورێنێتەوە، تیرێکی تێ دەگرێ، سمەکەی بە گوێیدا دەلکێنێ، ئەوجا کەنیزەکە دەخاتە خوارێ و لە زەویی دەدا و دەڵێ:

چەند زۆر ڕەویت بەرامبەر کردم و هەر ویستت بێدەسەڵاتم پیشان بدەی ".

دیمەنێکی دیکە لەم گێڕانەوەیەی ئیبن قوتەیبەی دەینەوەریدا دەبینین، سەربارى ئەو دیمەنەی لەسەر جامی " ئارمیتاژ ــ ی لینینگراد " دایە، ئەوەش داواکاریی کەنیزەکەکەیە کە بەهرام گوێی مامزەکە و سمەکەی بە یەک تیر پێکەوە کۆبکاتەوە.

لەبەر ئەوەی دوور نییە دروست کردنی جامەکە چەند سەدەیەک لە سەردەمی ئیبن قوتەیبەی دەینەوەری کۆنتر بێ، وەک مامۆستا کریستنسن بۆی چووە، بۆیە دەکرێ وای دابنێین کە چیرۆکەکە سەرەتا هەر لە بەشی یەکەمی پێکهاتبێ، بەشی دووەمی شێوەیەکی پەرەسەندووی باوی ئەو چیرۆکە بێ، ئیبن قوتەیبە لە یەک چیرۆکی سەرەڕۆییدا کۆکردبێتەوە، ئەوەی پاڵپشتیی ئەمەش دەکا ئەوەیە کە ئیبنولفەقیە (٩٠٢ / ٢٩٠) بەشی دووەمی چیرۆکەکە وەک چیرۆکێکی سەربەخۆ لە شێوەیەکی سێیەمدا باس دەکا، بۆیە پێم سەیر نەبوو کە بینیم نیزامیی گەنجەوی (١٠٢٥ / ٤١٦) چیرۆکەکەی خستووەتە ناو بەرگێکی چوارەمەوە وەک دواتر باسی لێوە دەکەین.

ئیبنولفەقیە چیرۆکی بەهرام گوورمان بۆ دەگێڕێتەوە، کتێبی (البلدان، ل / ٥٥) کە لە بەشی دووەمی چیرۆکەکەی ئیبن قوتەیبەی دەینەوەری دەچێ، هەردووکیشیان نزیکەی لە یەک کاتدا چیرۆکەکەیان نووسیوەتەوە، ئیبنولفەقیە دەڵێ:

" لە سێ فەرسەخی لای هەمەداندا گڵکۆی مامزەکە و تەلاری بەهرام گوورلە دێیەکدایە پێی دەڵێن " جوهستە ". تەلارەکە هەرهەمووی لە یەک بەردی داتاشراو پێکهاتووە و نووسینێکی لێیە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە فارسییە، ئەوەی فارسی بزانێ دەیخوێنێتەوە، هەموو هەواڵێک و هەموو شتێکی سەیر و سەمەرەیە، لە هەر گۆشەیەکیشدا وێنەی کەنیزەکێکی لێیە. "

تا دەڵێ:

" لە دووریی نیو فەرسەخیش لەم تەلارەوە، گڵکۆکە لە سەر گردێکدایە لە تەلارەکە دەڕوانێ، هۆیەکەش ئەوە بووە کە بەهرام گوور چووەتە ڕاو و کەنیزەکێکیشی لەگەڵدا بووە کە لە خۆشەویستترین و پەسندترینی کەنیزەکەکانی بووە. کە لە ڕاووشکار بووەتەوە لەم تەلارە دابەزیوە و بۆ خواردنەوە لەگەڵ کەنیزەکدا ڕۆنیشتووە، کە سەرخۆش بوون ڕووی لە کەنیزەک کردووە و گوتوویەتی:

– دڵخوازێکم لێ بخوارە.

کەنیزەکەکە ڕوانیی مێیە مامزێک لە ترۆپکی شاخۆکەیەکدا دەلەوەڕێ، گوتی:

– دەمەوێ تیرێک لەم مامزە بگری، گوێ و شاخ و سمی بەیەکەوە گرێ بدەی.

کارێک بەسەر بەهرامدا هات، تێیدا داما، ئینجا گوتی:

– ئەگەر من ئەمە نەکەم، خەڵکوخوا سەرزەنیشتم دەکەن کە بە دڵخوازی ژنەم نەکرد.

ئینجا (جولاهیق)(×ب)ەکەی بە دەستەوە گرت و بوندوقەیەکی بۆ مامز هاویشت و لە گوێی دا،

کە دەست و سمی بەرزکردەوە گوێی بخورێنێ، تیرێکی دەرکرد و سم و گوێ و شاخی پێکەوە دوورییەوە. ئینجا چووە سەر کەنیزەک و سەری بڕی و لەگەڵ مامزەکەدا ناشتی و گلکۆیەکی لەبەردی لەسەریاندا بنیات نا و هەواڵەکەشی بە فارسی لەسەر نووسی، گڵکۆکە تا ئەمڕۆ هەر ماوە. "



تیرێکی دەرکرد و سم و گوێ و شاخی پێکەوە دوورییەوە
لە " بەهرام نامە " ی ناو " خەمسەی نیزامی " ی گەنجەویی،
چاپی بەردینی شیراز ــ ی ساڵی ١٣١٣ ی هەتاویی چاپی دووبارەوە وەرگیراوە.

هەواڵنامەی کتێب

ئەوەی لە گێڕانەوەکەی ئیبن قوتەیبەی دەینەوەریدا سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە ڕووداوەکە لە دەشت و لە کاتی ڕاودا بووە، ئیبنولفەقیەیش دەڵێکاتێک بەهرام لەگەڵ کەنیزەکیدا لە تەلاری " هەمەدان " دا بووە ڕووی داوە. چیرۆکەکەی ئیبنولفەقیهم تەنیا لە کتێبی " موجمەلوتتەواریخ وەلقەسەس " دا نەبێ بەرچاوم نەکەوتووە.[٣] (٥٢٠ ی کۆچی)، کە دانەر تێیدا دەڵێ:

" باسی ڕاووشکار و کەنیزە و تیر بۆ مامز هاویشتن بە وێنە دەکێشن و دەڵێن لە مێژوودا ڕووی داوە (لەو سەردەمەدا) کە لەلای مونزیر، لە خاکی عەرەبدا بووە، واتە " بەهرام گوور ". لە " کتێبی هەمەدان " یشدا خوێندوومەتەوە کە لە دەرەوەی هەمەدان ڕووی داوە، لەو شوێنەی پێی دەڵێن " ئەسیە دمیان "لەسەر ڕێی " ڕەی " دا. ئەو شوێنەش شوێنەوارێکی لێیە، دەڵێن گۆڕی کەنیزەکە بووە، خودا هەر خۆی دەیزانێ ".

بەڵام چیرۆکەکە بە هەردوو بەشەکەیەوە باس کراوە، وەک ئەوەی بەر لە هەر یەکە لە ئیبن تاهیری مەقدیسی و فیردەوسی و سەعالیبی، ئیبن قوتەیبەی دەینەوەری باسی لێوە کردووە، ئیبن تاهیری مەقدیسی چیرۆکەکە (لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی) کۆتایی پێ دەهێنێ، بەمجۆرە:

" ...... ئەوجا بەهرام گوور کەنیزەکەکە بە زەویدا دەدا و دەڵێ:

– چەندێکزێدەڕۆییت کرد و ویستت بە بێدەسەڵاتم پیشان بدەی و کوشتی و ئەمەش بەخودا بە ڕێککەوت نەبێ ناشێ ".

فیردەوسی (١٠٣٠ / ٤٢١) دەڵێ کەنیزەکەکە چەنگژەن بووە(×ج) و لە کاتی ڕاوکردندا بە مۆسیقا دڵخۆشیی بە بەهرام بەخشیوە.ناویشی " ڕۆمی ئازاد " بووە، هەروەها دەڵێ: دوای ئەم ڕووداوە بەهرام لە سەرەڕۆییە ڕاووشکارەکانیدا کەنیزەکی لە گەڵ خۆیدا نەبردووە.

سەعالیبی–ش (١٠٣٧ / ٤٢٩) لە کۆتاییی چیرۆکەکەدا دەڵێ:

" هەروەها– بە کەنیزەکەی– گوت ویستت بەم زێدەڕۆییەت لە پێشنیاردا سووکم بکەیت و لێ درا و تا ماوەیەک چا نەبووەوە و دەڵێن هەر لەو کەوتنە و نشێوییەدا مردووە، باسەکە بە مونزیر دەگات و داوای لێبوردن لە خودا دەکا و فەرمانی دا وێنەی ئەو و چەنگژەن و مامزەکانیان لە هەندێک لە دیوارەکانی " خوەرنەق " دا دروست کرد ".

لە " بەهرام نامە " ی نیزامیی گەنجەوی – دا (کە ساڵی ١٢٠٢ / ٥٩٩ مردووە) گۆڕانکارییەکی چوارەم هەیە، لێرەدا باسەکە درێژەش بکێشێ، ناتوانم کورتەیەکی ناوەرۆکی ئەو چیرۆکە باس نەکەم، لەبەر خۆشییەکەی و هەروەها لەبەر لە مێژە بڵاوبوونەوەی نەقشەکەی لە مافووری نایابی ئێرانیدا:

" بەهرام گوور کەنیزەکێکی جوانی لەگەڵ خۆیدا بردە ڕاو ناوی (فیتنە) بووە، کە شا ڕاووشکاری کردووە، ئەم لەسەر ئەسپەکەیدا گۆرانیی گوتووە و چەنگی ژەندووە، شا کە ئاماژەی بۆ کەرەکێوییەک کردووە و لێی نزیک بووەتەوە، بە کەنیزەک دەڵێ:

– چۆنی بپێکم؟

دەڵێ:

– سەری بە سمیدا بدوورەوە.

شا، تیری هاویشت و گوێ و سمی کەرەکەی بە یەکەوە دوورییەوە و دوای ئەوە لێی پرسی:

– توانستمچۆن دەبینی؟

وەڵامی دایەوە:

– ئەمە لە ئەنجامی مەشق و ڕاهاتنە.

شا لە قسەکەی تووڕە بوو و دایە دەست یەک لە سەرکردەکانی دا بیکوژێ.

سەرکردەکە کەنیزەکەی بردە ماڵی خۆی و لەوە کەنیزەکەکە بە سەرکردەکەی گوت کە دڵخۆشکەرەوەی تایبەتی شایە و لێی پاڕایەوە جارێ نەیکوژێ و دوای چەند ڕۆژێک بە شا بڵێ کوشتوویەتی، ئەگەر شا هەواڵی کوشتنەکەی پێ خۆش بوو با بیکوژێ، ئەگەر پەژارەی پێوە دیار

بوو لە بەرپرسیاریێتی دڵنیا دەبێ و ئەمیش لە مردن ڕزگار دەبێ.

بەمجۆرە شا دوای هەفتەیەک چارەنووسی کەنیزەکی لە سەرکردە پرسی، ئەمیش پێی گوت کوشتوویەتی، چاوی شا ئاوی تێ زا.

سەرکردەکە کەنیزەکەکەی لە ناوچەیەکی دووردا لە کۆشکێکی خۆیدا دانا، کە لە بڵندایی شەست پلەی بەرزیدا بنیات نرابوو. وا ڕێککەوت چێلێکی گوێرەکەیەکی زایی، کەنیزەکەکە گشت ڕۆژێک گوێرەکەکەی هەڵدەگرت و بە پلیکانەکاندا دەیبردە نهۆمی سەرەوە و بەم شێوەیە بێ پسانەوە گشت ڕۆژێک لە هەڵگرتنیدا بەردەوام بوو تا گوێرەکەکە بووە گایەکی شەش ساڵە.

ڕۆژێکیان کەنیزەک بە سەرکردەکەی گوت ، ئەگەر شا بۆ ڕاو بچێتە ئەو دەڤەرەی تەلارەکەی لێیە بانگهێشتی تەلاری بکا و شا خوویەکی خواردە و ڕەوشتێکی جزانی هەیە و بانگهێشتەکەی ڕەت ناکاتەوە. سەرکردە بە گوێی کەنیزەکی کرد و شا هاتە ناو تەلار و بەسەر تارمەدا کەوت کە شەست پایە بوو.

دوای ئەوەی شا چەند جامێکی نۆشی، لە خانەخوێی پرسی، چۆن لەم داڵانە بەرزەدا دەچی کە شەست ساڵی تەمەنی ڕەت کردووە.

سەرکردە وەڵامی دایەوە:

– ئەمە سەیر نییە، ئەوەی کە سەیرە ئەو کیژە جوانە چون مانگەیە کە هەموو ڕۆژێک کایەک لەسەر ئەستۆیدا دەنێ کە ئەوەندەی فیلێک دەبێ و بەبێ وەستان بۆ ئێرەی سەردەخا و بەڕاستی شتێکی سەیرە. شا ئەم هەواڵەی پێ سەیر بوو و گوتی: تا بە چاوی خۆم نەیبینم بڕوا بەم چیرۆکە ناکەم. خانەخوێ چووە نهۆمی خوارەوە و هەواڵی بە کەنیزەک دا کە خۆی ئامادە کردبوو و ڕازاندبووەوە. کەنیزەک لە گایەکە نزیک بووەوە و هەڵی گرت و بە پلیکانەکاندا سەری خست تا گەیشتە بەردەمی شا و لەبەردەمیدا وەستا و گایەکەشی بەسەر ئەستۆوە بوو، ئینجا دایگرت و بە نازێکەوە گوتی:

– وەک من گایەکەم سەرخستە نهۆمی سەرەوە، ئایا کەس هەیە دایبگرێتەوە نهۆمی خوارەوە؟

شا وەڵامی دایەوە:

– ئەمە لە زۆر بەهێز بوونتەوە نییە، بەڵکو لەوەوەیە تۆ بە چەندین ساڵ بەرەبەرە مەشقت لەگەڵدا کردووە،

دڵبەرەکە لەبەردەمی شادا کڕنۆشی برد و دوای نزا بۆ کردن گوتی:

– بەڵێ هەروەک ئەو تیرە نیشانەپێکەی بۆ کەرەکێوییەکە هاوێژراڵە ئەنجامی مەشق کردن بوو.

شا ڕووپۆشەکەی لە ڕوو لادا و ناسییەوە.

کەنیزە پێی گوت:

- که بەهرەی تیرهـاویشتنتـانم بینی کە بەلای ئاسـمـان و زەوییـەوە پەسند بوو، ئەو وشـانەم اتە سەر زار تا چاوەزاری خەڵکتان لێ دوور بخەم."



ئەم وێنەیە دیمەنێکی گێڕانەوەی " نیزامیی گەنجەوی " ی تێدایە
دیمەنی خوارەوە: شا تیری هاویشت و گوێ و سمی کەرەکەی بەیەکدا دوورییەوە.
دیمەنی سەرەوە: گەیشتنی کەنیزەک بە خۆی و گای سەر شانییەوە بۆ سەرەوەی تەلار و بەردەمی شا.
" ئەم دیمەنە لە بەڕەیەکەوە وەرگیراوە، کە لەگەڵ تاکێکیدا هی ــ بەڕێز حافز ڕیزەملی ــ یەو کۆنییەکەی بە سەد ساڵ دەخەملێنرێ "

هەموو سەرەڕۆییەکانی " بەهرام گوور "، ڕاستی بن یان خەیاڵی، وێنەیان لەسەر دیوار و دەفر و هەمـوو ئـەو شـمـەکـانەی دەکـرێ وێنـەیان لەســەر بکرێ کـراون، کـە گـێـڕانەوە جـوداکـانـی تاکـە چیرۆکێکیان بەپێی گێڕانەوە جوداکانیان دەنوێنن.

ڕاووشکاری یەکەمیمان بە گێڕانەوە جوداکانییەوە وەک نموونە باس کرد کە لە هەندێک لە کتێبە مێـژووییـە کۆنە ئێـرانییـەکانـدا هەن، دا بیـرۆکـەیەک بەدەسـتـەوە بدەین، لە بارەی خـەریک بوونی هونەرمەند و گێڕەوە ئێرانییە کۆنەکان بە هەڵبەستنەوەی چیرۆکگەلێک لەبارەی بەهرامی پێنجەمی قـارەمـانە خـۆشـەویسـتـەکەیانەوە. وا دیارە گـەلێک لە چیـرۆکـەکـان بەپێی چەمکی ئـەو وێنانە پەیدا دەبوون کـە لە پەرەمـووچەی هونەرمـەندانەوە ، یانیش لە زمـانی گـێـڕەوە و خـامـەکـانیـانەوە پەیدا دەبوون. بەڵام ئەم جۆراوجۆرییە لە گێڕانەوەی یەکچیرۆکدا، کە ئەمەش زۆر ئەنجامدراوە، لە درویت کردنی هونەرمـەندان و ئەو نووسـەرانەی کە جیاوازییان لە وێنەکێشانی هەندێک لە لق و پۆپەکانی تاکە چیرۆکێکدا ، بەپێی بیری کەسێتیی هەر یەکەیان پەیدا دەبوو.

**بەشی یەکەم**

دوو لێکدانەوە باوەکەی لێ نانی نازناوی " بەهرام کوور "

لە بەهرامی پێنجەم

یەکەم مێژوونووس لە نووسەرە کۆنەکان ویستبێتی ئەوە لێک بداتەوە بۆچی " بەهرامی کوڕی یەزدگورد " یان ناو ناوە " بەهرام گوور "، مەسعوودی ـ یە کە (ساڵی ٩٥٦ / ٣٤٥ کۆچی دوایی کردووە)، کە لە بەرگی یەکەمی کتێبی " مرووج ئەززەهەب " یدا لە بارەیەوە دەڵێ:

" لەبەر هەر هۆیەکەوە بێ بە (بەهرام گوور) ناو براوە و ئەوەی لە تیرهاوێژیی ڕۆژگاری خۆیدا دایهێناوە و ئەو چاکسازییەی لەناو کەوانە و لە دەرەوەی کەوانەی ئەنجامداوە و هەرهەمووشیانمان لە کتێبی هەواڵەکانی ڕۆژگار (اخبار الزمان) ماندا باس کردووە ".

لە ناو چوونی کتێبی (اخبار الزمان) ی مەسعوودی بە زیانێکیە داخی پێ دەخورێ، چونکە ئەم کتێبە وەک دیارە زانیاریگەلی بەهاداری تێکراییی لە بارەی ڕووداوەیلی مێژوویی بەخۆوە گرتووە.[٣] لەبەر ئەمە ئێمە هیچ لەبارەی لێکدانەوەی ئەم ناولێ نانەوەیەی مەسعوودییەوە نازانین .

هەروەها ئەوەی جێی داخە ئەوەیە، کە ئەو بنووسانەی پێش مەسعوودی کەوتوون لە پشکنینەکانی لەبارەی ژیننامەی بەهرام گووریاندا پەییان بەم لێکدانەوەیە نەبردووە.

لێ یەکەم لێکدانەوە بۆ ئەم ناولێ نانە لە کتێبی "مفاتیح العلوم" ی خارزمی (× د) (کە لە ٩٩٧ / ٣٨٧ دا مردووە) دا هاتووە، واتە چل و دوو ساڵ دوای مردنی مەسعوودی، کە لە هاوچاخەکانی دادەنرێ.

خارزمی لە لاپەڕە (٦٥)ی کتێبەکەیدا دەڵێ:

" بەهرام گوور بۆیە ئەو نازناوەی دراێ چونکە هەوەسی ڕاوە کەرەکێویی هەبووە ".

داخۆ لێکدانەوەکەی مەسعوودییش هەر ئەو لێکدانەوەیەی خارزمی بووە؟ نازانین.

سێیەم مێژوونووس کە باسی ناونانی بەهرامی پێنجەمی بە " بەهرام گوور " کردووە و ڕاڤەی کردووە " سەعالیبی " یە، کە پێنجساڵ دوای مردنی مەسعوودی لە دایک بووە، واتە (ساڵی ١٠٣٧ / ٤٢٩)، واتە دوای مردنی خارزمی بە چل و دوو ساڵ، کە دەکرێ بە هاوچەرخی خارزمی دابنرێ، ئەمەش لێکدانەوەکەی سەعالیبییە:

" بەهرام سواری ئەسپی سپی بوو کە مونزیر دایێ و لەگەڵ هاوەڵانیدا ڕێی کرد، تووشی شتێک هاتن بەهرام لێی چووە پێش، بینییان شێرێکە تەنگی بە کەرەکێوییەک هەڵچنیوە و چنگی لێ گیر کردووە، تیرێکی بۆ هاویشت پشتی کون کرد و لە ورگی کەرەکەی دا و ئینجا دەرچوو و بە زەویدا چەقی و شێرەکەش و کەرەکەش هەردووکیان کەتن و مردار بوون . "

مونزیر گوتی: " ئەگەر بەخۆم نەمدیتبا بڕوام بە گێرانەوەی کەس نەدەکرد"، فەرمانی دا لە تەک چیرۆکی چەنگژەن و مامزەکاندا وێنەی دروست بکرێ. هەروەها دەڵێن، لەبەر ئەم چیرۆکە بەهرام نازناوی " بەهرام گوور " ی لێ نراوە. ئینجا ڕۆژەکەی لەگەڵ مونزیر لە ڕاووشکاردا بەسەر برد و پەرجۆگەلێکی پیشان دا و ئەفسووناویی کرد و دڵی داگیر کرد و سەرسامی و میهرەبانیی بەرامبەر پتر بوو."

لەسەر ئەمە ئێمە دەبینین سەعالیبی لە لێکدانەوەی ناولێ نانەکەدا لەگەڵ خارزمی ناکۆک بووە، کە سەعالیبی ڕووداوێکی ڕاووشکاری بۆ ناولێ نانەکە دۆزیوەتەوە، بەهرام، بەهرە و هێزێکی سەراسایی تێدا نواندووە، لە کاتێکدا لێکدانەوەکەی خارزمی کە پێشی کەوتووە لەسەر هەوەسی ڕاوەکەری بەهرام بنیات نراوە. کە هۆی ناولێ نانەکەی باس کردووە، کتێبی چوارەمی نووسەرە کۆنەکان، " نیزامیی گەنجەوی " ی خاوەنی پێنجینەی نیزامی " خمسەء نڤامی " یە کە نووسەرێکی تا ڕادەیەک دواترە، (ساڵی ١٢٠٢ / ٥٩٩) مردووە، نێوانی ئەم و سەعالیبی نزیکەی دوو سەدەیە، کە لە لێکدانەوەدا لەگەڵ سەعالیبیدا ڕێکە. نیزامی لە پێنجینەکەیدا کە پێنج کتێبی لەبارەی پێنج چیرۆکی شیعری بە خۆوە دەگرێ، کتێبێکی بۆ بەهرامگوور تەرخان کردووە کە " بەهرام نامە " یە.

نیزامیی شاعیر لەوکتێبەدا زێدەڕۆیی لە پەسن و گەورەیی بەهرام گوور و وێنەکێشیی زانست و سوارچاکی و بەهرەوەریی لە تیرهاوێژی و توانستی تەن و هێز و ئازایەتییدا دەکا و چیرۆکەیلی نوێش دەخاتە سەر کارپەسندییەکانی، وەک ئەو چیرۆکە هەرە گەورەیەی ناوی حەوت گومەز " حفت گنبد " ە. کە تەلارێکی سەرسوڕمێنە بەهرام گوور بنیاتی ناوە، لە حەوت کۆشک پێک هاتووە، هەر کۆشکە و بەڕەنگێکی ئاسمانە، واتە هەریەکە بە ڕەنگی حەوت ئەستێرە گەڕۆکەکانە، ئەم کۆشکە شانۆی چیرۆککەلی لەگەڵ حەوت میربانووی حەوت شا لە شایەکانی جیهانە، هەر میربانوویەک کۆشکێکی هەیە. نیزامی هۆی بە بەهرام گوور ناونانەکەی بەو شێوەیە باس دەکا کە سەعالیبی باسی کردووە، بەڵام چیرۆکی ئەوڕاووشکارە بە شێوەیەکی شکۆدار دەگێڕێتەوە وەک لەم دێڕە شیعرانەی خوارەوەدا دەڵێ:

" ڕۆژێکیان لە جێ ڕاووشکاری یەمەندا
لەگەڵ دلێرانی ئەو وڵات و سەردەمە
ئەوشایەی کە ناوی بوو بە بەهرامگوور
گۆی لە ئاسمان و بەهرام " ئەستێرەی مەریخ " ی بردەوە
هەناسەی لە گەشتی ڕاو هەڵدەکێشا
مونزیری لە پێشەوە بوو، نوعمانی لە دوو
هەر یەکەیان لە شکۆی سەرتاپێی
پەیکەری ڕێکوپێکی ئەو سەرسام بوون

هەمزە کتێب

لە پڕ لە دوورەوە گەردێک پەیدا بوو
کە ئاسمان لەگەڵ زەویدا بوون بە یەک
شازادەی جوان ئەسپی ڕانی
بەرەو ئەوگەردە چوو وەک بای ڕەوان
شێرێکی بینی چنگی بەهێزی
لە ئەستۆ و پشتی کەرەکێوییەکدا گیر کردووە کە نیشتووەتە سەری
دا لە بانەوە بیهێنێتەوە خوارێ
شا کەوانی گرتە دەست و بۆسەی لێ گرت
لە هەگبەیدا لە تیرێکی پەیکان تیژ پشکنی
لە کەوانەکەی کرد و بە وردی ڕایکێشا
تیری تیژ شێر و کەرەکێویی پێکا
لە هەردووکیشیانەوە چووە دەرێ
تا ئاستی شەقار لە زەوی چەقی
لە ئاست تیری وەها نە مەتاڵ و نە زرێ
لە دڵی زەوی چەقی تا ئاستی شەقار
شێر و کەر کەوتن و پێکڕا مردن
کە تیری تا ئاستی پەنجەکەڵە ڕاکێشا
میر وەستا و کەوانی لە دەست
کە عارەب پێکانێکی وەهایان بینی
دانیان بە شاهێتیی عەجەمیاندا نا
ئەوەی چاوی بەو ڕاووشکارە کەوت
ماچێکی دەستی شازادە کرد
دواتر ناوی " هێزی وەک شێر " یان لێ نا
ناوی شا " بەهرام گوور " یان لێ نا
کە گەڕانەوە ناو شار
چیرۆکی شێر و کەرەکێوی درێژەی کێشا
مونزیر بە کاربەدەستانی گوت
وێنەکێشانی لە کۆشکی " خەوەرنەق " دا بەئاوی زێڕ
وێنەی شێرێک لە نێچیری کەرەکێوییدا بکێشن
شاهیش تیر بۆ دوو نێچیر دەهاوێ

که تیری تا شەقار لە خاک چەقیوە
کە وێنەکێشان لە وێنە بوونەوە
ئەوەی دەیبینی وایدەزانی ڕاستییە و زیندوو
لەبەر دەستی شادا پەسنی کاری کردگاری دەکرد(×ه)

ئەم دوو لێکدانەوەیە مانەوە و لەلایەن نووسەرە خۆرهەڵاتییەکانەوە، یان ئەو خۆراواییانەوە کە بۆ لێکدانەوەی هۆی نازناوی " گوور " کە بە " بەهرامی پێنجەم " دا لکێنراوە، دووبارە کراونەتەوە و لە سەدەی پێنجەمی کۆچی (یازدەهەمی زایین) ەوە، کەسێکیان لێی نەتۆژیوەتەوە و لە نێو خەڵکدا لێکدانەوە کورتکراوە گشتگیرە یەکەمەکە پتر زانراوە.

حەمدوڵڵای موستەوفی (١٣٣٩ / ٧٤٠) لە "تاریخ گزیدە" دا دەڵێ:

"حەزی لە ڕاو بووە " و کەرەکێویی زۆر دەکوشت، لەبەر ئەم هۆیە بە " بەهرام گوور " یان ناودەبرد.

میرخواند-یش (١٤٩٨ / ٩٠٤) لە " روضە الصفاء " دا دەڵێ:

" لە -مفاتیح العلوم-ی (خارزمی-دا کە لە ١٠٠٧ / ٤٨٧ دا مردووە) نووسراوە، بەهۆی ئارەزووی تەواوییەوە کە لە ڕاوە (کەرەکێویدا) هەیبووە ناوی (بەهرام گوور) ی لێ نراوە.

بەڵام ئەیبنولئەسیر دەڵێ ڕۆژێکیان لە ڕاو کردندا تیرێکی ئاراستەی شێرێک کردووە کە، کەرەکێوییەکی بە نێچیر گرتووە، تیرەکەی هەردووکیانی پێکاوە و تا سێ یەکی بە زەویدا چەقیوە، لەبەر ئەوە بە " بەهرام گوور " بە ناوبانگ بووە. گێڕانەوەکەی تەبەری و مێژووەکانی دیکەش لەگەڵ وتەکەی ئیبنولئەسیردا ڕێکە.

هەروەها موشیرولدەولە " حەسەن پیرنیا " ی خوداڵێخۆشبووی مێژوونووسی هاوچەرخیش لە کتێبی " ئێرانی کۆن " یدا (١٩٢٩- ١٣٤٨) پێمان دەڵێ:

" (بەهرام گوور) لەبەر هەوەسی لە ڕادە بەدەری ڕاوکردنی ئاژەڵی ناوبراوئەم ناوەی لێ نراوە ". نووسەران لە هۆی ناونانی " بەهرامی پێنجەم " بە " بەهرام گوور " دا هەر لەسەر ئەو باوەڕەدا بوون تا لە کۆتلییەکانی نیوەی یەکەمی ئەم سەدەیە (سەدەی بیستەم) ەدا زانایەکی مەزنی زانستە ئێرانییەکان، کە پرۆفیسۆری خوداڵێخۆشبوو (کریستنسن) ە، هەردوو لێکدانەوەکەی، ڕەت کردنەوەیەکی گوزارەی ناوەکی ڕەت کردەوە و لێکدانەوەیەکی نوێی دانا کە دەڵێ:

" ڕەوشتە سووکە زێدەڕەوییەکەی نازناوی (بەهرام گوور) ی پێوە لکاندووە."

هەر بۆ خۆشیش لێرەدا دێڕەشیعرێکی عومەری خەیام (کە ١١٢٣ / ٥١٧ مردووە) دەهێنینەوە کە شاعیری مەزن بە بەهرەی گەمە بە وشە و ڕەگەزدۆزییەوەی ناسراوە، گەمە بە وشەی " گوور " دەکا، ئەمەش دێڕە شیعرەکەیە:

بهرام که گور میگرفتی همــه عمر،

بنگر که چه گونه گور بهرام گرفت

واتە:

(ئەو بەهرام ــ ەی بە درێژاییی تەمەنی کەرەکێوی " گوور " ی ڕاو دەکرد،

بڕوانە چۆن " گۆڕ " بەهرامی ڕاو کرد.)

لەم دێڕە شیعرەدا " گور " ی یەکەم واتەی کەرەکێوی دەگەیەنێ، بەڵام " گور " ی دووەمیان، هەرچەند " گۆڕ " دەگەیەنێ بەڵام ئاماژەیە بۆ " مردن "، هەر لەو کاتەشدا ئاماژە بەو نشێوە، ئەو قۆرتەی بەهرام بە سوارییی ئەسپەکەی تێی کەوت و چەقی و بزر بوو و دایکی، سەرباری ئەو لێکۆڵینەوە یەک بە دوای یەکەکان کە بە چاودێریی خۆی ئەنجام درا و شوێنەوارێکی نەدۆزییەوە. ئەمەش " گور " ی دووەم، چون واتەیەکی سێیەم ئاماژە بۆ خودی کەرەکێوی دەکا کە هۆی کەوتنە ناو چاڵی بەهرام بووە، چون بەهرام لە ڕاوەدوونانی کەرەکێویدا تێی کەوتووە. دوا لێکدانەوەشلەگەڵ واتەی دێڕە شیعرە عەرەبییەکەدا دەگونجێ کە لە سەرەوە باسمان لێوە کرد.

***

## پاشکۆی بەشی یەکەم

نیزامی لە کتێبی " هفت پیکر " یدا، شانشینیی مونزیری کوڕی نوعمان کە پایتەختەکەی " حیرە " ی نزیکی شاری "کووفە " ی ئێستا بووە بە " یەمەن " ناو دەبا. کە مستەر سی. ئی. ولسن ــ ی وەرگێڕی " هفت پەیکەر " بۆ زمانی ئینگلیزی ئەمەی ڕەت کردووەتەوە و دەڵێ: "نیزامی بە هەڵەدا چووە کە دەڵێ مونزیری کوڕی نوعمان شای یەمەنی باشووری وڵاتی عەرەبە.(٤)

بەڵام فیردەوسی کە نزیکەی دوو سەدە پێش نیزامی کەوتووە، " حیرە " بە شارێک دادەنێ لە یەمەن و مونزیری کوڕی نوعمانی پەروەردەکاری " بەهرام گوور " یشی بە شای یەمەن داناوە. دوکتۆر عەبدولوەهاب عەززام لەم بارەیەوە دەڵێ: " بڕواش ناکەم فیردەوسی بەو ڕادەیە نەشارەزای جوگرافیا بێ، پێشم وەهایە ئەم هەڵە دوایینە لە تێکدانی ڕوونووسەکانە.(٥)

من وای دەبینم نیزامی لەم بارەیەوە پەیڕەویی فیردەوسی و فیردەوسیش پەیڕەویی چەمکەکانی سەرچاوەکانی خۆی کردووە. فیردەوسی ناوی یەمەنی نەک هەر لە پێشەکیی چیرۆکی " بەهرام گوور " دا و بەس، بەڵکو لە چیرۆکگەلی دیکەشدا بەکاری هێناوە، کە ڕووداوەکانیان سەدەیەلێک لە یەکدییانەوە دوورن و لە تەواوی دوورگەی عەربەیشەوە دوورن، تەنانەت ئەو دەڵێ حەزەر " حەترا " قەڵایەکە لە یەمەندا.

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە فیردەوسی چیرۆکەکانی شانامەی بە ئەمانەتەوە لەو سەرچاوانە گواستووەتەوە کە ئەوسا لەبەر دەستیدا بوون، بۆیە دەشێ بەپێی سەرچاوە

سەرەکییەکەی کە لە پێشەکیی شانامەدا باسی کردووە، یانیش لە وڵاتی یەمەن دانانی " حیرە "، بە یەک لە هۆیەکانی ئەو دابەش کردنی بەڕێوەبەرایەتییەی شا نەوشیروان شانشینییەکەی خۆی بەسەر دابەش کردبوو. ئەو دابەش کردنەی تا سەردەمی ئیسلامەتی بەردەوام بوو.

نەوشیروان شانشینییەکەی کردبووە چوار. پاژگوس، واتە هەرێم یان ویلایەت کە هەر یەکەیان والیی خۆی هەبووە دەسەڵاتی سەراسارییان بە ناوی " پاژگوسپان " ەوە بووە، هەریەکە لەم " پاژگوسپان " انەش لە ژێر فەرماندەیی سپەهپەت- سپەهپەد " سەرکردەی لەشکر " دا بوون کە بەناوی ویلایەتەکانیانەوە دەناسران، وەک، سپەهپەدی خۆراسان... تاد. ئەمەش چوار پاژگوس ــ ەکەیە:

١- خۆراسان (خۆرهەڵات).

٢- ئەپاختەر (باکوور).

٣- خۆروەران (خۆراوا).

٤- نیمڕووز (باشوور).

تەبەری دەڵێ ویلایەتی نیمڕووز " باشوور "، وڵاتی یەمەنە، کەچی سەعالیبی دەڵێ ویلایەتی نیمڕووز هەر لە عیراقەوە تا یەمەن، واتە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان، لە عیراقەوە تا یەمەن و سنووری شام و دەوروبەرەکانی ڕۆم. واتە هەموو وڵاتە عەرەبییەکان دەگرێتەوە بە "حیرە" شەوە. لەمەشەوە دەردەکەوێ مەبەستی فیردەوسی لە یەمەن ویلایەتی "نیمڕووز" ە، واتە وڵاتە عەرەبییەکان بە "حیرە" شەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین کە مونزیرییەکان " مەنازیرە " بە ڕەسەن خەڵکی یەمەنن.

وادیارە نەوشیروان شانشینییەکەی خۆی لە شێوەی بەشەکانی ئاسمان لە ئاڤێستادا، کردووەتە چوار پارێزگە، چوار ناوچە، هەر ناوچەیەک و ئەستێرەیەکی جێگیری بووە کە " سپەهپەت " ەکەی و سەرکردەی لەشکری ئەستێرەکانی بووە، ئەمانەش لەگەڵ ئەستێرە ئەهریمەنانەکان و پەرییەکان " دێوەکان " دا لە جەنگدان، ئەمەش ئەو بەشە ئاسمانییانەن لەگەڵ " سپەهپەت " ەکانیاندا:

١- خۆراسان: "سپەهپەت" ەکەی ئەستێرەی "توشترا" (شعري اليمانية) یە، کە سەرکردەی ئەستێرەکانی خۆرهەڵاتە.

٢- ئەپاختەر: سپەهپەتەکەی ئەستێرەی هەفتوویرەنگ (الدب الاكبر) ە و سەرکردەی ئەستێرەکانی باکوورە،

لای نەگبەتە، کە ناوچەی ئەهریمەنانە.

٣- خۆروەران: سپەهپەتەکەیئەستێرەی ڤننت "ظنذت" (النسر الواقع) ە و سەرکردەی ئەستێرەکانی خۆراوایە.

٤- نیمڕووز" سپەهپەتەکەی ئەستێرەی ستڤیسا (الثریا؟) یە کە سەرکردەی ئەستێرەکانی باشوورە.

***

پەراوێزەکانی نووسەر:

(١) هەڵێنجانی ناوی " شارەزوور " و بنچینەی ئەو وشانەی لێیانەوە هەڵێنجراوە لە کتێبی تایبەت بە " شەهرەزوور – شارەزوور " ماندا بڵاو دەکەینەوە، پێشتر سیمینارێکمان لەبارەیەوە لە " یانەی سەرکەوتنی کوردی " دا لە بەهاری ١٩٥٦ دا پێشکەش کرد.

(2) Christensen.L`IRAN Sous Les Sassanides, 1944. P276

(٣) مجمل التواریخ والقصص، ص / ٧٠ _ باللغة الفارسیة، مؤلف مجهول، طبع طهران ١٣١٨ الشمسیة.

(٤) کتێبێکی مەسعوودی بە ناوی " اخبار الزمان " هوە دۆزراوەتەوە، عەبدولحەمید ئەحمەد حەنەفی ساڵی ١٩٣٨ لە میسر چاپی کردووە. دیارە ئەم کتێبە ئەو کتێبە " اخبار الزمان " ە بەبایەخە نییە کە مەسعوودی چەندین جار لە " مروج الژهب " دا ئاماژەی بۆ کردووە.

(٥) بڕوانە پاشکۆی بەشی یەکەم

(6) C.E.Wilson _ The Hapt Paihor , Translotion, Vol 11, P66

(٧) الدکتور عبدالوهاب عزام، الشاهنامە، مقدمە، ص ,٩١

پەراوێزەکانی وەرگێڕی کوردی:

(× أ) بوندوق: گۆیەکی بچووکی لە قوڕ دروست کراوە (لە شێوەی بوندوق، فوندوق) بە کەوانەی جولاهق لە نێچیری دەمی ڕاوو و لە جەنگدا لە دوژمن گیراوە.

لە جێی بەردی دارلاستیکە، دیارە (فتدق، یان فنداق) کە لە هەندێک ناوچەی کوردستاندا بە دارلاستیک دەگوترێ، هەر لەم وشەیەوە هاتووە.

بڕوانە:

http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-html.9a084417d79948d99ad0712facf9905e-fa

*(ب) جولاهیق: " یان کەوانەی جولاهق " وشەیەکی ئێرانیی کۆنە (فارسی، کوردی)، ناوی کەوانەی بوندوق هاوێژتنە. وشەکەش لە (جوله) وەرگیراوە کە گلۆڵەی بەن و داو و ڕستە، کۆیەکەی جولهائە کە ناوی جۆڵاش هەر لەمەوە هاتووە. (النقم المستعژب ٢ / ١٠١).

بڕوانە:

http://waww.al-eman.com

*(ج) لە دەقە عەرەبییەکەدا نووسراوە: سەنناجە. سەنناجە: واتە سەنج ژەن، چەنگژەن! بۆ مێیینە، بە نێرینە دەگوترێ " سەنناج "، لە وشەی سەنج ڕۆنراوە، کە لە چەنگ-ی ئێرانییەوە کراوەتە عەرەبی، چەنگ: ئەو چوارپارچە کانزایە خڕانەیە کە سەماکەر لە پەنجەی دەستەکانی دەکا و دەنگەکەی لەگەڵ ئاواز و گۆرانیدا دەگونجێنێ. هەروەها بە دەنگخۆشی گۆرانیبێژ و شاعیری ڕەوانبێژیش گوتراوە.

بڕوانە:

http://www.loghatnaameh.org/dehkhodaworddetail-... -fa.html

هەروەها بڕوانە:

http://alhaddabi.mam9.com/t259-topic

وشەی چەنگ لە شیعری کلاسیی کوردیشدا زۆر بەکار هاتووە.

سەماکارەکانی تا ئەم دواییانەش لە کاتی سەماکردندا چەنگیان لە دەست کردووە، بۆ نموونە لە شاری کەرکووکیشدا بەکار هاتووە و پێی گوتراوە " چارپارە " واتە: چوار پارچە _ کانزا.

(× د) لەڕاستیدا ئەو ناوە بە شێوەی " خوارزمی " دەنووسرێ، بەڵام هەر بەو شێوەیەی کە لودەقەکەمدا نووسیوە بە " خارزمی " دەخوێنرێتەوە یانگۆ دەکرێ، بۆیە بەو شێوەیەم نووسیوە.

وا تێدەگەم ئەو وشەی " چوار " ەی لە کوردیدا هەیە و لە هەندێک ناوچەدا بە " چار " دەخوێنرێتەوە هەر لەم بابەتەیە. تەنانەت تورکمانی کەرکووکیش بۆ قەریۆڵە وشەی " چارپایە _ چەرپەیە " بە کار دەهێنن.

هەروەها لە کرمانجیی ژووروشدا لە جیاتی خواردن " خارن " بە کار دەهێنرێ... تاد!

(× ه) ئەمە دەقی فارسیی ئەو دێرەشیعرانەی سەرەوەی بە پێویستم زانی بیانخەمە بەر چاوی خوێندەواران:

روزی أندر شکارگاه یمن
با دلیران آن دیار و دمن
شه که بهرام گور شد نامش
گوی برد ار سپهر و بهرامش
می زد أزنزهت شکار نفس
منژرش پیش بود ز نعمان پس
هر یکی در شکوه پیکر أو
مانده حیران أز پای تا سر أو
گردی أز دور ناگهان برخاست
کاسمان با زمین یکی شد راست
أشقر أنگیخت شهریار جوان
سوی آن گرد شد چو باد روان
دید شیری کشیده پنجه زور
در نشسته به پشت و گردن گور
تا ز بالا در آردش به زمین
شه کمان برگرفت و کرد کمین
تیری أزجعبه سفته پیکان جست

هەوالنامەی کتێب

در زه آورد و کشید درست
سفته بر سفت شیر و گور نشست
سفت و أز هر دوسفت بیرون جست
تا بسوفار در زمین شد غرق
پیش تیری چنان چه درع و چه درق
شیر و گور أفتاد و گشت هلاک
تیر تا پر نشیت در دل خاک
شاه کان تیر برگشاد ز شست
ایستاد و کمان گرفت به دست
چون عرب زخمی آنچنان دیدند
در عجم شاهیش پسندیدند
هر که دیده بر آن شکار زدی
بوسه بر دست شهریار زدی
بعد أز آن شیر زور خواندنش
شاه بهرام گور خواندندش
چون رسیدندسوی شهر فراز
قصه شیر و گور گشت دراز
گفت منژر به کارفرمایان
تا به پرگار صورت آرایان
در خورنق نگاشتند به زر
صورت گور زیر و شیر زبر
شه زده تیر و جسته ز أندو شکار
در زمین غرق گشته تا سوفار
چون نگارنده این رقم بنگاشت
هرکه آن دید جانور پنداشت
گفت بر دست شهریار جهان
آفرینهای کردگار جهان

هەوڵنامەی کیتێب

http://cmpclinic.com/index.php?option=com_content&view=article&id=5559:-----11----&catid=329:1389-05-10-07-36-45

# بنەواکانی رۆژنامەوانی

ئەو شتەی دەبێ هەواڵکاران بیزانن و جەماوەر چاوەڕوانی بکات

بیڵ کۆڤاچ و تۆم رۆزێنستیڵ

بەشی دووەم

---

بەشی یەکەم

**هەقیقەت : یەکەمین و ئاڵۆزترین بنەما**

چەند رۆژێکی کەم پاش ئەوەی جۆن ئێف کەنێدی کوژرا، ئەو پیاوەی شوێنی ئەوەی وەک سەرۆک گرتەوە، لیندن جۆنسن، ناردیە دوای وەزیری بەرگری. جۆنسن دەیەویست بزانێت لە ڕاستیدا لە ١٠٠٠٠ میل ئەوبەری جیهان، لە وڵاتێکی بچووک بەناوی ڤێتنامدا چی روو دەدات. جۆنسن باوەڕی بەو شتانە نەبوو کە کاتێک جێگری سەرۆک بوو، پێی گوترابوو. دەیەویست زانیاریی خۆی هەبێت. هەر بۆیەش وەزیری بەرگری رۆبێرت مەکنمارا چووە سایگۆن و سێ رۆژی بە قسەکردن لەگەڵ هەموو جەنەراڵەکان و بە گەڕان بەناو گۆڕەپانە جیاکانی شەڕدا بەسەر برد.

لەکاتی گەڕانەوەیدا، مەکنمارا لە فرۆکەخانەی تان سۆن نووتدا کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیی ساز دا و گوتی یەکجار دڵگەرمە. پێشکەوتنەکە بەرچاوە. هێزەکان لە ڤێتنامی باشوور رۆڵێکی تەنانەت مەزنتریان دەگێرا. ژمارەی قوربانییانی ڤییێت کۆنگ لە بەرزبوونەوەدا بوو. کاتێک مەکنمارا رۆژی دواتری لە بنکەی هێزی ئاسمانیی ئەندرووز دابەزی، کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیی تری ساز دا بۆ ئەوەی هەمان شت بڵێتەوە. پاشان بە هەلیکۆپتەرێک بۆ ناوچەی کۆشکی سپی چوو تاوەکو خۆی راپۆرت بدات بە جۆنسن و جیهان هیچ شتێکی زیاتری لەبارەی چاوپێکەوتنی وەزیر و راپۆرتەکەی بۆ سەرۆک جۆنسن نەبیست.

.................................................................

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: لەیلا حەمید

هەشت ساڵ دواتر نیویۆرک تایمز و واشینگتۆن پۆست تۆمارێکی حکومیی نهێنییان لەبارەی زانیاریی راستەقینەی سەرانی حکومەت و بۆچوونیان لەبارەی شەڕی ڤێتنام بڵاو کردەوە. لەناو ئەم بەڵگەنامانەدا کە بە ناوی بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن ناوزەد کران، ناوەرۆکی ئەو راپۆرتەی مەکنمارا لەڕاستیدا بە سەرۆکی راگەیاندبوو، شاردرابووە. لە ڤێتنام بارودۆخەکە وا دەبووە دۆزەخ. ژمارەی پشتیوانانی ڤییێت کۆنگ لە ژمارەی قوربانییانی زیاتر دەبوو. ژمارەیەکی زۆرتر نەک کەمتری هێزەکانی ئەمەریکایی پێویست بوون.

بەگشتی راپۆرتەکە بەتەواوەتی بەپێچەوانەی هەر شتێک بوو کە وەزیر لە دوو کۆنفرانسە رۆژنامەوانییە گشتییەکانیدا رای گەیاندبوو. بێنجامین سی برادڵیی نووسیاری جێبەجێکاری پێشوو لە واشینگتۆن پۆست دوو دەیە دواتر پرسیبووی "ئاخۆ چ شتێک رووی دەدا ئەگەر راستییەکە لە ١٩٦٣ ئاشکرا بووایە نەک ١٩٧١؟".

ئێمە ئەو وشانە رۆژانە بەکار دێنین- هەقیقەت و درۆ، راست و چەوت- و پێمان وایە دەربڕی شتێکی پڕواتان. مەکنمارا لە کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکاندا درۆی کرد. بەڵگەنامەکانی پێنتاگۆن هەقیقەتی هزری وەزیر و ئەو راپۆرتەی دایبوو بە جۆنسن ئاشکرا کرد.

رووداوەکە تەنانەت پێوەندیی بە چینەکانی راستی و چەوتییەوە هەیە. چاپەمەنی گوتەی مەکنمارا لە کۆنفرانسە رۆژنامەوانییەکان بەتەواوەتی گواستەوە، بەڵام نەگەیشتنە واقیعی ئەو شتەی ئەو دەیزانی.

لەماوەی سێ سەدەی رابردوودا شارەزایانی بواری هەواڵ پەرەیان داوە بە کۆمەڵەیەکی نەچەسپاوی بنەما و بەهاکان بۆ راپەراندنی ئەرکی دابینکردنی هەواڵ- واتە ئەو زانیارییە ناراستەوخۆیەی بەهۆیەوە خەڵک بۆچوونی خۆی سەبارەت بەجیهانەوە دادەرێژێت. لە سەرووی ئەو بنەمایانەوە:

## رۆژنامەوانی بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە بەرامبەر بە راستی

لەسەر ئەو بنەمایە هاوڕاییەکی رەها و هەروەها سەرلێشێوانێکی سەخت هەیە: هەمووان پێیان وایە رۆژنامەنووسان پێویستە راستی بڵێن، بەڵام خەڵک لەبارەی مانای "راستی"یەوە سەری لێ شێواوە.

کاتێک بۆ لێکۆڵینەوەیەک سەنتەری پیوو بۆ خەڵک و چاپەمەنی و لێژنەی رۆژنامەنووسانی پەرۆش پرسیاریان لە رۆژنامەنووسان کرد چ بەهایەک بۆ ئەوان پێشەنگە، ١٠٠٪ رۆژنامەنووسانی دیمانەکراو وەڵامیان داوە "وەدەستهێنانی زانیارییەکان بە راست و دروستی."

لە دیمانە دوورودرێژەکانی هاوکارانی لێکۆڵەوانمان لە زانکۆ، رۆژنامەنووسانی میدیای سەر بە کۆن و نوێ بە هەمان شێوە یەکجار زۆر "راستی"یان وەک بەرپرسیارێتییەکی سەرەکی

دەستنیشان کرد. لە کۆربەندەکاندا تەنانەت رۆژنامەنووسانی ئایدیۆلۆژیک هەمان وڵامیان دایەوە. "ئێمە مەبەستمان ئەوەیە ئێوە ناتوانن بابەتیانە بن، چونکە تووشی کۆمەڵێک لایەنگیریی دیاریکراو دەبن، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەتوانن بەدوای تەواوێتی، دادوەری و هەقیقەتدا بگەڕێن و ئەو گەڕانە بەردەوامە"، پەتی کەڵهوونی نووسیاری هەفتەنامەی نوێی وێستوێرد گوتی.

خولیابوون بۆ زانیاریی راست و دروست بنەڕەتییە. لەبەر ئەوەی هەواڵ شتێکە خەڵک بۆ شارەزایی و بیرکردنەوەیان لەبارەی جیهانی سەرووی خۆیانەوە سوودی لێ وەردەگرن، گرینگترین مەرج ئەوەیە هەواڵەکە پربایەخ و جێی متمانە بێت. ئاخۆ بەیانی باران دەبارێت؟ ئاخۆ لە سەروەتر رێگا قەرەباڵغە؟ ئاخۆ تیمەکەی من بردییەوە؟ سەرۆک چی گوت؟ هەقیقیبوون، بە کردەوە، ئەو هەستە ئاسایشە دروست دەکات کە لە ئاگاداربوونەوە سەرچاوە دەگرێت و لە ناو کرۆکی هەواڵەکەدایە.

ئەم حەزە بنەڕەتییە بۆ هەقیقەت یەکجار بەهێزە و بەگوێرەی بەڵگەکانەوە لەناخدا چەسپاوە. "لەسەرەتادا وشە هەبوو"، یەکەم هێڵە لە بەشی جۆنی پیاوچاک لە ئینجیلدا. کۆنترین رۆژنامەنووسان، پەیامنێرانی ناو کۆمەڵگەکانی پێش دەرکەوتنی خوێندەواری، دەبووایە رووداوەکان بەتەواوەتی و بەشێوەیەکی متمانەپێکراو بگێرنەوە کە ئەمەش تارادەیەک لە پێویستییەوە سەرچاوەی دەگرت. بەزۆری ئەو هەواڵانەی ئەم پەیامنێران دەیان گواستەوە، بابەتی مان و نەمان بوو. سەرۆکەکان قسەی راست و دروستیان لەبارەی ئەگەری هێرشی هۆزەکەی ئەوبەری گردۆلە پێویست بوو.

شتێکی سەرنجراکێشە کە کۆمەڵگە سەرکوتکارەکان حەز دەکەن پێناسە سادەکانی هەقیقیبوون و راست و دروستی بێ نرخ پێشان بدەن، وەک چۆن پۆستمۆدێرنیستەکانیش ئەمرۆکە وا دەکەن، هەرچەندە هۆکارەکانیان جیاوازە. بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا راهیبەکان پێیان وابوو لەڕاستیدا هەقیقەت پلەپلەیە. لە بەرزترین ئاست ئەو پەیامانە هەبوو کە لەبارەی چارەنووسی گەردوون، وەک ئەوەی ئاخۆ بەهەشت بوونی هەیە یان نا، زانیاریان پێ دەدایین. دواتر هەقیقەتی ئەخلاقی دەهات کە فێری چۆنیەتیی ژیانی دەکردین. دوای ئەمەش هەقیقەتی مەجازی دەهات کە باسی لە وانە ئەخلاقییەکانی چیرۆکەکانەوە دەکرد. لەکۆتاییدا لە خوارەوە لە نزمترین ئاستدا هەقیقەتی وشەیی زانیاری دەهات، کە تیۆریزانەکان زۆربەی کات بە بێ مانا و بێ بایەخیان ناو دەبرد.

وەک چۆن لە دەستنووسێکی سەدەی چواردەهەمدا، بە تێگەیشتنێکی هاوشێوەی ئەوەی ئەمرۆ لە رۆشنبیرێکی پۆستمۆدرێن یان بەرهەمهێنێکی هۆلیوودەوە دەیبیستین، هاتووە "چ هەقیقەت مێژوو بێت چ ئەفسانە گرینگ نییە، چونکە نموونەکە لەپێناو بایەخەکەیەوە نەک خودی خۆیدا دابین کراوە".

سیاسەتوانانی سەردەم شەیدای چمکی هاوشێوەن و زۆربەی کات بانگەشە بۆ ئەو بیرۆکەیە دەکەن کە لە سیاسەتدا تێگەیشتن واقیعە. سیاسەتوانانی دەوروپشتی ریچارد نیکسۆن لە ١٩٦٨ پەسنی ئەو جۆرە چمکانەیان دەدا بۆئەوەی پێگەی خۆیان لەو هەڵبژاردنەدا بەهێزتر بکەن.

ئامرازەکانی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەو جۆرە زانیارییە رەنگە ئەمڕۆ تەنانەت باشتر بووبن. ئەو تەکنەلۆجیایەی بیرۆکەی رۆژنامەوانیی هاوولاتیی داهێناوە، هەروەها دەسەلاتی داوەتە هێزە سیاسییەکان وێنەی خۆیان بەرامبەر بە جەماوەر کۆنترۆڵ بکەن. بیر لە قسەی راوێژکارێکی ناونەبراوی جۆرج بووش بەرامبەر بە رۆن ساسکیندی بکە کە بۆ راپۆرتێکی لە نیۆیۆرک تایمز مەگەزین لەبارەی چونیەتیی هەوڵدانی حکومەت بۆ کۆنترۆڵکردنی زانیاری لە جیهانی نوێدا پێی گوترابوو- "رۆژنامەنووسان لەناو ئەو شتەدان کە ئێمە بە کۆمەڵگەی بنیانراو لەسەر واقیع ناوی دەبەین...

ئەمەش ئیدی شێوەی بەڕێوەچوونی ئەم جیهانە نییە... ئەو کاتەی ئێمە دەست بەکار دەبین، ئێمە واقیعی خۆمان دەخوڵقێنین. کاتێک ئێوە ئەو واقیعە لێک دەدەنەوە... ئێمە دووبارە کار دەکەین، واقیعی نوێی تر دەخوڵقێنین کە ئێوە دەتوانن لەوانیش بکۆڵنەوە".

ئەمە شتێکی نوێ نییە. ئامانجی بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست، بە هەمان شێوەی سیاسەتوانانی ئەمڕۆکە، زیاتر لە رۆشنبیری دەسەلات بووە. ئەوان نەیان دەویست زانیارییە رواڵەتییەکان رێگر بن لە بیروباوەڕی سیاسی یان ئایینی. تێگەیشتنێکی راست و دروست لە هەلومەرجی سەردەم هەڕەشەی لەو دەسەلاتە کرد- بە هەمان شێوەی ئەمڕۆکە، تێگەیشتنەکە چەکێک بوو لەدژی زۆرداری و چەوساندنەوە.

کاتێک چاپەمەنیی سەردەم لەگەڵ لەدایکبوونی تیۆری دیموکراسیدا خەریک بوو دادەمەزرا، بەڵێنی هەقیقیبوون و تەواوێتی خێرا بووە بەشێکی بەهێزی یەکەمین بازاردۆزینەوەکان لەبواری رۆژنامەوانیدا. یەکەمین رۆژنامەی پێناسەکراو و نەپساوەی لە ئینگلتەرا بانگەشەی بۆ پشتبەستن بە "باشترین و دڵنیاترین زانیاریی هەواڵگری" دەکرد. نووسیاری یەکەمین رۆژنامە لە فەرەنسا، هەرچەندە پرۆژەکەی هی حکومەت بوو، لە یەکەمین ژمارەی رۆژنامەکەدا بەڵێنی دا "لە تاکە شتێک مل بۆ کەس کەچ ناکەم- مەبەستم لە هەوڵدانامە بۆ گەیشتن بە هەقیقەت". بەڵێنی هاوشێوە بۆ راست و دروستبوون لە یەکەمین رۆژنامەکانی ئەمەریکا و ئەڵمانیا و ئیسپانیا و شوێنی تریش دەبینرێن.

کۆنترین رۆژنامەوانیی کۆلۆنیاڵ تێکەڵەیەکی سەیری گوتار و زانیاری بوو. زانیاریی لەبارەی گواستنەوە و بارەکان راست و دروست بوون. گوتەکانی سیاسی راستییەکی کەمتریان هەبوو، بەڵام بەئاشکراش بۆچوون یان گوتاری زیاتر لە زانیاریی رووتیان تێدا بوو. مێژوونووسان لەو باوەڕەدان تەنانەت جێیمز کەلێندری تینووی هەڵرشتنی ریسوایی لەو سەردەمەدا کە بەهۆی ئاشکراکردنی ریسواییە سێکسییەکانی ئەلێگزەندر هامیلتۆن و تۆماس جێفرسن ناوبانگی پەیدا

هەواڵنامەی کتێب

کرد، لەخۆیەوە هەواڵی دروست نەدەکرد، بگرە بەناو راستییەکانی تێکەڵبوو لەگەڵ دەنگۆدا دەخولاوە.

کاتێک رۆژنامەوانی لە سەدەی نۆزدەمدا خۆی لە کۆتوبەندی کۆنترۆڵی سیاسی رزگار کرد، هەوڵی دا یەکەم کۆمەڵەی جەماوەریی خۆی بدۆزێتەوە، ئەمەش تارادەیەک بە پرژانە سەر تاوانی سەرسوڕمێن، ریسوایی، ورووژاندن و پەرستشی ناوداران و هەروەها بەنووسینی هەواڵ بە زمانێکی سادە بۆ خەڵکی ئاسایی. یەکەم هەنگاو بۆ دوورکەوتنەوە لە لایەنگریی حیزبایەتی لە ١٨٣٠ەکاندا لەلایەن نیویۆرک سان هاوێژرا و رۆژنامەوانی لە کۆتاییی سەدەدا گەیشتە ئاستی بەرزتری جەماوەریبوون و ورووژاندن. ئەمانە سالانی ویلیام راندۆڵف هێرست وجۆزێف پوڵیتزر و "رۆژنامەوانیی ورووژێنەر " بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت لۆردەکانی رۆژنامەوانیی ورووژێنەر هەوڵیان دەدا خوێنەرانیان دڵنیا بکەن باوەڕ بەو شتە بێنن کە دەیخوێننەوە، هەرچەندە ئەم بەڵێنە هەموو کات نەدەگەیەندرایە سەر. جۆرنالی هێرست کە لەبەرئەوەی زیاتر ورووژێنەر بوو نەک داهێنەر رەخنەی لێ دەگیرا، بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد راست و دروستترین رۆژنامەیە لەسەرانسەری شارەکەدا. وێرڵدی پوڵیتزر لەژێر دروشمی "راست و دروستی، راست و دروستی، راست و دروستی" کاری دەکرد و پتر لەوەی زۆربەی جار دانی پێدا دەنرێت، جێی متمانە بووە.

لەپێناو دڵنیاکردنی خوێنەرانی بۆ برواکردن بەوەی دەیخوێننەوە، لە ١٩١٣دا لە نیویۆرک وێرڵدا، پوڵیتزر نووسینگەی راستی و هەڵسوکەوتی رەوای دامەزراند. لە گوتارێکی لە ١٩٨٤دا لە کۆڵۆمبیا جۆرنالیزم ریڤیوو، کاساندرا تێیت باسی لەوە کرد چۆن یەکەمین چاودێری وێرڵد تێبینیی شێوازێکی راپۆرتدان لەبارەی تێکشکانی کەشتییەکانی کردبوو: هەر هەموو ئەم هەوالانە باسیان لە پشیلەیەک دەکرد کە زیندوو مابووە. کاتێک چاودێرەکە سەبارەت بەو رێکەوتنە سەیرەوە پرسیاری لە هەواڵنێرەکەوە کردبوو، پێی گوترابوو:

"یەکێک لەو کەشتییە تێکشکاوانە پشیلەیەکی لەناو بوو و کارکەرانی کەشتییەکە گەڕانەوە بۆ رزگارکردنی پشیلەکە. من لە هەواڵەکەمدا باسی پشیلەکەم کرد لەکاتێکدا هەواڵنێرانی تر باسیان لێ نەکردبوو و لەلایەن نووسیارانی شارەکانی خۆیانەوە بەبۆنەی دۆڕاندنەوە بانگ کرابوون. جاری دواتر کە کەشتییەک تێک شکا، هیچ پشیلەیەک نەبوو، بەلام هەواڵنێرانی تر بۆ رووداوی تێکشکانی کەشتییەکە حەزیان نەکرد خۆیان بخەنە مەترسییەوە و پشیلەکەیان کردە ناو هەواڵەکەوە. من هەواڵەکەم بەبێ پشیلەکە نووسی و پاشان بەبۆنەی شکەستەوە بەتوندی سەرزەنش کرام. ئێستا کە تێکشکانی کەشتییەک هەیە، هەموومان بەردەوام پشیلەیەک لەناو هەواڵ دادەنێین".

هەڵبەتە، مەجازەکە ئەوەیە ئەو زێدەرووییانە هەمووی بۆ خوڵقاندنی هەستێکی واقیعبینییە.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا رۆژنامەنووسان خەریک بوو هەستیان بەوە دەکرد واقیبینی و واقیع- یان راست و دروستی و هەقیقەت- وا بەئاسانی لێک گرێ نەدراون. لە ١٩٢٠دا والتەر لیپمەن وشەی هەقیقەت و هەواڵی وەک هاوواتا لە لیبێرتی ئەند زێ نیوزدا بەکار هێنا. بەڵام لە ١٩٢٢ لە پابلیک ئۆپینیەندا نووسی "هەواڵ و واقیع یەک شت نین... ئەرکی هەواڵ ئاماژەدانە بە رووداوێک"، یان ئاگادارکردنەوەی خەڵکە لێی. "ئەرکی هەقیقەت رۆشنایی خستنە سەر زانیارییە شاراوەکان و لێک بەستنەوەیان و دروستکردنی وێنەیەکە لە واقیع کە بەهۆیەوە مرۆڤ بتوانێت کاردانەوە بنوێنێت". لە ١٩٣٨دا کتێبەکانی رۆژنامەوانی بەرەبەرە گومانیان دەخستە سەر ئاستی راستەقینەی واقیع لە هەواڵدا.

لەماوەی پەنجا ساڵی داهاتوویدا، پاش چەندین دەیە گفتوگۆ و مشتومڕیی نێوان هەندێک جار ئایدۆلۆجیای سیاسی و هەندێک جار ئەکادیمییە بنیاتشکێنەرەکانی پۆستمۆدێرن، ئێمە گەیشتووینەتە ئەو خاڵەی کە تێیدا هەندێک پێیان وایە هەموو کەسێک ناتوانێت زانیاری بخاتە ناو دەقێکی پڕمانا بۆئەوەی گوزارشت لە هەقیقەتەکەی پێوەست بە زانیارییەکە بکات. گومانێکی مەعریفەخوازانانە دژەی کردووەتە سەرجەم رەهەندەکانی ژیانی رۆشنبیریی ئێمە، لە هونەر و وێژە و یاسا و فیزیاوە بگرە تا مێژوو.

مێژووزانی زانکۆی کۆڵۆمبیا، سایمۆن شاما گوتوویەتی "دڵنیابوون لە هەقیقەتێکی لەبنەڕەتدا بینراو و بەکردەوە سەلمێندراو،" بوونی نەماوە.

وێ دەچێت بەدوای واقیع کەوتن بۆ ئێمە یەکجار ئاڵۆز بێت. یان لەوانەیە تەنانەت بوونی نەبێت، چونکە ئێمە هەموومان تاکی خودگەراین. ئەمانە مشتومڕیی سەرنجڕاکیشن و رەنگە لە ئاستێکی فەلسەفیدا تەنانەت راست و دروست بن. بەڵام ئەوە رۆژنامەوانی لەکوێ بەجێ دێڵێت؟ ئاخۆ وشەی هەقیقەت ئێستا شتێکی پڕبەپێستە بۆگفتوگۆی رۆژانە، بەڵام شتێکە کە وردبینییەکی راستەقینەی بۆ ناکرێت؟

ئاشکرایە ئاست هەن. رۆژنامەنووس و رەخنەگری چاپەمەنی ریچارد هاروود لە کۆربەندێکی لێژنەیی پێی گوتین "رۆژنامەنووسەکەی نیویۆرک تایمز ئەو رۆژە بە ئێمەی گوت نیویۆرک جاێینتس یارییەکی تۆپی پێی ٢٠-٨ دۆڕاند. ئێستا ئەمە بەشێکی بچووکی هەقیقەتەکەیە. بەڵام چیرۆکی هۆکاری دۆڕاندنی جایێنتس دەتوانرێت بە سەدان شێوازی جۆراوجۆر بگوترێتەوە- هەر چیرۆکەو بە لێنزێکی جیا کە بە کلێشەسازی و لایەنگریی کەسێنییەوە تەماوی بووە".

کەواتە ئاخۆ مانای بەرپرسیارێتیی رۆژنامەنووس بەرامبەر بە هەقیقەت چییە؟ زۆربەی جار هەوڵەکان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، لە سیمینارەکان یان لە گوتارە فەلسەفییەکاندا، بە سەرلێشێوان کۆتاییان دێت. هۆکارێکی ئەوەیە گفتوگۆکە زۆربەی جار باس لە جیهانی واقیعی ناکات. شرۆڤە فەلسەفییەکانی لەبارەی ئەوەی ئاخۆ "هەقیقەت" لەڕاستیدا بوونی هەیە یان نا لە واتاسازیدا دەچەقن.

هۆکارێکی تر ئەوەیە رۆژنامەنووسان خۆیان هەرگیز سەبارەت بە مانای هەقیقیبوون زۆر روون و ئاشکرا نەبوون. رۆژنامەوانی بە سروشت کاردانەوەیی و کردارییە نەک فەلسەفی و رۆحی. بەرهەمی رژدی نووسراو لەلایەن ئەو رۆژنامەنووسانەی بیریان لەو کێشانە کردبێتەوە دەوڵەمەند نییە و ئەوەندەشی کە هەیە، زۆربەی رۆژنامەنووسان نەیان خوێندووەتەوە. تیۆرەکانی رۆژنامەوانی بۆ ئەکادیمییەکان وازیان لێ هێنراوە و بەشێکی زۆری هەواڵکاران لەمێژوودا لە نرخی پەروەردەی رۆژنامەوانییان کەم کردووەتەوە و گوتوویانە تاکە رێگەیەک بۆ فێربوون توانەوە و چوونە ناو پیشەکەیە. وەک چۆن تەنانەت رۆژنامەنووسی تەلەڤزیۆنکار، تێد کۆپڵ، جارێک گوتی "قوتابخانەکانی رۆژنامەوانی کاتکوژییەکی تەواو و بێ کەموکاستن".

تێگەشیتنە کۆنەکانی رۆژنامەنووسان لەبارەی چۆنیەتیی گەیشتن بە هەقیقەت وێ دەچێت کاردانەوەی خێرا بن کە لە دیمانە یان گوتار یان لەوەش خراتر لە درووشمەکانی بازارِدۆزینەوەدا سەرچاوەیان گرتووە و زۆربەی جار پشت بە مەجازی کرچوکاڵ دەبەستن. دێیڤید بارتلێتی سەرۆکی پێشووی رادیۆ و تەلەڤزیۆنی نیووز دایرێکترز ئەسۆسییێیشن دەڵێت چاپەمەنی "ئاوێنە"ی کۆمەڵگەیە. تۆم برۆکاو دەڵێت رۆژنامەوانی "رەنگدانەوەی جۆش و خرۆشی رۆژە". بەرهەمهێنێکی سی ئێن ئێن دەڵێت هەواڵ هەر شتێکە کە "لە رۆژێکی دیاریکراودا لە هەموو شتێک پتر شیاوی باسکردن بێت". ئەم تێگەیشتنانە رۆژنامەنووسان بە ناکارا پێشان دەدەن– وەک تەنیا تۆمارکاری رووداوەکان نەک هەڵبژێر یان نووسیار پێشانیان دەدەن.

وەک ئەوەیە پێیان وابێت هەقیقەت شتێکە هەر بۆخۆی وەک هەویری نان بەرز دەبێتەوە. رۆژنامەنووسان لەجیاتی بەرگریکردن لە تەکنیک و رێبازەکانمان بۆ گەیشتن بە هەقیقەت زیاتر نکۆڵییان لە بوونیان کردووە.

ئەوە جا چ بەهۆی نهێنیکارییەوە بێت چ سەرلێشێوان، شکەستی رۆژنامەنووسان لە داننان بەوەی ئەنجامی دەدەن و ئەو گومانە لەلای هاووڵاتییان دروست دەکات کە یان چاپەمەنی خۆی هەڵ دەخەڵێنێت یان شتێک دەشارێتەوە. ئەمە هۆکاریکە بۆئەوەی گفتوگۆ لەبارەی بابەتییانەبوونی رۆژنامەوانی ببێتە مەتەڵێکی وەهایی. زاراوەکە ئەوەندە بە هەڵە لێکدراوەتەوە و شێوێندراوە کە گفتوگۆکە زۆربەی جار لە بابەتەکە لادەدات.

وەک چۆن ئێمە بەقووڵییەکی زیاترەوە لە بەشی چوارەمدا، لەبارەی سەلماندنەوە باسی لێوە دەکەن، لەبنەڕەتدا ئەوە رۆژنامەنووس نییە کە دەبێت بابەتیانە بێت بەڵکو شێوازەکەیەتی. بەڵام ئەمرۆ تاڕادەیەک لەبەر ئەوەی رۆژنامەنووسان نەیان توانیوە ئەو شتەی ئەنجامی دەدەن دەرببڕن، تێگەیشتنی سەردەمییانەی ئێمە لە بابەتیانەبوون یەکجار شێواوە.

سەرەڕای سەرلێشێوانی جەماوەر، باوەڕەی رۆژنامەنووسان بەوەی خۆیان خەریکی بەدواداچووون بۆ هەقیقەتن نەک تەنیا لێدوان و بازرگانی، جێی گومانێکی کەمە. پێویستە ئێمە وا بین– چونکە ئەمە ئەو شتەیە کۆمەڵگە لێمان چاوەڕێ دەکات.

و وەک دواتر تێبینی دەکەین، "هەقیقەتی ڕۆژنامەوانی" شتێکی زیاترە لە بەتەنیا ڕاست و دروستی. پرۆسەیەکی ڕێکخستنە کە لەنێوان هەواڵی یەکەم و تێکەڵاویی نێوان جەماوەر و هەواڵکاران و ڕۆژنامەنووسان ڕوو دەدات. ئەم یەکەم بنەمایەی ڕۆژنامەوانی- گەڕانێکی حەز پێنەکراو بۆ هەقیقەت - لەدواییدا ئەو شتەیە ڕۆژنامەوانی لە سەرجەم شێوازەکانی تری پێوەندیکردن جیا دەکاتەوە.

هەقیقەتی ڕۆژنامەوانی

بۆ تێگەیشتن لەو پرۆسەیەی ڕێکخستن، گرینگە ئەوە لە بەرچاو بگیرێت کە ڕۆژنامەوانی لە مەودای کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. بەهۆی پێویستییەوە هاوولاتییان و کۆمەڵگەکان پشت بە گوزارشتی ڕاست و دروستی ڕووداوەکانەوە دەبەستن. پەرە بە ڕێوشوێن و پرۆسەی وا دەدەن بۆئەوەی بگەنە ئەو شتەی پێی دەگوترێت "هەقیقەتی کرداری". لەسەر بنەمای ڕاستییەکانەوە پۆلیس دوای گومانلێکراون دەکەوێت و دەسگیریان دەکات، دادوەران دادگایی دەکەن، دەستەی سوێندخواردووانی داداگا بڕیار لەسەر تاوانباری یان بێ تاوانی دەدەن، پیشەسازییەکان ڕێک دەخرێن، باجەکان کۆ دەکرێنەوە، یاسا دەردەکرێت و ئێمە منداڵانمان فێری ڕێساکان، مێژوو و فیزیا و زیندەوەرزانی دەکەین. گشت ئەم هەقیقەتانە تەنانەت یاساکانی زانست ڕەنگە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت، بەڵام ئێمە لەو بەینەدا بەگوێرەیانەوە کار دەکەین چونکە پێویست و کردەنین.

ئەمە ئامانجی ڕۆژنامەوانییە- شێوازێکی کردەنی یان کردارییی هەقیقەت. هەقیقەت ڕەها یان فەلسەفییەکە نییە. هەقیقەتی هاوکێشەیەکی کیمیایی نییە. ڕۆژنامەوانی دەتوانێت و پێویستە بەدوای ئەو هەقیقەتانەدا بگەڕێت کە بەگوێرەیانەوە ئێمە ڕۆژانە کار دەکەین. بیل کێلەر، بەڕێوەبەری نووسیاریی ئەوکاتی نیویۆرک تایمز لە کۆڕبەندێکی لێژنەدا پێی گوتین "ئێمە پێمان شتێکی ناماقووڵ نییە چاوەڕێی بین دەستەی سوێندخواردووان حوکمی دادوەرانە بدەن یان مامۆستاکان وانەی ڕاستگۆیانە بڵێنەوە یان مێژوونووسان مێژووی بێ لایەنە بنووسنەوە و زانایان بێ دەمارگیری لێکۆڵینەوە بکەن.

ئەی بۆ دەبێت ئامانجی نزمتر بۆ ڕۆژنامەنووسانی داماو دابنێین؟ ئەگەر بابەتیانەبوونی ڕاستەقینە تەنانەت ڕێتێچووش بێت- پێم وانییە ئەوە ئامانجی ئێمە بێت... ئێمە هەوڵ بۆ گوزارشێک دەدەین کە ئامانجی ئەوەیە تا بکرێت زانیاریی پێویست بۆ خوێنەر دابین بکات تاوەکو بەهۆیەوە بڕیاری خۆی بدات. ئەمە ئامانجی بەرزی ئێمەیە."

ئاخۆ ئەمە بەو مانایەیە ڕۆژنامەنووسان دەبێت تەنیا خۆیان بە ڕاست و دروستییەوە ببەستنەوە، ناو و ڕێکەوتنەکان بەدروستی وەدەست بێنێت؟ ئاخۆ ئەوە بەسە؟ سروشتی بەشی زۆری ڕۆژنامەوانیی ئەمڕۆکە، کە تا دێت پتر دەبێتە شرۆڤەکارانە، و وەڵامی ڕۆژنامەنووسان لە کۆڕبەند

و راپرسی و دیمانەکانیش پێمان دەڵێن نا. رۆژنامەوانییەکی بنیاتنراو لەسەر بەتەنیا راست و دروستییەوە ناتوانێت بەرادەی پێویست بەرو پێشمان بەرێت.

سەرەتا راست و دروستی بەتەنیا دەتوانێت هەر لە خودی خۆیدا لێڵییەک بێت. تا ١٩٧٤یش کۆمسیۆنی هاچینز ، گرووپێکی رۆشنبیران کە سالآنێک خەریکی بەرهەمهێنانی بەڵگەنامەیەک بوون بۆ دارشتنی مەرجەکانی رۆژنامەوانی، وریاییان دا لە دژی مەترسییەکانی بلآوکردنەوەی هەواڵی ئەوتۆ کە "لە رووی زانیارییەوە راستن بەڵام لە بنەرەتدا هەڵەن". تەنانەت ئەو کاتیش کۆمیسیۆنەکە ئاماژەی بەو هەوالآنەدا کە لەبارەی ئەندامانی گرووپە کەمینەکان بوون و بەبێ دابینکردنی دەق یان بە جەختکردنەوەی بێ مانا لەسەر نەژاد یان ئیتنیک، پەرەیان بە کلیشەسازییە چەوتەکان دەدا. "ئیدی پێویست نییە زانیارییەکە بەشێوەیەکی هەقیقی بگوزارێتەوە. ئەوەی ئێستا پێویستە گواستنەوەی هەقیقەتی پێوەست بە زانیارییەکەیە."

راست و دروستیی رووت هەروەها ئەو شتە نییە خەڵک چاوەڕێی دەکەن. رۆژنامەنووس جەک فوڵر لە کتێبەکەیدا بەناوی نیووز ڤەڵیووز روونی دەکاتەوە بە بۆچوونی فەیلەسووفەکانەوە دوو جۆرە تاقیکردنەوە بۆ هەقیقەت هەن: یەکێکیان هاوتابوون و ئەوەی تر یەکانگیرییە. بۆ رۆژنامەنووسان ئەم تاقیکردنەوانە بەگشتی بەمانای وەدەستهێنانی زانیاری بەراستەخۆیی و مانابەخشینە بە زانیارییەکان. فولر بەم شێوەیە دەیبرێنێتەوە: پێویستە یەکانگیری تاقیکردنەوەی یەکلاکەرەوە بێت بۆ هەقیقەتی رۆژنامەوانی."بێ رەچاوکردنی قسەی کەسانی گومانەویی رادیکاڵ، خەڵک هێشتاش بەپەرۆشەوە باوەڕیان بە مانا هەیە. ئەوان وێنە تەواوەکەیان دەوێت، نەک تەنیا پارچەیەکی... ئەوان لە گفتگویە دژیەکەکان، لە مۆدێلی مەکلآفین گرووپ بۆ گفتوگۆی جەماوەری ماندوو بوون".

بۆچوونی گشتی هەمان شتمان پێ دەڵێت. ئەمرۆکە ئەو هەوالآنەی بەتەنیا گوزراش لە پەسندانی پۆلیس لەلایەن شارەوانەوە لە نیوەرۆخوانی گاردن کلآب دەکەن، وێ دەچێت ناتەواو یان تەنانەت گەمژانەش بن- ئەمەش ئەگەر پۆلیس لەراستیدا گرفتاری ریسواییەکی گەندەڵی بووبێتەوە: گوتەکانی شارەوان بەئاشکرا گوتەی سیاسین و بۆ وڵامدانەوەی کۆمەڵێک هێرشن کە بەو دواییانە لەلایەن رەخنەگرانییەوە کرابنە سەری.

بەڵام ئەمە، بەو مانایە نییە راست و دروستی بایەخی نییە. بەپێچەوانەوە، راست و دروستی ئەو بناغەیە هەموو شتێکی تری لەسەر بنیات دەنرێت: دەق، لێکدانەوە، مشتومڕی و گشت گفتوگۆیە جەماوەرییەکە. ئەگەر بناغەکە کەموکوڕیی هەبێت، هەموو شتێکی تر تێک دەچێت. یەکێک لە مەترسییەکانی هەڵکشانی نوێی ژمارەی داوودەزگاکان، بەرنامەی گفتگۆئامێز، بلۆگ و گوزارشی شرۆڤەکارانە ئەوەیە ئەم شێوازانە وازیان لە سەلماندن هێناوە. مشتومڕییەکی نێوان ناحەزان کە بە ئاماری هەڵە یان تەنیا بە دەمارگیرییەوە گفتوگۆ دەکەن، زانیاریبەخش نییە. تەنیا ورووژێنەرە. کۆمەڵگە بە هیچ شوێنێک ناگەیەنێت.

زۆر باشتر و راستترە هەقیقەتی رۆژنامەوانی بە پرۆسەیەک دابنرێت- یان بە گەشتێکی بەردەوام لەپێناو تێگەیشتن- کە بە یەکەم هەواڵەوە دەست پێ دەکات و بە تێپەڕینی کات پەرە دەسەنێت. بۆ نموونە، یەکەم هەواڵەکان ئاماژە بە رووداو یان نەریتێکی نوێ دەدەن. رەنگە بە باسکردنی شتێکی سانا- کۆبوونەوەیەک یان رووداوێکی ئۆتۆمبێل- دەست پێ بکەن. کات و شوێنی رووداوەکە، زیانەکانی تووشبوو، جۆری ئۆتۆمبێلەکان، دەستگیرکردن، کەشوهەوای نائاسایی یان هەلومەرجی رێگاوبان- لەڕاستیدا رووکەشە فیزیکییەکان حاڵەتەکە- ئەو راستییانەن کە دەتوانرێن تۆمار بکرێن و پشتڕاست بکرێنەوە.

کاتێک هەواڵنێران راستییەکانیان ساخ کردەوە، هەوڵ دەدەن وەسفێکی رێکوپێک و باوەڕپێکراو لەبارەی مانایانەوە بدەن کە بۆ ئێستا راست و دروستە و قابیلی لێکۆڵینەوەی زیاتریشە. کارڵ بێرنستاینی رۆژنامەنووس ئەمە بە تێکۆشانی هەواڵنێران بۆ دابینکردنی "باشترین نموونەی هەقیقەتی وەدەست هاتوو" وەسف کردووە. بەگوێرەی بنەماکانی واشینگتۆن پۆست کە لەلایەن یوجین مێیر لە ١٩٣٣ نووسراونەوە، " هەر کە هەقیقەت سەلمێندرا" پێویستە بگێڕدرێتەوە.

هەواڵنێر بەتەنیا رەنگە نەتوانێت لە هەواڵی یەکەمدا زۆر لە ئاستی رووکەشیانەی راست و دروستیی زیاتر بەرەو پێش بچێت. بەڵام هەواڵەکە دەبێتە بناغە بۆ دووەم هەواڵ کە تێیدا سەرچاوەکانی هەواڵ کاردانەوەیان بەرامبەر بە هەڵە سەرەتاییەکان و کەموکوڕییەکان هەبووە، و دووەم هەواڵیش دەبێتە سێیەم هەواڵ و هتد.

دەق دەخرێتە سەر هەر چینێکی یەک لەدوای یەک لە هەواڵە زۆر گرینگتر و ئالۆزترەکاندا دوابەدوای لاپەڕەی نووسیاران نوسینی تر و باسوخواستەکان لە بەرنامەی گفتوگۆئامێز و لاپەڕەی بۆچوونی پێچەوانە و بۆچوونی بڵاوکراوە لەسەر بلۆگ و پێگە ئەنتەرنێتییەکانی تر و وەڵامی نێردراو بە نامە بۆ نووسیار یان بە پێوەندیی تەلەفۆنی بۆ بەرنامەی گفتگۆیی رادیۆ- واتە مەودایەکی تەواو بۆ گفتوگۆی جەماوەری و تایبەت- هەیە. هەقیقەتی کارەکی شتێکی پرۆتینییە کە وەک فێربوون هاوشێوەی چلوورەی کلسی لە ئەشکەوت، دڵۆپ دڵۆپ بەتێپەڕینی کات گەورە دەبێت.

نموونەی بێ ژمار هەن. ئەبنر لویما، کۆچبەری هاییتی کە بەبۆنەی رەفتارێکی ناشایستە لەدەرەوەی یانەی شەوانەی بروکلین لە ١٩٩٧ دەسگیر کرا، بەنموونە وەربگرە. هەواڵەکە سەرەتا وەک پوختەیەکی ناو دەفتەری تۆماری پۆلیس دەهاتە بەر چاو. بەڵام سێ رۆژ دواتر ستوونووس مایک مەک ئالڕی ی دێیلی نیووزی نیۆیۆرک لوویمای لە نەخۆشخانە دۆزییەوە و چاوپێکەوتنی لەگەڵ کرد. لوویما ئاشکرای کرد پۆلیس دەستدرێژیی کردووەتە سەری و بە دەسکی پەستێنەری توالێت زۆرەگێی کردووە. هەر هەمان رۆژ پۆلیس دوو کارمەندی بەشدار لە دەستگیرییەکەی لە کار لادا. دوو رۆژ دواتری لە چاوپێکەوتنێکی دووەمدا، لوویما گوتی کارمەندانی دەستگیرکردن بە ئەویان گوتووە "ئێستا سەردەمی جوڵیانییە (مەبەستیان شارەداری پێشوو رادۆلف جوڵیانی بوو)

نەک سەردەمی دینکینز (وەک ئاماژە بە شارەدار دێیڤید دینکینز کە ئەفریقیاییەکی ئەمەریکایی بوو). ژمارەیەکی زۆرتری کارمەندان لە کار لادران و زۆری نەبرد هاوولاتییان خۆپێشاندانیان لە بروکلین ساز کرد.

لەماوەی چەند رۆژێکدا نیۆیۆرک تایمز شرۆڤەیەکی قووڵی بڵاو کردەوە و ئاماژەی بەوە دا کەمبوونەوەی تاوان لە شاری نیۆیۆرک هاوکاتە لەگەڵ بەرزبوونەوەی هەراسانکاری و دڕندایەتیی پۆلیس. شارەکە سەرلەنوێ پڕژایە سەر چۆنیەتیی مامەڵەکردنی پۆلیس لەگەڵ گومانباران. ساڵێک دواتر لوویما لە تۆمەتەکانی خۆی ئەوەی باسی لە"کاتی گیلیانی"دەکرد، پاشگەز بووە، هەرچەندە قسەکەی خۆی لەبارەی دەستدرێژییەکە نەخواردەوە. چەند مانگ دواتر سیتی جۆرناڵی سەر بە ئەنیستیتۆی مەنهاتان گوتارێکی بڵاو کردەوە بۆ پشتگیری لەوەی هەرچەندە رووداوەکانی دڕندایەتیی پۆلیس زۆرن، بەڵام پۆلیسی نیۆیۆرک رابردوویەکی بەبەراورد باشی هەیە لەڕووی پرسی بێ بەزەییانەبوونی پۆلیسەوە.

بەواتایەکی تر لێرەدا هەقیقەت دیاردەیەکی ئاڵۆز و هەندێک جار دژیەکە، بەڵام ئەگەر بە پرۆسەیەکی بەردەوام دابنرێت، رۆژنامەوانی دەتوانێت بیدۆزێتەوە. رۆژنامەوانی هەوڵ دەدات لە جیهانێکی شێواودا بگاتە هەقیقەت، ئەمەش سەرەتا بە جیاکردنەوەی زانیاری لە هەر جۆرە زانیارییەکی هەڵە یان شێواو یان دەمارگیریی بەرژەوەندیخوازانەوە دەست پێ دەکات و دواتریش بە بواردان بە کۆمەڵگە بۆ کاردانەوە لەگەڵ پرۆسەی رێکخستن. گەڕان بەدوای هەقیقەت دەبێتە گفتوگۆیەک.

ئەم پێناسەیە یارمەتیدەرە بۆ گونجاندنی ئەو شێوازەی ئێمە وشەکانی راست و درۆ رۆژانە بەکار دێنین لەگەڵ شێوازی شیکردنەوەی ئەو وشانە لە دەفری شووشەیی مشتومڕی فەلسەفیدا. ئەم پێناسەیە گونجاوترە بۆ تێگەیشتنی خۆڕسکیانەی رۆژنامەنووسان لەو کارەی دەیکەن بەبەراورد لەگەڵ مەجازە کرچوکاڵەکانی ئاوێنەبوون و رەنگدانەوە کە بەشێوەیەکی گشتی بڵاو بوونەتەوە.

ئێمە هەقیقەت بە ئامانج تێ دەگەین کە لە باشترین حاڵەتدا ونە و لە هەمان کاتیشدا باوەشی پێدا دەکەین. ئێمە باوەشی پێدا دەکەین بە هەمان ئەو شێوەیەی ئالبێرت ئەنیشتاین کردی، کاتێک گوتی زانست باس لە هەقیقەت ناکات بەڵکو زانیاریی ئێمە بێ هەڵەتر دەکات. چونکە ئەمە لەڕاستیدا حاڵی ژیانە- ئێمە زۆربەی جار لە تەقەڵلا داین و هەرگیز بەتەواوەتی ناگەین بە ئامانج. وەک گۆردن وودی مێژوونووس لەبارەی تۆمارکردنی مێژوووە گوتوویەتی " کەسێک دەتوانێت ئەو بۆچوونە قبووڵ بکات کە تۆماری مێژوو پچڕپچڕ و ناتەواوە و ئەوەی کە مێژوونووسان لەدواییدا هەرگیز لەسەر لێکدانەوەکانیان رێک ناکەون"، و لەهەمان کاتدا باوەڕی هەبێت بە بوونی "هەقیقەتێکی بابەتیانە لەبارەی رابردووەوە کە دەکرێت ببینرێت و بە شێوەیەکی کرداری بسەلمێنرێت".

ئەمە شتێکی زیاترە لە بازدانێکی بیروباوەڕی. لە ژیانی واقیعدا خەڵک دەزانن چ کەسێک لە ڕاستییەوە نزیکتر بووەتەوە، کاتێک سەرچاوەکە جێی متمانەیە، کاتێک لێکۆڵینەوەکە تێروتەسەلە، کاتێک شێوازەکە دیوەدەرە. یان وەک وود گوتوویەتی "ڕۆژنامەنووسان ڕەنگە هەرگیز هەقیقەت بەتەواوەتی و بەدواییی نەبینن و پێشکێشی نەکەن، بەڵام هەندێکیان لە نووسینی مێژووەکەیاندا لەوانی تر زیاتر لێی نزیک دەبنەوە، تاڕادەیەک تەواوتر و هەروەها بابەتیانەتر و ڕاستگۆترن و ئێمە کاتێک تەماشای مێژووەکە دەکەین لەوە تێ دەگەین و تێ گەیشتووین".

ئەوانەی لە بواری هەواڵ یان سیاسەتدا کاریان کردووە زیاتر هەمان شت دەڵێنەوە: وەدەستهێنانی ئەو هەواڵەی کە لە نموونەیەکی هەقیقەتەکە نزیکترە دەرەنجامی ڕاستەقینەی دەبێت. لە یەکەم کاتژمێرەکانی ڕووداوێکدا کاتێک ڕاست و دروستی لە هەموو کاتێک سەختترە، ئەو وردبینییە لەوانەیە گرینگترین بابەت بێت. لەو ماوەیەدایە ڕای گشتی کە هەندێک جار سەرسەختانەیە، لەڕێگەی ئەو دەقە زانیارییەی پێشکێش دەکرێت، دروست دەبێت. ئاخۆ ئەوە هەڕەشەم لێ دەکات؟ ئاخۆ بۆ من باشە؟ ئاخۆ ئەوە شتێکە پێویستە مشووری لێ بخۆم؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بڕیار لەوە دەدات ئاخۆ من تا چ ڕادەیەک بە وردییەوە بەدواداچوون بۆ ڕووداوی نوێ دەکەم، چەند بەدوای سەلماندنی زانیارییەکانەوە دەبم. هۆدینگ کارتەر، ڕۆژنامەنووسێکی کۆنەکار کە وەک یاریدەدەری وەزیر بۆ کاروباری گشتی لە وەزارەتی دەوڵەتی سەردەمی کارتەردا کاری دەکرد، بە پشتبەستن بە ئەزموونی خۆی گوتوویەتی ئەو ماوەیە کاتێکە بۆ حکومەت تاوەکو تا ئەوپەڕی کۆنترۆڵی مێشکی جەماوەر بکات. "ئەگەر بۆماوەی سێ ڕۆژ هیچ تەحەددایەکی ڕژد نەبێت، حکومەت زەمینە بۆ ڕووداوێک دەرەخسێنێت و کۆنترۆڵی بۆچوونی جەماوەر دەکات لەبارەی ئەو ڕووداوە".

ئەمە خاڵێکە لەگەڵ نەبوونی کاردانەوە یان هەنگاونەهاوێشتی حکومەت ڕاستەوخۆ پاش زریانی کاترینا لە ٢٠٠٥دا سەلمێندرا. لەبەر ئەوەی حکومەت نەیتوانی هەلومەرجەکە بڕەخسێنێت، گوزارشەکانی هاووڵاتییانی تۆقیو و ڕۆژنامەنووسان بووە هەواڵ. چەند هەفتەی برد تاوەکو حکومەت بتوانێت هەواڵەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی سیاسیی خۆی.

لەماوەی چەند ساڵدا هەندێک ڕۆژنامەنووس جێگرەوەیان بۆ هەقیقیبوون پێشنیار کردووە. لەوانەیە باوترین جێگرەوەکان دادوەری و هاوسەنگی بن. بەڵام هەردووکیان، لەژێر وردبینیدا، ناتەواون. دادوەری یەکجار نابەرجەستەیە و لەکۆتاییدا خۆییانەتر لە واقیع. دادوەر بەرامبەر بە کێ؟ چۆن دادوەری تاقی دەکەیەوە؟ هەقیقیبوون سەرەڕای هەموو کێشەکانی لانی کەم دەکرێت تاقی بکرێتەوە.

هاوسەنگیش یەکجار خۆییانەیە. هاوسەنگکردنی هەواڵێک بە دادوەرایەتی بەرامبەر بە هەر دوو لا ڕەنگە بەرامبەر بە هەقیقەت دادوەرانە نەبێت، ئەگەر بێو هەر دوو لا لەڕاستیدا سەنگی یەکسانیان هەبێت. ئاخۆ گەرمبوونی جیهان ڕاستە یان درۆیە؟ زۆربەی زانایان چەندین ساڵ بوو

دەیان گوت ئەو شتە هەیە، بەڵام گوزارشەکانی چاپەمەنی بەدرێژایی کات پاش مشتومڕیی زانستیی بەردەوام هاوسەنگییی هەر دوو لای هەواڵەکەیان پاراستووە. و لە هەموو ئەو بارانەی پتر لە دوو لایەن لە هەواڵەکەدا هەن، ئاخۆ چۆن دەتوانرێت بزانرێت کام لایەن راست دەکات؟ هاوسەنگی، ئەگەر ببێتە هاوسەنگییەکی هەڵە، دەگۆڕێت بۆ شێواندن.

لە کتێبەکەماندا بەناوی رەپ سپید باسمان لەوە کردووە چۆن هێزە جۆراوجۆرەکان لێک نزیک بوونەوە بۆئەوەی هەوڵی رۆژنامەنووسان بۆ واقعیبوون لاواز بکەن، سەرەڕای ئەو دڵسۆزییەی بەردەوام زۆربەی رۆژنامەنووسان دانی پێدا دەنێن.

بێ ئەوەی ئەو شرۆڤانە بە هیچ شێوەیەک دووبارە بکەینەوە، تەنیا پێویستە تێبینیی ئەوە بکەین، لە کولتووری میدیای نوێی هەواڵی بەردەوامدا، هەواڵ زیاتر بووەتە پارچە ژەمێک: سەرچاوەیەک بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو رۆژنامەنووسانەی دەیگوازنەوە، پێوەرە جیاوازەکانی رۆژنامەوانی وا ئەرکی دەرکەوانیی چاپەمەنی تێک دەشکێنن: مشتومڕیی هەرزان و دژیەک زاڵە بەسەر هەواڵدا و چاپەمەنی تا دێت زیاتر دەپرژێتە سەر دۆزینەوەی "هەواڵی گەورە" تاوەکو بەشێوەیەکی کاتەکی ئاپۆرەی لێک دابڕاوی جەماوەر لەم سەردەمەدا کۆ بکاتەوە. پێکەوە، ئەم تایبەتمەندییە نوێیانەی ئەو شتەی ئێمە بە کولتووری میدیای تێکەڵ ناومان بردووە، خەریکە ئەرکی کلاسیکیی رێکخستنی گوزارشێکی راست و باوەڕپێکراوی رووداوەکانی رۆژ دەگێڕێت.

لە کولتووری هەواڵی بەردەوامدا ئەو رۆژنامەنووسانەی هەوڵ دەدەن نوێترین زانیاری بە شەپۆل یان ئەنتەرنێت بڵاو بکەنەوە، کاتێکی کەمیان بۆ پێداچوونەوە بە شتەکان هەیە. زۆربەی جار شتەکان بەڕێ دەکەن، شتێک دەخوڵقێنن کە ئێمە بە رۆژنامەوانییەکی نوێی راگەیاندن ناوی دەبەین- شتێک کە رۆژنامەوانیی کۆنی سەلماندن لەناو خۆیدا نقووم دەکات.

لەماوەی ساڵانی پاش بڵاوبوونەوەی چاپی یەکەمی ئەم کتێبە لە ٢٠٠١دا ئێمە تێبینیی سەرهەڵدانی شێوازێکی سێیەمی میدیامان کردووە کە لەسەر شێوەی گفتوگۆیەکی رادیۆیی و لە هەندێک هەواڵی رادیۆ تەلەڤزیۆن یان شێوازی تردایە: رۆژنامەوانیی دووپاتکردنەوە کە نەک بۆ ساخکردنەوەی زانیارییەکانە بەشێوەیەکی گوماناوییە بگرە بۆ دووپاتکردنەوەی بۆچوونەکانی جەماوەرە. لەسەر ئەنتەرنێتیش ئەو پێگە ئەلەکترۆنییانەی زۆربەی جار لەرێگەی ئەو ماشێنانەی بەبەکارهێنانی ئەلگۆریتمی کۆمپیوتەری کۆ دەبنەوە، رێخۆشکەرن بۆ سەرهەڵدانی جۆرێکی چوارەم- رۆژنامەوانیی ئاوێتەکار- کە لەوانەیە یان لەوانە نییە دەنگو و زانیاری و پێشبینی لێک بهاوێرێت. ئەوەیان دەبێت بەکاربەر بیکات.

سەرەڕای ئەم شێوازانە، رۆژنامەنووسان هێشتاش باوەڕیان بە گرینگیی باسکردنی هەقیقەت هەیە. لە راپرسییەکەی ئێمەدا سەبارەت بە بەهاکانی سەرەکی، لە هەر دە رۆژنامەنووسێک کە لە دەزگاکانی نەتەوەییدا کاریان کردبێت، هەشتیان و لە هەر دە رۆژنامەنووسی دەزگا لۆکاڵەکان پتر

لە حەوت کەسیان گوتیان هەست دەکەن "شتێک بە ناوی گوزارشێکی راست و تەواوی رووداوێک بوونی هەیە". هەمان شت راستە بۆ میدیای نوێ یان رۆژنامەنووسانی ئەنتەرنێتی کە لەوێدا لە هەر دە کەس حەوتیان پێیان وابوو دەستبەرکردنی ئەو گوزارشە راست و وردە کردەنییە.

لە هەر دە رۆژنامەنووسی نەتەوەیی و لۆکاڵ حەوتیان دڵنیابوون دەتوانن پەرە بە رێبازێکی پیشەییانە بدەن لەپێناو "رووماڵکردنی رووداوەکان بەرێگەیەکی سەرنجڕانەکێش و دادوەرانە". بەنزیکەیی لە هەر دە کەسی میدیای نوێ شەشیان هەمان شتیان گوت. بەڵام گومانێکی هەستپێکراویش هەیە: بەگشتی چارەکێکی سەرجەم رۆژنامەنووسانی سەر بە هەموو میدیاکان گومانیان لە کارەکیبوونی ئەم ئامانجە هەبوو-٢٧٪ی رۆژنامەنووسانی لۆکاڵ و ٣١٪ی سەر بە میدیای نوێ.

رەنگە بەهۆی ئەم گومانانەوە، کاردانەوەی نەرێنیی ئەو شتەی بە میدیای رژد ناو دەبردرێت، بۆ سەر کولتووری میدیای نوێ ئەوە بێت کە رۆڵەکەی زیادکردنی دەق و لێکدانەوەیە بۆ هەواڵ. بیرۆکەکە ئەوەیە ئەمە یارمەتیی جەماوەر دەدات لە پۆلێنکردنی هەگبەی قورسی زانیاری و مانایەکی زیاتر دەبەخشێتە هەواڵ. لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێمان وایە تێگەیشتن لەم کاردانەوەیە بەرامبەر بە تەکنەلۆجیای نوێ لاوازە.

لەبەر شتێک راست نییە وا بیر بکەینەوە خەڵک زانیاریی نەپاڵێوراو دەخوێنێتەوە. هەرچەندە بەدڵنیاییەوە راستە بەکاربەرانی پێوەست بە ئەنتەرنێت لە سەدەی بیست و یەکەمدا بەبەراورد لەگەڵ هاوشانەکانیان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا دەزگای هەواڵیی زیاتریان هەیە، بەڵام خەڵک ماوەیەکی دیاریکراو بە خوێندنەوەی هەواڵ بەسەر دەبەن. لەڕاستیدا سەرەڕای هەڵکشانی ژمارەی هەواڵەکان، روون نییە ئاخۆ خەڵکیش ماوەی هەواڵ خوێندنەوەیان زیادی کردووە یان نا.

لەم سەردەمە نوێیەی ئێمە لە میدیا و گەشەسەندنی دەزگاکاندا بەبەراورد لەگەڵ رابردوو لە گرینگیی خۆڕسکیی هەقیقەت کەم نەبووەتەوە. پیتێر ڤێریکی پرۆفیسۆری خانەنشینبووەی مێژوو لە ماونت هۆڵیۆک کۆلێج پێی وایە خۆڕسکی بۆ هەقیقەت لە هەموو کات گرینگتر بووە. ئەو دەڵێت " هیچ شتێکی تری قەشەنگتر لە هەوڵەکانمان بۆ گەیشتن بە راستییەکان، لە هەوڵدانمان بۆ گێڕانەوەی شتەکان وەک بەڕاستی وا بن، بە خەیاڵمدا نایەت، هەرچەندە بەردەوام شکستی لێ دێنین، چونکە لانی کەم واقیع، هەرچەندە هەرگیز بەتەواوەتی وەدەست ناهێت، دەتوانرێت پێناسە بکرێت. واقیع ئەو شتەیە کاتێک تۆ بڕوای پێ ناکەی، دوور ناکەوێتەوە".

بەشێوەیەکی مەجازی دۆزینەوەی هەقیقەت بە هەندێک رێگەدا کاری پتری دەوێت لەوەی بەراستەوخۆیی ئەنجام بدرێت، چونکە زانیارییەکی زۆر لەبەر دەستە. ئەمە بە دژیەکییەکی فێربوون لە سەردەمی زانیاریدا ناو بنێ. کاتێک زانیاری بەهۆی فراوانبوونییەوە دەبێتە کاڵا-

کاتێک کەرەستەکە یەکجار زۆرترە– تێگەیشتن سەختترە نەک ئاسانتر. پێویستە زانیارییەکی پتر لێک بدرێتەوە بۆئەوەی شتەکان رێک بخرێن. تێگەیشتنی وەدەستهاتوو رەنگە قووڵتر و باشتر بێت، بەڵام لەوانەیە زۆر تایبەتیتریش بێت.

لەوەش زیاتر، کاتێک میدیا دەبێت ژاوەژاوەی دواوەی رووداو، توانامان بۆ پڕژاندن کەم دەبێتەوە. دەنگ بەرزکردنەوە لەناو دەنگەدەنگی بەردەوام سەختتر دەبێت. ئەگەر ویسنستن چێرچڵ راستی گوتبێت کە "درۆیەک نیوەڕێیەک بەناو جیهاندا دەڕوات پێش ئەوەی راستی دەرفەتی پانتۆڵ لەپێ کردنی پێ بدرێت"، تەکنەلۆجیای مەزنتر تەنیا یارمەتیدەر بووە بۆ خێراترکردنی پرۆسەکە، خزمەتکردنی راست و درۆ بەیەکسانی.

ئەم هۆکارانە یارمەتیدەرن بۆ روونکردنەوەی هۆکاری تەنانەت سەرانجڕاکێشتربوونی رۆژنامەوانیی پشتگیریکارانەی سەردمی ئێمەدا– رۆژنامەوانیی دووپاتکردنەوە، بۆ هەندێک کەس لەمرۆکەدا. رۆژنامەوانییەکە شتەکان ئاسانتر دەکات. رێگەیەکە بۆ دەستەبەرکردنی رێکوپێکی لە جیهانێکی شێواودا، بێ ئەوەی وردبوونەوەیەکی زۆر و قورساییەکی زۆری هەبێت. ئاسانە. چەندی باشتریش بێت، ئەم بارودۆخە تەحەدداکە گەورەتر دەکات و پێویستی بۆ رۆژنامەوانییەک کە بە پلەی یەکەم زانیارییەکان بەدروستی وەردەگرێت، زیاتر دەکات. ئەوە بناغەیە بۆ هەر شتێکی تر.

شرۆڤەی پتر رەنگە تەنیا ببێتە هۆی نەگونجان و لادان بەرەو ئاستە نەرمترەکانی هەقیقەت– ئەو ئاستانەی پێویستە بەشێکی پرۆسەی رێکخستن بن پاش ئەوەی زانیارییەکان جێگیر دەکرین. هەڵەیە پێش لەوەی ئەو شتەی لەڕاستیدا رووی داوە، جیا بکرێتەوە، بە پەلە هەنگاو بۆ قۆناخی شرۆڤەکردن بنرێت.

لەجیاتی پەلەکردن بۆ زیادکردنی دەق و شرۆڤە، چاپەمەنی پێویستیی بە پڕژانە سەر ئاوێتەسازی و سەلماندن هەیە. دەنگو و پلار و بابەتی بێ بایەخ و درۆ جیا بکاتەوە و بپڕژێتە سەر ئەوەی لە هەواڵەکەدا راست و گرینگە. بۆ هاوولاتییان سەرچاوەی پێناسەکراو دابین بکە و زانیارییەکە پشتڕاست بکەوە، لەگەڵ بەرجەستەکردنی ئەو شتەی گرینگە بیزانن و ئەوەی تر بپاڵێوە. خەڵک لەجیاتی ئەوەی بۆخۆیان بەناو زانیارییدا بگەڕێن، پێویستیان بەو سەرچاوانەوە هەیە پێیان بڵێت چی راست و گرینگە. ئەوان پێویستیان بە وەڵامێکە بۆ پرسیاری "ئێستا دەتوانم باوەڕ بە چی بکەم؟". کەواتە رۆڵی چاپەمەنی لەم سەردەمە نوێیەدا وەڵامدانەوەی پرسیاری "چ شتێک باشە"یە. سەلماندن و ئاوێتەکردن دەبنە دوو کۆڵەکەی رۆژنامەوانیی نوێ. رۆڵیان "مانابەخشین"ە، وەک جۆن سیلّی براونی زیرۆکس پارک گوتوویەتی کە لە بەشی پێشوودا باسکرا. بە کورتی پێویستی بۆ هەقیقەت لە سەردەمی نوێدا زیاتر بووە نەک کەمتر، چونکە ئەگەری بابەتی ناهەقیقی یەکجار زۆر بووە.

بۆ زاڵبوونی هەقیقەت پێویستە ڕۆژنامەوانی ڕوونی بکاتەوە ئاخۆ یەکەمین لایەنگریی بۆ کێیە. ئەوەش هەنگاوی دواترە.

## بەشی سێیەم

## ڕۆژنامەنووسان بۆ کێ کار دەکەن

لەکۆتاییی هەر ساڵێکدا کاربەدەستانی هەرە بەرزی سەرانسەری وڵات چاوەڕێی بڕیارێکی نوێی پێشییانەن: ئاخۆ تا چ ئاستێک باش کاریان کردووە وچەند پاداشت وەردەگرن. زۆربەی جار بەشێکی بەرچاوی داهاتیان لە مەترسیدایە. بەڵام بڕیارەکە ئیتر بەتەنیا لەسەر بنەمای جۆرێتیی ڕۆژنامەوانییەکەیان نییە. هۆکاری جۆرێتی زۆربەی جار نیوە یان کەمتری پێوەری بڕیارەکە پێک دێنێت. زیادەپاداشتی کاربەدەستانی ژووری هەواڵ ئەمڕۆکە بەزۆری گرێدراوی قازانجی کۆمپانیاکانیانن.

ئەمە هەر هەمووی ڕەنگە ئاسایی بێتە بەرچاو. زۆر بازرگانی وەک ڕێگەیەک بۆ چاندنی بەرپرسیارێتی لەناو بەڕێوەبەراندا پرۆگرامی پاداشتکردنەوەیان هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا گرێدانی مووچەی ڕۆژنامەنووس بە هۆکاری تری جگە لە جۆرێتیی ڕۆژنامەوانییەکەیان شێوازێکی نوێ – تایبەتمەندییەکی ئەو بیست ساڵەی دوایییە. هۆکاری ئەوە ڕەنگە لەرووکەشدا بەجێ بێت. ڕۆژنامەوانی کارێکە و بەڕێوەبەران بەرپرسیارێتیی کاریان لەئەستۆیە بۆئەوەی مووچە وەبگرن و کڕیاران رابکێشن.

بەڵام ئەم پرۆگرامە پاڵنەرانەی کۆمپانیاکانی هاوبەشی گۆڕانێکی سەرەکی لە بیرکردنەوەی ژووری هەواڵدا دروست دەکەن. شێوازەکە تیۆرێکی نوێی بەرپرسیارێتییەکانی ڕۆژنامەنووس دادەرێژێت– ئەو بەرپرسیارێتییانەی بەشێکن لە گۆڕانێکی مەزنتر لە سروشتی پیشەکە بۆ گواستنەوەی هەواڵ.

لە کۆتاییی سەدەی بیستەمدا سەرکردەکانی ڕۆژنامەوانیی ئەمەریکا ئەگەر بە ناویش نەبووبێت، بە کردەوە بوونە خەڵکانێکی بازرگان. نیوەیان ئێستا دەڵێن لانی کەم سێ بەشی کاتیان بۆ بابەتی بازرگانی تەرخان دەکەن نەک ڕۆژنامەوانی.

ئێمە وەک هاووڵاتی پێویستە وریا بین. ڕۆژنامەنووسانیش لەبەرامبەردا پێویستە تێ بگەن پێگەیان لاواز کراوە. ئەوەی بەشێوەیەکی مەزن تێبینی نەکراوە ئەوەیە چۆن ئەم گۆڕانە ڕایەڵی نێوان هاووڵاتی و هەواڵ کۆکەرەوانی بێ هێز کردووە و چۆن لەدژی ئەو تیۆرەدایە کە پێناسەی چاپەمەنییی سەردەمی کردووە. گۆڕان لە جەختەکە گێژەن و کێشەی ئەخلاقیشی لەناو دامەزراوەکانی هەواڵی لێ کەوتووەتەوە و توانای ڕۆژنامەنووسانی بۆ دابینکردنی هەواڵ بەبێ ترس و لایەنگری سنووردار کردووەتەوە. یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکان بووە بۆ لەناوبردنی

متمانەی هاووڵاتییان بە چاپەمەنی و بۆ رابەرانی ژووری هەواڵی ناو کۆمپانیاکانیان لایەنگریکردنی بەرژەوەندیی گشتیی ئاڵۆز کردووە.

لەم خاڵەدا ئەو چمکەی پێویستە رۆژنامەنووسان هەوڵی بۆ بدەن–هەقیقەت–روون و ئاشکرایە، بەڵام ئەوە بەس نییە. ئەو مەرجانە چین بۆئەوەی رۆژنامەنووسان بتوانن بەهۆیانەوە هەقیقەت بزانن و ئەو هەقیقەتەش بەجۆرێک بگەیەننە جەماوەر کە بڕوای پێ بکەن؟ وەڵامەکە–دووەم بنەمای رۆژنامەوانی– لایەنگرییە.

کەس گومانی لەوە نییە داوودەزگاکانی هەواڵی وەڵامی زۆر پێکهاتەی جەماوەری دەدەنەوە. دامەزراوەکانی جەماوەری، گرووپەکانی لۆکاڵ، کۆمپانیاکانی هاوبەشی، پشکداران، ریکلامکاران و زۆر بەرژەوەندیی تر پێویستە رەچاو بکرێن و دامەزراوەییەکی هەواڵیی سەرکەوتوو لە خزمەتیاندا بێت. بەڵام ئەوەی خاوەن ئیمتیازی رۆژنامەکان لە سەدەی نۆزدەهەمدا بەرەبەرە درکیان پێ کرد و لەوکاتەوە بە مەینەتییەکی بەرچاوەوە چاکسازییان بۆ کردووە، ئەوەیە رۆژنامەنووسان (و زۆربەی جاریش خاوەنەکانیش) پێویستە تاکە دڵسۆزییەکەیان لەسەرووی هەمووان بێت. و ئەم خۆبەختکردنە دووەم بنەمای رۆژنامەوانی پێک دێنێت:

یەکەمین لایەنگریی رۆژنامەنووس بۆ هاووڵاتییانە

خۆبەختکردن بۆ هاووڵاتییان شتێکی زیاترە لە خۆپەرستیی پیشەییانە. رێکەوتنێکی شاراوەیە لەگەڵ جەماوەر کە بە جەماوەر دەڵێت هەڵسەنگاندنەکانی تایبەت بە فیلم راشکاون، هەڵسەنگاندنی ریستۆرانتەکان بەهۆی کڕیاری ریکلامێکەوە کاری لێ نەکراوە، گوزارشەکان لە بەرژەوەندیی خۆییدا نین و بەلای هاوڕێیاندا نەشکاونەتەوە. چمکی ئەوەی بەرهەمهێنانی هەواڵ بۆ گەڕان بەدوای ڕاستی و گوتنی راستییەکەیە رێگرییان لێ نەکراوە– تەنانەت ئەگەر ئەمە بە نرخی بەرژەوەندییە داراییەکانی تری خاوەن کۆمپانیاکانی هەواڵی بێت– پێش مەرجێکە بۆ گوزارشێکی نەک تەنیا ورد بەڵکو باوەڕپێکراوی هەواڵ. ئەوە بنەمای متمانەی هاووڵاتییانە بە دامەزراوەیەکی هەواڵی. سەرچاوەی متمانەی دامەزراوەکەیە. بە کورتی سەرمایەی پێدراوەی کۆمپانیای هەواڵی و ئەو کەسانەیە کەلەناوی کار دەکەن.

بەم شێوەیە ئەم خەڵکانەی هەواڵ کۆ دەکەنەوە وەک کارمەندانی کۆمپانیاکانی تر نین. ئەوان بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتییان لە ئەستۆیە کە هەندێک جار زاڵە بەسەر بەرژەوەندییە راستەوخۆکانی دامەزرێنەرانیان، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەرپرسیارێتییەش سەرچاوەی سەرکەوتنی داراییی دامەزرێنەرانیانە.

دڵسۆزی بەرامبەر بە هاووڵاتییان ئەو واتایەیە ئێمە بە سەربەخۆیی رۆژنامەوانی ناومان ناوە. وەک لەداهاتوو دەبینین، زاراوەکە زۆربەی جار وەک هاوواتایەک بۆ بیرۆکەی تر بەکار هاتووە، لەوانەش تێکەڵاونەبوون و دوورکەوتنەوە و دابڕان. بەڵام ئەم زاراوانە گێژەنێک دەخوڵقێنن و دەبنە

هۆی تێگەیشتنێکی لێڵ لەلای هەواڵکارانەوە. ڕۆژنامەنووسان بەشیان بە مەینەتیی خۆیان هەبووە، ئەمەش بە گواستنەوەی ئەو گێژەنە بۆ جەماوەر و لەئەنجامدا هاووڵاتییان بەشێوەیەکی درکپێکراو گوماناوی و تەنانەت زوێر بوونە.

ئەو کەسانەی هەواڵ بەرهەم دێنن هێشتاش بەقووڵییەوە بروایان بەو بیروکە ماوە کە ڕۆژنامەنووسان بە پلەی یەکەم خزمەتی هاووڵاتییان دەکەن. پرسیاری "ئاخۆ ئێمە بۆ کێ کار دەکەین؟" وەڵامێکی یەکجار بەهێزی لەنێو زۆربەی ئەو ڕۆژنامەنووسانی دیمانەمان کردن، دەرخست. لە ڕاپرسییەکی ١٩٩٩دا لەبارەی بەهاکانەوە کە لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی پیوو بۆ خەڵک و چاپەمەنی و لێژنەی ڕۆژنامەنووسانی پەرۆشەوە ئەنجام درابوو، پتر لە ٨٠٪ "ڕەچاوکردنی خوێنەر/ گوێگر/ بینەرەکەت وەک بەرپرسیارێتیی یەکەم"، وەک "بنەمایەکی سەرەکیی ڕۆژنامەوانی" لە قەڵەم دابوو. لە چاوپێکەوتنی تری کراوەی گشتگیردا لەلایەن دەروونزانانی پەرەسەندنەوە، پتر لە ٧٠٪ی ڕۆژنامەنووسان بەهەمان شێوە "جەماوەر"یان وەک یەکەم لایەنگرییان، لەسەرووی دامەزرێنەران و خۆیان و پیشەیان و تەنانەت خێزانیشیان دەستنیشان کردبوو. نیک کلۆنی، هەواڵبێژەری پێشوو لە لۆسانجلێس و چینچیناتی و شوێنی تر دەڵێت "من هەردەم بۆ ئەو خەڵکە کار دەکەم کە تەلەڤزیۆنەکە دادەگیرسێنن. هەردەم. هەر کاتێک من لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی یان ئەندامێکی دەستەی کارگێڕییەوە گفتگۆیەکەم هەبووبێت، بنەمام هەردەم ئەوە بووە (من بۆ ئێوە کار ناکەم، ئێوە چەکەکەی من دەدەن و من زۆر دڵخۆشم، بەڵام ڕاستیی بابەتەکە ئەوەیە من بۆ ئێوە کار ناکەم و ئەگەر بێتە سەر پرسی لایەنگری، لایەنگریی من بۆ ئەو کەسەیە تەلەڤزیۆنەکە دادەگیرسێنێت)... کاتێک من ئەو هەڵوێستەم ڕوون دەکردەوە، هەرگیز پرسیاری لێ نەدەکرا."

ئەم تێگەیشتە لەوەی ڕۆژنامەنووس لایەنگرییەکی لەوبەر و لەسەرووی لایەنگرییەکەی بۆ دامەزرێنەرکەی هەیە، ئەوەندە بەقووڵییەوە دەرکی پێ کراوە کە خۆی لە شۆڕشەکانی گشتی و زەقی ناو باشترین دامەزراوە هەواڵییەکانی بەرجەسە دەکات بەشێوەیەک کە لە پیشەسازییەکانی تردا بەخەیاڵدا نایەت. لە ٢٠٠٣دا کاتێک هەواڵنێران و نووسیارانی نیۆیۆرک تایمز هەستیان کرد دوو لە هەرە دەستڕۆیشتووترین خەڵکانی ناو ژووری هەواڵیان– نووسیاری جێبەجێکار و بەڕێوەبەری نووسین– ئەم لایەنگرییەیان بە چاوپۆشیکردن لە ڕەفتاری جێسن بلێیری هەواڵنێر کە دزی ئەدەبی و درۆی کردبوو، و دواتر بە هەواڵدان بۆ لادانی بەرپرسیارێتی لێی پێشێل کردووە، تووڕەییی ژووری هەواڵ خاوەن ئیمتیازی ناچار کرد ئەم دوو نووسیارە لا بدات. کاتێک مامەڵەکردنی خاوەن ئیمتیاز لەگەڵ تێوەگلانی جودیس میلێر، هەواڵنێری بە هەراو هۆریا، لە لێکۆڵینەوەیەکی درکاندنی نهێنییەکان لە ٢٠٠٥دا نیگەرانیی هاوشێوەی خوڵقاند، هەواڵنێرانی نیۆیۆرک تایمز، دان ڤان ناتا جونیێر و ئادام لیپتاک و کلیفۆرد جێی لێڤی باکیان نەبوو لە ئاشکراکردنی ئەم کێماسییانەی ڕۆژنامەکە. و دواتر لە هۆشیارکردنەوەیەکی یەکجار گشتیدا بۆ

سەرۆکەکەی، مورین داود ستوونووس لە لاپەڕەی بۆچووندا هەڕەشەی کرد ئەگەر میلێیر ڕێگەی پێ بدرێت بگەڕێتەوە سەر هەواڵنێری لەبواری تایبەتی خۆیدان جەماوەر نابێت ئیدی متمانەی بە رۆژنامەکە هەبێت. لەدواییدا میلێر دەستی لەکار کێشایەوە.

لە لۆسانجلێس تایمزدا هێنری واینستاینی هەواڵنێر و ئەوانی تر سەرکردایەتییی شۆڕشێکی هاوشێوەیان کرد پاش ئەوەی رۆژنامەکە لەگەڵ خاوەنەکانی یاریگەیەکی نوێی وەرزشی، ستێیپلز سێنتر، رێکەوتنێکی نهێنییان کرد بۆئەوەی سوودی ریکلامکردن بۆ چاپێکی کۆواری یەکشەممان بەتەواوەتی تەرخان بکرێت بۆ کردنەوەی یاریگەکە. جۆن کەرۆڵی نووسیار کە دواتر لە رۆژنامەیەکی هاوتاوە لە باڵتیمۆر بۆ بەڕێوەبردنی ژووری هەواڵی تایمز هێنرابوو، گوتی "لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی لە ژووری نانخواردن ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ئەوەندە تووڕە هەبوو کە گەیشتە لێواری توندوتیژی". ڕووداوەکە لەدواییدا لێکۆڵینەوەیەکی تەواو لە بەڕێوەبەرایەتیی رۆژنامەکەی بەدواوە هات و لەئەنجامدا بووە هۆی ئەوەی کۆمپانیاکە بە تریبیوون کۆمپانی بفرۆشرێت.

بۆ ئەوانی دەرەوەی بواری رۆژنامەوانی، ئەم تەقینەوە گشتییانە رەنگە ئاماژە بە قەیرانێک لە بەهاکانی رۆژنامەوانی بدەن. بێگومان سەرەڕوویەکانی بوونە هۆی ئەم شۆڕشانە رژدانە. بەڵام دژییەکییەکە لە خوێندنەوەیەکی وردتری ئەم حاڵەتانەدایە. بوێری و بێباکیی کاردانەوەکان لەناو ژووری هەواڵدا و سروشتە جەماوەرییەکانیان ئاستی قووڵی و گشتیبوونی پابەندی بە رێسای لایەنگری بەرامبەر بە جەماوەر لەنێو ئەوانەی لەم پیشەیەدا کار دەکەن، دەردەخەن.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە بەئاسانی نەهاتووەتە بەر. هەرچەندە هەوڵدان بۆ لایەنگری نیو سەدە پێش دەستی پێ کرد، بەڵام تاوەکو بەشی کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەم ژمارەیەکی زۆری خاوەن ئیمتیازانی رۆژنامەکانی پێشەنگ دەستیان بە گۆڕینەوەی سەربەخۆیی نووسیارانەیان بۆ ئایدۆلۆجیای سیاسی نەکرد. بەناوبانگترین جاڕدانی ئەم سەربەخۆییە دارایی و ئابوورییە لە ١٨٩٦ بوو کاتێک خاوەن ئیمتیازێکی گەنجی رۆژنامەیەک لە تێنێسی بەناوی ئادۆلف ئۆکس نیویۆرک تایمزی تەقەڵلادەری کڕی. ئۆکس لەو باوەڕەدا بوو ژمارەیەکی زۆری خەڵکی نیویۆرک لە ورووژێنەرایەتی هەرزانی ویلیام راندۆڵف هێرست و جۆزێف پوڵیتزر بێزار بوونە و ئامادەن بۆ شێوازێکی پڕچێژتر و وردبینانەتری رۆژنامەوانی. لەژێر سەردێری رەبەقی "راگەیاندنی کار"دا، ئۆکس لە یەکەم رۆژیدا وەک خاوەنی رۆژنامە ئەو وشانەی چاپ کرد کە بوونە میراتی ئەو. نووسی "ئامانجی راستەقینەی دابینکردنی هەواڵە بێ لایەنە وبێ ترس و لایەنگرییە بێ رەچاوکردنی پارت و تاقم و بەرژەوەندییەکانی تووشبوو".

خاوەن ئیمتیازانی تریش لێداوانی هاوشێوەیان بۆ سەربەخۆیی دا، بەڵام وەک ئەلێکس جۆنز و سوزن تیفتی نووسەر گوتویانە، ئۆک"لەڕاستیدا بڕوای بەوە هەبووە کە نووسیبووی". رۆژنامەکانی سەرانسەری وڵات لێدوانەکەیان بەتەواوەتی لە چاپ دا. کاتێک تایم بەردەوام بوو تا بووە کاریگەرترین رۆژنامە لە نیویۆرک و پاشان لە جیهاندا، ئەوانی تریش شوێن مۆدیلی ئۆک کەوتن، و

لەپێناو ئەو بیرۆکەیەی کە دانانی جەماوەر لەسەرووی بەرژەوەندییە سیاسی و داراییە راستەوخۆکان باشترین ستراتیژیی درێژخایەنە، پلانی بازرگانییان دەخستە مەترسییەوە. بۆ نموونە پاش کڕینی واشینگتۆن پۆست لە ١٩٣٣دا یوجین مێیر یەکەم کۆمەڵەی بنەماکانی داڕشت کە لەنێو مەرجەکانی تردا، نووسیبووی "لەگەڕان بەدوای راستیدا، پێویستە رۆژنامەکە ئامادە بێت بۆ قوربانیدان بە سەرمایە ماددیەکانی ئەگەر بێو ئەم کارە پێویست بێت بۆ بەرژەوەندیی گشتی".

کاتێک خاوەنەکان دەستیان کرد بە جاڕدانی سەربەخۆیی نووسیارانە لە ریکلامکردندا، رۆژنامەنووسانیش هەلەکەیان قۆستەوە بۆ بەرەوپێشبردنی پیشەکەیان. نەوەیەک لە رەخنەگرانی سەرەتاییی رۆژنامەوانی سەریان هەڵدا، وەک ویڵ ئایروین، هەواڵنێرێکی پێشووی رۆژنامە و نووسیاری مەکلێر مەگەزین کە لە ١٩١١دا زنجیرەیەکی پازدە بەشییی وروژێنەری لە کۆلیێرزدا چاپ کرد- ئەمەش تۆماری بوێرانەی وردەکارییەکانی خراپ بەکارهێنانی چاپەمەنی بوو. بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێی گلۆپ، ئایروین بانگەشەی بۆ رۆڵێکی نوێی رۆژنامەوانی لەڕووی خزمەتکردن بە جەماوەر کرد، "رووناکییەکی ئەلەکترۆنی لەناو رێگەیەکی تاریکدا". نووسیارانی رۆژنامەوانی لە بەرامبەردا کاریگەر بوون بە گوتەی سەرۆکەکانیان و سەرزەنشتەکانی رەخنەگران و هەوڵیان دا وەک گرووپ پەرە بە پیشەیان بدەن. ماڵکۆڵم بینگێی، ستوونوسێکی دیترۆیت فری پرێس پەرەسەندەکانی گەیاندە ئاستی دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی رۆژنامە، کۆمەڵگەی بازرگانییی سەرەکی بۆ ئەوانەی ژووری هەواڵی رۆژنامەکانی ئەمەریکا بەرێوە دەبەن. لە ١٩١٢ کۆمەڵێک نووسیار شەوێکی هاوین لە رۆکیز کۆبووبوونەوە بۆ لێڕامانی گلەشیێر نەشناڵ پارک :

کاتێک بەدەوەری ئاگری هەوارگەوە رۆنیشتن بیستیان (کەسپێر) یۆست (نووسیاری لاپەڕەی نووسیاریی سێینت لویسگلۆب دێمۆکرات) باس لە بیرۆکەیەک دەکات کە مێشکی داگیر کردبوو. خەونی بە داهێنانی دامەزراوەیەکی ئەخلاقی بۆ نووسیارانی رۆژنامەیی ئەمەریکاییەوە دەبینی... کەسپێری بچکۆلە، کە لەلایەن هاوسەردەمانی بە زەڕنیخ و کۆنە قەیتان ناونرابوو، رەنگە باشتر بە داهێنەری چمکی سەردەمیانەی بەرپرسیارێتیی چاپەمەنی بێتەوە یاد، چمکێک کە زۆربەی جار لەمڕۆکەدا لە مشتومڕیی زەقتر لەبارەی ئازادییی چاپەمەنی ون بووە.

سیاسەتی ئەخلاقییی دامەزراوەکە سەربەخۆییی نووسیارییی لە سەرووی هەموو شتێک دانا، بەپێی سیاسەتەکە"سەربەخۆیی، سەربەستی لە هەر پابەندییەک جگە لە بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە بەرژەوەندییی گشتی مەرجە. برەودان بە هەر جۆرە بەرژەوەندییەکی پێچەوانەی بەرژەوەندییی گشتی، بە هەر بیانۆیەک، لەگەڵ رۆژنامەوانیی راستگۆیانەدا ناگونجێت...کوێرە لایەنگری لە بۆچوونی نووسیاریدا کە سووڕ لە هەقیقەت دادەبڕێت، رۆحی بەرزی رۆژنامەوانیی ئەمەریکایی پێشێل دەکات، لە ستوونەکانی هەواڵیشدا بنەمای سەرەکییی پیشەکە سەراونخوون دەکاتەوە".

هیچ دامەزراوەیەکی سەرکەوتووتر یان لەڕووی داراییەوە ژیرتر لە وۆڵ ستریت جۆرناڵ نییە کە

چۆنیەتیی چەسپاندنی ئەم بنەمایەی خزمەتکردنی جەماوەر بە پلەی یەکەم، پێشان دەدات. کاتێک یەکێک لە ستوونووسەکانی، فۆستر وینانس، بەبۆنەی تێوەگلانی لە بازرگانییەکی حزبیانە لە ١٩٨٠کاندا گیرا، رۆژنامەکە هەستی کرد ناچارە سیاسەتی ئەخلاقییی خۆی سەرلەنوێ بەئاشکرا تاقی بکاتەوە و دایبڕێژێتەوە. "کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم سیاسەتە ئەوەیە ناوبانگی داوجۆنز بۆ جۆرێتی و سەربەخۆیی و راستگۆییی چاپەمەنییەکانی ئێمە ناخ و رۆحی هەڵمەتی ئێمەیە". ئەمە بنەمایەکی دارایی بوو نەک تەنیا رۆژنامەوانی، وەک چۆن بۆ دامەزراوە هەواڵییەکانی تریش هەر وایە. "داوجۆنز ناتوانێت پیش کەوێت ئەگەر بێو کڕیارانی ئێمە نەتوانن باوەڕ بەوە بکەن...شرۆڤەکانمان دەربڕی بڕیاردانە یەکجار سەربەخۆکانمانن نەک مەیلەکانمان یان مەیلی سەرچاوە و ریکلامکارانمان یان ئەوانەی زانیاریمان بۆ دابین دەکەن".

رۆژنامەکان لە ١٩٦٠ەکاندا قۆرخ کران و بەگشتی ئەم دروشمانە لە ساتەکانی تەنگژەکاندا کاڵ بوونەوە، تەنیا لە رۆژنامەی وەک جۆرناڵدا نەبێت. بەڵام رۆژنامەوانیی تەلەڤزیۆنی کە لە ڕووی بازرگانییەوە یەکجار زۆرتر رکابەرانەیە، بەردەوام بوو لە بازرگانیکردن بەناوی جەماوەرەوە. بۆنموونە لەماوەی ١٩٩٠ەکاندا لە کاتی سەرهەڵدانی گومان لەبارەی چاپەمەنی "لایەنگری ئێوە" و "لە خزمەت ئێوەدا" بووبوون بە هەرە باوترین دروشمەکانی جەماوەری ناو هەواڵی تەلەڤزیۆنە لۆکاڵەکانەوە. لێکۆڵینەوەی کەناڵە لۆکاڵەکان و گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر کە پرۆژەی نایابی لە رۆژنامەوانیدا سەرپەرشتیی کردبوون، ئاماژە بەوە دەدەن ئەو دروشمانە هەروەها کاریگەرترین دروشم بوونە.

## سەربەخۆیی تا دابڕان

هاوشێوەی زۆر بیرۆکەی پیشەییانە، سەربەخۆیی نووسیاری بە تێپەڕینی کات لە هەندێک ناوچەدا وا خەریکە دەچێتە ناوقاڵبی دابڕانەوە. کاتێک رۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن رێز لە سەربەخۆیی سەخت وەدەستهاتووەی خۆیان بگرن و لەدژی پاڵەپەستۆکانی حزبایەتی و بازرگانییەوە بیپارێزن، هەندێک جار لەپێناو خودی سەربەخۆییدا داوی سەربەخۆیی دەکەون. ئازادی لە پاڵەپەستۆکانی دەرەکی رەنگە ببێتە هۆی دابڕان لە کۆمەڵگە.

تاڕادەیەک ئەمە دەرەنجامی گۆڕانی پیشەییانەی رۆژنامەوانی بوو. لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریی رۆژنامەنووسان و خۆڕێکخستنەوەی چاپەمەنی لە کۆمپانیا زنجیرەیییەکاندا، کۆمپانیاکان دەستیان کرد بە بەکارهێنانی رۆژنامە و وێستگە تەلەڤزیۆنییەکان وەک سیستەمی کێڵگەیی بۆ راهێنانی رۆژنامەنووسان لە بازاڕی بچووک لەپێناو وەرگرتنی ئەرک لە بازاڕی گەورەتر لە داهاتوودا. بەپێی راپرسییەک لە ١٩٩٧دا دوو لەسەر سێی رۆژنامەنووسانی رۆژنامە لەو کۆمەڵگەیەی رووماڵیان دەکرد، پەروەردە نەبووبوون. زۆربەیان هەستیان بەوە دەکرد "کەمتر تێکەڵاو"ی کۆمەڵگەکانیانن بەبەراورد لەگەڵ خەڵکانی تری ناو کۆمەڵگە – هەڵکشانێکی زەق

بەبەراورد لەگەڵ هەشت ساڵی پێشوو. ڕۆژنامەنووسان وا دەبوونە دانیشتووی ڕەفتەنیی کۆمەڵگەی ڕۆژنامەوانی، چینێکی "کۆچەرییەکانی هەواڵکار".

هۆکاری دووەم بۆ دابڕانی گەشەسەندوو گۆڕانێک بوو لە تۆنی ڕۆژنامەوانی. پاش ڤێتنام و واترگێیت و دواتر لەگەڵ سەرهەڵدانی هەواڵی رادیۆو تەلەڤزیۆن ٢٤ کاتژمێری، ڕۆژنامەوانی بەشێوەیەکی هەستپێکراو زیاتر بووە خۆییانە و ڕەخنەگرانە. گوزارشەکان زیاتر دەپرژانە سەر لێکدانەوەی قسەی جەماوەر لەبری ئەوەی تەنیا بیگوزانەوە. لێکۆڵینەوەیەکی بەرچاو دەری خست بونموونە لە تەلەڤزیۆندا درێژیی لێدوانی هەر پاڵێوراوێک یان ساوند بایتەکە لە گەشتی هەواڵی شەوانەدا لەماوەی ساڵانی هەڵبژاردندا بەرەبەرە لە تێکڕای ٤٣ سات لە ١٩٦٨ بۆ تەنیا ٩ سات لە ١٩٨٨ دابەزی. لە هەمان کاتدا کۆتاییە زەقەکانی تێیاندا پەیامنێران هەواڵەکەیان کورت دەکردەوە، درێژتر و ڕەخنەگرانەتر بوون. لە ڕۆژنامەکاندا، وەک چۆن لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر دەریان خستووە، هەواڵەکان تا دەهات کەمتر لە سەر لێدوانی پاڵێوراوان و زیاتر لەسەر هاندەرە تاکتیکییەکانی لێدوانەکانیان هەڵوەستەیان دەکرد. لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی یەکەم لاپەڕەی نیۆیۆرک تایمز و واشینگتۆن پۆست دەری خست ژمارەی "هەواڵە ڕاستەوخۆ"کان دابەزی و ژمارەی هەواڵە لێکدانەوەیی و شرۆڤەییەکان هەڵکشا. زۆربەی جار ئەم هەواڵە لێکدانەوەییانە بە شرۆڤەیی وەسف نەدەکران یان ناو نەدەبران. دەستەواژەی داڕێژراو بۆ پەردەلادان لەسەر چالاکیی سیاسی، لەوانەش سپاین داکترز و فۆتۆ ئۆپ بەرەبەرە لە چاپەمەنیدا دەرکەوتن. لەکاتی خۆیدا ئەمە بووە هۆی دەرکەوتنی کۆمەڵە زاراوەیەکی نوێی سەبارەت بە هەڵسووکەوتی ڕەخنەلێگیراوی ڕۆژنامەنووسان– زاراوەی وەک فرێنزی فیدینگ و گۆچا جۆرناڵیزم.

لەناو دەستی هەندێک کەسدا، ئەم شێوازە پتر شرۆڤەییە لەخزمەت مەیلی ڕۆژنامەنوسەکەدایە بۆ خولقاندنی کەسێکی جەماوەری بەهەمان ڕادەی هەر شتێکی تر. لە ساڵی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ٢٠٠٠دا مایکڵ کێڵیی ستوونووسی سیاسی ڕەخنەی لە ئاڵ گۆری دیموکرات گرت بەبۆنەی هەڵدان بە کولتووره لادێییانەکەی. دەقی "ئالی جووتیار" گاڵتەی بەو ڕاستییە کرد کە گۆر گەنجێتیی خۆی زیاتر لە واشینگتۆن هۆتیلدا بەسەر بردووە کاتێک باوکی لە سینای وڵاتە یەکگرتووەکاندا بووە، نەک لە تێنێسی:

ئال بەناو شوقفە فراوانەکەدا ڕای کرد (خانووە کێڵگەییەکەی بنەماڵەی گۆر لە شەش ژووری گەورە پێک هاتبوو لەبەرزترین نهۆمی (هۆتیلی) فێیرفەکس و ئالیش شانازی بەوە دەکرد، ئەو ماڵانەی واشینگتۆن کە خانووە لوکسەکانیان دیمەنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوابوونیان لێ دیار بوو، زۆر نەبوون)... ئەو بەدەم ڕاکردنەوە نانی خوارد و تەنیا بۆ ڕاکێشانی تەورە بەوەفا دوو سەرەکەی لە هەڵواسەی سەیواندا ڕاوەستا.

پارچە دەقە تەواو گاڵتەئامێزەکەی کێلی بەبۆنەی ئاشکراکردنی دووڕووبوونی هەستپێکراوی گۆر پەسن درا. کێشەکە لەوەدا بوو دوازدە ساڵ پێشتر، بەر لەوەی ببێتە ستوونووسی

واشـینگتـۆنی ناسـراو بە زمـانە بڕاکـەی، کـێلی وەک هـەواڵنێری باڵتـیـمـۆر سـان هەمـان ئەو ڕاستییانەی وەک ڕاستیی پێسەلمێن نەک دووڕوویانە پێشکێش کردبوو:

لەناو مـەزرادا، لەگـەڵ پێـداگیـریی بـاوکی و سکاڵاکـانی دایکی، ژیان جـیـاواز بوو. گـۆر دەڵێت "هاوینـان دەبووایە پێش گـزنگ لەخـەو هەسـتـابام و لە لەوەڕاندنی دەوار یـارمـەتیم دابـا. پاشـان دەبووایە شوێنی بەرازەکانم خاوێن بکردایە...دواتر دەبووایە بەدرێژای ڕۆژ لەناو مەزرا کار بکەم و دووبارە پێش نانی ئێوارە خواردن بە دەوار بدەمـەوە". بە هـەموو شـێوەیەک، بەڕێز گۆر لـە سـەرتای گەنجێتییەوە سـەرووئاساییانە ڕژد و تێکۆشـەر بووە.

تەنانـەت کـۆمـەڵێک ڕۆژنامـەنووس نیگەران بوون لەوەی ژمـارەیەکی زۆری هـاوکـارانیـان هێـڵی گومانیان بۆ ڕەشبینی یان بۆ تەنانەت جۆرە پووچگەراییەکی ڕۆژنامەوانی- فەلسەفەی بڕوانەکردن بە هیچ شتێک- دابەزاندبوو. فیڵ ترۆنستاین کە ئەو کات نووسیاری سیاسیی سان جۆز مێرکۆری نیـووز بوو، هـان درا بـۆ نووسـینی گوتارێک لەسـەر بـابەتەکە بۆ لێژنەی ڕۆژنامـەنووسـانی پەرۆش. "وێ دەچێت خـراپتـرین شت کـە هـەواڵنێـر یان شـرۆڤـەکارێک لە هەندێک بازنـەدا پێی تۆمـەتبـار بکرێت، نە ناتەواوی و نە نادادوەری بگرە خۆشباوەڕی بێت".

پرۆفـیسـۆر جـۆزێف ئێن کـاپێـلا و هاڵ جـێـیمـسنی زانکۆی پێنسیـلڤیـا لە زێ سـپـایرڵ ئاڤ سینیسیزم، زێ پرێس ئەند زێ پابلیک گود پێیان وایە بەشێکی گرینگی کێشەکە ئەوەیە تا دێت زیاتر ڕۆژنامەنووسان دەپرژێنە سـەر پاڵنەرەکانی کاربەدەستانی گشتی نەک کردەوەکانیان. ئەوان گوتوویانە بە وەرچەرخـان لە "چی"ی ژیانی سیاسی بۆ "بۆچی"، ڕۆژنامـەنووسان ژیانی سیاسییان کردووەتە "نهێنی"، کردوویانەتە سـایکۆلۆجیا و خـودی سیاسـەتوانان وایان کردووە کەمتر باس لە دەرەنجـامـەکانی ئەو سیاسـەتەی بکرێت کە لەڕاسـتیدا کاریگەری لەسـەر هـاووڵاتییـان دەبێت. ئەم هەڵوەستە ڕەشبینانە وێ دەچێت ڕۆژنامەنووسان لە هاووڵاتییان زیاتر دابڕێنێت.

لە کـۆتاییدا دابرانـی خـزۆکـانـەی ڕۆژنامـەوانی هـاوکـات بوو لەگـەڵ سـتـراتژییـەتی بازرگـانی لە زۆرێک لە ڕۆژنامـەکـان و دواتر لـە وێسـتگەکـانی تەلەڤـزیۆنیـشـدا لەپێناو بەرزکـردنەوەی سـوود، ئەمەش لەڕێگەی بەدواداچوونی جەماوەری هەرە زەنگین یان کـاریگەر نەک گەورەترین جـەماوەر. لە تەلەڤزیۆندا ئەمـە بەمانای داڕشـتنی پرۆگرام بوو بۆ ژنانی تەمـەن ١٨ تا ٤٩ ساڵ کە بەشی زۆری بڕیارەکـانی تایبـەت بـە کـڕینی ناو مـاڵ دەدەن. لە ڕۆژنامـەکـاندا ئەوە بەو مـانـایە تیـراژەکـە بەپێی پۆسـتـەی نـاوچەکـانی پرسـوودتر سنووردار بکرێت، کـە ئەمـەش خـەرجی بەرهـەمـهـێـنان و بڵاوکـردنەوەی کـەم دەکـردەوە. ئامـانجکردنی هەواڵ بـەو مـانـایە بوو کـۆمـپـانیـایەکی هـەواڵی بەشێوەیەکی تیۆری دەیتوانی لە شتێکی کەمترەوە زۆرتر قـازانج بکات- ئاستێکی بەرزتری ڕیکلام و جەماوەرێکی بچووکتر. هەروەها بەو مانایە بوو ڕۆژنامە یان وێستگە تەلەڤزیۆنییەکە دەیتوانی لە ڕووماڵکردنەکەیدا چەند بەشێکی کۆمەڵگە فەرامۆش بکات، کە هەروەها دەبووە هۆی کۆکردنەوەی پارە. دابڕان، بە واتایەکی دی، بووە پلانێکی بازرگانی. پاش ئەوەی میناپۆلیس ستار تریبیوون لە

ماوەی سێ ساڵ لە ناوەڕاستی ١٩٩٠ەکاندا لە ٤٪ی تیراژی دابەزاند، جۆل کرەمری خاوەن ئیمتیاز بە نیویۆرک تایمزی گوت "بازرگانییەکەمان تەندروستترە چونکە پارەیەکی پتر لە خوێنەرانمان وەردەگرین و تیراژێکی کەمترمان داناوە". لەوانەیە هیچ شتێک باشتر بۆچوونەکە روون نەکاتەوە لە چیرۆکی ئەو کاربەدەستەی بلوومینگدێیت نەبێت کە بە روپێرت مێردۆچی گوتبوو کۆگاکە لە نیویۆرک پۆستی مێردۆچدا ریکلامی نەکردووە، چونکە "خوێنەرانی ئێوە دووکانبڕانی ئێمەن". هەرچەندە لەوانەیە بێژەرەکەی نەناسراو بێت، بەڵام چیرۆکەکە بووە ئەفسانەیەکی شارستانی لە بازرگانیی رۆژنامەدا، چونکە چوارچێوەیەکی زۆر پڕ بەپێستی بۆ شێوەی کارکردنی پیشەسازییەکە دانابوو.

## کاردانەوە لەدژی دابڕان

هەرچەندە ژمارەیەکی کەم لەکاتی خۆیدا هەستیان پێی کرد، بەڵام لە ١٩٩٠ەکاندا شتێک دەستی پێ کرد گۆڕا بۆ بیرکردنەوە لە سەربەخۆیی ژووری هەواڵ. هۆکاری سەرەتایی بریتیی بوو لەوەی ستراتیژیەتی کاری لە ئامانجکردنی دیمۆگرافییەکان بەرەبەرە شکستی هێنا. دەستکەوتنی پارە بەبێ بەرزکردنەوەی تیراژ سەرکەوتنی وەدەست هێنابوو، لەبەر ئەوەی کاری رۆژنامەوانی ئەوەندە قۆرخ کرابوو کە توانیبووی بنەمای ریکلامکردنی بە شتێکی ئاسایی دابنێت. نێزیکی ١٩٨٩ لەگەڵ گۆڕانی وەرچەرخێن لە تەکنەلۆجیای پێوەندییەکان و تاکفرۆشی ئەو بارودۆخە سست بوو. هەرەسهێنان و ئاوێتەبوون و قەرد دوکاندار و کۆگاکانی بەشەکان- کۆڵەکەی دارایی رۆژنامەکانی-لەرزاندەوە. تاکفرۆشانی داشکێنەرکە شوێنی ئەوانیان گرتەوە ریکلامی رۆژنامەکانیان نەدەکڕی، چونکە لەبەرئەوەی هەموو شتێک رۆژانە دادەشکا، پێویستیان بە ریکلامکردنی شتە تایبەتەکانیان نەبوو. بەگوتەی سەنفۆرد سی بێرنستاین لە یازدەی ساڵی نێوان ١٩٨٠ تا ١٩٩١، مەودای ریکلامکردن لە رۆژنامەکانی شارە گەورەکان ٨٪ دابەزی. لە ١٩٩١دا بە تەنیا، پیشەسازییەکە دابەزینێکی ٩,٤٪ ی لە ریکلامکردنی تاکەکاڵایی تووش هات- خێراترین دابەزینی یەک ساڵە لە مێژوودا. گۆڕانێکی وێکچووش خەریک بوو کاری لە تەلەڤزیۆن دەکرد، کاتێک بینەران بەرەو پرۆگرامی نیمچە هەواڵی، وەشانی دووبارەی هەواڵ و لەدواییدا بەرەو ئەنتەرنێت خزان.

هاوکات لەگەڵ ئاڵۆزتربوونی بازرگانیی رۆژنامەوانی بەڕێوەبەران هەستان بە نوێکردنەوەی شێوازی کارکردنیان. لە رۆژنامەکاندا ئەوە بەمانای برینی خەرجییەکان بوو نەک وەبەرهێنانی پتر لە هەواڵ- ئەمەش لەپێناو بەرزبوونەوەی خواستی. لەنێوان ١٩٩٢ تا ١٩٩٧ رۆژنامە بچووکترەکان ١١٪ و رۆژنامە گەورەترەکان ١٤٪ی ئەو بودجەکەیان لە خەرجیی هەواڵ بڕی. لەجیاتی بازرگانییەکە پتر لە بازاڕدۆزینەوەدا وەبەرهێنانی کرد.

بەڕێوەبەرانی بازرگانییەکە هاوکات لەگەڵ کەمکردنەوەی خەرجییەکان بەرەبەرە چاوەڕوانی

بەرپرسیارێتییەکی پتریان لە نووسیارانیان دەکرد. ئەوان هەروەها بەرەبەرە داوای خەڵکی هەواڵکارایان دەکرد بۆئەوەی رەواییی بدەن بە رۆژنامەوانییەکەیان. خەڵکانی بازرگان لێکۆڵینەوەی تایبەت بە بازاڕ و هەموو چەشنە تەکنەلۆجیایەکی نوێ– داتای خولەک بە خولەک لەسەر تەلەڤزیۆن، داتای گرۆپەکانی هەڵسەنگێنەر و تەنانەت شاشەی سەرووسووریان هەبوو کە رێچکەی جوڵانی چاوی خوێنەری لەسەر لاپەڕەیەک دەدۆزییەوە. ئومێد دەکرا ئەگەر رۆژنامەنووسان تەکنەلۆجیای زیاتر بەکار بێنن، دەسەڵاتیان زیاتر دەبێت بۆ جێگیرکردنی تیراژ و ئەوەندە لەناو خەڵک ناجەماوەری نەبن.

بەرەبەرە لەنێوان بازرگان و هەواڵکاران و لەوەش خراتر لەنێوان هەواڵنێران و بەڕێوەبەرانی هەواڵکار کەنداوێکی دروست دەبوو. رۆژنامەنووسان پێیان وابوو لایەنە بازرگانییەکە لە دژی سەربەخۆییی رۆژنامەوانییانە و لەوە نیگەران بوو بەرپرسیارێتی وشەیەکی هێمایی بێت بۆئەوەی رێگە بە ریکلامەکاران بدات هەواڵەکان دابڕێژن. لایەنە بازرگانییەکە بەرەبەرە پرسیاری لەوە دەکرد ئاخۆ ژووری هەواڵ یەکجار سەرسەختە بەرامبەر بە گۆڕانکاری، رەنگە دابڕانی خەیاڵیی ژووری هەواڵ سەرچاوەی چەقبەستنی بازرگانان بووبێت. شەڕێکی کولتووری بەرەبەرە لەناو بازرگانییی هەواڵدا خۆشتر دەبوو.

دێبۆرا هاوڵ، سەرۆکی ئەوکاتی نووسینگەی واشینگتۆنی نیووهاوس نیووزپێیپرز لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی رۆژنامە لە ١٩٩٨دا گوتی " زۆر هەواڵنێر لەو باوەڕەدان نووسیارانیان سنووریان بەزاندووە".

لە هەمان کاتدا ئەو رۆژنامەنووسانەی لەناو کۆمپانیاکانیاندا پاڵپشتییان لە بنەمای بەرژەوەندییی گشتی کردبا رەنگە بە ساویلکە، کۆنباو یان سەرسەخت ناوبرابان. "ئەگەر لەناو کۆمپانیای هاوبەشیدا باس لە "خزمەت بە جەماوەر" بکەیت بە کەسێکی ئایدیاڵیست و ناواقیعی ناو دەبردرێیت و گوێت لێ ناگرن"، جۆن کەرۆڵ گوتی. ئەو ریکۆردی سێزدەی خەڵاتەکانی پۆلیتزر لەماوەی پێنج ساڵی کارکردنی لە ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٥ لە لۆسانجلێس تایمزدا بردەوە و پاش ململانێ لەگەڵ سەرکارەکانی لە کۆمپانیای هاوبەشیی تریبیوون کۆمپانی لە شیکاگو دەستی لەکار کێشایەوە.

هەر دوو لایەن زۆربەی کات بەو رادەیەی لە گوفتاردا دابەش بووبوون لە واقیعدا دابەش نەبووبوون. شەڕە راستەقینەکە لەسەر بەهاکان نەبوو بەڵکو لەسەر سروشتی گۆڕانەکە بوو. لایەنگرانی گۆڕان خۆیان لە ململانێکردن بۆ زیندووڕاگرتنی پیشەسازییەکە دەدۆزییەوە، بەرهەڵستیکارانیش خۆیان لە بەرەی بەرگریکردن لە رەوەشتی پیشەیی کە کۆڵەکەی سەرکەوتنی بازرگانییەکە بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا دووبەرەکییەکە دەرەنجامی زیانبەخشی هەبوو. یەکێکیان ئەوە بوو نوێخوازان سەرکۆنە کران. کاتێک مایک فەنچر لە سیاتێل تایمز لە ١٩٩٠ەکاندا پێشنیاری کرد پێویستە

نووسیاران زانیاریی زیاتر لەبارەی بازرگانی وەدەست بێنن بۆئەوەی پارێزگاری لە خۆیان بکەن، پشتگوێ خرا. ئەو بزووتنەوەیەی بە ڕۆژنامەوانیی "جەماوەر"ی یان "شارستانی" ناسرا، بە هەمان شێوە هەڵگری بیرۆکەگەلی بەرز بوو لەبارەی هەوڵدان بۆ دووبارە پێوەندیکردن لەگەڵ کۆمەڵگە، ئەمەش لە ڕێگەی تەکنیکی نوێی وەک تێگەیشتن لەوەی دەنگدەران لە هەموو شتێک پتر پەرۆشی چین و پاشان داواکردن لە کاندیدە سیاسییەکان بۆ باسکردنی ئەو نیگەرانییانە. بەڵام بەمسۆگەری هەموو تاقیکردنەوەکان سەرکەوتوو نەبوون. لە هەندێک باردا دەنگدان یەکجار دەقاودەق بەدواداچوونی بۆ دەکرا و ڕێگەی بە سەپاندنی هەواڵەکە دەدا. لە بارەکانی تردا دروشمی ڕۆژنامەوانیی شارستانی وەک پلانێکی بازاڕدۆزینەوە بەکار دەهات. زۆر لە ئەندامانی دەستەبژێری ڕاگەیاندنی نەتەوەیی ئەو نموونانەیان قۆستەوە بۆ بەرهەڵستیکردنی گۆڕان.

دووەم دەرەنجامی دووبەرەکییەکە ئەوە بوو کۆمەڵێک نەریتی بازرگانی لە ژووری هەواڵدا بەکار دەهاتن کە پێچەوانەی بەرژەوەندییە بەرزەکانی ڕۆژنامەوانی و هاووڵاتییان بوون. یەکێک لە هەرە بنەڕەتیترین تەکنیکەکانی خوڵقاندنی بەرپرسیارێتی لەناو ژووری هەواڵ پرۆگرامێکی هاندەرانە بوو بە ناوی بەڕێوەبەردن بەپێی ئامانج یان ئێم بی ئۆ. چمکەکە کە لە ١٩٥٠کاندا لەلایەن شارەزای بەڕێوەبەرن پیتێر ئێف دراکرەوە داهێنرا، سادەیە: لەڕێگەی دانانی ئامانجەکان و زیادکردنی پاداشت بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان کۆمپانیا دەتوانێت سیستەمێکی یەکانگیر هەم بۆ هەماهەنگیردن و هەم چاودێریکردنی کاری کاربەدەستانی دابمەزرێنێت.

ئەمڕۆکە بەشێکی زۆری کاربەدەستانی تەلەڤزیۆنی و چاپەمەنی ئێم بی ئۆیان هەیە. ژمارەیەکی زۆریان بەشێوەیەک داڕێژراون کە لەخۆوە ڕۆڵی ڕۆژنامەنووسان یان پێداویستییەکانی کۆمەڵگەکان دەشێوێنن یان لاوازیان دەکەن. لە ڕاپرسییەکی ستێیت ئۆڤ زێ ئەمێریکەن نیووزپێیپر پرۆجێکت لە ١٩٩٨دا، ٧١٪ی نووسیارن گوتیان کۆمپانیاکانیان ئێم بی ئۆ بەکار دێنن. لەوانەی بەکاریان دەهێنا، نیوەیان گوتیان ٢٠٪ تا ٥٠٪ی داهاتیان لە پرۆگرامەکانەوە سەرچاوە دەگرێت. و زۆربەی ئەم نووسیارانە گوتیان پتر لە نیوەی پاداشتیان گرێدراوی چالاکیی داراییی ڕۆژنامەکانیانە.

چ شتێکی ئەم نەریتانە نەشیاوە؟ لەبنەڕەتدا ڕۆژنامەوانی چ سوودێکی هەیە ئەگەر فرۆشی نەبێت؟

کێشەکە ئەوەیە گرێدانی داهاتی ڕۆژنامەنووسان بە چالاکییی داراییی دامەزراوەکەی لەڕاستیدا لایەنگریی ڕۆژنامەنووسەکە دەگۆڕێت. کۆمپانیا وا بەئاشکرا دەڵێت بەشێکی باشی لایەنگریی ڕۆژنامەنووس زیاتر لەوەی بۆ خوێنەر و بیسەر و بینەرانە پێویستە بۆ سەرچاوەی کۆمپانیا هاوبەشییەکان و پشکداران بێت. ئەی ئەگەر ریکلامکارێک ڕوونی بکاتەوە داهاتی زۆرتر بەڕێوەیە ئەگەر ڕووماڵکردنی بابەتێک بەرەبەرە بوەستێنرێت یان ئەگەر هەواڵنێرێکی دیاریکراو دەربکرێت یان لە بواری خۆی لا بدرێت؟ کەی ریکلامکارێک داوای ڕووماڵکردنێکی پتری گەندەڵیی بازرگانی یان جێگیرکردنی نرخی کردووە؟ تۆ چۆن دەتوانیت هەواڵ بێ ترس یان لایەنگری

بگوازییەوە کاتێک بۆ نووسیارەکە روون دەکەیەوە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی وەدەستهێنانی پارەیەکی زیاترە بەم شێوەیە. ئێم بی ئۆی گرێدراو لە قازانج ئەو لایەنگرییە دابەش دەکات.

ساندرا رۆی نووسیاری ئۆرێگۆنیەن ی پۆرتلاند باش بۆ کێشەکە چوو. ئەو گوتویەتی ئاساییە رۆژنامەنووسانت فێری بازرگانی بکەیت. پرسیارەکە ئەوەیە رۆژنانەنووسانت پێڕۆی کام لایەنن؟ ئاخۆ ئەوان ئەو رۆژنامەنووسانەن کە لە بازرگانی تێ دەگەن؟ یان کەسانی بازرگانن کە لە رۆژنامەنووسی تێ دەگەن؟ جیاکردنەوەکە پێوەندییی بە لایەنگرییەوە هەیە. ئاخۆ کلتووری کۆمپانیای هاوبەشی لەسەر ئەو بۆچوونە دامەزراوە کە خۆبەختکردن بۆ خزمەت بە هاوولاتییان ئەنجامەکەی هەرەسهێنانە؟ یان کلتوورەکە لە سەر خۆتەرخانکردن بۆ گەورەترین قازانج دامەزراوە تەنانەت ئەگەر لەسەر حسێبی پێویستیی هاوولاتییانیش بێت؟

سەرشێواندن لە رۆژنامەنووسان سەبارەت بە لایەنگرییەکانیان هەمیشە دەرەنجامی هەستپێکراوی هەبووە. کاتێک زانرا ویزگەیەکی تەلەڤزیۆنیی سەربە فۆکس لە تێنێسی لەنووسینی رووماڵێکی ئەرێنی بۆ ئەوانەی لە سەر وێستگەکە ریکلامیان دەکرد ئومێدبەخشە، دۆزینەوەکە رێخۆشکەر بوو بۆ خزمەتگوزارییی ئاژانسی هەواڵی. ئەوەی نوێ نەبوو ئەوە بوو نەریتەکە یەکجار بەربڵاوتر بوو لەوەی زۆرێک لە رۆژنامەنووسان هەستیان پێ کردبێت. "ئەوە هەمیشە بە چاونووقانێک و سەرلقانێک روو دەدات..بەتایبەتی لە بازاڕە بچووکەکاندا کە سوودەکە سەختترە وەدەست دێت. ئەوەی تەنانەت زۆر باوتریشە ئەوەیە کاتێک لەسەر هەواڵێک لەبارەی هەر بابەتێک کار بکەیت، بۆچوونێک هەیە کە یەکەم چاوپێکەوتنت لەگەڵ سپۆنسەرێکدا دەبێت"، کاربەدەستێکی پێشووی فۆکس کە ناوەکەی دەپارێزین بۆئەوەی لەکارەکەی لە تەلەڤزیۆنی بازرگانیدا بەردەوام بێت، وای گوت.

زۆر شارەزای هەواڵکار دان بەوە دەنێن بۆچوونەکە کلاسیکییە. "ئێمە پێویستە لەگەڵ کەسێک قسە بکەین. رەنگە ئەوەش کەسێک بێت کە سپۆنسەری پرۆگرامەکانمان دەکات". تەکنیکێکی تر ئەوەیە پێشکەوتنە بازرگانییەکانی سپۆنسەرە سەرەکییەکان وەک بازرگانانی ئۆتۆمبێل بگوازرێنەوە، ئەمەش بەشێوەی بۆنەی جەماوەری بە شێوەی پرۆگرامی راستەوخۆ کە هەندێک جار بە بەکارهێنانی کارمەندانی هەواڵکار یان زۆربەی جار پێشکێشکارانی هەواڵی کەشوهەوا یان وەرزش ئەنجام دەدرێت.

## هاوولاتییان کڕیار نین

هێنانی بەرپرسیارێتیی بازرگانی بۆ ژووری هەواڵ بەمانای هێنانی زمانی بازرگانیش بوو. لە کۆمەڵێک کۆمپانیا ئەمە بەمانای پیادەکردنی زمانی بازاڕدۆزینەوە بۆ هەواڵ و هەژمارکردنی خوێنەر و بینەر بە "کڕیار" بوو- تێگەیشتن لە کڕیاران بە واتای "بازاڕدۆزینەوە" و هەواڵیش بەمانای

"خزمەتگوزاریی تایبەت بە کڕیار". بۆب ئینگڵی سەرنووسیاری پێشووی سان جۆز مێرکۆری نیووز و سەرۆکی پێشووی چالاکییەکانی میدیای نوێ لە نایت رایدر دەڵێت " باشترین نووسیاران بازاڕدۆزەرەوەن. ئەوەش ئەو شتە بوو من وەک نووسیار هەوڵم بۆی دا- کارمەندانی نەفرەتی ناچار بکەم گوێ لە جەماوەر بگرن. دەمەویست ئاوا باسی من بکەن (ئەو بازاڕدۆزەرەوەیەکی سەرسڕمینە)".

کەم کەس پێیان وایە ڕۆژنامەنووسان پێویستە بازاردۆزەرەوە بن، بەڵام لێرەدا وردبینی گرینگە. وشەی کڕیار هەم یەکجار بەرتەسک و هەم ناتەواوە. کڕیارێک وەک لە فەرهەنگی کەلەپووری ئەمێریکا بۆ زمانی ئینگلیزیدا پێناسە کراوە "ئەو کەسەیە کە کاڵا یان خزمەتگوزاری دەکرێت". بەشی زۆری ڕۆژنامەوانی خزمەتگوزارییەکی کڕاوە نییە. بە خۆڕایی دابین دەکرێت- بە لەخۆگرتنی پێگە هەواڵییەکانی ئەنتەرنێتی و زۆرێک لە هەفتەنامەکانی ئەمەریکایی و هەواڵەکانی رادیۆیی و تەلەڤزیۆنی. جگە لەوەش ڕۆژنامە و کۆوارەکانی شارە گەورەکان لەڕاستیدا بە زەرەوە بە جەماوەر دەفرۆشرێن.

هەواڵکاران لەجیاتی ئەوەی دەق بفرۆشنە کڕیاران خەریکن پێوەندییەکی راوەستاو لەسەر بەهاکان و هەڵسەنگاندن و دەسەڵات و بوێری و پیشەییبوون و خۆبەختکردنیان بۆ کۆمەڵگە، لەگەڵ جەماوەریان دادەمەزرێنن. دابینکردنی ئەم خزمەتگوزارییە رایەڵێک لەگەڵ جەماوەر پێک دێنێت کە دواتر دامەزراوەکە بەکرێ دەیدات بە ریکلامکاران.

جەماوەری هەواڵی کڕیارە، بەڵام ناوبردنی بە کڕیار یەکجار ئاسانکراو و سەرشێوینەرە. پێوەندییەکە لەوە قووڵترە و لە کڕیاری راستەقینەی بازرگانییەکە واتە ریکلامکار جیاوازە.

بە کورتی پێوەندیی بازرگانیی ڕۆژنامەوانی جیاوازە لەو بازاڕدۆزینەوەی کۆن و لە هەندێک باردا ئاڵۆزترە. بەو مانایەی پێوەندییەکە سێگۆشەیەکە. ریکلامکارە نەک جەماوەرەکە کڕیاری کاڵا و خزمەتگوزارییە. لەگەڵ ئەوەشدا کڕیار یان ریکلامکار پێویستە لە سێگۆشەکەدا پێوەست بێت بە سێیەم لایەن- هاووڵاتی. تەنانەت گەروە بازرگانی بەهەڵمەتی وەک هێنری لووس لەم سێگۆشەیە تێ دەگەن. "ئەگەر پێویست بێت پاڵپشتیی کەسێکمان هەبێت، پێمان وایە ریکلامکار رێتێچوونی یەکجار سەرنجڕاکیش پێشکێش دەکات"، لووس لە ١٩٣٨ بە هاوکارە پلەبەرزەکانی گوت. ئەو گوتی ئامانجی ئەوەیە"لەسەر زیاتر لە پشکێکی بچووکی رۆحی ڕۆژنامەوانیمان سازش نەکرێت". لووس شانازیی بەوە دەکرد "ریکلامکارێک لە ئەمەریکادا نییە لە سەربەخۆیی سەرسەختانەی کۆمپانیای هاوبەشیی تایم تێ نەگات".

## دیوارەکە

ئەگەر ڕۆژنامەنووسان یەکەم جار دڵسۆزن بەرامبەر بە هاووڵاتییان، ئەی خەڵکی تر کە لە کۆمپانیاکانی هەواڵیدا کار دەکەن چۆنن- فرۆشیارانی ریکلامکار، بەشی دابەشکردن، شۆفێرانی

لۆری، خاوەن ئیمتیاز و خاوەنی کۆمپانیاکان؟ هاووڵاتییان پێویستە چاوەڕەیی چ شتێکیان لێ بکەن؟ پێوەندییان بە ژووری هەواڵەوە چییە؟

بەشێوەیەکی ئاسایی ڕۆژنامەنووسان لە سەدەی بیستەمدا زۆربەی کات باسیان لە هەبوونی فایێرووۆڵێک لەنێوان هەواڵ و ڕەهەندە بازرگانییەکانی کۆمپانیا هەواڵییەکان دەکرد. نووسیارانی کۆمپانیای هاوبەشیی تایمز پێشوازییان لە بیرۆکەی هێنری ئار لووس کرد بۆ جیاکردنەوەی کەلیسە (هەواڵ) لە دەوڵەت (لایەنی بازرگانی) لەناو کۆمپانیاکەیاندا. ڕۆبێرت مەککرۆمیک خاوەن ئیمتیازی ناوزەد و ناتۆرەی شیکاگۆ تریبیوون لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەناو تریبیوون تاوری ڕازاوەیدا کە دەیروانی بەسەر ڕووباری شیکاگۆ، دوو ڕیزی جودای پەیژەی کارەبایی دامەزراند. ئەو نەیدەویست فرۆشیارانی ریکلامکاری تەنانەت لەگەڵ هەواڵنێرانی سەر بکەون.

بەداخەوە ئەو چمکەی گوایە ڕۆژنامەنووس لە پشت دیوارێکەوە بۆ خزمەتکردن بە جەماوەر دابڕێنراوە لەکاتێکدا هەر کەسێکی تر بە سەربەستی خۆی بۆ قازانجکردن بەخت کردووە، مەجازێکی چەواشەکراوە. یەکەم، چمکەکە هانی ئەم دابڕانەی دا کە ئێمە وەسفمان کرد. دووەم، ئەگەر هەر دوو لایەنی دامەزراوەیەکی هەواڵی لەڕاستیدا بە ئاراستەی پێچەوانەوە کار بکەن، دیارە ڕۆژنامەوانی لایەنە گەندەڵەکەی گرتووەتە بەر.

شەرمەزارییەکەی تێوەگلانی لۆسئانجلێس تایمز و یاریگەی وەرزشیی ستێپلێس سێنتەر دەیسەلمێنێت لەڕاستیدا مەجازی دیوارەکە تا چ ڕادیەک لاوازە. ڕۆژنامەکە کاری پێویستی ئەنجام دا بۆئەوەی خاوەکانی یاریگەکە لەبری یارمەتیدانیان لە فرۆشتنی ریکلام هاوبەشی قازانجی بن. خاوەنەکانی یاریگەکە نامەی ڕژدیان بۆ بەڵێندەرە لاوەکییەکانیان نارد و داوایان لێ کردن ریکلام بکرن. هەواڵەکانی دابەزاو و نووسراو لە ڕۆژنامەکە هەموویان ئەرێنی بوون. ژووری هەواڵ لەو پلانە ئاگادار نەکرابووە. دیوارەکە، بە واتایەکی تر، بە ساغی مابووە. کاتێک پلانەکە ئاشکرا بوو، هەواڵنێران و خوێنەران هەردووکیان تووڕە بوون.

پتر لە دوو سەد نامە و ئیمەیڵ و فەکس و نامەی تەلەفۆنی لەماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا گەیشتنە نووسینگەی ناردا زەکینۆ کە نوێنەری خوێنەران بوو. کاتێک شارۆن واکسمەنی واشینگتۆن پۆست بۆ دیمانەکردن سەردانی زاکینۆی کرد چاوی بە تۆماری نامەکانی تەلەفۆنی سەر مێزەکە کەوت، بیرۆکە سەرەکییەکانی هەر یەکەیان بە مارکەرێکی زەرد بەرجەستە کرابوون. "بە گشتی خوێنەران دەڵێن ئەمە باوەڕی ئەوانی لەق کردووە، باوەریان بە ڕۆژنامەکە. لە زۆر شت دەپرسن. پرسیار دەکەن ئاخۆ ریکلامکاران کاریگەرییان لەسەر هەواڵەکانی ئێمە هەیە. گومان خستنەسەر ڕاستگۆیی ئێمە. ئەوەی نیگەرانم دەکات ئەم پرسیارانەیە لەبارەی ڕاست ودروستبوونی گوزارشەکانمان: ئاخۆ فلان یان فلان کۆمپانیای هاوبەشی ڕێکەوتنێکی لەگەڵ ئێوەدا هەیە؟"، زاکینۆ بە واکسمەنی گوت.

لەئەنجامدا هەواڵنێری میدیایی دێیڤید شاو توانی نەریتێکی لەگەشەدابووە لەناو بەڕێوەبەرایەتییی تایمزدا بدۆزێتەوە–چەوساندنەوەی خوێنەران بەناوی ریکلامکارەکانییەوە، هەر هەموو ئەم کارەش بەبێ ئاگادارکردنەوەی ژووری هەواڵ. ئەمە هەر هەمووی پاش ئەوە رووی دابوو کە کاربەدەستێکی پێشووی کۆمپانیایەکی تایبەت بە دانەوێڵە بە ناوی مارک ویلز بە پیشینەیەکی کەم و تێگەیشتنێکی رووکەشیانە لە ئابووریی رۆژنامەوانی دەستی بەسەر کۆمپانیای تایمز میرۆردا گرت کە خاوەنی رۆژنامەکە بوو. دیوارە ئەفسانەییەکە، بە واتایەکی دی، شتێکی کەمی لە دەست هات بۆ پاراستنی هەمووان. لایەنە بازرگانییەکە ژووری هەواڵی مەزاد دەکرد و دەسەڵاتی تەواوی هەبوو بۆ سنووردانان بۆ ژووری هەواڵ بەبێ ئەوەی ژوورەکە هەستی پێ بکات.

گرژییەکانی نێوان ژووری هەواڵ و لایەنی بازرگانی چەندین ساڵ بوو تەشەنەی دەکرد. ساڵانی ١٩٧٠کان خاڵێک بوون لەم تاوسەندنەدا. لە بەرامبەر قەیرانی نەوتدا، رۆژنامە دەوڵەتییە سەرەکییەکانی وەک ئاتلانتا جۆرناڵ کۆنستیتیوشن یان دێس مۆینێس ریجیستەر بەهۆی بەرزبوونەوەی تێچووی گواستنەوە بەشێوەیەکی زەق تیراژی خۆیان لەسەر ئاستی دەوڵەتی دابەزاند.

ماوەیەکی تری تاوسەندنی گرژییەکە لە ١٩٨٩ دەستی پێ کرد کاتێک پیشەسازیی رۆژنامەوانی تووشی کپبوونی ریکلام هات و تیراژی گشتیی رۆژنامەکان بۆ یەکەم جار و بە یەکجاری لە کورتی دا، نەوەک تەنیا کەمبوونەوە لە رێژەیەکی لە سەدەی بۆ جەماوەر. ریکلامکارە سەرەکییەکانی وەک فرۆشگا و دوکانە زنجیرەییەکان بە قوناخی ئاوێتەبووندا تێ دەپەڕین– کاتێک رکابەرییکە نەما، ئەو ریکلامکردنەش کە بەرهەمی رکابەرییکە بوو، نەما. لە هەمان کاتدا رکابەرانی نوێ لەبواری تاکفرۆشیی وەک وۆڵمارت لەبنەڕەتدا لە رۆژنامە ریکلامیان نەدەکرد.

لەسەرتای نەوەتەکاندا زۆربەی کۆمپانیا رۆژنامەییەکان بەئاشکرا کۆمپانیای هاوبەشیی بازرگانی بوون. وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە کێشەکان پیشەسازیی رۆژنامەوانی هەوڵی دا باوەڕ بە وۆڵ ستریت بێنێت کە خەریکە بۆ خەرجییەکان وردتر دەبێت و هەر کەموکوڕییەکی بەجێماوە لە کۆڵ دەکاتەوە. بودجەی ژوورەکانی هەواڵ بڕا و کاتێک پیشەسازییەکە هەوڵی دا لەگەڵ ئابووریدا بگەڕێتەوە، ئەو کەلێنانە بەتەواوەتی پڕ نەکرانەوە. ئەو شێوازە لە کپبوونی دواتری رۆژنامە لە ٢٠٠١ یش دووبارە بووە، کاتێک ٢٠٠٠ کەس بێ کار کرا و لەو کاتە لەبارانەی دواتر هاتن، نەگەڕێندرانەوە.

کاتێک لایەنی بازرگانی هەستا بە بەهێزترکردنی دەسەڵاتی بۆ قەرەبووکردنەوەی قازانجی لەکیسچوو، زنجیرەیەک لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی ئەنجام دران تا ئەوکاتەی پێوەندییەکی بەتینیان لەنێوان وەبەرهێنانی دارایی لە ژووری هەواڵ و رۆژنامەوانیی جۆرێتیی دۆزییەوە. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان پشتیوانیکردن لە کۆکردنەوەی هەواڵ رۆژنامەوانیی جۆرێتیی دەخوڵقاند و ئەمەش لەبەرامبەردا تیراژی بەرز دەکردەوە ویارمەتیدەر بوو بۆ بنەماکان. بەڵام باسەکە هەرگیز لە ژووری

بەڕێوەبەراندا کە زۆربەی مشتومڕییەکەی تێدا روو دەدات، بەبرەو نەبوو. بۆ ماوەی چەندین ساڵ ئەم باسە بۆ رۆژنامەنووسان و جەماوەرکەیان شتێکی تر نەبوو جگە لە دەنگەدەنگی پاش زەوینە. هەندێک رۆشنبیر وەک فیل مێیر لە زانکۆی نۆرس کارۆلاینا پێیان وابوو پیشەسازیی رۆژنامەوانی کورتبینە و لە گێژەنێکی مەرگباری بڕینی بەرهەم لەپێناو پارێزگاریکردن لە قازانجی بەرز خۆی دەکوژێت. پارە بڕینەکان تەنیا ژمارەیەکی زیاتری خوێنەریان دوور دەکردەوە کە هەڵبژاردنی تریان بۆ دۆزینەوەی هەواڵ هەبوو کە ئەمەش لە بەرامبەردا دەبووە هۆی پارەبڕینی زیاتر. ئەوە چ وشیارانە چ ناوشیارانە کرابێت، ستراتژییەک بوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی پیشەسازیی رۆژنامەوانی.

لە ٢٠٠٥دا کێشەکانی تایبەت بە لایەنی دارایی وێ دەچوو خراپتر بووبن کاتێک خوێنەران بەرەبەرە روویان لە ئەنتەرنێت کرد. زیانەکانی بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی تاوی سەند و پیشەسازییەکە دووبارە بەرەبەرە خەڵکی تووشی بێکاری کرد- ئەمجارەیان بەتەواوەتی پێوەندیی بە بنەماکانی پیشەسازییەکەوە هەبوو نەک گۆڕانە ئابوورییەکانەوە. ئەو کۆمپانیایانەی باشترین داهاتیان هەبوو ئەوانە بوون کە رێبازێکی هێواشتر و درێژمەوداتریان گرتبووە بەر کە ئەمە پارەبڕینی کەمتر و وەبەرهێنانێکی پتری لە ژووری هەواڵ دەگرتەوە. بەڵام ئەو دەمە بۆ ئەو کۆمپانیانەی وایان نەکردبوو کاتەکە تەواو بووبوو. وەبەرهێنەران لە نایت رایدردا، یەکێک لە سەرسەختترین کۆمپانیاکان لەڕووی پارەبڕینەوە، هێشتاش رازی نەبوون و بوونە هۆی فرۆشتنی کۆمپانیاکە. کڕیاری نایت رایدر، کۆمپانیای مەکڵەچی یەکێک لە رکابەرە درێژمەوداتر و وەبەرهێنەرترەکان بوو.

پێنج ساڵ لەمەوبەر کاتێک یەکەم چاپی ئەم کتێبە بڵاو بووەوە، خەڵک هێشتا گەشبین بوو بەوەی دەتوانرێت بەهاکانی رۆژنامەوانی لە سەردەمی کۆمپانیای هاوبەشیدا بپارێزرێن. لە ٢٠٠٠دا پیتێر سی گۆڵدمارکی جونیێر، سەرۆکی پێشوو و کاربەدەستی یەکەمی ئینتێرنەشناڵ هێراڵد تریبیوون لە کۆبوونەوەیەکی ئەنیستیتۆی ئەسپندا ئەوەی خستە روو کە کۆمپانیا هاوبەشییەکان پێویستە شتێک بکەن "بەهای کاری رۆژنامەنووسی لەناو ئەم ئیمپراتۆریەتە هاوبەشییە زەبەلاحانەدا بچەسپێنن...هەموو کاربەدەستانی جێبەجێکار دەبێت تێ بگەن بەرامبەر بە پشکدارەکانیان ئەرکی ئەمانتپارێزیان هەیە. بۆ رۆژنامەوانیش، من پتر باوەڕم بە سەرکردایەتییی کۆمپانیای هاوبەشی هەیە کە لەوە تێ دەگەن ئەرکێکی بە هەمان رادە رژدی ئەمانەتپارێزیان هەیە کە لە خاوەندارێتیی دامەزراوەیەکی هەواڵی سەرچاوە دەگرێت- و لەوە تێ دەگەن جەماوەر متمانەی پێیانە.

گۆڵدمارک چوار پێشنیاری کرد: کاربەدەستانی جێبەجێکار ساڵانە لەگەڵ هاوکارانیان لە دامەزراوەکانی هاوشێوە چاویان بە یەک بکەوێت بۆئەوەی تەندروستیی کۆمپانیاکانیان لەڕووی رۆژنامەوانییەوە هەڵبسەنگێنن، کەسێکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبەران بۆ وەرگرتنی ئەرکی تایبەت بە

پاراستنی سەربەخۆیی دامەزراوەی هەواڵی راسپێردرێت، پێداچوونەوە و چاودێرییەکی ساڵانە بۆ سەربەخۆیی و گرۆتینی کاری هەواڵی لە کۆمپانیاکەدا بکرێت، بەهاوبەشی لەگەڵ کۆمپانیاکانی هاوشێوە ئەنجوومەنێکی سەربەخۆ پارەی بۆ دابین بکرێت لەپێناو بەدواداچوون و برەودان و هەڵسەنگاندن و بەرگریکردن لە سەربەخۆیی چاپەمەنی.

لە ٢٠٠٦دا بەڵگەی پێویست هەبوون کە دەیان سەلماند تەنانەت ژێرخانێکی گەورەتر لەم مشتومرییەدا لەناو چووە. لەڕاستیدا لە زۆرێک لە کۆمپانیاکانی میدیای کۆندا نەک هەموویان مشتومڕیی بە دەیە درێژخایەنی لە ئاستی سەرەوەدا لەنێوان ئایدیالیست و ژمێریاران تەواو بووە. ئایدیالیستەکان دۆڕاندوویانە. کێشەکانی ٢٠٠٥، کاتێک پتر لە ٢٠٠٠ رۆژنامەنووس کاری خۆیان لە کۆمپانیاکانی هەواڵیی سەرانسەری وڵاتدا لە دەست دا، گورزێکی بەزەبر بوو لەم کشمەکشمەی رۆژنامەوانی لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیدا.

کاربەدەستێکی یەکێک لە سێ تۆڕەکانی هەواڵی ساڵی پار لە کۆبوونەوەیەکدا بە کارمەندانی پلە بەرزی گوت "سندانی ئەخلاقی هەڵگیراوە"، بەو مانایەی بەرهەمهێن دەتوانێت دەستبەرداری چمکە کۆنەکانی یاساوڕێسای رۆژنامەوانی بێت. رەنگە نووسیاری هەرە بەناوبانگی وڵات جۆن کەرۆڵی لۆسانجلێس تایمز لە نائومێدیدا وازی هێنابێت، بەڵام تەنیا پاش ئەوەی چەندین هەفتە هەوڵی دا جێنشینی خۆی لە هاتنە رێزی ئەو پەشیمان بکاتەوە. تێد کۆپڵ، کە رەنگە هێشتاش ناوزەدترین رۆژنامەنووس ئێی بی سی بێت، چووە ریز تەلەڤزیۆن، بەڵام تەنیا پاش ئەوەی رایگەیاند نە هەواڵی سەر تەلەڤزیۆنی و نە هی تۆڕی هەواڵ لەگەڵ ئەو شێوازە کارە درێژخایەنەی ئەو ئاواتی بۆ دەخواست، ناگونجێت.

زانراوەترین شرۆڤە کە بۆچی رۆژنامەوانی لەپێناو بەرژەوەندییی گشتی دەسەڵاتی نەماوە لەوانەیە لەلایەن پۆڵک لەفوونی چوارەم، گوتیاری کۆمپانیای هاوبەشی نایت رایدر پێشکێشی کردبێت. ئەو گوتی"خۆزگە پێوەندییەکی دیار و بەهێز لەنێوان رۆژنامەوانیی جۆرێتی...و فرۆشی رۆژنامە هەبووایە. شتەکە ئەوەندە ئاسان نییە". لەم کاتە بەدواوە لە زۆر کۆمپانیادا شەڕ بۆ بەرژەوەندیی گشتی لەلایەن کارمەندانی ئاسایی ژووری هەواڵەوە دەکرێت و کاربەدەستانی هەواڵی وەک نێوانجیکار وان لەگەڵ دەستەی بەڕێوەبەران. لە زۆرێک لە کۆمپانیاکانی میدیای نوێدا روون نییە ئاخۆ لایەنگرانی بەرژەوەندییی گشتی هەر لەبنەڕەتدا بوونیان هەیە یان نا.

لە جیهانی میدیای کۆندا کۆمەڵێک ریزپەڕی زەق بۆ ئەم حاڵە هەن و ئەو رۆژنامەنووسانەی لەوێدا کار دەکەن ئەمرۆکە خۆیان بە بەختەوەر دەزانن. ئەوانە دامەزراوەی بێ دیوارن بەڵام شوێنێکن کە تێیاندا لایەنە بازرگانییەکەی کۆمپانیا بەهاکانی ژووری هەواڵی وەک رۆحی کارەکە پەسەند کردووە. لەم کۆمپانیانەدا رۆژنامەوانیی سەربەخۆ لەپێناو بەرژەوەندیی گشتی ئەو بەرهەم و بەهایەیە کە کۆمپانیاکە دەیفرۆشێت و قازانج دەبێتە ئەولەویەتی دووەم، بەرهەمێکی لاوەکیی چاوەڕوانکراو کە بەشێوەیەکی ستراتیژی و بە ناچاری بۆ تەندروستییەکی درێژخایەن پێویستە.

له ٢٠٠٢دا گاردیەن نیووزپێیپرز لیمیتد له شانشینی یەکگرتوودا کاردانەوەی نواند بەرامبەر بە کێشەی پێوەندییەکی نوێی له گەشەدابوو لەگەڵ جەماوەرەکەیدا کاتێک بە دامەزراندنی هەڵسەنگاندنێکی ساڵانە بەناوی "پابەندبوون بە بەهاکانمان" هەوڵیکی بنەڕەتیی بۆ دیوەدەری دەست پێ کرد. مەبەست لەو چاودێرییە بێ لایەنە ئەوە بوو بۆ خوێنەران سروشتی تایبەتی پێوەندیی نێوان دامەزراوەیەکی هەواڵی بازرگانی و هاوولاتییان روون ببێتەوە. هەڵسەنگاندنی ساڵانە گوزارشی بەڵگەداری پڕوردەکاری بوو بۆ جەماوەر لەبارەی هەڵسوکەوتی کۆمەلایەتی و ئەخلاقیی کۆمپانیا و بەڵێنەکەی بۆ بەرهەمهێنانی "رۆژنامەیەکی لیبراڵ و پێشکەوتوو و نێودەوڵەتی" و هەروەها هەڵسوکەوتی وەک پیشەیەکی بارزرگانی له بواری وەک پێوندییەکەی لەگەڵ کارمەندانی و هاوبەشە بارزرگانییەکانی و دامەزراوەکانی تری ناو کۆمەڵگە و جیهان. لەجیاتی ئەوەی کۆمپانیاکە وەک دوو دامەزراوەی جودا بخاتە روو، هەڵسەنگاندنەکەی گاردیەن پێشانی دەدات چۆن بەهاکانی هاوبەش لەنێوان رەهەندە بازرگانی و هەواڵییەکەدا پێکەوە خزمەت بە بەرژەوەندیی گشتی دەکەن.

کۆمپانیایەکی هەواڵیی ئەمەریکایی کە لە ٢٠٠٥دا تووشی بێکاری نەبوو، مەکلەچی بوو کە سەرۆک و کاربەدەستی جێبەجێکاری پێیان وابوو رۆژنامەوانیی جۆرێتی بەردی بناغەی بازرگانییەکەن. لە گوتەیەکی بۆ پشکدارەکان لە ٢٠٠٥دا گەری پرویت جەختی لەم بناغە کردەوە و گوتی ئەوە هەم بووەتە هۆی دەسکەوتی سەرکیی بۆ کۆمەڵێک رۆژنامەی کۆمپانیاکە و هەمیش سەرکەوتنی دارایی بۆ کۆمپانیا. و پرویت ئەوەشی خستە سەر "جەختکردنەوەمان لەسەر جۆرێتیی رۆژنامەوانی و پێشکەوتنی بەردەوام بەدڵنیاییەوە پشتیوانی لە ئاستی بەرزی تیراژمان دەکات." بەهۆی ئەو خاڵەوە رۆژنامەکانی مەکلەچی تیراژیان لەماوەی ٢٠ساڵدا بەخێرایی بەرز بووەتەوە.

لە پوختیەک لەبارەی کۆمپانیاکە لە ٢٠٠٣دا، ئەمێریکەن جۆرنالیزم ریڤیوو پێناسەی ١٠٠ وشەییی رۆژنامەوانیی جۆرێتیی پرویتی بڵاو کردەوە. "رۆژنامەی جۆری گوزارشێکی تەواو و بێ کەموکوڕییی هەواڵ و بژاردەی لۆکاڵ و ناو ولات و نێودەولەتی دابین دەکات بەشێوەیەک کە خەڵکەکە بەتەواوەتی ئاگادار بکرێنەوە و لە ژیانی شارستانیدا بەشدار بن و تەنیا ژیانێکی ئاسوودەتر بەسەر بەرن– لە رێنوێنییەکانەوە بگرە تاوەکو کردەوەکانی ئەنجوومەنی شارەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان. رۆژنامەکان تاکە ئامرازی جەماوەریی بەجێماوەن لە هەر بازارێکی لۆکاڵدا، بۆیە نەک تەنیا بۆ ئاگادارکردنەوەی خوێنەران بەڵکو بۆ خولقاندنی هەستێکی یەکێتی لەناو کۆمەڵگەشدا پێویستن. هیچ ئامراز یان دامەزۆاوەیەکی تر، بە لەخۆگرتنی حکومەتیش لە توانایدا نییە ئەو رۆڵە بگێرێت ئەگەر رەچاوی ئەو دابەشکارییەی جەماوەر بکرێت کە لە شێوازەکانی تری راگەیاندا وەدەر کەوتووە".

سەرەڕای بێکاربوون و دابەزینی نرخی پشکەکان، کۆمپانیای نیۆیۆرک تایمز هەمیشە پابەندیی خۆی بە رۆژنامەوانیی جۆرێتی پاراستبوو و ئەمەش بە باشترین شێوە لە رۆژنامەی

فڵەگشیپدا ڕەنگی داوەتەوە. شرۆڤەکاران لەڕاستیدا نیگەرانییان نواندووە لەوەی کۆمپانیای تایمز یەکجار دەپرژێتە سەر ڕۆژنامە و هەوڵ نادات قازانجەکانی بە وەبەرهێنان لە بەرهەمەکانی تر بگۆڕێت. ئارسر سولزبێرگر جونیێر، سەرۆکی کۆمپانیاکە و خاوەن ئیمتیازی زێ نیۆیۆرک تایمز لە ٢٠٠٥دا بە کێن ئۆلێتای ڕۆژنامەکەی گوت "ئێمە کۆمپانیایەکین خۆمان بۆ ڕۆژنامەوانی تەرخان کردووە. ئەوە کرۆکی هێزمانە. پارێزەرمانە. ئێمە کاری پەروەردەیی یان چێشلێنان ناکەین. دواتر دەمانبیننەوە لە ڕۆژنامەوانی وەبەرهێنان دەکەین".

ئەگەر دیوارە ئەفسانەیەکە نەتوانێت پارێزگاری لە دڵسۆزیی ڕۆژنامەنووسان بەرامبەر بە هاووڵاتییان بە پلەی یەکەمەوە بکات، ئەی چ شتێک دەتوانێت؟ ئەو کۆمپانیانەی هێشتا بەهۆی پاڵەپەستۆی قازانجەوە شکەستیان نەخواردووە، لەڕووی پێناسەکردنی پێوەندییی نێوان هەواڵ و بازرگانیدا تایبەتمەندییی لێکچوویان هەیە. پێنج تایبەتمەندییی سەرکی خۆ دەنوێنن:

١- خاوەن یان کۆمپانیای هاوبەشی پێویستە بە پلەی یەکەم دڵسۆز بێت بەرامبەر بە هاووڵاتییان

نەک بە دابڕاندنی ژووری هەواڵ لە پاشماوەی دامەزراوەکە، نەک ئەو کاتەی لایەکیان خۆی بۆ بازرگانی و لایەنی تر بۆ بەرژەوەندییی گشتی تەرخان کردووە، بگرە ئەو کاتەی هەر دوو لا خۆیان بۆ بەهاکانی پیشەکە تەرخان کردووە، ڕۆژنامەوانی بە باشترین شێوە دەکەوێتە کار. مێژوو نیشانی دەدات ئەوە کاتێک دێتە دی کە خاوەنی کۆمپانیاکە باوەڕێکی قووڵی بەم بەها کرۆکییانەی ڕۆژنامەوانی هەبێت.

تەنانەت هەندێک لەوانەی بە بەرگریکاری دیوارەکە ناو دەبردرێن، لەڕاستیدا ئەم فەلسەفە هاوبەشەیان پیادە دەکرد و ئەولەوییەتیان دەدا بە ڕۆژنامەوانی. بە پێچەوانەی بابەتی نووسراوەوە، بەڵگەیەکی کەم هەیە لەسەر ئەوەی هێنری لووس لەڕاستیدا باسی لە کەلیسە و دەوڵەت کردبێت، ئەمەش بە قسەی تۆم لیۆناردی مێژوونووسەوە. لەجیاتی لووس پێی وابوو کۆمپانیا بەگشتی پێوستە "سەرسەختانە سەربەخۆ" بێت.

کاتێک تۆم جۆنسنی خاوەن ئیمتیازی پێشووی لۆسانجلێس تایمز و سەرۆکی پێشووی کێیبڵ نیوز نێتوێرک ئاوڕێکی لە خەباتی کاریی خۆی داوە گەیشتە هەر هەمان ئەوە ئەنجامەی لووس نەوەیەک پێشتر یان ئۆکس نەوەیەک پێش ئەو، پێی گەیشتبوو:

خاوەنانی میدیا یان لە حاڵەتی کۆمپانیاکانی بە ئاشکرا بازرگانیدا، دەستەی هەڵبژێردراوی کاربەدەستانی جێبەجێکار، لەبنەڕەتدا بڕیار لەسەر جۆرێتیی هەواڵی بەرهەم هاتوو یان وەشێنراوی بەشەکانی هەواڵی خۆیان دەدەن. ئەوە ئەوانن کە زۆربەی جار خەڵک هەڵدەبژێرن، بە کرێیان دەگرن، دەریان دەکەن و نووسیار و خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەری گشتی پلەبەرز، بەڕێوەبەرانی هەواڵی و بەڕێوەبەرانی نووسیاری- ڕۆژنامەنووسان- ئەوانەی ژوورەکانی هەواڵیان بۆ بەڕیوە دەبەن، بەرز دەکەنەوە... خاوەنەکان بڕیار دەدەن لەسەر بودجەی ژوورەکانی هەواڵ و

هەروەها مـاوە و پانتـاییی دابینکراو بۆ هەواڵ بەپێـچـەوانەی ریکلام. ئـەوان پێوەرەکانی جـۆرێتی بەگوێرەی تایبـەتمەندییی ئەو کەسانەی هەڵیان دەبژێرن و ئەو سیاسـەتە هـەواڵییانەی پەسەندیانە، دادەرێژن. خـاوەنەکـان بڕیار لەوە دەدەن ئاخـۆ پێویسـتـە چەند قـازانج لە سـامانـە میدیاییـەکـانیـان وەدەست بێنن. خـاوەنەکـان بڕیار دەدەن ئاخـۆ پشـتـیوانی لە چ ئاسـتێکی جـۆرێتی بکرێت، ئەمـەش بەگوێرەی باش یان خراپ پاداشتکردنەوەی رۆژنامەنووسەکانیانە.

بەهەمـان شـێـوەی خـاوەن ئیـمـتـیـازی لۆسـانجلێس تـایمز، ئۆتیس چـەندلەر ی کـۆچکردوو بە بەردەوامی دەیگوت ئەو سـەرسـەختـانە سەربەخـۆیە، وەک جـۆنسن دەیگێـڕێتـەوە. چەندلەر "قـەلغـانی گـەرمی"ی دابین کرد بۆ پاراسـتنی سـەربەخـۆییی هـەواڵکارانی لە چنگ خـێزانی خـۆی و دەسـتـەی بەڕێوەبەرانی و بـەرژەوەندییـەکـانی تایبـەت- جـا چ لەلایەن دایکی خـۆی بـووایە کە بەردەوام داوای دەکرد رەخنەگری بەشـی موسـیقـای تایمز لا بدرێت یان دەسـتـەی بەڕێوەبەران بووایە کـە کـەسـانی بێزارکەری تریان هـەبوو یان کۆمەڵێک خەڵکی تر.

وەرگرتنی ئەم هەڵوێستە لە سەردەمی خاوەندارانی سـەربەخۆ ئاسانتر بوو، مۆدیلێک کە جگە لە مـشـتـێک ریزپەڕەوە نەبێت، ئێستا بوونی نەمـاوە. ئەگـەر سـەربەخـۆیی سـەرمـایـەی هـەرە گرینگی کۆمپـانیـایەکی هـەواڵی و گرینگترین چمکی هـەمـوارکردنی یەکـەم بێت، کێشـەکە ئەوەیە چۆن ئەو سـەربەخـۆییـە بپارێزرێت لەناو کـولتـوورێکی کۆمـپانیـا هاوبەشـییـەکاندا کـە جۆنسـۆن بە کولتـووری کاربەدەستانی جێبەجێکاری ناوی دەبات کە لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرانەوە دامەزراوە.

قـەلغـانی مێژووییـانەی رۆژنامـەوانی، پاتریاکی نیازپاک دیاری نەمـاوە و کـولتـووری کـۆمپـانیـای هـاوبەشـیی هیـچی ئەنجـام نەداوە بۆئەوەی جێگەکەی پڕ بکاتەوە. کـۆمپـانیـای هـاوبەشـی ئەرکێکی فـراوانترە لە پشکدارەکانییەوە لـەئەستـۆدایە کـاتێک رۆژنامـەوانی دەخـاتـە ناو لیسـتـی موڵکـەکـانی. سـەرەکیترین خـاڵ ئەوەیە کۆمپانیـا هـاوبەشـییـەکان بەرەبەرە هـەست بە بەرپرسـیـارێتییان بەرامـبەر بە جـەمـاوەر دەکـەن و ئـەم بەرپرسـیـارێتـییـە گـۆ دەکـەن و هـەنگاو دەنێن بۆ رەچاوکـردنـی. خـاڵێکی بەهەمـان رادە یەکـلاکـەرەوە ئەوەیە جـەمـاوەر لە گـرەوی خـۆی لەمـەدا تێ دەگـات و داوا دەکـات بەرژەوەندییە دیموکراتییەکانی نەک تەنیا لەلایەن رۆژنامەنووسانەوە بگرە لەلایەن سـەرکردایەتییی کۆمپـانیـا هـاوبەشـییـەکـانیش کـە ئێسـتـا لە رۆژنامـەنووسـان بەرپرسـیـارن، دانیـان پێ بنرێ. ئەگـەر ئەمـە رووی نەدا، رۆژنامـەوانیی سـەربـەخـۆ لە کـۆمـپـانـیـای هـاوبەشـیـی خـاوەن بەرژەوەندییی تایبـەت لەناو دەچێت.

٢-ئەو بەڕێوەبەرە بازرگانییانەی ئەوانیش ئەولەویەت دەدەن بە هـاووڵاتییان دابمەزرێنە.

هـەرچـەندە خـاوەنی دامـەزراوە بڕیاردەری سـەرەکـییـە بۆ بەهـاکـانی دامـەزراوەکە، بازرگـانانی سـەرکـەوتوو هـەروەهـا باس لە دامـەزراندنی ئـەو بەڕێوەبەرانە دەکـەن کـە هـەمـان ئەرک دەگـێـڕن، تەنانەت ئـەگـەر فـرۆشـتـنی ریکلام یان بەرزکـردنەوەی تیـراژ کـاری جـیـاواز بن لە بەرهـەمـهـێنانی

هەواڵ. رۆبێرت دێشاری سەرۆک و کاربەدەستی جێبەجێکاری رۆژنامە و تەلەڤزیۆنی ئێی ئێچ بێلۆ گوتی دڵسۆزی و تێگەیشتن پێویستە برژێتە ناو دامەزراوەکەوە. "دەبێت شۆڕ ببێتەوە بۆ ئەوەی ئەو خـەڵکانە هـەڵبـژێریت کـە هـەڵسـەنگاندنێکی باشـیـان بـۆ هەواڵ و ئەزمـوونێکی باشـیـان لە رۆژنامەوانیدا هەیە و بەرامبەر بە ناکۆکییە رێتێچووەکانەوە هەستیارن. من پێم باشترە کەسێکم بەو هەڵسەنگاندنە تەندروستەوە هەبێت".

نیـۆیۆرک تایمزیش مـۆدێلێکی هاوشـێوەی هەیە. بەشـی ریکلامی بۆ نموونە بە بەردەوامی کاتێک رووداوەکـان پێـویسـتـیـان بە پانتـاییـەکی پـتـرە بۆ هەواڵ، وەک لە رۆژانی پرێس کـۆنفـرانس یان لێدوانێکی سەرەکیی سەرۆکایەتیدا، ریکلامەکان لا دەدات. بەشی ریکلام لەوە تێ دەگات خوێنەران وایان لـێ هاتووە چاوەڕێی دەقی تەواوی ئەو رووداوانـەن و ئەو پێــوەندییــە لایەنی بـازرگــانیــیی رۆژنامەکە لە داهاتوودا بەهێزتر دەکات.

٣–ستانداردی روون دابنێ و باسیان لێوە بکە

تەنانەت ئەگەر خاوەنەکان بەرپرسیـارێتیی رۆژنامەوانییـان هەبێت، زۆرێک کۆمپانیـای هەواڵی هەست دەکەن پێـویسـتـیـان بە ستانداردی بەروونـییـەوە دەربڕاوەیان هەبێت بۆ هـەر پلەو پایەک و هەروەها ژینگەیەک بۆئەوەی خـەڵکی بازرگـان و هەواڵکار لانـی کـەم لە هەندێک ئاسـتـدا بتـوانن بدوێن تاوەکو لەوە دڵنیا بن لە ئەرکی یەکتر تێ گەیشتوون و رێزی لێ دەنێن.

جێنی باکنری نووسیاری کارلۆت ئۆبزێرڤری سەر بە نایت رایدر گوتی"پێویستە بنەمای ڕوونت هەبێت و شـتـەکانت بە نووسین هـەبێت". ئۆبزێرڤر لە ١٩٩٩دا زنجـیرەیەک گفـتوگـۆی سـازدا کە تێیاندا کـارمـەندانی هەمـوو بەشـەکان رێنوێنییـەکانی تایبـەت بە مـامـەڵەکردن لەگەڵ نـاکـۆکییە رێتـێــچـووەکـانی نێــوان کـاری ریکلام و هـەواڵیـان بۆ بـاس کـرا. نووسـیـارانی ئۆبزێرڤـر لە کۆبوونەوەیەکی بەشی ریکلام بەشدار بوون بەمـەبەسـتی روونکردنەوەی پرۆسـەی هەڵسـەنگاندنی هەواڵ و خـــســتنەڕووی، وەک بـاکنـر دەڵێت، بـۆ روونکردنـەوەی ئەوەی کــە" ئێـمــە کــراوەیـەن بۆ وەرگرتنی بیرۆکەکان نەک بۆ دەستێوەردان".

باڵتیمۆر سان کۆبوونەوەی هاوشـێوەی هەبوو بۆ روونکردنەوەی پێوەندییـەکانی نێوان ریکلام و هەواڵ و بۆ دڵنیابوون لەوەی هەمـوو کارمـەندان لەو پێوەندییانە تێ گـەیشـتوون. ویلیام ماریمۆری بەڕێوەبەری کاریگێڕیی پێشوو گوتی "ئێمە باسی ئەو راستییـەمان کرد بۆ بڕیاری پێوەست بە رۆژنامـەوانی، دەبێت ژووری هەواڵ ئەو یەکێتییەی هەبێت دوا بریار بدات".

لەگەڵ ئەوەشـدا کۆبونەوە و رێسـاکان دەربڕی یەکەم هەنگاون کە تا ئێسـتا هاوێشـترابێت. پێویستە ئەمانە سیاسەتی کارپێکراوە بن لە دژی پاڵەپەستۆکانی تەنگژەیەک و رۆژانەش کاتێک هیچ تەنگژەیەک لە ئارادا نییە، بەرجەستە ببنەوە. ئەو ستانداردانەی لەسەر دیوارەوە لەچوارچێوە نراون و کاریان پێ ناکرێت ریکلام بۆ بۆشبوونی قسەکانی کارگێڕی دەکەن.

٤- رۆژنامەنووسان دوا بڕیار لەسەر هەواڵ دەدەن

وەک ئەوانەی یاسای وردیان بە نووسین داڕشتووە، زۆر دامەزراوەی تری بواری بەرهەمهێنانی هەواڵ دەڵێن پێویستە روونترین بنەما ئەوە بێت کە ژووری هەواڵ دوا بڕیار لەسەر هەواڵ بدات. ئەمە لە زۆرێک لە باشترین دامەزراوەکانی هەواڵیدا یاسایە. لە واشینگتۆن پۆستدا نووسیاری جێبەجێکار لیۆنارد داونی جونیێر پێداگری لەوە دەکات بەرهەمە ریکلامییەکان، ئەو بەشە تایبەتانەی بە پاشکۆ ریکلامییەکان ناو نراون- "لەلایەن منەوە بەڕێوە بچن و کاتێک کێشەیەک هەیە رەتیان دەکەینەوە. ئێمە هەروەها دەڕوانین تا لەوە دڵنیا بین ریکلامەکان بە گونجاوی ناو نراون".

٥- ستانداردی روون بە جەماوەر رابگەیەنە

دوا خاڵی سەرەکی سەبارەت بە چۆنیەتیی کارکردنی دامەزراوە هەواڵییەکان ئەوەیە لەگەڵ جەماوەر روون بیت- روونتر لە رابردوو. ئێدوارد سیتن، سەرۆکی کۆمەڵگەی ئەمەریکایی بۆ نووسیارانی رۆژنامە لە ١٩٩٩دا و نووسیاری مەنهاتن مێرکۆری لە مەنهاتن و کێنزاس لە گوتارێک بۆ کۆمەڵگەکە پێشنیاری کرد باشترین رێگە بۆ رۆژنامەیەک بۆ بنیاتنانەوەی متمانە و ناوبانگ ئەوەیە "خۆت روون بکەیەوە. ئێمە وەک نووسیار پێویستە سەرکردە بین. پێویستە بەهاکانمان دەرببڕین. کاتێک ستانداردمان هەبێت شتێکمان هەیە کە بتوانین بۆ جەماوەر و ستافی خۆمان روونی بکەینەوە، شتێک کە هەموان دەتوانن بیبیستن و لێی تێ بگەن. پێویستە زیاتر و باشتر لە رابردوو کار بکەین. پێویستە جەخت لە خزمەتکردن بە هاووڵاتییان بکەینەوە نەک داهاتی گشتی یان تەکنەلۆجیامان".

کۆمەڵێک وێستگەی تەلەڤزیۆنی رێبازی هاوشێوەیان گرتووەتە بەر. کاتێک فۆرێست کار لە کێی ئێف یوو ئێن تی ڤی لە توکسن بەڕێوەبەری هەواڵی بوو "لیستێکی مافەکانی بینەر"ی داهێنا کە بە وردی باسی ئەو شتەی دەکرد کە هاووڵاتییانی توکسن دەبووایە لە تەلەڤزیۆن و ستافی ئەو چاوەڕوانیان کردبا و بەردەوام لیستەکەی دەوەشاندەوە.

بابەتی وەک پێناسەکردنی مافی جەماوەر بۆ ئاگاداربوون (وێستگەکە "پرسیاری سەخت دەکات و لێکۆڵینەوە دەکات") و مافیان بۆ کۆکردنەوەی هەواڵ بەشێوەیەکی ئەخلاقی (وێستگەکە پێرەوی لە یاساکانی ئەخلاقیی کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسانی شارەزا دەکات) و مافی رۆژنامەوانی بۆ چارەسەرکردنی (وێستگەکە هەوڵ دەدات نەک تەنیا بپرژێتە سەر کێشەکان بگرە چارەسەر بدۆزێتەوە یان تیشک بخاتە سەری) لەناو لیستەکەی حەوت مافەکاندا هەبوون. لیستەکە هەروەها مافێکی بۆ نهێنیپارێزی هەبوو لەگەڵ ئەو روونکردنەوەیە "ئەرکی رۆژنامەوانیی ئێمە و مافی جەماوەر بۆ زانینەوە زۆربەی جار ناچارمان دەکات خەڵک یان دامەزراوەی وا لەناو هەوڵەکان دابنێین کە خۆیان حەز نەکەن لەوێ بن. ئێمە هەرگیز بە شێوازێکی بێیباکانە یان نابەرپرسانە ئەم

کاره ناکەین و هەمیشە رەچاوی لایەنەکانی نهێنیپارێزی دەکەین لەکاتی هەڵسەنگاندنی بایەخی هەواڵیکدا. ئێمە هەرگیز دوای قوربانییانی تاوانێک ناکەوین و بێزاریان ناکەین".

لەکۆتاییدا لیستەکەی "مافی لێپرسینەوە"ی تێدا بوو و روونی کردبووه چۆن بینەران دەتوانن بەکاری بێنن– لەرێگەی نوێنەرایەتیی بینەرانی وێستگەکەوه کە لە سکالاکانی بینەرانی دەکۆڵییەوە و لە رێگەی وەشاندنی وەلامەکەی بینەرانی لە تەلەڤزیۆندا.

رەنگە بۆ خەڵکانێک دەربڕینی لیستی مافەکان شتێکی کۆن بێت. بەڵام گرووپەکانی هەڵسەنگێنەر کە بۆ پرۆژەی نایابی لە رۆژنامەنووسیدا لە توکسن بوون لەدەوروبەری ئەو کاتەی وێستگەکە پرۆگرامەکەی پێشکێش کردبوو، ئاماژەیان بەوه دا، مافەکان لەناو خەڵک جێیان کردووەتەوه. کاتێک کۆڕگێر لە هاوولاتییانی پرسی ئەوان چۆن ئاستی تەلەڤزیۆنی هەواڵیی لۆکاڵ هەڵدەسەنگێنن، بینەران راستەوخۆ ئاماژەیان بە شێوازی کاری KGUN دابوو. پیاوێک گوتبووی "رەنگە ئەوه پێوەندییی بەوه هەبێت ئاخۆ وێستگەکە هەندێک رێنوێنیی هەیە یان نا، شتێک کە پێی دەگوترێت ئەخلاقی گوزارشکردن. ئەو شتە پێناسە بکە... (و دواتر) بە شێوەیەکی بەپێز ئەنجامی بدە. ئەوەی پێویستە بیکەیت ئەوەیە کۆمەڵێک خەڵکی وەک من رابکێشیتە ژوورەوه و پرسیاریان لێ بکەیت حەز دەکەن چ شتێک ببنن". وەک دیارە، ئەمە هەمان شتە کە KGUN کردوویەتی.

هەندێک رەخنەگر پلانی KGUNیان بە شتێکی بێ نرخ ناو برد، بەڵام پشکی جەماوەری تەلەڤزیۆنیی وێستگەکە لە توکسندا بەردەوام لە هەڵکشانێکی خێرادا بوو. کار، بەڕێوەبەری هەواڵی، گوتی پرۆژەکە سوودێکی تریشی هەیە: بەهاکانی دامەزراوەکە بۆ ئەو کەسانەی تێیدا کار دەکەن، روون دەکاتەوه. کار گوتی بۆ باشترکردنی کولتووری ژووری هەواڵی خۆی هیچ شتێکی تا ئەو کات کردبێتی پتر لەوه یارمەتیی نەدابووه. ئاشکرایە بەڵێنەکانی KGUN بە هەمان رادەی ئەو کارەی بەدوایانەوه دێت باشن، بەڵام وێستگەکە رێگەی داوه بە هاوولاتییان لیپێچینەوه لەگەڵ وێستگەکەدا بکەن، کە هەڵبەتە لەبەر ئەوەشە کارەکە قورسە.

بەشێوەیەکی مەجازی هەندێک دامەزراوەی هەواڵی بە ئاراستەی تردا دەڕۆن. لە لۆس ئەنجلۆس تایمزدا، یەکێک لە یەکەمین کارەکانی تریبیوون کۆمپانی لە ٢٠٠٥دا کردی، لەو دەمەی بە کاتی سەختدا تێ دەپەڕی، ئەوە بوو بودجەی رۆژنامەکەی لە پێناو پێوەندیکردن لەگەڵ جەماوەر لە ٧,١٢ ملیۆن دۆلارەوه بۆ ٣٠٠هەزار بڕی. جۆن کارۆڵی نووسیار پێی وابوو دەبووایە رۆژنامەکە تەواو پێچەوانەی ئەوەی کردبا. کارۆڵ گوتی "بەهاکانی رۆژنامەوانی بەهۆی هەڵمەتی بازاردۆزینەوەی دامەزراوەکانی رکابەر کە بیرۆکەی میدیای کۆن بچووک دەکەنەوه، یان کەسانی وەک رۆجێر ئێلیز (سەرۆکی فۆکس نیوز) کە لەناو سیاسەتی هێرشبردنەوه هاتووه، سووکایەتییان پێ دەکرێت". ئەو پێی وابوو رۆژنامەکە و سەرجەم دەزگاکانی هەواڵیی میدیای کۆن پێویستە بە دابینکردنی پارەی پتر بۆ برەودان بەو بەهایانەی رۆژنامەوانیی کۆن گرینگ و تایبەت دەکات، وەلام بدەنەوه. ئەو پرسی "ئاخۆ کەمکردنەوەی بودجەی برەودانی رۆژنامەیەک لە ٧,١٢

ملیۆن دۆلارەوە بۆ ٣٠٠ هەزار لە تاقە ساڵێکدا کاردانەوەیەکی لۆجیکانەیە؟". کارۆڵ پێی وابوو تریبیوون هەر شتێکی کردبێت، ئەمەیان بە بۆچوونی ئەو ئاماژەی بە پاشەکشەیەک دەدا و کاتی ئەوە هاتبوو ئەویش واز بێنێت.

بێ رەچاوکردنی ئەو رێبازەی دامەزراوەیەکی هەواڵی دەیگرێتە بەر، دڵسۆزی پرسێکی بنەڕەتییە و زۆربەی جار فەرامۆش کراوە یان بە هەڵە لێکدراوەتەوە. بەڵام هۆکاری یەکجار گرینگبوونی بەدروستی ئەوەیە کە چاپەمەنی یەکجار ناجەماوەری بووە. ئەو شتەی زۆربەی جار لە تێگەیشتن لە دابەزینی متمانەی جەماوەری بە چاپەمەنی پشتگوێ دەخرێت ئەویە لە ژێرەوە، ئەم قەیرانەی متمانە پێوەندی بە پاڵنەرەوە هەیە. ئێمە وەک هاوولاتی چاوەڕوانی بێ کەموکوریبوون لە رۆژنامەنووسانمان- یان تەنانەت رۆژنامەوانییەک کە هەموو وشەکانی بە رێنووسی تەواو نووسیبێت- ناکەین. کێشەکە یەکجار بنەڕەتیترە.

رۆژنامەنووسان حەز دەکەن خۆیان بە نوێنەری خەڵک دابنێن و وێنەی کۆمەڵگە لە بەرژەوەندی کۆمەڵگەدا بگوازنەوە. بەڵام تا دێت جەماوەر متمانەی پێیان نامێنێت. خەڵک وروژاندن و چەوساندنەوە دەبینن، هەست بەوە دەکەن رۆژنامەنووسان لەپێناو پارە یان ناوبانگی کەسێتی یان رەنگە خراترلەوانە، لەپێناو جۆرە چێژێکی ناپەسەندی سەرچاوەگرتوولە نەهامەتی، کارەکە دەکەن. کاتێک نەریتی بۆب وودوارد لە دیمانەکردن لەگەڵ کاربەدەستانی کارگێری بۆ کتێبەکەی- و دەستبەجێ بڵاونەکردنەوەی بەشێکی زۆری زانیارییەکە- ئاشکرا بوو، خوێنەران گومانیان لە لایەنگرییەکەی کرد. ئاخۆ ئەو نووسەرێک بوو کە کاری بۆ خۆی دەکرد یان پەیامنێرێکی واشینگتۆن پۆست بوو کە خزمەتی بە جەماوەر دەکرد؟ هەندێک خوێنەر لەوە باوەڕەدابوون وودوارد ناتوانێت بڕیار بدات چ شتێک پێویستە دەستبەجێ بڵاو بکرێتەوە یانیش ساڵێک یان دووان بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بچێتە نێو کتێبێکەوە. خوێنەرێک لە بەشی پرسیار و وەڵامی پێگەی رۆژنامەی پۆست پرسیاری لە لیۆنارد داونی جونیێر، نووسیاری رۆژنامەکە کردبوو "ئاخۆ هەمیشە وودوارد بەبۆچوونی خۆی بڕیار دەدات ئێمە چ زانیارییەکمان پێویستە؟".

بۆ بەستنەوەی خەڵک بە هەواڵ و بەستنەوەیان لەڕێگەی هەواڵەوە بە جیهانی گەورەتر، پێویستە رۆژنامەنووسان دڵسۆزییان بەرامبەر بە جەماوەر بنیات بنێننەوە، دڵسۆزییەک کە پیشەسازیی هەواڵی بە هەڵە رێخۆشکەر بووە بۆ رووخاندنی، بەڵام تەنانەت ئەمەش لەدواییدا بەس نییە. راستگۆیی و وەفاداری بەرامبەر بە هاوولاتییان تەنیا دوو هەنگاوی یەکەمی کاری رۆژنامەوانین. هەنگاوی دواتر بە هەمان رادە گرینگە: ئەو رێبازەی رۆژنامەنووسان بەکاری دێنن بۆ نزیکبوونەوە لە هەقیقەت و گەیاندنی ئەو رێبازە بە هاوولاتییان.

# فۆکس نیوز دەزگایەکی
# ڕاگەیاندنی خێزانی و پیاوکوژانەیە

جۆرج پیتەر شمیتس

ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە، کە کەناڵی تەلەڤزیۆنیی فـــۆکس نیـــوز Fox News ســـەر بە لایەنە راستەکانی ئەمەریکایە. بەڵام لە هەڵمەتەکانی ئەم دواییـــیـــەی هەڵبـــژاردنەکـانی ســـەرۆکـایەتیی ئەمـــەریکا، یەک لەســـەر یەک، کـانـدیدەکـانی کـۆمـارییـەکـان دەهـێنێـتـە سـەر شـاشـەکـەی و ڕێکلامیان بۆ دەکات.

برێت بایەر کە ڕۆژنامەنووسێکی ئەمەریکاییە و بۆ مـــاوەیەکی زۆر لەم بـوارەدا کـــار دەکـــات و ئێستاش ناوبانگێکی باشی بۆ خۆی پەید ا کردووە. بەڵام هەتاوەکو ئێستا هیچ کەسێک، نەهاتووە رەخنەی ئەوەی لێ بگرێت، کە سەربەخۆ و بێلایەنانە کارەکانی دەکات. چونکە لە کۆتاییدا بایەر پـێـشـکـێـشـکـەری بەرنامـــەیەکـــە لە کـــەناڵی فـــۆکس نیـــوز، ئەم کـــەناڵەش زمـــانـحـــاڵی کـۆنزەرفـاتـیف"کۆنەپارێزان"ی ئەمـەریکایە. لەبەر ئەوە بایەر بۆ خـۆی باش دەزانێت، دەبێت سـەر بەکام لایەن بێت، بەدڵنیاییەوە ڕاست.

ئەو کاتەی کە جۆرج دەبلیو بوش حوکمی ئەمەریکای دەکرد، هەموو کاتێک بایەر ماستاوی بۆ کۆمارییەکان دەکرد، هەر بۆیە خۆشەویستترین کەسی سەرۆک بوو، هەموو کاتێک لە کێڵگەکەی خۆی لە تێکساس، میوانداریی دەکرد.

بەڵام کـاتێک باراک ئۆباما جـێگەی بوشی گـرتەوە، لە یەکـێک لە چاوپێکەوتنەکـانیـدا، بەهیچ شێوەیەک نەیدەهێشت باراک ئۆباما ڕستەیەک تەواو بکات، لە ماوەی بیست دەقیقەدا، پیاوەکەی

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا

فۆکس نیوز، ١٦ جار قسەی بە سەرۆک ئۆباما بڕی.

پێش مانگێک بایەر لە بەرامبەر میت ڕۆمنی دانیشتبوو، ڕۆمنی بەهێزترین کاندیدی کۆمارییەکانە بۆ سەرۆکایەتی. جێگەی گوتنە ڕۆمنی زۆر حەزی بە قسەکردن بۆ میدیاکان نییە، بەڵام فۆکس تەنیا کەناڵێکی ئاسایی نییە، بگرە بەهێزترین کەناڵی سیاسیی ئەمەریکایە. فۆکس نیوز دەیەوێت باراک ئۆباما لە کۆشکی سپی دەربکات، ڕۆمنییش یەکێکە لە کاندیدە بەهێزەکانی کۆمارییەکان، کە دەتوانێ ئەم کارە بکا و زللەی باش لە ئۆباما بدات.

## کەواتە لەم کەینوبەینەدا چی ڕوو دەدات؟

ڕۆمنی کۆماری تووشی شۆک بوو، چونکە کۆمەڵێک پرسیاری زۆر ناخۆش و بێ تامی لێ کرد، لە کاتێکدا ئەو خۆی بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە دانەنابوو. وەکو هەموو جارێک بایەر، کە هەموو کاتێک سیمای مۆدێراتوورێکی هەرزەکارانەی پێوە دیارە، لە ڕاستیدا لە ژیانی سیاسیی خۆیدا هەندێک بۆچوونی سیاسیی خۆی گۆڕیوە بۆ نموونە، لەبارەی سیاسەتی ریفۆرمی سیستەمی تەندروستی، یان سیاسەتی پەنابەر و کۆچبەران، یان مەسەلەی لەباربردنی منداڵان.

بەڵام ئەمجارەیان بایەر بە شێوەیەکی جەدی پرسیاری لە ڕۆمنی کرد، کە پێشتر سەرۆکی ناوچەی ماساشوتس بوو. بایەر بەشێوەیەک پرسیارەکانی دەکرد، ڕێک وەکو ئەوەی ئەم پیاوە هیچ کاتێک دەنگی بە کۆمارییەکان نەدابێت. هەر بۆیە هەندێک ئەم گۆڕانە بە گۆڕانێکی هەلپەرستانەی لە قەڵەم دەدەن. هەموو خەونەکانی کاندیدەکە لەناوچوو. ڕۆمنی هەوڵی دەدا بەشێوەیەکی هونەرییانە، خۆی لە پرسیارەکان بدزێتەوە، بەڵام ئەو لە هێرشی خۆی بەردەوام بوو. پاشان گلەییی خۆی لە بایەر کرد و گوتی " ئەو زۆر ئەگرەسیف، شەڕەنگێز" بوو. ئێمە بەم شێوە ڕێک نەکەوتبووین، نابێت ئەم شێوە پرسیارانە لە نێوان هاوڕێیاندا بکرێت.

ڕۆمنی باش دەزانێت لە کوێدا قسەی دەکرد. ئەم کەناڵە ٢٤ سەعاتە بە بەردەوامی دوو ملیۆن بینەری هەیە، هەندێکیشیان هیچ کاتێک کەناڵ ناگۆڕن و کە تەلەڤزیۆنەکەیان کردەوە لەسەر فۆکس دای دەنێن و بۆ شوێنی تر نایگۆڕن. گرووپی فۆکس تەنیا لە ئەمەریکاییە سپیپێستەکان پێک دێت، بەشێکی زۆریان تەمەنیان زۆرە و پیرن، حەزیان بە هۆمۆسێکسوێڵ " هاوڕەگەزەکان" و بێگانە نییە. بەشێکی زۆریان لەو باوەڕەدان سەرۆک باراک ئۆباما بە دزییەوە موسڵمانە و لەسەر خاکی ئەمەریکا لەدایک نەبووە و ئەمەریکاییەکی رەسەن نییە. هەموو بینەرانی ئەم کەناڵەش، هەوادارانی کۆمارییەکانن.

## پرۆسەی دەنگدان شێوەیەکی سێرکوسیانەی بەخۆوە بینی

پاش چاوپێکەوتنە فاشیلەکەی ڕۆمنی، کۆمارییەکان کۆمەڵێک کاندیدی تریان هەیە بۆ سەرۆکایەتیی ئەمەریکا، یەکێک لەوانە ناوی Newt Gingrich نیوت گینگریشە، کە پێشتر

گۆتیاری ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا بوو. بەڵام شانسێکی زۆر کەمی هەیە، لە هەڵبژاردنە بەراییەکانی ڕۆژی سێشەممە لە ولایەتی ئایۆوا بە ڕێژەیەکی زۆر کەم سەرکەوتنی بە دەست هێنا.

لە پرۆسەی دەنگدانی کۆمارییەکان، بۆ ئەوەی کاندیدێک هەڵبژێرن بۆ هەڵبژاردنەکانی نۆڤێمبەری ٢٠١٢ دژ بە باراک ئۆباما، پرۆسەکە شێوەیەکی سێرکوس" واتە پاڵەوانێتیی سێرک"ی بەخۆ بینی. بە شێوەیەک کە بە بەردەوامی گۆڕانکاری لە شانسی کاندیدەکان ڕوو دەدات. پێش مانگێک میشایلە باکمان باشترین کاندید بوو لەپێش کاندیدەکانی ترەوە بوو، لە یەکێک لە Tea-Party ئاهەنگی چایدا، زیاد لە پێویست دژی هۆمۆسێکسوێلەکان و خەرجی دەوڵەت و دیموکراتەکان بوو. پاش ئەم رایک پێری هاتە مەیدانەوە، کە کابرایەکی تێکساسی ڕەسەنە و، کە بە شێوەیەکی گشتی داوای سیستەمێکی ئاسانی بۆ خوێندن دەکات.

پاش ئەمیش هارمان کاین، کە پێشتر وەستای پیتسا دروستکردن بووە. هەموو ئەمانەش گرووپێکی بچووکی ڕۆژنامەنووسی سیاسییان بە دوایەوەیە و هەر کامێکیشیان خۆی بە باشترین کاندید لە قەڵەم دەدات. ئەم گرووپەش زیاتر لە بایەر و هاوڕێکانی لە کەناڵی فۆکس نیوز پێک دێن.

دەسەڵات و ئیمکاناتی ئەم کەناڵە لە هەردوو کەناڵی ئەڵمانیایی، ARD،ZDF زۆرترە. کاتێک میشایلە باکمان کە پێشتر کارمەندی دەزگای باج بووە و ژنێکی توندڕۆ ڕاستڕەوە، پێشتر لە ڕیزی پێشەوە بوو، کاتێک مۆدەراتۆرەکەی فۆکز نیوز پرسیاری کرد، ئاخۆ پێویست دەکات کە هیچ ترسیان هەبێت لە سەرکەوتنی. بەڵام زۆری پێ نەچوو شانسی ئەم کاندیدە هاتە خوارەوە و لە ڕیزی پێشەوە نەما.

کاتێک هێرمان کاین لە ڕێگەی پلانێکی خۆیەوە، باسی سیستەمێکی باجی ڕادیکاڵانەی بۆ هەوادارانی دەکرد، پاشان کەناڵی فۆکس چوو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ئەو ژنەدا کرد، کە لەلایەن هێرمان کاین پەلاماری سێکسیی درابوو. پاش ئەمە هێرمان کاین مێژوو بەجێی هێشت. سەرۆکی ولایەتی تێکساس پێری، ناچار بوو بۆ ماوەی زیاتر لە هەفتەیەک، لە بەرامبەر تۆمەتەکانی کەناڵی فۆکس نیوز بەرگری لە خۆی بکات و بڵێت من شتی وام نەگوتووە و بۆچوونەکانی منیان شێواندووە.

### کەناڵی فۆکس نیوز بۆ ئەوەی بینەری زۆر بۆ خۆیان پەیدا بکەن، هەرا دروست دەکەن

هەتاوەکو ئێستاش زۆربەی کۆنزەرفەتیڤەکان، ئەم کەناڵە بە هی خۆیان دەزانن، تەنانەت ڕۆمنیش، کە ئەویش پێشتر زۆر هەستی بە دڵنیایی لەم کەناڵە دەکرد. زۆربەی کۆنزەرفەتیڤەکانی ئەمەریکا، هیوای گەورەیان بە ڕۆمنی هەیە، بۆ ئەوەی بیانگەیەنێتە کۆشکی سپی. لە نوێترین ڕاپرسیشدا، ڕۆمنی دەکەوێتە ریزی پێشەوە. لەپاش هەر چاوپێکەوتنێکدا کاندیدەکان، یەکسەر ڕێژەی دەنگی خەڵکی بەرز یان نزم دەبێتەوە، ئەمەش گەورەیی دەسەڵاتی کەناڵی فۆکس نیوز پێشان دەدات. کەناڵی فۆکس نیوز بووەتە دەزگایەکی ڕاگەیاندنی خێزانی، کە کاریگەری کوشندەشی هەیە.

جۆرج بارنێس، کە یەکێکە لە رۆشنبیرەکانی باڵی راستڕۆی ئەمەریکا و سەرنووسیاری رۆژنامەی ویکلی ستاندەرە، دەڵێت:

"هیچ کاندیدێکی کۆنزەرفاتیڤەکان ناتوانێت دژی فۆکس نیوز بوەستێتەوە"

فۆکس بڕیاری تەواوەتی خۆیان داوە، کە جیهانێکی باشتر دروست بکەن، رێک وەکو سەردەمی Walt Disney والت دیزنی* ئەمەریکایەک دروست بکەن، کە گەشبینی و پارە رۆڵی هێندە نەبێت. بەڵام بەڕێوەبەری فۆکس نیوز رۆجەر ئالیس Roger Ailes، بە پێچەوانەی والت دیزنیەوە، پارە، بەرنامەی سەرەکییەتی.

ئالیس تەمەنی ٧١ ساڵە، کابرایەکی قەڵەو و کەچەڵە، رابردوویەکی تاریکی سیاسیی هەیە. سەرەتا وەکو ئەندامێکی پارتی کۆماری، لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک ریتشارد نیکسۆن بەشداریی کرد، ئەو لەوێوە فێر بوو، کە چەندە تەلەڤزیۆن کاریگەری بەسەر دەنگدەرانەوە هەیە. پاشانیش بوو بە راوێژکاری ئیعلامیی سەرۆک نیکسۆن. هەروەها بۆ جۆرج بوشی باوکیش، بەرپرسی هەڵمەتەکەی بوو، هەر ئەویش ستراتیجی ئیعلامیی هەڵبژاردنەکانی دارشت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا، بەوە تاوانبار دەکرێت، کە خاوەنی دید و بۆچوونێکی راسیزمانەیە.

زۆر زوو کۆنتۆی ئالیس بەر زبووەوە. هەرچەندە کەناڵی فۆکس نیوز ساڵی ١٩٩٦ دامەزراوە، بەڵام توانی پێش کەناڵی " CNN" بداتەوە. ساڵی ٢٠١٠ ئەم کەناڵە توانی ٨٠٠ ملیۆن دۆلار قازانج بکات و ئەمیش یەکێکە لە لقەکانی کۆمپانیاکانی ئیمپراتۆری میدیایی رۆبێرت ماردۆخ Rupert Murdoch. مووچەی ساڵانەی ئالیس ٢٣ ملیۆن دۆلارە. ئەمڕۆ فۆکس نیوز رێک بووەتە مەکینەیەکی ئۆتۆماتیکی پارە بۆ ماردۆخ، بەتایبەتی پاش ئەوەی سکانداڵی گوێگرت لە تەلەفۆنی کارمەندانی لە بەریتانیا ئاشکرا بوو، ئەم سکاندالەش ئیمپراتۆریەتەکەی ماردۆخی هەژاند و، لە هەموو جیهاندا وێنەی ماردۆخی ناشیرین کرد.

## کۆمارییەکان ناتوانن ئەم ساڵ هیوای سەرکەوتنیان هەبێت

کەناڵی فۆکس بۆ ئەوەی بینەری زۆریان دەست بکەوێت و پارێزگاری لە بینەرانی خۆیان بکەین، پێویستیان بە دروستکردنی هەرا و هۆسەیە، لەبەر ئەوە کۆمارییەکان ئەم ساڵ ناتوانن هیوای سەرکەوتنیان هەبێت. لەبەرئەوەی رق بەرامبەر ئۆباما و چەپەکان بووەتە "oldnews هەواڵی کۆن"، لەبەر ئەوە کەناڵی فۆکس هەڵمەتی کۆمارییەکانی کردە یارییەکی سێرکوس. بەتایبەت لە ئەنجامی کارەکانی سەرۆکی نهێنیی کۆمارییەکان " ئالیس"، کە زۆرجار وەکو دیکتاتۆرێک هەڵسوکەوت دەکات.

بەم شێوەیە ئالیس بڕیاری داوە، کە هەڵمەتی کاندیدەکانی کۆمارییەکان، پێویستە لە رێگەی دەمەتەقێی تەلەڤزیۆنییەوە بێت. رۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە وتارێکدا دەڵێت:

" کەناڵی فۆکس Reality-TV-Show شاو تیڤییەکی راستەقینانە دروست کردووە، بەشێوەیەک

کە سەری لە بینەران شێواندووە و ناتوانن بڕیاری خۆیان بدەن ".

بەڕێوەبەری کەناڵی فۆکس چوار مۆدێراتۆری داناوە، کە دەمەتەقێی تەلەڤزیۆنییانە لەگەڵ کاندیدەکانی کۆشکی سپی بکەن. پرسیاری توند و ڕەق لە کاندیدەکان دەکەن، دەبێت کاندیدەکانیش بەرامبەر ئەم پرسیارانە بوەستنەوە، ڕێک وەکو چۆن خوێندکارێک بەرامبەر مامۆستاکەی دەوەستێت، دەبێت کاندیدەکانیش ئاوا بەرامبەر مۆدێراتۆرەکانی فۆکس ڕاوەستان. ڕاپرسییەکان لەسەر ئەوە وەستاون، کە تا چەندە کاندیدەکان هەڵسوکەوتی باش بەرامبەر بە کامێراو لەسەر شانۆکە باش وەستاون.

ناوەڕۆکی گفتوگۆکانی تەلەڤزیۆن هیچ ڕۆڵیان نییە، بگرە بینەران هەڵدەخەڵەتێن و هیچی تر. ئەوەی گرینگە، چۆنێتیی تەرحکردنی کێشەکانە، هەروەک چاودێریی ئیعلامی Howard Kurtz هاوراد کورتس، لە یەکێک لە سەردانە نهێنییەکانی بۆ کەناڵی فۆکس ئاشکرای کرد. بۆ نموونە مۆدێراتۆرەکە خۆی ئامادە دەکات، بۆ ئەوەی پرسیار لە ریک پێری تەکساسی بکات، ئاخۆ بۆچوونی ئەو بەرامبەر بە کۆچبەری نایاسایی چۆنە؟. یەکسەر پاش ئەم پرسیارە، دەچێت پرسیار لە یەکێک لە ڕیڤاڵەکانی پێری دەکات پێی دەڵێت: ئاخۆ ئێوە پێتان وایە کە پێری، کەسێکی باش بێت. بەم شێوەیەش شەڕەکە لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن گەرم دەکەن.

## ئێمە دەمانەوێ هەموویان پێشانی خەڵکی بدەین

"دەمەتەقێکە ئاژاوەی باشی بەخۆوە بینی و ئێستر بەسە"، بەم شێوەیە ئالیس بانگی یەکێک لە مۆدێراتۆرەکانی کرد و پێی گوت. "ئێمە هەموویانمان پێشانی خەڵکی دا." ئەمڕۆ ئەو دەتوانێت هاواری باش بکات، چونکە ٥ ملیۆن بینەر سەیری کەناڵی فۆکس دەکەن و گوێ بۆ قسە و دەمەتەقێی کاندیدی کۆمارییەکان دەگرن، ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە لە کابڵی تەلەڤزیۆنی ئەمەریکایی پێک دەهێنێت. جێگەی گوتنە ڕێژەکە لە ساڵانی پێشووتر زۆرتر بووە.. هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٢ وەکو شانسێکی گەورەیە بۆ کەناڵی فۆکس نیوز. ئەمەریکاییەکانیش وەکو ئەڵمانیاییەکان بە دوای " سوپەر ستار"دا دەگەڕێن.

ئەم کەناڵە وای کردووە کە نیوت گرینگریش زیاتر وەکو کاندیدێکی لاوازی کۆمارییەکان پیشان بدات. بەڵام ئاخۆ لە کۆتاییدا کێ لە کاندیدەکان دەهێڵنەوە ؟

ڕوش لیمباوگ کە مۆدێراتۆرێکی تەلەڤزیۆنییە و، سەر بە کۆمارییەکان و پێشتر هەوڵی دا کە کۆمارییەکان بەرەو ئاراستەیەکی باش بەرێت. ئەو دەڵێت:

"کەناڵی فۆکس نیوز دەیەوێت، کاندیدەکانی ئێمە بکات بە گژ یەکتریدا"

بە دڵنیاییەوە لەم هەرا و هۆسەیەی ڕاستەکاندا، تەنیا چەپەکان دەیبەنەوە: واتە سەرۆک ئۆباما. هەتاوەکو ئەمڕۆش دیموکراتەکان، بەپێی دواین ڕاپرسی، دەکەونە ڕیزی پێشەوە و

کۆمارییەکان لە پاش ئەمانن. تەنانەت ئالیسی بەڕێوەبەری کەناڵەکەش، کەمێک ترسی لێ نیشتووە، کە هەڵمەتی کاندیدەکانی کۆمارییەکان، زەرەریان هەبێت و بە سوودی ئۆباما بشکێتەوە و نەتوانن دژی ئۆباما بوەستنەوە. ئەو ئێستا زیاتر دڵی بە سەرۆکی CIA دەزگای هەواڵگریی ئەمەریکا خۆشە و، یان بە پاڵەوانیی شەڕی عێراق و ئەفغانستان دایڤید پێتەرسۆن، کە پێشتر وەزیری بەرگریی ئەمەریکا بوو. بەڵام ئەم حەزەی پێ ناچێت بێتە دی، چونکە لەناو ئەم شانۆگەرییە گەورەیەی کە فۆکس دروستی کردووە، پێ ناچێت هیچ کامیان شانسی سەرکەوتنیان هەبێت.

هیچ کام لە کاندیدی کۆمارییەکان، ناتوانن دژی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ماردۆخ ڕاپەڕن و دژی بوەستنەوە. چونکە بەشی زۆری کاندیدی کۆمارییەکان، پێشتر لەلای کەناڵی فۆکس وەکو چاودێر کاریان کردووە. گەر بیانەوێ پاش هەڵبژاردنەکان، کارەکەیان دەست بکەوێتەوە، ئەوا ناچارن خۆیان تەسلیمی ئەم یارییەی فۆکس نیوز بکەن. بەدڵنیاییشەوە ئەمانیش ئەم کارە دەکەن، لە هەمان کاتیشدا خۆیان بۆ بەرزترین پۆستی حکوومەتیی ئەمەریکا هەڵدەبژێرن.

## چەند زانیارییەک لەبارەی کەناڵی فۆکس نیوزەوە

فۆکس نیوز یەکێکە لە کەناڵە هەواڵییەکانی ئەمەریکا، کە زیاتر وەکو زمانحاڵی لایەنە راستڕۆکانی ئەمەریکایە. لە ٧ ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٩٦ لەلایەن رۆجەر ئالیس دامەزراوە. ئەم کەناڵە سەر بە کۆمپانیاکانی نیوز ئۆبەراسیۆنە، کە خاوەنەکەی ئیمپراتۆری میدیاییی رۆبێرت ماردۆخە. رۆژانە ٥ ملیۆن بینەری هەیە. بەم شێوەیەش، یەکێکە لە بەهێزترین کەناڵی هەواڵی ئەمەریکا. ئەم کەناڵە رەخنەی زۆری لێ دەگیرێت، لەوانەکە زۆرجار پشت بە راستییەکان نابەستێت و بێلایەن نییە، ڕێگە بە بۆچوونی دژ بە راستەکان نادات، هەروەها زۆرجاریش بە راسیزم تۆمەتبار دەکرێت.

سەرچاوە: کۆواری شپیگڵی ئەڵمانیایی.

Gregor Peter Schmitz,, Mörderischer Familienfunk, www.Spigelonline.de.02.01.2012

...................................................................

* والت دیزنی یەکێکە لە گەورەترین کەسایەتیی ئەمەریکایی لە سەدەی بیستەمدا. ئەو گەورەترین بەرهەمهێنەری فیلم و ئەفلام کارتۆن بوو. فیلمی میکی ماوس، لە بەهێزترین و ناودارترین کارەکانی بوو. لە هەمان کاتیشدا خاوەنی کۆمەڵگەی دیزنی لاندی گەشتیارییە. کە یەکێکە لە باشترین کۆمەڵگەی یاری بۆ منداڵان لە جیهاندا. والت دیزنی ساڵی ١٩٠١ لە شیکاگۆ ئەمەریکا لەدایک بووە و ساڵی ١٩٦٦ لە لۆس ئەنجلۆس کۆچی دوایی کردووە. دیزنی یەکێک بوو لە هەوادارە نزیکەکانی کۆمارییەکان و پشتگیریی پارتی کۆماریی دەکرد و زۆر دژی کۆمۆنیست و دیموکراتەکان بوو.

# تورکیا و ئیسرائیل
# لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا

ئەردەڵان عەبدوڵڵا

ماوەی چەند ساڵێکە پێوەندیی نێوان دەوڵەتی فاشیستی تورکیایی و ئیسرائیل گرژی و ئاڵۆزیی تێ کەوتووە. ئەم ئاڵۆزییەی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەی رۆهەڵاتی ناڤین، بووەتە وێردی قسە و باسی میدیاکانی رۆئاوا و عەرەب. لەلایەکەوە عەرەبەکان پێشوازی لەم تێکچوونە دەکەن، چونکە هۆکاری ئەم بارگرژییەی نێوانیان لەسەر کێشەی فەلەستین بوو، بەتایبەت پاش کێشەکانی کەرتی غەزە لە ساڵی ٢٠٠٨. بۆ عەرەب ئیسرائیل چەندە دوژمنی هەبێت، بۆ ئەوان باشە، چونکە ئیسرائیل بە دوژمنی یەکەمی عەرەب دادەنێن (بە قسەی خۆیان!!). گەرچی رۆئاواییەکانە بە ترسەوە سەیری ئەم تێکچوونە دەکەن و دەترسن هێندەی تر تورکیا بچێتەوە ناو جیهانی ئیسلامی و ببێتە دوژمنی ئیسرائیل و رۆئاوا.

بەڵام پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ ئێمەی کورد کە گەورەترین زەرەرمەند بووین لەم پێوەندییەی نێوان تورکیای فاشیست و ئیسرائیل، ئەم بارگرژییە سوودی هەیە بۆمان؟.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ناچارین پەنا بەرینەوە بۆ لاپەڕە کۆنەکانی مێژوو، گەشتێکی خێرا بەناو ئەرشیڤی پێوەندیی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە بکەین.

## مێژووی نێوان ئیسرائیل و تورکیا

مێژووی پێوەندی نێوان ئەم دووانە دەگەڕێتەوە، بۆ ساڵانی یەکەمی دامەزراندنی ئیسرائیل واتە ساڵی ١٩٤٨. تورکیا یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی بوو، کە بە فەرمی دانی بە ئیسرائیلدا نا[١]. لەو کاتەدا تورکیا دوو مەبەستی لەم پێوەندییەدا هەبوو.

یەکەمیان:

بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لە عەرەبەکان بکاتەوە، کە دەستیان لەگەڵ ئینگلیز دژی تورکیا تێکەڵ کرد

و، شۆڕشیان لە دژی ئیمپراتۆریەتە خوێناوییەکەیان کرد. جێگەی گوتنە، شۆڕشی عەرەبی بەیارمەتیی ئینگلیز دژی دەوڵەتی عوسمانی کرا. عەرەبەکان بە یارمەتی ئینگلیزەکان توانییان لەژێر چەپۆکی خوێناویی تورکەکان ڕزگاریان بێت.

دووەمیان:

لەپاش شەڕی دووەمی جیهانی، کاتێک زانییان ئەڵمانەکان دۆڕاون و، ئەمەریکا بوو بە زلهێزی جیهان، دیسانەوە بایاندایەوە بۆ ڕۆئاوا. تورکیا باشترین دۆستی ئەڵمانیای نازی بوو، یارمەتییەکی زۆریشیان پێشکێش بە ئەڵمانیا کرد. بەڵام کاتێک دۆڕاندیان، ئینجا دەستیان کرد بە خۆ نزیککردنەوە لە ئەمەریکا. ئەو کاتیش هەتاوەکو ئەمڕۆش جوولەکەکان ڕۆڵێکی باشیان لە ئەمەریکا هەبوو. ئیسرائیلیش یەکێک بوو لە ستراتیجییە گرینگەکانی ئەمەریکا لە ڕۆهەڵاتی ناڤین. لەلایەکی ترەوە تورکەکان چاویان بڕیبووە خەزێنەی ئەمەریکا و بە تەمای یارمەتیی ئەمەریکا بوون. هەرچەندە دەوڵەتی تورکیای فاشیست، بە ڕۆبڵە سوورەکانی رووسیا دروست بوو. بەڵام هەر لەگەڵ دامەزراندنی هاوپەیمانی ناتۆ، یەکسەر تورکیا بوو بە ئەندامی ئەم هاوپەیمانییە سەربازییەوە و سەنگەری لە رووسیا گرت.

## مێژووی دژایەتیکردنی جوولەکە لە تورکیا

جوولەکەکان چ لە ڕۆئاوا و چ لە ڕۆهەڵات بۆ ماوەی هەزاران ساڵ کەوتبوونە بەر هێرشێکی دڕندانە و نامرۆڤانەوە. لە هەموو شوێنێکی جیهاندا سیاسەتی کۆمەڵکوژی و ڕاونان و دەرکردن بەرامبەریان دەکرا. لە ڕۆئاوا دژایەتیکردنی جوولەکە، مێژوویەکی کۆن و خوێناویی هەیە. لە تورکیاش کە خۆی تا سەر ئێسقان بیری فاشیزم و پاکتاوی ڕەگەزی میوانیان بووە، جوولەکەش بەشی خۆیان بەرکەوتووە.

بۆ یەکەم جار ساڵی ١٦٦٦ سوڵتان موحەمەد، لە ئەزمیر پەلاماری رابین سێباتی سەفی دەدات و خۆی و هەوادارانی بە ناچاری دەبنە موسڵمان[٢]. هەروەک چۆن هەموو کەمە نەتەوە کریستی و نەتەوەکانی تری ژێردەستەی تورکیای عوسمانی، هەموو کاتێک بەر هەڵمەتی کوشتن و تاڵانی بوون، جوولەکەکانیش هەمان حاڵیان هەبوو.

هەموو کاتێک تۆمەتی ئەوەیان دەخستە پاڵ جوولەکەکان، کە دەستیان بەسەر بازرگانی و سامانی تورکیادا گرتەوە، نۆکەری بێگانەن و دۆستی دوژمنانیانن. هەرچەندە تورک بە درێژاییی مێژوو سوودێکی زۆری لە جوولەکە وەرگرتووە. بۆ نموونە کاتێک کە جوولەکانی لە ئیسپانیا دەرکران، ئەمانە هەموویان خەڵکی بازرگان و پیشەیی بوون. توانییان سوودی زۆر بگەیننە ئەم دەوڵەتە. ئەو کاتە سوڵتان بایەزید وتی:

"مەلیکی ئیسپانیا بە دەرکردنی جوولەکە وڵاتەکەی خۆی وێران دەکات و وڵاتەکەی من

دەوڵەمەند و ئاوەدان دەکاتەوە."

هەرچەندە ئەمڕۆ تورکەکان وەرگرتنی جوولەکەکان بە گرانی دەفرۆشنەوە پێیان.

لەگەڵ دروستبوونی کۆماری خوێناویی تورکیاش، کە لەسەر بنەمایەکی راسیزمانە دامەزرابوو، جوولەکەکان دیسانەوە بوونە ئامانجی کەمالیستەکان. هەرچەندە بەشێک لە جوولەکەکان رۆڵێکی گەورەیان گێڕا، لە بڵاوکردنەوەی بیری فاشیزمی تورکیایی. لەناو جوولەکەکان خەڵکانێکی زۆر ئەکادیمی و پسپۆڕیان تێدابوو. بۆ نموونە یالچین کیوچەک، کە بیرمەندێکی گەورەی چەپ بوو. هەرچەندە ئەمیش پێی وابوو "هەروەک چۆن تورکیا لەلایەن کۆمەڵێک باندی کۆنەپارێزەوە حوکم دەکرێت، ئەمەریکاش لەلایەن کۆمەڵێک باندی جوولەکەوە حوکم دەکرێت[٣]."

ساڵی ١٩٣٤ دەست کرا بە هەڵمەتی تالانکردن و ڕاونانی جوولەکەکان، کە زیاتر لە ١٠ هەزار جوولەکە ڕاونران و کوژران. ساڵی ١٩٢٣ نزیکەی ١٠٠ هەزار جوولەکە لە تورکیا هەبوون، ئەمڕۆ تەنیا ٢٥ هەزار جوولەکە لە تورکیا دەژین[٤]. ساڵی ١٩٤٢ حکوومەتی تورکیا، بڕیارێکی دەرکرد، کە ئەو کەسانەی کە موسڵمان نین، پێویستە باجی زیاتر بدەن. ئەوەش ئەم باجەی نەدا تووشی ڕاونان و دەرکردن لە وڵات دەبووەوە. لەپاش ئەوەی دیسانەوە تورکیا بەلای رۆئاوا بایدایەوە، چاوەڕێی دەستی رۆئاوا بوو، تۆزێک باری جوولەکەکان باش بوو، بە تایبەت کاتێک ساڵی ١٩٤٨ کە بە فەرمی دانیان بە ئیسرائیل دانا.

## دژایەتیکردنی جوولەکە لەلایەن چەپ و ڕاست و ئیسلامییەکانی تورک

لە پاش شەڕی دووەمی جیهانییەوە، جوولەکەکان لەلایەن ئیسلامییە توندڕۆکانەوە بوونە نیشانە. ئەو کات بەتایبەت پاش شەڕی عەرەب و ئیسرائیل و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل، ئیسلامییەکان پێیان وابوو کە جوولەکە دوژمنی هەمووو (نەتەوەی موسڵمانن). لە هەمان کاتیشدا تۆمەتی ئەوەیان دەخستنە پاڵ، کە گوایە مستەفا کەمال، بەرەگەز جوولەکە بووە. ئەویش خەلافەتی ئیسلامیی رووخاندووە. واتە خەلافەتی ئیسلامی بە دەستی جوولەکە رووخاوە.

گەرچی ڕاسترۆکانیش، تۆمەتی ئەوەیان دەخستە پاڵ جوولەکەکان، کە دەستیان گرتووە بەسەر بازرگانی و سامانی تورکیادا، نۆکەری بێگانەن، تورکی نازانن. لەو کاتەدا هەردوو رابەری بیری راسیزمی تورکی (NihalAtsiz, CevatRifat,) کە پاشتر پارتی (مەهەپ)یان دامەزراند کە بە "گورگە بۆرەکان" ناسراون. کەوتنە پێڕۆکردنی سیاسەتێکی راسیزمانە دژی جوولەکە.

گەرچی چەپەکانیشە، دژایەتیکردنی ئیسرائیل و جوولەکە بوو بە سیاسەتیان، ئەوان ئیسرائیل و جوولەکەیان بە دۆستی ئیمپریالی جیهانی دادەنا[٥]. جێگەی گوتنە چەپی تورکیایی هەتاوەکو ئەمڕۆش، ناسیۆنالیسترین چەپی جیهانن. ئەمانیش دژایەتیکردنی ئیسرائیل و جوولەکە، سیاسەتێکی رۆژانەیان بوو.

لەلایەن میدیای تورکیایی و هەموو لایەنە سیاسییەکانی تورکیاوە، ئیسرائیل و جوولەکە، بە درندەترین شێوە دژایەتی دەکران و سیمایەکی شەیتانیان دەدایە ئەم گەلە قارەمانە.

## بڵاوکردنەوەی کتێب دژی جوولەکە

هەروەک چۆن لە ئەوروپا و عالەمی عەرەبی، بەسەدان کتێب دژی جوولەکە نووسران، لە تورکیاش بەهەمان شێوە. کتێبی " پرۆتۆکۆلەکانی ئیسرائیل" لە ساڵی ١٩٣٤ تا ساڵی ٢٠٠٣، ٩٧ جار چاپ کراوەتەوە. کتێبی " خەباتم" هیتلەر، لە ساڵی ١٩٤٠ تا ٢٠٠٣، ٣٣ جار چاپ کراوەتەوە. بەتایبەت لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەم کتێبە رەواجێکی زۆری هەیە، تا وای لێ هات سەفیری ئەڵمانیا لە تورکیا، نارەزاییی خۆی دەربڕێت. کتێبی " درۆکانی هۆلۆکۆس" لە ساڵی ١٩٩١ تا ٢٠٠٠ ئەم کتێبە ٢٢ جار چاپ کراوەتەوە[٦].

ئەمەو چەندین کتێب و وتاری راسیزمانە کە رۆژانە دژی جوولەکە و ئیسرائیل لە میدیا و چاپخانەکانی تورکیادا بڵاو دەکرێتەوە. ئەمڕۆ میدیاکانی تورکیا دەوڵەتی ئیسرائیل بە " منداڵکوژ، چەتە، فاشیزم" وەسف دەکرێت.

## تیرۆر لە دژی جوولەکە

ساڵی ١٩٨٠ بۆمبێکیان گرتە بنکەی سەرۆکی رابینەکان" سەرۆکی جوولەکەکان" لە ئەستەمبوڵ. ساڵی ١٩٩٢ حزبوڵڵای تورکیایی پەلاماری " سیناگۆگی نێڤە شالۆم" لە ئەستەمبوڵ دا. لە نێوان ساڵانی ١٩٩٣ تا ١٩٩٥دا، چەندین جار " جاک کامی" کە بازرگانێکی گەورەی جوولەکەیە، سەرۆکی کۆمەڵەی جوولەکەکان لە ئەنکەرە یودا یوریوم، هەوڵی تیرۆرکردنیان دەدرا. لە ١٥ی نۆڤێمبەری ٢٠٠٣دا، دوو سیناگۆکی جوولەکە لە ئەستەمبوڵ سووتێنران[٧].

بۆچی جوولەکەکان بێدەنگییان هەڵبژاردووە؟!

ریفات بالی کە نووسەرێک و بیرمەندێکی جوولەکەی تورکە دەڵێت:

> "لە تورکیا ماوەیەکی زۆرە دژایەتیکردنی جوولەکە هەبووە. بەڵام بەداخەوە هیچ کاتێک جوولەکەکانی تورکیا و جیهانیش، باسی فاشیزمی تورکیان نەدەکرد. هۆکاری ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی، کە تورکیا یەکەمین دەوڵەتی ئیسلامی بووە، کە دانی بە ئیسرائیل داناوە و پێوەندیی سیاسی و دیپلۆماسی و سەربازیی لەگەڵ ئیسرائیل هەبووە."

## قۆناغە باشەکانی پێوەندیی نێوان ئیسرائیل و تورکیا

باشترین قۆناغی پێوەندیی نێوان ئەم دووانە، دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٩٤٨ هەتا ٢٠٠٨ واتە بۆ

ماوەی پەنجا ساڵە پێوەندیی باشیان هەبووە. مەبەستی تورکیا لەم پێوەندییە باشەی لەگەڵ جوولەکە، زیاتریش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە جوولەکەکان خاوەنی بەهێزترین لۆبین لە ئەمەریکا. هەروەک ڕیفات بالی دەڵێت:

"تورکیا و کۆمەڵەی جوولەکانی ئەمەریکا هاوپەیمانییەکی باشیان پێک هێنابوو، کە هەموو کاتێک دەبوایە جوولەکەکان دژی هەر هەوڵێک بوەستنەوە کە دژی تورکیا دەکرێت، بەتایبەت پاش ئەوەی ساڵی ١٩٧٤ قووبرسیان داگیر کرد. یان دژایەتیکردنی هەر هەوڵێک کە بە فەرمی ددان بە کۆمەڵکوژیی ئەرمەنییەکان لەلایەن تورکەکانەوە دەنێت. یان هەر هەوڵێک کە باس لە پێشێلکارییەکانی تورک، کە لە دژی کورد دەیکات. هەموو کاتێک جوولەکەکان چ لە کۆنگرێس یان لە کۆشکی سپی، بەرگرییان لە تورکیا دەکرد و نەیاندەهێشت هیچ سیاسەتێک دژیان بگرێتە بەر[٨]"

تورکیا سوودێکی گەورەی لە جوولەکەکانی ئەمەریکا وەرگرت. ئەوان هەموو کاتێک لە سەفیری تورکیا زیاتر بەرگرییان لەم دەوڵەتە فاشیستە دەکرد. لەلایەکی تریشەوە، بە ناشیرینترین شێوە، دژایەتیی دوژمنانی ئەم دەوڵەت فاشیستەیان دەکرد. هەوڵێکی زۆریان دا بۆ ئەوەی دژایەتیی خەباتی گەلی کورد بکەن و بە تیرۆر وەسفی بکەن. لەم کارەشیاندا سەرکەوتوو بوون.

ئیسرائیل لە ڕووی سەربازی و ئەمنی و هەواڵگرییەوە، گەورەترین خزمەتی ئەم دەوڵەتە فاشیستەی کرد. هەتاوەکو پێش چەند ساڵێکیش، جەنەراڵ و ئەفسەرە ئیسرائیلییەکان، شان بەشانی لەشکری تورک، دژی گەلی کورد دەجەنگان. لە بیریشمان نەچێت، کە عەبدوڵڵا ئۆج ئالان، لەلایەن مووسادی ئیسرائیلییەوە گیرا و ڕادەستی تورکیا کرایەوە.

ماوەی سی ساڵی ڕێکە، ئیسرائیل لە ڕووی سەربازی و دیپلۆماسی و ئابوورییەوە، یارمەتیی دەوڵەتی تورکیای فاشیست دەدات و لە دژی گەلی کورد دەوەستێتەوە.

ئیسرائیلیش دوو مەبەستی سەرەکیی هەبوو لەم پێوەندییە:

یەکەم: لە ڕووی سیاسییەوە:

ئیسرائیل تورکیای وەکو هەمبەرێک لە بەرامبەر ئێران و وڵاتانی عەرەبی دەویست. لە ڕووی سەربازییەوە کۆمەڵێک ئۆپەراسیۆنی گەورەیان ئەنجام داوە. ئامانجی ستراتیجیی ئیسرائیل، پاڵپەستۆ خستنە سەر وڵاتانی عەرەب و ئێران بوو.

دووەم: لە ڕووی ئابوورییەوە:

تورکیا باشترین مشتەریی چەکی سەربازیی ئیسرائیلی بوو. کە زۆربەی دژی گەلی کورد بەکار دەهێنرا. هەروەها لە ڕووی ئابووریشەوە بازرگانییەکی باشیان پێکەوە دەکرد و شمەکە ئیسرائیلییەکان بەتایبەت " کۆمپیوتەر و های تەکنیک" لە تورکیا بازاڕی گەرم بوو. هەتا ماوەیەکی

زۆر، تورکیا بووبووە بازاڕێک، بۆ کڕینی گورچیلە و بەشە ئۆرگانەکانی تری مرۆڤ.

### بۆچی تورکیا پشتی لە ئیسرائیل کرد و بوو بە دۆستی عەرەب؟!

بەڵام ئەوەی کە جێگەی تێڕامان و سەرنجە، کە لەم چەند ساڵەی دواییدا، ئەم پێوەندییە ستراتیجییە تێک چووە. دیارە کۆمەڵێک هۆکاری گرینگ هەن، کە بوونەتە هۆی ئەم تێکچوونە. لێرەدا بە کورتی هەندێکی باس دەکەم.

١- چیی تر تورکیا پێویستی بە ئیسرائیل نەماوە.

دیارە ماوەی سی ساڵی ڕێکە تورکیا، ئیسرائیل و لۆبیی جوولەکە لە ئەمەریکا لە دژی ناحەزانی بەکار دەهێنێت. پاش ئەوەی ئیسرائیل بەهەموو ڕوویەکەوە یارمەتیی تورکیای دا، بۆ لەناوبردنی پەکەکە و سەرۆکەکەشی ڕادەستی ئەوان کرد، ئێستا تورک پێویستی بەوان نییە. هەروەک چۆن پاش ئەوەی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا، تا ئەو کاتە پێویستییان بە کورد بوو، بەکاریان هێنا، پاشتریش بوونە گورگی هار لێی. ئەمڕۆش بەهەمان شێوە، پاش ئەوەی کاریان بە ئیسرائیل تەواو بوو، بوونەتە گورگی هار لێی. ئەمڕۆ ئەردۆگانی فاشیست لە عەرەبەکان خراپتر زمانی زبر و ناشیرین لە دژی ئیسرائیل بەکار دەهێنێت، تەنانەت سەرۆکە عەرەبەکانیشی تووشی ئیحراجکردن کردووە.

٢- ڕۆڵی ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لەم گۆڕینە.

ماوەی زیاتر لە چل ساڵە، تورکەکان لە بەردەمی دەرگەی ئەوروپاوە وەستاون و بێ پشوو چاوەڕێی هاتنە ژوورەوە بۆ کلووپی ئەوروپایی دەکەن. ماوەی حەفتا ساڵە خۆیان بە ئەوروپایی دادەنێن و جلوبەرگی ڕۆژهەڵاتییان فڕێ داوە، بەڵام ئەوروپا هەر گوێیان بۆ ناگرێت. ئەمڕۆ ئەمەریکا و ڕۆژئاوا لەو باوەڕەدان، کە باشترە بۆ تورکیا و بۆ خۆشیان، کە تورکیا ڕوو لە ڕۆژهەڵات بکات. سامۆیل هینگلتوون کە بیرمەند و پسپۆڕێکی گەورەی سیاسی و فیکریی ئەمەریکاییە. لە کتێبە ناودارەکەیدا (شەڕی شارستانییەکان). بەئاشکرا بانگەشەی ئەم بیرە دەکات و پێی وایە کە بۆ تورکیا باشترە واز لە ئەوروپا بهێنێت و ڕوو لە ڕۆژهەڵات و ئاسیای ناوەڕاست بکات. بیرمەند و نووسەری ناسراوی عەرەبیش (حسین هیکل) لە کتێبە ناسراوەکەیدا (گەشتێک لە کابوولەوە بۆ نیویۆرک) دەڵێت:

> "پاش ئەوەی سەرۆک بوش " دووەم" هاتە سەر کار، لێژنەیەکی پسپۆڕ ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلیان بۆ نووسیوە. کە زیاتر ڕێپێشاندانە بۆ سەرۆکی نوێ. تێیدا هاتووە. "کە هانی تورکیا بدرێت بۆ ئەوەی لە وڵاتانی عەرەبی نزیک بکرێتەوە و تێکەڵی ئەوان بێت. لە هەمان کاتیشدا ئیسلامی سیاسیی تورکیایی، بکرێتە نموونەیەک بۆ وڵاتانی

عەرەبی[٩]."

بەڵام بە داخەوە خەڵکانێک پێیان وایە، کە ئەمەریکا ئەم نزیکبوونەوەی تورک و عەرەبی پێ باش نییە و لێی دەترسێت. بەڵام ئەمە ئەسڵ و ئەساسی نییە، چونکە ئەمەریکا خۆی نەخشەی ئەم سیاسەتەی تورکی داڕشتووە.

٣- تورکیا دەیەوێت بە کلیلی ئیسلام دەرگەی مەسیحیی ئەوروپا بکاتەوە

خاڵێکی گرینگ هەیە کە پێویستە زۆر ئاگەداری بین، ئەویش ئەوەیە: تورکیا لە هەموو نەتەوە و گەلە غەیرە عەرەبییەکانی تر، سوودی لە ئیسلام وەرگرتووە. بەناوی ئیسلامەوە ماوەی پێنج سەدە کەوتە تالانکردن و دزین و کوشتنی هەموو رۆهەڵات و رۆئاوا. ئیسلام وەکوو شمشێرێکی دووسەر لە دژی رۆهەڵات و رۆئاوا بەکار دەهێنا. کەس لە رۆهەڵات ترسی ئەوەی نەبوو دژی ئەم دەوڵەتە ڕاوەستێت، چونکە یەکسەر بە کافر و زەندەق ناویان دەبرد. پەلاماری ئەوروپاشی بە ناوی "فتووحاتی" ئیسلامییەوە دەدا.

لەپاش شەڕی یەکەمی جیهانیشەوە، بەناوی دژایەتیکردنی ئیسلام، پارەیەکی زۆری لە رووسیا و رۆئاوا وەرگرت. ئەو کات چ لە رووسیا و چ لە ڕۆئاوا، مستەفا کەمالیان بە باوکی مۆدێرنە و ئەورووپاییبوون ناودەبرد. ئەو کات تورک توانییان خەباتی کورد، بە دژە ئەورووپاییبوون و مۆدێرنە وەسف بکەن، هەروەک چۆن ئێستا بە تیرۆر وەسفی دەکەن.

ئەمرۆش تورکیا دەیەوێت، بەناوی "تورکیا پردێکە لە نێوان رۆهەڵات و رۆئاوا" خەڵکی ئەوروپا هەڵخەڵەتێنێت. لەلایەکی تریشەوە تورکیا دەیەوێت ئەورووپاییەکان بترسێنێت، کە وەکو جاری جاران بێتەوە خەلافەتی عوسمانی و بەناوی ئیسلامەوە پەلاماری ئەوروپا بدات.

٤- سوودی ئابووری

تورکیا گەیشتووەتە ئەو قەناعەتەی، کە ناتوانێت لە بازاڕی ئەورووپاییدا کێبەرکێی شمەکی ئەورووپایی بکات و ناچارە بازاڕی تر بۆ خۆی بدۆزێتەوە. تورکیا خاوەنی بنەمایەکی پیشەسازیی گەورەی وەکو فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئیتاڵیا و وڵاتانی تری ئەورووپایی نییە، بگرە ئەمان خاوەنی بنەمایەکی پیشەسازیی بچووکن. هەر بۆیە گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتە، کە وڵاتانی عەرەبی باشترین شوێنە بۆ شمەکەکانی ئەوان. بۆ نموونە ئێستا ساڵانە تورکیا نزیکەی ٨ ملیار دۆلار شمەکی خۆی بۆ کوردستان و عێراق دەنێرێت.

ئابووری و بازاڕ، خاڵی گرینگی ئەم وەرچەرخانەی سیاسەتی تورکیاین.

٥- لە ڕووی کولتوورییەوە.

تورکیا لە ڕووی کولتوورییەوە لە چاو وڵاتە ئەورووپاییەکانی تر، وەکو سواڵکەر و بازرگانێکی

دەوڵەمەند وایە. ئەوەی کە ماوەی ئەم چەند ساڵە تورک فێری بوون، لە ئەوروپاوە هاتووە. لەبەر ئەوە تورک ناتوانێت کێبەرکێی وڵاتانی ئەوروپایی بکات. بەڵام لەگەڵ عەرەبەکان بەم شێوەیە نییە. بۆ نموونە ئەمڕۆ بەشێکی زۆری تیڤییە عەرەبییەکان، درامای تورکی وەشان دەکەن. هەرچەندە لە بڵاوکردنەوەی ئەم درامایانەشدا، تورک دوو ئامانجی هەیە.

یەکەم: بۆ ئەوەی کولتووری خۆیان بەسەر عەرەبەکاندا بسەپێنن. ئەم دراما تورکییانە. لە ڕووی سیاسی و ئابوورییەوە خزمەتێکی زۆری تورکیا دەکەن. لەم چەند ساڵەی دواییدا، گەشتیارێکی زۆری عەرەب ڕوویان لە تورکیا کردووە.

دووەم: بەشێکی زۆری دراما تورکییەکان، کورد وەکو نەتەوەیەکی دواکەوتوو و دڕندە وەسف دەکەن. لە هەمان کاتیشدا خەباتی گەلی کورد لە باکور، دزێو و ناشیرین وەسف دەکات. ئەمەش هەمووی بۆ ئەوەیە کە عەرەبەکانیش وەکو تورکەکان بیربکەنەوە.

ئەمڕۆ تیڤی و میدیا، گەورەترین ڕۆڵیان بەسەر بڕیار و هەڵوێستەکانی مرۆڤەوە هەیە. هەر بۆیە تورکیا بەنەخشە هەوڵ دەدات، کە خۆی بەسەر میدیای عەرەبیدا بسەپێنێت.

٦- خەونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

ئەمڕۆ لەناو میدیای تورکیدا بە ئاشکرا بانگەشە بۆ زیندووکردنەوەی ئیمپراتۆریەتە خوێناوییەکەی تورک دەکرێت. تەنانەت ئەردۆگان و پارتەکەی بە " عوسمانییە نوێکان " وەسف دەکەن. بەداخەوە هەندێک لایەنی عەرەبیش بەتایبەت لەناو میدیای عەرەبیدا، بانگەشە بۆ گەڕانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەکەن. لە کاتی سەردانی ئەردۆگان بۆ میسر، ڕۆژنامەی "القدس العربي" مانشێتێکی نووسیبوو "بەخێر بێیت ئەی سوڵتانی عوسمانی"[١٠].

ئەمڕۆ تورکەکان توانیویانە لۆبییەکی زۆر لەناو میدیای عەرەبیدا دروست بکەن و بانگەشەی ئەم بیرەی تورکیا بکەن. تورکەکان ئێستاش جارێکی تر دەیانەوێت، ئیمپراتۆریەتی تورکی دروست بکەنەوە.

### ئاخۆ کورد دەتوانێت سوود لەم تێکچوونە وەربگرێت؟

پاش ئەوەی چەندین ساڵە ئیسرائیل بەهەموو شێوەیەک پشتگیریی ئەم دەوڵەتە فاشیستە دەکات و دژی گەلی کورد دەوەستێتەوە، ئەمڕۆ گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی، کە هەڵەیەکی گەورەیان بەرامبەر بە خۆیان و کورد کردووە.

ئەمڕۆ کورد دەتوانێت سوود لەم تێکچوونە وەربگرێت. ئەم تێکچوونە یەکەمین سوود کە بە کوردی دەگەیەنێت ئەوەیە، کە ئیسرائیلی لە بەرەی تورک دەرکردووە و چیی تر ئیسرائیل دوژمنایەتیی کورد ناکات. بە واتایەکی تر ئەم تێکچوونە گەر سوودیشی نەبێت بۆمان ئەوا چیی تر

ئیسرائیل زەرەری نابێت بۆمان.

لەلایەکی ترەوە گرینگە کورد مێژووی خراپی ئیسرائیل لە بیر بکات و هەوڵ بدات، لەگەڵ ئیسرائیلدا ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیجی ڕێک بخەن، چونکە ئەمڕۆ کۆمەڵێک دوژمنی هاوبەشیان هەیە.

ئیسرائیل دەتوانێت لە ڕووی سەربازی و ئابووری و دیپلۆماسییەوە، یارمەتییەکی زۆری کورد بدات. ئەمڕۆ کورد لە هەموو لایەکەوە پەلامار دەدرێت، بەهەمان شێوەش ئیسرائیلیش. هەروەک چۆن ئەمڕۆ گەلە کۆمەکێیەکی " تورکی، ئێرانی، عەرەبی" لە دژی کورد دەکرێت، بەهەمان شێوەش ئیسرائیلیش ڕووبەڕووی ئەم گەلە کۆمەکێیە بووەتەوە.

ئەمڕۆ گرینگە بۆ هەردوولا، لەو ڕاستییە گەیشتبێتن، کە ئەوان تورکیا و ئێران و عەرەبستانی بە گشتی دوژمنیانن. کورد و ئیسرائیل هەردووکیان دوژمنی هاوبەشیان هەیە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دوژمنانەش، ناچارن ببنە دۆستی یەکتر و هاریکاریی یەکتری بکەن.

هیوادارم سەرکردایەتی کورد بەتایبەت لە باشووری کوردستاندا، ئەم هەلە زێڕینە لە دەستی خۆی نەدات، چونکە جارێکی تر هەلی وا ڕێک ناکەوێتەوە. لە هەمان کاتیشدا هیوادارم کە سەرانی ئیسرائیلیش، دان بە هەڵەی خۆیاندا بنێن و چیی تر یارمەتیی ئەم دەوڵەتە فاشیستە نەدەن.

سەرچاوەکان:


1. Ausgewiesen Israel Botschaft.www.Tagessiegel.de.06.09.2011

2. Rifat n,bali.Mehr als nur Totschweigen.www.Hagalil.Com

3. Juden In den Türkei.www.Wikipedia.Org.Deutsch.

4. Rifat n,bali.Mehr als nur Totschweigen.www.Hagalil.Com

٥- هەمان سەرچاوە.

٦- هەمان سەرچاوە.

٧- هەمان سەرچاوە.

٨- هەمان سەرچاوە.

٩- محمد حسنين هيكل. كلام في السياسة. الجزء الرابع. من نيورك الى كابول. مطبعة دار الشروق. ٢٠٠٩. قاهرة، مصر.

١٠- ڕۆژنامەی " القدس العربي". ڕۆژی ٢٠١١/٩/١٢.


کتێبخانەی هەولێر

## گۆرباتشوف:

# من لە پوتین نیگەرانم و حزبەکەشی وەک حزبی شیوعی سۆڤیەتییە

ئا: شێرزاد هەینی

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ کۆواری دیرشپیگلی ئەڵمانی، میخائیل گۆرباتشوفی تەمەن هەشتا ساڵی باس لە دوا رۆژەکانی یەکەتیی سۆڤیەت دەکات، کە چۆن نەیدەتوانی کێشەکانی لەگەڵ حزبی شیوعی چارەسەر بکات، ئەو هێشتا خەم لەو رۆژانە دەخوات کە لە کاتی هەڵوەشانەوەی یەکەتیی سۆڤیەت خوێنی تێدا ڕژا، ئەوەش هەتا ئیمڕۆش ئازاری دەدات، ئەو فلادیمیر پوتینیش لەو دیمانەیەدا، بەوە تاوانبار دەکات کەو وڵاتەکەی بەرەو دواوە بردووە.

ئەو سەبارەت بە گەیشتنی تەمەنی لە بەهاری رابردوو بە هەشتا ساڵی وتبووی: لەو پێنج ساڵەی دوایی سێ نەشتەرگەرییم بۆ کراوە، لەوانە نەشتەرگەریی دەماری سباتی خوێن و دەرهێنانی پرۆستات و نەشتەرگەریی برِبرِەی پشتیشم لە میونیشن بۆ کراوە، ئەوەشیان نەشتەرگەرییەکی ترسناک بوو، بۆیەش لەو بۆنەیەدا سوپاسی ئەڵمانەکان دەکەم. ئەو دەڵێت من وازم لە سیاسەت نەهێناوە بۆیە پاش خۆشەویستیی زۆرم بۆ هاوسەرە کۆچکردووەکەم، من خۆشەویستی دووەمم سیاسەتە، من سێ جار ویستوومە واز لە سیاسەت بهێنم، بەڵام نەمتوانیوە، من نەمدەزانی کەوا من لە تەمەنی هەشتا ساڵییدا دەتوانم سیاسەت بکەم، لەبەرئەوەی دەزانم ئەگەر واز لە سیاسەت بهێنم دەمرم.

من بەتەمەن گچکەترین سکرتێری گشتیی سەرکردایەتی حزبی شیوعی بووم لە شاری ستافروبول، کە سکرتێری گشتیی پێشوومان کوستنتین تشیرنینکۆ مرد، من گچکەترین ئەندامی مەکتەبی سیاسی بووم. کە ئەندامەکان ئەویان لە ساڵی ١٩٨٤ هەڵبژارد ئەو نەخۆش بوو، بۆیە ناکۆکی دەکەوێتە ناو مەکتەبی سیاسی، بۆیەش پۆستەکانیان بە شێوەیەکی گونجاندن دابەش کرد، یوری ئەندروبوڤ چەند ساڵێک بوو سکرتێری گشتیی حزب و سەرۆکی کی بی جی بوو، ئەو نامەیەکی بۆ کۆمەڵەی گشتیی لیژنەی مەرکەزی نووسیبوو، تێدا ئەو پشتیوانیی منی کردبوو. ئەندری گرومیکۆی وەزیری دەرەوە کەسێکی زیرەک و بەتوانا بوو، ئەو بەردەوام نەخۆش بوو، کە

| | |
|---|---|
|  |  |
| گۆرباتشۆف | پۆتین |

هەوڵنامەی کتێب

دەوامی نەدەکرد منی بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی ئەمانەتی گشتی و مەکتەبی سیاسی حزب دەسنیشان دەکرد، منیش کارەکانم بە باشی رادەپەڕاند، منیش لەوەیاندا ئەزموونێکی باشم پەیدا کردبوو. راستە ژمارەیەک لە ئەندامەکان نەیاندەویست من بگەمە ئەو پۆستە، لەبەرئەوەی من دوژمنی زۆرم هەبوو، هێشتا تشیرنینکۆ مابوو، یەکێک لە سەرۆکی هەرێمەکان بە منی وت: دیارە پاسەوانە کۆنەکان دەیانەوێ یەکێک لە یاوەرەکانی خۆیان لە شوێنی خۆیان دابنێن، ئەگەر ئەوە بکەن ئێمە لەناوی دەبەین.

منیش لە وەڵامدا وتم: ئەو جۆرە قسانە باوی نەما و بەسە. کە تشیرنینکۆ مرد لەسەر پۆستەکە ناکۆکی سەری هەڵدا، من بەر لە سی دەقە لە کۆبوونەوە مێژووییەکەی مەکتەبی سیاسی لەگەڵ گرومیکۆ دانیشتم، لەوێ پێم وت: رەوشەکە ترسناکە و خەڵکەکەش گۆڕانیان دەوێت، با مەسەلەکە بەیەکەوە چارەسەر بکەین. ئەو پشتیوانیی بۆچوونەکەی کردم، هەر ئەو شەوە گەڕامەوە ماڵە گوندییەکەم، بەیانی زوو بوو، لەگەڵ هاوسەرەکەم پیاسەم دەکرد.

ئێمە مەسەلە گرینگەکانمان لە ماڵەوە باس نەدەکرد، کە من لە پۆستی سەرۆکایەتی نەمام و شوقەکەم چۆڵ کرد، کرێکارەکان لەناو دیوارەکەدا جیهازی جاسووسیی دەنگ و تۆمارکردنیان

دۆزییەوە کە لەناو دیوارەکاندا دانرابوون. بۆیە من هەر لە دەرەوە لەگەڵ ژنەکەم باسی ئەو ڕەوشەمان دەکرد. بە ژنەکەم وت، ئیمڕۆ سکرتێری گشتیی حزب دادەنرێت، منیان بۆ ئەو پۆستە داناوە، ئەویش لە وەڵامدا وتی: تۆ پێویستت بەو پۆستە هەیە؟ منیش بە هاوسەرەکەم وت:

لەو چوار ساڵەی ڕابردوو سێ سکرتێریان گۆڕیوە، بۆیەش منیان داناوە تا شەرمەزاریان نەکەم، ئەگەر ئەوە نەکەم، خەڵکەکە هەڵوێستەکەم بە ترسی سیاسی دەزانن.

قسەی وا هەیە، گوایە ئێمە لە کاتی خۆی تەنیا هەندێ نیشانەکانی نەخۆشیی حزبی شیوعیمان چارەسەرکرد و حزبمان لەسەر دەسەڵات کەم کردەوە، بەڵام من دەڵێم ئەگەر دووبارە و سەرلەنوێ پرۆسەی برویسترویکا بکەمەوە، وەک جارانی پێشوو پیادەی دەکەمەوە، دروشمی ئەو کاتانەمان ئەوە بوو کەوا ئێمە ناتوانین بەو شێوەیە چیتری بژین، هاووڵاتییان داوای گۆڕانیان دەکرد. ئەگەر دەسەڵاتمان هەبووایە زووتر لە ماگادان گۆڕانەکانمان دەکرد، ئەو شوێنەی شەش هەزار کیلۆمەتر لە مۆسکۆ دوورە و پێتەختی زیندانەکان بوو.

ڕەوشەکە تەنیا یەک بانگەشەی سیاسی گچکەی دەویست، ئێمە لەو ڕەوشەدا تەنیا تیمێکی کار و بەرنامەیەکمان دەویست، دەبووایە خەڵکەکە لەو خەوە بەئاگا بهێنین، دەزگا حزبییەکان پێویستیان بە بریسترویکا نەبوو، ئەوان خۆیان کاری خۆیان ئەنجام دابوو، ئێمە پێویستمان بە سیاسەتی گلاسنوست واتە شەفافیەت هەبوو، سەرەتا ئەوەمان دەویست، ئەوەش ڕێگەی ئازادییەکەمان بوو، ئینجا توانیمان پاش هەزار ساڵ لە ڕووسیا یەکەم هەڵبژاردنی ئازادانە بکەین.

حزبی شیوعیی سۆڤیەتی ئاڵەتێکی زەبەلاح بوو، لە هەندێ قۆناخەکاندا داری دەهاویشتە بەر دۆلابەکان، ڕاستە ئەو حزبە پرۆسەی بریسترویکای ڕاگەیاند، بەڵام دوایی بوو بە گەورەترین کۆسپ لە بەردەمیدا، من باش لەوە تێ گەیشتبووم کەوا ئەوەی ریفۆرم بکات دەبێت لە ڕەگەوە بیکات، بەڵام لە یەکەم هەڵبژاردنی ئازادیی ڕووسیا شکستێکی مەزنی بەرکەوت، کە دەزگاکانیان کۆ کردەوە، دژایەتیی منیان کرد و لە کۆبوونەوەکانی سەرکردایەتی بەئاشکرا نەیاریان لەگەڵ مندا دەکرد، منیش لەودەمانە وازم لە حزب هێنا و ئیستقالەمدا.

ئەوەیان لە مانگی ئەپریلی ساڵی ١٩٩١ بوو، واتە هەشت مانگ پێش هەڵوەشانەوەی یەکەتیی سۆڤیەت، دوایی گەڕامەوە و حزبەکەش هەڵوەشاوە. وابوو، پاش سێ سەعات گەڕامەوە، لەبەرئەوەی نەوەد ئەندامەکەی حزبی شیوعی دەیانزانی ئەوەیان دەبێتە هۆی لەتبوونی حزبەکە، منیش کە لە تەمەنی نۆزدە ساڵییەوە بوومەتە ئەندام لەو حزبە، باوکیشم یەکێک بووە لە شەڕوانانی بەرەکانی شەڕ و باپیریشم شیوعییەکی دێرین بوو، دەکرێ من فاکتەری لەتبوون و ئەو دارِمانە بم، منیش خۆم پیاوێکی شارەزای کاروباری دەوڵەتیش نەبووم، کەسێکی ئاسایی بووم، بۆیە هەستم دەکرد ویژدانم ئازارم دەدات.

من وا بووم، بەڵام هەندێکیان خیانەتیان لێ کردم کەسێکی وەک ڤلادیمیر کریوشکوفم کردبووە بەڕێوەبەری کی جی بی، ئەوەی بیست ساڵ لەو دەزگایە کاری کردبوو، ئینجا ئەو کۆششی کرد من بڕوخێنێت، ئەگەرچی پێوەندییشمان خۆش بوو. بوریس یلتسینیش کە بووە سەرۆک کۆمار منی لە پۆستەکە لادا، من ئەوم هەر سەرپێی دەناسی لەو کاتانەی کە سەرۆکایەتیی حزبی لە هەرێمی سفیردلوفسک دەکرد.

یلتسین بڕوای زۆری بە خۆی هەبوو، کە ئێمە ئەومان هێنایە ناو حزبی نیشتمانی زۆر کەس وتیان ئەو پیاوە وەرمەگرن، دوایی ئەو بووە سەرۆکی حزبەکە لە مۆسکۆ، منیش پشتیوانیم کرد، ئەو چالاک بوو، بۆیە کاتی زۆری دەویست هەڵەکەم چاک بکەمەوە، ئەویش تامەزرۆ و شەیدای دەسەڵات بوو، زۆر کۆششمان کرد وەک سەفیرێک دووری بخەینەوە، بیکەنە سەفیرێک لە یەکێک لە کۆمارەکانی مۆز تا بۆ خۆی لەوێ بەئارامی هەر نێرگەلە بکێشێت.

کە پرسیمان تۆ مەسەلە نیشتمانییەکانت سست کرد، ئەو لە وەڵامدا وتی: ئەوەیان ڕاست نییە، من لە وڵاتێکدا ژیاوم کە ٢٢٥ زمان و زاراوە ئاخاوتنی پێ دەکرا، چەندان ئاینی تێدا بوو، من لە قەوقازیش گەورە بووم، لەگەڵ هەموو ئاریشەکانی ڕووسیاش هاودەم بووم. من بە هیچ شێوەیەک ئاگام لەوە نەبوو کەوا سوپا بە زۆر دەیەوێ بزاڤە سەربەخۆییەکانی تیبلیسی و ڤیلنیوس سەرکوت بکاتەوە، ئێمە کۆششمان دەکرد دانوستان بۆ ئەو کێشانە بکەین، لەبنەوە سەرکردایەتی کی جی بی ئاگرەکەی خۆش دەکرد و خەڵک دەکوژرا، ئەوە لە ڤیلنیوس هەروەها لە تبلیسیش وا بوو. ئێمە دواکەوتین، ئەگەرنا یەکەتیی سۆڤیەت نەدەڕووخا، دەکرا یەکەتیی فیدرالی بە خەسڵەتی یەکەتیی کۆنفدرالی دامەزرێنین، من پێشنیازی دەنگدانێکم کرد، کە دەنگمان بۆ ئەو پرۆسەیە دا یلتسین تووڕە بوو، ئەو دژی ئەو پێشنیازە بوو، بۆیە لەیەک دوورکەوتینەوە، دوایی ڕێژەی ٧٦٪ خەڵکەکە لەگەڵ بۆچوونەکەی من بوو، بەڵام یەکەتییەکە هەر هەڵوەشایەوە، سەرکردایەتی ڕووسی و کودەتاچییەکان لەوەیان بەرپرس بوون. ئینجا هەموو کۆمارەکانی ناو یەکەتییەکە سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.

کە من بەشدارییم لە کۆبوونەوەی لووتکەیی حەوت وڵاتەکە دەکرد داوای قەرزم لێیان کرد، ئەمەریکاییەکان ڕازی نەبوون قەرزمان بدەنێ، ئەگەر پارەمان هەبووایە دەکرا بیر لە مانەوەی یەکەتییەکی فیدراڵ بکرێتەوە لە ڕووسیا. ئەمەریکاییەکان ئاگەداریان کردمەوە کەوا لەلایەن بەڕێوەبەری کی بی جی کودەتام لەسەر دەکەن.

ئەوان قسەکەی لە شارڤانی شاری موسکۆم زانیبوو. لە ساڵی ١٩٩٦ پوتین پشتیوانی لە من دەکرد، منیش وام دەزانی ئەو کەسێکی زیرەکە، بەڵام ڕووسیای ئێستا وەک دەوڵەتە ئەفریقاییەکانە کە دەسەڵاتدارەکان بیست هەتا سی ساڵ لەسەر کورسی دەمینێنەوە. من داوام لەو کرد دووبارە خۆی کاندید نەکاتەوە، بۆیەش حزبی ڕووسیای یەککگرتوو بە حزبی شیوعی

سۆڤیەتی جاران دەچێت. پوتین دەیەوێ لەسەر دەسەڵات بمێنێتەوە، بەڵام ناخوازێت کێشەکانی پەروەردە و چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی چارەسەر بکات، وەک بووکەشووشە یاری بە حزبەکان دەکەن.

من لەو ڕۆژانە زۆر سەفەر دەکەم، لە زانکۆکانیش وانەش دەڵێمەوە و لە ریکلامەکانیش بەشداری دەکەم و کاری بانکیش دەکەم، لە بڵاوکراوەکان نووسینیشم هەیە، ڕاستە ئەوانە دەکەم، بەوەش پارەم دەست دەکەوێت، ئەوە شەریفترە لەوەی دزی بکەم، ئەگەر ریکلام بۆ بەرهەمەکانی لویس فویتون لە ڕووسیا بکەم زیانی چییە؟ خەڵکی تر بە شێوازی تاوان و ساختەکارییەوە پارە پەیدا دەکات، ئەگەر وا پارە پەیدا نەکەم چۆن دەتوانم پرۆژە خێرخوازییەکانم بەڕێوەبەرم، لەبەرئەوەی دیارە کەوا حکوومەت یەک قورشم ناداتێ. من بە پارەی کتێبەکانم دەژیم، لەو ماوەیەدا کتێبی سێزدەمینم چاپکرد کە بریتییە لە بیرەوەرییەکانم، هەموو بەرهەمەکانیشم بە ٢٥ بەش بڵاو دەکرێتەوە.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە ئاهەنگی هەشتا ساڵەی لەدایکبوونی خۆت لە هۆڵی ئەلبیرتی پاشایەتی لە لەندەن کردووە، ئەوەیان زێدە مەسرەف نەبوو، ئەو وتی: من لە مۆسکۆش بە ئامادەبوونی ٢٠٠ کەس لەوانە برادەرە نزیکەکانم ئاهەنگم کردبوو. سەرۆکی ڕووسی و سەرۆک وەزیرانیش پیرۆزباییان ناردبوو، قەدیس ئەندریەش مەدالیایەکی بۆ ناردم، کە یەکێکە لە مەدالیایە گرینگەکانی هەموو دەوڵەتی ڕووسیا، ئاهەنگەکەی لەندەن مانگێک پاش ئەو ئاهەنگەی مۆسکۆ بوو، ئەوەش بە پێشنیازی هاوڕێیەکانم و ئیرینای کیژم بوو، کە پۆستی بەڕێوەبەری دەزگایەکی هەیە، دەزگاکەش لەوێ خەڵاتیکیان بەناوی گورباتشوف ڕاگەیاندبوو. من ئەوە بەڕاست نازانم کە دەڵێن ڕووسەکان منیان خۆش ناوێت، هەست دەکەم میللەتی ڕووسی لە ساڵە تەنگانەکاندا هاوشانم بوون.

مۆسکۆ: ماتیاس شیب و کریستیان نیف

لە ڕۆژنامەی ئەلجریدەی کوێتی ٢١ سپتەمبەر ٢٠١١ لە دیرشبیگلەوە وەرگیراوە.

## چاوپێکەوتنێک لەگەڵ

# نووسەر و بیرمەندی ناسراوی هیندی
# ئارونهاتی رۆی

سازدانی: ئیریش رادیش

تسایت: لە پاش رووداوی ١١ی سێپتەمبەر کاتێک هەردوو بورجەکەی نیویۆرک بە فرۆکە تەقێنرانەوە و رووخان، لەو کاتەوە کەلێنێکی گەورە لە جیهان دروست بووە، کە رۆژ لە دوای رۆژیش ئەم کەلێنە گەورەتر دەبێت تا بچووکتر. ئاخۆ ١١ی سێپتەمبەر سەرەتای رووخانی سیستەمی کەپیتالیزمی رۆئاوایی بوو؟

ئارونهاتی رۆی: ئەمە سەرەتای رووخانی ئیمپراتۆریەتی ئەمەریکایی بوو، کە حاڵی حازر خێرا و خێراتر بەرەو لەناوچوون دەچێت. دیارە ئەگەر سەیری مێژوو بکەیت دەبینیت چەندان ئیمپراتۆریەتی زۆر دروست بوون و پاشانیش رووخاون. بەڵام هیچ کاتێک لە مێژوودا، کولتوور و ئابووریی جیهان وەکو ئەمرۆ بەیەکەوە نەبەستراوەتەوە، بەشێوەیەک کە رووخانی ئیمپراتۆریەتێک، ئەوانی تر دەهەژێنێت. هێشتا ناتوانین بەتەواوەتی لەمە دڵنیا بین، ئاخۆ هەموو ئەمە پێوەندی پێکەوە ژیانێکی سیڤیلیزاسیۆن " شارستانی" هەیە.

تسایت: لەو باوەڕەدایت کە ئەو تەنگژەیەی ئەمرۆ تووشی دنیا بوو، لەو تەنگژەیە گەورەترە کە باوک و دایکمان لە کاتی شەڕی دووەمی جیهانیدا بینیوویانە؟

رۆی: ئەم نەوەیە " واتە نەوەی پێشوو"، زۆریان بەدەستی ئەوروپاوە ناڵاند. بەڵام لەو کاتەدا لە ژیانی ئەواندا کۆمەڵێک چەمک گەمەی لەناو مێشکیاندا دەکرد. لەو کاتەدا قسە لەسەر فاشیزم و سۆسیالیزم و دیموکراتی بوو. دیارە هەتاوەکو ئەمرۆش، ئەم چەمکانە هەر جێگەی بایەخن. بەڵام ئەمرۆ ئێمە نازانین خەونەکانمان چین، چی لە پشت خۆشگوزەرانییەکانمانەوەیە.

................................................................

وەرگێرانی لە ئەڵمانییەوە: ئەردەڵان عەبدوڵڵا



تسایت: پێش دە ساڵ پەخشانێکی زۆر گرینگ و ناسراوتان نووسی، کە تێیدا ئەمەریکاتان بە ڕێکخراوی قاعیدە و بوشیش بە ئوسامە بن لادنتان شوبهاندبوو.

ڕۆی: هەردووکیان دوو شێتی دڕندە بوون. هەردووکیان دەیانویست دنیا بەو شێوەیە بیربکاتەوە کە ئەوان دەیبینن. بەڵام لە ڕاستیدا ناتوانیت تۆ پیاوێک کە کۆنترۆڵی هەموو دنیای لەدەستدایە، بە پیاوێکی تر بیشوبهێنیت. بەڵام هەردووکیان لە گیانی وێرانکاریدا وەکو یەک وابوون.

تسایت: ئاخۆ ئێوە ئامادەن، پاش دە ساڵ بەسەر نووسینی ئەو پەخشانەدا، جارێکی تر بەهەمان شێوە بینووسنەوە؟.

ڕۆی: بەڵێ وای دەنووسمەوە و هیچ نایگۆڕم. بەڵام لە پاش ئەو ڕووداوانەش، ئەمەریکا پەلاماری ئەفغانستانی دا و، عێراقیشی داگیر کرد. وەلامدانەوەی بۆش بۆ ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر، بوو بەهۆی کوشتنی خەڵکێکی زۆر لە دنیادا. ئەمە لە حاڵەتێکدا زۆر لەو کەسانەی بوونە قووربانی، هیچ ئاگاشییان لە ڕووداوەکانی نیویۆرک نەبووە. هەموو ئەمانە ئێمەی بەرەو شەڕ برد و هەتاوەکو ئێستاش لەناو ئەم شەڕەدا دەژین.

تسایت: کاتێک لە یەکەم چرکەدا کە دیمەنی ڕووخاندنی هەردوو بورجەکەت بینی، هەستت چۆن بوو؟

ڕۆی: خەڵکێکی زۆر لەو بەشەی دنیا کە من تێیدا دەژیم، بەو شێوەیەی خەڵکی ڕۆئاوا تووشی شۆک نەبوون. لەبەرئەوەی ئێمە لە ژیانماندا زۆر دیمەنی لەوە ناخۆشتر و توندڕەوتر و کوشتارمان دیوە. ئێمە لە ژیانێکی پێرفێکتدا " تەواو ڕێکوپێک" ناژین، هەتاوەکو ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەر تووشی شۆکمان بکات.

تسایت: ئاخۆ پاش دە ساڵ بە سەر تێپەڕبوو ڕووداوەکانی ١١ی سێپتەمبەردا، هیچ ژیانت گۆڕاوە؟ ئاخۆ ئەو تەنگژەی کەپیتالیزم کە ئەمڕۆ تووشی دنیا بوو، هیچ کاریگەریی ڕاستەوخۆی بە سەر ژیانی خۆتەوە هەیە؟

ڕۆی: ساڵی ١٩٩٧ کاتێک ڕۆمانی " خوای شتە بچکۆلانەکان "م نووسی، من لە ڕۆئاوادا وەکو پێشەنگی چینی ناوەنجی هیندی سەیر دەکرام. پاشان من دەستم کرد بە نووسینی پەخشان، کە تێیدا بابەتی سیاسیم دەنووسی. هەمان ئەو خەڵکانەی کە پێشتر خۆشیان دەویست، بوونە دوژمنم و ڕقیان لێ هەڵگرتم. لە ڕۆئاوادا تەنیا کاتێک منیان خۆش دەویست، کە ڕەخنەم لە هیندستان دەگرت. بەڵام کاتێک نووسینێکم لەبارەی ئەمەریکاوە نووسی، یەکسەر زانیم کە من

کەوتوومەتە دەرەوەی سنووری ئەوانەوە. بەڵام ڕاستییەکی گرینگیش هەیە پێویستە بیزانین، ئەویش ئەوەیە، کاتێک بۆش گوتی " شەڕ بە بێ سنووری بەردەوام دەبێت" و پاشان جیهانی بەسەر " باش و خراپدا " دابەش کرد، کۆمەڵێکی زۆر لە کۆمپانیای چەک و تەقەمەنی و دارایی لە پشتی ئەم گوتەیەی بۆشەوە بوون.

تسایت: چۆن ڕۆئاوا لە پاش دە ساڵ بەسەر تێپەڕبوونی ١١ی سێپتەمبەردا دەبینیت؟

ڕۆی: دیموکراتی و ئابووریی بازاڕ پێکەوە بوونەتە جانەوەرێکی دڕندە و کێویی، هەموو فەنتازیاکانیی بریتییە لە گەڕان بە دوای نێچیر و دەستکەوتنی زۆرترین قازانجکردن. ڕاستە لەوکاتەدا دەوترا، ئەم شەڕانەی ڕۆئاوا بۆ ئەوەیە تاوەکو پارێزگاری لە ستیلی "شێوازی" ژیانی ڕۆئاوا بکات، دیارە ئەویش لە ڕێگەی چەکەوە دەتوانێت بەرگری لەم ستیلەی ژیان بکات. بەڵام بەپێچەوانەوە ئەم شەڕانە بوونەتە هۆی لەناوبردنی ئیمپراتۆریەتەکەیان.

تسایت: ئەوەی کە ئەمڕۆ ڕۆئاواییەکان زۆر شانازی پێوە دەکەن، ئەویش شێوازی ژیانیانە، کولتووریانە، ئازادی و، سەربەخۆبوونی تاکە.

ڕۆی: بە دڵنیاییەوە چەند بەهایەکی ڕۆئاوایی هەن، کە شایستەی ئەوەن بەرگرییان لێ بکرێت. بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە، بە چ نرخێک دەبێت ئەم بەرگرییە بکرێت؟. ڕۆئاواییەکانیش بیر لەمە ناکەنەوە. ئەمان بیر لە ئیرادەی جیاواز دەکەنەوە. شەڕ لە دژی تیرۆر ئیرادەیەکە. ئابووری یەکێکی ترە، دیموکراتیش سێیەمە. بەڵام ئێمە دەبێت هەرسێکیان پێکەوە ببەستینەوە و هەڵوەستەیان بەرامبەر بکەین.

تسایت: بۆچوون و تێڕوانینی ئێوە چۆنە، ئاخۆ کەپیتالیزم هیچ داهاتووی هەیە؟

ڕۆی: داهاتوو؟! ئەمە برێتییە لە شەڕی دەستەبژێری " نوخبە" دژ بە هەژارەکان. ئەمە ڕاستیی ئەو شەڕەیە کە ئەمڕۆ تێیدا دەژین. ئەمڕۆ لە دنیادا دەستەبژێرییەکمان هەیە کە لە ڕووی ئابووری و کولتوورییەوە زۆر پێکەوە بەستراوە و تەنیا بیریش لە ژیانی خۆیان دەکەنەوە.

تسایت: دەستبەژێرییەکە کێن؟

ڕۆی: لە ئەمەریکا و ئەوروپا و چین و هیندستان دەستەبژێرییەک هەیە، کە لە دژی ئێمە شەڕ دەکەن. هەموو دەسەڵات، سیاسەتی ڕاستەقینە و وزە، پێوەندی بەوانەوە هەیە. چین لە کوێ وزەی

دەست دەکەوێت، بۆ ئەوەی سالانە گەشەسەندنی ئابووریی خۆی تێر بکات؟ بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت شەڕ هەڵگیرسێنێت. لە کوێوە هیندستان وزەی دەست دەکەوێت؟ حالی حازر لە هەژارەکانی کە لە جەنگەڵەکاندا دەژین. ئەو ئارگۆمێنتە کۆنەی کە دەوترا: (رووخاندنی ژیانی سەرەتاییی خەڵکی دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی ولات و پاشانیش دەبێتە هۆی خوشگوزەرانی بۆ هەمووماان). هەموو ئەم دەستەواژانەش لە چینی ناوەنجی دەسەلاتدارەوە دەهاتن.

تسایت: ئاخۆ ئێمە لەژێر فەرمانرەوایەتیی دیکاتۆریەتی چینی ناوەنجییەوە دەژین؟

ڕۆی: بەڵێ، ئەمڕۆ چینێکی ناوەنجی تۆتالیریزم هەیە. کە شادەمارەکانی ژیانی کولتووری و ئابووریی هیندستانی کۆنترۆڵ کردووە. لە ماوەی ئەم بیست ساڵەی دواییدا بە تەواوەتی گۆڕاوە. یەکێک لەو نموونانە، فیلمەکانی Bollywood (سینەما سازی هیندی). لە فیلمەکانی بۆلیوودا، هیچ باسی ژیانی هەژاران ناکات. لە حەفتا و هەشتاکانی سەدەی پێشوودا، (ئەمیتا باباجان) کە سوپەر ستارێکی بۆلیودە، باسی خەباتی ژیانی پیاوە هەژارەکانی دەکرد دژی سیستەم. بەلام لە نەوەتەکاندا هەمان پیاو لەناو ڤیلا و فرۆکەی تایبەت دەبینین.

تسایت: لە ڕۆئاوادا، ئەوەی کە ئێوە پێی دەڵێن، تۆتالیزمی چینی ناوەنجی، هیچ بوونی نییە. بگرە کۆمەڵگەیەکی ئازاد دروست بوو، کە حەزی هەمووان دابین دەکات.

ڕۆی: بەلام ئێمە لێرە خەبات لە دژی ئەم سیستەمە دەکەین. پێش چەند ساڵێک چینی ناوەنجیی هیندی، دەیویست هەموو ولات تێکوپێک بدات و، ولاتیش بکاتە " Shoppingmall، واتە مۆڵ و بازاڕی بازرگانی ". بەلام ئەمەش گۆڕا، چونکە خەڵکی چیی تر ئەمەیان نەدەویست.

تسایت: بەلام ئەمە لە جیهانی ڕۆئاوادا بەو شێوەیە نییە، لەبەرئەوەی لێرە هەموومان سەر بە چینی ناوەنجین.

ڕۆی: ڕاستە، چونکە کارەکان لە چین و هیندستان دەکرێت.

تسایت: ئاخۆ لەو باوەڕەدایت، کە هەموو دنیا ببێتە چینی ناوەنجی؟

ڕۆی: ناتوانم هیچ کاتێک باوەڕ بەمە بکەم. هیچ کاتێک چینی ناوەنجی نەیتوانییوە لەسەر شانی

خەڵکی تر نەژی. لەبەرئەوەی هەر دەکەوێتە خوارەوە.

تسایت: کێ دەبێت بیر لە ئەلتەرناتیڤێکی تر بۆ ژیان بکاتەوە؟ ئاخۆ چینی ناوەنجی دەتوانێت خۆی وەکو مۆدێلێک و ئەلتەرناتیڤێک بۆ کۆمەڵگە دەربخات و بە شێوەیەک کە هەمووان سوودمەند بن؟

ڕۆی: نەخێر، ئەمە هیچ کاتێک ڕوو نادات. چونکە ئەم چینە زۆر لە خۆی ڕازییە. ئەم پرسیارەش نابێت لە چینی ناوەنجی بکرێت، لەو خەڵکانەی کە لە جەنگەڵەکان دەژین، ئەوانەی کە لە گوندەکان دەژین، ئەوانەی کە هەمووشتێکیان لێ سەندوونەتەوە.

تسایت: ئێوە لە کوێوە دەزانن، کە ئەو خەڵکانەی کەلە جەنگەڵەکان و گوندەکان دەژین، حەزیان بەوە نییە کە ببنە چینی ناوەنجی و ماشینی مارسیدیس بهاژوون؟.

ڕۆی: ئەوان تەنیا ئەوەیان دەوێت، کە وازیان لێ بهێنرێت، لە جەنگەڵەکان ژیانی ئاسایی خۆیان بژین.

هەواڵنامەی کتێب

تسایت: ئاخۆ تۆ زۆر باوەڕت بەم قسەیەت هەیە؟.

ڕۆی: ئەمە ئەوان وا دەڵێن. ئەوان نایەنەوێت لە ژیانیاندا (Bodyguards، پاسەوانی تایبەتی) و پۆلیسی تایبەتییان هەبێت.

تسایت: بەڵام پێ دەچێت، حەزیان لە مەکینەی جلشۆر و قژوشککەرەوە هەبێت؟

ڕۆی: من لەو باوەڕەدا نیم، کە هەموویان حەزیان بە بوونی ئەم شتانە بێت. بەڵام ئەوەی کە هەموویان پێویستیانە، ئاوێکی پاکە، بەلایەنی کەمەوە خزمەتگوزەرانی تەندروستی، دەستکەوتنی دەرمان. ئەوەی لە هیندستان جێگەی سەرنجە، بەشێکی زۆری خەڵکی هەیە، تەنانەت لەناو چینی ناوەنجیشدا، دەیانەوێت بەبێ بوونی ئەم شتانە بژین. من دەتوانم هەموو ئەو شتانە فڕێ بدەم، من تەنیا دەمەوێت شوێنێکی گەرەنتیم هەبێت، کە بتوانم بەردەوامی بە ژیان بدەم و ئاسوودە بم.

تسایت: بەڵام لە ئەوروپادا زۆر کەم کەس وا بیر دەکەنەوە، تەنیا دەستەبژێرییەکی خوێندەوار وا بیر دەکەنەوە و دەیانەوێت دیسپلینێک بۆ خۆیان دابنێن و لە بازنەی هەژمونی کەپیتالیزم دەربچن؟

ڕۆی: پێ دەچێت ئەوە وابێت. بەڵام ئەمە لە هیندستان پرۆژەیەکی دەستەبژێرییەکی خەڵکی نییە. ئەمەش لە نەریتی ئاسکێتییەوە، هەروەها لە بزاڤی سۆڤیزمیشەوە سەرچاوە دەگرێت. لە هیندستاندا، ملیۆنان خەڵک هەیە، کە توانیویانە بەرگری لە ژیانی سادە و ئاسانی خۆیان بکەن.

تسایت: دەتوانیت پێمان بڵێیت، بە چ ڕێگەیەک توانیویانە وا بژین؟

ڕۆی: ئەو ڕێگەیە ئەوەیە کە بتوانیت بڕیار بدەیت و بڵێیت: ئیتر بەسە، من هەموو شتێکم هەیە. من چیی تر پێویستیم بە شتی تر نییە. ئەمەش باشترین هزرە کە ئاسوودەیی و خۆشگوزەرانیم پێ دەبەخشێت، هەروەک من لەلایەن ئەوە خەڵکەوە فێربووم، کە لە جەنگەڵەکاندا دەژین.

تسایت: ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە ڕێگەی پێداویستییەکانی تاکەوە، ڕێگە لە سنووربەزاندنی سیستەمی سەرمایەداری بگرین، ئەوا کێشەیەکی تر دەخوڵقێنین. بگرە دەبێت ڕێگە لەو پێداویستییە هەڵانە بگرین و لە پێداویستییەکانی تر جیایان بکەینەوە. ئاخۆ ئەمە چۆن دەبێت؟

ڕۆی: ئەوە بەم شێوەیە دەتوانین. کاتێک لە (کارێلا) لە گوندێکدا گەورە بووم، من ئەو شتانەم دەخوارد کە لەو ناوچانەدا سەوز دەبوون. بەڕاستی خواردەمەنییەکی زۆر خۆشیش بوون. مایەی خۆشحاڵییەکی زۆربوو، ئەگەر لەم خواردنە خۆشە قاپێکم دەست بکەوێت. ئێمە ئەو کاتە هیچ کاتێک بیرمان لەوە نەدەکردەوە حەزمان لە خواردنی ئیتاڵی یان چینی بێت. ئەوە هیچ کاتێک لەناو هزر و بیرکردنەوەی ئێمەدا نەبوو. کاتێکی زۆر و هێمنی و تەنیاییەکی زۆرم هەبوو. چەندان سەعات بەتەنیا لە پەنا ڕووبارەکەدا دادەنیشتم. بەڵام ئەوە ژیانێکی پرەمەتیڤ نەبوو، بگرە ئێمە کتێبیشمان هەبوو.

تسایت: ئاخۆ پیاو چۆن دەتوانێت ئەو جۆرە ژیانە "ستیل" لەناو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرنی پیشەشازیدا پراکتیزە بکات؟

ڕۆی: دیارە لە ئەوروپا و ئەمەریکاش ئەم جیاوازییە پێشتر هەبوو، واتە جیاوازی لە نێوان ئەو شمەکانەی کە مرۆڤ پێویستییەتی، لەگەڵ ئەو شمەکانەی کە مرۆڤ حەزی لێیانە. بەڵام بەداخەوە ئەم هەستی جیاوازیکردنە لەناو چووە. ئەمڕۆ پیاو پێویستی بە ماشینی مارسیدیس پێنزە. ئەمڕۆ ئێمە بەم غەزەبە زۆرە بۆمباران دەکرێین، کە هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی سڕینەوەی مێشکمان، هەر ئەم سیستەمەش لە ڕۆئاوا حوکم دەکات.

تسایت: ماوەیەکی زۆر پێشتر، کۆمەڵێک ڕۆشنبیری و بیرمەندی چەپی ڕەخنەگر

لە ئەورووپا، ئەوان لەبارەی جیاوازی نێوان هۆشمەندیی ڕاستەقینەو هەڵە قسەیان دەکرد. بەڵام ئەمڕۆ هیچ کەسێک لەم بارەیەوە قسە ناکات. ئاخۆ تۆ ئاگەداری ئەم شتەی؟

ڕۆی: نەخێر. ئا لەو کاتانەدا فکرێک زاڵ بوو دەیگوت: " ئەمە لێرەدا جووتێک پێڵاو هەیە، زۆر باشن و بەرگەی زۆر دەگرن ". بەڵام ئەمڕۆ ئەم رستەیە بۆ ئەم جۆرە گۆڕاوە: " ئەمە لێرەدا جووتێک پێلاون، کە بە ڕاستی زۆر جوانن ". بەم شێوەیە ئەم هۆشمەندییە هەڵەیە تووشی جیهان بوو.

تسایت: ئاخۆ ئێوە لەو باوەڕەدان، کاتێک کەسێک پشت بەم تیۆرییە ببەستێت کە دەڵێت، "ئەم جووتە پێلاوە جوانن،" ئەوا ئەم کەسە تێکەڵی پرۆسەی مێشک شۆرینەوە بووە؟

ڕۆی: ئەو کەسە لە دەرەوە زۆر کەسێکی ئاسایی دەردەکەوێت هیچ نیشانەیەکی خراپی پێوە دیار نییە.

تسایت: بەڵام ئێمە بەکارهێنەری تێگەیشتوو و دیموکرات و زیرەکین.

ڕۆی: ئێ.. هەموو ئەم بەرکارهێنەرە تێگەیشتوو دیموکراتانەشن، کە ماشینی BMW دەهاژوون و مانگۆی هیندی، گۆشتی بەرخی ئۆسترالی و کیڤی بەرازیلی دەخۆن. باشە " بە تووڕەیییەوە". من بەلامەوە ئەم زیرەکییەی ئەورووپایییەکان هیچ گرینگ نییە و، ناشتوانم شرۆڤەیەکی بۆ بکەم، ناتوانم بڵێم کامەیە شمەکی پێداویستیی ئێوە. بەڵام ئەوەی کە من دەیکەم ئەوەیە، کە خەڵکی وڵاتەکەی خۆم ئاگەدار بکەمەوە، ئێمە نامانەوێت ئەو شتانەی کە ئێوە بە پێداویستی دادەنێن، بێنە ناو ماڵەکانی ئێمەوە. بەلای منەوە هیچ گرینگ نییە، کە خێزانێکی ئەورووپایی دوو ماشینی هەبێت. ئەو هیچ شتێک ناگۆڕێت و منیش ناتوانم پێی بڵێم کە پێویستی بەمە نییە. بەڵام من کار بۆ ئەو خەڵکانە دەکەم، کە ڕۆژانە خەبات دەکەن، بۆ ئەوەی ژەمێکی خواردنیان دەست بکەوێت.

تسایت: ئەمە مانای ئەوەیە پشت لە ڕۆئاوا بکەین؟

ڕۆی: بە شێوەیەکی تەواوەتی نا. مۆرالیستەکان بێ مێشکن. بۆچی من خۆم بەوەوە خەریک بکەم، کە بە خەڵکی بڵێم، ?shoppen (واتە بازاڕکردن) مەکەن؟ جیهانی ڕۆئاوا کاتێک دەگۆڕێت، کاتێک خەڵکی پشتیان لێ بکات و ئەم گۆڕانکارییە بەسەریاندا بسەپێنرێت.

تسایت: بەم مانایە بێت، ئێوە خۆتان لە ئیغرائاتی کەپیتالیزم دەپارێزن؟

ڕۆی: ئەمە خەباتێکە، کە هەرکەسەو بۆ خۆی دەبێت بیکات. من پارەیەکی زۆرم دەستکەوت، بەم پارەیەش ئەم ماڵەم لە نێو دەلهی کڕی، کە ئێستا تێیداین. هیچی تر. ئێمە دەبێت بالانسێک بدۆزینەوە.

تسایت: ئەی چۆن ئەم بالانسە بدۆزینەوە؟

ڕۆی: پیاو دەتوانێت بیدۆزێتەوە و پاشان لە دەستی بزر دەبێتەوە، ئەمەش سروشتی ژیانە. ئەمە مانای ئەوە نییە کە تۆ خۆشگوزەرانی بدۆڕێنیت و ژیانێکی بەدبەختی بژیت. بگرە ئەمە پێوەندی بەوەوە هەیە، کە هیچ کاتێک حەزت بە خۆشگوزەرانی نەبێت. ئەو پارەیەی کە من لە ڕیگەی کتێبەکانمەوە دەستم کەوت، بۆ ئەوەیە کە من جارێکی تر بەسەر خەڵکیدا دابەشی بکەم و بیدەمەوە بە خەڵکی. من خۆم بەم پارەیەوە نابەستمەوە. هاوڕێکانم پێم دەڵێن: (ئێمە دەوڵەمەند بووین ). بەڵام بۆ من ئەم پارەیە سامانێکی هاوبەشە.

تسایت: بەڵام حەز لە پارەکردن، پێوەندی بە ترس لە ژیان هەیە، وەکو گرەنتییەک و بەرگریکەرێک و ئارامی پەخشێکیش بۆ مرۆڤ دادەنرێت.

ڕۆی: من هەموو کاتێک دایکم ئامۆژگاری دەکردم: تۆ دەبێت هەموو کاتێک کەسێکی سەربەخۆ بیت، نابێت هیچ شتێکیش فڕێ بدەیت، لە هەمان کاتیشدا تۆ پێویستیت بە هەموو شتێکیش نییە، کە خۆت هەتە. من دەزانم چیم پێویستە، ئەوەی تر فڕێی دەدەم.

تسایت: بەڵام خۆشبەختی لای تۆ چی دەگەیەنێت؟

ڕۆی: ئەمەش گۆڕانێکی بەردەوامی هەیە. ڕاستر بڵێم. باشترە بەشێک بیت لەو " با"یەی کە بەسەر جیهاندا تێ دەپەڕێت. بەڵام پاشان خۆتی لێ دەربهێنیتەوە. خۆت بخەیتە بەردەم قەدەر. فزولی بیت و هیچ نەزانیت، بەلاشتەوە گرینگ نەبێت چی لە بەیانیدا دەگوزەرێت.

تسایت:" کێویی و ترسانک بژی " ئەمە خۆشترین پەندی پێشینانی بۆهیمیە ئەڵمانییەکانە.

ڕۆی: بالێرەدا بەم شێوەیە وەسفی خۆشبەختی بکەین. خۆشبەختی ئەوەیە کە مرۆڤ بەبێ پێست بژی. من لێرە لە ناوچەیەکی زۆر میهرەبانی نیودەلهیدا دەژیم. بەڵام ئەگەر تۆ شەوان بەم

ناوچەیەدا تێپەڕیت، ئەوەی دەیبینیت هیچ باوەڕ ناکەیت. لەسەر شۆستەکان خەڵکێکی زۆر دەخەون. دیارە زۆر زەحمەتە لە بەرامبەر ئەم دیمەنەدا خۆت بگریت. زۆر ئاسانیشە تۆش هەمان چارەنووست تووش بێت، دیارە ئەگەر هیچ بازنەیەکی خێزانی و کۆمەڵایەتیت نەبێت، تۆش ئەمە چارەنووستە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا ئەگەر مرۆڤ لەم بازنەیەشدا بژی، ئەوا ماڤی ئازادی قسەکردنیشی نییە.

تسایت: ئەمە ئەو دڕندەییە هیندییەیە کە ئێوە باسی لێوە دەکەن؟

ڕۆی: هیندستان لە کۆمەڵێک وڵات و لە کۆمەڵێک سەدەی جیاوازدا دەژی. دیارە ئەمڕۆ کۆمەڵێک شاری ماگی (مەبەستی شارە گەورەکانە) هەیە. تەنیا دوو دەقیقە لە ماڵەکەی من دوور بکەرەوە، ناوچەیەکی تر دەبینیت، کە هیچ کاتێک باوەڕ ناکەیت. لەوێدا جیهانێکی ئێجگار مۆدێرن دەبینی. ئەم جیهانە جیاوازە پاش ئەوە دروست بوو، کە دەرگەی بازاڕەکان بە ڕووی ڕۆئاوادا کرانەوە. هیندستان دەبێت شارستانیتر بێت، هەمووش دەبێت ئەم حەزەیان هەبێت.

تسایت: لەبارەی ئەم پرسە، جارێکیان گوتتان، کە کێشەکانی کۆمەڵگەی مۆدێرن، لەناو ئەو هۆڵانەدا باس ناکرێت، کە سپلیتی تێدایە و لەناو شارە گەورەکانیش ئەم کێشەیە چارەسەر ناکرێت، ئەی باشە لە کوێ باسی ئەم کێشەیە بکەین؟.

ڕۆی: ئەو شارانەی کە سیاسەتی تێدا دەکرێت، بازاڕێکن، کە تەنیا پرسی ئابووری تێیدا گرینگە و باس دەکرێت. لێرە ئەو خەڵکانە دادەنیشن، کە کاتێک باسی گۆڕینی کەشو ئاو و هەوای دنیا دەکەن، بە جلوبەرگی پاکوتەمیز و کەرەفاتەوە قسەت لەگەڵ دەکەن.

تسایت: ئەگەر سیاسەت چیی تر نەتوانێت چارەسەری کێشەکانمان بکات، ئەی باشە کێ دەبێت چارەسەریان بکات؟.

ڕۆی: شەڕی دەستبەسەراگرتنی وزەکان، ناچارمان دەکات کە بە دوای ئەلتەرناتیڤەکاندا بگەڕێین. ئەوە زۆر گرینگ و چارەنووسسازە، کە ئەمڕۆ هەموو کەسێک ژیانی خۆی بۆ ئەوە تەرخان بکات، کە دژی کۆمەڵگەی سەرمایەداری خەبات بکات. من ئەمڕۆ ئەو هەستەم هەیە، هەموو ئەو ئەوەی کەمن چەندان ساڵە خەباتم بۆ کردووە، ئەمڕۆ لەدەرەوە بەری گرتووە. ئەوەی ئێمە چەندان ساڵە باسمان دەکرد، ئەمڕۆ لە ڕۆژنامەکاندا بەئاشکرا دەیبینین.

تسایت: ئەمڕۆ ئێوە تەمەنتان ٥٢ ساڵە، داهاتووی خۆتان چۆن دەبینن؟

ڕۆی: من سەیری دایکم دەکەم، ئەمڕۆ ئەو تەمەنی ٧٤ ساڵە، ئەمڕۆ ئەو لە باشترین کاتی ژیانیدایە. ئەو زۆر دڵی بە ژیان خۆشە، ئێستا قوتابخانەیەک دەبات بەڕێوە، هەروەها بەشداری فیلمێکیشی کرد. ئەو زۆر ئازادانە دەژی. منیش دڵنیام، کە دەچمەوە سەر ئەو.

چەند دێرێک لەبارەی ئارونهاتی ڕۆی

ئارونهاتی رۆی یەکێکە لە نووسەرە ناسراوەکانی هیندستان. لە ساڵی ١٩٥٩ لە کارێلا لە گوندێکی ئەم ناوچەیەدا لەدایک بووە. دایکی مەسیحی بووە و باوکیشی هیندۆسێکی بەنگالی بووە. ساڵی ١٩٩٧ رۆمانی " خوای شتە بچکۆلانەکان" نووسی. لە پاش ئەم رۆمانەیەوە، هەموو جیهان ناسی. هەر لە هەمان ساڵیشدا خەڵاتی " پۆکەر" ی وەرگرت. ساڵی ٢٠٠٢ ش خەڵاتی لانانی بۆ ئازادی رۆشنبیری وەرگرت. هەژی گوتنە ڕۆی تەنیا لە بواری ئەدەبدا چالاک نییە، بگرە لە بواری سیاسی و ماڤی مرۆڤ و بزافی دژە گلۆبالیزم و بزاڤی ئاشتیدا بەشدارە. ئەمڕۆ ڕۆی، بەیەکێک لە نووسەرە ناودارەکانی هیندستان و جیهان دێتە ژماردن.

سەرچاوە: رۆژنامەی تسایتی ئەڵمانی

www.Zeit.de Iris RadischDie Diktatur der Mittelklasse..

هەوالنامەی کتێب



# تاک و تایبەتمەندییەکانی

حەمەفەریق حەسەن

لەمێژە کۆمەڵی ڕۆئاوا، لە ڕێی دەستوور و یاساوە، کاری بۆ پاراستنی ئۆرتی (ڕێز، ئیعتیبار) تاک کردووە. ئەمە بەرەنجامی کۆششی لەمێژینەی دەیان هزرڤان و ڕێکخراوی مرۆڤدۆستە.. ئەوان لەوێ، تاک بە بناغەی کۆمەڵ دەزانن و بێ پسان کاری بۆ دەکەن. وەلێ یەک لەباری خۆمان، هیچی ئەوتۆ بۆ پاراستنی کەسیەتی و ئۆرتی تاک نەکراوە، جێی باس بێت. تاکو ئێستایش، مرۆڤی تاک، لە یاسا نووسراو و نەنووسراوەکانی ئەم جڤاکەدا، بە دەیان (دەبێ و نابێ) و (عەیبە، مەکە و مەڵێ) دۆڵپێچ کراوە. وەک پێویستیش ڕێز لە خواست و ئارەزووە کەسەکی و تایبەتییەکانی ناگیرێت و نهێنییەکانیشی ناپارێزرێت. بگرە نهێنییەکانی فڕێ دەدرێنە ئەو گۆڕە، بۆ بەرچاو و گوێی گشتی. ئێستا مافەیلی تاک، لەلایەن کەسانی خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە وەک یەک پێشێل دەکرێت.

مرۆڤ لێرە، بۆ دابینکردن و پاراستنی سنووری تاکایەتیی خۆی، لە ملانێ و بێنەوبەرەی ڕۆژانەدایە. ئێستایش لەم کۆمەڵەدا، هەر تاکێکی کورد، بەدەیان چاوی تەلسکۆپی چاودێری دەکرێت. هەڵە و تێکەوتنە گچکەکانی بۆ دەخەنە ژێر وردبینەوە و لەوێوە ناوزڕاوی دەکەن. ئەم گوێ هەردەم مووچانە، ئەم چاوە تەلسکۆپییە بەردەوام کراوانە، بچووکترین لادان لە داوونەریت و هەڤۆتەکانی ئاین، تایفە و خێڵی، لەسەر دەکەن بەماڵ. وەک ئیدیەمە خۆماڵییەکە دەڵێت: "کێچی لێ دەکەن بەگا" بۆیە تاکێکی چرووساوە و ناچارکراوە بخزێتە نێو قاپڵووخەکەی خۆی و بە ڕووی ژیان و بە ڕووی دنیادا نەکرێتەوە.

تاکی کورد، ناچار کراوە، لە خۆی دوودڵ و بەگومان بێت و هەموو کات لە زڕاندنی ناووداو و کوشتنی کەسیەتیی خۆی زەندەقی چووبێت. لێرە بەزۆردارەکی تاکیان ترنجاندووەتە گۆشەیەکی بەرتەسکەوە، تا جورئەتی ئەوەی نەبێت لە پێستەکەی خۆیدا بجووڵێتەوە و بەکامی دڵی خۆی گەمان بکات، کار بکات، بخوات، بخواتەوە و چێژ لە کایەکانی ژیان ببینێت..

بەڕاست کێن ئەوانەی وا تاکێتیمان دەچرووسێن و تێک دەشکێنن، پێشیلی دەکەن و دەیخەنە ژێر چاودێریی وردی خۆیانەوە؟ لە ڕاستیدا هەر خۆمانین، کە وەک پێویست ڕێز لە یەکدوو ناگرین. لووت دەژەنینە نێو ورد و درشتی کاروباری یەکەوە. لاپەڕە زەردهەڵگەڕاوەکان هەڵدەدەینەوە. بەمێژووی یەکدوودا دەچینەوە و بەدوای کەلێنێکدا دەگەڕێین، تاکو وەک هەنجەت و بەڵگە لە دژی یەک بەکاری بهێنین. دەرکەوتنی ئەم دیاردە ناجۆرە، لەنێو توێژی عەوامدا هەر نەیسە، وەلێ لەنێو توێژی دەستەبژێردا، جێی لەسەر وەستانی زیاترە.

وەک نموونە، ڕای گشتی، لەژێر زۆر ناونیشاندا. قەبووڵی نییە ڕەگەزی مێیینە سوود لە وەرزی هاوین ببینێت. هەر ئەم ڕای گشتییە، قەبووڵ ناکات، تاکێک بڕێک تەمەنی هەبێت، بە هاوینان پێڵاوی هاوینەی وەک سۆل و (سەندەلی) لە پێ بکات، گوایە لە تەمەنی ئەو ناوەشێتەوە.

لە باشوور، هەندێک لە ئازادییەکان دەستەبەر بوون، کەچی بەدیهێنانی ئەمەیان کە بە دەست خۆمانە و داگیرکەر نەخشێکی لەم پرسەدا نییە، هەر خۆمانین پێشێلی دەکەین. ڕۆژانە لە شوێنە گشتییەکاندا گوێت لێ دەبێت، خەڵکانی بێکار و بێ ویژدان، لووت دەژننە نێو کاروباری زۆر کەسەکیی ئەوانی ترەوە، بێ ئەوەی ئەو مافەیان هەبێت. یەکێکیان بێ ئەوەی شەرم بکات، دەتهێنێتە پەناوە، سەبارەت بە کەسێک، کە ساڵانێک پێکەوە هاوڕێ بوونە، دەڵێت:

"ئا ئەو زەلامەی وا لێرەوە ڕەت بوو، ئەوەندەی هەیە دڕاوە! پارچەیەک زەویی ئەوەندە مەتریی لەوێندەرێ وەرگرتووە، خانوویەکی لە فلان گەڕەک کڕیوە و کۆنەکەی کردووە بە دووقات. شوقەیەکیشی لە فلانە گەڕەک بەوەندە دەفتەر کڕیوە. دوو پاسی لە ڕێی بەغدا لە کاردایە. ئەگەر باوەڕیش ناکەیت سبەی ژمارەی پاسەکانیت بۆ دەهێنم. هەر ئەم پیاوە، لە نەوەتەکاندا نووسینگەیەکی تەلەفۆنیی لەسەر فلانە شەقام هەبوو، لە فلانە ڕێکخراودا ئەوەندە گەڵا و لە فەرمانگەکەی خۆیشی مانگی ئەوەندە دیناری وەردەگرت!"

ئەگەر (ئەو پیاوە) گەندەڵ بێت، ئەوە کاری لێژنەی ڕوونی و لێپرسینەوەیە، بەگیری بهێنێت. لێژنەیەک بەفەرمی لەلایەن پەرلەمان، یان هەر پێگەیەکی فەرمیی باڵاوە پێک هاتبێت، بۆی هەیە لێی بپرسێتەوە. خۆ ئەگەر کارەکانی (ئەو پیاوە) بچنە خانەی خیانەتەوە، ئەوا بەشوێنداچوون و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەری، کاری ئەو دەزگایانەیە، کە پاراستنی ئەم نیشتمانەیان لە ئەستۆدایە.

پێشێلکردنی مافی تاک و تاکایەتی، لە زۆر فۆرمی تریشدا بەرچاو دەکەوێت، کە دیسان هەر خۆمان لێی بەرپرسین. کاتێک نوژدارێک لە کوردستان، دوو دوو نەخۆش دەکاتە ژوورەوە و دەیانپشکنێت، ئەوە تاکایەتیی ئەوانی پێشێل کردووە. چونکە ناشێ و نابێ، کەسێک بە دەرد و نەخۆشیی کەسێکی تر بزانێت. ئەوانی نوژداریش لە کوردستان، وەک تەواوی نوژدارەیلی جیهان، سوێندیان خواردووە نهێنییەکانی نەخۆش نەبەنە دەرەوە، مەگەر لەسەر داوای دادگە، یان لەسەر ئەرێی نەخۆشەکە خۆی. ئەوەتا ئەم پێشێلکارییەی مافی تاک، لەلایەن توێژێکی بە حیساب

خوێندەوارەوە دێتە کردن. ئەویش لە پێناوی شتێک پارەدا، من ئەمەیانم، لە نۆرینگەی تایبەتیی نۆژدارێکدا، بەچاوی خۆم دیوە و بەسەر خۆیشم هاتووە. کاتێک لەلای ئاشنایەک گێڕامەوە، وتی: جا تۆ چیت دیوە؟ لە خەستەخانەکاندا شەش و حەوت پێکەوە، نەخۆش دەکەنە ژوورەوە!

لەسەرێکی ترەوە، تاک لە کوردستان، وەک تاکی هەر جڤاکێکی رۆهەڵاتیی پاشڤەرۆ و خێڵەکی، باخی بێ پەرژینە. ئەم و ئەو بەئاسانی تەراتێنی تێدا دەکەن. تاک لێرە هێشتا لە یاساکانی ژێر دەواری خێڵ ڕزگاری نەبووە. ئەو دەبێ بەشێک لە ژیانی خۆی بۆ خێڵەکەی تەرخان بکات، دەنا وەک تاکێکی ترسنۆک و لادەر حیسابی بۆ دەکرێت. هاوکات ئەو دەبێت گوێڕایەڵی هەڤۆتەکانی حزب بێت و بە موو لێیان لانەدات. حزبەیلیش سەرجەمیان ستالینین. لەسەرێڕا فرمان و ڕێنوێنییەکان بۆ بنکەی حزب دادەبەزێن. هیچ ئەندامێک بۆی نییە سەرپێچی لە ڕاپەڕاندنیاندا بکات و کەمتەرخەمی بنوێنێت.

هەژموونی ئاینیش لەسەر تاک، لەولاوە بوەستێت. بیهێنە پێش چاو، لە کۆمەڵگە بچووکەکەی گونددا مامۆستا بیت و لە کاتی خۆیدا سەری مزگەوت نەدەیت. ڕەمەزان بەسەردا بێت و سووسەیان کردبێت تۆ بەڕۆژوو نیت. بێگومان گوندێک زارت لێ دەکاتەوە، سەرکۆنەت دەکەن و پاشملەت دەڵێن. لەوانەیە ئەفەرۆزیشت بکەن.

ئەگەر لەو گوندەدا کەسێک کۆچی دوایی کرد، بێگومان تۆیش دەبێت بەشداریی پرسەکەی بیت. پرسەیش لە مزگەوتی گوند بەڕێوە دەچێت. کاتێک بانگی عەسری دا، ئیتر ئەوان هەموو دەچن دەستنوێژ دەگرن و نوێژی خۆیان دەکەن بێجگە لە تۆ، کە یان دەچێتە دەرێی مزگەوت یان لە دوای دواوە خۆت بە تەزبیحێکەوە خجڵ دەکەیت. بیهێنە پێش چاوت، لەو دەمەدا هەست بە چی شڵەژان و ئیحراجییەک دەکەیت، کاتێ ئەوان هەر بە زمانی جەستە دەیدەنەوە بەچاوتدا، کە تۆ بەشدارییان ناکەیت، ئیتر ڕەنگە لەو کۆمەڵگە گچکەیەدا ببیت بە کەسێکی نەخوازراو و ڕای گشتیی گوندیشت بەرەوڕوو ببێتەوە.

دابینکردنی مافەیلی تاک، مرۆڤ لە هەژموونی ئەو دەسەڵاتانە ڕزگار دەکات، کە هەندێکیان خۆیان بە پیرۆز دەزانن. وەک نموونە تاک لە کۆمەڵی خێڵەکیدا ئازاد نییە، چونکە ئەو بە موڵکی خێڵ بووە. ئەگەر خێڵ پێویستی پێی بوو، گەرەکە ئامادەساز بێت. بەتایبەتی ئەو دەمەی مەترسی ڕوو لە خێڵ دەکات و خێڵیش دۆخی عێلجاڕ (النفیر العام) ڕادەگەیەنێت. بەپێی یاسای تۆمارنەکراوی خێڵیش، لە دۆخی عێلجاڕدا گەرەکە تاک لە پێناوی بەرز ڕاگرتنی شکۆمەندیی خێڵ و سەرخێڵەکەیدا گیانی خۆی فیدا بکات، واتە نەک لە پێناوی بەهایەکدا، کە خۆی هەڵی بژاردبێ. ئەو دەبێ لە تافی تەنگژەدا دەستبەرداری تەواوی پێوەندی و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆی بێت. بێ ساوەساو بداتە پاڵ تایفە و خێڵ و حزب. وەلێ مرۆڤی ئازاد بەپەزبوون لە مێگەلدا ڕەت دەکاتەوە.

دڵنیام، تۆیش دەزانیت، کە داوونەریتی خێڵ وەهایە، ئەگەر تاکێک قەومادنی و تاکێکی تری

کوشت، ئەوا سەرخێڵ بۆی هەیە بکەوێتە نێوان هەردوو بنەماڵەوە و بە خوێنبایی مەسڵەتیان بکات، وەلێ دەشێ ئەمەیانت نەزانیبێت، کە خوێنبایی تاکێکی ئاسایی، لە چاو خوێنبایی سەرخێڵدا، یان کەسێک لە بنەماڵەی سەرخێڵ بێت، جیاوازە و دەبێت بکوژ ماڵ و پارەی پتر بدات تاکو لێی خۆش بن؛ وەک ئەوەی بنەماڵەی سەرخێڵ لە خەڵکی ئاسایی مرۆڤتر بن.

بیهێنە پێش چاوت، تۆ بۆ ڕاییکردنی کارێک، لە بەیانییەوە لەپێش فەرمانگەیەکدا سەرەت گرتووە و لە تەک دەیان هاووڵاتیی تردا، لە ڕێزدا وەستاوی. هۆپێکت لەخۆ زانی کەسێکی پۆشتە و پەرداخ، ساڵدانە ساڵدانە دەدات بەتەک ڕیزەکەدا و ئەوەندەی بڵێی یەک و دوو کارەکەی خۆی جێبەجێ دەکات و بەدەم زەردەخەنەوە دەڕوات. تۆی ماندوویش هێشتا هەر لە ڕێزدا چاوەڕوانی. دیارە ئەو خوا پێداوە، خۆی لە ئێوە بەباڵاتر زانیوە. تاکایەتیی ئێوەی پێشێل کردووە و خستوویەتییە ژێر پرسیارەوە. جا بۆ ئەوەی تاک هەست بە ئۆرت و تاکایەتیی خۆی بکات، گەرەکە لە ئەرک و مافدا هەموو چوونیەک بن. کوڕی سەرۆک و کوڕی کرێکارێک وەک یەک بێنە ڕیزەوە. لە بەرانبەر یاسادا یەکسان بن. پێشنۆرە بۆ توانا و شارەزایی بێت، نەک بۆ ڕەنگ و ئۆل و خێڵ و بنەماڵە و مەحسووبیەت.

ڕاستت دەوێت، تاک لە کۆمەڵی خێڵەکیدا هێشتا بە هاووڵاتی نەبووە. چونکە کۆمەڵی خێڵەکی هێشتا ئەوەندە کامڵ نەبووە، بگاتە ئەو ئاستەی پێی بوترێت (گەل). چونکە هەر گرووپەکی ئیتنیکی، ئەو دەمە شیاوی ئەوەیە پێی بوترێت (گەل)، کە خواست، یان خواستەیلی هاوبەشیان هەبێت و بە هەموویان هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو خواستانە بدەن. واتە لەم سەردەمەدا پڕۆژەی هاوبەش مەرجی بەگەلبوونە.

خێڵ و زۆر گرووی تر بە ناوی حزب و تایفەوە، گەرەکیانە تاک لە ڕیزی مێگەلەکەیاندا دەستەمۆ بکەن و یخی بدەن. ئەوان پێویستیان بە کەسێک نییە تاکێتیی خۆی پاراستبێت و ڕێزی لێ نابێت و بەتەنگییەوە بێت. ئەوانی خێڵەیل و حزبەیلی ڕۆهەڵاتی، پێویستییان بە تاکێکە کۆیلایەتیی ئەوانی قەبووڵ بێت، یان لانی کەم لە پێناوی خێڵدا، لە بەشێک لە مافەیلی خۆی خۆش بووبێت. لە دۆخی وەهایشدا، ئیتر خێڵ و ئەو جۆرە گرووانە دەبن بە دۆزەخ. ئەو دۆزەخەی، سارتەر لە گوتەکەی خۆیدا مەبەستیەتی و دەڵێت: "ئەوانی تر دۆزەخن!"

تاکی هۆشیار وەک چۆن کۆمەڵ ڕەت ناکاتەوە، نایشبێت بە موڵکی کۆمەڵ، تا بەویستی خۆیان سەودا و مامەڵەی پێوە بکەن. واتە دەستبەرداری مافەیلی خۆی نابێت. وەلێ ئەوی ئازاد، هاوکاریی نێوان تاک و کۆمەڵیش ڕەت ناکاتەوە، چونکە ئەم هاریکارییە بەسوودی خۆی دەشکێتەوە. ئەو هاریکارییە پەرە بەتواناکانی دەدات، چالاکتری دەکات، کۆمەڵیش ددان بەتواناکانی ئەودا دەنێت. ڕەنگە هەندێک جاران، لەسەر چالاکییەکانی خەڵاتیشی بکات. وەلێ هاریکاری شتێکە و دەستبەرداربوونی تاکایەتی شتێکی ترە.

٢٠١١/١٢/٢٠

# چەند ئامۆژگارییەک
# بۆ نووسەرێکی گەنج

دانیلۆکیش*

هەمیشە لە ئاست میر و ئایدیۆلۆجیا زاڵەکاندا بە گومان بە.
خۆت لە میرەکان دوورەپەرێز بگرە.
بە تەنگ زمانەکەتەوە بە، نەبادا زمانی ئایدیۆلۆجیا گلاوی بکا.
دڵنیا بە کە دەسەڵاتی تۆ لە دەسەڵاتی جەنەڕاڵەکان زیاترە، بەڵام خۆت بەوان مەپێوە.
پێت وا نەبێت لە جەنەڕاڵەکان بێدەسەڵاتتری، بەڵام قەت خۆت بەوان مەپێوە.
بڕوات بە هیچ پرۆژەیەکی یۆتۆپیایی نەبێت، بێجگە لەوانەی خۆت داهێنەریانیت.
لە ئاست میرەکاندا لەخۆبایی و لووتبەرز بە، هەروەک چۆن لە ئاست خەڵکی ڕەمەکیدایت.
سەبارەت بەو دەسکەوتانەی نووسەرێتی پێت دەبەخشێت، تووشی ئازاری ویژدان مەبە.
تووک و نەفرەتی ئەو کارەی هەڵتبژاردووە، تێکەڵ بە ستەمی چینایەتی مەکە.
بە پەلەپرووزێی مێژووەوە گیر مەخۆ و متمانە بە ئیستیعارەی "قەتاری مێژوو!" مەکە.
کەواتە قەت سواری "قەتاری مێژوو!" مەبە، چونکە ئیستیعارەیەکی گێلانەیە.
هەمیشە ئەوەت لە بیر بێت: "ئەو کەسەی نیشانە دەپێکێت، هەموو شتێک لە دەست دەدات."
لەو وڵاتانەی مینا دیدەنیکەرێک ڕوویان تێدەکەیت ڕێپۆرتاج مەنووسە، بە هیچ جۆرێک ڕێپۆرتاج مەنووسە، تۆ ڕۆژنامەنووس نیت.
بڕوا بە ئامار و ژمارە و ڕاگەیاندنە ڕەسمییەکان مەکە، واقیع ئەو شتە نییە کە تەنیا بە چاو دەبینرێت.
سەردانی کارگە و کۆڵخۆز و خانووبەرەکان مەکە، پێشکەوتن ئەو شتە نییە کە تەنیا بە چاو دەبینرێت.

..............................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: خەبات عارف و بەرۆژ ئاکرەیی

کاتی خۆت بۆ ئابووریی، کۆمەڵناسیی و دەروونشیکارییەوە تەرخان مەکە.

کاتی خۆت بۆ فەلسەفەی خۆرهەڵاتیی، زێن بوودیزم و شتی تری لەو بابەتە تەرخان مەکە، تۆ کاری لەمە ژیرانەترت هەیە.

چاک بزانە کە فەنتازیا خوشکی درۆیە و وەک ئەویش پڕە لە مەترسی.

لەگەڵ هیچ کەسێک یەک مەگرە، نووسەر هەمیشە تەنیایە.

متمانە بە پێغەمبەرەکان مەکە، تۆ خۆت پێغەمبەریت.

مەبە بە پێغەمبەر، چونکە چەکی تۆ گومانە.

ویژدانت ئاسوودە بێت: میرەکان هەقیان بەسەر تۆوە نییە، چونکە تۆ خۆت میریت.

ویژدانت ئاسوودە بێت: کرێکاری کانگاکان هەقیان بەسەر تۆوە نییە، چونکە تۆ خۆت کرێکاری کانگایت.

چاک بزانە ئەو شتەی تاکو ئێستا بە ڕۆژنامەکانت نەوتووە، لە کیست نەچووە: ئەمە بەس تەپوتۆزە و هیچی تر.

قەت بە خواست و داوای ڕۆژگار مەنووسە.

مایە بۆ ئەو ساتە دامەنێ کە تێیدا دەژیت، پەشیمان دەبیتەوە.

مایە بۆ ئەبەدییەتیش دامەنێ، پەشیمان دەبیتەوە.

لە چارەنووسی خۆت ڕازی مەبە، تەنیا گێلەکان ڕازین.

لە چارەنووسی خۆت ناڕازی مەبە، چونکە تۆ هەڵبژاردەیت.

هەرگیز بۆ ئەوانەی فریویان داویت پاکانەی ڕەوشت مەهێنەرەوە.

خۆت لە "کەللەڕەقی لە ئاست پرنسیپەکاندا" بپارێزە.

خۆت لە وێکچوونە درۆیینەکان بپارێزە.

بڕوات بەو کەسانە هەبێت کە بۆ سازشنەکردن دەستکەوتی چاکیان بە دەست هێناوە.

کاتێک تێکڕای بایەخەکان لەئارادان، بانگەشە بۆ نسبیگەرایی مەکە: بایەخەکان پلەوپایەی خۆیان هەیە.

بێ هیچ منەتێک خەڵاتی میرەکان وەربگرە، بەڵام بۆ ئەوەی شایستەی ئەو خەڵاتانە بیت، هیچ هەوڵێک مەدە.

بڕوات بەوە هەبێت کە ئەو زمانەی بەکاری دەهێنیت لە هەموو زمانەکان باشترە، چونکە تۆ هیچ زمانێکی تر شک نابەیت.

بڕوات بەوە هەبێت ئەو زمانەی تۆ پێی دەنووسیت لە هەموو زمانەکان خراپترە، هەرچەندە ناتەوێت لەگەڵ هیچ زمانێکی تردا بیگۆڕیتەوە.

"بەڵام ئێستا، کە تۆ شیلەتێنی، دەتڕشێنمەوە." (کتێبی مکاشفات ۳:۱٦)

کوێلە مەبە، چونکە میرەکان وەکو دەرگاوانێک لێت دەڕوانن.
لافلێدەر مەبە، چونکە وەک دەرگاوانی میرەکان دێیتە بەر چاو.
مەهێڵە قەناعەتت پێ بهێنن کە نووسراوەکانت بەکەڵکی کۆمەڵگە نایەن.
بڕوات بەوە نەبێت کە نووسراوەکانت بۆ کۆمەڵگە بەکەڵکن.
بڕوات بەوە نەبێت کە لە کۆمەڵگەدا هاووڵاتییەکی بەکەڵکیت.
قەناعەتت بەوەش نەبێت کە مشەخۆرێکی کۆمەڵایەتیت.
متمانەت بەوە هەبێت کە سۆناتاکەی تۆ لە وتەی سیاسەتمەدار و میرەکان بەنرخترە.
چاک بزانە کە سۆناتاکەی تۆ لە ئاست ڕەوانبێژیی سیاسەتمەدار و میرەکاندا هیچ مانایەکی نییە.
بۆچوونی خۆتت لەمەڕ هەموو شتێکەوە هەبێت.
بۆچوونی خۆت لەمەڕ هەموو شتێکەوە دەرمەبڕە.
نرخی پەیڤەکان بە گران لەسەر تۆ ناکەوێت.
پەیڤەکانی تۆ لە هەموو شتێک بەنرخترن.
خۆت وەکو نوێنەری گەلەکەت مەخەرە بەر چاو، تۆ کێیت کە بتوانیت، بێجگە لە خۆت، نوێنەری کەسێکی تر بیت!
لە بەرەی ئۆپۆزیسیۆندا ڕامەوەستە، چونکە تۆ لە ناوەڕاستدا نیت، لە خوارەوەیت.
لەتەک دەستەڵات و میرەکاندا مەوەستە، چونکە تۆ لە سەرووی ئەوانەوەیت.
دژی بێدادییە کۆمەڵایەتییەکان بجەنگە، بەبێ ئەوەی هیچ پرۆگرامێکی لێ دروست بکەیت.
مەهێڵە دژایەتیکردن لەگەڵ بێدادییە کۆمەڵایەتییەکان، لە ڕێگەی خۆتت لا بدەن.
بیروبۆچوونی خەڵکی تر بناسە، ئەوسا ڕەتیان بکەوە.
هیچ پرۆگرامێکی سیاسی دامەهێنە، هیچ جۆرە پرۆگرامێک دامەهێنە: تۆ لە گڕکانی ناخی زەوی و هەراوهوریای جیهان، شت دەخوڵقێنیت.
وریای ئەو کەسانە بە کە بۆ هەر شتێک ڕێگاچارەیەکیان هەیە.
مەبە بە نووسەری کەمایەتییەکان.
هەر کاتێک لەگەڵ گرووپێکدا هەستت بە خزمایەتی کرد، خۆت بخەرە بەر لێپرسینەوەوە.
بۆ خوێنەرە مامناوەنجییەکان مەنووسە، گشت خوێنەران مامناوەنجین.
بۆ (نوخبە)کان مەنووسە، هیچ نوخبەیەک لە ئارادا نییە، تۆ خۆت نوخبەیت.
بیر لە مەرگ مەکەوە، بەڵام لە بیرت نەچێت کە هەر دەمریت.
بڕوات بە نەمریی نووسەر نەبێت، ئەمە قسەی قۆڕی مامۆستاکانە.
تراجیدیاییانە جیددی مەبە، چونکە کۆمیدیاییانەیە.

مەبە بە قەشمەر، چونکە میرەکان خوویان بە ڕابواردنەوە گرتووە.

قەت هەوڵ مەدە ببیتە لێبووکی دەربار.

لەو بڕوایەدا مەبە کە نووسەران "ویژدانی مرۆڤایەتی"ن: تۆ لەناو نووسەراندا گەلێک چەپەڵت بینیون.

قەناعەت بەوە مەهێنە کە هیچ شت و کەسێک نیت: تۆ بینیوتە میرەکان چۆن لە شاعیران دەترسێن.

لەپێناو هیچ بیرێکدا گیانت بەخت مەکە و قەناعەت بە کەسیش مەهێنە گیانی خۆی بەخت بکات.

ترسنۆک مەبە و ڕقت لە مرۆڤی ترسنۆک بێت.

لە بیرت نەچێت پاڵەوانێتی کارێکی سەختە.

پێنووسەکەت بۆ موناسەبە و جەژنە تایبەتەکان مەخەرە گەڕ.

ستایشنامە مەنووسە، پەشیمان دەبیتەوە.

لە شینگێڕیی کەسایەتییەکاندا مەنووسە، چونکە پەشیمان دەبیتەوە.

ئەگەر توانای دەربڕینی حەقیقەتت نییە، بێدەنگ بە.

هەمیشە خۆت لە نیوەحەقیقەتەکان بپارێزە.

هیچ هۆیەکت بە دەستەوە نییە، کە لە جەژنە گشتییەکاندا بەشدار بیت.

خزمەتی میر و شازادەکان مەکە.

داوای هیچ یارمەتییەک لە میر و شازادەکان مەکە.

هێندە بەئەدەب مەبە کە هەموو شتێک تەحەممول بکەیت.

بە هەر نرخێک خوازیاری دادوەری مەبە: "دەماغسزەکان موناقەشەیان لەگەڵدا ناکرێت!"

ڕێ بە خۆت مەدە قەناعەت بەوە بهێنیت کە هەموومان هەر هەمان مافمان هەیە و ناتوانین لەسەر جیاوازیی سەلیقە بدوێین.

"کە هەردوو لایەنی موناقەشەیەک هەڵەن، بەو مانایە نییە کە هەردووکیان ڕاستن!" (پۆپێر)

"ڕێگەدان بەوەی کە کەسێکی تر ڕاست دەکات، لە مەترسییەکی ترمان ناپارێزێت: بڕواهێنان بەوەی کە ڕەنگە هەموومان ڕاست بکەین!" (هەر ئەوەی پێشوو)

لەگەڵ گۆترەبێژەکاندا موناقەشەی ئەو بابەتانە مەکە کە لە خۆتیان بیستووە.

هیچ ڕاسپاردەیەکت نەبێت.

خۆت لەو کەسانە بپارێزە کە ڕاسپاردەیان هەیە.

متمانە بە "ڕاوبۆچوونی زانستییانە!" مەکە.

متمانە بە گومان مەکە.

خۆت لە گوێ پێ نەدان بپارێزە، تەنانەت هی خۆشت.

خۆت لە هێنانەوەی گوتەی ئایدیۆلۆجیایی و ڕستە گشتییەکان بپارێزە.

هێندە بوێر بە کە شیعرەکەی ئەراگۆن (کە پەسنی "گ.پ.ئو"ی تێدا دەکات) بە شتێکی بێشەرمانە ناو بەریت.

بە دوای ئەو هەلومەرجەدا مەگەڕێ، کە بە گرانی لەسەرت ناوەستێت.

ڕێ بە خۆت مەدە قەناعەت بەوە بهێنیت کە لە دەمەقاڵەی "سارتەر" و "کامۆ"دا هەردووکیان ڕاست بوون.

بڕوات بە نووسینی خۆبەخۆ و "تەمومژی هۆشیارانە" نەبێت: تۆ لە سادە و ساکاریی دەگەڕێیت.

ئەو قوتابخانە ئەدەبییانە ڕەت بکەرەوە کە بەسەرتدا سەپێنراون.

هەر کاتێک ناوی "ڕیالیزمی سۆسیالیست"یان هێنا، واز لە گفتوگۆکردن بهێنە.

کە قسە هاتە سەر "ئەدەب بۆ خەڵک" مینا ماسییەک بێدەنگ بە و قسەکان بۆ مامۆستاکان بە جێ بهێڵە.

بەو کەسەی ئۆردووگاکانی مەرگ لەگەڵ "سانتێ"دا بەراورد دەکات بڵێ: "سیر بخۆ و زوڕنا لێدە!"

سەد جار ئەو کەسە حەواڵەی دۆزەخ بکە کە پێی وایە "کۆلیوما" لە "ئاوشڤیتز" جیاواز بوو

هەروەک نموونەی سەرەوە ڕەفتار لەگەڵ ئەو کەسەدا بکە کە پێی وایە لە "ئاوشڤیتز"دا ئەسپێ قڕ دەکرا، نەک مرۆڤ.

Vien dietro a me, e lascia dir le genti.(Dante)

گ. پ. ئو: ناوی پێشووی ک.گ.ب.، دەستگەی موخابەراتی سۆڤیەتی بوو.

سانتێ: زیندانێکی گەورەیە لە پاریس.

کۆلیوما: ئۆردووگای کاری کۆیلەیەتی بوو لە سەرووی خۆرهەڵاتی سۆڤیەت.

ڤێرگیلیوس لە "کۆمیدیای یەزدانی"دا گۆرانیی پێنجەم، لەگەڵ گێڕەرەوە دەدوێت و دەڵێت: "دوام بکەوە و لێگەڕێ با ئەوان بۆ خۆیان بدوێن." (دانتە)

* (١٩٣٥-١٩٨٩) نووسەری یۆگۆسلاڤیایی.

# (نووسەرێکی گێل) و
# ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە ئێستا

دانا رەئووف

١

فەرهاد پیربالّ، لە شانۆنامەی (نووسەرێکی گێل)دا، ئاوڕێکی هۆشیارانەی لە قۆناخێکی سەخت و ناسکی مێژوویی گەلەکەمان داوەتەوە و لە هەمان کاتدا هەوڵی داوە ئەو ئاوڕدانەوەیە پابەندی پرسە گرینگ و چارەنووسسازەکانی واقیعی ئەمڕۆی کوردستان بکات.

(نووسەێکی گێل) پێوەندییەکانی شانۆ بە مێژووەوە دەورووژێنێت و لە کۆمەڵێ رووداوی یەک بە دوای یەکدا ئەو پێوەندییە لە دوێنێ و ئەمڕۆدا، لە دەروازەکانی مێژووەوە بۆ گۆڕەپانی ئەمڕۆ، لە بۆچوونێکی رەخنەئامێزدا دەخاتە ڕوو.

مێژوو ئەو رووداوانەیە، کە لە رابردوودا روویان داوەوە و نووسەر دەیانگوێزێتەوە بۆ سەر شانۆ. بێگومان بە بەهەندوەرگرتنی ئەو شێوازە هونەرییەی، کە بابەتە مێژووییەکەی لێ وەرگیراوە.

خستنەڕووی پێوەندییەکانی ئەفراندنی شانۆیی، چ وەک نووسەری شانۆنامە و چ وەک رێژیسۆر و کارە هونەرییەکانی پرۆسێسێکی شانۆیی و مێژوو، گرفت و تەنگژەیەکی چڕ و ئاڵۆزە.

شانۆی مێژوویی، کە لەسەر بنەوای کۆمەڵێ رووداوی مێژوویی و راستەقینە رۆنراوە، بەرجەستەیەکی گوزارشتئامێزیشە لە گۆڕانکاریی و بەرەوپێشەوەچوونەکانی ئەو قۆناخە لە رووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە.

ناکرێت مێژوو بەبێ هیچ دەسکاریکردن، هەڵوێستەکردن لەمەڕ ئەمڕۆ و گرینگی ئەو زەمەنە رابردووە، ئەو رووداوانە بەسەر ئەمڕۆوە، فەرامۆش بکرێت. هەروەها گرانیشە هەموو رووداوە مێژووییەکان لە کارێکی ئەدەبی یان شانۆییدا جێگەیان ببێتەوە. بۆیە دەبێت ئەو چرکەساتانە یان رووداوانە هەڵبژێردرێت، کە ئەو مێژووە و ئەو سەردەمەی دروست کردووە. دیارە ئەم هەڵبژاردنەش

پشت بە کۆمەڵێ بنەوای فەلسەفی و ئێستاتیکی دەبەستێت. بە مانایەکی تر، ئەو دیدە هونەرییەی، کە نووسەر بەسەر ئەو واقیعە مێژووییەدا دەیسەپێنێت و بەم شێوەیەش واقیعێکی تایبەتمەندی خۆی بۆ مێژوو، بۆ رابردوو و بۆ ئێستا دروست دەکات.

فەرهاد پیربال لە (نووسەرێکی گێل)دا، لە کابینەی دووەمی شێخ مەحموودەوە دەست پێ دەکات. شێخ سەرلەنوێ بووەتەوە مەلیکی سلێمانی و زۆر رووداوی گرینگ لەوەوبەر روویان داوە. بۆ نموونە، کوژرانی (جەمال عیرفان) و دوورخستنەوەی (شێخ قادر)ی برای شێخ مەحموود لە دەسەلات و لە کابینەی دووەم.

شانۆنامەکە هەر لە سەرەتاوە، لە گفتوگۆی نێوان خزمەتکارەکاندا زانیارییە گرینگەکانی شانۆنامەکە: گەمەی دەسەلات، پێگەی کورد و مەلیک مەحموودمان پێ دەخشێت، کە لە دیالۆگی بە رواڵەت ساکار و بە مانا قووڵی کارەکتەرەکاندا دەردەکەون:

خزمەتکاری یەکەم:

ئێ، ئێ، شێخ بوویەوە بە مەلیکی ئێرە.

خزمەتکاری دووەم:

یەعنی مەلیکی عێراق

(ژنە خزمەتکار و خزمەتکارە پیاوەکە گاڵتەی پێ دەکەن)

خزمەتکاری یەکەم:

نا.. نا.. تۆش، عەلە گیان، مەلیکی کوردستان، تەنیا مەلیکی کوردستان.

خزمەتکاری دووەم:

(بە شانازییەوە)

مەلیکی کوردستان!

ژنە خزمەتکارەکە:

ئەوە... فەرەج... ئەی بۆ هەندێ کەس دەڵێن، کە شێخ مەلیکی تەنیا سلێمانییە؟

خزمەتکاری یەکەم:

یەعنی چۆن؟

خزمەتکاری دووەم:

ئەوە راست دەکا. دەڵێن، کە شێخ مەلیکی هەولێر و دهۆک و کەرکووک و رواندز و شارەکانی تر نییە، تەنیا حوکمڕانی سلێمانی دەکات و بەس؟

خزمەتکاری یەکەم:

هەواڵنامەی کتێب

ئێ وایه.

ژنه خزمەتکارەکە:

یەعنی تەنیا مەلیکی سلێمانییە؟

خزمەتکاری یەکەم:

بەڵام لە داهاتوودا دەبێتە مەلیکی هەموو کوردستان... انشاءالله.

شانۆنامەی (نووسەرێکی گێل)، دیمەنی یەکەم

دواتریش لەو دیمەنە درێژەی نێوان حەمدی شاعیر و ئەحمەد ئەفەندیی خەزنەداردا تەنگژەی سیاسی، تەنگژەی ئابووری، دزی و گەندەڵی و چەواشەکردنی مەلیک مەحموود و هەموو ناوەرۆکی شانۆنامەکەمان بۆ ئاشکرا دەبێت.

دیمەنەکانی دواتر، گەڕانەوەیەکی لۆجیکی، هەندێک جار ئاڵوگۆڕپێکردنی زەمەنی رووداو و رووداوە مێژووییەکانە، بە پێی مەنتیقی رۆنانی درامی شانۆنامەکە و بەرجەستەکردنی لە ساتەکانی ئێستاماندا.

هەر لە سەرەتاوە، هێڵی گشتی شانۆنامەکە، مەسەلە بنچینەییەکە و گرێکوێرەی رووداوەکان ئاشکرایە: مەلیک مەحموود لە بری ئینگلیز پشت بە تورک دەبەستێت و تورکیش جگە لە خواردنی داهات و سامانی وڵات و فریودانمان، هیچ نیازێکی تریان نییە. لەم رووەوە کۆمەڵگەی کوردەواریش بوون بە دوو بەشەوە: دەرەبەگ و ئاغا و مەلا و شرەخۆرەکان پشتگیریی مەلیک دەکەن، کە لەگەڵ تورک دژی ئینگلیز دەوەستن و بەرەکەی تریش، کە برێتییە لە نووسەر، شاعیر، هۆشمەند و گەنجەکان بە ئاشکرا دژایەتی مەلیک دەکەن و بڕوایان بە ئینگلیز زیاترە لە تورک.

حەمدی شاعیر بە ئەحمەد ئەفەندیی خەزنەدار دەڵێت:

خەزنەدار:

دەوێری ئەم قسانە بە مەلیک بڵێی؟

حەمدی:

بۆ ناوێرم؟ ئەرێ وەڵڵا، رێک و رەوان ئاوهام پێ دەگوت! دەمگوت "تورک دەیانەوێ شەڕی ئینگلیزمان پێ بکەن و پاشانیش پوولێکمان پێوە بنێن". پێم دەگوت "ئیستیقلالیەتی کوردستان یەعنی چی؟ ئەگەر کۆمەڵێک گەندەڵ و مەسئوولی نامەسئوول بەناوی حکوومەتی کوردستانەوە بێن خێر و بێری وڵات لەسەر خۆیان تاپۆ بکەن. تەنیا خۆیان و کەسوکارەکانی لەو ئیستقلالیەتەی کوردستان سوودمەند بن".

شانۆنامەی (نووسەرێکی گێل)، دیمەنی یەکەم

نووسـەر وێنەیەکی دوێنێ – مـێژوومـان لە واقیـعێکی هەسـەتپـێکراودا بۆ دروست دەکـات و بەم شێوەیەش بوارێک، مەودایەکی فراوان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا دەخوڵقێنێت، بوارێک بە خوێنەر یا بینەر دەدات تا بتـوانێت بە چاوێکی بابەتیـانەوە بڕوانـێتـە رووداوەکـە، بە چاوێکی هـوشیـار و رەخنەگرانە بڕوانێتە ئێستا و لە هەمان کاتدا چێژ لە سەرلەنوێ دۆزینەوەی مێژوو وەربگرێت.

٢

هەندێک جـار ئەو نووسـەرانەی، کە واقیـعێکی مـێژووییمـان بۆ دەگێڕنەوە، دەکـەونە نێوان دوو بڕیاری جیـاواز و دژ بەیەکەوە: یان ئەوەتا مـێژوو بەشـێوەیەکی راست و وەکو خـۆی و بەبێ هیچ دەسـتتـێوەردان و خـوێندنەوەیەکی هـاوچەرخـانەوە دەخـەنە ڕوو. ئەمـەیش پێـویستـی بە گـەڕان و پشـکنینێکی زۆرە و دەبێت بگەڕێتـەوە بۆ سـەر دێکۆمـێنت و بەڵگە و لاپەڕەکـانی مـێـژووی ئەو سـەردەمـە، بەم شـێوەیەش کۆمـەڵێ کـارەکتـەری بێ گیـانی مـێژووییمـان لەناو لاپەڕە زەردەکانی مێژوودا بۆ دروست دەکەن، کە هەر لە سەرەتاوە مەرگی خۆیان لەگەڵ خۆیان دەهێنن.

دووەمیشیان ئەوەیە، کە مێژوو لە دید و بۆچوونەکانی خۆیدا چڕ و ساکار بکاتەوە و لە رێگەی ئەو سەردەمە مێژووییەوە چارەسەری کێشـەکانی ئەمڕۆ بکات، بەم شێوەیەش کارەکتەرەکانی لەم رۆژگارە و لە ئێمـەش نێزیک بکاتەوە، شـێوازێکی زیندوو و ئامادە، سیمـا و مـەودایەکی فراوانی مرۆڤایەتیان پێ ببەخشێت و بوار و سنووری رووداوەکان فراوانتر بکات.

نووسـەری شـانۆنامـەی (نووسـەرێکی گێل) رێگەی دووەمـیـانی هەڵبژاردووە. کـەسـایەتییـەکان راستین و رووداوەکان روویان داوە، بەڵام خوێندنەوەیەکی واقیعییانەی بۆ کراوە و بەستوونیەتەوە بە رووداوەکانی ئـەمڕۆوە. کارەکتەرەکان لەناو کارەکتـەر و کەسایەتییەکانی ئەمڕۆدا دەناسینەوە. مـەودای رووداوەکـان و سـەردەمـە مـێژووییـەکە، دوێنێ و ئەمڕۆ لـە پێکداچوونێکی واقیـعییـانەی سیاسی، کۆمەڵایەتی و تەنانەت دەروونیشدا کۆ کردووەتەوە.

نووسـەر ئازادیی خـۆی لە بەردەم مـێژوودا پـاراسـتـووە و بە وریایی مـامـەڵەی لەگـەڵ مـێژوودا کـردووە. گـەشـتـی مـێـژوو گـەڕانەوە نییـە بـۆ رابردوو، بەڵکو گـەشـتـی ئەمـڕۆیە لـە دەروازەکـانی رابردوویـەکی ئامــادە بـۆ بەرجــەســتــەکــردن و گــوزارشــتکردن لە دوێنێ و ئـەمـڕۆ لـە دیدێکی رەخنەگرانەوە.

ئافرەتی کورد لەو رۆژگارەدا پێگەیەکی بەهێزیان هەبووە و دەستیان بە شـێوەیەکی راستـەوخـۆ یا نـاڕاسـتــەوخـۆ لە رووداوە سـیـاسـی و کـۆمــەڵایەتـیــەکـانـدا هـەبووە و توانیـویانە لە پشـتـی پیـاوەکانیـانەوە، هەندێک جاریش لە تەنیشت یا لە پێش پیاوەکانیانەوە رەفتار بکە و هەڵوێستی سیـاسی و کۆمـەڵایەتیـان بەهێز بووە و بۆچـوونی تایبـەتمەندی خـۆیان بۆ رووداوە سیـاسییـەکان هەبووە. نموونەمان زۆرە: حەپسـەخانی نەقیب و عادلە خانمی وەسمـان پاشای جاف دوو نموونەن،

کە لە دوو ناوچەی جیاوازدا پێگە و دەسەڵاتیان بەهێز بووە.

حەپسەخانی نەقیب:

ئەم هەموو بۆمبابارانە، ئەم هەموو قەسفە بەو هەموو فڕۆکە حەربییانەوە... شارێکی بچکۆڵەی وەک سلێمانی چۆن بەرگەی ئەم هەموو بۆمبابارانەی گرت؟

بەهێ خانم:

ئەی... ! عادلە خانمی وەسمان پاشای جاف چاوی ئەم هەموو قەسف و بۆمبابارانە نابینێ بەسەر سلێمانییەوە!

حەپسەخان:

نەدەبووایە ئاوهای بکردایە... !

بەهێ خانم:

توخوا ئاخر هەقمان نییە گلەیی لێ بکەین؟! لەم بار و دۆخە سەختەدا، لە جیاتی ئەوەی کورد هان بدا یەک بگرن، لە جیاتی ئەوەی بێت عەشرەتی جاف لەژێر سایەی خۆیدا بخاتە بارێکەوە، کە پشتی شێخ بگرن دژی ئینگلیز، کەچی چوو تەنیا بۆ ئەوەی ئینگلیز بیکەنە قایمقامی هەڵەبجە و پایەی "خان بەهادەر"ی بدەنێ، خۆی خستە ژێر دەسەڵات و خزمەتکردنی ئینگلیزەوە.

حەپسەخان:

بە بیرتە... حاکمی ئینگلیز لە هەڵەبجە، کاتێ لەلایەن پێشمەرگەکانی مەحموود خانی دزلییەوە ئەسیر کرابوو؟.

بەهێ خان:

ئەی... ؟ شێخ دابینابوو بە بارمتە بەکاری بهێنێ.

حەپسەخان:

بەو هەموو سیکە و گورگەیەی ئینگلیز نەیاندەتوانی بەری بدەن...

بەهێ خان:

کەچی ئەو، بە فیتنە و فەسادی خۆی، لە ماوەی بیست و چوار سەعاتدا، چوو ئەو حاکمە ئەسیرە ئینگلیزەی بۆ مێجەرسۆن ئازاد کرد و رەوانەی خانەقینیشی کرد بۆیان. بارمتەی شێخی، سووک و ئاسان دایەوە دەست ئینگلیزەکان.

شانۆنامەی "نووسەرێکی گێل"، دیمەنی یەکەم

٣

شانۆنامەی (نووسەرێکی گێل) وەک زۆربەی شانۆنامە مێژووییەکان، شانۆنامەیەکی تۆماریشە و پشتی بە کۆمەڵێ دیکۆمێنت و وتار و رۆژنامە و فاکتە بەستووە، کە وێنەیەکی ئاشکرای ئەو رۆژگارەمان بۆ دەردەخات.

نووسەر بۆ ئەم کارەش وەک شانۆیەکی تۆماریی تێکست و فاکتە مێژووییەکان لێرەولەوێ و لە پرۆسەیەکی وردی مۆنتاژ ئاسادا، بەپێی پەیامە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی کردوویەتییە بەشێکی شانۆنامەکە و بەپێی دیدە هونەریی و شیکارییەکەی بەستوونییەتەوە بە رووداوەکانەوە.

شانۆنامەکە بە هەڕەشەی ئینگلیز و تۆپبارانکردنی سلێمانی دەگاتە ئاستی ترۆپک و بۆ ئەوەی ئینگلیزیش تۆپبارانی سلێمانی نەکات و رووداوەکان بە ئاقارێکی تردا بڕوات، دەبێت شێخ مەحموود مل بۆ ئینگلیز بدات. بەڵام شێخ و وەزیر و راوێژکارەکانی سوورن لەسەر هەڵوێستی خۆیان و بە هیچ شێوەیەک سازش بۆ ئینگلیز ناکەن و ئامادەن شارەکە بکەنە هەڵوێستێکی سیاسیی خۆیان و شار بخەنە مەترسییەوە. گرینگی ئەم شانۆنامەیەش لەوەدایە، کە لەم ساتەوەختەدا سەردەمی مێژوو دەوەستێت و زەمەنی ئەمڕۆ، سەردەمی ئێمە لە رێگەی نووسەری شانۆنامەکەوە، وەکو کەسایەتییەک، سەردەمێکی تر و واقیعێکی ترمان بۆ دروست دەکات.

کەسایەتییە مێژووییەکان لە دوێنێوە، لە رابردووەوە رووبەڕووی ئەمڕۆ و ئەم سەردەمە و نووسەری شانۆنامەکە دەبنەوە و دادگەییکردنێکی سیاسی، بەبێ پارێزەر و بەبێ بنەوا یاساییەکانی دادگەییکردنێکی ئاسایی دەبێتە دەستپێکێکی تر بۆ کۆتاییی شانۆنامەکە.

نووسەری ئەم شانۆنامەیە لەناو جەماوەرەوە هاوار دەکات:

– راوەستن...!

نووسەری ئەم شانۆنامەیە، بە کۆڵەپشتێکی گەورەی پڕ کتێبەوە، سەردەکەوێتە سەر شانۆ:

– راوەستن...!

نووسەر:

(لەسەر شانۆ، رووەو هەموویان)

راوەستن...!

(هەموویان هێور دەبنەوە. شێخ مەحموود یەکەم کەس رووبەڕووی نووسەر دەبێتەوە، لە ناوەڕاستی شانۆدا).

نووسەر:

(بە کۆڵەپشتە گەورە پڕ لە کتێبەکەیەوە، تەنگەتاو، رووەو مەلیک مەحموود)

جەنابی مەلیک، من ئەم شانۆنامەیەم ئاوها نووسیوە...

مەلیک:

(سەرسامە)

چی... ؟

نووسەر:

من ئەم شانۆنامەیەم ئاوها نەنووسیوە، کە ئێوە ئاوها بڕیار بدەن.

مەلیک:

بڕیاری چی؟

نووسەر:

(کۆڵەپشتە گەورە پڕ کتێبەکەی دادەنێتە سەر عەرزەکە)

ئێوە نابێ بڕیاری ئەوە بدەن، کە لە هەمبەر بۆمبابارانکردنی شارێکدا بێباک بوەستن...
ئەم کتێبانەی خۆمم بە دیاریی هێناوە بۆ ئێوە.

مەلیک:

(بە سەرسوڕماوییەوە)

چی؟!

(حاجی مەلا سەعید کەرکووکی زادە، رەئیسی مەعاریف، کۆڵەپشتە پڕ لە کتێبەکە هەڵدەگرێت و دەیپشکنێ)

هەوالنامەی کتێب

نووسەر:

ئێوە نابێ بڕیاری ئەوە بدەن، کە لە بەرامبەر بۆمبابارانکردنی شار بێباک بوەستن و درێژە بە سیاسەتی خۆتان بدەن؟

مەلیک:

چی؟

(بەرپرس و وەزیرەکان دەست دەکەنە پێکەنین و گاڵتەی پێ دەکەن)

مەلیک:

هششش

حاجی مەلا سەعید کەرکووکی زادە، رەئیسی مەعاریف، لە سووچێکی دەستەچەپی شانۆ کتێبەکان یەک یەک دەردەهێنێ و لەسەر یەکتر دایان دەنێ:

نووسەر:

جەنابی خاوەن شکۆ، من لەم شانۆنامەیەی خۆمدا بە شێوەیەکی تر رووداوەکانم گێڕاوەتەوە.

مەلیک:

(وەک ئەوەی قسە لەگەڵ شێتێک بکا)

رووداوی چی؟

نووسەر:

من لەم شانۆنامەیەدا نامەوێ جەنابتان درێژە بەم سیاسەتەی خۆتان بدەن و ئینگلیز بێت بۆمبابارانی سلێمانی بکات، چونکە سەدان کەسی بێگوناه گیان وماڵیان بە هەدەر دەڕوا.

شانۆنامەی "نووسەرێکی گێل"، دیمەنی سێیەم

ئەم وتووێژەی نووسەر لەگەڵ دەسەڵاتدا، لە دوێنێوە بۆ ئەمڕۆ، لە مێژوویییەکی نێزیک و لە ژیانی سیاسیی ئەمڕۆماندا دەبێتە هێماگەل و تەنگژەیەکی مۆڕالی و پێوەندییەکانی تاک و کۆمەڵ بە دەسەڵاتەوە دەخاتە روو. دەسەڵات و مەسەلەکانی دیموکراسی و ئازادی رادەربڕین لە مێژوودا دەبێتە نموونەیەکی ئاشکرای پێوەندییەکانی کۆمەڵ و تاک بە بنەواکانی سیستەم و دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئەمڕۆماندا. مرۆ لە هەندێک شوێندا وا هەست دەکات سەردەم وەستاوە، کابینەی دووەمی شێخ مەحموود و کابینەی شەشەمی حوکوومەتی هەرێمی کوردستان دەبنە هاوشێوەیەکی ئاشکرا و تەنیا ناوەکان ئاڵوگۆڕیان پێ کراوە:

مەلیک:

(بە پەنجە هەڕەشەی لێ دەکا)

زمانت لەمە زیاتر درێژ نەکەیت! تۆ بە چ ئامانجێک هاتوویت بۆ ئێرە؟

نووسەر:

بە ئامانجی گوتنی یەک قسە!

مەلیک مەحموود:

قسەکەت بکە و بچۆرە دەرەوە!

نووسەر:

دەسەڵات لە هەموو زەمەن و شوێنێکدا هەمان دەسەڵاتە.

مەلیک مەحموود:

قسەی خۆتت کرد. تەواو.

(ئاماژە بۆ دەستوپێوەندەکانی دەکا)

دەری کەنە دەرەوە!

نووسەر:

دەسەڵات هەمان دەسەڵاتە، تەنیا فۆرمی دەگۆڕێ.

شانۆنامەی (نووسەرێکی گێل)، دیمەنی سێیەم

هەوڵنامەی کێبر

# دانا ڕەئووف

# لە لێکۆڵینەوەیەکی شانۆییی بیانیدا

عەلی عوسمان یاقووب

زنجیرە کتێبی "شانۆنووسە نوێخوازە هاوچەرخەکان"، لەلایەن دەزگای "ڕۆتلێج"، کە سەر بە کۆمپانیای جیهانیی "تێیلەر و فرانسیس"ە لە بەریتانیا دەردەچێت. کۆمپانیاکە، جگە لە بەریتانیا، نووسینگەی لە نیویۆرک، بۆکاراتۆن (فلۆریدا)، فلادیلفیا، سەنگافوور و سیدنی هەیە. ساڵانە نزیکەی هەزار کۆوار و ڕۆژنامە و هەزار و هەشتسەد کتێب بڵاو دەکاتەوە. ئەم زنجیرەیە کارێکی تازەی کۆمپانیاکەیە و مەبەستی پێشکێشکردنی لێکۆڵینەوەیەکی ورد و ڕەخنەگرانەیە لەبارەی کاری ئەو ڕێژیسۆرانەی کاریان لە شانۆنووسە پێشڕەوەکانی جیهاندا کردووە. تا ئێستا چەندین کتێبی لەم بارەیەوە لەبارەی "گی. بی. پریستلی"، "ئەنتۆن چیخەف"، "لۆرکا" و... هتد بڵاو کردووەتەوە. یەکێک لەو کتێبە بەنرخانەی، کە ئەمساڵ، واتە بڵاوی کردووەتەوە، کتێبی "ئاوگۆست سترنبێری"یە، کە ژنە نووسەری بە توانا" ئێستچ ساڵکسر" نووسیویەتی. پرۆفیسۆر "ئێستچ ساڵکسر Eszter Szalczer" بڕوانامەی دوکتۆرای لە بواری شانۆدا لە زانکۆی "سیتی" لە نیویۆرک" و هەروەها دوکتۆرای لە ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی بۆدابست بەدەست هێناوە. "ساڵکسر" لە زانکۆی ئەلبانی لە ئەمەریکا خەریکی وانەگوتنەوەیە لە بواری ئەدەبی شانۆ، مێژووی شانۆ، ڕەخنەی شانۆیی و لێکۆڵینەوەی شانۆیی. یەکێکە لەو توێژەرە شانۆییانەی، کە لەسەر ئاستی جیهان ناسراون و پسپۆڕە لە بواری شانۆ و نمایشی مۆدێرن بە گشتی و بە تایبەتیش لە بەرهەمە شانۆیییەکانی نووسەری سوێدی "ئاوگۆست سترنبێری".

یەکێک لە کتێبەکانی ئەم نووسەرە بەناوی "سروشتی نمایشەخەون: شێوازەکانی بینین و پێناسەکردنەوەی سترنبێری بۆ شانۆ(٢٠٠١) خەڵاتی"گیراڵد کاهان"ی پێ دراوە. ئەمەو چەندان کتێبی تری لەبارەی "سترنبێری"یەوە نووسیوە. دیارە لەم کتێبەی دواییدا، نووسەر پێناسەیەکی تازەی "سترنبێری" بۆ شانۆ، وەکو فۆرمێک، کە هەموو کات گەشە دەکات و لە گۆڕاندایە، دەخاتە ڕوو. ئینجا بە قووڵی باسی ئەو کاریگەرێتییە دەکات، کە "سترنبێری" بەسەر پرۆسێسی شانۆنووسین و دەرهێنانی شانۆیی جێی هێشتووە، هەر لە "ئێکسپرێشنیزم"ی ئەڵمانیاییەوە تا "شانۆی ئەبسێرد".

کتێبەکە بینین و تێگەیشتنێکی قووڵ لەبارەی رۆڵی گرینگی شانۆنووسی سوێدیی "سترنبێری"یەوە لە هونەری دراما دەخاتە روو لە رێگەی لێکۆڵینەوە لە شێوازی دەرهێنانەکانی شانۆنامەکان و وردبوونەوە لە شانۆی "سترنبێری" وەکو دەنگێکی زیندوو، کە بەردەوامە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بینەر و رەخنەگرەکان و دەرهێنەرە داهێنەرەکان. نووسەر لەناو ئەو دەرهێنەرانەشی کە کاریان لەسەر شانۆنامەکانی "سترنبێری" کردووە، ئەکتەر و دەرهێنەری کورد "دانا رەئووف" لە مامەڵەکردن لەگەڵ شاکاری بەرهەمەکانی "سترنبێری"، کە سێینەی "بەرەو دیمەشق"ە بەنموونە دەهێنێتەوە و لەسەری دەدوێت. نووسەر لە کتێبەکەیدا، بەم شێوەیە باسی ئەم دەرهێنانە دەکات:

## کتێبەکەی پرۆفیسۆر "ئێستچ سالکسر"

"لە ساڵی ١٩٩٧ ئەکتەر و ریژیسۆری کورد، دانا رەئووف، کە نیشتەجێی وڵاتی سوێدە، پێکەوە لەگەڵ ژنە ئەکتەری سوێدی "بێریت کۆرنهیڵ" بەشی یەکەمی سێینەی "بەرەو دیمەشق"یان لە فیستیڤاڵی سترنبێری لە "ستۆکهۆڵم" پێشکێش کرد، کە لە دەرهێنانی دانا ڕەئووف خۆی بوو. نمایشەکە، کە لەژێر ناوی "سترنبێری لەناو واگۆنی شەمەندەفەر ـ بەرەو دیمەشق بەشی یەکەم" لەناو واگۆنی یەکێک لە شەمەندەفەرەکانی ژێرزەوین ئەنجام درا، بە بەشداریی شەش لە ئەندامانی "گرووپی شانۆی جیهانیی Sparks". کاتێ گرووپە شانۆییەکە (کۆمپانیاکە) هیچ هۆڵێکی بۆ نمایشەکە نەدۆزییەوە، "بیرۆی هێڵی گواستنەوەی گشتی لە ستۆکهۆڵم" سپۆنسەریەکەی گرتە ئەستۆ. ماوەی نمایشەکە سەعاتێک و نیوی خایاند. رۆژانە دووجار بە بەرچاوی چل و یەک بینەرەوە، لە ماوەی گەشتێکی دووسەرە لە نێوان "رۆیاڵ گاردنز" لەناو شار لەگەڵ "وێستگەی ئەکالا" لە قەراغ شار پێشکێش دەکرا. ئەو نیشانەیەی، کە ئاراستەی رۆیشتنی شەمەندەفەرەکەی پێشان دەدا، لەسەری نووسرابوو "بەرەو دیمەشق". کۆمپانیاکە چوارچێوەیەکی بۆ چیرۆکەکە داهێنابوو تێیدا کۆچبەرێک "دانا رەئووف" لەگەڵ ژنێکی سوێدی "کۆرنهیڵ" لەناو شەمەندەفەرێکی ژێرزەوین چاویان بە یەکتر دەکەوێت و ئیتر قسەکردن لەبارەی "سترنبێری"یەوە لە یەکتریان نزیک دەکاتەوە. چیرۆکە راستەقینەکەی "بەرەو دیمەشق" وەکو شانۆگەرییەک لەناو شانۆگەرییەکدا نمایش دەکرێت و ئەکتەرەکان ئاڵوگۆڕکێ لە رۆڵەکانیان دەکەن، هەندێک جار "کۆرنهیڵ" رۆڵی کۆچبەرە بیانییەکە دەبینێ و "دانا رەئووف"یش رۆڵی خاتوونەکە دەبینێ، هەندێک جاری تریش "دانا ڕەئووف" دەبێتەوە بە کۆچبەرەکە و "کۆرنهیڵ" دەبێتەوە بەکە. بەم شێوەیە، بەرهەمەکەی "سترنبێری" بایەخێکی ناوچەیی لەخۆ دەگرێت، وەکو بەرهەمێکی تایبەت بە ژیاننامە بۆ هونەرمەندە شانۆکارەکان هەروەها وەکو بەرهەمێک بۆ گەڕان بە دوای پرسی شوناس و کۆچکرد ڕووبەڕووی (شووناسی) نادیار دەبێت لە کۆمەڵگەی سەردەم و لەسەر هێز و وزەی بووژێنەری شانۆ".

دانا رەئووف وبێریت کۆرنهیڵ لە نمایشی "بەرەو دیمەشق". وێنەکە لە کتێبی "ئاوگۆست سترنبێری" ژنە نووسەری بە توانا "ئێستر سکالزەر" وەرگیراوە.

# بۆچی چیرۆک دەنووسین؟*

هوشەنگی گوڵشیری

لە وڵاتی مندا، کەسانێک کە فیلمی ئەمەریکی، یان ڕووسییان بینیبێ، سەربازە ئەڵمانییەکانی شەڕی یەکەم، یان دووەمی جیهانییان بە وێنەی کۆمەڵە ڕۆبۆتێک دێتە بەرچاو کە چەک لە دەست خەریکن دەخولێنەوە و تەقە لە گشت شتێکی زیندوو دەکەن. ئەمە وێنەیەکی گشتییە لە گشت سەربازە ئەڵمانییەکان. هەر بەڵایەکیش بەسەر ئەم سەربازانە بێت، هیچ کاریگەرییەک لە بینەر ناکەن.

بەڵام ئەگەر کەسێک ئەو شانسەی بە نسیب بوو‌بێت کە "لە ڕۆئاوادا هیچ باسێک نییە"ی "ئێریش ماریا ڕێمارک"، یان ڕۆمان و کورتە چیرۆکەکانی "هاینریش بۆل" و "ڤۆلفگانگ بۆرشێرت"ی خوێندبێتەوە، ئەم وێنە گشتییەی لەبەر چاو دەکەوێ و سەربازە ئەڵمانییەکانیش دەبن بە خاوەنی دەروون و تاکایەتی و هەنووکەیی ڕابردووی خۆیان.

هەربۆیەش دەمەوێ لەم گۆشەنیگایەوە تێڕوانینێک بخەمە سەر ئەزموونەکانی خۆم و بڵێم: چیرۆک، لە کێشەی لێبووردەیی نێوان گەلاندا، چۆن دەتوانێ یاریدەدەرێکی کارا بێت و هەمدیس چۆن دەتوانێ هەلی شیاو و گونجاو لە کێشەی لێبووردنی مرۆڤ لە ئاست یەکتردا، بڕەخسێنێ. کەواتە، ئەگەر دەبینن خەریکم لە ئەزموونەکانی خۆم دەدوێم، هۆیەکەی تەنیا ئەوەیە کە من ئاگەداری ئەزموونەکانی خاوەنی پێنووسەکەی خۆمم.

دەزانم کە پەیڤ هیچ پەیوەندییەکی بە شتی مەدلوولەوە نییە و دەلالەتی پەیڤ بۆ شتی ناولێنراو، لە گشت زمانەکاندا، ئاکامی گرێبەست و ڕێککەوتنە. لەلایەکی ترەوە، ئەم دەلالەتە بێ واسیتە نییە، چونکە سەرەتا دەلالەتی مانا و دوای ئەویش دەلالەتی واقیع دەکا . ئەوەش دەزانم کە پەیڤی گوتراو یان نووسراو، لە خەتدا وێنا دەکرێ. کەواتە، پەیڤ لە تاقە ڕەهەندێک زێتری نییە. لە حاڵێکدا جیهانی زەین و جیهانی واقیع، خاوەنی سێ ڕەهەندە و ئەگەر ساتی ڕوودانیشی بخەینە

---

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: بەرۆژ ئاکرەیی.

سەر، ڕەهەندی چوارەمیش بەخۆوە دەگرێ. واتە دەقاودەقی زمانی گوتراو، یان نووسراو، لەگەڵ دنیای زەین و واقیعی بەرچاو، نامووەمکینە. جیا لەمەش، چونکە ئێمە خەریکی چیرۆکین و خودی چیرۆکیش ملکەچی چەند پێداویستییەکی وەک نووسینەوە و بەکتێببوون و هەبوونی دەسپێک و کۆتاییە لە حاڵێکدا کە ژیان لەم جیهانەدا هیچ کۆتایی و دەسپێکێکی نییە و هەروەها لە ڕەوتدابوونی هەموو کردارێک لە سەر هێڵی زەمانە لە حاڵێکدا کە هیچ کردارێک لە واقیعدا بە شێوەیەکی ئەبستراکت ئەنجام نادرێ و هەمدیس پێویستبوونی زەینڕاکێشان لە چیرۆکدا و سنووورداربوونی ژمارەی کەسەکان لە ڕۆمان و بەتایبەت لە کورتەچیرۆکدا، دەتوانین بڵێین ڕیالیستبوون خەیاڵێکی بەتاڵە و هیچی تر.

کەواتە ئێمەی چیرۆکنووس لە دڵخۆشکردن بە واقیع بەولاوە، هیچ چارەیەکی ترمان نییە. ئێستاش بە لەبەرچاوگرتنی ئەم گومانی واقیعەیە کە من دەمەوێ بڵێم ئێمە چی دەکەین، یان لە ئارەزووی بەدیهێنانی چ شتایەکدا چیرۆک دەنووسین.

وابزانم لە تەمەنی بیست و یەک، بیست و دوو ساڵییەوە، خەریکی نووسینم. کەواتە چل ساڵێکە دەنووسم. شیعرم نووسیوە، دواتریش چیرۆک و ڕەخنە. ماستەرەکەشم لە بەشی ئەدەبی فارسیدا، فۆلکلۆری خەڵکی "ئەسفەهان" بوو کە لە کایە ناوچەییەکانەوە تا بیروباوەڕی خەڵکی ڕەمەکیم تێدا گردکردبوونەوە. ئێستاش هێندێک چیرۆکی ئەو سەردەمەم هەن کە لە زمانی قوتابییەکانمەوە نووسیومن و هێشتا چاپم نەکردوون. یەک دوو ساڵێکیش لەگەڵ "جەلیل دوستخواە"ی برادەرمدا خەریکی کۆکردنەوەی فەرهەنگی زارەوەی خەڵکی ناوچەکە بووین کە ڕۆژێک کۆڵم دا و تێکڕای دەستنووسەکانم بۆ ئەو برادەرە بەجێ هێشتن. هۆیەکەشی ئەوەبوو زۆربەی کاتەکان کە دەمانویست یەکتری ببینین، ئەو برادەرە یەک دوو سەعات درەنگتر دەهاتە شوێنی دیاریکراو. لە تەمەنی بیست ساڵیمەوە تا یەک دوو ساڵێکی دوای شۆڕشی ئێرانیش، مامۆستایەتیم کردووە، لە پۆلی یەکەمی سەرەتاییەوە تا قۆناخی زانکۆ. کۆتاییەکەشی بەوە گەیشت کە لە زانکۆ وەدەرنرام. دووجار لە زەمانی "شا"دا کەوتوومەتە زیندان و لە سەرەتای دامەزراندنی یەکەتی نووسەرانیشەوە (١٩٦٧) بوومەتە ئەندامی ئەم یەکییەتییە. ئێستاش کە لێرەم، ئەندامی دەستەی کارگێڕی یەکەتی نووسەرانی ئێرانم. بیست ساڵێکە ژنم هێناوە و دوو منداڵم هەن: "باربەد" و "غەزەل"، هاوسەرەکەشم "فەرزانە تاهیری" وەرگێڕە، لە زمانی ئنگلیزییەوە بۆ فارسی. تا ئەمڕۆش ١٧ کتێبم بڵاو کردوونەتەوە کە بریتین لە شەش ڕۆمان و سێ چیرۆکی درێژ و سی و چەند کورتە چیرۆکێک. دوو کتێبی ڕەخنە و چیرۆکێکیشم بۆ مێردمنداڵان نووسیوە. لە نووسینی دوو سیناریۆشدا (کە لەسەر چیرۆکەکانم کراون بە فیلم) هاوکاریم لەگەڵ دەرهێنەرەکەی، واتە "بەهمەن فەرمانئارا" کردووە. کۆمەڵە وتارێکیشم هەن کە ڕەخنەی ئەدەبین و چاوەڕێی ئیجازەی بڵاوبوونەوەن. چەند بەرهەمێکیشم هەن کە بە ناوێکی تر بڵاوم کردوونەتەوە کە لێرەدا ناچارم خۆم لە ناوهێنانیان بپارێزم.

به زمانی فارسی حەوت هەشت گفتوگۆی جیددیم لەگەڵ کراوە و بەرهەمەکانیشم (ئەوەندەی من ئاگەدارم و بەردەستم کەوتوون) وەرگێڕدراونەتە سەر زمانەکانی ئەڵمانیی و فەرەنسیی و ئنگلیزیی و ئەرمەنیی و ئۆردوو و کوردی و ژاپۆنی.

لە ساڵی ڕابردوودشدا ناوم لە دوو لیستەدا (کە دەستاودەست بڵاو بوونەتە وە) هاتبوو کە گوایە هەر کەسێک ناوی لەو لیستانەدا بێت، دەبێ بکوژرێ. دوو جاریش بە ئاشکرا هەوڵی ڕفاندنم دراوە و ئەگەر بڕوا بە قسەی برادەرانم بکەم، دەبێ بڵێم ئەمڕۆ بە هەڵکەوت زیندووم و لێرە ڕاوەستاوم.

لە تەلفزیۆنی وڵاتەکەمدا بە جاسووسی »سی. ئای. ئای« لە قەڵەم دراوم و لە ڕۆژنامەکانی لاباڵی ڕاستدا بە سیخوڕی ئەڵمانیا ناسێندراوم. ماوەیەکیش لەمەوبەر، کە وەزیری "ئیرشاد"یان خستە بەر لێپرسینەوە، دووجار ئاماژە بە ناوی من کرا و وەزیری ناوبراویش لە بەرگریکردن لە خۆی و کردارەکانیدا گوتی: ئێمە ئیجازەی بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی گوڵشیریمان نەداوە. کەواتە: لە دیدی نوێنەرانی حکوومەتەوە، پێشگیری کردن لە بڵاوبوونەوەی کتێبەکانم یەکێک لە کارە هەرەچاکەکانی وەزیری ئیرشاد بووە.

تاکو ئێستا سێ جار خەڵات کراوم: "خەڵاتی فرووغی فەرروخزاد" هاوڕێ لەگەڵ "بەهرامی سادقی"، "خەڵاتی لیلیان هێلمەن وداشیل هێمت" لەلایەن ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ و ئەم خەڵاتەی ئەمڕۆ: "ئێریش ماریا ڕێمارک". بەر لە شۆڕشی ئێرانیش، فیلمی "شازادە ئیحتیجاب" کە لەسەر ڕۆمانەکەی من سازکراوە، خەڵاتی "فیستیڤاڵی جیهانیی فیلمی تاران"ی وەرگرتووە. ئێستاش سەرنووسەری مانگنامەی ئەدەبی "کارنامە"م کە پێنج ژمارەی لێ بڵاو بۆتەوە.

دەسکەوتی چل ساڵ نووسینم، کە سی و پێنج ساڵی بە شێوەیەکی جیددی بووە (چونکە بەس ئەم بەرهەمانەم بڵاو بوونەتەوە) ترسی زیندان و تێرۆر و چیرۆکەکانم و بەرهەمە وەرگێڕدراوەکانم و ئەم خەڵاتە و ناوبانگێکە لە وڵاتەکەمدا.

هەرشتێکیش ڕوویدا، من دیسان ڕوو لە وڵاتەکەی خۆم دەکەمەوە تاکو بنووسم. چەند کارێکی نیوەچڵیشم هەن کە دەبێ بە ئاکامێکیان بگەیەنم. لەم چەند مانگەی پاش کوشتنی چەندین نووسەر لە وڵاتەکەمدا ، من نەمتوانیوە تەنانەت بۆ کڕینی جگەرەش لە ماڵی خۆم بچمە دەرەوە.

یەکێک لەو تاوانانەی بوو بەهۆی دەرکردنم لە زانکۆ، بڵاوبوونەوەی وتارێکم بوو لە گۆڤارێکدا. سێ کتێبم لە ستۆکهۆڵم بڵاوبوونەتەوە کە بڕوا ناکەم تا چەندین ساڵی دیکەش لە ئێراندا ئیجازەی چاپ و بڵاوبوونەوەیان پێ بدرێ. یەکێک لە ڕۆمانەکانم نزیکەی بیست ساڵە چاوەڕێی ئیجازەی بڵاوبوونەوەیە. ڕۆمانی "شازادە ئیحتیجاب" چەندجارێک لە سەردەمی حکوومەتی "شا"دا و چەند کەرەتێکیش لەم حکوومەتەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە. بەڵام ئێستا حەوت ساڵی ڕەبەقە کە سەرلەنوێ چاوەڕێی ئیجازەیە تا چاپی نۆیەمی بکەوێتە بەردەستی خوێنەران. بەرگی یەکەم لە سەرجەمی بەرهەمەکانیشم چوار ساڵە چاوەڕێی مۆڵەتی بڵاوبوونەوە دەکا.

دەسکەوتەکانم هەڵبەت لە نووسیندا، هەر ئەمانە نین. چەند جارێک داوەتی وڵاتە جۆراوجۆرەکان کراوم و سەرەڕای ئەوەی حەڤدە ساڵە هیچ کارێکی دیاریکراوم نەبووە، توانیومە لە ڕێگای نووسین و هەڵەچنی و پێداچوونەوەی کتێبی خەڵکانی ترەوە، بژێوی خۆم پەیدا بکەم. ماڵێکم هەیە و لەو ماڵەدا ژوورێکی بچووکم بۆ نووسین هەیە. چەند ساڵێکیش بە مووچەی هاوسەرەکەم ژیاوین. هاوسەرەکەم، هەروەکو باسم کرد، وەرگێڕە و نزیکەی بیست کتێبێکی لە بواری ڕەخنە و چیرۆک و میعماری و دەروونناسیدا کردۆتە فارسی.

ویڕای گشت ئەمانەش، نووسین بۆ من زەرەوورەتێکی جیددی بووە. جا ئەم زەروورەتە مەترسیدارە یان نا ، ئەوەیان کێشەی دووەمە.

## کەواتە ئێمە دەنووسین، چونکە ناچارین بنووسین

لە یەکێک لەو کورتەچیرۆکانەی لەسەرەتای نووسینمدا، بڵاوم کردۆتەوە: چەند کەسێک هەر لەناکاو سەر بەماڵی برادەرێکیاندا دەکەن و پاش چەند سووکەڕووداوێک ماڵ بەجێدێڵن و دەڕۆن. پاشان ئەو چەند کەسە دادەنیشن و باسی ئەو شەوە و ڕووداوەکانی ئەو ماڵە دەکەن. ئاشکرایە کە بۆچوونی جیاوازیان لەمەڕ ڕووداوەکانی ئەو شەوە و ماڵەکە هەیە و لە دواییدا بۆیان دەرناکەوێ و نازانن داخۆ ئەوان برادەرەکەی خۆیان کوشتووە، یان خودی برادەرەکەیان ئەو هەموو ڕووداوەی ڕێکخستووە تا بە گۆڕانکارییەکی ڕواڵەتییەوە خۆی لەدەست برادەرە کۆن و نوێیەکانی ڕزگار بکا .

دەبینن کەوا کێشەی ناسینی ئەوی تر، لە ڕێگەی گێڕانەوەی چەند ڕووداوێکەوە، یەکەمین هەنگاوی من بووە لە نووسیندا و دواتر ئەم کێشەیە لە زۆربەی چیرۆکەکانمدا پەرەیان پێدراوە. ئەم هەوڵەی من برێجار لەپێناو ناسینی خود و ئەژداد و قۆناخێکی مێژووییدا بووە. "شازادە ئیتیجاب" لە ڕۆمانێکمدا هەر بەو ناوە بۆ ناسینی هاوسەرەکەی خۆی، ماڵەکەی لێ دەکاتە زیندان و کارەکەرێکیش دەخاتە بەردەستی تا شەوانە ئاگەی لێبێ و گشت هەڵسوکەوت و قسە و باسەکانی بۆ "شازادە" بگێڕێتەوە. پاشان کە هاوسەرەکەی دەمرێ، کارەکەرەکەی ناچار دەکا خۆی وەکو هاوسەرەکەی ئارایشت بکا و لاسایی گشت جووڵە وقسەکانی ئەوی بۆ بکاتەوە. دواتر کارەکەرەکە ناچار دەبێ هەم ڕۆڵی هاوسەرەکەی بگێڕێ و هەم هی خۆی، وەک کارەکەر. لە ئەنجامیشدا "شازادە" نەک ناتوانێ هاوسەرەکەی بناسێ، تەنانەت ناوی خۆیشی بیر دەچێتەوە.

ئێمە خەڵک بە کردار و قسەکانیانەوە دەناسینەوە، بەڵام چونکە دەبێ ئەم شتانە لە بێژینگی زەینمانەوە دەرباز بن، گشت بەڵگەکانمان ئاوێتەی پێشداوەری و بۆچوونەکانمان دەبن. لەلایەکی ترەوە، ئەم کێشانە، شێوەی زمان بەخۆوە دەگرن و لە قاڵبی چیرۆکدا خۆ دەنوێنن. وێڕای هەموو ئەم شتانەش، چیرۆک یەکێک لە گرنگترین کەرەسەکانی ناسینی کەسانی ترە.

## کەواتە ئێمە دەنووسین تاکو ئەوانی تر بناسین

ئێمەی نووسەر هێندێک جار، تەنانەت بۆ ناسینی خۆمانیش کەڵک لەم کەرەسانە وەردەگرین. من لە ساڵانی ڕابردوودا، چیرۆکێکم نووسیبوو، دواتر تەنیا بە مەبەستی ئەزموونێک لە بواری هارمۆنیای خوێندنەوەدا، دانیشتم و خوێندنەوەکەی خۆمم لەسەر کاسێتێک تۆمار کرد. دواتر، شەوێک کە خەریک بووم گوێم لەدەنگی خوێندنەوەی خۆم دەگرت، هەر لە ڕیتم و هەوای دەنگی خۆمەوە بۆم دەرکەوت کە حیکایەتخوانەکەی من، ئاشقە. ئاساییە کە بەشێک لە ڕووداوەکانی چیرۆکەکەم هەر لەو شتانەوە هەڵێنجرابوون کە لە ژیانی خۆمدا ڕوویان دەدا. بەڵام من بە پێزانینەوە، دەمویست گێڕەرەوەی ڕووداوەکان بم. دوای ئەم چیرۆکە، دانیشتم و شەش چیرۆکی ترم نووسین و دیسان کەڵکم لەو شتانە وەرگرت کە خەریک بوون بەسەر خۆمدا دەهاتن. ئاکامەکەی حەوت چیرۆکی پەیوەست بوون، شتێک لە نێوان ڕۆمان و چیرۆکی پەیوەستدا. بەشێک لە ڕەخنەگران گوتوویانە: ئەم بەرهەمانە، تۆمارکردنی باری گشتی ڕۆشنبیرانی سەردەمی خۆمانە، لە ئاست فەرهەنگی ڕۆئاوادا. چونکە ئافرەت لەو چیرۆکەدا، ژنێکی فرەنگییە و گێڕەرەوەش مرۆیەکی سەر بە دابونەریتی دەڤەرەکەی خۆمانە. لە ئاکامدا و دوای سەفەرکردنی ئافرەتەکە، ڕاوییەکەم ئەو شتانە دەنووسێتەوە کە بەسەر خۆی هاتوون .

## کەواتە ئێمە دەنووسین تا بزانین لە دنیای تایبەتییماندا چی دەگوزەرێ و کەرەسەی ئەم ناسینەش چیرۆکە

هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا و تەنانەت چەند ساڵێکیش دوای شۆڕش، زۆربەی هەرەزۆری ڕێکخراو و پارتە سیاسییەکان دەرکیان بەو ڕووداوانە نەدەکرد کە ڕۆژانە لە وڵاتەکەمدا ڕوویان دەدا. لە بیرمە، کاتێ کێشەی حیجاب هاتە ئاراوە، زۆربەی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە بیانووی گەورەکردنەوەی سەرەکیترین کێشەی ئەو کاتە، واتە خەباتی دژ بە ئەمپریالیزم دژ بە کێشە لاوەکییەکانی وەک سەربەخۆیی تاک دەوەستانەوە و لەو بڕوایەدا بوون کە تێکۆشان لە پێناو ئەم ئازادییانەدا، زیانی بۆ خەباتی سەرەکی هەیە. من لەو سەردەمەدا چیرۆکێکم بەناوی "فەتحنامەی مووغان" نووسی و بڵاو کردەوە. "بەرات" پاڵەوانی چیرۆکەکەم مەیخانەچییە و یەکێک لە خەباتکارەکانی سەردەمی "شا" بووە. چەند ساڵێک بەر لە شۆڕش، مەیخانەیەکی کردۆتەوە تا ببێتە شوێنێک بۆ گردبوونەوەی هاوڕێکانی. "بەرات" لە ڕماندنی پەیکەری "شا"دا ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە و لە ئەنجامی ئەم کارەدا، گوللەیەکی بەردەکەوێ و کە لە نەخۆشخانە دێتە دەرەوە، ئیتر حکوومەتی نوێ هاتۆتە سەرکار و لەو هەلومەرجە نوێیە شدا، هیچکەس بۆی نییە مەیخانەی هەبێ. "بەرات" عەیامێک پێ دادەگرێ و دواتر کۆڵ دەدا. سەرحاڵی ئەوەش جارجار قاپێک دەگەیەنێتە دەستی هاوەڵەکانی. دوای چەند مانگێک، هاوەڵە کۆنەکانی

"بەرات" سیاسییەکانی گەڕەک هەر خەریکی "بمرێ ئەمەریکا" و خۆپێشاندان و کۆبوونەوەن و ئیدی هیچ کەسێک ڕوو لە "بەرات" و مەیخانەکەی ناکا. بەڵام شەوێک هەر لە ناکاو، خەبەر دەگا کە حەشارگەی "بەرات" دەستی بەسەرداگیراوە و ئێستاش هەرچی هەبووە نەبووە، وا لە دەرەوەی شار فڕێ دراوە. ئەوانیش چرا هەڵدەگرن و ڕوو لە دەرەوەی شار دەکەن، بەڵکو شتێکیان دەست بکەوێ. لە ڕێگەدا دەبینن خەڵک تێکڕا خەریکن بەرەو ئەو شوێنە دەڕۆن. پاشان دەگەنە دەرەوەی شار و خاک و خۆڵەکە بە چنگ هەڵدەکۆڵن و بە دەست و پەنجەی خوێناوییەوە قاپەکان دەردێنن . لەو بەزم و هەنگامەیەشدا، پیاوانی ڕژێم دەگەنە سەریان و ئەو خەڵکە وەک بڵێیت مووغەکانی سەردەمی "ساسانییەکان" یان "ئەشکانییەکان" بن گەمارۆ دەدەن و یەک بە یەک پاڵیان دەخەنە سەر زەوی، تاکو شەلاق بدرێن.

هەڵبەت مەبەست لێرەدا، ڕێزلێنان لە مەستی و بێخەبەرییەکەی "خەییام" نییە، بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە گەلێک جار دەسەڵاتدارەکان لە بیانوویەکی بچووک و بگرە بەڕواڵەت چاکەوە دەست پێ دەکەن تا لە ئەنجامدا مرۆڤەکان لەو قاڵبە بدەن، کە خۆیان مەبەستیانە.

لە وڵاتەکەی مندا تا یەک دوو ساڵ دوای شۆڕشیش، کەمتر کەسێک لە مەیدانی ئەدەبیی سیاسیدا توانیبووی بڵێ: خەریکن دەمانخەنە قاڵبێکی ترەوە. بەڵام بە پێی کەرەستەکانی چیرۆک، دەکرا ببینرێ خەریکە چیمان بەسەر دێ و چی دەگوزەرێ.

## کەواتە ئێمە دەنووسین تا بزانین چی دەگوزەرێ

هەواڵنامەی کتێب

ئێمە ئەگەر بتوانین دەروونی کەسێک بە کەرەستەکانی چیرۆک ببینین، یان بتوانین فۆرمێک بدەین بەو شتەی کە لە دەروونماندا دەگوزەرێ، یان بتوانین فۆرمێک بۆ ئەم ژینە گوزەرایە ببینینەوە، یان مانایەکی بۆ بدۆزینەوە، ئایا چیرۆک دەتوانێ لە داهاتوو و دەرەنجامی گوفتار و ڕەفتار و کرداری هاوچەرخەکانمان لە ئایەندەی دوور یان نزیک، خەبەر بدا؟

دەڵێن: پاڵەوانە سەرەکییەکانی "دۆستۆیەفسکی" دوای تێپەڕینی سەدەیەک هاتوونەتە دی و بەرچاو کەوتوون. هەندێک جاریش دەڵێن: ئەو تیپ مرۆیانە لە سەروبەندی نووسینەکانی "دۆستۆیەفسکی"شدا هەبوون، بەڵام نەدەبینران. هەر بۆیەش پاش بڵاوبوونەوەی "برایانی کارامازۆف" و "تاوان و سزا" هەست بە هەبوونی ئەو کەسانە لە کۆمەڵگەی ڕووسییەدا کراوە. واقیعی نێو ڕۆمانەکانی "کافکا"ش لە گەڵ هەلومەرجی دوای نووسینەکانیدا زێتر دەگونجێن. هەر بۆیەش ئێمە دەتوانین لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانانەوە، چاکتر لە پەیوەندییەکانی نیوان تاک و حکوومەتی ئەڵمانیای سەروبەندی "هێتلەر" یان ڕووسییەی سەردەمی "ستالین"، یان هەر چەشنە دیکتاتۆرییەتێکی تری نزیک بە سەردەمی خۆمان دەگەین.

ئێستا، ئایا دەکرێ ئەو ڕووداوانەی بوون بە هۆی شۆڕشی ئیسلامی، یان ئەو شتانەی لەم سەردەمەدا و لەبەر چاوی ئێمەدا ڕوویانداوە، لەو چیرۆکانەدا ببینینەوە کە بەر لە شۆڕش

نووسراون؟

من ده ساڵ بەر لە ئێستا و لە وتارێكدا لەژێر ناوونیشانی «پێشگۆیی لە ئەدەبیاتی هاوچەرخی ئێراندا» ئەم كاركردەم بە چەند نموونەیەک لە چیرۆكەكانی بەر لە شۆڕشی ئیسلامی دەستنیشان كردوون. سەرلەنوێ باسكردنەوەیان لێرەدا بە هۆی نەبوونی ئاشنایی بیسەران و خوێنەران شتێكی ناپێویستە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەگەر چیرۆک و شیعرەكانی ئەو سەردەمە بە وردی خوێندرابانەوە، دەكرا گومانی ئەوە كرابا كە لە ئایەندەی دوور و نزیكدا چی دەقەومێ. هەر بۆ نموونە دەڵێم: ئاوێتەبوونی ڕۆشنبیران و خەڵكی ڕەشوڕووت و برێجاریش گوێڕایەڵی ڕۆشنبیران لە خەڵكی ڕەمەكی، لە چیرۆكەكانی ئێمە دا وێنا كرابوون. بۆ نموونە، ئێمە بەر لەوەی سەنگساركردنی ژنان لە واقیعدا ڕووبدا، بە تێر و تەسەلی لە چیرۆكەكانماندا لێی دوابووین.

## كەواتە ئێمە هەندێكجار دەنووسین تا بزانین لە داهاتووی دوور و نزیكدا چی دەقەومێ

بە بۆچوونی من، ستروكتۆرە گشتییەكانی فەرهەنگی زاڵ، گەلێک لەم شتانە گرنگترن كە لێرەدا باسم كردن. بێگانەكان، یان بۆ نموونە ئەمپریالیزم و حكوومەتی وڵاتێک، كاتێک دەتوانن سەركەوتن بەدەست بێنن كە سوود لەم ستروكتۆرانە وەر گرن. بۆ نموونە ئێمە هەر لە دێرزەمانەوە بڕوامان بە هەبوونی خێر و شەڕ هەبووە. ئێمە خەڵكێكی زەبرئاییزنین. گەلێک جاریش، دەسەڵاتدارەكانمان ، بە پاكانەی خاوەنی وەحی بوون، یان نێردراوی خوا بوون، حوكمیان لێكردووین. بۆ ئێمە، خاوەنی شكۆی خواوەندی و سێبەری خوابوون، زاراوەگەلی ئاشنان. لای ئێمە، پەیڤی نووسراو یان گوتراو، هێشتا پیرۆزەیی خۆی هەیە. كەواتە ئێمە خەڵكێكی پەیڤ میحوەرین. من سەردەمایەک ئەم نموونە و چەند پێكهاتەیەكی ترم بە ڕۆحە چەپەڵەكان ناودێر كردووە و هەر لەوێشدا لە ڕۆمانی "ئاوێنە دەركەدارەكان"دا گوتوومە: نووسەر برێجار بانگی ئەم ڕۆحە چەپەڵانە دەكا و دەیانخاتە بەردەمی خەڵكەكەی و: ئەمە جنۆكە و ئەمەش ئەهریمەنەكەتان، جا ئیتر خۆتان دەزانن.

بە بڕوای من، یەكێک لە ڕێگەكانی جەستەبەخشین بە ڕۆحی لەم چەشنە ، سەرلەنوێ داهێنانەوەی بەرهەمە كۆنەكان و كاركردنە لەسەر بیروبڕوا و فۆلكلۆر و چیرۆكەكانی خەڵكی ڕەشوڕووت.

من سەرەتا بە نائاگەیی و دواتر بە ئاگەداربوون لە كەرەسە و شێوەی كاركردن، زنجیرە چیرۆكێكم بە ناوی: مەعسوومی یەكەم، مەعسوومی دووهەم و هتد... نووسیون. لەم زنجیرەیەدا تەنیا چوار كورتە چیرۆک و چیرۆكێكی درێژم بڵاو بوونەتەوە. لێ چونكی تەنانەت لە حكوومەتی پێشووشدا، بەرەوڕووی سانسۆر و تێنەگەیشتنی خوێنەر و ڕەخنەگران بوومەتەوە ، ئیتر كۆڵم دا و ئەو ناوانەم لە چیرۆكەكانم نەنا . سانسۆرچییەكان پێیان وابوو ئەم ناوانە، تەشقەڵەكردنە بە ئیمام

و مرۆڤە پیرۆزەکان. من، هەڵبەت دەبێ بڵێم: سوودم لە کەرەسەکانی چیرۆکی ئایینیی و تەنانەت تەکنیکی ئەو چیرۆکانە وەرگرتبوو و قەت بەتەمای سووکایەتیکردن بە بیروبڕوای خەڵکی وڵاتەکەی خۆم نەبووم.

لە "مەعسوومی یەکەم"دا، داوەڵێک پاش چەند ڕووداوێک، بەسەر دڵ و زەینی خەڵکی گوند دا زاڵ دەبێ. لە "مەعسوومی دووهەم"دا خەڵکی گوندێکی چەپەک، لەپێناو ئەوەدا کە دەیانەوێ گوندەکەی ئەوانیش بێتە خاوەنی ناوەندێک و ئاوەدان بێتەوە، سەیدێک میوانی دەکەن و لە ڕێوڕەسمی تازییەداریدا سەری دەبڕن و دەینێژن. "مەعسوومی پێنجەم"یش تێکەڵەیەکە لە ڕەوایەتی جۆراوجۆر لەمەر "مەوعوود" و سەرئەنجام "دەجال"ێک کە دێت و خۆی بەو کەسە دەناسێنێ کە قەرارە لە ڕۆژی "مەوعوود"دا دەرکەوێ...

## کەواتە ئێمە دەنووسین تا بانگی ڕۆحە چەپەڵەکانی خەڵک بکەین

بێجگە لەم شتانەی باسیان لێوە کرا، چیرۆک لە هێندێک قۆناخی تایبەتیدا، بۆ نموونە لە قۆناخێکی دیکتاتۆریدا کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سانسۆرکردنی وشەیە، هێندێک جار ، بەگوێ دادانی مێژووییشە، تەنانەت گوزارشتی ڕووداوەکانی ڕۆژانەیە، ڕاگەیاندنە، شتێکە لە چەشنی هەواڵێک لە ڕۆژنامەدا.

هەواڵنامەی کتێب

کەواتە هێندێک جار چیرۆکەکانمان هەواڵی ڕۆژنامەن، بڕێجار بەگوێ دادانێکی مێژوویيە و بە دەگمەن دیرۆکی عاتیفەی وڵاتەکەمانن .

لە دوایین سەفەرمدا بۆ ئەمەریکا، کاتێک لە فڕۆکەخانەی "فرانکفۆرت"دا چوومە بەشی فڕین بەرەو ئەمەریکا، ئەفسەرێک جانتاکەمی خستە سەر سەکۆیەک و شتەکانمی یەک بە یەک دەرهێنا و ورد ورد هەمووی پشکنی. هەڵبەت هیچی نەدۆزییەوە. سەر لەنوێ گەڕا. دیسان هیچی نەدۆزییەوە. من ڕاوەستابووم و چاوەڕێ بووم. جاری سێهەم جانتاکەمی خستە سەرپشت و بەتاڵی کرد. تێکرای کون و کەلەبەری جانتاکەمی پشکنی، شتەکانمی یەک بە یەک دەرهێنا و تەماشای ناوە و دەرەوەیانی کرد و فڕێیدانەوە نێو جانتاکەم. دیسان هیچی نەدۆزییەوە. بەڵام کۆڵی نەدا. تەماشایەکی کردم و سەرلەنوێ دەستی بە پشکنین کردەوە. نازانم چەند جار ئەم کارەی کرد. من کە خەریک بوو تاقەتم دەچوو، بیرم کردەوە: یانی "هەمینگوای" و "فۆکنەر"یش ئەمەریکی بوون؟ بیرم کردەوە ئەگەر ئەم پۆلیسە ئەم شتانەی نەخوێندبێتەوە، خۆ هەر هیچ نەبێ "هاسۆرن"ی لە قۆناخی ئامادەییدا خوێندۆتەوە. کاتێک سەرلەنوێ جەرگ و هەناوی جانتاکەمی دەرهێنا، تێگەیشتم کە گرفتەکە لەوەدایە کە ئەو، منی ئێرانی بەو شتە دەناسێتەوە کە لە تەلەفزیۆندا بینیویەتی، ئەوانەی ئاڵای وڵاتەکەی دەسووتێنن و مستیان هەڵدێنن و دەقیژێنن: بمرێ ئەمەریکا!

کەواتە گرفت لەوەدا بوو کە بەرهەمەکانی "هیدایەت" یان »سادقی« یانیش»ساعێدی« نەخوێندبووەوە. لە ئەنجامدا هیلاک بوو. ئارەقەی دەردابوو، گوتی: »Sorry!« و ئیزنی دام بڕۆم تا

دوای چەند سەعاتێک پێ بخەمە سەر خاکێک کە وڵاتی "دۆس پاسۆس" بوو، کە وڵاتی "گێرترۆد شتاین" و "میلەر" و "سۆزان سانتاگ" بوو.

کەواتە ئێمە دەنووسین تا وێڕای هەواڵ و وێنە و تەلەفزیۆن و فیلمە بانگەشەییەکان، خوێنەر بتوانێ خەڵک و گەلانی جیاواز لە چاوگەی نووسەرانی ئەو گەل و خەڵکەوە ببینێ و بناسێ.

هێندێک جار، لێبووردەیی نێوان یەکە بە یەکەی خەڵکی سەر بە فەرهەنگە جیاوازەکان، لە ڕێی ئەم وشانەوە دێتە دی کە بوونەتە چیرۆک.

دوور نییە هەر لەبەر ئەمەش بێت کە لە وڵاتەکەی مندا، بە شێوەیەکی توند و بە گرژییەوە دوژمنایەتی چیرۆک دەکەن. جەنگ و پێکدادانیش لە جیهاندا هەر بەردەوامە و ڕێیەکی دوور و درێژمان لەبەرە تا ئاشتی و تەبایی جێگیر ببێت. هەر هەر بۆیەش دەبێ هێشتا بنووسین، دەبێ هێشتا وەربگێڕین.

سەربازەکان لە مەشقی تەقەکردندا، تەقە لە مرۆڤی داریین دەکەن. بەردەوامبوون لەم کارەدا، دەبێتە هۆی ئەوەی کەسی بەرامبەر تەنیا وەکو مرۆڤێکی داریین بێتە بەرچاو. لەمەش کومباختر، ئێمەی مرۆڤین کە بە کارتێکەری پڕوپاگەندەی تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان ڕادەپەڕین و بە هوتافەکانمان کارێک دەکەین کە سەربازەکانمان کەسی بەرامبەر خۆیان نەک بە وێنەی مرۆڤێکی خاوەن ئەشق و ئومێد و ئارەزوو و ڕابردوویەکی تایبەت بەخۆی ببینێ، بەڵکو بە وێنەی ئاژەڵ و کافر و مرۆڤخۆری بێتە بەرچاو، تا بەوپەڕی ئارخەیانییەوە تەقەی لێ بکا.

ئەگەر سەربازەکان بە مەشقکردن فێری تەقەکردن دەبن تا کەسی بەرامبەریان بە وێنەی تەختەدار ببینن، یان فڕۆکەوان ماڵی خەڵک بە وێنەی خاڵێک لەسەر شاشە دەبینن، چیرۆک فێرمان دەکا کەسی بەرامبەرمان وەکو مرۆڤێکی تایبەتی ببینین کە تەنیا و تەنیا جارێک دەژی و هێندێک جاریش ئەو کەسە ، وەکو مرۆڤەکەی "سێنت ئێگزۆپێری": دەتوانێ بە بینینی چرایەک، ژیانێک ببینێت. دەتوانێت خێزانێک ببینێت کە لەسەر سفرەی فراوین دانیشتوون و دایکێک خەریکە منداڵەکەی شیر دەدا.

کەواتە ئێمە، هەر هەموومان دەنووسین و دەخوێنینەوە تا مرۆڤە جۆراوجۆرەکان بتوانن پێکەوە و بە تەبایی لەسەر ئەم گۆیە بچووکەی زەوی، کە هێشتا جوانە، ژین بەرینە سەر.

* دەقی وتارەکەی هوشەنگ گوڵشیری لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتی "ئێریش ماریا ڕێمارک" لە ساڵی ١٩٩٧

# ئۆرهان پامۆک؛ بۆ کێ دەنووسیت؟
# پرسیار ئەمەیە

ئۆرهان پامۆک

لە سی ساڵی ڕابردوودا، واتە لەو کاتەوە کە بوومەتە نووسەر، ئەمە یەکێک لەو پرسیارانە بووە کە زۆرجار لەلایەن خوێنەر و ڕۆژنامەنووسەکانەوە بەرەورووم بووەتەوە. هۆی ئەم پرسیارەشیان پێوەندیی بە کات و شوێن و ئەو شتانەوە هەیە کە خولیای زانینیان هەیە. بەڵام گشتیان نزمێکی بەدگومانانە و خۆخوازانەیان لە دەربڕینی ئەم پرسیارەدا هەیە.



لە ناوەڕاستەکانی دەیەی حەفتادا کە بڕیارم دا ببم بە ڕۆماننووس، ئەم پرسیارە بۆچوونی توێژە بێ فەرهەنگەکانی کۆمەڵگەی دیار دەخست کە پێیان وابوو هونەر و ئەدەبیات بۆ ئەو وڵاتە هەژارانەی لە قۆناغی پەڕینەوە بەرەو مۆدێرنیزمدان، مینا و کەلوپەلی ڕازاندنەوەن. ئەم بۆچوونەش لە ئارادا بوو کەوا «کەسێکی تێگەیشتوو و خوێندەوارێکی وەکو جەنابتان» مینا پزیشکێکە کە دژ بە میکرۆبەکان دەخەبتێ، یان ئەندازیارێکە کە خانووبەرەیەک هەڵدەچنێ و دەتوانێ بۆ زێد و وڵاتەکەی خۆی سوودمەندتر بێت. کاتێک "ژان پۆل سارتر" فەیلەسووفی فرەنساییش لە سەرەتای حەفتاکاندا دەیگوت: "ئەگەر من ڕۆشنبیرێکی بیافرایی بوایەم، خۆم بە ڕۆمان نووسینەوە خەریک نەدەکرد" دیارە هەر ئەم بڕوایەی هەبوو.

........................................................................

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: بەرۆژ ئاکرەیی

له ساڵەکانی دواتردا کەسانێک دەیانپرسی: "بۆ چ کەسێک دەنووسیت؟" دیارە ئەو کەسانە حەزیان دەکرد بزانن داخۆ حەز دەکەم کام بەش لە کۆمەڵگە نووسراوەکانم بخوێننەوە. من دەمزانی ئەم پرسیارە ڕێک وەکو تەپکەیەکە، چونکە ئەگەر بەرسڤم نەدابایەوە "من بۆ هەژار و چەوساوەکانی کۆمەڵگە دەنووسم" بەوە تاوانبار دەکرام کە بە تەمام سەرنج و پاڵپشتی بۆرژوا و دەسەڵاتدارانی تورکییە بۆ خۆم ڕابکێشم. ئەمەشتان لە بەرچاو بێت کە هەر نووسەرێکی خێرەومەند و بێ ڕیا بڵێ کە بۆ کرێکار و جووتیاران دەنووسێ، خێرا بەبیری دێننەوە کە شتێکی گەلێک دوور لە ڕاستییە کەوا خەڵکی ڕەمەکی و نەخوێندەوار کتێبەکانی بخوێننەوە.

له حەفتاکاندا کاتێ دایکم لێی دەپرسیم: "بۆ کێ دەنووسی؟" نزمیی خەمناک و دڵسۆزانەی تێی دەگەیاندم کە ئەو بەڕاستی لێم دەپرسێ کەوا: "بۆ پشتگیری لە خۆت، چۆناوچۆن بەرنامەڕێژی دەکەیت؟" کە دۆستەکانم لێیان دەپرسیم: "بۆ چ کەسێک دەنووسی؟» بە گاڵتەوە دەیانگوت: هیچ کەسێک حەز ناکا کتێبی کەسێکی وەک من بخوێنێتەوە.

ئێستاش دوای سی ساڵ، زیاتر لە گشت کاتێکی تر ئەم پرسیارەم بەرگوێ دەکەوێ و بە لە بەرچاوگرتنی ئەوەی کە ڕۆمانەکانم وەرگێڕدراونەتە سەر زیاتر لە چل زمان، ئەم پرسیارە تۆختر خۆی دەنوێنێ. بەتایبەت کە لە دە ساڵی ڕابردوودا، پرسیارکەرە بێ ئەژمارەکانم نیگەرانی ئەوەن کە لەوانەیە بە هەڵە لە پرسیارەکەیان حاڵی بم و هەر بۆیەش حەز دەکەن بڵێن: "تۆ بە تورکی دەنووسیت، کەواتە تەنیا بۆ تورکەکان دەنووسیت، یان خوێنەرانی تریشت لە زەیندا هەن، خوێنەرانێک کە لە ڕێگەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانتەوە لەگەڵیان دەکەویتە پێوەندییەوە؟"

ئەم پرسیارە چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی تورکیادا، ئامێتەی بزەیەکی گوماناوی و خۆخوازانە بووەتەوە کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەو ئاکامە بگەم و بۆ پاراستنی پێنووس و بەرهەمەکەم بڵێم: من تەنیا بۆ تورکەکان دەنووسم.

دەبێ بۆ حاڵیبوون لەم پرسیارە، قۆناغی پەرەسەندنی رۆمان بە وێنەی فۆرمێکی هونەری بهێنمەوە یاد کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی میللی. کاتێک ڕۆمانە گەورەکانی چەرخی نۆزدە دەنووسران، بە چاوی هونەرێکی میللی سەیری ڕۆمان دەکرا. "بالزاک"، "دیکەنز"، "دەستۆیۆفسکی" و "تۆڵستۆی" بۆ نیازەکانی چینی مامناوەنجیی وڵاتەکانی خۆیان دەنووسی، یانی بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانتوانی کتێبەکانیان بخوێننەوە و شار و شەقام و ماڵ و تەنانەت کورسییەکانی ناو ڕۆمانەکانیان بناسنەوە. ئەم نووسەرانە دەیانتوانی هەست و خولیای جیهانەکەی خۆیان شیی بکەنەوە و هەمان بڕوا و بۆچوونەکانیش وێنا بکەن. لە چەرخی نۆزدەدا، ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرانە لە پاشکۆی ڕۆژنامەکانی وڵاتەکانیاندا بڵاو دەکرانەوە، چونکە نووسەرەکانیان لەمەڕ گەلەکەی خۆیانەوە دەدوان.

دەکرێ لە پشت دەنگی حیکایەتبێژی ئەم ڕۆمانانەوە، هەست بە ئازارێک بکەین کە بینەر لە باری تەندروستیی وڵاتەکەی خۆیدا دەیبینێ و لێی دەدوێ. لە کۆتاییی سەدەی نۆزدەدا، خوێندنەوە و

نووسینی ڕۆمان ڕێک وەکو بەشداری کردن لە مێزگردێکی نیشتمانی بوو کە لە دەرەویی ئەو بازنەیەدا قەدەغە بوو. کەچی نووسین لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا  مانایەکی جیاوازی هەیە، خوێندنەوەی ڕۆمانە ئەدەبییەکانیش هەر بەم چەشنەن. گۆڕانی یەکەم لە نیوەی یەکەمی چەرخی بیستەمدا هاتە دی. هەر ئەو کاتەی کە دەستەویەخەبوونی ڕۆمانی ئەدەبی لەگەڵ مۆدێرنیزمدا ئەوی خستە سەر سەکۆی هونەرێکی بەرزەوە. هەمدیس هەروەکو چۆن لە سی ساڵی ڕابردوودا گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە پێوەندییەکاندا هاتووەتە دی. ئیتر نووسەرە ئەدەبییەکان لە چەرخی ڕاگەیاندنە گشتییەکاندا کەسانێک نین کە تەنیا لەمەڕ چین و توێژە مامناوەنجییەکانی کۆمەڵگەوە دەنووسن. ئەوان کەسانێکن کە دەتوانن گرینگی بە "خوێنەرانی ئەدەبیات" لە سەرانسەری جیهاندا بدەن و دەستبەجێ ئەو کارە دەکەن. خوێنەرانی ئەدەبیات لەم ڕۆژگارەدا چاوەڕێی کتێبەکانی "گارسیا مارکیز"، "جی ئێم کۆییتزی" یان "پۆل ئاستێر" دەکەن. هەروەکو چۆن باپیرەکانیان چاوەڕێی کتێبێکی نوێی "دیکەنز" بوون. کەواتە ئەو خوێنەرانەی کە ڕۆماننووسێکی ئەدەبی دەیاندۆزێتەوە، گەلێک زۆرترن لەو خوێنەرانەی  هەمان ڕۆماننووس لە وڵات و زێدی خۆیدا هەیەتی.

نووسەران بۆ خوێنەرە خەیاڵییەکانیان دەنووسن، بۆ کەسانێک کە خۆشیان دەوێن، بۆ خۆیان یان بۆ هیچ کەس. ئەمانە هەمووی ڕاستن بەڵام ئەمەش ڕاستە کە نووسەری ئەم ڕۆژگارە بۆ خوێنەری خۆی دەنووسێ. دەکرێ تێکڕای ئەم بۆچوونانەش بەو ئاکامەمان بگەیەنن کە نووسەرانی ئەمڕۆ هێدی هێدی بە لایەکدا دەڕۆن کە کەمتر بۆ زۆربەی هاووڵاتییەکانیان بنووسن "هەر ئەو کەسانەی کەمتر بەرهەمەکانیان دەخوێننەوە)" و زێتر بۆ بەشێکی بچووک لە جیهاندا پێنووس دەخەنە گەڕ. کەواتە پرسیارە پڕ لە ئازارەکان و ئەو گومانانەی لەمەڕ  ڕاست و دروستیی ئەم نووسەرانەوە خۆ دەنوێنن، دەرخەری ئەو دڵەکوتەیەن کە لە سی ساڵی ڕابردوودا و  لەمەڕ داخوازییە نوێیەکانی فەرهەنگیدا هاتوونەتە دی. بە بۆچوونی ئەوان، نووسەرێک کە بۆ هاووڵاتییەکانی خۆی نانووسێ، وڵاتەکەی خۆی بەرەو ئاوابوونێکی دەرەکی دەبا و گرفتگەلێک دێنێتە ئاراوە کە هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکیان لە ڕاستیدا نییە.

گومانێکی تر کە لە ڕۆئاوادا هەیە ئەوەیە کە زۆربەی خوێنەران لەو بڕوایەدان کە ئەدەبیاتی ناوچەیی دەبێ  ناوچەیی و ناب و دەست لێنەدراو بێت. نیگەرانییە شاردراوەکەی ئەوان ئەوەیە کە نووسەرێک کە بۆ خوێنەرێکی جیهانی دەنووسێ و ئیلهام لە داوونەریتەکانی دەرەویی فەرهەنگی خۆی وەردەگرێ، ئەساڵەتی خۆی لە دەست دەدا.

لە پشت ئەم نیگەرانییەشدا، خوێنەرێک خۆی مەڵاس داوە کە سەرەڕای ئەوەی شەڕی لەگەڵ خۆی هەیە، گەرەکیەتی پێوەندییەکانی لەگەڵ جیهانی دەرەوە بپسێنێ و بچێتە نێو وڵاتێکی ترەوە تاکو گوێ لە دەنگی دەروونی خۆی بگرێ، هەروەکو چۆن لەوانەیە کەسێک لە پشت دەرگەوە گوێ بۆ شەڕ و پێکدادانی خێزانێک ڕادێرێ. ئەگەر هزری نووسەرێک لەلای خوێنەرانی گشت فەرهەنگ و زمانەکانی تر بێت، هزرەکەی دەستبەجێ  دەمرێ.

هەواڵنامەی کتێب

گشت نووسەران خولیای ئەوەیان هەیە کە متمانەیان پێ بکرێ، رێک وەکو من کە پاش ئەو هەموو ساڵە، هێشتا حەز دەکەم لێم بپرسن بۆ کێ دەنووسم؟

شتێک بە مانای خوێنەری خەیاڵی کە دوور بێت لە گشت تەسکبیرییەکان و شتە قەدەغەکراوەکانی کۆمەڵگە و داوونەریتە خۆماڵییەکان لە ئارادا نییە، هەروەکو رۆماننووسی خەیاڵی، هیچ بوونێکی نییە. بەڵام عەوداڵبوونی رۆماننووس بە دوای خوێنەرێکی خەیاڵیدا "کە دەکرێ یەکێک لە هاوولاتییەکانی بێت یا نەبێت" بە مەزەندەی رۆماننووس، لە هەبوونی خوێنەری لەم چەشنەوە دەست پێ دەکا و دواتریش بە نووسینی کتێبەکانی لەگەڵ ئەو و لە زەینی ئەودا پەرەی پێ دەدرێ.

## بێجگە لە من، هیچ کەس نەیدەوێرا بدوێ

چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ئۆرهان پامۆک

"یەک ملیۆن ئەرمەنی و سی هەزار کورد لە تورکیادا کوژراون و هیچ کەسیش بێجگە لە من نەیدەوێرا بدوێ". ئەمە سەردێری رۆژنامەی "تاگس ئانزیگەر"ی سویسییە کە لە مانگی فێبریوەری ٢٠٠٥دا بڵاو کرایەوە و کۆمەڵێک هەرەشەی بۆ پامۆک هێنایە کایەوە. رژێمی تورکیە بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی ئەم رۆماننووسەی قەدەغە کرد و دادگەی تورکیاش بە تاوانی بوختانکردن بە ناسنامەی تورکەکان، دادگەیەکی کافکاییی دروست کرد و شەش مانگ تا سێ ساڵ زیندانیی بۆ ئەو نووسەرە بڕییەوە. هەرچەند رژێمی تورکیا لەژێر پاڵەپەستۆی دەزگا نێودەوڵەتییەکاندا نەیتوانی بە ئامانجەکانی خۆی بگا و لەدادگەدانی پامۆکی لە ٢٣ی ژێنوەری ٢٠٠٦دا پووچەڵ کردەوە. بەڵام وێ دەچێ خەڵاتی نۆبێل، پامۆک بکاتە نووسەرێک کە ئیدی بە ئاسانی نەخرێتە تەڵەوە.

* جەنابتان لە ساڵی ١٩٨٥ و لە سەفەرێکدا کە ئەنجوومەنی پێنووسی ئەمەریکا رێکی خستبوو، هاوسەفەری "ئارتۆر میلەر" و "هارۆلد پینتەر" بوون. ئەوان سەردانی تورکیایان کردبوو تاکو لەمەڕ مافی مرۆڤ لەو ولاتەدا بکۆڵنەوە. ئەو سەفەرە چ دەستکەوتێکی هەبوو؟

– کودەتای سەربازیی ساڵی ١٩٨٠ لە تورکیا بووبووە هۆی ئەوەی ئازادیی رادەربڕین لەم ولاتەدا بنبڕ بکرێ. لە هەلومەرجێکی ئاوادا ئاخاوتن لە مافی مرۆڤ گاڵتە بوو. زیندانەکانی تورکیا، پڕ بووبوون و سەرەڕای ئەمەش خاووخێزانی نووسەران و زیندانییەکان قسەی خۆیان هەر دەکرد.

* ئێوە (نووسەران و خێزانی زیندانییەکان) هەستتان بە پێکەوەبوون دەکرد یان

تاوان؟ یان هەردووکیان؟ وابزانم ئەمە هەر ئەو دووفاقییەیە کە لە بەرهەمەکانی تۆدا خۆی دەنوێنی.

– لەلایەکەوە، کاتێک دەمبینی چۆن خەڵکی دنیا و بەتایبەت ئەمەریکایی و ئەوروپاییەکان لەمەڕ نەبوونی دیموکراسی و ئازادیی ڕادەربڕین لە تورکیادا دەدوێن، لە دەروونی خۆمدا هەستم بە شەرم دەکرد و لەلایەکی ترەوە دووفاقییەکی نێودەوڵەتیم لە نێوان نووسەرەکاندا دەبینی. سەرەڕای ئەمەش من کەڵکم لە ئاین (بەڵام بە سوودی ئازادی ڕادەربڕین) وەرگرت.

* سەرەڕای ئەمەش تۆ نووسەرێکی سیاسی نیت. تۆ زۆرتر حەز دەکەیت دنیا ڕەنگاوڕەنگەکەی خۆت وەدی بێنێت. تەنانەت چەند ڕۆمانێکت لەسەر بنەمای ڕەنگەکان ناودار کراون: "ناوی من سوورە"، "کتێبی ڕەش" و "قەڵای سپی".

– ڕاستە. من سەرەتا لەژێر کارتێکردنی "ناباکۆف"دا بووم. جوانی لە نووسینەکانی مندا گەلێک گرینگ بوو و منیش تەنیا لە پێناو جوانیدا دەمنووسی. سەردەمێک کە تێکڕای نووسەرانی تورک کەڵکیان لە شێوازەکانی "شتاین باک" و "گۆرکی" وەردەگرت و لاسایی نووسینەکانی ئەوانیان دەکردەوە کە ئەو شێوە و شێوازەش توانایی نووسینی نووسەرە تورکەکانی دەفەوتاند و ڕوون و ئاشکرا بوو کە ئەو چەشنە نووسینە سەردەمی بەسەرچووە، من خەریکی خوێندنەوەی بەرهەمەکانی "ناباکۆف" بووم و ناباکۆفانە بیرم دەکردەوە و بۆم دەرکەوت کە ئەگەر سیاسیانە بنووسم، تووشی هەڵە دەبم و ڕێژیمە سیاسییەکەی تورکیاش دەستبەجێ دەمفەوتێنێ. هەر بۆیەش تەنیا خۆم بە جوانییەوە خەریک دەکرد.

* ئەی بۆچی لە ساڵی ٢٠٠٤دا هەر لە ناکاو ڕۆمانی "بەفر"ت نووسی؟ ڕۆمانێک کە لەمەڕ ئیسلام و نەتەوەخوازییەوە دەدوێ. لەو ڕۆمانەدا کچێکی گەنج لە یەکێک لە شارۆکەکانی باکوری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا و لەبەرئەوەی حیجابەکەی خۆی وەلادەنێ دەکەوێتە بەر شاڵاوی ئاین و دواتریش خۆی دەکوژێ.

– من بڕیارم دابوو ڕۆمانێکی سیاسی بنووسم، چونکە هەر لە ناکاو هەستم بەو نیازە کرد کە وڵاتەکەم بە شێوەیەکی تر وێنا بکەم. لە ڕاستیدا ڕۆمانەکانی من لەگەڵ ڕۆمانەکانی تری نووسەرانی تورکیادا و لە ڕووی سترۆکتۆرەوە جیاوازن. هەر بۆیەش هەر کاتێک بە شەقامەکانی ئەستەمبۆڵدا دەڕۆم، هەردەم بەرەوڕووی کەسانێک دەبمەوە کە پێم دەڵێن: «ئۆرهان! من کتێبەکانتم گەلێک خۆش دەوێن، بەڵام تۆ ئیدی وەکو جاران نانووسیت!» چێژی نووسین بۆ من تەنیا لە جیاوازنووسیندایە.

* ئێستا سەبارەت بە تورکیا هەست بە بەرپرسییەکی تایبەتی دەکەیت؟

– من له ژیانی خۆمدا به هیچ شێوەیەک بەدوای وەرگرتنی بەرپرسایەتییەکی سیاسیدا نەبووم. بەڵام هێندێک جار سنووربەندی و هۆگەلی تر هەن کە دەبنە هۆی ئەوەی لە ناکاو هەست بکەم لەژێر باری بەرپرسایەتییەکی سیاسیدام. ئەمەش ڕێک وەک ئەوەیە کە تۆ خەریکیت بە شەقامێکدا دەڕۆیت و هەر لە ناکاو شتێک لە سەرەوەی باڵەخانەیەکەوە بکەوێتە بەرپێت. هۆی ئەوەی هێندێک جار دەکەومە ژێر باری بەرپرسایەتییەکی سیاسییەوە ئەوەیە کە تورکیا وڵاتێکی سەرکوت کراوە و منیش بە کەسایەتییەکی نێودەوڵەتی گۆڕدراوم و ناچارم خۆم لە ئاست ئەم چارەنووسە نوێیەدا بدەم بەدەستەوە. ئەمەیانم هیچ بە دڵ نییە، چونکە من بەردەوام حەز دەکەم هونەرمەندێکی ئازاد بم. شێوازی نووسینەکەم ناچارم دەکا کە هەموو کات منداڵێکی سەربەست بم و ئەم "هەست بە بەرپرسایەتیکردنە"ش نووسینەکانم سنووردار دەکەن. کەسایەتییەکی جیهانیبوون، بۆ نووسەرێک هیچ باش نییە. ئەگەر ئەم کەسایەتییە سیاسیش بێت ئیدی هەر بەجارێ ناتوانێ بنووسێ یان بدوێ. ئەمەش چارەنووسێکی گەلێک ناخۆش و مەینەتبارە!

* بەڵام کەسایەتییەکی جیهانیبوون بۆ تۆ لایەنی چاکیشی هەیە. بۆ نموونە دەتوانی ئازادیی ڕادەربڕین بە چەشنێک بەکار بێنیت کە شایستەی خۆی بێت. دوای ئەو هەموو چەرمەسەرییەی تورکیا بەسەرتی هێناوە، پێت وانییە کە دەبێ بۆ ئازادیی ڕادەربڕین خەبات بکەیت؟

– نووسین بۆ من پڕ بە پێستمە و تێرم دەکا. من خۆم لە پەڕاوێزەکانی نووسین دەبوێرم و هیچیش بەلامەوە سەرنج ڕاکێش نییە. ئەگەر بێجگە لە نووسین شتێکی تر ڕوو بدا، هەست دەکەم بەتۆپزی بەرەو دەڤەرێک دوور خراومەتەوە و وەک ئەوەیە بەناخوازییەوە کەوتبێتمە نێو چاڵێکەوە.

* حەز دەکەیت ڕۆژگارێک تورکیا بێتە نێو ڕیزی یەکەتیی ئەوروپاوە؟

– بەڵێ. من لە قووڵاییی دڵەوە حەز دەکەم تورکیا بێتە نێو یەکەتیی ئەوروپاوە. من لەمبارەوە چەندین وتارم نووسیون و هەست دەکەم تورکیا و ئەوروپا دەتوانن بە چاکی پێکەوە هەڵبکەن، چونکە زۆر شتیان لە نێوانیاندایە کە پێکەوەیان دەبەستێتەوە.

* نووسەرە خۆشەویستەکانی تۆ کێن؟

– "تۆڵستۆی"، "ناباکۆف" و "تۆماس مان". ئەم سێ کەسە، نووسەرە گەورەکانی منن. دوای ئەمانەش "مارسێل پرۆست". لەم سەردەمەدا کە نووسەرە تورکەکان زەینیان بە شیکردنەوە ڕیالیستییی و کۆمەڵایەتییەکانەوە خەریک کردووە، بەرهەمەکانی "پرۆست" بۆ من گەلێک سەرنج ڕاکێشن. چونکە ڕستە درێژەکانی ئەو، کە هەندێک جار ڕەوان و برێ جاریش پڕ لە گرێ و گۆڵن، دەبنە هۆی ئەوەی بەرهەمەکانی بەرەو چەندمانایی بڕۆن و چێژیان زۆرتر بکا.

* بەر لە ڕۆمانی "بەفر" ئاخۆ هیچ ڕۆمانێکی تری سیاسیت نووسیبوو؟

– بەڵێ. بیست و پێنج ساڵ بەر لە ئێستا ڕۆمانێکم نووسیبوو کە هێشتا چاپ نەکراوە. ڕۆمانێکی سیاسی و بە شێوازی "دەستۆیەفسکی. ئەو ڕۆمانە لەژێر کارتێکردنی بۆچوونەکانی چەپی ڕادیکالدا نووسرابوو و کە کودەتاش لە تورکیادا کرا، بڵاوبوونەوەی ڕۆمانەکەم قەدەغە کرا. هەر لەو کاتەشدا بوو کە بۆم دەرکەوت زۆربەی هەرە زۆری برادەرە مارکسیستەکانی من بە شێوەیەکی تۆخ لەژێر کارتێکردنی ئیسلامەتیدان.

* تۆ لە وتارێکدا کە لە دیسەمبەری ٢٠٠٥دا بڵاوت کردووەتەوە (بەر لە کێشەی دادگەیەکەت) نووسیوتە کە ڕەگ و ڕیشەی بێگانە لە نەتەوەخوازیی تورکیادا هەن.

– بەڵێ. ئەم وتەیەی "بەس تورکەکان و هیچی تر" کە هێندێک جار دەکەوێتە بەرگوێ، نیشاندەری کۆمەڵگەیەکی بەر لە مۆدێرنە. ئێمە بۆ گەیشتن بە دیموکراسی دەبێ ڕەگ و ڕیشە ناتورکیاییەکانی ناسنامەی تورک بناسین.

* ئیسلامیش یەکێک لەو ڕەگ و ڕیشانەیە؟

– هەڵبەت نابێ تورکیا بە ئیسلامی سیاسی ژەهراوی بکرێ. ئیسلام گەلێ لک و ڕەنگی جیاوازی هەیە کە بنەڕەتخوازی ئیسلامی هەر تێیدا ونە. بۆ نموونە لە ئیسلامدا چەندین گرووپی جیاوازی تەسەووف هەن. بەڵام دەبێ بزانین و لەوە ورد بینەوە کە لە تورکیادا کەسانێک هەن کە مرۆی ئاینی نین بەڵام دژی دیموکراسی و ڕۆئاوان. هەڵبەت ئەم جیاوازییانە بۆ ڕۆماننووسێکی وەکو من گەلێک بە نرخ و گرانبەهان.


* تۆ لە ڕۆمانەکانتدا، کەسایەتیی وا دەئافرێنیت کە هەردەم دەستەویەخەی گومانن، هێندێک جاریش وڵاتی تورکیا ( بۆ نموونە لە ڕۆمانی "بەفر"دا) بە شێوەیەکی سەیر و پڕ لە پێچوپەنا وێنا دەکەیت. بەڵام وا دێتە بەرچاو کە خوێنەرەکان لە ڕۆئاوادا، بەرهەمەکانت گەلێک سادە ببینن و تەنیا دەیانەوێ بگەنە ئەنجامە سیاسییەکانی خۆیان.

– ئەو کەسانەی دەمناسن و دەزانن کە من لایەنگری پێوەستبوونی تورکیا لەگەڵ یەکەتیی ئەورووپادام، کاتێک ڕۆمانەکانم دەخوێننەوە سەرکۆنەم دەکەن کە بۆچی ڕۆمانەکانم دژی بۆچوونە سیاسییەکانی خۆمن. بەڵام من هێندەم بەلاوە گرینگ نییە کە ڕۆمانەکانم دەرخەری بۆچوونە سیاسییەکانمن یان بە پێچەوانەوەن. تاقە شتێک کە لەم نێوانەدا بۆ من گرینگە ئەوەیە کە (ڕێک وەکو تۆماس مان دەڵێ) ڕۆمان دەبێ توانای بەرگریکردنی لە "ڕەنگەکانی" خۆی هەبێ.

# باڵێی فندقشكێن*

فندقشكێن یەكێكە لە شاكارەكانی چایكۆفسكیی (١) دانەری مۆسیقا، كە ساڵی ١٨٩١ دەستی بە دانانی كردووە و ساڵی ١٨٩٣ كۆتایی پێ هاوردووە و باڵێیەكە برێتییە لە دوو بەش، لە چیرۆكی ئەلكساندر دۆماسی گەورە " باوك " وەرگیراوە، كە ئەویش لە چیرۆكی (فندقشكێن و شای مشكان)ی ئەرنست هۆفمەن (٢) ی وەرگرتووە.

## باڵێی فندقشكێن



باڵێی فندقشكێن لە كارە كلاسییە هەرە پێوەستەكان دادەنرێ بە كەشی زستان و ئاهەنگەكانی كریسمەس (سەری ساڵ)، نەخشەی سەماكانی لەلایەن (ماریۆس بتیبا)وە دانراوە كە، یەكێكە لە بەناوبانگترینی نەخشەسازانی باڵێ و لیڤ ئیڤانۆفی شاگردی كۆتایی پێ هێناوە، دیسەمبەری ساڵی ١٨٩٢، لە شاری سان پترسبۆرگ، لەسەر شانۆی مارینسكیدا بۆ یەكەم جار پێشان دراوە، بەڵام لەلایەن ئەو جەماوەرەوە كە ئەوساكە، لەم ڕەنگە ئۆركێسترالییە سەیرە ڕانەهاتبوو، پێشوازییەكی گەورەی لێ نەكرا، لە ماوەی شەستەكانی سەدەی بیستەمدا باڵێی فندقشكێن بایەخ پێدانێكی گەورەی جەماوەریی بۆ پەیدا بووە و بووەتە یەكێك لە كۆڵەكە بنچینەییەكانی ڕیبرەتوار واتە تیپی باڵێ.

.......................................

* وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: ئەحمەد تاقانە

# چیرۆکەکە

### بەشی یەکەم

ئاهەنگێکی گەورە لە ماڵی باوکی کلارا بە بۆنەی جەژنەکانی سەری ساڵەوە ساز دەکرێ، درۆسلمایەری دۆستی بنەماڵە هەندێک یاریی سیحری پێشکێش دەکا منداڵان و گەورەکانی پێ دڵخۆش دەکا، هەروەها دۆسلمایەر بووکەڵەیەک لە شێوەی فندقشکێن بە دیاری پێشکێشی کلارا دەکا، فریتزی برای ئیرەییی پێ دەبا و هەوڵ دەدا لە دەستی وەرگرێ و بووکەڵەکە دەشکێ، کلارا خەمی بۆ دەخوا درۆسلمایەر بۆی چاک دەکاتەوە و ئاهەنگەکە کۆتایی پێ دێ و هەموویان دەخەون.

کلارا دەچێ بۆ بینینی بووکەڵە فندقشکێنەکەی، لە پڕ چاوی بە ڕووی درۆسلمایەر دەکەوێ ئینجا هەست دەکا ژوورەکە بەهەموو ناواخنەکەیەوە فراوانتر دەبێ و قەوارەی داری کریسمس و



دیارییەکانی تەنیشتی دووبەرامبەر دەبن و لە پڕ لەشکرێک لە مشک پەلاماری کلارا دەدەن و شەڕێک لە نێوان بووکەڵەکان بە سەرکردایەتیی فندقشکێن لەلایەک و سوپای مشکان لەلایەکی تر بەسەرکردایەتیی شایەکەیان بەرپا دەبێ و لە ئەنجامدا لەشکری بووکەڵەکان سەردەکەوێ و ژوورەکە بە دارستانێکی بەستەڵەک وەردەگەڕێ و هاوکاتیش بووکەڵەی فندقشکێن دەبێتە میرێکی لاو و کلارا کە ئەویش بووەتە کیژۆڵەیەکی جوان، لەگەڵ خۆیدا دەبا بۆ ڕاگوزارییەکی خەونامێز و بە شادییەوە لەگەڵ کۆمەڵەکەدا سەما دەکەن.

### بەشی دووەم

درۆسلمایەر دەردەکەوێ بەدوای گەشتەکەی کلارا و میرە (فندق شکێن)ەکەدا دەچێ کە سواری بەلەمێکی جوانی ئەفسووناوی دەبن بەرەو شاری شیرنەمەنی کە جۆرەها حەڵوای لەلای زارۆکان پەسندی لێیە، شکۆلاتە دەبینین سەمای ئیسپانی دەکەن و قاوە سەمای ڕۆهەلاتی و چای سەمای چینی و ماتروشکا " کۆمەڵە بووکۆکەی ڕووسی " سەمای ڕووسی دەکەن.



دوابەدوای ئەمـــانە ئاوازێکی جـــوانی ڤـــاڵس دێ (جـــۆرە مۆسیقایەکی سەما کردنە)، کلاّرا و میر بەشداری لە سەمای ڤاڵسی گوڵان و سـەمـا دووقـۆڵـیـیـەکـاندا بەشداری لەگەڵ کۆمەڵەکە دەکەن. لێـرەدا زەنگەکـانی سـەعـات لێ دەدەن و ئەوە ڕادەگـــەیەنن کـــە بەیانە، بۆ ئەوەی مـیـر لە بەرچاو نەمێنێ و کلاّرا هەرچەند دەکۆشێ و دەگەڕێ نایدۆزێتەوە و دڕۆسـڵـمـایەر لە بەردەمـیدا دەبینـێ، مـیریش دووبارە بووەتەوە بووکەڵەی فندقشکێن و بەم جۆرە، کلاّرا بۆی ڕوون دەبێتەوە کە لە خەونێکی جواندا بووە.

سەرچاوە:

http://ar.wikipedia.org/wiki/

هەوالنامەی کتێب

پەراوێز:

(١) لە لاپەڕە (٢٥٠ – ٢٥٨) ی ژمـــارە (٩) ئەم كـــۆوارەی " واتە " یەدا، لە وتارێکی لەبارەی بـالێی " دەریاچەی وەردەک " دا، لە بارەی (چایکۆفسکی)یەوە نووسینمان بلاّو کردووەتەوە.


(٢) هۆفـمـەن، ئەرنست تیـۆدۆر ئەمـادیۆس (١٧٧٦ – ١٨٢٢) ڕۆمـاننووس و وێنەکێش و مـۆسـیـقـیـیـەکی ئەڵمانیی قوتابخانەی ڕۆمانسییە، لە هەر هەموو ئەدەب و مۆسیقا و وێنەکێشیدا بەهرەمەند بووە. هەروەها ڕەخنەگرێکی مۆسـیـقـیی توانا بووە، کـاریگەریی قـووڵی بەسـەر شـۆمـان – ەوە هـەبووە. لە گـەورەترین دانەرانی ئەو ڕۆمـانانەیە کـە نوقـمـی خـەیاڵن، کـە لەبەر حـەزی شـاعـیـرانە و هەسـتی سایکۆلۆجیی، تێیدا گەیبوەتە ترۆپک، ڕۆمانەکانی ئەمانەن:
برایەکی تراویلکەیی (١٨١٩ _ ١٨٢٢)، ئیکسیـری ئەهریمەن (١٨١٥ _ ١٨١٦)، کارتەر مـۆر _ کتکە ڕۆشنبیلاکە (١٨٢٠ _ ١٨٢١)، ئۆفنباخ _ بابەتی ئۆپیرای (چیرۆکێک لە هۆفمەن)ەوەی بە ناوبانگی لە چیرۆکەکانییەوە هەڵێنجاوە.
لە (الموسوعە العربیە المیسرە، ١٩٦٥) ەوە وەرگیراوە.
سەرچاوە:

http://encyc.reefnet.gov.sy/?page=entry&id=209813

# ڕێبوار سەعید نووری

## خەریکە ناوی ئەو پەیکەرتاشە گەوریە ون بکرێ باسی داهێنانەکانی نەکرێ!

ئاغالە



بە کارەکانی ڕێبوار هەند سەرسامم حەزم دەکرد ئەو کارانە هی خۆم بوونایە. حەسوودیم بە کاری سێ پەیکەرتاشی کورد بردووە لە هەرێمی کوردستان ئەوانیش ڕێبوار و شوان کەمال و مامۆستا دارا حەمەسەعیدە. هەرچەندە من نیگارکێشم بەڵام زۆرتر بەرامبەر بە پەیکەر دەمێنمەوە و سەرنجەکانم تیژتردەبنەوە.

هەر کارێکی ڕێبوار سەیر بکەین دەڵێی ڕاسپێردراوە بۆ دروستکردنی مۆنۆمینتی – شەهید، ڕاپەرین، ئازار، مردن، ئاهێک. ئەوەندە بە ناسکی کاری کردووە بیرت دەچێتەوە بە چی کاری کردووە.

بابەتی کارەکانی زۆر نەتەوەیە وا بەقووڵی گوزارشتی لە ئازاری و جەستە و پۆرترێتی شەهید و خەونی شەهید کردووە.

پۆرترێتەکان مردووی خەوتوون مارەکان بە کەللەی ساغیان ئەودیو و ئەودیو دەکەن. زۆر سەرکەوتووانە ئەو مارە مردووە ڕاستەوخۆیانەی بەکار هێناوە لە داڕشتنی کارەکانی باشترە بڵێم پۆرترێتەکان کە خۆیەتی. ئەو بەر لە مردنی بە دوو ساڵ پێشبینیی مردنی خۆی کردووە (بە هۆی شکان و شەقبوونی کەللە سەری خۆی).

چونکە مردنی خۆی بە شێوەیەکی ئاڵۆز بووە لەسەر بەلەمێکی بچووکی ناو بەحرەکانی کەناری

ئیتاڵیا.

لە هەندێ کاری تریدا ڤیگەرەکانی لە پیکەری سۆمەر و ئاشوورییەکان دەچێ وەک دەستیان لەسەر سنگیان دانابێ.

کەسایەتیی پەیکەرەکان و کەسایەتیی خۆی جیاکارییەکی کەمی تێدایە. بابەتی ڕاپەڕین و ئازار و مردن ڕێبواری تاساندووە، هەروەک تێکڕای کارەکانی جووڵەی پڕ لە ئازار و تێکۆشانە بۆ گەیشتنە بە ئاوازێکی و نەبیستراوە.

کاریگەری بەهێزی مامۆستا (دارا حەمەسەعید)ی بە روونی دەردەکەوێ. وەک کەوێڵێک وایە بە سەریەوە.

بێگومان مامۆستا (دارا) ڕێگەی گەیشتن بە تەکنیک و داڕشتنی کارەکانی بۆ ئاسان کردووە، وە زوو ترسی شکاند لە هەڵبژاردنی فیگەری جووڵەی قورس و سەرنج ڕاکێشی بابەتەکان و سکێچکردنیان و جێبەجێکردنی.

لە ساڵی ٢٠١٠دا ئێمە لە گەلەری زامودا هەڵساین بە گواستنەوەی سەرجەم کارەکانی پەیکەرتاشی کۆچکردوو لە ماڵی باوکییەوە بۆ ماڵی خۆم و لە پاشان داڕشتنەوەی قالب گرتنەوە بە کەرەستەی وەک سلیکۆنی فرەنسایی (تایبەت). واتە کارەکانی هەندێکیان قالبی هەر نەمابوو بۆیە سەرجەم کارەکانی قالبمان بۆ دروست کردەوە کۆپیی کارەکانم بە کەرەستەی پۆلستەر داڕشتەوە. لە پاشان سەرجەم کارەکانمان دانا بۆ پاراستنی درێژخایەن لەناو سندووقی تەختە کە ١٤ سندووق بوون.

ئەوە یەکەم شێوەی پاراستن و قالبکردنە لە هەرێمی کوردستان بۆ شێوەکارێکی کۆچکردوو.

ڕێبوار سەعید نووری تەنیا بە ناوی باپیری لە ناوی ڕێبوار سەعید رەشید جیا دەکرێتەوە.

لە ساڵی ١٩٨٨ پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیی خوێندووە. لە ساڵی ١٩٩٨دا گەشتێکی کۆچکردن بۆ ئەوروپا بە ڕێگەی قاچاغ. لە ڕێگەی ئاوی ئیتاڵیا بە کارەساتێکی تەمومژاویدا کوژرا و خنکێنرا. لە پاشان لە ڕێگەی خاچی سووری نێونەتەوەیی لە ڕۆما بە خاک دەسپێردرێ. چەند ڕۆژێ بەر لە سەفەرەکەی لە کۆیە وە هاتبوومە سلێمانی بینیم "وتی سەفەر دەکەم و خەون بەوە دەبینم کارەکانی مایکل ئەنجیلۆ لە ڕۆما ببینم".



Gypsum 85x45 cm

پەیکەرکردن بۆ مەرگی خۆی



Gypsum 50x40 cm

پۆرترێتی ڕێبوار



Gypsum 50x40 cm

کەمانچەژەن



هێڵکاری سەرەتایی



Gypsum 50x40 cm

کەمانچەژەن و شمشاڵ ژەن



50x40 cm

لەبەرگرتنەوە بە کەرەستەی ( پۆلستەر )



58x17 cm

بەشێك لە پەیکەری قوتابیانی زانکۆ



Gypsum 78x56 cm    دەمووچاو جومجومە



ئازارو ئازايەتی - کەرەستەی تێکەڵ

27x32 cm



Gypsum 54x48 cm

دوو ڕوخسار لەیەك كاتدا



Gypsum 77x60 cm




30x21 cm

لەبەرگرتنەوەی پەیکەری هەڵاتن و کۆچ بە کەرەستەی ( سلیکۆن )



Gypsum 25x20 cm

پۆرترێتی منداڵێك



Wood 10x40 cm



Gypsum 50x40 cm

بەشێك لە پەیکەری مۆسیقا ژەنەکان











85x45 cm

پەیکەرکردن بۆ مەرگی خۆی

هەواڵنامەی کتێب

# بەیتی: سیامەند و خەجێ

## "دەق و لێکۆڵینەوە"

ئەحمەد تاقانە

بەیادی مامۆستا (محەمەد تۆفیق وردی)ی نەمرەوە

### پێشەکی

کۆتاییی سالانی شەست، کۆمەڵێک لاوی ئەدەبدۆست و ڕۆشنبیریخواز بووین، لە چایخانەی پەرلەمانی ناوچەی حەیدەرخانەی بەغدادا، بە دەوری مامۆستای نەمر محەمەد تۆفیق وردییەوە کۆ دەبووینەوە و کۆڕمان لێ دەبەست و باسی ئەدەب و فۆلکلۆر و ڕۆشنبیریمان دەکرد.. مامۆستا وردی هانی دەداین و باسوخواسی بۆ دەگێڕاینەوە و کتێب و نامیلکەی دەدایە لامان و... سوودێکی زۆری پێ دەبەخشین. ئەوسا، من هەر بەناو، ناوبانگی " سیامەند و خەجەزەڕ.. یان.. سیامەند و خەجێ " م بیستبوو..

ڕۆژێکیان باسی ئەم داستانە فۆلکلۆرییەم لە مامۆستا وردی پرسی.. هەندێکی لێ بۆ باس کردم و.. بەڵێنیشی دامێ کە دەقێکی لەلایە بۆمی بهێنێ.. بەڵام بەو مەرجەی کە بۆی بگەڕێنمەوە.. دەقەکەی بۆ هێنام، خوێندمەوە و.. لە پاش ئەوەی کە بۆ خۆمم ڕوونووس کرد، دەقەکەیم دایەوە.

مامۆستا وردی، شتی فۆلکلۆریی زۆر لەلابوو، وردەوردە و کەم تا زۆرێک لێی بڵاو دەکردنەوە.. هەروەها بەتەمای ئەوەش بوو ئەم دەقەش بڵاو بکاتەوە.. لەبەرئەوە و لەبەر دڵی ناسکی مامۆستا – زۆر بە داخەوە _ لەبارەی دەقەکەوە هیچم لێ نەپرسی..

مامۆستا وردی تێکەڵ بە کاروانی نەمران بوو و کۆچی دوایی کرد. پێی نەکرا دەقەکە بڵاو بکاتەوە و وەک دەیان شتی تر کە لەلای بوون، ون بوون و لە ناوچوون.. ڕوونووسەکەی لای من هەر مایەوە، بەڵام داخم ناچێ، هیچ زانیارییەکم لەبارەی دەقەکەوە دەست نەکەوت. ئەو زانیارییانەم مەبەستە کە لەبارەی دەقێکی فۆلکلۆرییەوە پێویستە لە کاتی بڵاوکردنەوەیدا لەگەڵیدا بخرێتە ڕوو، وەک ناوی ئەو کەسەی دەقەکەی لێ وەرگیراوە و تەمەن و ئەو ناوچەیەی تێیدا ژیاوە و ساڵی لێ

وەرگرتنی دەقەکە و... هتد.

لە دواییدا، چەند دەقێکی تر بیست و بینی، وەک ئەو دەقەی (عوبەیدوڵڵائەیووبییان کۆی کردووەتەوە و چاپی کردووە و ــ کاک سەروەت محەمەد ئەمین، لە ڕێنووسی لاتینییەوە هێناویەتییە سەر ڕێنووسی ئێستای کوردی و ساڵی ١٩٧٨ لە چاپخانەی ڕاپەڕینی سلێمانیدا، بە ناوی چریکەی خەج و سیامەندەوە لە چاپی داوە و. هەروەها لە دوای ئەو کاک فوئاد مەجید میسری لە پاشکۆی شانۆگەرییە بە ناوبانگەکەیدا (خەج و سیامەند) ڕێک و پێکتر بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها ئەو دەقەی (عیسا بەرواری) بۆ ئێستگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا تۆماری کردووە، لەگەڵ ئەو دەقەی کە ڕەسووڵ حەسەن سیساوەیی دەیڵێ.. ئەوانەم لەگەڵ ئەوەی لای خۆم بەراورد کرد. ئەوەی لای خۆم لەوانی تر جوداواز بوو.

گەلێک شوێنی تریش گەڕام و لە چەند کەسێکیشم پرسی.. هیچ شتێکم لەبارەی ئەم دەقەوە چنگ نەکەوت و ئەوانەی کە لێیانم پرسین هیچیان ئەم دەقەیان بەرچاو نەکەوتبوو.

لەبەرئەوەی ئەم دەقەم بە دەقێکی چاک زانی، بە پێویستم زانی بیخەمە بەرچاوی خوێندەوار و لێکۆڵەرەوە بەڕێزەکان. ئەگەرچی ــ دووبارە دەیڵێمەوە، بە داخەوە ــ هیچ زانیارییەکم لەبارەی دەقەکەوە دەست نەکەوت کە بیخەمە ڕوو.

وەکو دەشبینن هەوڵی ئەوەم داوە فەرهەنگۆکێک بۆ زۆربەی وشە گرانەکانی ڕێک بخەم و لە پاش دەقەکەوە دایبنێم و، هەروەها هەوڵم داوە کە ڕەسەنی وشەکان ــ بە پێی توانا ــ دەستنیشان بکەم. ڕەمزی (ک) م بۆ وشەی کوردی و (ع) م بۆ عەرەبی و (ف) م بۆ فارسی و (ت) م بۆ تورکییەکان داناوە، هەروەها ئەگەر دوو یان سێ پیتم بە دوای یەکەوە دانابێ، ئەوە دەگەیەنێ کە وشەکە یا کۆمەڵە وشەکە لەو دوو یان سێ ڕەسەنە پێک هاتووە.

دەبێ ئەوەش بڵێم کە لە ڕێکخستنی ئەو فەرهەنگۆکەدا، کەموزۆر سوودم لەم فەرهەنگانەی خوارەوە بینیوە:

١) فەرهەنگی خاڵ: شێخ محەمەدی خاڵ – سێ بەرگ – چاپی یەکەم ــ چاپخانەی سلێمانی.

٢) هەمبانە بۆرینە: هەژاری موکریانی – چاپی سێیەم ١٣٨١ – سروش ــ تهران.

٣) فەرهەنگی مەهاباد: گیوی موکریانی. " کوردی ــ عربی ".

٤) فرهنگ گلائی: الدکتور محمد التونجی " فارسی – عربی " – دار العلم للملايين – بيروت – اذار ١٩٦٩.

٥) فەرهەنگی: ترکجە لغات " تورکیی عوسمانی ": بهاءالدين – صاحب وناشری اقبال کتبخانەسی – حسين – سنجاقيان مطبعەسندە طبع ايدلمشدر.

٦) فەهەنگی حەیات " تورکی – تورکی ":

لە کۆتاییدا دەمەوێ بڵێم، وەکو نرخزانینی مامۆستا وردی، کە دەقەکەی پێ گەیاندین و خزمەتی زۆری فۆلکلۆر و ئەدەبی کوردیی کردووە. بۆیە ئەم کارەم پێشکێش بە یادی ئەم مامۆستا نەمرە دەکەم.

تاقانە

***

**بەیتی سیامەند و خەجێ**

بابی خەج و سیامەندان برابوون.
ئاغا بوون، دەسڕۆییو بوون،
لە مەملەکەتی دە ژەنگارێ...
خەج و سیامەند عاشق بوون،
زۆر بۆ یەکتر موبتەلا بوون..
ڕۆژێکی وابوو لە ڕۆژانە..
سیامەند هەڵی دەگرتەوە پۆلێک کەیخودای شەرمەندە و
مەلایەکی شەرحزانە
دەچووە سەر بەبەڕەی دەمامی..
دەیگۆت مامەگیانە:
سەری سیامەندت بێ بە قوربانە
ئەگەر خەجم دەیێ، حەوت خوشکم هەیە،
دەیدەمەوە بەتۆ بۆ هەرحەوت کوڕانە

*

براکانی خەجێ سوێندیان دەخواردەوە،
بە سی جزوەی دەقورعانە
دەیانگۆت: تا ئێمە زیندووبین لەو دونیایە
نابێ سیامەند لەگەڵ خەجێ ببێتەوە دەستەملانە
سیامەند ئەگە وای دەزانی
بەسەریدا دەهاتەوە عوزرێکی بەگەورە و گرانە
هەڵدەستاوە لە دیوانێ

هەوالنامەی کتێب

ڕووی دەکردەوە یەختە و یەختەخانێ
کوێتی دامێن تاریک، لەوی دەی کەحلانێ
لە پشتی ولاغەکوێتەی دەکردەوە زینێکی دە ئاڵمانی
ڕووی دەکردەوە جبە و جبەخانێ
*
خۆی هەڵی دەگرتەوە تفەنگێکی تەنگەمزی
سیپەزێڕ و قوناغ زیوین، لوولە شەشخانێ..
هەڵی دەکێشاوە جووتێک چەکمەی سمایل نامی،
لەوی دە پێنج سەد قڕانی...
لەبەر خۆی دەکردەوە کەوا و پاتۆڵێکی
بەوەزن سووک و بە قیمەت گرانە
*
بە تەنیشتێکی ولاغەکوێتەیدا بەردەداوە یاڵەشێرە،
لەبەر خۆی دەچەقاندەوە خەنجەرێکی
دەسک نێرۆیی، لەوی دە دەبانە
چۆغە زێڕی کالان زیوی قەرەخوراسانە..
*
جا بەبابەوەت دەبەر دەمرم
ئامۆزا سیامەندگیانە..
لە بەرکۆی زینی دادەنا ڕمبێکی
هەژدە قەفی میسریی سەر بە جوولانە
*
دەبەر خۆی دەکردەوە زرێیەکی داودیی
گوڵ ورد، لەوی دەهیندییانە
بە پشتی خۆی دەداوە مەتاڵێکی
حەوت قوبەزێڕی لەوی دە کارخانە
*
سەد ناوی خودای لەسەربی، دەتگوت
قارەمانی دێوقڕانە، ڕۆستەمی دە کوردستانە
دەهاتەوە بەرپەنجەرەی خەجە
*

هەوالنامەی کتێب

خەج سەری دەهێناوە دەرێ لە کۆشکان،
لە باڵەخانە
دە شانشینی پەنجەرێ، لەوی دەر و دەرییانە
فرمێسک لە چاوی خەج دێتەوە خوارە.
بە میسالی دە بارانە..
کوڕە ئامۆزا سیامەند گیانە
بە بابەوە دەبەر سمێڵانت دەمرم
دەڵێی قەترانە..

*

سیامەند گاز دەکا: کچە ئامۆزا گیانە
ئەمن هەڵم دەگرتەوە پۆلێک کوێخای شەرمندە.
لەگەڵ مەلایەکی دە شەرحزانە
دەچوومەوە سەر بەبەڕەی مامم
ئەتۆیان بە من نەدەدانە
براکانی تۆ سوێندیان دەخواردەوە بە قورعانە:
هەتا ئێمە زیندووبین، نابێ خەج
لەگەڵ سیامەند ببێتەوە دەستەملانە
جا خەج گیان ئەگەر لەگەڵم دێی
ئەمن لە وڵاتی نامێنم، دەچمەوە
دە وڵاتی دە مامەشانە

*

لە بن کێوەکەی دە سیپانە
یاغیگەری دەکەمەوە،
لەوان دە سەردارعێلانە

*

خەج دەڵێ: ئامۆزا سیامەند گیانە
بەوەی کەم بێ شەریک و زولجەلال و
عەزیم و عەزیمەت بە شانە..
سمی وڵاغە کوێتەی تۆ لە کوێ بێ
لەوێیە سەری خەجێی بابان دە وێرانە

*

هەواڵنامەی کتێب

ئەویش ڕووی دەکردەوە یەختەخانەی دە بابی
دەیهێناوە دەرێ ئێسترێکی ماچەکی
لەوانی دە گوێپانە..
لە پشتیان دەکرد خورجنێکی لەوی دەدەوڵەمەندانە
هەڵیان دەگرت لە شتێکی یەکەیەکە
بە وەزن سووک و بە قیمەت گرانە

*

بە جووتەسوارە سوار دەبوون
دەڕۆیین حەوت شەو و حەوت ڕۆژانە
هەتا دەگەیینە بن کێوی دەسیپانە
هەڵیان دەدا خێوەتێکی سەر بە ئاوریشمی
دەورە بە زنجیری تەپڵەک بەرزی لەو بچکۆلانە

*

جا سەری دەکردەوە سەر ڕانی خەجێی بابانوێرانە
سیامەند خەوی لێ دەکەوتەوە بە چاوانە

*

لەو خەوەدا دەیدی چل کەڵەکێوی
سەریان دەهێنا لە سیپانە
لەگەڵیانە مانگایەکی سووری
نێوچەوان قەشانە..
لەگەڵیانە کەڵێکی پیسێکی بچکۆلانە

*

کەڵەگولە پیسی بچکۆلانە شەقوونی دەبرد،
هەڵی دەقەندەوە ڕەگوڕیشی دەدارانە
سمکۆڵی دەکردەوە و، نەعرەتەی لە سینگی
بەتاڵ دەکرد، تۆزی بڵند دەکرد بۆ بەری
دە عاسمانە..

*

ئەگەر بەپێش ئەوان کەلاندا دەهات،
مانگای داگیر دەکرد لە هەموو کەلانە

هەولنامەی کتێب

خەج دەستی دەكردەوە بە داد و شیوەن و گریانە
خوایە، هەیە ئاشقێكی وەكو ئامۆزا سیامەندگیانە
كە خوشكێی هەڵدەگرتەوە لە حەوت برایان و
دوازدە ئامۆزایانە؟.

*

فرمێسک دەپەڕییە سەر و ڕوومەتی دە سیامەندانە
– خەجە خودا بیبڕێتەوە بەقا و بەیتی دە ژنانە
ئەگەر لە قەولان پەشیمانی دەتبەمەوە
وڵاتی دە ژەنگارێ دەتدەمەوە
دەست برا و بابێ دەخۆت
ئەگەر نەتدەمەوە بە براو بابێ دەخۆت
لە پێمدا بێ دەرپێی دە ژنانە

*

– ئامۆزا سیامەندگیانە..
بەوەی كەم بێ شەریک و زولجەلالە
عەزیم و عەزیمەتشانە..

*

– ئەمن لە غەمی ئەوێدا نیم
ئەما چل كەڵەكێوی سەریان دەهێنا
سیلەی دەسیپانە..

*

لەگەڵیانە كەڵێكی پیسەكی بچكۆلانە
نقوچی دەداوە لە بەردی..
هەڵی دەكەند ڕەگوڕیشەی دەدارانە

*

سمكۆڵی لە عەرزی دركرد، نەعرەتەی
لە سینگی بەتاڵ دەكرد و تۆز دەیگرتەوە
بەری دە عاسمانە..

*

هەوالنامەی کتێب

ئەگەر بە پێش ئەو کەلانەدا دەهات
مانگای داگیر دەکردەوە لە هەمووانە

*

زمانی خەجێ بە بڕین چێ دەترسم ئەتۆ گیربی
بە دوای ئەوان کەڵەکێوییانە
جا سەری دە سەرڕانی خەج کردەوە
دووبارە خەوی لێ کەوتەوە..

*

ئامۆزا سیامەند دەیگوت: دڵی خەجێ بابانوێرانی
بەهارێکی بە شیدەت و بەتاو
بۆت بەبن گڕی دەسیپانە هەڵدەڵێم

*

خێوەتێکی سەربە ئاوریشم، دەورووبەری بە زنجیری
لێ هەڵدەداوە

*

جووتی ئاشقی ئیلاهی لەبن ئەوی قەرەڕەشماڵێن..
یەکیان خەجێ بابانوێرانە
یەکیان سیامەندی شۆڕەلاوە

*

خەج وەدەردەکەوت بەبیانووی سەرئاوە
ئەگەر تەماشای دەکرد چل کەڵەکێوی
سەریان دەهێناوە دەرێ لەسەری سیپانە
لەگەڵ گزینگی هەتاوی..

*

خەج کە وای دەزانی، سێ جاران لە بانگی دەداوە
سەری خۆی دە قوڕێ دەناوە..

*

سیامەند ئەگەر وای دەزانی دەیگوت:
خەجە من بەزۆرم نەهێناوی، پێڵاوت سەر چاوم
بگەڕێوە بە دواوە..

*

خەجە دەیگوت: ئامۆزا سیامەند
من سووکایەتیم بەسەرشانی
دوازدە ئامۆزا و حەوت برا
لەگەڵ دایک و بابی خۆ دەهێناوە
*
ئەمن حەیاتی خۆم لە بەردەستی تۆ ناوە
بۆیە لەگەڵ تۆ نەکەوتووم بگەڕێمەوە دواوە
خوداوەندی هەشتا هەزار عالەمی
نایەڵی من و تۆ لێک ببینەوە چە مرادکاوە
*
بەهارە ئامۆزا، ساڵی نوێ درەنگە
بیری من گوێمشکە دەبوون لە گڕی سیپانە
وێرانەکی دەپشکووتن هەنجیرێ
*
لەبن سیپانە وێرانەکێ هەڵدراوە
خێوەتێکی بچووکی سەر بە ئاوریشم،
دەورە بەزنجیرێ..
*
جووتە ئاشقی ئیلاهی لەبن ئەوی قەرەڕەشماڵی..
یەکیان سیامەندە، دەڵێی قولەمیرە
*
ئامۆزا نەچیری من گەل بەداوێ من
دەبوونەوە گیرێ..
دەستی دەداوە تفەنگی تەنگەزەردی سێپە لە زێڕی
قوناغ زیوی، لوولە شەشخانێ
*
هەڵدەستاوە بە عەزمی دەڕاوێ
سیلەی دەگرتەوە لەنێو هەمووواندا
کەڵەگولی دەگێڕاوە بە نێچیرێ
*

هەواڵنامەی کتێب

دەچۆوە سەر سەری نێچیرێ ببرێ

*

دەک بەرەکەت نەکەی لە عومر وماڵی
ماڵی ساحێبت خرابێ کەڵەگولە
شاخی لەسەر سینگی دا، پاشووی لە زگی
دەکردەوە گیرێ..

*

لەسەری سیپانێ هەڵی دەداشت
ئامۆزا سیامەندێ..
دەڵێی قولەمیرە، لە دڵی من گڕە،
چەند لە ئێشە، چەندە غەمە،
چەندە ژانەژانە..

*

تەماشای خەجی بابانوێران کە
دەڵێی داربەیداغی دەستی کۆنە ڕۆمییانە

*

ئەمن تفەنگی تۆم لە شانی دەکردەوە..
لە من بە میرات بێ، زۆرم لێ جوانە
سیامەند فرمێسکی لە چاوی دێتە خوارێ
بە میسالی تاوی بارانێ..

*

ئامۆزا خەج گیانە، چیی لەگەڵ ناکرێ،
کاری پادشای لامەکانە..
وەرە لە پلێ دارەبەنێم وەکە
بمنێژە لەسەر ئەو دە چوارڕێگانە

*

بەڵکو پەیدابێ عێلەکەی سوورچی، زوراری،
مامەساڵوەرە، مەرەندێ
لەوی لە دۆڵەمەندانە..

*

هەواڵنامەی کتێب

کەپرێکم لە قەبرەکێ من ببێ
هەناسەیەک لە سینگی من جاری ببێ
باریکە دووکەڵێک بگرێتەوە بەری دە ئاسمانێ..
*
بڵێ هەناسەی سیامەندی، کە بە هیلاک چووە،
لەسەر دووچاوی خەجەجوانێ
ئەمن بۆ وا دەگریم و دەبارێنم،
داخۆ وا لە پاش من کێ لە بەژنێ تۆ
ببیتەوە میوانە؟
*
خەج دەڵێ: ئامۆزا سیامەندگیانە
بەوەی کەم بێ شەریک و زولجەلالە..
عەزیم و عەزیمەت بە شانە...
*
ئەمیش خۆ هەڵدەدێرم لەسەر پلەپلەی دەسپیانە..
نابێ لە پاش تۆ کەس لە بەژنێ باریکی من
ببێ بە میوانە
*
لە دڵی من گەڕێ.. ڕاناوەستێ
لەبەر ئەوە دەردە لێ بڕاوە
هەمیشە چەندی لە من جەغارە
*
بۆت بە سەری سیپانەوێرانێ
هەڵدەڵێم، سەرەکەی بەتەمە،
بنەکەی بە چۆمە، بە ڕووبارە
*
تەماشای پووڵی سەری خەجێ
لێی نەسب کراوەتەوە، دوڕ و لەعل و،
یاقووت و ئەشرەفی
لەوانی دە بیست و چوارە..
*

هەواڵنامەی کتێب

ئەتۆ مەگری مەبارێنە
ئامۆزا سیامەندگیانە
خەجت بۆ دێتە خوارێ

*

مەناڵە ئامۆزا مەناڵە
گۆڕغەریبێ.. مەناڵە
ئەتۆ دەناڵێنی، ناڵەت لە گیانم

*

ئامۆزا، لە دڵی من گەڕێ،
چەندە لە ئێشە، چەندە لە غەمە،
چەندە لە نەهاتییەتە..

*

بۆت بەسەری سیپانەوێرانێ هەڵدەڵێم
سەرەکەی بەتەمە..
بنەکەی بە چۆمە.. بە تاتە

*

تەماشای پووڵی سەری خەجێ بابانوێرانێ
کە لێی نەسب کراوە دوڕ و لەعل و
یاقووت و لیرەی عوسمانی و ئەشرەفی..

*

ئەتۆ مەگری و مەناڵە
ئامۆزا سیامەندگیانە
خەجت لەبۆ هات، مەناڵە..
سوێندخۆرێ مەناڵە
گۆڕغەریبێ.. مەناڵە

*

ئەتۆ دەناڵێنی، ناڵەت لە گیانم
لە دڵی من گەڕێ چەند لە ژانە
چەندە لە ناڵەناڵە

*

هەوانامەی کتێب

بۆت بەسەری سیپانەوێرانێ هەڵدەڵێم
سەرەکەی بە تەمە
بنەکەی بە گۆلاگۆلە..
*
تەماشای پووڵی سەری خەجێ بابانوێرانێ کە،
لێی نەسب کراوەتەوە یاقووت و
لیرەی عوسمانی و ئەشرەفی
لەگەڵ دوڕ و لەعلێ..
*
ئامۆزا مەگری مەبارێنە..
خەجت لێ دەبێتەوە ئاواڵێ
مەناڵە سوێندخۆرێ مەناڵە
گۆڕغەریبێ مەناڵە
تۆ دەناڵێنی ناڵەت لە گیانم..
*
سیامەند بانگ دەکا:
خەجێ، من لەبەر برینانم ناناڵم
سێ بەشی لەبەر بێکەسییەکەی تۆ دەناڵم..
*
شەش پلەی دارەبەنێ لە زگی منیان دەداوە
دووانیان لە من بوونەوە بە حەکیم
دووانیان بوونەوە زەواڵی مەرگم
*
دووانیان بوونەوە زاڵم..
خودا بڕییەوە فریشتەم و پێغەمبەر و ئیقباڵم..
دەناڵێنن.. دەبوومەوە بە گۆڕ
بەسەر داری..
ئەتۆی بابانوێران
دەبوویەوە بە حەڵاڵم..
*
ئامۆزا، لە دڵی من گەڕێ
ئەو هەمیشە چەندی لە کاوە

هەواڵنامەی کتێب

بۆت بەبن سیپانێ، ئەو چیا سەر بە ژەنگاری
کوردستانی خۆ هەڵدەڵێمەوە..
سەرەکەی بە تەمە
بنەکەی بە چۆمە، بە ئاوە
*
پۆل پۆل هەڵاڵە و سوێسن و بەیبوون
لەوانی لە ئاڵە..
لێم دیارن دەستەی قازان،
قوڵینگان، لەوانی کوردستانی ئاوا
لە مێرگان دەبینم بێرییان، شوانان،
لاوان.. دەنگەدەنگی بلوێرێ
جا ئامۆزا سیامەندگیانە
چریکەچریکی قومرییان.. بەلبولان
دێنەوە لەسەر دارەبییان
ئاو شۆڕ دەبێ لەسەر لکی سێوەرێ..
*
دەگەڕێنەوە ئاسکەکێوییان
لەبەر گمەی کەوان دەسڵەمینەوە..
تەماشایێ پوولی سەری خەجێ بابانوێرانێ کە
دوڕ و لەعل و یاقووت و ئەشرەفی و
لیرەی عوسمانیی لێ نەسب کراوە
زۆر دڵم بەغەمە، بە تەمە..
خەج سێ جاران لە بانگی دەداوە..
سەری خۆی لە قوڕێ دەناوە
شادە و ئیمانێکی بەهەقی هێناوە
لەسەرڕا خۆی بەسەر پەلی دارەبەنێدا دەداوە..
ئەویش بەوان پەلانە دەگیرساوە،
کە ئامۆزا سیامەندیان پێ گیراوە..
شەش پەلی دارەبەنێ، لە زگی خەجێیان دەداوە..
کاکۆڵی سیامەندێ لەگەڵ سیازوڵفی خەجێ



کەوانامەی کتێب

دەبۆوە تێکەڵاوە
وەکو تاوسی مەست دەدرەوشاوە
بۆنی خەجێ و سیامەندێ دەڕۆیی
بە میسالی سوێسن و هەڵاڵە و بەیبوون و گیاخاوە
کافر و دوجیل و عرووس و فەرەنگ و
داسنی، ئەرمەنی و جوولەکە و پسوڵمان
دڵیان بۆ وان جووتەئاشقی ئیلاهی دەسووتاوە
سێ سعاتی نجوومی بە پەلی دارەبەنێوە دەبوونەوە
پاشی سێ سەعاتان گیانیان بە حازران دەداوە..
لەسەر داران و لووتکەی شاخان و
چیای سیپانی، قومرییان، بولبولان
لەوانی دە دەنگخۆشە
*
کەوان، کۆتران، سێرووان، باشووان،
لەو تەیری دە کوردستانی
دەیاندانەوە تەڵقینێ..
*
براکانی خەج و سیامەندی
کە دەگەیینە سەر ئەوێ مەیتان
دەناڵێن، دەخوڕین، دەبوونەوە پەرێشان
*
ئەوانیان لە پەلی دەکردنەوە
دەیانشوشتن و کفن و دفنیان دەکردن
تەسلیم بە خاکێیان دەکردنەوە
سێ جاران لەسەر یەک لە بانگێیان دەداوە
*
شان و جلیان دە قوڕێ دەناوە
بە هەناسەساردی، بەرەو وڵاتی ژەنگارێ
چیای کۆنە مووسڵی دەگەڕانەوە دواوە..
*

هەوراێمەی کتێب

ئەی لە زەمانەی لە زەمانی
لە دەوڵەتی زەمانەی
دونیا بۆ وان ئاشقان
بە خۆشەویستیی خودای نەماوە..
*
ئێستا قەبری وانم لەوێرانەی سیپانێ
بۆتەوە بە زیارەتگەی لاوان
کیژان، کوڕان..
ئی ئەو کوردی دەدڵسووتاوە
*
لەمەش دەبیتەوە ئەوێ دونیایە فانی
خۆزگە بەوەی دەگەیی بە مراد و کامڕانی
سەد ڕەحمەت بێ لە دای و بابی جەماعەتی گوێدێران
سەد لەعنەت بێ،
لە دووزمان و شەیتانی..
***

لێکۆڵینەوە

## پێشەکییەکی کورت

ئەم داستانە، یان ئەگەر حەز دەکەن با بڵێم ئەم ئەفسانەیە. واتە ئەگەر بەڕاستی ڕووی دابێ یان ڕووی نەدابێ، دەکرێ بڵێین بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاو بووەتەوە و کەوتووەتە سەر گەلێک زار و بە گەلێک زار و لەکەزار دەقی جودا جودای ئەم داستانە بەرهەم هێنراوە، بە کرمانجیی ژووروو و خواروو..، چەندان جۆری ئەم دەقە لە بەردەستاندایە، چ بە نووسراوی یان بە گێڕانەوە و بە کورتی و درێژی و بە دەقی مامناوەندی، بە زارگوتن و لەلایەن دەنگبێژانەوە گوتراوەتەوە و نووسراونەتەوەش.

بارودۆخی ژیانی کوردەواری تا ئەم دواییانەش هەرگیز لەبار نەبووە بۆ ئەوەی بواری لێکۆڵینەوە و لێوردبوونەوەی لەم جۆرە دەقانەی ببێ. دەنا لێکۆڵەرەوەی ژیر دەتوانن گەلێک لایەنی ژیان و مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتیی نەتەوە و گەلەکەمان ڕوون بکەنەوە " ناڵێم ساغ بکەنەوە "

من لێرەدا هەوڵی تێگەیشتنی هەندێک لایەنی ئەم دەقەی بەردەستمان دەدەم، خۆ دەقی زۆر فراوانتر و بەربڵاوتر و ڕێک و پێکتر و قووڵتری هەر ئەم داستانە و داستانێلێکی ترمان لە

بەردەستدا هەن، شایەنی لێکۆڵینەوەی گەلێک وردتر و قووڵترن لەمەی من کردوومە، بەڵام قسەی خۆمان بێ، من ئەمەی خۆشم بە کەم نازانم.

### شوێن و شانۆی ڕووداوەکە

وەک ئەو ڕاستییەی کە گوتراوە ئەدەب ئاوێنەی کۆمەڵی سەردەمی خۆیەتی، پتر و بە شێوەیەکی فراوانتر فۆلکلۆر دەگرێتەوە. بەوەی بەتایبەتی ئەدەبی فۆلکلۆری بەرهەمی بە کۆمەڵە، واتە تا گەیشتووەتە ئەم سەردەمەی ئێمە، بەسەر زاری چەندان و چەندان بەهرەوەر و لاوکبێژ و بەیتبێژ و حەیرانبێژدا ڕەت بووە و هەر یەک لەوانە جۆرە گۆڕانکاری و تا ڕادەیەک نوێسازیشیان تێدا کردووە و لە زادەی بیر و زەوق و ئارەزووی خۆیان شتیان خستووەتە سەر.

لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژە و هێما و بەڵگەی تر لە هەندێک بەرهەمی لەمجۆرەیان تێدا دەمێنێتەوە مرۆ لێیان ورد ببێتەوە و شتێکیان لێ هەڵبهێنجێ.

یەشار کەمال گوتەنی " کورد لەبەرئەوەی نووسینی بە زمانی خۆی لێ قەدەخە کراوە و ڕێی خوێندن و نووسینی نەدراوە، ناچار پەنای بردووەتە بەر ئەدەبی سەرزارەکی. "

بۆیە دەبینین ئەدەبی سەرزارەکیی کورد دەوڵەمەندە و بووەتە هەڵگر و لە ئامێزگری هەست و نەست و مێژوو و کۆمەڵایەتیی نەتەوەکەی، کە من لێرە ئەگەر بتوانم، هەوڵێکی ئەوە دەدەم هەندێک لایەنی ئەم دەقە ڕوون بکەمەوە.

### شوێن و شانۆی ڕووداوەکە

بۆ شوێنی ڕووداوەکان دەقی کارەساتەکە، دەڵێ:

" بابی خەج و سیامەندان برابوون
ئاغا بوون دەسرۆییو بوون
لە مەملەکەتی دە (ژەنگار)ێ.. "

هەروەها لە شوێنێکی تردا، کە خزم و خوێش تەرمی سیامەند و خەجێیان هەڵدەگرت و دەهێناوە، دەڵێ:

" شان و جلیان دە قورێ دەناوە
بە هەناسەساردی، بەرەو وڵاتی (ژەنگار)ێ
چیای کۆنە مووسڵی دەگەڕانەوە دواوە.. "

کەواتە لەم دەقەدا سیامەند و خەج، دانیشتوو و خەڵکی دەڤەری ژەنگار " شنگاڵ "ن.

کە نیازی بەجێهێشتنی هەواری خۆیان دەبێ، سیامەند دەڵێ:

" جا خەج گیان ئەگەر لەگەڵم دێی

ئەمن لە وڵاتی نامێنم، دەچمەوە

دە وڵاتی دە مامەشانە

لەبن کێوەکەی دە (سیپان)ە

یاغیگەری دەکەمەوە،

لەوان دە سەردار عێلانە... "

هەروەک لە چەند شـوێنێکی تری دەقـەکـەدا نـاوی هـاتووەتەوە، ڕوو دەکـەنە چیـای سـیپـان، بەڵام سیپان لە کوێیە؟

وەکو زانراوە، سیپان ناوی دوو چیای جیایە لە کوردستاندا، کە ئەمەی ناو ئەم دەقە، وەکو ناوی براوە لە وڵاتی عەشیرەتی " مامەش "ە، واتە وڵاتی مامەشان، کە دەکەوێتە کوردستانی ڕۆهەڵات.

سیپانەکەی تر، لە کوردستانی باکور و لە نێزیک شاری خەڵات " ئەخلاّت "ی کورستانی باکور.

٤٤٣٤ مەتر بەرزاییيەتی، دەکەوێتە ناو سنووری ناوچەکانی " پاتنۆس و عادلجەواز و ئەخلاّت و مەلاّزگرد، بەڵام ٣ / ٤ ی لەناو سنووری پاتنۆسدایە. لەو دەوروبەرەدا چیای وەها بەسام و بەڕێزی لێ نییە. وەکو ئەفسانە باسی لێوە دەکا، چل گۆڕە شەهیدی لەسەر لووتکەدا هەیە، تەنانەت باس لە گۆڕی پێغەمبەرێکیش دەکرێ، شۆڤینییە تورکەکان ناوەکەیان لە (سیپـان)ەوە کردووەتە " سوبحـان "، بە نیازی ئەوەوە کـە مۆرکە مەیلەو کوردییەکەی لێ دامـاڵن.. خۆ " سـوبحـان " یش وەنەبێ تورکی بێ، وشەیەکی عەرەبی ئیسلامانەیە و بووەتە وشەیەکی هاوبەشی گەلانی ڕۆهەڵاتی کە کوردیش یەکێکیانە، بەڵام ناوەکە لەو دەڤەری کوردە هەر بە سیپان ڕۆیشتووە.

ئەم چیایە جگە لە داستانی سیامەند و خەجێ کە بەدەیان دەقی شێوەی کرمانجیی ژووروو لەبارەوە هەیە، چەندان گۆرانیی تری کە پێوەندییان بەم چیایەوە هەیە لەسەر زاراندا بووە..

لەبەر هەندێک هۆی تر و باس و لێکۆڵینەوە، ئەو دەڤــەرە و بۆتان و دەوروبەری بە لانکەی کوردەواری دانراوە، من وای بۆ دەچم دەقە ڕەسـەنەکە لە بنەڕەتدا ئەگـەر ڕوو یدابێ لەلای ئەم چیایەیاندا ڕووی داوە و دەقە ڕەسەنەکە لە بنەڕەتدا هی ئەو دەڤەرەی کوردستانە.

بەهەرحاڵ، لەم دەقەی بەردەستماندا چیاکە چیای سیپانی کوردستانی ڕۆهەڵاتە و بە قسەی دەقەکە لە وڵاتی مامەشانە. کە یەک لە هۆزە کوردە ڕەسەنە بەناوبانگەکانە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هیچ سەرچاوە و کەسێکم بەرچاو نەکەوت کە لەوە زیاتر زانیاری لەبارەی ئەو سیپانەی کوردستانی ڕۆهەڵاتەم دەست بکەوێ.

### سەردەمی ڕوودانی داستانەکە

ئەم دەقە دەقێکی کۆنە، ئەگەر گۆڕانیشی بەسەرداهاتبێ، مەبەست ئەوەیە دەقێکی نووسراو و بە بەڵگە نەکراوە دا سەردەمی ڕووداوەکە بزانین، ناچار دەبێ پەنا ببەینە بەر هەندێک نیشانە و هێما و ئامـاژە بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێ ئەگـەر بکرێ بیبـەینەوە سـەر سـەردەمێک با بە بەربڵاوی و

فراوانیش بێ.

وەک کۆمەڵناسان شێوە و شێواز و هی تری کۆمەڵان و پەرەسەندنیان شی کردووەتەوە و سیماکانیان دەستنیشان کردووە. ئەم دەقە هێما و بەڵگەیەکی ئەوتۆمان دەخاتە بەردەست تا پێیاندا بچینەوە و بیانخوێنینەوە.

هەر لە سەرەتاوە دەقەکە پێمان دەڵێ " بابی خەج و سیامەندان برابوون.. " هەردووکیشیان " ئاغا بوون، دەسرۆیی بوون.. "، لە ژن و ژنخوازیی کۆمەڵەکەماندا تەنانەت تا چەن ساڵانێکی لەمەوبەریش ئامۆزاکان بۆ یەکتری بە ڕەواتر دەزانرا. بەڵام ئامۆزایان بە سیامەند بە ڕەوا نەبینیوە؟! بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ لە دەقەکە وردبینەوە و لێی ڕابمێنین.

هەروەها سیامەند بە پێی داوونەریت و ڕەوشتبەرزی هەڵسوکەوت دەکات و بەیتەکە دەڵێ " سیامەند هەڵی دەگرتەوە پۆلێک کەیخودا – کوێخا – ی شەرمندە و مەلایەکی شەرحزانە – واتە مەلایەک، شەریعەت و لێکدانەوەی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەر دەزانێ " و " دەچووە سەر بەبەرەی دەمامی، کە ئەمە لەناو عەشایەردا ئەوپەری ڕێزلێگرتنە. بەمامی دەڵێ: کە ئەم قسانەشیمان مەبەستە، سیامەند بە مامی دەڵێ: " ئەگەر خەجم دەیێ، حەوت خوشکم هەیە، دەیدەمەوە بەتۆ بۆ هەر حەوت کوڕانە."

کەواتە سیامەند تاقە کوڕە و خەجێ تاقە کچ. بەڵام سیامەند حەفت خوشکی هەیە و خەجێ حەوت برا.

نیشانەیەکی نیمچە زەقی تری سەردەمی بەخێوکردنی مەڕوماڵات و ڕەوەندایەتیی گەرمیان و کویستان بووە، ئەوەیە کە سیامەند لەسەر دارەبەنێوە چاوەڕوانی بەوێدا ڕەت بوونی عەشایەری ڕەوەندی کورد دەکا لەسەر ڕێی گەرمیان و کوێستانیاندا فریای بکەون و سیامەند لە دەقەکەدا دەڵێ:

" وەرە لە پلێ دارەبەنێم وەکە
بمنێژە لەسەر ئەو چوارڕێگانە
بەڵکو پەیدابێ عێلەکەی سوورچی، زوراری،
مامە ساڵوەرە، مەرەندی
لەوی دە دۆڵەمەندانە.. "

ئەمانە ئەوە دەردەخەن کە ڕۆژەکە ڕۆژگاری شوانکارەیی و سەرەتای پەیدابوونی عەشرەتگەری و باوکسالاری " پیاوسالاری " و پێویستیی هێز پەیداکردن بووە، کە هێزیش بە زۆر بوونی لاو و کەڵەپیاو و شەڕوان و ئازا پەیدا دەبوو، بۆ پاراستنی مەڕوماڵات و بەرگریکردن لە بنەماڵە و تیرە و هۆز و دابینکردنی ئاسایش و ڕێی هات و چوون و لەوەڕگەی گەرمیان و کوێستان.

تەنانەت کە دەبینین، ئەگەرچی سیامەند ئامۆزای خەجێیە، کەچی لە ڕەوتی قسەکانەوە تێ دەگەین ئامۆزای زۆری تریان لە بابی خەجی خاوەن حەوت کوڕ نێزیکتر بوونە، ئەگەرچی نازانین

ئەو دوازدە ئامۆزایەی خەجێ لە یەک یان لە چەند مامی تریانەوە بووە، ئەوەی دیارە سیامەند برای تری نییە. خەج دوازدە ئامۆزای هەن کە ئەوانیش بە خاوەنانی خەج دەژمێررێن، دەقەکە دەڵێ:

" خەج دەستی دەکردەوە بە داد و شیوەن و گریانە
خوایە! هەیە ئاشقێکی وەکو ئامۆزا سیامەند گیانە
کە خوشکێی هەڵدەگرتەوە لە حەوت برایان و
دوازدە ئامۆزایانە؟! "

یان کە دەڵێ:

" خەجە دەیگوت: ئامۆزا سیامەند
من سووکایەتیم بەسەرشانی
دوازدە ئامۆزا و حەوت برا
لەگەڵ دایک و بابی خۆ دەهێناوە.. "

کەوابێ چۆن کیژێکی وەک خەجێی بنەماڵەیەکی بە هێزی حەوت کوڕی و دوازدە ئامۆزایی، دەدرێ بە سیامەندێکی سەڵتە زەلامێکی خاوەنی حەوت خوشک، کە کیژ لەم جۆرە کۆمەڵانەدا بارێکی گران بووە و بۆ شەڕوشۆڕ و تالان و بڕۆ و هێرشبردن دەستیان نەداوە، تەنانەت پاراستنی ئابڕوو و ناویان لە سووکایەتی ئەرکێکی قورس و گران بووە.

لەولاشەوە ئەگەر لە ڕوانینی سیامەند وردبینەوە بەرامبەر بە ئافرەت، لە کاتێکدا خەج ئەو هەموو خۆبەختکارییەی کردووە و لەگەڵ سیامەند کەوتووە، کە فرمێسک بە چاوی خەجدا دێتە خوارێ و بەر ڕوومەتی سیامەند دەکەوێ، دەڵێ:

" خەجە خودا بیبڕێتەوە بەقاو بەیتی دە ژنانە..
ئەگەر لە قەولان پەشیمانی دەتبەمەوە دە وڵاتی دە ژەنگاری
دەتدەمەوە دەست برا و بابی خۆت.. "

نەک هەر ئەمە، ئەدی ئەو ڕوانگەیەی کە وای لێ دەکا بڵێ:

" ئەگەر نەتدەمەوە بە براو بابێ دەخۆت،
لەپێمدا بێ دەرپێی دە ژنانە.. "... !!

وتەیەکی تری سیامەند کە لەسەر دارەبەنەوە دەگری و دەناڵێنێ، نازانم بڵێم ئەوە منمنۆکێیی و خۆپەرستییە لە دوای خۆی خەج دەبێ تەرکی دنیا بکا، یان بڵێم هەستی مرۆڤانە ئەمەیە کە خۆشەویست دوای مردنی خۆیشی نابێ بەدڵی خۆی بکا و لە ژیانیدا بەردەوام بێ، سیامەند دەڵێ:

" ئەمن بۆ وا دەگریم و دەبارێنم،
داخۆ وا لە پاش من کێ لە بەژنێ تۆ
ببیتەوە میوانە؟"

تەنانەت بەپێی ئەو پاشماوانەی ئەوسا کە تا ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تا ڕادەیەک درێژەی هەیە هەر بەرماوەی ئەو کۆمەڵەی ئەوسایە و بەو شێوەیە ماوەتەوە و لەگەڵ لەناوچوونی ئەو مەرج و پێویستییانەشدا، هەندێک مێشکی بە نەریتی ئەوساوە دەق گرتوو، ڕەوشت و داوونەریت و هەڵسوکەوت بەپێی ڕۆژگاری پەرەسەندوو لێک نادەنەوە.

ئەم مێشک و بیرانەی خۆیان بە دەقی کۆنی لەم جۆرە دەبەستنەوە، کە لە سەردەمانێکی زووەوە بۆمان ماونەتەوە، لەوەوە هاتووە کە بە پیرۆزیروانین و بە دەقی داخراوزانینی دەقی تری بەپیرۆززانراو دەگشتێنرێ و هەموو ئەم دەقە فۆلکلۆری و چیرۆکە کۆنانە بە پیرۆزی تەماشا دەکرێ و وەک دەقی داخراو بە تۆزقاڵ لێ لادان بە نارەوا و تاوان دادەنرێ. بەچاوی ئەو سەردەمانەوە سەیری ئافرەت دەکرێ و هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرێ.

کە دەڵێین پێ دەچێ دەقەکە، هی سەردەمی کۆمەڵگەی شوانکارەیی بێ، دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە، هەندێک هێما و بەڵگە ئەوە پێشان دەدەن کە هێشتا ئەو سەردەمە پاشماوەی سەردەمی ڕاووشکاریشی پێوە دیارە، وەک ئەوەی دەقەکە باسی سیامەند دەکا و دەڵێ:

" لەبەر خۆی دەچەقاندەوە خەنجەرێکی

دەسک نێرۆیی، لەوی دە دەبانە. "

یان کە دەڵێ:

" بە تەنیشتی ولاغە کوێتەیدا بەردەداوە یاڵەشێرە. "

خەنجەری دەسک نێرۆیی لای کەسێک پەیدا دەبێ ڕاوکەرێکی ئەوتۆبێ نێری و کەڵەکێویی زۆری ڕاو کردبێ، دەسکی خەنجەرەکەی لە شاخی نێری دروست کردبێ. ئازایەکی شێرکوژ نەبێ لەکوێ یاڵەشێری دەست دەکەوێ کە بۆ خۆنواندن بە تەنیشتی ولاغیدا بەربداتەوە، ئەمانە هێمای ڕاووشکار و توانستی دەمی ڕاوچێتین کە پاشماوەی سەردەمی ڕاووشکاری کۆمەڵایەتیمان پێشان دەدەن.

مایەوە ئەوەش بڵێم کە فەیلەسووفێکی زانستییانەی کۆمەڵایەتی دەڵێ: هەندێک تایبەتمەندیی خولی پێشووی کۆمەڵایەتی دێت و دەگاتە دەمەکانی دوای خۆی. جا ئێمە دەبێ بژاریان بکەین و چاکەکانیان پەرە پێ بدەین و هەوڵی نەهێشتن یان گۆڕینی لایەنە خراپەکانیان بدەین.

هەروەها دەقەکە ئەوەمان پێ دەڵێ کە سەردەمەکە سەردەمی بەر لە پەیدابوونی تفەنگ و وەک پێیان دەڵێن چەکی ئاگرکەرەوە، یانیش بەر لەوە بووە کە ئەو جۆرە تفەنگە بگاتە ئەو کۆمەڵگەیەی داستانەکەی تێدا ڕووی داوە، ئەگەرچی لە بڕگەیەکدا دەڵێ:

" خۆی هەڵی دەگرتەوە تفەنگێکی تەنگەمزی

سیپەزێڕ و قوناغ زیوین، لوولە شەشخانێ.. ".

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

" دەستی داوە تفەنگی تەنگەزەردی سیپە لە زێڕی

قوناغ زیوی لووله شەشخانێ. "

یان دەڵێ:

" ئەمن تفەنگی تۆم لەشانی دەکردەوە..

لە من بە میرات بێ، زۆرم لێ جوانە.. "

یان دەڵێ:

" ڕووی دەکردەوە جەبە و جەبەخانێ. "

کە (جبە و جبەخانە) کەلوپەلی تفەنگ و چەکی ئاگرکەرەوەن.

لە ڕاستیدا من وای بۆ دەچم، ئەم باسی تفەنگە و بەو شێوە ڕازاوە دەگمەنە، دواتر ئاخنرابێتە ناو دەقەکەوە. کەواتە پەسنی تفەنگەکە لە سەردەمێکدا خراوەتە سەر دەقەکەوە، سەردەمی پەیدابوونی تفەنگ، یانیش گەیشتنی تاکو تەرای تفەنگ بۆ ناو کۆمەڵگەکە، کە بەو شێوە سەیر و عەنتیکەیە مەگەر هەر بۆ شا و میرەکان دروست کرابێ و بە دەگمەنیش بینرابێ و بیسترابێ، ئاخنراوەتە سەر دەقە ڕەسەنەکە، مەبەستیش لەوە زێدەڕۆیی پێشاندانی دەوڵەمەندی و دەستڕۆییویی ئەو دوو خێزانەی سیامەند و خەجێیە، کە باس لە تفەنگێکی وەها ڕازاوە و تەنگە " قایش " ڕەنگ قورقوشمییە، سیپە " سێرە " قوتەکەی زێڕینی سەر لوولەی، قوناخی زێڕین و لوولەی شەشخانی. کە دیارە تفەنگی شەشخانی دەگمەن و ناوازە بووە کە بەو تفەنگانە گوتراوە فیشەکیان لەناو خۆیاندا بووە، دەنا پێشتر تفەنگی یەک فیشەکی و پێش ئەوەش تفەنگ یەکەیەکە بۆ هەر تەقەکردنێک بە بارووت و گولله پڕ کراوەتەوە. بەم جۆرە، لەبەرئەوەی کارەکە لە سەرەتادا بووە و سادە بووە، وردە وردە چەخماخسازیش پەیدا دەبن و.. ژیانیش بەرەو پێشتر دەچێ.

ئەمە بۆیە دەڵێم لەبەرئەوەی دەقەکە باسی کۆمەڵە کەلوپەل و هێما و بەڵگەی تێدا کراوە هی ئەو سەردەمی پەیدابوون و بەکارهێنانی تفەنگ نین.

وەک دەشبینین لە پەسنی تفەنگەکەدا، ڕەنگی تەنگە " قایش "ەکەی بە زەرد و جارێک بە قورقوشم دەشوبهێنێ.

جگە لە خەنجەری دەسک نێرۆیی و یاڵەشیر و ئەوانە، دەقەکە دەڵێ:

" جا بەبابەوەت دەبەر دەمرم

ئامۆزا سیامەند گیانە..

لەبەرکۆی زینی دادەنا ڕمبێکی

هەژدە قەفی میسریی سەر بە جۆلانە

لەبەر خۆی دەکردەوە زرێیەکی داودیی گوڵ ورد، لەوی دە هیندییانە

بە پشتی خۆیدا دەداوە مەتاڵێکی

حەوت قوببە زێڕی لەوی دە کارخانە.. "

بڕوانە، ئەمانە گشتیان هی سەردەمی بەر لە پەیدابوونی تفەنگن، هی سەردەمی ئازایەتی و دلێریی تاکە کەسی و بە جەرگین، هەندێکیان بۆ خۆپاراستن، هەندێکیان بۆ شەڕ و بەرەنگاربوونەوە، کە تفەنگ پەیدا دەبێ زۆری ئەمانە باویان نامێنێ و باو دەبێتە باوی شەڕی دووراودوور و هێز دەبێتە هێزی چەک تەقەمەنی، بۆیە لە داستانی فۆلکلۆریی "کوێرئۆغڵو " دا دەبینین کە تفەنگ پەیدا دەبێ، داستانەکە بە زمانی کوێرئۆغڵووەوە دەڵێ: "ئاسنی کون پەیدا بوو، مەردایەتی لەناوچوو. "

خۆ ئەگەر دەقە جوداجوداکانی ئەم داستانە بەراورد بکەین، دەبینین لە هەندێکیاندا باس و خواسی تفەنگ و مفەنگیان هەر تێدا نییە.

هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین کە ئەم هەموو چەک و مەکانە زێدەڕۆییەکیان تێدایە و سیامەندی وا لێ کردووە کە لە میرێک یان تەنانەت لە شایەکی پڕ چەک و تڕوتفاقی شەڕ بچێ، کە ئەمە هەرکووەکی بێ لە سەرووی ڕاستییەوەن و شێوە ڕازاندنەوەیەکی داستانەکەن.

هەروەها و هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر بڕوانین بۆمان دەردەکەوێ تەنانەت دەورەکە دەوری دروستکردنی کۆشک و باڵەخانە " بالاخانە " و شانشین و هی تر نییە کە دەقەکە دەڵێ:

" خەج سەری دەهێناوە دەرێ لە کۆشکان،

لە باڵەخانە

دە شانشینی پەنجەرێ، لەوی دەر و دەرییانە. "

ئەمانە دەکەونە دەوری پەیدابوونی دەرەبەگایەتی و میرنشینیی جێگیر، کە بە بۆچوونی من کۆمەڵگەی سەردەمی دەقە ڕەسەنەکە " بەلای کەمەوە کۆمەڵگەی کوردەواری "ی ئەوسا، هێشتا نەگەیشتووەتە ئەو دەورە.

## کەلەپوور و ڕۆشنبیریی گشتی

لە دەقەکەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بەیتبێژ کاریگەرییەکی کەمتازۆرێک شانامەی فیردەوسیی پێوە دیارە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریی ئەوسا بڕوا ناکەم ئەو جۆرە ڕۆشنبیرییە هەبووبێ، ئەمانە بەرە بەرە بەیتبێژەکانی دواتر بۆ جوانکاری و ڕازاندنەوەی دەقەکە تێیاندا ئاخنیوە، بەڵام بۆ باسی ڕۆستەم و شتی تر ئەوەیان فیردەوسیش لە فۆلکلۆر و کەلەپوورەوە و دەماودەم وەری گرتووە و هاوبەشن لەلای گەلانی ئێرانیدا و ئەگەرچی دواتر و تا چەند دەیەیەکی لەمەوبەر لەلایەن حیکایەتخوان و چیرۆکبێژانەوە داستانەیلی لە جۆری شانامە و هی تر خوێنراونەتەوە و بە کەلەپوورێکی خۆماڵی دانراون، دەقەکە دەڵێ:

" لەبەر خۆی دەچەقاندەوە خەنجەرێکی

دەسک نێرۆیی، لەوی دە دەبانە

بە تەنیشتێکی وڵاغەکەیدا بەردەداوە یاڵەشێرە،

چۆغەزێڕی کالان زیوی قەرەخوراسانە
جا بەبابەوەت دەبەر دەمرم
ئامۆزا سیامەند گیانە..
لەبەرکۆی زینی دادەنا ڕمبێکی
هەژدەقەفیی میسریی سەر بە جوولانە
لەبەر خۆی دەکردەوە زرێیەکی داودیی
گوڵ ورد، لەوی دە هیندییانە
بە پشتی خۆیدا دەداوە مەتاڵێکی
حەوت قوبەزێڕی لەوی دە کارخانە
سەد ناوی خودای لەسەر بی، دەتگوت
قارەمانی دێوقڕانە، ڕۆستەمی دە کوردستانە.."

ئەمانە هەموو نیشانەی ئازایی و بەجەرگیی شەڕوانی شەڕی تاکتاکەی ئەو سەردەمانەن و ڕۆستەمیش خۆ دیارە یەکێکە لە پاڵەوانە دیارەکانی ناو شانامە، بەڵام بەشێک بووە لە کەلەپووری نەتەوەیی هەموو یان زۆربەی گەلە ئێرانییەکان..

بڕوانە دەقەکە دەڵێ:

" قارەمانی دێوقڕانە،
ڕۆستەمی دە کوردستانە.. "

لە پەنجاکاندا لە سلێمانی بەسەر زاری خەڵکەوە بوو.. دەیانگوت:

" لە قلیاسان بەولاوە
ڕۆستەم عەنتەری گاوە.. "

ئەمەش لەوەوە هاتووە کە ڕۆستەمی زاڵ بە هی خۆ دانراوە.

لەلایەکی ترەوە دەستەواژەی وەک:

" تەماشای خەجی بابان وێران کە
دەڵێی داربەیداغی دەستی کۆنە ڕۆمییانە.. "

دەردەخا هەر ئەم دەستەواژەیە نوێیە و بە دووری نازانم دواتر خرابێتە سەر دەقەکە چونکە:

ڕۆمی، ناوێک بووە بە تورکە عوسمانییەکان گوتراوە، لەبەرئەوەی ولاتی ئاسیای بچووک ماوەیەکی دوور و درێژ بەدەس ڕۆمی بیزەنتییەکانەوە بووە، بە ولاتی ڕۆم ناسراوە، کاتێک دوای ساڵی ١٠٧١ ی زاین بۆ یەکەم جار تورکی سەلجووقی لە نێزیک شارۆکەی مەلازگردی کوردستانی ئەمڕۆدا، بە ناوی ئیسلامەتی و بە هاوکارییەکی تەواوی کوردیشەوە، لەشکری بیزەنتیی شکاند و تا ناوەڕاستی ئەنادۆڵی گرت و لە سەلجووقییانی تر جودا بوونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان

لەوێ دروست کرد ناوی سەلجووقییانی ڕۆمیان لێ نرا، کە عوسمانییەکان بوونە میراتگری سەلجووقییان، ناوی ڕۆمی بەسەر ئەمانیشدا سەپێنرا. دواتر بە هەموو تورک گوتراوە ڕۆمی. جا ئەو سەردەمەی شەڕوانە تورکەکان ئەم ناوچانەیان داگیر کردووە و هەندێک کەسیان بە ناوی ئاینەوەش دوای خۆیان خستووە و لە بۆ خۆیانیان بە کوشت داوە، سەردەمی ڕم و شەڕە شمشێر و مەتاڵ و گورز و چەکەکانی تر بووە و ئاڵایان بە سەر دارئاڵای ڕێک و پێکەوە بەرز کردووەتەوە، کە لە یادی گشتیی کۆمەڵماندا ماوەتەوە و وەک دروشمێکی جوان و جۆرە پیرۆزییەکی بەخۆوە گرتووە. بۆیە دەبینین قەد و باڵای کیژانیان بەو دارئاڵایانە شوبهاندووە و دەقەکەمان دەڵێ:

" تەماشای خەجی بابان وێران کە

دەڵێی داربەیداغی دەستی (کۆنە ڕۆمییانە..) "

*

لەوەش بەولاتر میر و دەسەڵاتە داگیرکەرەکان و دەرەبەگەکانیشیان بە پیرۆزی تەماشا کردووە و تەنانەت – وەک لەم دەقەدا دەبینین – جێی شانازییان بووە و بۆ بەرزڕاگرتن، پێیان جوان بووە لاوی وەک سیامەند بە قولی میر بچوێن و بڵێن:

" جووتەئاشقی ئیلاهی لەبن ئەوی قەرەڕەشماڵی

یەکیان سیامەندە، دەڵێی (قولەمیرە)... "

وا دیارە ئەم دەستەواژە و لێچوواندنە زۆر بە دڵی بەیتبێژەکە بووە دا دووبارەی بکاتەوە و بڵێ:

" ئامۆزا سیامەندێ..

دەڵێی (قولە میرە)، لە دڵی من گڕە،

چەند لە ئێشە، چەندە غەمە،

چەندە ژانە.."...!!

ئەمە ئەو شکستە دەروونییەشمان بۆ ئاماژە پێ دەکا، کە لەبەر زەبروزەنگ و سام و شکۆ و بیروباوەڕی هەزار و یەک جۆرەی بۆ خۆیان ڕەوا و بۆ کورد نای داگیرکەران، تاک و.. تەنانەت کۆمەڵەکەشمان تووشی هاتووە و وەک کەلەپوور بەهەر شێوەیەک بێ بەسەریاندا سەپاندووە، کە خۆی لەگەڵیاندا بە یەکسان و بگرە لە هەندێک لاوە بە بەرزتر نەزانێ و بۆ بەرزبوونەوەی خۆی تێ نەکۆشێ.

*

کە دەگەڕێینەوە سەر ڕەوتی سەرەکیی باسەکەی خۆمان، دەبینین تەنانەت ئەو باسەی دوای هەڵدێرانی سیامەند لە چاوەنۆڕیی عێل و عەشیرەتەکاندا کراوە، هی هەر کەینێ بێ!! ئاماژەیە بۆ سەردەمی شوانکارەیی و دروستبوونی عەشیرەت و گەرمیان و کوێستانکردنی کۆمەڵەی کوردەواری. بەیتەکە دەڵێ:

" وەرە لە پلێ دارەبەنێم وەکە

بمنێژە لەسەر ئەو دە چوارڕێگانە
بەڵکو پەیدابێ عێلەکەی (سوورچی)، (زوراری)،
(مامەساڵوەرە)، (مەرەندی)
لەوی لە دۆڵەمەندانە.. "

**داوونەریت**

لە دەقێکی وەهادا بەپێی ڕووداوەکان و هەڵکەوتنی جێیەکەی باس لە داوونەریت دەکرێ یانیش لەناو دەقەکەوە بە خۆمان دەبێ ئەو هەڵسوکەوتانە هەڵێنجین و گوڵبژێریان بکەین.

جا لەم دەقەدا هەر لە سەرەتاوە دەبینین و دەبیەین دەقەکە دەڵێ:

" سیامەند هەڵی دەگرتەوە پۆلێک کەیخودای شەرمەندە،
مەلایەکی شەرحزانە
دەچووە سەر بەبەڕەی دە مامی،
دەیگوت مامە گیانە
سەری سیامەندت بێ بە قوربانە
ئەگەر خەجم دەیێ،... تاد."

واتە سیامەند بەپێی داوونەریت دەجووڵێتەوە و تەنیا بە خۆی " با ئامۆزاشی بێ! " ناچێتە خوازبێنیی خەج و پۆلێک پیاوماقووڵ و بە ئابڕووی بەڕێز کە کەسیان شەرمەزارییەکیان لێ ناوەشێتەوە و مەلایەکی (شەرحزان) کە مەلایەک دەگەیەنێ لێکدانەوە و ڕاڤەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر بزانێ کە وشەی (شەرح)ی عەرەبی ئەوە دەگەیەنێ، یانیش ئەگەر لە بنچینەدا وشەکە (شەرع) بێ و لەسەر زاری کوردی کرابێتە شەرح، شەرع: ڕێوشوێنی ئاینی و زانینی یاساگەلی ئیسلامییە، کە ئەو مەلایە زانای شەرعە. بەم جۆرە سیامەند چووەتە خزمەت مامی.

هەروەها لە کوردیدا چوونە سەر بەرە بۆ ڕێز و پاڕانەوە بەکار هاتووە و زیادە ڕێزیی سیامەند دەگەیەنی بەرامبەر مامیشی و هاوسەرگیرییەکەشی.

ئینجا پاساوی ئەو داخوازییە دەخاتە بەردەمی مام براکانی و دەڵێ:

" ئەگەر خەجم دەیێ حەوت خوشکم هەیە
دەیدەمەوە بەتۆ بۆ هەر حەوت کوڕانە.. "

لەوانەیە ئەمە ناهاوتاییی سیامەند لەگەڵ خەجێمان بۆ دەربخا، کە سیامەند ئەوەش دەزانێ و هەوڵی گۆڕینەوە، یا ژن بە ژنی خەج بەرامبەر بە حەوت خوشکی دەدا.. هەر چەند ئەمەشی بۆ ناچێتە سەر!! ئەمە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە پایەی ئافرەت لەو کاتە دواکەوتووانەی ئەوساکە چۆن بووە، کە ئامادەیە حەوت خوشکی بە دڵخوازی خۆی بگۆڕێتەوە، کە تەنانەت ژن بە ژن و گچکە بە گەورە و ئەو جۆرە کردەوانەش ناڕەوایە، کە لایەکی ئەو مرۆڤانە دەشێ بە نابەدڵی بدرێتە

کەسێکی ناشایستە، بەڵام ئیدی ئاستی کۆمەڵایەتیی سەردەمانێک بەو جۆرە بووە!.

ئەو ئەمانە دەکا بۆ ئەوەی گلەیی نەیێتە سەر، بەڵام لە کوردەواریی خۆماندا ڕەدووکەوتن هەر کارێکی سەرشۆڕکەرەوە و جێی شەرمەزاری بووە و نەدەبوو ئەوە بکرێ.

هەر لە سەرەتاوە سیامەند کە دێ و داوا لە خەج دەکا لەگەڵی بکەوێ:

"... فرمێسک لە چاوی خەج دێتە خوارە،
بە میسالی دە بارانە..
کوڕە ئامۆزا سیامەند گیانە
بەبابەوە دەبەر ئەو سمێڵانەت دەمرم
دەڵێ قەترانە.."

ئەگەرچی خەج بە ئاشکرا هیچ ناڵێ، کەچی کە لە وشەکانی ڕادەمێنین هەست بە جۆرە پاڕانەوەیەکی دڵتەزێن دەکەین کە ئەو کارە نەکرێ، بڕوانن سیامەند پاساوی ئەوە چۆن دەداتەوە و دەڵێ:

".. ئەمن هەڵم دەگرتەوە پۆلێک کوێخای شەرمندە
لەگەڵ مەلایەکی دە شەرحزانە
دەچوومەوە سەر بەڕەی مامم
ئەتۆیان بە من نە دەدانە.."

هەر کووەکی بێ دیسانەوە کارەکە لەسەر زاری خەجێوە دەبیەین دەڵێ:

" خەج دەیگوت: ئامۆزا سیامەند
من سووکایەتیم بەسەرشانی
دوازدە ئامۆزا و حەوت برا
لەگەڵ دایک و بابی خۆ دەهێناوە.."

*

هەروەک داوونەریت دەبینین

هەروەها لە پاش هەڵدێرانەوەی سیامەند و کەوتنە سەر لقە دارقەزوان بانگ لە خەجێ دەکا و دەڵێ:

"... وەرە لە پلێ دارەبەنێم وەکە
بمنێژە لەسەر ئەو دە چوارڕێگانە
بەڵکو پەیدابێ عێلەکەی سوورچی، زوراری، مامەساڵوەرە، مەرەندی..."

ئەگەرچی هەر ناوی ئەو چەند عەشیرەتە کوردییە دەبا و چاوی لەوەیە و دەزانێ ئەگەر یەک لە عەشیرەتە کوردەکان بگەنە سەریان پیاوانە و مرۆیانە ئەوپەڕی یارمەتییان دەدەن و بە هانایانەوە

دێن، کە ئەوە داوونەریتی کوردەواریی ڕەسەنە و هەرکەسێک بێ و پێویستیی بە یارمەتی ببێ یارمەتیی دەدەن.

*

هەروەک داوونەریت و لەم دەقەشدا دەبینین، پیاوی کورد سواری ئەسپ و ماین دەبن، کەچی ئافرەت سواری هێستر و گوێدرێژ دەبن، دەقەکە کە باسی سیامەند دەکا سواری ئەسپی سووری ڕەشباوی دەکا، کە ئەسپی کوێتی پێ دەگوترێ و دەڵێ:

"ڕووی دەکردەوە یەختە و یەختەخانێ
کوێتی دامێن تاریک، لەوی دەیکەحلانێ..
لە پشتی وڵاغەکوێتە دەکردەوە زینێکی دە ئالْمانی.."

بەڵام کە باسی خەج دەکا دەڵێ:

" ئەویش ڕووی دەکردەوە یەختەخانەی دەبابی
دەیهێناوە دەرێ ئێسترێکی ماچەکی

لەوانی دە گوێپانە.. "ان ماینێکی ڕەسەن دەربکا... بەڵام.. نا.. ئافرەت سواری ئێستر دەبێ.. ئیدی نەریتە!

خۆ دەیتوانی لە یەختەخانی بابیەوە کە دەوڵەمەندە گەورەکەیە، ئەسپێکی

*

وەک داوونەریتی ناشتنی کۆچکردوو، یان کوژراودا دەقەکە زۆر بە جوانی کورتەیەکمان بۆ باس دەکا کە پێویستی بە بەدواداچوونی ئێمە ناکا و دەڵێ:

" براکانی خەج و سیامەندی
کە دەگەیینە سەر ئەوێ مەیتان
دەناڵین، دەخورِین، دەبوونەوە پەرێشان

ئەوانیان لە پەلی دەکردنەوە
دەیانشوشتن و کفن و دفنیان دەکردن
تەسلیم بە خاکێیان دەکردنەوە
سێ جاران لەسەر یەک لە بانگیان دەداوە

شان و جلیان دە قورِێ دەناوە
بە هەناسەساردی، بەرەو وڵاتی ژەنگارێ
چیای کۆنەمووسڵی دەگەڕانەوە دواوە.. "

***

## ژمارەکان

باسی ژمارە پیرۆزەکان باسێکی دوور و درێژ و بەیەکداچووە و بوارێکی زۆری دەوێ کە گەلێک کتێب و لێکۆڵینەوەی بەرفراوانی لەبارەوە نووسراوە. ئێمە لێرەدا زۆر بە کورتی باس لەو ژمارانە دەکەین کە لەم دەقەدا بەکار هێنراون.

کورتەی ئەو باسانەی لەبارەی ژمارە " پیرۆز "ەکانەوە دەدوێن، دەتوانین بڵێین لەسەر ئەوە ڕێکن، کە ژمارە " یەک "، هێمای خوایە و یەکەمی پیتەکانە کە ئەلیفە و ژمارە یەکیشی دراوەتێ و سەرەتای هەموو شتەکانە.

ژمارە " سێ "، بەسەریەکەوە هێمایە بۆ خوا و حەزرەتی عیسا و مریەمی دایکی. لە سی ڕۆژەی مانگ و سی جزوەی قورعان و هی تردا چەند بارەی ئەو بەرچاو دەکەوێ.

ژمارە " چوار "، هێمایە بۆ چوار توخمی سەرەکی کە هەموو گەردوون پێک دەهێنن، کە " با و ئاو و ئاگر و گڵ " ە.

جا جگە لەوەی ژمارە یەک و سێ و چوار، لەبەر ئەو هۆیانەی باسمان کردن پیرۆزن، کۆی سێ و چواریش، کە دەکاتە " حەوت " یش هەر پیرۆزە.

کەواتە ژمارە پیرۆزەکان بوونە: " یەک و سێ و چوار و حەوت ". بەڵام ژمارە پیرۆزەکان بەمەندەکە کۆتاییيان پێ نایێ، بگرە هەموو دووبارەکانی ئەم ژمارە پیرۆزانەش پیرۆزن و بەشێوەیەکی ئەفسانەیی سەیر لە ژیانی مرۆڤ و ڕێکخستن و ڕێکەوتی گەلێ شتیش هەر دەچنەوە سەر ئەم ژمارانە و دووبارە و چەند بارەکانیان.

هەر بۆ نموونە دەڵێین: گوتراوە:

حەوت نهۆمی ئاسمان و حەوتی ژێر زەوی و حەوت ڕۆژەی حەفتە و... هتد.

دوازدەی چەندبارەی سێ و چوار " سێ جار چوار یان چوار جاران سێ "، دوازدە سەعاتی ڕۆژ و دوازدەی شەو و کە شەو و ڕۆژ دەکاتە بیست و چوار سەعات و دوازدە مانگی ساڵ... هی تر.

سی ڕۆژەی مانگ و سێسەت و شەست پلەی گۆشەی ناو بازنە و... هتد.

ژمارە " دە " کە لە سیستەمی دەیی ژمێریاریدا دەبینرێ و مرۆ هەر لە کۆنەوە بەکاری هێناوە، دەکرێ بڵێین دە و سەت و هەزار و... هتد، دەدرێنە پاڵ ئەم ژمارانەوە.

ڕاستییەکە ئەوەیە، ئەگەر هەندێک بە دوایدا بچین هیچ ژمارەیەک نامێنێ پیرۆز نەبێ، هەندێک ڕێکخراوی نهێنی و گرووپی هێماویست ژمارەکانیان بەکار هێناوە، هەر لە فیساگۆرسی فەیلەسووفی یۆنانییەوە بگرە کە بەپێی ژمارەکان ڕێکخراوێکی نهێنیی داناوە کە خۆی زانایەک " فەیلەسووفێکی " ماتماتیک بووە... و گەلێکی تری کۆن و نوێش هەن.

جگە لەو ژمارانە.. ئەگەر ژمارە " پێنج بۆ پێنج فەرزەی نوێژی ئیسلام " و هەژدە یان نۆزدە پیتی " بسم الله الرحمن الرحیم " و هی تر و هەرچەندە قسەیەک هەیە کە لە ئیسلامەتیدا پیرۆزی بە

ژمارەکان نەبەخشراوە.

هەروەها ژمارە دووی هاوسەرگیری و ئاینی دووانەیی " ثنوي " – ی بدەینە پاڵ.. هیچ ژمارەیەک لەو پیرۆزییە بەدەر نابێ..

بەهەرحاڵ ئێمە لێرەدا هەر ئەوەندەکە وەک پێشەکییەک باس دەکەین بۆ چوونە ناو ژمارەکانی ئەم دەقەی بەردەستمان.

*

ژمارە " سێ ":

چەند جارێک بەکار هێنراوە، کاتێک خەج کەڵەکێوییەکانی چاوپێ دەکەوێ، لە ترسان سێ جاران لە بانگ دەدا، واتە هاوار دەکا (ئەڵڵاهوئەکبەر = واتە: بانگی خوای گەورە دەکا) و دەقەکە دەڵێ:

" خەج ئەگەر وای دەزانی، (سێ) جاران لە بانگی دەداوە

سەری خۆی دە قوڕێ دەناوە.. "

یان کە چاری تری جگە لە خۆهەڵدێرانی بۆ لای سیامەندی نامێنێ:

" خەج (سێ) جاران لە بانگی دەداوە..

سەری خۆی لە قوڕێ دەناوە

شادە و ئیمانێکی بە هەقی هێناوە

لەسەرڕا خۆی بەسەر پەلی دارەبەنێدا دەداوە.. "

داستانەکە دەڵێ:

" سێ سەعاتی نوجوومی بە پەلی دارەبەنێوە دەبوونەوە

پاش سێ سەعاتان گیانیان بە حازران دەداوە... "

سیامەند لەسەر دارقەزواندا کە بە زامداری دەتلێتەوە و دەناڵێنی، بە خەجێ دەڵێ:

" خەجێ، من لەبەر برینانم ناناڵم

(سێ) بەشی لەبەر بێکەسییەکەی تۆ دەناڵم.. "

کە (سێ بەش) دەکاتە سێ لە چوار بەشان. کە تەواوی هەرچییەک بێ دەکرێتە چوار بەش، ئەمەش دیسانەوە چەمکی " ژمارە چوار "ەکەی تێدایە.

ژمارە " شەش ":

کە دووبارەی ژمارە سێیە، بۆ شەش لکەدار قەزوان بەکار هێنراوە کە چووە بە زگی سیامەند و دواتریش بە زگی خەجێدا، سیامەند دەڵێ:

" شەش پلەی دارەبەنێ لە زگی منیان داوە.. "

هەواڵنامەی کتێب

جا کە خەجیش خۆی هەڵداوێتە خوارێ:

" لە سەرڕا خۆی بەسەر پەلی دارەبەنێدا دەداوە..

ئەویش بەوان پەلانە دەگیرساوە،

کە ئامۆزا سیامەندیان پێ گیراوە..

(شەش) پەلی دارەبەنێ، لە زگی خەجێیان دەداوە.."

شایەنی باسە لێرەدا ئەوەش بڵێم کە بە پێی قسەی هیرۆدۆتی مێژوونووسی گەورەی یۆنانی " گریکی " کە بە باوکی مێژوو ناودەبرێ، تیرەکانی میدیاییەکان " کە ئەوسا بە هەموو ئێران گوتراوە میدیا، شەش تیرە بووە، ئەمانەن: بووسائییان و پارەتاسەنییان و ستروشاتییان و ئاریزەنتییان و بوودییان و ماگییان.

ژمارە " حەوت ":

دیارە بوونی حەوت برای خەج و حەوت خوشکی سیامەند و حەوت قوببەی سەر مەتاڵ، ڕێکەوتێکی ڕاستیش بێ هەر سەیرە:

" سەری سیامەندت بێ بە قوربانە

ئەگەر خەجم دەیێ، (حەوت) خوشکم هەیە

دەیدەمەوە بەتۆ بۆ هەر (حەوت) کوڕانە.."

هەروەها دەقەکە دەڵێ:

" بە پشتی خۆیدا دەداوە مەتاڵێکی

(حەوت) قوببە زێڕی لەوی دە کارخانە..

یان دەڵێ:

" بە جووتە سوارە سوار دەبوون

دەڕۆیین حەوت شەو و حەوت ڕۆژانە.. "

ژمارە " هەژدە ":

ئەمەش هەر لە چەندبارەبوونەوەی ژمارە (سێ)وە پەیدا دەبێ، لە باسی خۆ ئامادەکردنی سیامەنددا دەڵێ:

" لە بەرکۆی زینی دادەنا ڕمبێکی

(هەژدە قەفی)ی میسریی سەر بە جۆلانە.. "

ژمارە " بیست و چوار ":

کە چەند بارەی سێ و چوارە، لێرەدا بۆ عەیاری زێڕ و لیرە بەکار هێنراوە:

" تەماشای پووڵی سەری خەجێ
لێی نەسب کراوەتەوە، دوڕ و لەعل و
یاقووت و (ئەشرەفی)،
لەوانی دە (بیست و چوار) ە... "

ژمارە " سی ":
ئەمەش لە چەندبارەبوونەوەی ژمارە سێوە هاتووە:
" براکانی خەجێ سوێندیان دەخواردەوە
بە (سی) جزوەی دە قورعانە.. "

ژمارە " چل ":
چل کەڵەکێوییەکەی ئەم داستانە چەند جارێک دووبارە بووەتەوە، کە چەندبارەکردنەوەی ژمارە چوارە و دەڵێ:
" لەو خەوەدا دەیدی (چل) کەڵەکێوی
سەریان دەهێنا لە سیپانە.. "

ژمارە " هەشتا ":
ژمارە هەشتا کە چەندەبارەکردنەوە " بیست بارە "ی ژمارە چوارە و بۆ زیادەڕەوی هەشتا هەزار بەکار هێنراوە بۆ هەموو نەتەوەکانی سەرزەوی و دەڵێ:
"ئەمن حەیاتی خۆم لە بەردەستی تۆ ناوە
بۆیە لەگەڵ تۆ نەکەوتووم بگەڕێمەوە دواوە
خوداوەندی هەشتا هەزار عالەمی
نایەڵێ من و تۆ لێک ببینەوە چە مرادکاوە.. "

ژمارە " سەد ":
لێرەدا ژمارە " سەد " بۆ ناوەکانی خودا بەکار هێنراوە:
" (سەد) ناوی خودای لەسەر بێ، دەتگوت
قارەمانی دێوقڕانە، ڕۆستەمی دە کوردستانە.. "
واتە، سەد ناوی خودا لە چاوەزاری بپارێزێ کە دەڵێی قارەمانی دێوشکێنە، ڕۆستەمی زاڵە و لە کوردستانە.
ئەوەی باوە لە ئاینی ئیسلامدا، کە مەبەست لە زمانی عەرەبییە، خودا سەت و یەک ناوی هەیە نەک سەد. ئەوەش هەیە هەندێک زانا تەنیا وشەی " اللە " بە تاکە ناوی خوا دادەنێن و ئەو

سەدەکەی تر بە ڕاناو " سیفەت " دادەنێن.

ژمارە " دوو ":

باسی ئەم ژمارە دووەم لەبەر چەند هۆیەک خستە کۆتایی، یەک لەوانە ئەوەیە کە نەمدیوە لەناو ژمارە پیرۆزەکانی دابنێن. هەروەها لە دەقی لەم جۆرەدا کەمتر بینراوە، ئەمەش دوور نییە پێوەندیی بەو ئاینەی دووانەیی " ثنوي " ی (دوو خواپەرستی !!!) یەوە هەبێ کە لە مێژە باوی نەماوە، دەنا هێمایەکە بۆ ئاهوورامەزدا و ئەهریمەن، چاکە و بەدکاری، ڕۆژ و شەو، شەڕ و ئاشتی و.. هی تر.

لە شوێنێکی ئەم دەقەدا دەڵێ:

" شەش پلەی دارەبەنێ لە زگی منیان دەداوە

(دووانیان) لە من بوونەوە بە حەکیم

(دووانیان) بوونەوە زەواڵی مەرگم

(دووانیان) بوونەوە زاڵم.. "

یان دەڵێ:

" بڵێن هەناسەی سیامەندی..

کە بە هیلاک چووە..

لەسەر (دوو) چاوی خەجە جوانێ.. "

خۆ ئەگەر وشەی جووتەش بۆ گوزارەی دووان پەسند بکەین کە لە هەندێک شوێنی زمانی کوردیدا بە کار هێنراوە، دەتوانین ئەمەی لێرەش بەکار هێنراوە ئاماژە پێ بدەین کە دەڵێ:

" بە جووتە سولرە سوار دەبوون

دەڕۆیین حەوت شەو و حەوت ڕۆژانە.. "

یان:

" جووتەئاشقی ئیلاهی لەبن ئەوی قەرە ڕەشماڵێن... "

مەگەر لە کۆتاییی باسی ئەم ژمارانەدا ئەوەشی بخەینە سەر کە گێڕەرەوەی بەیتەکە دەڵێ

" سەد لەعنەت بێ،

لە (دوو – زمان) و شەیتانی.. "

***

هەوالنامەی کێتی

## فەرهەنگۆک

" ئـ "

ئاشقیئیلاهی: (ع) دڵداریی خوایی، ئەوینی خاوێن.

ئاواڵ: (ک) ئاوەڵ، هاودەم.

ئەشرەفی: (؟)جۆرە دراوێکی زێڕینی بچکۆلانەیە، لە سەردەمی شا ئەشرەفی قاجاریدا لە ئێران باو بووە. دەکرێ بە پڵپڵەی هێندێ چەکی ژنانە.

ئیقباڵ: (ع) دوارۆژ، داهاتوو.

ئیمان: (ع) بڕوا، باوەڕ.

ئێستری ماچەک: (ک – ف) هێستری مێ.

" ب "

باڕاندن: (ک) باڕەکردنی مەڕ و بزن.. لێرە مەبەست لە دەنگ و هاواری سیامەندە.

باڵەخانە: (ک) سەرخان، نهۆمی سەرەوە لە خانوو.

بلوێر: (ک) شمشاڵ، نای.

بەرکۆی زین: (ک) قەڵپووزی زین، شتێکی بەرزە لە زین دەکەوێتە بەردەمی سوارەوە.

بەشان: (ک – ؟) گەورە و پایەدار.

بەقا: (؟) بڕوا، باوەڕ، متمانە.

بە میسالی: (ک – ع) بە وێنەی، وەکو، وەک، چون.

بەوەی کەم: (ک) سوێندم بەوەی کە..

بەیبوون: (ک) ڕووەکێکی بەهاریی بۆن خۆشە، گەڵای وەک گەڵای شویت وایە، گوڵێکی زەردی خڕ دەگرێ. گوڵە حاجیلە.

بە هەق: (ک – ع) بەڕاستی، پڕ بە دڵ.

بەیت: (ک) داستان.

بێری: (ک) شوێنێکی تایبەتییە مەڕی لێ دەدۆشرێ.

بێ شەریک: (ک – ع) بێ هاوبەش.

" پ "

پادشای لامەکان: (ک – ع) شای شوێن نادیار. مەبەست لە خوایە.

پاشوو: (ک) هەردوو پێی وڵاخی یەک سم.

پسوڵمان: (ک) موسڵمان.

پل: (ک) پەل، لق.
پلەپلەی سیپان: (ک) پلە بەرزەکانی چیای سیپان.
پۆل: (ک) کۆمەڵ، تاقم.
پۆل پۆل: (ک) کۆمەڵ کۆمەڵ.

" ت "

تات: (ک) تەلە بەردی پانی درێژ.
تاوسی مەست: (؟-ک) تاوسی سەرخۆش.. مەبەست لە ڕەنگی تێکەڵبوونی زوڵفی خەجێ و پرچی سیامەندە، کە لە سەرەمەرگیاندا بەڕەنگی پەڕە ڕەنگاوڕەنگەکانی تاوسی مەستی شوبهێنراوە.
تاوی باران: (ک) بارانێکی لێزمەی کەم.
تفەنگی تەنگەمزی: (ک) تفەنگی قایش " پشتێن " ڕەنگ قوڕقوشمی.
تەپڵەک: (ک) سەرەدارێکی درێژکۆلەیە دەخرێتە سەر کۆڵەکە و نیرگەی لەسەر دادەنرێ.
تەسلیم: (ع) بەدەستەوەدان.
تەڵقین: (ع) تێگەیاندن.. لێرەدا مەبەست لەو وتارەیە کە مەلا بەسەر مردوویدا دەخوێن، ڕێوشوێنی چاکی پاش مردنی تێ دەگەیەنن.
تەنگەزەرد: (ک) تفەنگێکی قایش " پشتێن " زەردی برنجی.

" ج "

جزوە: (ع) جوزء – ی عەرەبی، بەش.
جوولەکە: (ک) جوو.
جەبە : (؟) جبە، پێویستیی چەکی ئاگرکەرەوە.
جەبەخانە: (؟ – ک) جبەخانە، کۆگای چەک و پێویستییەکانی.
جەغار: (ت)چەخاری تورکییە، ژان، ئێش.
جەماعەت: (ع) کۆمەڵ، لێرەدا مەبەست لە کۆمەڵی گوێدێرانە.

" چ "

چریکەچریک: (ک) دەنگی زۆرتیژ و بەرزی یەک لە دوای یەک.
چوونەسەر بەڕە: (ک) چوونە خزمەت، چوون بۆ لای کەسێک بۆ دیدەنی، یان بۆ تکاکارییەک،
چۆم: (ک) چەمی ئاو، زێ.
چەکمە: (ت) پێڵاوێکی چەرمی لاسک درێژە لە قوڕ و چڵپاودا لە پێ دەکرێ.

هەولێرنامەی کتێب

" ح "

حازر: (ع) ئامادە.

حەکیم: (ع) پزیشک.

" خ "

خورجن: (ک) خورجین، خورج.

خوڕین: (ک) تووڕەیی و پەستبوون.

خێوەت: (ع) لە خەیمەی عەرەبییەوە وەرگیراوە، ڕەشماڵ، چادر.

" د "

داربەیداغ: (ک – ت) دارئالآ.

دارەبەن: (ک) دارقەزوان.

داسنی: (ک) یەزداسنی، یەزدایسنی، ئێزیدی.

دامێن تاریک: (ک) داوێن ڕەنگ تێر، لێرەدا مەبەست لە دامێن، چوارپەلی ولآخە.

دوجەیل: (؟) دەبێ مەبەست لە نەتەوە یا گەلێکی ناموسڵمان بێت.

دوڕ: (ع) بەردێکی گرانبەهایە، لە دەریاوە دەردەهێنرێ.

دونیای فانی: (ع) ئەم جیهان و ژینەی ئێستامان کە بەسەر دەچێ و نامێنێ.

دەبان: (؟) جۆرە پۆلآیەکی نایابی گەوهەرداری شەپۆلاوییە، شمشێر و خەنجەری لێ دروست دەکرێ.

دەستەملانە: (ک) بەیەک گەیین، بەیکتری شادبوون.

دەسک نێرۆیی: (ک) دەسک توند و بەهێز" ؟ ". یان.. ئەو دەسکە خەنجەرەی لە شاخی نێری (کەڵەکێوی) دروست دەکرێ.

دەرودەرییان: (ک) دەرگە و دەروازان.

دەورە بە زنجیر: (ع – ؟) ڕەشماڵی دەورە بە ئاوریشم هەڵبەستراو.

دێوقڕان: (ک ـ ت) دێوشکێن، دێوبەزێن.

" ڕ "

ڕمب: (ع) لە (رمح)ی عەرەبییەوە هاتووە. ڕم.

ڕمبی هەژدە قەفی: (ع – ک) دیدەسکی ڕم لە داری پتەو و قەفقەفی وەک دار حەیزەران دروست کراوە. ڕمبی هەژدە قەفی.. واتە: داری ڕمبەکە هەژدە قەف درێژییەتی.

ڕۆمی: (؟) تورکی ڕۆئاوایی کە پێشتر لە ولآتی ڕۆمەکاندا نیشتەجێ بوون و ئەمڕۆ لە ناو سنووری تورکیادان کە ئەو خاکە پێشتر بەدەستی ڕۆمە بیزەنتییەکانەوە بووە.

" ز "

زاڵم: (ع) زۆردار.

زوراری: (ک) زراری، ناوی تیرەیەکی کوردە.

زولجەلال " ذوالجلال ": (ع) خاوەن شکۆ.

زەواڵی مەرگ: (ع ـ ک) هۆی مەرگ، مەرگهێن.

زیارەتگە: (ع ـ ک) جێی سەردان، قسن، گۆڕی پیرۆزی پیاوچاکان کە خەڵکی دەچنە سەردانی.

" س "

سوورچی: (ک) ناوی تیرەیەکی کوردە.

سوێسن: (ت) " لە سوسەنی تورکییەوە هاتووە، واتە: خامۆش ": جۆرە گوڵێکە چەند ڕەنگێکی هەیە.

سەعاتی نوجوومی: (ع) سەعات دیارە، نوجووم کۆی " نەجم " یان " نەجمە " ی عەرەبییە، واتە ئەستێرە، نوجوومی بەهەر شتێک گوتراوە کە سەر بە ئەستێرەناسی یان گەردووناسی بێ، بەڵام بۆم ساغ نەبووەوە ماوەکەی چەندە. بەگشتی سەعاتی نوجوومی لە هەندێک ئاخاوتندا بە ماوەیەکی کورت دەگوترێ.

سیپان: (؟) ناوی دوو چیای کوردستانە، یەکێکیان لە کوردستانی باکوردایە و ٤٤٣٤ مەتر بەرزاییەتی، دەکەوێتە ناو سنووری ناوچەکانی " پاتنۆس و عادلجەواز و ئەخلات و مەلازگرد، بەڵام ٣ / ٤ ی لەناو سنووری پاتنۆسدایە. لەو دەوروبەرەدا چیای وەها بەسام و بەرێزی لێ نییە. وەکو ئەفسانە باسی لێوە دەکا، چل گۆڕە شەهیدی لەسەر لووتکەدا هەیە، تەنانەت باس لە گۆڕی پێغەمبەرێکیش دەکرێ، شۆڤینییە تورکەکان ناوەکەیان لە (سیپان)ەوە کردووەتە " سوبحان ".

دووەمیان کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدایە، دیارە ئەم دەقەی بەردەستمان باسی ئەمەیان دەکا، من هیچ زانیارییەکم لە بارەیەوە دەست نەکەوت.

سیپە: (ک) پارچە ئاسنێکە بە سەرپشتی تفەنگەوە، بۆ ئەنگاوتنی نیشان بەرزونزم دەکرێتەوە.

سیلە: (ک) دەمکەل، ڕیز.

سێ وەر: (ک) سێبەر، سایە، نسێ.

" ش "

شادە: " لە شەهادەی عەرەبییەوە هاتووە، واتە: گەواهی ": (ع) لێرەدا مەبەست شایەتمانی موسڵمانانە.

شانشین: (ک) خانووی فرەنهۆم، بە تایبەتی نهۆمی سەرەوە.

شۆڕەلاوە: (ک) لاوچاک، لاواندنەوە.
شەرحزان: (ع – ک) کەسێک لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی پێغەمبەر بزانێ، یان لە شەرع و ڕێباز و یاساکانی ئیسلامەتیدا شارەزا بێ.
شەرمەندە: (ک) بە ئابڕوو، شەرمندە.
شەشخان: (ک) جۆرە تفەنگێکە لە ناوەوە شوێنی فیشەکی ببێ.
شەقوونی دەبرد: (ک) قۆچی دەهاویشت، شاخی لێ دەدا.

" ع "

عرووس: مەبەست لە نەتەوەی ڕووسە.
عوزر: (ع) بیانوو، هۆ.. شەرم و شۆ؟
عەزم: (ع) نیاز، زات وەبەرخۆ نان بۆ کردنی کارێک.
عەزیم: (ع) مەزن، فرەگەورە.
عەزیمەت بە شان: بەزات و ئازا و پایەبەرز.
عێل: تیرە.

" ف "

فەرەنگ: ڕۆئاوایی. جار و باریش بۆ غەیرە موسڵمان بەکار هێنراوە.

" ق "

قران: جۆرە دراوێکی کۆن بووە.
قەتران: تیژاوێکی زۆرڕەشە.
قەرە: ڕەش
قەرە خوراسان: جۆرە شمشێرێکی چاک بووە، وا دیارە لە وڵاتی خوراساندا دروست کراوە.
قەرە ڕەشماڵ: ڕەشە ڕەشماڵ، ڕەشماڵی لە مووی ڕەش چنراو.
قەشان: قەش، ناوچەوان سپی، برێتی لە شووم.
قەول: (ع) بەڵێن، قسە پێدان.
قیمەت: (ع) نرخ، بەها، بایی.

" ک "

کارخانە: (ک) ئەو شتەی لە کارگە و کارخانە دروست کرابێ، شتی نایاب و چاک.
کامڕانی: (ک) شادی و خۆشی، بە ئامانج گەیین.
کاو: (ک) ئارەزوو، مەبەست.

هەوالنامەی کتێب

کفن و دفن: (ع) کفن بەبەر مردوودا کردن و ناشتنەوەی.
کوێت: ولاخێکە ڕەنگی سوورێکی تاریک بێت.
کەحلان: ئەسپی ڕەسەن.
کەڵ: (ک) نێری بزنەکێوی.
کەیخودا: (ک) کوێخا، دەمڕاست و کاربەدەستی دێ.

" گ "

گاز دەکا: (ک) بانگ دەکا.
گڕ: (ک) شتی زبر، بەردی گڕ.
گمەی کەو: (ک) قاسپەی کەو، لە ڕاستیدا گمە ناوی تایبەتیی دەنگی کۆترە.
گول: (ک) گیاندارێکە جەستەی بچووک بێ.
گوێ مشکە بوون: (ک) تازە گەڵا کردنی درەخت. من وای بۆ دەچم لە (گۆ: واتە گۆپکە، پشکووتە بوون)ەوە هاتبێ.
گۆڕ غەریب: (ک – ع) لە دوورەولاتیدا نێژراو.
گۆلاگۆل: (ک) گۆلاوێکی پان و بەرین " بێ پەی "، لێرەدا " بەلای منەوە " لە بنەڕەتدا مەبەست لە گۆمی وان بووە.
گیاخاوە: (ک) گیایەکی گەڵا تووکنی گوڵ زەردی بۆن خۆشە.
گیربوون: (ک) توندبوونی شتێک لە شتێک. بەندبوون و مانەوەی یەکێک لە شوێنێک و قەتیسبوونی.

" ل "

لە بانگدان: دەست بە هاوارکردن.. بانگدان، بەدەنگی بەرز ناوی خوا بردن.
لەعل: بەردێکی ڕەنگ ئاڵی بە نرخە.

" م "

مامەش: ناوی تیرەیەکی کوردی کوردستانی ڕۆهەلاتە.
مراد: (ع) مراز، نیاز، ئارەزوو.
مرادکاوە: (ع ـ ک) مراد و کاو هەردووکیان واتەی ئومێد و ئارەزوو دەگەیەنن، لێرەدا مەبەست لە نائومێدی و ڕەنج بەخەسار چوون دەگەیەنێ، نازانم چۆن بەم جۆرە لێرەدا بەکار هاتووە.
موبتەلا: (ع) گیرۆدە، تووشبوو.
مەتاڵ: قەڵغان.
مەملەکەت: (ع) وڵات.

میرات: (ع) پاشماوە، کەلەپوور.

مێرگ: (ک) چیمەن.

" ن "

نامی: بەناوبانگ، بە دەنگ و ناو.

نقوچ: نوقورچ، قورنجک.. لێرەدا مەبەست لە سمکۆڵکردنە.

نەچیری من گەل بە داوێ دەبوونەوە گیرێ: نێچیرەکانی من بە کۆمەڵ بە داوەوە دەبوون.

نەسب کراوە: دامەزرێنراوە، پێی ڕازاوەتەوە.

نەعرەتە: دەنگی زۆر بەرز و گەورە، کە لە خۆشییەوە پەیدا بێت.

نەهاتییەت: (ک) نەهاتی، نەهامەتی، نەگبەتی.

نێوچەوان قەشان: ناوچەوان سپی.. ئەم ناوە بەزۆری بۆ بزن بەکار دەبرێت.

" و "

وەزن: (ع) کێش، سەنگ، قورسایی.

" هـ "

هەلالە: (ک) گوڵێکی بۆنخۆشی کوێستانییە.

هەڵداشتن: (ک) خستنەخوارەوەی شتێک لە بەرزییەکەوە.

هەڵدێران: (ک) کەوتنە خوارەوە لە شوێنی بەرز.

هەڵوتن: (ک) لاواندنەوە، شیعر پێدا هەڵوتن.

" ی "

یاقووت: بەردێکی ڕەنگ ئاڵی بەنرخە.

یاڵەشێر: (ک) یاڵ و تووکی پشتی ملی شێر.

یەختە: (ک) بارگیری خەساو.

یەختەخان: تەویلەی یەختە.

هەواڵنامەی کتێب

# چیرۆکی مەم و زین

## دڵدارییەکی پاک و خاوێنی گیانی بە گیانی
## سەودایەکی پڕ لە عەشقی پیرۆزی یەزدانی
## لە کوردستانا ڕووی داوە

پیرەمێرد

### پەردەی یەکەم

مەم ڕەنگ زەرد، دڵ بریندار، سەودا زەدەی لە گیان بێزار؛ بەسەر تەلارەکەدا دێت و ئەچێت، باری گرانی عەشق قەد و باڵای مەردانەی چەماندووەتەوە، نیمچە تایەکی سەوداگەری خستۆتە دڵ و دەروونییەوە، گڕی هەناسەی دەمی وشک کردووە، لێوی بەڵخی گرتووە، سەرەتای سەودای دڵداری بروسکەیەکی لە چاویا پەیدا کردووە پرشنگ ئەدا، ناوچاوانی بڵندی بە ئازاری دەروونی گرژ بووە، کەمەربەندێکی شل و شان و ملێکی پەشێو و شەڵوار و مرادخانی لە بەردا، چەکمەی سواری مامزەداری لە پێدا، جارجار هەڵدەوەستایەوە و دەهاتە سەر قینی پێ بدا بە زەویدا بە زۆری دلاوەری تەلاری سەرا و تەختی پادشای ئامێدی تەخت کا خاتوو زینی بۆ دەرکەوێ، گاهێکیش خاو ئەبێتەوە لە دڵدا، دەڵێ: با خاتوو زین نەکەوێتە بەر زوبان.

بەنگینە – بە ئەسپایی ئەچێتە بەردەمی ئەڵێ: تاجەدین ئاغا ڕای سپاردووە ئەمڕۆ نەورۆزە کەس لە شارا نامێنێ هەموو دەچنە سەر سەهۆڵاوی ئامێدی ئەویش بفەرمووی ئەکۆ و چەکۆ ئامادەن لە خزمەتیا دەچن بەڵکو نەختێ دڵی بکرێتەوە. (مەم) بە کزییەکەوە "ئاە بەنگینە دەردم کارییە، برینم نادیارییە، چوونیشم ناچارییە، با بڕۆین". (هەڵدەسن دەڕۆن).

***

مەم لە پێشەوە، بەنگینە و ئەکۆ و چەکۆ لە دوایەوە ئەڕۆن بۆ سەیرانی سەری ئامێدی، ئەو ڕۆژە ئەو داوێنی کێوە بە گوڵی گیاندار و بێ گیان رازاوەتەوە بەڵام مەم چاوی کەس نابینێ هەمیشە بۆ زین چاو ئەگێڕێ وە سەر ئەنێ و ئەڕوا تا گەیشتە مەڵبەندێ کە (سەیرانگەی دەستەودائیرەی میری ئامێدی)یە. ئەکۆ کە لە دواوە بوو کەوتە تەلاشەوە و خۆی گەیاندە بەنگینە وتی نامەرد خۆت بگەیێنە مەم ئەو شوێنە ئەو ڕووی تێ کردووە بێشەی شێر شکارە، سەرا پەردەی خاتوو زینی نازدارە.

(بەنگینە پێ هەڵدەگرێ بانگێ ئەکاتە کاکە مەم)

ئەرێ کـــاکە مەم هۆ کاکـــە مەم          خۆ من هەمـوو دەمێ بەندەگیت دەکەم

ئامۆژگاری تۆ ڕای بە من ناکەوێ          بەڵام لە پێشـــمانـەوە وا سەر دەکەوێ

بە کەش و فشیانا دائیرەی میرین لەوێ

«چ فـائـیـدە تا بـەنگینـە بانگی لـە مـەم کـرد کـار لە کـار ترازابوو، زین لـە پێـشــا (مـەم)ی دیبـوو ناسـیبـووی چونکە لەوەوبەر ئـەرژەنگی جیـهـانگەڕ وێنەی (مـەم)ی پێشان دابوو و لە پشـتی وێنەکە نووسـیبـووی کە مـەم کێیـە و نشیـمـەنی لە کوێیـە و شـەیدای کێیـە؟ زین (لەگـەڵ مـەم ئـەبینێ بێ ئیـختیار ئاهـێ دەکێشـێ) و ئەڵێ ئاه: ڕۆژەکەیە کە لێی ئەترسام، خـۆیەتی، بەڵێ خۆیەتی: (مـەم)ە دڵ پڕ غـەمـە؛ بۆ من هـاتووە و لە ڕێشـیـا بمرم کەمـە «لەگـەڵ ئەمـە ئەڵێ بێ هۆش ئەکـەوێ». پەریزاد ئەگاتە فریای هەڵی ئەگرێ و ئەیباتەوە ناو دەستەی خۆیان.

مەم کە چاوی بەمە ئەکەوێ، ئەویش بە بۆنەی ئەو وێنەیەی کە ئەرژەنگی جیهانگەڕ بۆی هێنابوو ئەویش خـاتـوو زینی نـاسـیـیـەوە و چاوی لـێ بوو کـە بە چاوپێکەوتنی ئەو چی بـەسـەرهـات دڵی ڕاچەنی، هێـزی ئەژنۆی نەمـا نزیـک بـە دارێک بوو، خـۆی گـەیاندە دارەکـە و خـۆی پیا هەڵپـەسـارد چاوی لێک نا. ئەو، وێنەیەی کە ئەرژەنگی جیهانگەڕ نیشـانی دابوو و ئـەم ڕوخسـارە شـیـرینە کە ئێستا بە چاوی خۆی دیبووی لەگەڵ یەکدا بەراوردی دەکرد، ناڵاندی وتی:

ئاه؛ ئەوە؛ ئەوە.

«نەیئـەوێرا چاو بکاتەوە نەک خـەیاڵی ڕوخسـارەکـەی لە بەرچاو بفڕێ، دوایی خـۆی ڕانەگرت کە چاوی هەڵهێنا کەس دیار نەبوو».

هوریزام جە خاو سەرسام مەدهۆش     نە لەیل نە ساقی نە مەی نە مەینۆش

ئەم جلوە و گـریشـمـە و خۆشـاردنەوەیەت لە چی وا تۆ منت بە غـەمـزەیێ کوشت تازە بۆ کوێ دەچی؟

«تێ فکری و کەس دیار نەبوو گریا و ئاهێکی تری کێشا».

(ئینجـا ئاوڕی دایـەوە بەنگینـە گـەییـبـووە لای هـات تەریق بێـتـەوە پێـی نەکـرا کـوڵی گـریانی نەدەنیشتەوە).

بەنگینـە دەسـتـەسڕی ئاڵی لە لاقـەدی خـۆی کردەوە و دایە دەسـتی گرتی بە ڕوویەوە تـا نەختێ گڕی دەروونی کوژایەوە.

(ئینجا بەنگینە ڕووی تێ کرد وتی): هەرێ مەم ئاغاکەم مەم ماڵوێرانی بۆ بەنگینە کە دوای تۆ کەوتووە، من ئەم فیداکاری و شوێنکەوتنی تۆیەم بۆ ئەمە بوو ئەمگوت: مەم لە دەست مەڕنەمووکە نانالێنێ ئێستا ئەم گریانە چییە؟

گەیینە سەرچاوەکەی سەرچنار کە پاشبەند و پێشبەندی دولدولی ئیمام عەلیی لێیە لەو بێشەوە کە شێر هاتە دەرێ پەلاماری دای رانەچڵەکیت کوشتت؛ ئێستاش ئەو شوێنە بە کلکەی شێرکوژ ناوئەبرێ و لە هەولێر کە ئەسپەکەت لای شێرۆی ناڵبەند ناڵ ئەکرد هەر ناڵی بۆ ئەسپەکەت ئەبڕی تۆ بە هەوەس ئەو ناڵەت وەرگرت بە دەستەوە وەک نانی نەرم ئەتپێچایەوە ئێستا چۆن ڕووت دێ بگریت؟

مەم: بەنگینە بەنگینە تا ئێستا هیچ زۆری بازوویێ منی نەگریاندووە بەڵام:

راستە پیشەی عەشـــق دەرکی شێرگیـــرە        چنگی چنگ نییە قولاپی شیـرە

پەنجەی لەناو جەرگ هەر کەس مەحکەم کرد        ئامانی نەدا ریشەی دەر هاورد

بەنگینە ئەڵێ: ئەکۆ و چەکۆ کە لەبەر ناو و شوهرەتی مەردانەگیت کەمەری خزمەتکارییان بەستووی، گریانت لێ ببینن دەڕۆن نەخوازەڵا ئەمیر زەینەدین ئەگەر بزانێ تۆ بۆ خوازبێنیی خوشکی هاتووی وە ئەمە حاڵتە ئەوسا چی دەکەیت؟ خۆت کردەوەکەی خۆت بێنەرە پێش چاوت ئێستا تۆ هاتووی لە مەیدانی عەشقبازیدا و خوازبێنیی خاتوو زیندا بووی بە رەقیب و دوژمنی عەلی بەگ بێژەن ئۆغلی قوماندار ئۆزون حەسەن کە شاهێکی وایە دەوڵەتی عوسمانیی هێناوەتە ژەنگ ژار! ئێستا کەوتوویە گریە و زار من وام بە تۆدا رائەپەرموو سبەینێ لە مەیدانەی بەردا سەری ئۆزون حەسەن بدەی بە بەردا.

(مەم هەرچەن زەدەی پێکانی ئەو نیگاهەی زین بوو بەڵام بە لۆمەی بەنگینە تەکانی دایە خۆی و هات بەڕێوە، کە گەیشتە راستی ئەکۆ زۆراکی زەردەخەنەیەکی گرت) وە پرسی: چەکۆ بۆ کوێ چوو؟ ئەکۆ وتی: پیاوێکی بەدی بەدکردار هەیە هەمیشە ئیشی چلوچویی و بەدزوبانییە چەکۆ لە دوای ئێمەوە دێ ناوی بەکر مەرگەوەڕە بە ڕاستی؛ مەرگ ئاوەرە.

وتی: ئەمە هەبێ و نەبێ شوێن ئێمە کەوتووە با خۆمی بگەیەنمێ دوو سێیەکی تێ هەڵدەم (چوو بە شوێنیا بەڵام خوا بکا نەیگاتێ) مەم ئەمەندە پەشێوی سەودای زین بوو بەکر مەرگەوەری بە خەیاڵا نەئەهات، وردە وردە هاتەوە قەراغ شار لەوێ تاجەدین ئاغای هاتبوو بە پیرەوە، تاجەدین ئاغا پیاوێکی کەڵەگەتی شان و باهوودار؛ ریشێکی سپی، لووتێکی بەرانی رەنگ و روخسارێکی مەردانە و چاوێکی گەشی پڕ سام، بە دەم پێکەنینەوە رووی کردە مەم، وتی: ئەمڕۆ میر ماندوو دەبینم وا تێ ئەگەم فێری پیادەکردی نەبووی؛ فەرموو دیوەخانی خۆتان. زاتەن لە ڕێوە هاتبوویتە ئەوێ، میر بە زۆر بردنییە لای خۆی ئێرە جێی خۆتە دەحەسێیەوە ئینجا ئارەزوو بفەرموون ئەچینەوە بۆ خزمەت میر.

«لایە زۆر و لایە خواهیشت هێنایە دیواخانەکەی خۆی و نەیهێشت کەس بە لایا بچێ تەنها بەنگینەی لەلا بوو کە کەوتە تەنهاییەوە ئینجا کوڵی گریانی هەڵسا، بەنگینە دەنگی نەکرد تا بە فرمێسک نەختێ گرێی دەروونی نیشتەوە» ئینجا وتی ئاخ بەنگینە چارەیەکم بۆ بدۆزەرەوە، ئەم

گڕە چییە لەناو جەرگما! ئەم پەنجە ئاسنینە چییە؛ باهووی مەردانەی منی تێک شکاندووە؟ دەر و دەشت و بیابان لە پێش چاوم پڕە لە جیلوەی دیداری خاتوو زین ئاه، ئەو گەردنە جوانە کە لاری کردەوە و کەوت بە لادا ئەو چاوە جوانانە کە ئەبڵەق ئەبوو و بە ئاخەوە تەماشای منی پێ کرد، ئەو هەناسە پڕ بڵێسەیە کە بە داخەوە هەڵی کێشا و بۆ عەشقی من و بە تەماشای من لەسەر خۆی چووبوو بە داوێک دەچووە گەردنمەوە، شەرت بێ ئەو کە ژنە و بۆ من وایە من کە پیاوم تا ماوم ئەم دیمەنە لاناچێ لە پێش چاوم.

«ئەمەی گوت و لێفەکەی بەسەر خۆیا کێشا»

بەنگینەیش بە دزییەوە بۆ مەم دەستی کرد بە گریان و پەیمانی بەست تا مەم بە دیداری خاتوو زین شاد نەبێ بەجێی نەهێڵێ و پشتی چۆڵ نەکا. لەم چەند و چوونەدا بوون و نێرراوێکی ئەمیر زەینەدین بە شوێن (مەم)دا هاتبوو کە بچێتەوە دیوەخانی میر، توومەس بەکر مەرگەوەڕ خەبەری گەیاندبووە میر کە چۆتە ماڵی تاجەدین؛ سا پێشخزمەتەکەی میر ڕۆیی و نەڕۆیی) «پەریزادی کەنیزەکی خاتوو زین هات، بەنگینە خۆی گەیاندێ) وتی مەم زۆر بێ ئارامە، ئەمڕۆ کە چاوی بە خاتوو زین کەوتووە وا بێ هۆش بووە ئەمیش زۆر پەشێوە، ئەگەر خاتوو زین نەبینێ بە هیچ تەسەللای نایەت.

پەریزاد: بەنگینە نازانم ئەمە چ قوڕێکە بۆ من و تۆ گیراوەتەوە تۆ دڵسۆزی مەم و من دایەنی زین ئەم بەڵای عەشقە کە ئەم جووتەی پێ شێت بوون ئاوە ڕەشیکە بۆ هەموومان بڕاوەتەوە؛ ئەو خاتوو زینەی کە تا ئێستا هیچ گیانلەبەرێک نەیئەتوانی ناوی پیاوی لابەرێ ئەمڕۆ کە (مەم)ی دیوە بێ هۆش کەوتووە لەوساوە چاوی هەڵبڕیوە بێ پەروا هەر ئەڵێ ئاخ، مەم بۆچی بەجێت هێشتم؛ ئەگری و ئەناڵێنێ ئەڵێ ئیللا هەر ئەچم هەر ئەچم لە هەر کوێ بێ ئەچم ئەیبینم با زەینەدینی برام بمکوژێ هەزار جنێو بە عەلی بەگی بێژەن ئۆغلیی داواکاری ئەدا ئەڵێ ئەترسم بمدەن بەو و لەگەڵ مەما دیدار ئاخیرەت بین، زۆریش لە مەکری بەکر مەرگەوەڕ ئەترسێ بەکر مەرگەوەڕ زۆر شەیتانە و بەڵێنی بە عەلی بەگ داوە زینی بۆ بسێنێ هەرچەند لە بەینێکا هاتە سەر وڵاتی ئێمە و دوژمنایەتیمان لە بەیندایە.

بەڵام بەکر مەرگەوەڕ بە فێڵی خۆی زۆر دەنازێ هەر لە ئێستاوە خەریکە مەم لە پێش چاوی ئەمیر زەینەدین بخا. سا خوا ئاگەداری مەم بێ، بە کورتی تەگبیرمان وایە ئەمشەو کە دیوەخان چۆڵ بوو مەم جلی بگۆڕین و بە دزییەوە بیبەینە لای خاتوو زین.

بەنگینە: جارێ مەم ناساغە و پێش حەرەم سەرای میر پڕە لە ئێشکچی و بەدخوا، نەخوازەڵا مەم کە لای میر میوانە بە دزییەوە ناچێتە حەرەم سەرای ئەوەوە، چاکی ئەمەیە کە زین خۆی بگۆڕێ و بێتە ئێرە ئێمە ئەمشەو بە بیانووی نەخۆشییەوە مەم نایەنینەوە سەرای میر چونکە ئێرە کەم ترسترە.

«پەریزاد بەم بڕیارەوە گەڕایەوە و پەردە دادرایەوە».

## پەردەی دووهەم

زین ئارایشی خۆی داوە لە ژووری تایبەتی خۆیدا بەبێ ئارامی دێت و ئەچێ چاوی لە ڕێیەکەی پەریزادە بێتەوە، پەنجەرەکەی بەسەر ڕێگادا ئەیڕوانی لە دوور کە چاوی پێ کەوت پەریزاد هاتەوە لەبەر خۆیەوە وتی:

بەخێر بێیتەوە نور وەپاتەوە          دەرمانی دەردم ها وەلاتەوە

«بەڵام پەریزاد گەیشتە جێ لەسەرخۆ بەئارامەوە» وتی: پەریزاد هەر ئەوسایە کە تۆم نارد من لە خۆمەوە پەشیمان بوومەوە نیازم بوو بنێرم بە شوێنتا بەڵام لە وزە دەرچوو بۆیە لێکم دایەوە دڵێک و سەودایەک ئەمەندە دێنێ؟ من خۆمی بۆ رسوا بکەم، ئەمڕۆ ئێمە چوارسەد ساڵە دەوڵەتین باو و باپیری من کە نەوەی بادینان و لە قەڵای تاروونی شەمدینانەوە هاتوونەتە زێی بادینان بەزۆر مەردی و دادپەروەری قەڵای دهۆک ئەگرێ و دێر و قەڵای بیشەر و قەڵادە و باژێرانیان گرتووە و عەشیرەتی رادکان و بریفکان و بەرواری و محەل و دەسیابی و تیلی و بەهلی و مزووری و زێباریمان گرتۆتە ژێردەست تا ئێستا ئەم خانەدانە لەکەی بەدناویی بەسەرا نەهاتووە: باوکی من سەیفەدین بووە بە مەردی و ئازایی و ناوونیشان یەکە خۆشەویستی ئەمیر تەیمووری گورگان بوو و لەگەڵ شاه روخی کوڕی وەک برا وا بوون کە ئەمیر تەیموور مرد شاه رخ لە جێی دانیشت ئەیالەتی ئامێدیی بە باوکم بەخشی، ئامێدی بە ناوی عەمادەدینی زەنگی کوڕی ئاق سەنقەری سەلجووقی کە حوکمداری موسل بووە ناونراوە. شاه روخ کە داویە بە باوکم بە هۆی پیاوەتیی باوکمەوە زاخۆ و سندی و گولی و چوار دەورەی تەنیوەتەوە و ئێستاش زەینەدینی برام ئەوەنە بەردەیە کە دەبینێ من لەکە بەسەر خۆما بێنم دەمودەست ئەمکوژێ لەلایەکی تریشەوە هەرچەند بیری مەم ئەکەمەوە هەستم لای خۆم نامێنێ و شێت ئەبم کەوابوو چارەم نەماوە ئەمەوێ پیاڵەیە زەهر بنۆشم و رزگار ببم بەڵام ئاخ ئەترسم لە دوای من مەم خۆی بکوژێ توخوا نەوجەوانە بەری ژیانی نەخواردووە بە سەودای منەوە لە وڵات و حوکمڕانی و کەسوکاری خۆی بڕاوە. ئای... زین، بەدبەخت زین تۆ ئەمەندە جوانی؟ لە خۆت و مەم ببی بە بەڵا، پەریزاد ئەو ئاوێنەیەم بۆ بێنە تێر سەیری رەنگ و روخساری خۆم بکەم.

«ئاوێنەی ئەداتە دەست کە ئەڕوانێتە خۆی ئەو جلوەی ئەفسونکارییەکە دەست پەروەردگار لەو رەنگ و روخسارەدا سریشتی دابوو، خۆشی عاشقی خۆی بوو، ناڵاندی» وتی: خوایە هەر تۆ ئەزانی بە دەست پەروەردگاری ئەم دوو نەخشە بکێشی، سێوێ بکەی بە دوو کەرتەوە مەم و زینی لێ دروست کەی ئەمەندە لەیەک ئەکەین بۆیە دڵمان یەکە بەخوا، ستەمە ئەم دوو دڵە لێک بن، نە، نە، من ئەبێ لەبەر مەم بژیم رەنجەڕۆ و نامرادی نەکەم، خوایە ئاگاداری دڵ و دەروونی عاشقان بە، تۆ ئەیزانی ئەم عەشقەی ئێمە چەند پاک و صافە بەخوا دڵداریی من لە زولەیخا ناکا، یەخە چەسپی جانان ببم بۆ ویساڵ من ئەمەوێ شیرینیم و گیانی شیرینم بۆ ئەمەی مەمی پێ خۆشحاڵ

بێ بەخت بکەم وەک پەروانەی شەم بە دەوری سەری مەما بگەڕێم و من بسووتێم و ئەو شەوقی زیاد بێ.

من وام ئەوێ لە دوورەوە خۆمی نیشان بدەم
گیانم بە دەوریا بگەڕێ و هیچ نەڵێم بە دەم
بەم عەشقە پاکەوە وەکو دوو کۆتری بەهەشت
لەم خەڵکە دوور کەوینەوە و روو بکەینە کێو و دەشت

نازانم خوا چ ئاگرێکی سەودای هەڵگیرساندووە و لە پڕ ئەیخاتە دڵی نەوجەوانانەوە، ئەوا ئەیبینی یەکێ ناکاو نابەڵەد ئاورێک ئەداتەوە یەکێکی تر ئەبینی لە ماڵی خۆی دانیشتووە وێنەی کەسێکی بۆ دێنن ئەو ئاورە ئەو نیگاهە، ئەو نەختە تەماشایە، وەکو تیسکەی تفەنگی سەرخۆش بڵێسە پەیدا ئەکا وەک بەردە ئەستێ و چەخماخە ئاگر بەرئەداتە ئەو تیسکە بارووتە گڕ ئەخاتە ناو جەرگەوە و ئەیسووتێنێ، باشە ئەوا ئەستێ و بەرد ئاگری لێ دەبێتەوە و چاومان لێیە پزیسکە، ئەی ئەم سۆزە نەبینراوەی دڵدارییە چییە؟ وا دڵ و هەناو ئەسووتێنێ.

دڵداری؛ شەیدایی، شێواوی، دڵ بەستەیی، گرفتاری، گیرۆدەیی، رسوایی، دوایی شێتی،!! ئاخ بۆ ئەو کچە نەوجوانانە کە بەو ئاگرە ئەسووتێن و چونکە ئافرەتن نەنگە و عارە و شەرمە هاوار بکەن؛ پیاو یا ئەگری... ئەناڵێنێ؛ هاوار ئەکەن وا من ئەسووتێم و وەک ماسی دەنگم لێوە نایەت، هەرچەند مەمیش لە ئێمە کەمتر نییە وەک تاجەدین گێڕاویەتییەوە خۆی چۆتە وڵاتی شارەزوور و حوکمداری ئەوانی دیوە و مەم ئەناسێ مەم کوڕی مەمۆی مونزیرە؛ مەم یەعنی محمد بەگ کوڕی مەمۆیە کە مەئموون بەگی پێ ئەڵێن، مەئموون کوڕی موندیری کوڕی بابەلی حوکمداری شارەزوور و ئەردەڵانین، قوباد و فەیروزیان پێ ئەڵێن (ئەردەڵانی لە دەوری جەنگیزیشا لە زەڵم و شارەزوور حوکمدار بوون باوکی مەم قەڵەمڕەوی حکوومەتی خۆی کە کوردستانە بەشی کرد و بەسەر کوڕەکانیا پیکە بەگ برای مەم قەڵای زەڵم و نەوسوود «نەفسود» و شەمیران و هاوار و سەیحان و راودان و گوڵ عەنبەری بەرکەوتووە سەر خابی برای: لوی و میشەر و مەریوان و ئەنوورە و گلە و سی و نەشکاشی هەڵگرتووە، مەمیش سروچک و قەرەخان و شاربازێڕ و ئالانی بووە، و حوکمدار بووە کە ئەرژەنگی جهانگەڕ وەک شەیتان وێنەی منی بۆ دەبا و پێی دەڵێ ئەم کچە خوشکی میری ئامێدییە، گرفتار ئەبێ حوکمداری و کەسوکاری بەجێ دەهێڵێ و بە شوێنی منا هاتووە ئەم میقرۆبی عەشقەی دوێنێی لە منیش شرینقە کرد، وا هەردووکمان وەک دێوانە ئەناڵێنین ئینجا کە ئەو ئەم فیداکارییەی بۆ من کردبێ من چۆن خۆمی ناکەم بە قوربان و لە دەوری ناگەڕێم لەبەر ئەوە خۆ کوشتنی من بە کاری مەم نایە، بمێنم بەڵکو ئەمە خوایە لە پێش ئەمەدا بەکر مەرگەوەڕ گۆبەندێکمان بۆ بگێڕێ بەیەک شاد بین، هیوای زۆریشم بە تاجەدین ئاغایە کە بە پشت و قوەتە زاوامانە لای براکەم قسەی ڕەوایە... ئاه... پەری زاد وا دیسان دڵم داخورپا ئەم مەرگەوەڕە زۆر بەد و بێ ئامانە، سلێمان بەگی بێژەن ئۆغلی بەرتیلی داوەتێ منی بۆ بسازێنێ، ئینجا تۆ چیت کرد

پەریزاد: بەنگینەم دی ئەڵێ مەم لە دیوەخانەکەی تاجەدین نەخۆشە بێ بیبینێ؛ خاتوو زین توند ئەبێ ئەو گۆنا نازدارەی سوور هەڵدەگەڕێ و غرووری کچێنی ئەداتە کەللەی، ئەڵێ: ئێستا بەنگینە وای ڕەوا دیوە من بچمە خاک پای کورد دائیم خودکام ناڵێن کچە حوکمدارێک نارەوایە بچێتە ماڵان ئەوەندە لێک نادەنەوە، کە مەم خۆی میوانی ئێمە بێ و بۆ من هاتبێ من بۆچ ماڵانی لە دوو بگەڕێم، وا مەمیش و گیانیش و دڵیشم نەویست (لەم سەغڵەتەدا بوو گوڵ بەدەم لە ماڵی تاجەدین ئاغاوە هات سەری نایە پەناگوێی پەریزاد) وتی: بە هەڵەدەوان هاتووم، مەم کە بیستی ئێوە وتووتانە زین بێتە ماڵی ئێمە خراپ تووڕە بوو وتی: من چ رایێکم ئەکەوێ زین بێتە لای من، من خۆم لە ئەوەندە ڕێوە هاتوومەتە لای زین سەرم بۆ هێناوە خاکی بەرپێی بێ، نەخۆشیی لە بیر چووەوە و بە توندییەوە هەڵسا و چووە دیوەخانی میر، پەریزاد ئەمەی بۆ زین گێڕایەوە زین وتی: پەری زاد خوا ئەیزانێ خۆم ئەمەم بە دڵا هاتبوو، بە راستی ئەم پیاوە مەزن و مەزن زادەیە ئینجا کە وابێ من خاکی بەری پێی ئەوم. پەری زاد ئیتر هیچی پێ ناوێ ئەمشەو کە دیوەخان چۆڵ بوو خوا ئاگادارمان بێ ئەچم (وا زین هێناویەتە دڵی خۆیەوە کە شەو بچێ بەڵام ئەو جۆرە شەوانە کەی دێن؟ دڵ ئەیەوێ دەستێکی زۆرمەندی بێ شەوی پێ رابکێشێ، رۆژ رۆژی بەهارە نابڕێتەوە لە قوڕ چەقیوە نارِوا).

(ئینجا زین لە ژوورێکدایە و ئەچێ تاوێک لەبەر ئاوێنە رەنگ و روخساری خۆی تەماشا ئەکا ئەڵێ ئاه ڕوومەت سێوی سەردەشت بوو بۆتە بەهێی سنکی، ئەم چاوە کە رەش و گەش بوو ئێستا بە فرمێسکی سەودا لێڵ و وێڵە؛ من بەم پەشێوی و شێواوییە چۆن ڕووبەڕووی مەم ئەوەستم «تاوێکیش لەبەر ئەو ئاوێنە باڵا نمایە دوگمەی سوخمەی ئەترازاند سینەی سافی بلووری، گەردی لێ نەنیشتووە سینە! سینیی مەڕمەڕ دوو سێوی ئەمەریکایی کە بە قەد پرتەقاڵە لە بنەوە سپی لە سەرەوە ئاڵ دانراوە خۆی ئەوەندە حەزی لەو دوو پارچە نوورە کرد خەریک بوو لەناو ئاوێنەدا ماچی کا، دەمی بۆ ئەبرد سێو دائەکەوت و تەنها دەمی خۆی ئەهاتە بەردەم ئینجا بۆ تەسکینی ئەو حەسرەتە بە پەنجەی نازەنین هەردووکیانی بە هەردوو دەست ئەگرت چ لە دەرەوە چ لەناو ئاوێنەکەدا لەوحەیەک بوو وێنەی بگیرایە زۆر کەسی وەک مەمی ماڵوێران و سەرگەردان ئەکرد؛ ئینجا بە ماتەمییەکەوە جلەکانی کردەوە بەر... پەری زادی بانگ کرد وتی ئەمشەو چی لەبەر کەم. پەری زاد: ئەگەر من مەم بناسم بناسم ئەوەندە پەرێشانی تۆیە لە جلوبەرگ ناپرسێ و بەڵکو ئەتوانم بڵێم ئەوەندە سەودای تۆ داگیری کردووە لە پلەی دەروونی تێ پەڕیوە بۆتە «رووحانی» لەشولار و رەنگ و روخسار نابینێ لەبەر ئەوە هەرچی لەبەرکەی جوانە و هەرچی تۆ لەبەری کەی دیارە ئەوە جوانە بەڵام:

کورد رەنگی ئاڵی گەلێ خۆش ئەوێ

سپی لە ئاڵا جوانە دەرکەوێ

زین لەژێر لێوەوە: جوانەمەرگی عەشق بەرگی خوێنینە.

پەری زاد: مەم مەردێکی نەبەرد و سەنگینە، هەموو دوگمەی بەرۆکت داخە سەرپۆشێکی تەنک

بەســەر تاج و ئەگـریجــەتا بدە وەک مــانگێ کــە خــەرمــانــەی دابێ. زین: پەری زاد دڵەخـورپەمــە رووبەرووی مەم چۆن هەنگاو هەڵهێنم؛ زەبوونم... بێهێزم ئەترسم دیسان ببووریمەوە لەلایەکیشەوە نائومێدم ئەترسم... (سەر ئەکاتە سەر شانی پەریزاد و ئەگری)

پەردە دائەدرێتەوە

**پەردەی سێهەم**

(پەردە هەڵدرایەوە مەم لەسەر دۆشەکێ دانیشتووە چاوەڕێی خاتوو زینە هەر خشەیەک دێ دڵی رائەچەنێ، دوایی کە ئەڕوانێ چارشێو بەسەری هات)

بێ ئیـخـتـیـار خــەریک ئەبێ هەڵسێ کــە دەبینێ پەری زادە تەریق ئەبێـتـەوە لـە دوای ئەوەوە بروسکەیەکی دێتە بەرچاو ئەبینێ زینە هێزی ئەژنۆی نییە دەستی گرتبوو بە شانی پەری زادەوە (پەری زاد خــاتوو زینی لـەسـەر بەسـتـەکـە نوێنەکـە دانا ڕووی کـردە مـەم وتـی:) ها نامــەرد بۆ پەشۆکاوی؟ لای خۆت شێرکوژی و بەزات و زۆری مەشڵەژێ! دەم بکەرەوە، دە قسە بکە با بێتەوە هۆشی خۆی خۆش هاتنت لێ نەکرد، لە پێشا خەریک بووی لەبەر من هەڵسی ئێستا بۆچ وا خۆت بەناز ئەفرۆشی، مەم پێ کەنی وتی: شیر در بادیەی عەشق روباە شەوەد(١)

(ئینجا مەم ڕووی کرد بەلای زینەوە بەچاو بەخێرهاتنی کرد هێشتا دەمی گۆی نەدەکرد ئاخری هەر چۆنێ بوو پچڕ پچڕ وتی: زین... زین... ئەم دەمە باوەڕم... کرد... سامی جانان... لە شێر و... شـیـر و... تیر و پەیکان زیاترە من بم و بلەرزم... ئەمـە زۆرە؛ بەخـوا زۆرە، باوەڕ بکە تا ئێسـتـا نەلەرزیوم دیارە دواییمە زاتەن ئاواتەخوازم بتبینم و دواییم بێ ئیتر دەربەستی حوکمداری و دنیاداری نیم، هەمووم فیدا کردی (زین ڕاپەڕی بە هەیەجانەوە) زین: میر؛ میر توخوا جارێکی تر ئەمە مەڵێ، هەزاری وەک زین فیدای ئەو سەرە بێ کە پەنای کوردەوارییە، ئەم قەومە بەدبەختەی کـوردە چواری تری وەک تـۆیان نەبووە کـە بچـێـتـە: نـاو مـێـژووەوە، تۆ چرایەکی لە کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵاتا و کاکیشم لە ژوورووا، خوا نەیانکوژێنێتەوە هەزار زین دێت و دەڕوا مـەگـەر عـەشـقی ناوی بخاتە سەرگوروشتەوە.

زینی بەدبەخت لە چوار لاوە ڕێی لێ بەستراوە و بەکر مـەرگەوەڕیش گەماڕووی داوە، زۆرجار هاتوومـە سەر ئەمـە خۆم بکوژم پیاڵەیە زەهر بخۆمەوە وتوومـە ئەترسم مەمی پێ بێ دەماخ بێ لەبەر تۆ مــاوم و بۆ تۆ مــاوم، تۆ بژی هەرچی بەســـەر من دێ بـابێ، تۆ بمێنی کــوردەواری بە قارەمـانێکی وەک تۆوە بەرز ئەبێ، سێ بەشی عەشقی من بۆ تۆ لەوەوەیە کە ناوی میللەتی بەرز کـردۆتەوە، مـەم: زین شـیـرین زین مـەم رابـوردوو و ئەوەندە شـووری عـەشـقی زینی لە کـەللەدایە ناپەرژێتە سەر ئەیلات و بەڵکو پەروای مەحشەریشی نەماوە ئێستا لە فەیزی عەشقەوە لە حاڵەتی بەدەنی دەرچووم و سەفـوەتێکی رووحـانیم بۆ پەیدا بووە ئێـسـتـا تۆ بەم نـاسک و نازدارییـە و لە بەرچاوم دانیشتووی حەز لە خەیاڵەکەت زیاتر ئەکەم توانای ئەوەم نییە دەست بدەمە ئەو پەنجە

شیرینە تەوقەیەکت لەگەڵ بکەم و هەتا ئەگەر ئێزەدی پاک تۆ، بە من ببەخشی لەسەر تەختی حوکمداری خۆمت دائەنێم و لە دوورەوە سەیرت ئەکەم ئەم عەشقە پاکە بە ویساڵ ناشێوێنم.

زین بە گریانەوە: مەم. مەم لە بەرامبەر ئەم هەستە بڵندەتا، زۆر پەستم ناتگەمێ، ئاخ خۆزگە ئەم دوو دڵە ئەوەندە بە سۆز نەبوایە نوقڵانەش باش نییە بەڵام ئۆف عەشقێ کە ئەمەندە بڵند بێ مەگەر لەژێر خاکا بەیەک بگەین، لە خوام ئەوێ یا ببین بە دوو ئەستێرە وەک لەیل و مەجنوون، یا لە حوجلەی دایکمانا کە خاکە بەیەک بگەین. خاک دایکی دڵسۆزە ڕێمان لێ نابەستێ.

خوا ئەگەر خوا کردی و مام و بووم بە هاوسەر پەیمانم وایە تەنها یەک نەسل نێرینەت بۆ کوردەواری پێ بگەیێنم و هیچی ترم ناوێ؛ وا من لەمە زیاترم ناوێ بەند بم خوا ڕێکی خا سبەی شەو دێمەوە توخوا تۆیش خۆت مەخەرە کاری ستەمەوە.

(هەڵسا بڕوا لە پڕێکدا پەری زاد هاتە ژوورەوە)

ئاه چەرخی چەواشە چیمان بەسەر دێنێ وا میر بە خۆی و دەستەیەوە هات «مەم شپرزە بوو» پەری زاد دەستی زینی کێشا و بردیە موغەیرییەکە شاردیەوە مەمیشی هێنا حورانی کردە بەر و وتی: لەبەر مغاریەکە وا دانیشە زین نەبینن، با تێت بگەیێنم کە میر بەم نیوەشەوە بۆچی دێ: بەکر مەرگەوەڕ لە خاتوو ڕێحانی خوشکی بیستبوو ئەم شەو زین ئەچێتە لای مەم، چۆتە بەردەمی زەینەدین وتوویە مەم زۆر نەخۆشە میوانی تۆیە پرسیارێکی لێ بکەی باشە، میریش ئەڵێ هەرگیز باوەڕ ناکەم تۆ مەمت ئەوەندە خۆش بوێ تۆ بارەها ئەڵێی مەم کڵاوی لاوی زین و ئەفسەری حوکمداری زەینەدینی ئەوێ ئێستا ئاخۆ چ داوێکت بۆ ناوەتەوە، وەرە ڕاست پێم بڵێ چییە؟ مەرگەوەڕیش وتوویە بۆ تۆ وا ڕێ ئەکەوێ موداری لەگەڵ بکەی، ئەگەر دڵی بشکێنی قەبیلەی (خێڵی) تاجەدین ئاغا و ئاغاواتی ئەم دەرەت لێ ئەڕەنجێ، ئێستا ڕەنگە لە گیرفانی کەوڵەکەیا تۆمارێکی پرسیاری ئەم عەشایەرەی تیا بێ، کە چووی بە بەهانەی نەخۆشییەوە کەوڵەکەی داوا لێ بکە ئەویش ناچار ئەیدا، لێی وەرگرە بزانە ئەو کەوڵە چی تیایە؛ میر فەرموویەتی ئەم زاتە من ئەیزانم ئیحتیاجی بە حوکمداریی ئێرە نییە سەودای سەرداریشی نییە سەودایەکی تری لە سەردایە تۆش خەریکی لەبەر سلێمان بەگی بێژەن ئۆغلی کە دوژمنی ئێمەیە مەم ڕەنجەڕۆ بکەی، لەبەر خاتری تۆ مەمیش ئەنێرم بۆ سەر سلێمان بەگ وای بشکێنێ بۆ ئوزون حەسەنی عاقڵ کا، وا من ئەچم بۆ عیادەتی مەم؛ ئێستا ئەم هاتنە لەسەر ئەم گفتوگۆیەیە (ئەمەی وت و بۆی دەرچوو، دوا بە دوا میر هاتە ژوورەوە، مەم بێ پەروا لە موغایەرییەکەدا بە خۆی و کەوڵە زلەیەوە دانیشتبوو هەڵنەسا ئەمەندەی وت) نەخۆش ڕەخنەی لەسەر نییە؛ (ئەمیر زەینەدین بە ڕوویەکی خۆشەوە و بە پێکەنینەوە وتی:) من ئەیزانم تۆ مەردێکی نەبەزی، ڕاوڕەسمی نەبەزی ئەزانی ڕەخنە لە تۆ ناگیرێ خوا بکا تۆ چاک بی هیوام لای خوا وایە دڵ شکست و نەخۆش نەبی کارێکی زۆر گەورەم پێت هەیە ئەگەر خوا ڕێکی خا ئەو کارەت بۆ هەڵسووڕێ لە تۆڵەی ئەوەدا بە مەرامی دڵی خۆت ئەگەی.

پەردە دائەدرێتەوە

## پەردەی چوارهەم

(تاجەدین ئاغا لە ماڵی خۆیان بوو ناکاو و ناغافڵ پەریزاد بە هەناسەبڕکێ ئەگاتە لای و ئەڵێ)

پەری زاد: تاجـەدین ئاغـا ئەو ڕۆژەیە کە لێی ئەترسـاین، بەکر مـەرگەوەڕ بە بیـانووی نەخـۆشـیی مەمـەوە میری ناکاو بردە لای مـەم و خاتوو زینیش لەوێ بوو؛ ئینجـا هـەر ئەمەندەم پێ ئەوترێ زینم لە مـوغـەیریدا شـاردۆتەوە، مـەم کـەوڵی لەبەردایە لەبەر مـوغـەیری[٢] دانیـشـتـووە بەڵام بـەکـر مەرگەوەڕی لەگەڵە، شکت نەبێ تا ئێستا میری تێ گەیاندووە.

(تاجەدین ئاغا بە تەڵاشەوە هەموو مووی لەشـی ئەلەرزێ بانگ ئەکا):

بەنگینە، ئەکۆ، چەکۆ بێ فەرامەرز بمگەنێ.

لە پێشدا بـەنگینە و لە دوایی ئەوان کوڕەکانی خـۆی و پیـاوەکانی رائەکەن یەن؛ تـاجەدین ئاغـا: قوربانی چاوتان بم هەر ئێستا لە سێ چوار لاوە بە شاپلیتە ئاگر بەردەنە خانووەکەمان و بیکەنە هـەرا،... جـاڕ بدەن مـاڵی تاجـەدین سـووتا (هـەمـوو رائەکـەن هـەر دەسـتـبـەجێ لەودیو پەردەوە گـڕ هەڵئەسێ) (ئینجـا عـەینی مـەجلسی میـر کە لە هۆدەی مەمدا بوون، میـر دانیـشـتـووە فـەرامـەرزی پیـاوی تاجـەدین دێ لە دوورەوە بانگ ئەکـا): نامـەرد هاوارە مـاڵی تاجـەدین ئاگـری تێ بەربووە و بڵێسـەی سـەندووە، ئەمیـر زەینەدین هـەڵئەسێ و ئەڵێ بتـانبـینم راکەن فریا کـەون، بـەکر: میـرم شـتێکی وا نیـیـە تۆ تەشـریفت نەچێ دانیـشـە با ئەم نۆکـەرانە بچـن ئەگـەر نەکـوژابووەوە ئینجـا تەشریفت بچێ.

میـر: لاچۆ لە پێش چاوم ماڵی تاجـەدین ئاغایە دەرپێـمان تێکەڵاوە خـۆ مـاڵی گزیر نییـە بڵێم بەخـوا چاک بوو «بەجارێ ژووری مـەم چۆڵ ئەبێ بەڵام بەکر مـەرگەوەڕ پـێ رائەگرێ ئـەڵێ مەمیـان بەجێ هێشت بـە تەنیـایە، بەنگینەیش لێرە نییـە بەخـوا وا چاکە من بەجێی نـەهێڵم هـەر ئەودەمـە بەنگینە یەتە ژوورەوە کە بیـر ئەکاتەوە بەکر مەرگەوەڕ لەوێیە هـەر پیلێکی ئەگرێ ئەیهێنێتە دەرەوە و لەسـەر پێپلیکانەی تارەکە شـەقێکی تـێ هەڵئەدا فڕێی ئەداتە خـوارەوە و هـەموو پەراسـووی تێک ئەشکێ، تـا ئەگـەڕێتـەوە ئەبینـێ خـاتوو زین لە ژوورەکـەی مـەم یەتە دەرێ بەڵام ڕێحـانـی خـوشکـی بەکر مـەرگـەوەری بە شـوێنەوەیە مـەگـەر ڕێحـان خـۆی ئەگـەیەنێتێ کە ئەڕوا دەسـتـەسـڕەکـەی لـێ ئەکەوێ ڕێحان هەڵی ئەگرێتەوە».

(لە پاش ئەمەی کـە ئەمیـر زەینەدین لە ماڵی قـەرە تاجەدین هـاتەوە بەکر مـەرگەوەڕ خـۆی گەیانێ میـر بۆ سـووتانی ماڵی تـاجەدین بە پەرۆش بوو نیـازی وا بوو بـاربووی بکا مـەرگەوەڕ وتـی:) پاشـام کەسـێ بە تایبـەتـی مـاڵی خـۆی بسـووتێنێ، ڕەوا نـییـە هـیـچی بدەینێ، ئـەم پیـاوە لە ڕێی نـامـووس شکێنیی تۆیش و خۆیشیا خانووی خۆی سـووتاند؛ مەم کە بەدنمەکی ئەکا ئەو شـەوە تۆ تەشریفت چوو بۆ عیادەتی زینی لابوو لە مغەیریەکەدا شاردبوویەوە؛ خۆی لەبەریا دانیشتبوو خـەبەریان بە تاجـەدین داوە کـە خـاتـوو زین ئەگـیـرێ بـۆ ئەوەی تۆ هـەڵسـی و بـچی بۆ مـاڵی سـووتـاو بە درۆ ئەم

ئاگرەی نایەوە کە تۆ تەشریفت رۆیی زین هاتە دەرێ رای کردەوە حەرەم، دەستەسرەکەی کە لێی کەوتووە رێحانی خوشکم هەڵی گرتووە ئەمە ئەوابۆ ئیسپاتی هێنامە خزمەت «میر زۆر تووڕە بوو وتی»: گزیر خوا وجوودی موونافیقیت نەهێڵێ، تەماتە بە قینەبەری مەمەوە نامووسی منیش بەری، بەڵێ من ئەیزانم مەم عاشقی زینە و ئەو هاتووە ئەیشیدەمێ بەڵام ئەم پیاوە نیازی خراپی نییە.

بەکر: میرم ئەی سلێمان بەگی بێژەن ئۆغلی چی لێ ئەکەی کە پیاوێکی بە قوەتە و ئەتوانێ وەک جاری پێشوو هەموو وڵاتت داگیر کات.

میر: خوایە جارێکی تر کەس ناتوانێ ئێمە بشکێنێ لە پێش ئەوەدا ئەو بکەوێتە خۆی؛ من مەمی ئەکەم بە کولکەوە رەگی دەربێنێ.

(بەکر مەرگەوەڕ ئەمەی لا خۆش بوو وای لێک دابووەوە ئەگەر مەم بچێ و لەشکری بشکێ و بکوژرێ ئەوا لە کۆڵ ئەکەوێ و ئەگەر هاتیشەوە داوێکی تری بۆ ئەنێمەوە، ئینجا وتی:) میر ئەم بڕیارە باشە بەڵام زوو تەرتیبی بفەرموون، راز کەوتە زاری، راست کەوتە شاری. میر فەرمووی تۆ برۆ «ئەو رۆیی ناردی بە شوێن تاجەدین و پیاوماقووڵانا».

پەردە دائەدرێتەوە

## پەردەی پێنجەم

(میر زەینەدین دانیشتووە مەجلسی گرتووە تاجەدین و مەم و بەنگینە و ئەکۆ و چەکۆ و چەند کەسێکی تر لە تیرەی تاجەدین ئاغا لە دیوانان).

میر ئەڵێ: تاجەدین ئاغا لە یادتە کە بە پشتیوانیی پادشامان ئاق قۆینلو و ئوزون حەسەن سلێمان بەگ بێژەن ئۆغلی هاتە عەقرە و دهۆکی گرت و داسنی بەسەردا زاڵ کردین ئێستایش داوای کچمان لێ ئەکا.

هێشتا برینی کوشتار و تاڵان و برۆی سارێژ نەبۆتەوە کەوا دەخورێ بە هاتنی مەم رەنگە نائومێد بووبێ کەوا کەوتۆتە سازکردنی لەشکر ئێمەیش نابێ لێی غافڵ بین تا زووە دەستپێشکەریی خۆمان بکەین، تۆ سەرلەشکری و ئەگەر مەم ئارەزوو ئەکا ئەو ئەکەین بە سەرلەشکر و لەسەر خوا سەرێکی پیاوەرن؛ بەکر مەرگەوەڕیش زیاتر بەو ئەنازێ؛ ئەگەر خوا بکا ئەو شکست بێنێ لووتی ئەمیش ئەنەوێ.

تاجەدین ئاغا: میر... ئێمە هەموو یەکین و لە نیشتماندا بەشدارین، مەمیش هەرچەند کە میوانە بەڵام گەورەی هەموومانە و ناو و شوهرەتی ئازایی و لەشکرشکێنیی ئەو بەناوبانگە لە جیهاندا. ئەم نهێنییەش لەگەڵ تورکایە و بۆ سەربەرزیی کوردانە؛ ئیتر وا خۆیشی حازری دیوانە. مەم هەڵئەسێ و ئەڵێ:

بەندەی میرم و بۆ هەموو ئەمرێکی دەست بە شیرم نەخوازەڵا شەڕی میللەت بێ.

«میر هەڵئەسێ و فاتحایەک دائەدا و ئەفەرمووێ» با تەدارەک بێنن.

میر زەینەدین: مەم تۆ ئەم خزمەتە گەورەیە کە کردت ئێمـەی پێ زیندوو بووینەوە و کوردەواریش لە مـێـژوودا ناوونیـشـانێکی تری پێ پەیدا کـرد مـنیش ئەمـەوێ پاداشی ئەم خـزمـەتەت بدەمـەوە، خـوشکێکم مـاوە پێشکەشی تۆی بکەم و هێجگار خـزمـایەتیـمان بکەوێتـە ناو «مـەم لە باتیی ئەوەی پێ خۆشحاڵ بێ و هەڵسێ دەستی ماچ کا گرژ بوو و رەنگێکی هێنا و برد» وتی: میرم ئەوا قبووڵم کرد و باز پێشکەشی خۆتم کردەوە (زەینەدین وەک تیرێکی لە جەرگ درابێ ئیتر هیچ قسەی نەکرد و بە توورەییـیەوە وتی: فەرمووە ماڵی تاجەدین ئاغا لە ماندوویی بحەسێرەوە. (کە مەم هاتە دەرێ میر بەنگینەی بانگ کرد و پرسی: بەنگینە ئەمە چی بوو؟ مـەم بۆچی خاتوو زینی رەد کـردەوە لای خۆی دڵخوازی بوو؟

بەنگینە: ئەگەر مـیر یارمـەتی بفـەرمـوێ راستـیی بۆ ئەگێڕمـەوە، دوایی کـە لە شـەڕ هاتینەوە بۆ ماڵی تاجـەدین ئاغا ئەچووین بە لای کانیی ژناندا تێ پەڕین، لەسەر کانییەکە ژنان ئەیانگوت ئەی مـەم بـەدبەخت مــەم. رەنجـەڕۆ مـەم تۆ لە رێی خــاتوو زینا ئـەمـە ئەکــەی و ئەویش خــۆی تووشی فەرەنگی کردووە؛ مەم کە ئەمـەی بیست وەک لە ئەژنۆی بدەن کەوت بەلادا بە هەزار حاڵ هێنامەوە سەر خۆی، لەو وەختەوە ناوی خاتوو زین نایێنێ و بە منی وت تەدارەک ببین بڕۆینەوە ئێستا هیچ هۆشی بە خۆی نییە وەکو تێ گەیشتووم ئەمە بەکر مەرگەوەڕ چەند ئافرەتێکی بە پارە تەفرە داوە کە بچن لەسەر رێیان ئەم بەند و باوە بخەنە گوێی مەمەوە.

میر: بەنگینە با واش بێ ئەم مەمە نەئەشیا ئەمە بە راست بزانێ ئێمە ئەوەندە بەبێ نامووس تێ بگا با ئەم کاسە ئاردەی بەسەرەوە بێ.

(بەنگینە دەرئەکەوێ و بەکر مەرگەوەڕ بانگ ئەکات).

مـیـر: گزیری تۆ لە ئەندازە بەدەرە دەربارەی خـانەدانـی من بەدی ئەکـەی، ئەمـە چیـیـە؟ ئافـرەتت بەکرێ گرتووە و لە شارا بڵاوت کردۆتەوە کە خوشکی من نەخۆشە گولە، ئەگەر ئەمەت کردبێ هەر ئێستا لە قەنارەت ئەدەم.

بەکر مـەرگەوەڕ: مـیرم ئـەگەر ئـەمـەم کردبێ خـوێنم پێشکەشـتـە، ئەمـە بوختـانی مـەمـە، ئەوەتی هـاتۆتەوە و زانیـویە لەم شـەڕەدا مـەدحی ئازاییی کـراوە یەکجاری لە وزە دەرچووە، بیـانوو ئەگرێ؛ خوشـکی تۆ کە لە پەریی ئاسـمان جوانترە و بە نامـووسـترە نایەوێ و رەدی کردۆتەوە؛ ئەمـەیش بۆ ئەوەیە کـە تۆ زویر بی و ئەویش لێی خـافڵ بێ، بە گـوێی بەندەی خـۆت ئەکـەی یەکـەم بەنـگینەی لێ جیـا بکەرەوە بڵێ تۆ کـەرەمی منت رەد کـردەوە، من ئـەگـەر بەنگینەم پێ ببـەخـشی رەدی ناکـەمـەوە بەنگینـەی لە دەست دەربێنە، لەشکریش بنێرە بۆ سـەر ئـەو کـوردانـەی کـە لە سنووری «حـیلە» بن، بەو بیـانووانەوە تاجـەدین ئاغـا و ئەکۆ و چەکۆ و تەوابعی دوور بکەنەوە، ئەو مـەنێرە، بفـەرمـوو بێ تاقەتم، با لای من بێ کە بە تەنها مایەوە بیخەرە زیندانەوە تا دەڕزێ کەس پێی نەزانێ.

میر: بەکر تۆ لە شەیتان هەڵفریوێنتری، ئاخری منت هێنایە سەر قینێ کە بۆ تۆڵەی نامووس مەم بفەوتێنم، دە تۆ برۆ ئیتر رێ و شوێن کاری خۆم دەزانم.

پەردە دائەدرێتەوە

## پەردەی شەشەم

(لە تەئریخی ٩٥٦ی هیجریدا سەرخاببەگ-ی برای مەم حوکمداری شارەزوور بوو و مەرکەزی قەڵای زەڵم بوو و سنووری وڵاتی سنە و حەسەن ئاوا و مەریوان و قزڵجە و قەرەتاق و قزل رەبات و خانگی بوو و وەقتێ ئەلخاس میرزا بردی شاه تەها ماسەب «طهماسب» پەنای بۆ هێنابوو ئەویش بردی لەگەڵ شاه تەها ماسب ئاشتی کردنەوە و ساڵی هەزار تومەنیشی لەو وەرئەگرت تا قەزوین نفووزی بوو شەست و حەوت ساڵ پاشا بوو یانزە کوڕی ناودار و حوکمداری بوو. رۆژێ دانیشتبوو لە پڕ سوارێ هات کلک و یالی ئەسب و فەقیانەی خۆی لە خوم دابوو نیشانەی ماتەم دابەزی بە گریان پایتەختی سەرخاب بەگی ماچ کرد؛ کە سەرخاب باش تێی روانی ناسییەوە، بەنگینەی ئامۆزایان بوو کە لەگەڵ مەما بێ ناوونیشان گوم بووبوون هاڕاندی، وتی: بەنگینە کوا مەم؟

بەنگینە: ئامۆزا خۆشەویستەکەم مەم لە زیندانی حاکمی عەمادیەدایە، شوێن عەشقی خاتوو زین کەوت لەوێ بەکر مەرگەوەڕی لێ بوو بە بەڵا گرفتارە (کە سەرخاب بەگ ئەمەی بیست ناردی دەستبەجێ هەر یانزە کوڕی هاتن [١- حەسەن بەگ ٢- ئەسکەندەر ٣- سولطان عەلی ٤- یەعقوب ٥- بارام ٦- زولفقار ٧- ئەسدمش ٨- بەساط ٩- شاسوار ١٠- سارو ١١- قاسم، خۆی زرێ و خەفەتانی رەشی پۆشی وەک جەنگی یازدار خان لە یانزە قۆڵەوە هەریەکە بە لەشکر و سوپای خۆیەوە روویان کردە ئامێدی بەڵام سەرخاب بەگ جاڕی دابوو تا هەواڵی مەم نەزانن کە کوشتار نەکا، حەوت رۆژ بە سەلەف و سەرڕەو ئۆردوو رۆین رۆژی هەشتەم لە بەیانا دەوری عەمادیەیان گرت؛ ئەمیر زەینەدین هیچ چاری نەما لەشکری کۆ نەبووەوە دەخالەتی کرد و بە پیادەیی چوو بە پیریانەوە، سەرخاب شا هیچ قەدری نەشکاند کوڕێکی خۆی دابەزاند و سواری کرد تا هاتنە شارەوە راست روویان کردە سەرزیندانەکەی مەم. گەیشتنە سەرزیندان؛ تێ فکرین خاتوو زین بە بەرگی رەشەوە لە سەر زیندانە وتی: برای مەم کێیە؟ سەرخاب شا دابەزی بە حورمەتەوە بەڵام بە گریانەوە بانگی کرد):

هۆ خاتوو زینە دڵم خوێنینە توخوا مژدەیەکی کاکە مەمم بۆ بێنە خاتوو زین: شای خاوەن تەخت هیوای زینی بەدبەخت گەیشتوویتە سەروەخت چاک بوو تۆ دیدار و ئاخیرەت نەبووی بەڵام من و کاکە مەمت وەک دوو کۆتری ئاشقە و ماشقە ئەفڕینە بەهەشت ئا ئەو دەقیقەیە گفتوگۆمان بووە ئێوە وەرن ئەو بەردەی لە سەرزیندان لابەن و من داهێڵنە خوارێ بەڵکو خوا بکا بە زیندوویی بۆتان سەرخەمەوە.

(سەرخاب هەرچەند لە ساڵیشا بوو ئاگری جەرگ هێزی دایە تەکانی بەردی سەرزیندانی دا بە جارێ هەڵی گرت و خاتوو زین بە کەمەند خۆی داهێشتە زیندان) (ئینجا کاکە مەم کە رووناکیی دی و تیشکی رۆژ دایە زیندان تێ فکری رووناکاییی دی خاتوو زین گەیشتە لای؛ سەری هەڵبڕی) وتی: ئەرێ من چاوم رەشکەوپێشکە ناکا؟ ئەوە خاتوو زینە، دەرمانی برینە؛ روحی بەدەنی غەمگینە.

زین: مەم روح و ئیمانم مایەی ژیانم مژدە بێ سەرخاب شای برات بە یانزە کوڕی برازاتەوە، بەنگینەشیان لەگەڵە ئەوەتان لە دەرێ لە دەورت وەستاون لەشکر و سوپایەکی بێ ئەندازەیان لەگەڵە چاوەڕێی ئەمرێکی تۆن و وڵاتی برام ژێر و زەبەر دەکەن هێز بدەرە خۆت ئەوە کەمەندی سەرخاب شایە هەردووکمان بە یەکەوە بیبەستینە پشتی خۆمان لەسەرێ هەڵی دەکێشن «هەردوو سەری کەمەندیان بەستە قەدی «قەیی» خۆیان، لە سەرەوە سەرخاب شا و شا سواری کوڕی تەکانیان دایە هەڵیان کێشان، کە هاتنە سەرێ» مەم وتی: سەرخاب برا گیانەکەم نەمردم تا دیدارت بە دیدارم شاد بوو بەڵام دوایی نەفەسمە من ئەمرم زینیش پاشی من ناژی، توخوا هیچ ئازارێکتان بۆ زەینەدین نەبێ گوناهی نییە، ئەو خوشکی خۆی پێشکەشی کردم ئا: ئەم خوشکە؛ فریشتەی بەهەشتە، من بە فێڵ و فەرەجی بەکر مەرگەوەڕ رەدم کردەوە. لە زیندانا جەزای خۆم کێشاوە ئەشیزانم زین لێم ئەبوورێ: ئێوە پیاون و خوا رەوای بینی یانزە «مەم»ت هەیە، توخوا لە خەودا دایکم دی بۆم ئەگریا، با تێروپڕ بۆم بگری، ئێوەش گەردنم ئازا بکەن.

زین ئەڵێ: مەم لە بیرتە یەکەم شەو تۆم دی وتم ئەم دوو دڵە رووناکە و ئەم عەشقە پاکە لە دنیادا بەر ناهێنێ، لەژێر خاکا لەیەک گیر ئەبن... من گەردنم ئازا کردووی، گەردن ئازاییی پێ ناوێ ئێمە لێک جوێ نابینەوە تا گەردن ئازایی بخوازم (هێشتا قسەی تەواو ناکا مەم دەستی زین ئەخاتە سەر دڵی و چاو لێک ئەنێ ئینجا ئەبێتە گریان، زین (روو ئەکاتە سەرخاب و کوڕانی ئەڵێ): دەقیقەیەکم لێ راوەستن و بەجێم بهێڵن ئینجا وەرنەوە لامان (دوور ئەکەونەوە بەڵام گوێیان لە دەنگی خاتوو زینە ئەلاوێنێتەوە ئەمە ئەڵێ):

هەی رۆ ئەمرۆ رۆی شین و رۆ رۆمە
کە مەم رۆیی؛ رۆی پەژارەی خۆمە

ئەم زوڵفە لوولەم بۆ مەم شانە کرد
دەک فەڵەک کوێر بێ بۆنێکی نەکرد

ئەم خاڵ و میلە من بۆ مەمم رشت
پەیمانم وایە بۆی بەرمە بەهەشت

لێوم دانابوو بۆ گفتوگۆی مەم
عەهدە، تا مردن واتەی پێ نەکەم

توخوا مەم، منت لە کوێ پەیدا کرد
گوناهم چی بوو؟ منت شەیدا کرد

هەرکەس هاوسەرێ بۆ ژیان ئەگرێ
منت بۆیە ویست لەبەرت مرێ

هەی خەجاڵەت بی چەرخی پڕ ستەم
هیچ شەرمت نەکرد لە نەوجوانیی مەم

مەم لەژێر خاکا بە میوانت بم
بە برامەوە بە قوربانت بم

ناچارم بێ تۆ ژیانم نابێ
وا بڕیمەوە، هەر دەبێ وابێ

لەناو دوخمەدا دوو جێگا دەبێ
زاوا و بووکێنی لە خاکا دەبێ

ئای مەم دەستی مەم نەگەیشتە تۆ
وا نووکی خەنجەر بوو بە سزای تۆ

خەنجەر بۆ دڵە گەر راستت دەوێ
ئاخ مەمی تیایە نەک بەری کەوێ

ئەی سینە بگرە خەنجەر بۆ تۆیە
هەرچی زۆر جوان بێ هەر رەنجەڕۆیە

بە بەرگی خوێنی شایی رەنگەوە
بە سۆز و ناڵەی خۆش ئاهەنگەوە

با دەست لە مل کەین مەم، یەکجارییە
نە رای بێگانە نە بەدکارییە

ئاخ بۆ دەنگ خۆشێ لە ژوورسەرینمان
بە بەیتی کوردی بدا تەلقینمان

بڵێ ئاخ دڵی دڵخواز مەشکێنن
بە زۆرەملێ کچان مەمرێنن

# ترش و شیرین

## لە گاڵتە و قسەی بەتوێکڵ

خاڵە ڕەجەب

خاڵە ڕەجەب دەڵێ:

خاڵە ڕەجەب دەڵێ چی؟

چۆن دەڵێ چی؟ دەڵێ ئەوەندەی لێکۆمەدەرەوە ژیان ئەوەی بەبەرەوە نییە کە هەر بە خەم و خەفەت و بیرکردنەوە و پەستی ڕای بوێری.

دەڵێ: هەوایەکی باڵی خۆت بدە، تۆزێک خۆت لە کوێرەوەری و ئەرکی ڕۆژ بە ڕۆژ دوور خەرەوە، گوێ بۆ دوو گاڵتەوگەپ قسەی خۆش شل کە یاخۆ ڕۆژی یەک دوو پەڕە لە قسە ترش و شیرینەکانی بخوێنەرەوە.

لەلایەن منیشەوە دەمێکە بەئاواتەوەم قسەکانی خاڵە کۆ بکەمەوە و نەیەڵم بفەوتێن، لەبەرئەوەی قسەی بەرز و نەستەقی زۆر کەسی ترمان لە کیس چوون و لەگەڵ خاوەنەکانیانە فەوتان. ئەوەبوو خوای من و تۆ کردی بەینێک چوومەوە سلێمانی، چوومە شارەوانییەوە و لەگەڵ خاڵەدا لووت و بزووت یەکمان گرت و وەک خاڵ و خوارزا پێکەوە بەینێکی خۆشمان رابوارد.

جا ئەم ترش و شیرینە بەرهەمی ئەو سەردەمەیە کە پێکەوە بووین. بەڵێ ساڵێک زیاترمان پێکەوە بردەسەر، دەسا ڕۆژ بە ڕۆژ خاڵەم زیاتر دەچوو بە دڵا، چونکە خوا هەڵناگرێ ئێستاش لە قسەی خێر و باش زیاتر پەند و باوی دوای کەسێک نەخست ناوی یەکێکی بە خراپە نەهێنا و لە دژی کەس نەدوا، ئەوەندەش زیرەک و عاقڵ و بە ئەدەب بوو تا دەهات ڕێزی خۆی زیاتر دەسەپان و خۆی خۆشەویستتر دەکرد. خۆ بەم قسانەشی (هەرچەند ئەدەبی مەکشوف)یشیان تێدایە ئەوەندەی تر بەرز دەبێتەوە تا وەک ئەستێرە دەدرەوشێتەوە یا وەک مانگ خەرمانە دەدا. ئەی گوایە (ڕەجەب) خۆی مانگ نییە؟.

خاڵە ڕەجەب دەڵێ

١

سەرۆکی شارەوانی چووبوو بۆ تەفتیشی ناو بازاڕ تەلەفۆنی ژوورەکەی لێی دا، منیش چووم هەڵم گرت، لەو سەرەوە دەنگێکی گڕ وتی: کێ لەسەر تەلە؟ منیش وتم: پەڕەسێلکە ئینجا توورە بوو وتی: یەعنی چی پەڕەسێلکە منیش وتم: هەر پەڕەسێلکە دەچێتە سەر تەل.

٢

ڕۆژێکی زستان لە ماڵەوە سۆپایەکی "علاءالدین"مان داگیرساند بوو بەدیارییەوە دانیشتبووین ئەوەندەی پێ نەچوو برادەرێکم هات بە میوانی ئەویش ناوی "علاءالدین" بوو منیش هەڵسام گورج سۆپاکەم بردە دەرەوە و کوژانمەوە، دایکم وتی: ئەوە چیت کرد؟ وتم: دایە ژوورێکی وا بچووک دوو عەلادینی تێدا بێت گەرم دەبێ ئارەقەمان پێ دەکاتەوە بچینە دەرەوە باپەر دەبین لەبەرئەوە یەکێکیان بەسە.

٣

ڕۆژێک یەکێک لەوانەی کتێب دەگرنەوە خۆی کرد بە ماڵا منیش دارعەساکەم لێ وەرگرت و فەرمووم لێ کرد بۆ ژوورەوە، کابرا دانیشت ئەوەندەی نەبرد کتێبەکەی بەرباخەڵی دەرهێنا و وتی پەنجەی لەسەر دانێ، دوای ئەوەی کتێبەکەی نا بەچاوییەوە سەری هەڵبڕی وتی تۆ چوار ساڵ لەمەوپێش تووشی بەڵایەکی گەورە بوویت وایە یان نا؟

منیش ڕووم کردە ماڵەوە وتم: ئەرێ کەی بوو من تۆم مارە کرد؟

٤

موتەسەریفێکی عەرەب چەند ساڵێک لەمەوپێش هاتبووە سلێمانی ژنێکی قولەڕشیان لە ماڵا بوو، بەڕێکەوت ڕۆژێک دیم منیش لێم بوو بە مەراق ئاخۆ ئەم ماڵە ئەمەیان بۆچی بێت؟ ئۆتۆمۆبێلچیەکەیان خەڵکی لای خۆمان بوو ڕۆژێک دیم لێم پرسی: ئەرێ ماڵی موتەسەریف ئەو ژنە قولەیان بۆ چییە؟ وتی: ئەوە دایەنی کچە بچکۆلەکەیان. منیش لێم پرسی جا شیری دەداتێ یان قاوە؟

ئەویش وتی: بەخوا بڵێم چی خۆ کچەکەشیان دەڵێی تۆپەڵەقورە.

٥

بارێک شووتیەکۆڵەم کڕی بۆ ماڵەوە لەگەڵ منداڵەکانا دانیشتبووین ورده ورده لێمان دەخوارد، ئەوەندەم زانی سواڵکەرێک هات لە دەرگەی دا و پاڕایەوە کە شتێکی بدەینێ، منیش بە حازری هیچم بە دەستەوە نەهات شووتیەکۆڵەیەک نەبێت بۆم برد و دامە دەستی، کابرای سواڵکەر بە پەلەپیتکە بەربووە شووتی و خێرا خێرا دەیخستە بەینی هەردوو دەستییەوە و دەیگوشی هەر بەوەش وازی نەدەهێنا دەینا بەلای گوێییەوە منیش لێم پرسی ئەرێ ئەوە بۆچی وا دەکەین؟ وتی: ئاخر نابێ بزانم گەیشتووە یان نا؟ منیش وتم: ئەرێ باوکەکەی باوکم گونەکەت بخۆم بۆچی سواڵیش بە شەرتی چەقۆیە؟ ئەمەم وت و بانگم کرد وتم ئا چەقۆیەکی بۆ بێنن. ئەویش وتی: جا بێ قەزا بی بۆ توڕە دەبیت ئەی یەکێک خێر بکات نابێ تاسەر بێت؟

٦

سەرۆکی شارەوانی میوانی هاتبوو، کاتیش هاوینێکی گەرم بوو میوانەکە داوای ماستاوی کرد منیش چووم قاپێکی بچووک ماست و پەرداخێک ئاوم بۆ هێنا و لە بەردەمیدا دام نا سەرۆک وتی: من وتم ماستاوی بۆ بێنن ئەمە چییە؟ منیش وتم قوربان ماستاو حازر نەبوو فەرقی نییە ماستەکە بخوات وە ئاوەکەی بکات بەسەردا ئینجا تۆزێک خۆی ڕاوەشێنێ لە سکیدا دەبێ بە ماستاو حەز دەکات تۆزێ خوێشی بۆ دەهێنم!

٧

باوکم بەڕەحمەت بێت بەردەوام ئامۆژگاری دەکردم دەیوت: کوڕم ئارەق نەخۆیتەوە باش نییە ئەوەتا تاوەکو کەرێکیش بهێنێ دوو سەتڵی لە بەردەمدا دابنێیت یەکێکیان ئاو ئەوی تر ئارەق.

دەزانی دەم دەخاتە کامیانەوە؟ وتم بەڵێ دەم دەخاتە ئاوەکەوە وتی بۆچی؟ وتم: چونکە کەرە.

٨

یەکێک لە خزمەکانمان هیلاک بوو هەندێک لە برادەران هاتنە لام وتیان خاڵە ڕەجەب (مەجید) هیلا و پەرێشانە. وتم: نابێ! وتیان بە خوا هیلاکە. منیش وتم: خوا ڕەحم بکات جا دەڵێن چی. وتیان هاتووین نەختێک پارەمان بدەیێ بۆ کفن و شاردنەوەی. وتم: جا خۆ ئێستا چواردە و پازدەی مانگە من بە فلس دەڵێم فەتاح پاشا لەگەڵ ئەوەشا ئەوەندە مەراق مەکەن خوا گەورەیە ئینشاڵڵا چاک دەبێتەوە.

وتیان نە بەخوا هیلاکە لەوانە نییە. وتم باشە ئەگەر خوا نەکردە شتێک ڕووی دا چارێکی

دەکەین، وتیان چۆن؟ وتم: ترش و خوێی دەکەین و لە جێگەیەکی فێنک هەڵی دەگرین تا سەری مانگ کە معاشم وەرگرت لەسەر حیسابی خۆم دەیشارمەوە. حەز دەکەن سەنگ و بەردیشی دەنێم.

٩

پیاوێک معامەلەی زەویوزار (افرازی مڵک)ی هەبوو لە شارەوانی دوای کەوتبوو هات لە منی پرسی منیش وتم: ئیشەکەت لای سەرۆک دەرچوو. وتی: بەڵێ... وتم: دەبڕۆ دوای بکەوە وتی: بەڵێ و کەچی هەر مایەوە، منیش تورە بووم قیژانم بەگوێیدا وتم لای سەرۆک دەرچوو وتی خاڵە گوێم گران بووە منیش وتم: ئەوەچاکتر، وتی: بۆچی؟ وتم: هەموو شتێک لە بازاڕدا گران بووە هەرگوێی تۆ هەرزان بوو شوکور ئەویش گران بوو.

١٠

ڕۆژێکی زستان دوو میوانی سەرۆکی شارەوانی هاتن پێش ئەوەی بچنە ژوورەوە هەریەکە قاپووتی داکەند و ملپێچەکەی کردەوە و قەپلاخەکەی لەسەر داگرت و هەموویان دا بە من منیش دانیشتم و هەموویان لەسەر کۆشم کۆمەڵ کرد کە هاتنە دەرەوە سەیریان کرد ئەو هەموو شتەم لە باوەشدایە وتیان ئای خاڵە گیان بووبوورە باری کەرێکمان لێ ناوی. منیش وتم! قوربان قەیناکا بە خوا ئەگەر بفەرموون باری دوو کەریشە.

١١

کاک فائق هۆشیار سەرۆکی شارەوانی بوو لە سلێمانی، ڕۆژێکی هاوین مامۆستا عەلادین هات بۆ لای چووە ژوورەوە ئەوەندەی پێ نەچوو یەکێکی تر هات وتی: خاڵە سەرۆک لەوێیە چی دەکات؟

منیش وتم: بە خوا بڵێم چی بەم هاوینە گەرمە بە دیار عەلادینەکەوە دانیشتووە قسە دەکات کوڕە گەڕایەوە دواوە وتی دەباشە.

١٢

من و عەبەی برادەررم لە مەیخانەکەی "أوفیک" هاتینە دەرەوە هەردووکمان دنگ بووبووین زۆر درەنگیش بوو، لە عەبەم پرسی: ئەرێ ئیستا ڕۆژ نییە؟ عەبە وتی: خاڵە وابزانم هێشتا هەر شەوە. لەو کاتەدا سەرخۆشێکی تر بەلاماندا تێ پەڕی وەستانمان من لێم پرسی ئەرێ توخوا دنیا چ وەختە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی: برادەرینە من نەشارەزام ئەمڕۆ لە کەرکووکەوە هاتووم سلێمانیم لەوەپێشتر نەدیوە لەبەرئەوە نازانم چ وەختە. بۆ سبەینێ کە هۆشم هاتەوەبەر وەک خەو ئەو کارەساتەم لە بیر مابوو.

١٣

ئێوارەیەک هاوڕێیەکم دەعوەتی نانخواردنی کردم بۆ ماڵەوە تازەش ژنی هێنابوو، کاتی نانخواردن (تازە بووک) خواردنی هێنا سەیرم کرد لە هیچ ناکات مێردەکەی لێی پرسی ئەرێ شەمسە گیان ئەوە چیت بۆ لێناوین ئەویش لە وەڵامدا وتی: تا نەیخۆن نازانن چییە.

منیش خێرا کەوچکێکم لێ خوارد و وەستام، براژنم وتی چۆنە؟ وتم: بە خوا ئەگەر شۆربایە خوێی دەوێ ئەگەر ترشییە ترشی دەوێ ئەگەر محەلەبیشە شەکری ئەوێ. بەڵام هیچیان نییە گونکە هەویرە و بۆ قوڕگی حوشترت شێلاوە.

١٤

لە کەرکووک بووم لای پیاوێک ئۆتۆمۆبێلم بۆ لێ دەخوڕی نێزیکی دوو مانگ لای مامەوە لە دواییدا هاتمەوە سلێمانی. ڕۆژێک لە چایخانەکەی حەمەڕەق دانیشتبووم کابرایەکی کەرکووکی هاتە لامەوە وتی: وابزانم من تۆم دیوە لە کەرکووک. وتم: بەڵێ لەوێ بووم. لە چ گەڕەکێک وتم: لە قۆریە. وتی لە قۆریە لە کوێدا وتم لای لوولەکەیەوە.

١٥

شەوێک بە ماڵەوە چووینە ماڵە دراوسێیەکمان سەعاتێک لە دەرگەمان دا ئینجا خاوەن ماڵ هات دەرگەی لێ کردینەوە کە لێم پرسی: ئەرێ خۆ دەستم شل بوو ئاوی پێمان داهات ئەوە خەریکی چی بوون؟ لە وەڵامدا وتی بە خوا خاڵە گیان لەبەر نەڕەنەڕی خەسووم و گرمەگرمی ژنەکەم دەهۆڵم بۆ لێ بدرایە لە بەردەرگە گوێم لێ نەدەبوو.

وتم: دەکەوابوو ژنەکەت و خەسووت بەرە بیان خەرە ئەفلامی میسرییەوە.

١٦

لە سەعەزلەم پرسی ئێستا لە کوێیت وتی وەڵا لە دائیرەی ئەشغالم. وتم: ئیشت چییە لەوێ؟ وتی: چاوەشم بەسەر کرێکارەوە، وتم: بە خوا درۆ دەکەی بۆ ددانی پێدا نانێیت بۆ ناڵێی باگردێنم بەسەر شەقامەکانەوە.

١٧

عارفەسوور هاتبووە لای سەرۆکی شارەوانی دەیوت: قوربان بە سەری تۆ هەرچەند ئەم کرێکارانەی شارەوانی دەبینم کە وا دەغەڵی دەکەن و ئیش ناکەن هەر تووکێکی سەرم ئەوەندە ڕاست دەبێتەوە. منیش لەو کاتەدا گوێم لەم قسەیە بوو خۆم پێ نەگیرا هەڵم دایە وتم قوربان بە

هەواڵنامەی کتێب

خوا درۆ دەکات بڕوای پێ مەکە سەرۆک وتی: چوزانی درۆ دەکا منیش چووم سدارەکەیم لەسەر داگرت وتم: فەرموو بزانە تووک مەعنا بەسەریەوەیە.

١٨

چاوەشی بەلەدیە بووم بە گەڕەکەکاندا دەگەڕام ڕۆژێک لاشەی کەرێکی تۆپیو لە بەرماڵێکدا لە کۆڵانێکدا کەوتبوو کابرای خاوەن ماڵ وتی: خاڵە بەڵکو ئەمەمان لێ دوور بخەنەوە. منیش وتم: بۆ هەموو شتێک هەر چاوتان لە شارەوانییەوەیە؟ دەبا ئێوەش یارمەتیەکی بدەن ئێستا چی دەبێ ئەگەر خۆت کرێکار بگری و لاشەی ئەم کەرە دوور بخەیتەوە. کابرا لە وەڵامدا وتی: مەکە وەرە ئامۆژگاریم خۆ عەقڵم بەمە دەشکا بەڵام وتم با بچم پرسێک بە کەسوکارەکەی بکەم. منیش کە ئەمەی وت چووم گورج دەستم کردە ملی ئەملا و ئەولایم ماچ کرد وتم: تۆ دەزانی ئێمە خزمین؟

١٩

یەکێک لە هەژارەکانی ناو شارکە مانگانە لە شارەوانی وەردەگرن هاتە دائیرە بۆ ئەوەی مەعاشەکەی بریێتێ لە بەرژووری سەرۆکدا دانیشتبوو هەر مڵچەمڵچی بوو ئەوەندەی نەبرد ددانەکەی کە تاقم بوو دەری هێنا و خستیە دەمی وتی: پوکم ئەزیەت دەدا، هەر لەو کاتەدا هەڵماتێکیش کەوتە بەردەممان وا دەزانی هی موشێنە کەچی کابرا بە پەلەکوتێ گورج هەڵی گرتەوە و خستیەوە چاوی لە کاتی پەلکوتانیدا چەرمێکی سووریشم لە ناوگەڵیدا دی تومەز قۆڕیشە کیسەکەی بۆ گونی هەڵدووریوە بەڕاستی زۆرم بەزەیی پێدا هاتەوە کە پارەکەی وەرگرت و هەستا ڕۆیشت چووم دەستم گرت وتی: ئەوە چی دەکەیت؟ وتم وەڵا لەوە دەترسم نەوەک شوێنێکی تری لەشت بەربێتەوە تاکو منیش زوو بۆت پێوە بنێمەوە.

٢٠

لەگەڵ هەندێ لە برادەراندا بە کۆڵانەکەی لای ماڵی عزەت بەگدا دەڕۆیشتن لە سلێمانی، نێزیک ماڵی موفتی خانوویەکی بچووک دەرگەکەی کرا بووەوە سەیرمان کرد هەرایە، من گوێ قوڵاخ بووم و سەرم کرد بە ژوورا سەیر دەکەم وا کوڕێکی هەرزەکار بەلیستێک بەربووەتە پیاوێکی پیری ریشسپی داما و بەڕاستی زۆرم بەزەیی پێداهاتەوە سنگم نا بۆ پێشەوە دەستی کوڕەکەم گرت وتم: خواهەڵناگرێ وا لەو پیرەمێردە دەکەیت ئەوەندەم نەزانی ژنێک لەولاوە بە شاتەشات لێم هاتە پێشەوە و زمانی بە قەدەر لینگە کەلاشێک لێ درێژ کردم وتی ئەم خەڵکە حەقی ئێمەیان چییە، ئەوە باوکی خۆیەتی و بۆ تەربیە و ئامۆژگاری لێی دەدا تۆ حەقت چییە بەسەرەوە، ئاخر سەلکی سیری قنچکی پیازی، فیدا شەوەمان ناردووە بە شوێنی تا، منیش وتم: بەس بێ لەسەری مەڕۆ، توخوا باشی تێ هەڵدەن. مادام زۆرڵی وای خستووەتەوە، ئەوی لە مشک بێت جەواڵ دەدرێ، لێم دا

هاتمە دەرەوە و ڕۆیشتین.

٢١

ئەوسا زوو وەک ئێستا کە دەکرێ بەرەمەزان تۆپ و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن نەبوو خەڵک ئاگەدار بکەن، بگرە بە دەهۆڵ و زورنا بڵاو دەکرایەوە کەوا کراوە بە ڕەمەزان، منیش بەیانییەک هەستام هاتمە دەرەوە جگەرەیەکم بە دەمەوە بوو، مامۆستا مەلا عارفم تووس بوو، وتی مەرحەبا خاڵە ئەوە عەیب ناکەیت جگەرە دەکێشی وتم بۆچی؟ وتی: ئەی نازانی ڕەمەزانە وتم: نەء وتی ئەی گوێت لەو دەهۆڵ و زورنایە نەبوو کە لێ درا؟ وتم: بەڵێ گەوێم لێ بوو بەڵام مامۆستا گیان من ئەمشەو تا بەیانی هەڵپەڕیوم چونکە پیاو بە دەهۆڵ و زورنا هەڵ دەپەڕێ نەک پێی بەڕۆژوو بێت. ئیتر مەلا لە سەری نەڕۆیشت وتی: دە خوات لەگەڵ وتم دەخوا لەگەڵ خۆت.

٢٢

شەوێک نووستبووم لە نیوەشەودا خەبەرم بووەوە قاچم بەرشتێکی تەڕ کەوت کە ڕوانیم پشیلەیەک لەناو قاچمدا (٣) بێچووی هەڵهێناوە منیش خۆم فڕێدایە ئەولاوە دایکم خەبەری بووەوە وتی: ئەوە چیتە؟ بۆ گێڕایەوە، وتی: دەرۆڵە فڕێیان بدە پیسن. وتم: ڕاوەستە. وتی بۆچی؟ وتم: ئەی نابێ (شەهادەی ولادە)تیان بدەمێ؟ وتی تۆ بۆچی (-)؟ وتم ئەی لای من نەزاوە؟ کەوابوو من مامانم خۆ لای تۆ نەزاوە.

٢٣

کاک جەمال بابان سەرۆکی شارەوانی بوو دەستی کرد بوو بە چەورێژیی ڕێگەی گەڕەکە دوورەکان و کۆڵانەکان بەو بۆنەیەوە خەڵکی هەموو ڕۆژێک چەندان تەلەفۆنیان بۆ دەکرد ئەم دەیوت کۆڵانەکەی ئێمە و ئەو دەیوت هی ئێمە ئەویش پرۆژەیەکی دانابوو لەسەری دەرۆیشت کە دەچووە دەرەوە بۆ سەر ئیشەکانی منی ئاگەدار دەکرد بۆ ئەوەی کێ تەلەفۆنی کرد لە بەردەمیدا بینووسم. ڕۆژێک یەکێک تەلەفۆنی کرد هەرچەندم دەکرد گوێم لە دەنگی نەبوو نووزەیەک دەهات وەک لە قەبردا بێت منیش لەم سەرەوە هەر دەمنەڕان دەموت دەنگ هەڵبڕە دەڵێی چی و تۆ کێیت؟ ئەوەندەم نەڕاند کاتێکم زانی کابرا لەو سەرەوە دەنگێ بەربوو وتم ئەوە بە نەڕەنەڕەکەی من دەنگت بەربوو وتی نەوەڵا خاڵە خۆم دەمم لە تەلەفۆنەکەوە دوور خستبووەوە چونکە ئەمشەو سیرم خواردبوو نەک بۆنەکەی بێ بەسەر سەرۆکدا کە زانیم تۆی دەمم نێزیک خستەوە وتم تۆ کێی جەنابت وتی: عەباسی خزمەت کارت وتم: دەبرۆ کەرە جا من خزمەتکارم بوایە چیم دەکرد لێرە ئەوەشت پێ بڵێم منیش ئەمشەو قاپێکم خواردووەتەوە. بۆنەکەی نایە بەسەرتا؟

٢٤

هەر ئەم جەمال بابانە دەستی کرد بە کۆنکرێتی ناو بازاڕ هەمووی بە کرێکاری شارەوانی تەواو کرد و پاک کردەوە ئینجا تکای لە دوکاندارەکان کرد کە هەرکەسە تەنەکەیەک یا بەرمیلێک دابنێن بۆ (زبڵ) ئینجا فەرمانی دا بە کەناسەکانی شارەوانی و بە (سەیارەی مطفاء) کە ناو بازاڕ هەر هەفتەی جارێک بشۆن توومەز منداڵە وردەکە دوای گسک دەر و ئۆتۆمۆبێل کەوتوون بە هۆها هۆها و ئەها بڕی، ئەها بڕی هەر لەناو بازاڕەوە تەلەفۆن کرا بۆ سەرۆک کەوا جەجاڵ هەڵساوەح، ئەویش هەستا چوو بۆ ناو بازاڕ منیش لە دوایەوە سەیرمان کرد وەک شارە زەردەواڵە ڕژابێت، بە هەر جۆرێک بوو ئۆتۆمۆبێلی (أطفاء)مان ڕزگار کرد و نێردرایەوە شوێنی خۆی، ئینجا کرا بەقا و کەوا ئەم منداڵانە سەگی هار گرتوونی لەبەرئەوە دەبێ هەموو بگیرێن و هەریەکە چەند شەوێک لە قۆرنتینەدا بخرێن تاکو چالاک دەبنەوە یاخۆ پاک دەبنەوە، منداڵ کە ئەمەیان بیست ئەوسا هەریەکە بەلایەکدا بری دەرچوون، بەڵام ئیتر ببرای ببڕ جارێکی تر ئۆتۆمۆبێل بێتە ناو بازاڕ بۆ شووشتن و پاککردنەوەی نەوەک ئەو غەزەبانە لێ بورووژێنەوە.

هەواڵنامەی کتێب

٢٥

شەوێک لە دەرگەیان دا چوومە دەرەوە ڕوانیم پیاوێکە وتی خاڵە وەرە مام عەلی بە پەلە داوات دەکات، منیش گورج چووم کە ڕوانیم مام عەلی دەناڵێنێ وتم چیتە مامە؟ وتی ڕەجەب فریام بکەوە میزم گیراوە. وتم گوێ مەدەرێ ئاسانە ئا دوو تەنەکەم بۆ بێنن کە هێنایانن من یەکێک و کابرای هاتبوو بە شوێنمدا ئەویش یەکێک دەستمان کرد بە تەنەکە لێدان. مام عەلی وتی من تۆم بانگ کرد تەنەکەم بۆ لێ بدەی؟ وتم: مام عەلی تۆ باش دەزانی کە مانگ دەگیرا تەنەکەمان بۆ لێ دەدا بەر دەبوو ئینجا ئێمەش ئەگەر بە تەنەکە لێدان بەرنەدا ئەوسا دەت بەین بۆ لای دوکتۆر.

٢٦

ڕۆژێک کوڕەکەم بە دەستەوە بوو دەم برد بۆ بازاڕ، تووشی ئەفەندییەکی کەچەڵ بووم وتی: خاڵە ڕەجەب ئەمە چیتە؟ وتم: کوڕمە. وتی: دەرای مەکێشە بەرەڵای بکە. وتم تا وەک تۆ کەچەڵ نەبێت بەرەڵای ناکەم.

٢٧

دوکتۆر مەلیک هەبوو لە سلێمانی، جارێک کاک مەحموودی خوا مراد دەچێتە لای دەڵێ: هەموو ناوسکم دێشێت، دوکتۆریش چەند پاکەتێک تۆزی دەداتێ و دەڵێ: هەر ڕۆژە سێ کەوچکی لێ بخۆ لەناو ئاوا. منیش ڕۆژی جومعە بوو چووم بۆماڵی کاک مەحموود سەر لە بەیانی کە خۆم کرد بە

ماڵدا سەیرم کرد مام مەحموود بە رووتی لەناو تەشتێک ئاودا دانیشتووە لە هەیوانەکە گەڕاکە دواوە و نێزیک لای نیوەڕۆ چوومەوە بۆ لای ئیشم پێی بوو، سەیرم کرد هەر لەناو تەشتە ئاودایە گەڕامە دواوە وتم: هەڵبەت لە خۆشووشتن نەبووەتەوە، دەمەو ئێوارەش چوومەوە سەیرم کرد هەر لە ئاودایە، ئیتر بە ڕاستی ڕقم هەڵسا وتم ماڵت بە قووڕگیرێ بووی بە ماسی ناو ئاو دەبا هێجگاری کلکت بگرم و فڕێت بدەمە حەوزەکەی ماڵی عەزمی بەگەوە. وتی: کوڕە ئاخر چی بکەم دوکتۆر ئەو دەرمانەی بۆ نووسیوم ناچارم تۆزەکەی بە وشکی دەکەمە دەمم بە هەزار حاڵیش بۆم قووت دەچێ بەڵام چونکە دوکتۆر دەڵێ لەناو ئاودا بیخۆ منیش دەچمە ئەو تەشتە ئاوەوە و هەر ڕەقیش بوومەوە لە سەرما.

٢٨

سەردەمی تەموینەکە چا زۆر گران بوو منیش بە هەرچی حاڵێک بۆ خۆراکێ چام پەیدا کرد و بردمەوە ماڵەوە وتم: دایە ئەم چایە لێ بنێ هەتا دەچم دوو سێ نان دەکڕم. دایکم چاکەی لێ نا کە هاتمەوە وتم: ها ئەمە نان دەسا چاکە تێ بکە. دایکم وتی: ڕۆڵە هەتا نوێژەکەم کرد چایەکە و قۆرییەکەیان لەسەر کوڕەکە دزیوە منیش چووم بۆ بازاڕ حەماڵێکم گرت وتم: کاکە ئەم جارەم بۆ بدە، حەماڵەکە وتی بڵێم چی؟ رتم: بڵێ ڕەحمەت لەو کەسە قۆرییەکی دزیوە، قۆرییەکە بۆخۆی، چایەکەم بدەنەوە.

٢٩

لە بەغدا تاقمێک چووینە مەیخانەیەک دانیشتین دەستمان کرد بە خواردنەوە لە پاش ماوەیەک کە هەڵساین وتم ئێمە بۆچی خۆمان نەکەین بە شەمەندەفەر من لە پێشەوە ئێوە لە دواوە یەک لە دوای یەک پشتی یەکتری بگرین هەموو وتیان باشە، هەر لەمەیخانە هاتینە دەرەوە من وەکو شەمەندەفەر لوڕانم و هاتینە سەر جادە بە بەردەمی (شرطی شارع)ێکدا ڕۆیشتین لەو کاتەدا من قۆندەرەکەم لە پێ داکەندرا، پۆلیسەکە بانگی کرد ئەوە قۆندەرەی کێیە بەجێ ما؟ منیش وەڵامم دایەوە وتم:

فڕێی بدە فارغونی دواوە.

٣٠

یەکێک لە فەرمانی شارەوانی بۆ ماوەیەک دەستی لە ئیش کێشرا بووەوە دوای ئەوەی ماوەکە کۆتایی هات فەرمانبەر چوو سکاڵایەکی پێشکێش کرد بۆ سەرۆک کە بگەڕێتەوە شوێنەکەی خۆی بەڵام یەکێک لە کاتیبەکانی هەر لە خۆیەوە لەسەر سکاڵاکەی نووسیبوو جێگەمان نییە سەرۆکیش

بێ ئەوەی بیخوێنێتەوە ئیمزای کرد بۆ فەرمانبەر کە ئەمەی دی خۆی چووە لای سەرۆک وتی من دەرەجەکەی خۆم هەر ماوە و ماوەی دەست لە ئیش کێشانەوەکەم تەواو بووە ئێوە بۆچی دەڵێن جێگە نییە، سەرۆک کە سەیری کرد وتی بە خوا ئەمە خەتی من نییە (ملاحظي ذاتية)ش وتی خەتی من نییە (ملاحظي اوراق)یش وتی بە خوا خەتی منیش نییە منیش چووم سکاڵایەکم لێ وەرگرت و سەیرم کرد وتم: کە خەتی ئەمانە کەسیان نەبێ دەبێ خەتی شەمەندەفەر بێت.

٣١

لە شارەوانی فەڕاشی سەرۆک بووم چەند کەسێک هاتن بۆ مراجەعەی سەرۆک هەریەکە جگەرەیەکیان بە دەمەوە بوو کە چوونە ژوورەوە جگەرەکانیان دایە دەست من. ئینجا سەرۆک دووسێ جار لە جەڕەسی دا منیش هەر هەڵنەستام کاتێکم زانی سەرۆک خۆی هاتە دەرەوە وتی ئەوە تۆ چیت لێرە من ئەم هەموو جەڕەسەم لێ دا نەهاتی بە دەنگمەوە تۆ فەڕاش نیت؟

وتم نەخێر من تەپڵەکی جگەرەم.

٣٢

لەناو بازاڕی سلێمانیدا ڕۆژێک شتم دەکڕی هەر تۆزێک دەڕۆیشتم و حەماڵێک دەهاتە بەرلووتم دەیوت: خاڵۆ ئیشت نییە منیش ئەموت بەڵێ و دوام دەکەوتن بەم جۆرە دەستەیەک حەماڵم دواکەوتن منیش لە بازاڕ دەرچووم بەرەو شارەوانی بوومەوە لەوێ خۆم کرد بە ژوورا و چوومە سەر کورسییەکەی خۆم لە بەرژوورەکەی سەرۆکدا دانیشتم و حەماڵ هەر بە دوامەوە لەوێ لێیان پرسیم خاڵۆ فەرموو ئیشت چییە ئێمەت هێناوە منیش وتم فەڕاشم.

٣٣

ڕۆژێکی جومعە لەگەڵ هەندێک لە برادەران و هاوسێ کانماندا بە سەیران چووین بۆ زەڵم لەوێ تا درەنگ بە خۆشی ڕامان بوارد لە دواییدا کە ویستمان بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی ئۆتۆبۆبێلەکەمان تێکچوو ناچار چووینە هەڵەبجە کە لەوێوە (ئۆتەر) بگرین و بگەڕێینەوە بۆ سلێمانی تاکو ڕۆژی شەمە فریای دەوامی دائیرە بکەوین بەڵام لەوێش ئۆتەرمان چنگ نەکەوت ناچار ئەو شەوە لە هەڵەبجەماینەوە بەڵام من بەیانی شەمە پەژارە دایگرتم کەوا لە دەوام دواکەوتم هەستام چوومە بەلەدیەی هەڵەبجە لە بەرژووری سەرۆکدا لەوێ دانیشتم کاتێکم زانی جەڕەس لێ درا منیش گورج چووم بەدەمییەوە وە سەلامێکم کرد وتی: ها کوڕم دەڵێی چی؟ وتم: قوربان جەڕەست لێ نەدا؟ وتی: بەڵێ جا تۆ حەقت چییە بەسەرەوە؟ وتم: قوربان من فەراشی سەرۆکی شارەوانیی سلێمانیم هاتووم بۆ سەیران فریا نەکەوتم بگەڕێمەوە بۆ دائیرە لە سلێمانی ئێستاش هاتووەتە ئێرە ئیش

بکەم تاکو دەوام تەواو دەبێت هەر شارەوانییە.

٣٤

ساڵێک زستانەکەی زۆر سارد بوو باری داراییشم باش نەبوو خانوویەکمان هەبوو کۆن بو پەڕپووت و سارد. ڕۆژێک بە دایکم وت دایە بەڵکو هەندێ گۆشت پەیدا بکەم بیکەیت بە شفتە. دایکم وتی: کوڕی خۆم ئێمە وا لە سەرما ڕەق دەبینەوە و ئاگرمان نییە شفتە بە چی بکەم. وتم دەچم هەندێ سەرە گوێسەبانە و چیلکەت بۆ پەیدا دەکەم بیکەرەوە بە ئاگر. وتی: باشە منیش خۆم چووم بۆ بازاڕ بە هەر جۆرێک بۆ هەندێ گۆشت و کەوەر و کەرەوز و توورم کڕی و هێنامەوە دامنە دەست دایکم وتم: من دەڕۆم بۆ بازاڕ تۆیش وردە وردە خەریک بە. ئێوارە هاتمەوە زوقم و سەرمایەکی بێ ئامان بوو بەڵام ئەوەندەی تریش سارد بوایە من بە خەیاڵمدا نە دەهات چونکە بیرم لە شفتە دەکردەوە. کە ڕۆیشتمەوە لە دایکم پرسی: چیت کرد ئاگردانەکە ساردوسڕ دیارە دوکەڵ لە هیچ لایەکەوە نابینم، وتی ڕۆڵە دایکت بە کۆی زوخاڵ بێت هەتا چووم نوێژەکە بکەم پشیلەی دوابڕاو گۆشتەکەی فڕاند، ئیتر تا ئەژنۆم وشک بوو. بۆ ئێوارەش دایکم سینیەک کەوەر و تووری هێنایە بەردەمم کە چاوم بەمە کەوت شیرازەی بیرم ڕووی کردە هەڵبەست و ئەمەم وت:

حەزمان لە گۆشت کرد بە سەد شەڕەشەق
وەک ڕێوی لەسەر تەبەقی لەقلەق

ئێوارە نانیان هێنایە حزور
سینی ڕازاوە لە کەوەر و توور

لە سەرما پشتم وەستا بوو یەک موور
ئاگرمان نەبوو لە هەیوان و ژوور

چوار دەوری ژوورمان هەموو کەلەبەر
نەفسم تۆرابوو لە توور و کەوەر

هەر کە ئەمەم دی عاجز بووم تەواو
دڵم پڕ لە خەم چاوم پڕ لە ئاو

سەرم هەڵبڕی بۆ خوا سەرەوژوور
وتم خالقی مانگ و ڕۆژ و نوور

هەر خۆت فەرمووتە رزقی بێ حساب

لەسەر سینی خەڵک بریانی و کەباب

خەتای کەس نییە لەم سەر جیهانە
لای خۆت دابەشە ئەم ڕزقە جوانە

٣٥

کەر کە پیر بوو..

ئەوسا لە (بەلەدیە کۆنەکەی ناو بازاڕ) بووین فەڕاشەکان هاتن بانگیان کردم وتیان وەرە سەیری ئەو کەرە بەستەزمانەکە لەو بەربارانە لە برسا لاکەی سەری دێت قەپاڵ بەدار و بەردا دەکات. کە چووم کەرەکەم دی دیار بوو زۆری برسی بوو خاوەنەکەشی بێ ویژدان بەڕەڵای کرد بوو لە کاتی خۆیدا ئەم کەرە ڕێزی دەگیرا کورتانی تازەی بۆ دەکڕا ناڵ دەکرا بگرە هەندێ جار خاوەنەکەی دایک و باوکی دەکرد بە قوربانی ئەیڕەتان بەملا و لادا نانی پێ پەیدا دەکرد ئێستاش ئەوەتا بەڕەڵای کردووە.

فەقیر کە لات کەوت بێ شوێن و لافە
خزمەتی دەکرێ لە تەمەڵخانە

ئەی کەر کە جێگەی نەما لە خانا
نەسووڕێتەوە لە کۆڵانانا

خاوەنی مافە لەەم سەر جیهانە
ئەی ئەو بۆ نەبرێ بۆ بەیتاڵخانە؟

٣٦

من و ژنهێنان

هەڕەتی کوڕێنیم بوو هاوڕێکانی من کەسیان نەمابوونەوە هەموو ژنیان هێنابوو ڕۆژێک باوکم و دایکم سەریان کردمە سەرم کەوا تاکو خۆیان ماون بم کەنە پەردەوە.. لەولاوە دایکم دەیکێشا بەسنگی خۆیدا و سەری بەرز دەکردەوە بەرەو ئاسمان و دەیوت:

ئۆخوا مرادم بدەی منداڵی ڕەجەب بگرمە باوەش خلەخلکەرەی دەروژوورکەرە بە بەردەممدا بێن و بچن ئەوسا بشمرم چش.

ئەوان بەم جۆرە سەریان کردە سەرم منیش وتم پەلە لە ژنهێناندا ناکەم چونکە زانایان وتویانە (ئەوەی بە پەلە ژن بێنێ بەشێنەییی پەشیمان دەبێتەوە لەبەرئەوە تکام وایە کە وازم لێ بێنن بەڵام

بێ سوود بوو ئیتر منیش ناچار ملم بۆ ڕاکێشا. دەی ژن بەتلیلیلی هێنرایە ماڵەوە هەڵپەڕکێ و زەماوەند تەواو بوو. لە پێش هەموو شتێکدا ڕاوێژ و ئامۆژگاریم بۆ کچە ئەمە بوو..

ياخوا بەخێرا بێیت ئەمە ماڵ و حاڵ
قاپ و قاچاغ و کەوچک و چەتاڵ

ئەبێ هەوڵ بدەین زیاترین بە ماڵ
نەمخەیتە ژێر کۆڵ هەروەکو حەماڵ

بە ئومێدی تۆ هاتوومە سەر ڕا
نەمکەی پەشیمان ڕەنجم بەی بەبا

هاوسێ کەم نەبین ئامان توبی خوا
زەهر بنۆشین لە جێی شیر و چا

ئەبێ ڕابوێرین بە خۆشی و سەفا
ژیان پێچێکە پیریە کەی جەفا

هەرزانەی کتێب

٣٧

دەک هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی نەجمەدین مەلا. جارێک چووم بۆ (کەشتییەکەی نوح) لە شەقامی سابوونکەران بۆ خزمەت مامۆستا مەلا نەجمەدین. دوای پێشوازی مەلا بەدەنگە گڕە نێرەکەی ڕووی تێ کردم وتی: ئەرێ سەگباب ڕەجەب ناوە؟ منیش وتم قوربان کاتێک فامم کردووەتەوە ئەم ناوەم پێوە بوو باوکم ناوی ناوم هەڵبەت هەر ئەوەم بەنیسیب بووە. پاش ماوەیەک ئینجا منیش هەڵم دایە وتم دەبێ باوەحیز (ئەستێرەی ئاین) ناوە ئەگەر وایت کوا تریفەت؟ فەرمووی دوای خۆم بۆت دەردەکەوێ..

٣٨

شارەوانی سلێمانی لە کاتی سەرۆکایەتی جەمال باباندا بڵاو کراوە (نشرة)یەکی دەردەکرد (سلێمانی) یان پێ دەوت. ڕۆژێک کاک جەمال میوانێکی دێ لەوانەی سەروساختیان لەگەڵ خوێندنەوەی کوردیدا هەیە داوای ژمارەیەک دەکات. سەرۆک لە جەڕەس دەدا ئەحەڕەشی فەڕاش ڕادەکاتە ژوورەوە دەڵێ ئەمر بکە؟ سەرۆکیش دەڵێ ئا بچۆ (نشرة)ی ئەم جارە لای کاک جەمال شاڵییە دانەیەک بێنە ئەویش دەچێتە خوارەوە بۆ (مخزن) نەشرەیەک گلۆپی زەرد و سوور لەوانەی

کە لە جەژن و (عطلة) دا هەڵدەواسرێن بە نقەنق دەی هێنێتە سەرەوە لە ژوورەکەی سەرۆکدا دایدەنێ و دەڵێ:

قوربان چی لێ بکەم. سەرۆکیش سەری سوورِ دەمێنێ دەڵێ کورِم ئەمەم داوا نەکردووە ئینجا ئەحەرِەش دەڵێ ئەی نەشلە مەبەست دەرمانی هەڵامەتە ئەویش وەڵامی دەداتەوە دەڵێ کورِە: نە (جلوس)ە (نشرة) هەڵواسین و نە جەمال شاڵی دوکتۆرە دەرمانی هەڵامەتی لا بێت مەبەستم کۆواری سلێمانیە. ئەوسا دەڵێ: ئا وەڵا ئەمزانی مەبەستت (مجلة) کەیە کاک جەمالیش دەڵێ:

ئافەرم زوو تێ گەیشتیت دەبرِۆ تەواوە مجەلەکەم ئەوێ بیهێنە. ئەوسا ئەحەرِەش دەچێ دانەیەک لە بڵاوکراوەی سلێمانی دەهێنێ و دەیداتە دەست میوانەکە.

٣٩

لە سەردەمی تەموینەکەدا فەرِاشی مدیری تەموین بووم لەسەر کوورسییەکەی بەردەرگەکە دانیشتبووم مدیر جەرِەسێکی لێ دا جوومە ژوورەوە وتم: فەرموو ئەمر بکە وتی کورِم بۆیاخچییەکی باشم بۆ بێتە قۆندەرەکانم بۆیاخ بکات قۆرِ نەبێت وتم: بەڵێ چوومە خوارەوە چوار پێنج بۆیاخچیم هێنا بردمنە ژوورەوە لای مدیر. وتی: کورِم ئەمانە چین؟

وتم قوربان بۆیاخچین فەرموو دەست لە گونیان بدە بزانە کامیان قۆرِن بیان کەینە دەرەوە و ساغەکەیان بهێڵینەوە.

٤٠

ئەحەزلەی مائموری تەل لە شارەوانی بوو دەگەرِایەوە بۆ ناو شار نەختێک بێ تاقەت بوو وتی: خاڵە گیان بزانە عەرەبانەیەکم بۆ ناگری بمباتەوە بۆ ماڵەوە منیش چووم عەرەبانەیەکم بۆ هێنا ئەحە ویستی سەوا لەگەڵ عەرەبانچییەکەدا بکات ئەویش لە وەڵامدا وتی: دەخیلت بم تۆ لەو سەرەوە هەرچەندێک دەدەی بەزیاد بێت بەڵام ئێستا زوو سەر بکەوە و خۆت پێشانی وڵاخەکان مەدە ئەگینا مانم لێ دەگرن نارِۆن.

٤١

خانوویەکمان هەبوو هەرچوار دەوری چۆڵ بوو تەنیا دووپایە کرابوو دەرگەیەکیان لە بەیندا بوو دەرگەکە داخرابوو شەوێک سەرخۆش بووم درەنگ گەرِامەوە بۆ ماڵەوە تەق تەق لە دەرگەم دا کەس جوابی نەدایەوە هەمدیسان دەستم کردەوە بە درگەلیدان پاش چەند دەقیقەیەک دایکی جوابی دایەوە هاتە دەرەوە وتی، کێیە ئەوە؟ وتم! دایە خۆمانین دەرگەکەم لێ بکەرەوە. دایکم وتی هەرچوار دەوری ماڵەکەمان بەرِەڵایە ئەم تەقوهۆرِەت لە چییە دەرگەی کردەوە ئەوسا وتم: ئەقڵت بێ ئەگەر

من لە کون و کەلەبەرەوە بێمە چوورەوە دز و درۆزنیش ئەوسا پێمان فێر دەبن تەڕنێکمان پێ دەکەن.

٤٢

شەوێک دراوسێکانمان میوانمان بوون دانیشتبووین هەروا

٤٢

شەوێک دراوسێکانمان میوانمان بوون دانیشتبوون هەروا بە قسە و دەمەتەقێ هاتینە سەر باسی ژنەگەورەکانی کورد، لەپڕ یەکێک لە میوانەکان وتی: باشە خاڵە ژنەکەی فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە ناوی چی بوو؟

وتم: برام عەیبە ناوی ژنی خەڵک مەهێنە لە دواییدا بۆم دەرکەوت کە ناوی کەیغانە و داستانێکی خۆشی لەسەرە.

٤٣

کە لە قوتابخانەدا بووم بە منداڵی جارێک مامۆستا پێی وتم: کورم بەیانیان دێیت بۆ قوتابخانە سەرت دابێنە منیش وتم: ئاخر مامۆستا شانەم نییە. مامۆستا وتی: ئەی باوکت نییەتی؟ وتم نەخێر باوکم سەری ڕووتاوەتەوە ئینجا وتی ئەی دایکت؟ وتم: مامۆستا دایکم کەچەڵە هەر وازی نەهێنا وتی: ئەی براکانت خوشکەکەت کەسیان شانەیان نییە؟ ئیتر منیش ڕقم هەڵسا وتم: جا مامۆستا تۆ زۆری لەسەر دەڕۆی عەیبی فەقیر و هەژارم بۆ پێ دەردەخەی؟

٤٤

لە سەردەمی تەموین. تەموینەکەدا گەنم دابەش دەکرا بەسەر خەڵکدا بە (بطاقة).

ڕۆژێک ئافرەتێک بە هەڵەداوان خۆی کرد بە دائیرەدا هاتە بەردەمم وتی: توخوا خاڵە ڕەجەب کامەیە؟ منیش وتم: بەندە خۆمم دەفەرمووی چی؟ وتی: بە قوربانت بم بەڵکو ئەم بیتاقەیەم بۆ جێبەجێ بکەیت ئەو گەنمە وەربگرم. وتم بە سەرچاو بیتاقەم لێ وەرگرت ئەوەندەی نەبرد هەموو (ڕۆتین)ێکم بۆ تەواو کرد گەیانمە ئەوەی بەرەو ڕووی عەماریان کردەوە کە بچێت گەنمەکە وەربگرێ، وتی پیاوی چاک بە لەگەڵمدا وەرە، ناچار سەرم پێوەنا چووین گەنمەکەشی وەرگرت ئەوسا وتم ئیتر من دەڕۆم، وتی قەزات لەماڵم ڕاوەستە تاکو حەماڵێکم بۆ پەیدا دەکەیت بیدە بە کۆڵیدا، ئەویشم کرد حەماڵ کەوتە ڕێ. ڕووم کردە ژنە وتم ئیتر ئەمرێکت ماوەت؟ وتی نەء خوا دەست بە عومرت بگرێ ڕێکەوت ماڵی ئەو ژنە لە گەڕەکی خۆمان بوو ڕۆژێکی تر بەلای ماڵەکەیاندا

تێپەڕیم لە بەرقاپییەکە وەستا بوو کە منی دی وتی: ئەوە تۆی کوڕی خۆم منیش وتم بەڵێ منم فەرموو وتی: بە خوا ڕۆڵە گەنمەکەی ئەو ڕۆژەم شتووەتەوە چوار پێنج قۆڵینەیە ناتوانم بیبەمە سەربان هەڵیخەم بەڵکو لەگەڵمدا سەری بخەیت وتم باشە و قوڵینەکانم یەکە یەکە سەر خستە سەربا . هەموو لەشیشیم تەڕ بوو ئینجا وتم: ئەمرێکی ترت هەیە؟ وتی نەوەڵا ئیتر خوا ئاگەدارت بێت ڕۆیشتم. دوو سێ ڕۆژێکی تری پێ چوو هەر بەو ناوەدا تێپەڕیم سەیرم کرد پێرێژن لە بەردەرگە وەستاوە، لە دڵی خۆمدا وتم بە خوا سەیر دەبێ دیسانەوە چاوەڕوانی من بێت ئینجا گەنمەکەی بۆ بەرم بۆ ئاش، دەسا هەرواش بوو، کە گەیشتمە بەردەمی، دوای چۆنی و چاکی! ئینجا بە زەردەخەنەیەکەوە وتی بەخوا هەر ئەم ئیشەم ماوە هەر چەند زەحمەتیشە بەڵام ناچارم وتم پێی ناوێ فەرموو. وتی: بەخوا فلانی گەنمەکە وشک بووەتەوە ئێستا دام گرتووە لە ژوورەوە حەماڵەکەش وەستاوە کەس نییە بیدات بە کۆڵیدا تاکو بیبات بۆم بهاڕێ تکایە ئەم زەحمەتەش بکێشە بۆم، وتم ئەمیش هەر بە سەرچاو تەنیا یەک شەرتم هەیە، ژنە وای دەزانی داوای چنگاڵ و کولێرە بەڕۆنی لێ دەکەم، منێک کە لە هەوەڵ ڕۆژی وەرگرتنی ئەم گەنمەوە لە تەموین تا کوشتنەوە ئینجا هاڕینی لەگەڵدا بووبم ئەمەوێ کە شێلرا و بوو بە هەویریش پتەو تیرۆکێکم بۆ دابنێیت و منداڵێک بنێری بە شوێنمدا ئا ئەوە ماڵەکەمانە بەڵکو پێش دەوامی دائیرە فریا بکەوم سێ چوار بەر نانتان لەگەڵدا بکەمەوە بە دڵی خۆش. ئاراوی جلیش باش دەگرمەوە لە بیرت نەچم.

٤٥

چووم بۆ حەمامی سوورەت بۆ خۆشتن کە چوومە ژووری سەیرم کرد زۆر گەرمە کاتیش زستان بوو زۆرم پێ خۆشبوو، دوای ئەوە گەرمم بووەوە پاک پاک خۆم شت هاتمە دەرەوە. حەمامچییەکە پیرۆزبایی لێ کردم وتی زوو هاتیتە دەرەوە ئەڵێی خۆت نەشتووە. وتم نەخێر دەمێکە لە ژوورەوەم پاکیش خۆم شتووە بووم بە پیشۆک. ئیتر پیاوەکە بۆ ئەوەی قسەکەی خۆی بسەلمێنێ وتی: بۆیە وا دەڵێم چونکە ڕەنگت لە ڕەنگی حەمامی ناکات. منیش واتم: بەڵێ ئەمەیان ڕاستە من وەک چای وامە دەبێ نەختێکم پێ بچێت ئەوسا دەم دەکێشم و ڕەنگ بەردەدەم.

٤٦

لە دوکانەکەی (أمجد)ی سەرتاش دانیشتبووم کاتێکم زانی ئەفەندییەک خۆی کرد بە ژووردا وتی ها . خاڵە ڕەجەب چۆنی، چاکی ئەوە چی دەکەیت؟ وتم خوا سەلامەتت بکا بەڵام چۆن دەزانی خاڵە ڕەجەبم واش دەزانی چی ئەکەم. وتی وەڵا سا وام دەزانی هیچ ناکەیت. دوای تۆزێک وەک هۆشی هاتبێتەوە بەرخۆی وتی بۆچی مردووت مرێ من خدری زیندەم بزانم چی دەکەی و چی ناکەی؟.

٤٧

ڕۆژێکی زستانی سارد بەفر کرێوەی دەکرد لەوانە بوو تفت هەڵدایە هەر بە ئاسمانەوە دەیبەست. لە دائیرە بووم کاتێکم زانی لەپڕ کوڕێکی ناسیاوم خۆی کرد بە ژووردا بەڵام وەک ژیشک خۆی هێنابووەوە یەک دانەکانی وەک چەقەنەی ئاش دەیان دا بەیەکدا لچ و سەروچاوی شین و مۆر بووبوونەوە منیش وتم: ئەوە چییە فلانی بۆچی وات بەسەر هاتووە؟ وتی بەخوا خاڵە گیان لەتاو سەرما هۆشم بە خۆم نەماوە وتم: ئاها چیت کرد بێ بەڵا بیت ئەی ئێمە بۆچی وانین؟ وتی بە خوا ئیتر بڵێم چی من بە سەرما زۆر حیزم منیش وتم: دەهەتا گەرمای نەکردووە ئێمەشت لە بیر نەچێت.

٤٨

کوێرێک هاتبووە شارەوانی لە فەراشەکانی پرسی بوو خاڵە ڕەجەب کامەیە، ئەوانیش وتیان ئەوەتا لەو سەرەوە؛ مامۆستا بە تەقەتەقی گۆچان بەڵغەم فرێدان بەملا و لای خۆیدا هات هەر بانگیش دەکات منیش چووم بە دەمییەوە وتی: خاڵە ڕەجەب تۆیت؟ وتم بەڵێ ئەمر بکە مامۆستا. وتی: بەخوا زاڵم ئەمر نەکات هاتووم بمکەیتە ژوورێ بچم چاوێکم بە سەرۆک بکەوێ، وتم بەخوا مامۆستا سا هەتا ماوی چاوت بە سەرۆک ناکەوێ. بەمە مامۆستا زۆر سەغڵەت بوو پیشی خواردەوە وتی کوڕە پیاوی چاک بە ئیشەکەم زەرووڕە مەبە بە دڕکی مەم و زین لێم وتم: مامۆستا خۆ تۆ خاتوو زین نیت سەرۆکیش کاکە مەم هەتا منیش ببم بە بەکر مەرگەوەر لە بەین تاندا؛ بەڵام هەر چاوت پێی ناکەوێ. وتی ئائا هەی زۆرزانی فێڵباز دەباشە دەچم دووقسەی لەگەڵ دەکەم، وتم کەیفی خۆتە قسەی لەگەڵ دەکەیت، بۆنی پێوە دەکەیت قەیناکا بەڵام بۆ بینین نای بینی.

٤٩

لەناو کۆمەڵێکدا دانیشتبووم باسی خێزان و منداڵ دەکرا یەکێک لەوێوە هەڵیدایە وتی: من دە ساڵ دەبێ ژنم هێناوە بەڵام بە ناشوکری نەبێت هێشتا نانێکم بە ڕەحەتی نەخواردووە لەبەر منداڵە وردەکە. منیش وتم: یاخوا دوژمنیشم بە ڕەحەتی نان نەخوا، بۆچی تۆ دەتەوێ بە ڕەحەتی نان بخۆیت بەخوا ئینشاڵا قەت خوا ئەوە ناکات. کابرا هەر چاوێکی بە قەدەر هێلکە شەیتانۆکەیەک لێ دەرپەڕانم لچ و لێوی هاتنە لەرزین و زەرد هەڵگەڕا وای دەزانی جنێوی پێ دەدەم وتی: یەعنی چی ئەمە دوعایە یان جنێوە چییە؟ وتم باوکم خراپ ناڵێم. بە ڕەحەتی نانت دەرخوارد بدەن دەخنکێی ئەوە هەر تەنەکە و سۆپان کە بە ڕەحەتی نەوت قووت دەدەن.

٥٠

لە پاسی (مصلحة)دا بووم زۆر قەرەباڵغ بوو بە هەزار حاڵ لەسەر گۆشەی کوورسییەک جێگەی خۆمم کردبووەوە وردە وردە کاکەی بلیت فرۆش لێم نێزیک بووەوە تا گەیشتە بەردەمم وتی: ها خاڵە گیان با (بطاقة)یەکیش بۆ تۆ ببڕم. منیش وتم: زۆر سوپاس بە خوا بۆ من مەبڕە وتی: بۆچی ئاخر تۆش وەک ئەم هەموو خەڵکە.

وتم باوکم من تائێستا بیست بیتاقەم زیاتر بڕیوە هیچم بۆ دەرنەچووە ئەم خەڵکە بەڵکو شەنسیان هەبێ من نیمە.

٥١

لە نوقتەی پاسدا وەستابووم کاتێکم زانی سائقی پاسەکە بانگی کردم وتی فەرموو خاڵە ڕەجەب سوار بە، وتم: بە خوا سوار نابم. وتی بۆچی سوار نابی ئاخر من حەز دەکەم. وتم بەخوا کاکە مەحجووب دەبم وازم لێ بێنە ئێمە برای یەکین، وتی ئاخر من پێت دەڵێم، منیش ناچار وتم: ئاخر شەوێ سوار بووم خۆ کەڵەشێر نیم.

٥٢

بەلای کۆمەڵێک ئافرەتدا تێپەڕیم هەموویان ناسیاو بوون کەوتنە ئەحواڵ پرسین و دەمەتەقێ لەگەڵمدا منیش وەستام لەلایاندا دوای تۆزێک یەکێکیان ڕووی تێ کردم وتی، ئەرێ خاڵە تۆ لە ئێمە باشتر ئاگەداری حسابیت پرسیارێکت لێ بکەین قەێ ناکا؟ وتم: فەرموون چیتان لێ عاسی بووە بۆتان هەڵ بێنم ژنە وتی: عەیب نەبێ چلەمان ڕۆیوە یان نا؟ کات هاوینێکی گەرم بوو وتم. جا دایکە ئەم پرسیارە بۆچ لە من دەکەن، سەیرم کرد ژنێکی ورگ زلیان تێدایە دەتووت دوانی لە سکدایە وتم: ئا لەو خوشکەم بپرسە ئەو دەیزانێ لەبەر گەڵ و ورگی مرم. ژنەی سکپڕیش گورج هەڵیدایە وتی: خاڵە گیان ئەگەر بە زەحمەتی نازانی لەبەر گەڵ و گوونی ڕەشەی مێردم بمرە لە بەرگەڵ و ورگی من مەمرە ئەو وای لێ کردووە.

٥٣

لەگەڵ چەند هاوڕێیەکمدا لە سەرچنار بووین تا درەنگێک ماینەوە شەو گەڕاینەوە یەکسەر چووین بۆ نادی تاکو لەوێش تەواو قەپاتی بکەین دانیشتین لەوەدا بوو شت بێنن. ئەوەندەم نەزانی کابرایەکی کەوا و سەڵتە لەبەر هاتە لامانەوە لەسەر کورسی و مێزێک لە نێزیکمانەوە دانیشت داوای (بطل)ێک بیرەی کرد، دوای ئەوەی دوو سێ فڕی باشی لێ دا لەوێوە ڕووی کردە من بە

دەنگێکی بەرز وتی ئەرێ خاڵە ڕەجەب تۆ لەگەڵ خواردنەوەدا کۆنی و ئاشنایەتیتان هەیە وەکو بزانی مەزەی بیرە چییە؟ منیش وتم: بڕوا دەکەیت چونکە بیرەم نەخواردووەتەوە نازانم مەزەی چییە کابرا تووڕە بوو وتی بێ قەزات بی چۆن نازانی ئەمە ئەوەی پێ دەوێ ئاوا خۆت بە ناز بفرۆشیت ناچار وتم:

باشە بیرە خۆی لە چی دروست دەکرێ؟ وتی: لە (جۆ) وتم کەوابوو ئەی تووڕەکەیەک (کا) مەزەکەت بێت بە چنگێک خوێوە.

٥٤

خەریکی خانوو دروستکردن بووم گەیاندبوومە ئەوەی کۆنکرێتی سەربانەکەی بکرێ، وەستاکە حەوزێکی کردبوو لە کۆنکرێت بۆ ئاو پێی وتم، برا ئەوە لم و ئەوە چەوو ئەوەش چیمەنتۆ هەموویان حازرن تەنیا لەسەر ئاو پەکمان کەوتووە دەبێ زوو بۆمان پەیدا بکەیت تاکو ئێمەش بتوانین ئیش بکەین منیش هەرچەند سەرم هێنا و برد نەم دەزانی لە کوێوە ئاو پەیدا بکەم. ناچار تەلەفۆنم کرد بۆ (اطفاء) وتم لای ئێمەوە منداڵێک ئاگری تێبەر بووە ئۆتۆمۆبێلەکەیان بۆ بنێرن با فریایان بکەوین، وتیان باشە هەر ئێستا دێین بەڵام تۆ لەو ناوەدا بووەستە تاکو دێین شوێنەکەمان پێشان بدە.. ئیتر خوا هەڵناگرێ ئەوەندەی نەبرد ئۆتۆمۆبێلی ئاگرکوژاندنەوە بە گیزەگیزە هات. وتیان خاڵە کامەیە با بڕۆین بردمن بۆ سەر بیناکەی خۆم وتم جارێ با بارتان سووک کەم ئاوەکەم بۆ بکەنە ئەو حەوزەوە. وتیان ئاخر چۆن دەبێ تۆ گاڵتەمان پێ دەکەیت وتم باوکم خۆم ئاگرم تێ بەربووە دەچمە قەراخ حەوزەکە دەوەستم ئاوەکەم پێداکەن با لە کورتی ببڕێتەوە.

٥٥

لە بەغدا پارەم لێ بڕا بوو ئەمویست بەرەو کەرکووک بگەڕێمەوە کەسیشم شک نەدەبرد قەرزی لێ بکەم چووم پوولێکی بەریدم کڕی و نام بە ناوچەوانمەوە ئینجا چووم لەبەر سندووقێکی بەریددا دانیشتم. ئەوەندەی نەبرد کابرای پۆستەچی هات کە سەیری کرد من لەوێدا دانیشتووم وتی: ئا کوڕە هەڵسە لەوێدا با ئەو نامانە دەربێنم. منیش وتم: دەتۆ لە پێشدا منیش بخەرە خورجەکەتەوە کابرا بەسەر سووڕمانێکەوە وتی: بۆچی؟ وتم چونکە منیش پۆستەم ئەوەتا پوول بە ناوچەوانمەوەیە پۆستەچییەکە وتی جا ئاخر گونییەکە هەر جێگەی تۆی تێدا دەبێتەوە، وەرە بابت بەم بۆ پۆستەخانە منیش نەمکردە نامەردی دوای کەوتم بردمی تا یەکسەر کردمیە ژوورەوە بۆ لای مدیری بەرید، مدیر وتی: ها. ئەمە پوولێکی ناوە بە ناوچەوانی خۆیەوە دەڵێ من پۆستەم، مدیریش لێم هاتە پێشەوە کە سەیری پولەکەی ناوچەوانی کردم دەستی کرد بە پێکەنین ئەوەندە پێکەنی تا هێزی لێ بڕا منیش لەسەر کورسییەکە قیت دانیشتبووم نقەم لە خۆم بڕی بوو، پۆستەچییەکە چوو تەمغەیەکیشی هێنا وتی: با پوولەکەش بەتاڵ کەمەوە دای بە ناوچەوانمدا هەردوو چاوم

چەخمـاخـەی دا ئیـتـر مـدیر بانگی کـرد وتی ئەم کـوڕەم بۆ بگەیەننە کـەرکووک دەسـتی کـرد بە باخەڵیدا نیو دیناریشی دامێ وتی ها ئەوەش پوولەکانی تری پێ تەواو بکە چونکە بە وەزنە.

٥٦

چەکێکم برد لە دائیرەوە بۆ بانق کە بۆم بگۆڕنەوە لەوێ گەیاندمە شوێنی خۆی و زەردێکیان دامێ ژمارەیەکی لەسەر بوو، منیش دانیشتم زۆر چاوەڕێم کرد تاکو ئەوانەی دوای منیش کە هاتبوون یەکە یەکە پارەی خۆیان وەرگرت و ڕۆیشتن هەر من مامەوە. منیش بە فەڕاشەکەم وت بچۆ بە مدیر بڵێ کە من دەمێکە هاتووم نازانم چەکەکەم چی لێ هات. فەڕاشەکە چوو دوای تۆزێک هاتەوە وتی: مـدیر دەڵێ با بچـێت سـووڕێک بدا، چەرخـەلەیە بکات تـا دێتـەوە بۆی تـەواو دەکـەم. منـیش هـەر لە جێدا دەستم کرد بە سووردان و چەقەنەلێدان ئینجا بە بابەخولێ، فەرمـانبەرەکان هەموو هاتن لێم کۆبوونەوە یەکێک دەیوت ئەرێ خاڵە ئەوە عەیب ناکەیت خۆ تۆ تا ئێستا ساغ بوویت بۆچی وا تێک چوویت یەکـێکی تر دەیوت: خـاڵە شـێت بووە، منیش وتم باوکم بۆچی تێک چووم من ئەمـری مدیرەکەی خۆتان بەجێ دەهێنم.

٥٧

بۆ کـەرکـووک دەچووم ئۆتۆمـۆبێلەکـەمـان لە چایخـانەکـەی قـەرەهەنجـیر لای دا ئێمـەش هەمـوو دابەزین؛ چوار پێنچ کەس لەوێ بوون هێشتا عەسر بوو بەڵام ئەوان هەر لە بەیانییەوە هاتبوون لەناو دارەکـاندا دەسـتیـان کردبوو بە خواردنەوە و قسـەی ناشیـرین و گاڵتـە بە خـەڵککردن. بە ڕاستی منیش غیرەتم قبووڵی نەکرد ئەو سەرسەریانە تەعەدامان لێ بکەن جوابم دانەوە، بەخوا گرتمیانە ناو خۆیان ئەوەندەیان لێ دام تا شل و کوتی مەرگیان کردم. لەم کاتەدا قەمەرەیەکی تر هات لە سلێمـانییەوە کاکە (ع)ی تێدا بوو دابەزی کە سەیری بەزمەکەی کرد قۆڵی هەڵ کرد و کـەوتە ناویانەوە هـەرچەند تێی هەڵ دەدان دەنگی دڵیـان دەهات تا هەموویان کـەوتنە پاڕانەوە و لالانەوە منیش هاتمە ئەملاوە دەسـتی کاکـە (ع)م گرت و ڕووک کـردە سـەرخـۆشـەکان وتم: ئـەمـە نامەردەکەمانە ئاوای لێ کردن ئەگەر ئازاکەمان بوایە هەمووتانی دەکرد بە پووڕی خوراو.

٥٨

لە پاسـێکی (مصلحة)دا سـوار بووبووم کاتێکم زانی پیـرێژنێک هاتە لامـەوە بەڵام تا حـەز بکەی ناشیرین دەتوت دایکی مەیموونە ئەوانەی ناو ئۆتۆمۆبێلەکە قسەیان لەگەڵ دەکردم، ئیتر پیرێژن ڕووی تێ کردم بۆچی تۆی خاڵە ڕەجەب وتم: بەڵێ. وتی: زۆرم حەز دەکرد و هەر بە ئاواتەوە بووم بت بینم بەخوا باش بوو زۆر پێخۆشحاڵ بووم منیش وتم: ئاگات لە من نییە دەسا فەرموو لەم بێ

نینەی من چی تێ دەگەیت؟ ژنە وتی! ئەرێ ئەوە بۆچی خۆت ئەوەندە ناشیرینی کەچی قسەکانت ئەوەندە خۆشە؟ منیش وتم: وەڵا خواحەقە خۆت زۆر جوان. وتی: من لە چاو تۆدا دەڵێی زولێخای میسرم وتم: ئەگەر تۆ زولێخا بیت منیش یوسفی کەنعانم هەرچەندە نە تۆ زولێخاییت و نە من یوسفم. بەڵام تۆ لە چاو زولێخادا دەڵێی ماکەری میسری پیرێژن وتی: ئەی تۆ گیانە؟ منیش وتم: کە تۆ وابی منیش لە چاو یوسفدا نێرە کەری میسرم. پیرێژن هیچی بۆ نەمایەوە وتی. سەیری ئەو دەمە بکەن دەڵێی چیکەنەیە پەنا بە خوا کێ دەرقەتی دەمی تۆ دێت، منیش وتم: ئەی خوا هیچی نەداومەتێ دەمەکەشم نەداتێ ئیتر پیرەژن خۆی پێچایەوە لە هەوەڵ نوقتەی پاسەکە بە بۆڵەبۆڵ دابەزی.

٥٩

ئەوسا شارەوانی سەر بە داخلییە بوو ڕۆژێک وتیان وەزیری داخلییە هاتووە بۆ سلێمانی و دێت سەر لە سارەوانیش دەدات. سەرۆک پێی وتم ڕەجەب ئاگەدار بە هەر کە لە دوورەوە دەرکەوت تەقەیەک لە دەرگەکە بکە تاکو منیش ئاگەداربم و بێم بە پیرییەوە. منیش وتم ئەمر دەکەیت قوربان ئەوەندەی نەبرد دوای ئەو قسەیە لە پڕ تەقەم لە دەرگە هێنا و کردمەوە سەرۆک ڕاپەڕی و هەستا بە پەلەپەل بەرەو ڕووم هات وتی: ها ڕەجەب کوانێ وەزیر هات؟ وتم نەخێر قوربان بەڵام ئەمە (ترای) بۆ.

هەواڵنامەی کتێب

٦٠

تەموین هەڵگیرا. شەڕی گەورەی دووەم بەو هەموو ناخۆش و کارەساتە جەرگبڕانەوە کۆتایی هات. منیش بێ ئیش مامەوە دوای بیرکردنەوەم وتم سەرێک لە شارەوانی بدەم بەڵکو لەوێ ئیشێکم دەست بکەوێ چوومە لای خوالێخۆشبوو قادر ئاغای ڕەحمەتی حاڵی خۆمم تێ گەیاند وتم تەموین هەڵگیراوە ئێستاش من ئیشم نییە بەڵکو دام بمەزرێنی ئاغاش وتی. کوڕم بە خوا ئیش نییە منیش وتم: ئەی چارەمان چییە؟ وتی، ڕۆڵە پێشینان وتویانە سەرەگوریسێک بگری خوا رزقت دەدا بڕۆ هەوڵی شتێکی تر بدە کە وای وت منیش بە هەناسەی سارد هاتمە دەرەوە. پاش چەند ڕۆژێک چووم گوریسێکم لە قەیی خۆمەوە ئالاند و چوومەوە ژوورێ سەرۆک ڕەحمەتی فەرمووی ئەوە چییە؟ وتم قوربان پێشینان وتویانە سەرەگوریسێک بگرە خوا رزقت دەدا من ئەوەتا ئالاندوومە لە پشتمەوە هەردوو سەرەکەیشم گرتووە ئیتر دەستی کرد بە پێکەنین و ئەوەندەی نە برد دای مەزراندم.

٦١

بەلای كۆمەڵێک تێ پەڕیم بانگیان كردم وتیان بێ زەحمەت وەرە پرسیارێكمان هەیە منیش چووم وتم فەرموون وتیان مانگی وا هەیە ٢٨ ڕۆژە هەیە ٢٩ هەیە ٣٠ هەیە ٣١ ڕۆژ ئەی بەم حسابە ساڵ چەند مانگە؟ منیش لە وەڵامدا وتم ئەگەر من و (مەولود)ی برام حساب بكەن دەكاتە دوازدە حسابیشمان نەكەن ئەوا هەر دە مانگە.

٦٢

كۆمەڵێک لە برادەران لە گازینۆیەک دانیشتبوون منیش دام بە لایاندا سەلامێكم لێ كردن دەردی حەسەن زیرەک دەڵێ عەلێكیان داوە و بە زۆر ڕایان كێشام وتیان فەرموو دانیشە بانگیان كرد چام بۆ هات و یەكێكیان دەستی برد پاكەتەكەی لە بەردەممدا ڕاگرت وتی فەرموو جگەرەیەک بكێشە وتم: ئا لەمەیاندا لێم ببوورە جگەرەم بۆ ناكێشرێ وتی: چی تەركت داوە؟ وتم: نەخێر تەرازووم پێ نییە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بێنە بۆت دەسووتێنم بۆت دەكەم بە دووكەڵ.

٦٣

لە بەغدا چوومە چێشتخانەیەكی قەڵەباڵغ زۆرم برسی بوو دانیشتم شاگردێک هات وتی (عمي شتأمر) وتم (تمن وبامیة) وتی (صیب) بەڵام زۆر درێژی كردەوە تۆزێكی پێ چوو شاگردێكی تر هات ئەویش هەر وتی (آغاتي گول) وتم (تمن وبامیة) وتی (تأمر) ڕۆیشت هەر هیچ دیار نەبوو منیش هەڵسام وتم بێ سوودە ئەمە وا دیارە چێشتخانە نییە فیزەبەرخانەیە با بڕۆمە شوێنێكی تر سكم هەڵێنجم بەڵام چیلكەیەكیشم گرت بە دەستەوە و چوومە بەرقاپی چێشتخانەكە كە خاوەنەكەی لێ دادەنیشت و پارە وەردەگرێ، دەستم كرد بە دان ئاژنین لە بەردەمیدا وتی (تفضل شأكلت) وتم (ماعون طیب وماعون تأمر) كابرا چاوی لێ دەرپۆقانم و لێم سوور بووەوە وتی (لاتقشمرني، وین اكو هیچي اكل احچي صدگ) منیش كارەساتەكەم بۆ گێڕایەوە، ئەوسا نەیهێشت بڕۆم وتی (بشرفي لازم تأكل قوزي و علی حسابي) وەڵا ناردی قۆزییان هێنا بێ ئێوە ناخۆش لێماندا لە دواییدا (حلویات)ي‌شمان كرد بەسەردا.

٦٤

چاوم ئەیەشا چوومە لای دوكتۆری چاو، دوای (فحص) و دەرمانكردن دوكتۆر وتی: خاڵە ڕەجەب نابێ زۆری پێ بڕوانی. وتم ئەی قوربان چۆن هاتوچۆ بكەم. وتی خۆ من ناڵێم هەر پێی مەڕوانە، وتم: ئەی چۆن؟ وتی: بەملا و لادا پێی مەڕوانە هەر ڕاست پێی بڕوانە منیش هەستام چووم پارچەیەک پلاستەرم پەیدا كرد و كردم بە دووكەرتەوە هەر كەرتێكم نا بەلایەكی چاومەوە و بۆ

سبحەینێ چوومەوە لای دوکتۆر کە ئەمەی دی وتی ها خاڵە ڕەجەب ئەم فێڵەت چۆن زانی، وتم: قوربان ئەسپی عەرەبانەم کردووەتەوە چونکە ئەوانیش وەک من ڕاست دەڕوانن، جا وا دیارە ئەوانیش دوکتۆری بەیتەری بۆی نووسیون کەوا ڕاست بڕوانن.

١

## من و نیسان ساڵی ٩٥٦

شەوێک لە شەوان بۆ کەیف و سەفا
چوومە مەیخانەی نیسانی مووسا

نەمزانی چی بوو بەقاچما نووسا
کاتێکم زانی لایەکم ئاوسا

لەبەر تاریکی دەعبا فرت و هوڕ
دوکەڵی تونیش هەروەک هەوری دوور

مەزەیان ئەفڕاند مشک بە کۆمەڵ
پێکیش دار ماڵی قاڵۆنچەی تۆپەڵ

پێم وت کاک نیسان ئەمە چ حاڵە
پێک بوویە چاڵی ژێری تەپاڵە

وتم چ کاکە من پارە نادەم؟
خۆت لە ڕووناکی دانیشتووی بێ خەم

هات بەلامەوە نیسان بە گورجی
چاکەت لە چڵکا ڕەق وەک قەرەنجی

وتی خاڵە گیان تۆ ئەفەرمووی چی
ئەی بینی وێنەی من مەیخانەچی

وتم نەء قوربان وێنەی تۆ نییە
حەقی تۆ ئێستا موتاب چی نییە

نیسان کە زانی من وا عاجز بووم
بای دایە وانێ پێی وتم مەمنوون

ئیتر لەمەودوا خزمەتت ئەکەم
بە دڵ و بە گیان بە چاو و بە دەم

وەختێکم زانی هێنای یەک چرا
بە پۆل نای کرێ برا لە برا

جێگەی نەوتەکەی لە ژەنگا ڕزیو
( بوری)ش کوناودەر لەم دیو بۆ ئەو دیو

دووکەڵی لێ دێ چەشنی سەر تەنوور
پینەی بۆڕییەکەی کاغەز سەوز و سوور

کاتێکم زانی بوو بە تەپوتۆز
گشت لە چاو ون بووین وەک بزن لە هۆز

لە دوای سەعاتێک هۆشم هاتەوە
خۆم بە خۆمم وت خوا بتباتەوە

ئەمە چ حاڵە تۆی کەوتوویتە سەر
لێرەدا کەوتووی وەک کورتانی کەر

غیرەت بە بەخۆت هەستە برۆ دەر
نە ئێرە خانە نە تۆش بووی بە کەر

٢

**من توبیای کوڕی مەنسوور: ساڵی ٩٥٧**

لە شارەوانی کە باخەوان بووم
چاپووک لە ئیشا وەک پاڵەوان بووم

مەعاشم وەرگرت پێنجییەکی سوور
دائیرە چۆڵ بوو هاتم بەرەو ژوور

بە دڵێکی خۆش بە کەیف و سروور
چوومە مەیخانەی توبیای مەنسوور

وتم بیهێنە قاپێک بە جارێ
نەوەک مەمنووع بێ وەختی ئێوارێ

توبیا گورج هەڵسا قاپی هەڵپچڕی
نام بە سەرمەوە چۆڕم لێ بڕی

دانیشتم تۆزێک ئیستراحەتم کرد
کاتێکم زانی هەردوو ئەژنۆم مرد

خۆم تەفرە دا تا شەو بوو بە درەنگ
هاتمە دەرەوە بە دڵێکی تەنگ

وەک حافز هاتم دوکان بە دوکان
تا گەیشتمە صیدلی سیروان

دەرگام کردەوە بێ خەوف و خەتەر
چوومە ژوورەوە وەستام عەینی کەر

(گەورەم) لەوێ بوو، گورج لێم تووڕە بوو
پێی وتم مەرج بێ تەردی یەکشەموو

گەڕامە دواوە کە ئەم قسەی وت
مێشک لە سەرما بوو بە تەڕی پووت

خۆم بە خۆمم وت لەعنەت لە مردووت
هێندە سەرخۆشی ڕەش بووی وەک بزووت

کەسم شک نەبرد بیبەم لەگەڵ خۆم
پشتم چەماوە وەک دەزووی ناو مۆم

وتم یاڕەبی من چیم کرد بە خۆم
ڕوو بکەمە کوێ ئەم قوڕە بشۆم

سەراپا لەشم هەمووی قوڕە
دڵم تێک چووە مەعیدەم پڕە

وام بە باش زانی ڕۆیشتمەوە ماڵێ
چاوم نابینا کەوتمە ناو چاڵێ

له چاڵ هاتمه دەر هەستامە سەرپێیان
خۆم کرد بە ماڵا وەک مانگای مالوان

دایکم ڕاپەڕی باوکم لەولاوە
نەیەیتە ژووریێ لەشت گلاوە

وتم واز بێنن هەقی خۆم وەرگرت
قەتعی مەعاشی هەرسێکمانیان کرد

من لەو ڕۆژەوە کە (سحب الید)م
وێنەی گیای بن بەرد زەعیف و زەردم

ئەم پانزە ڕۆژە کە دەرکراوم
چاوم کوێر بووە هێندە گریاوم

یاران پەکم کەوت جەرگی بڕاوم
ئەم جارە پەنا بۆ کێ بهاوم

خۆم موستەحەقم هەر چییەکم لێ بکا
ئەو دایک و باوکەم کێ بەخێویان کا؟

من کە سەرخۆش بم بێ عەقڵ و کەرم
چاوەڕێی رەحم و سەرفی نەزەرم

شەیتان نەمردووە منیش بە شەرم
عەرەق پێی کردم هەی هەش بە سەرم

ئەسحابە بەرگەی شەرابیان نەگرت
تا خوا بە ئایەت زوو حەرامی کرد

٣

**من و تەلەڤزیۆن**

تەسجیل و ڕادیۆ باویان نەماوە
وا تەلەڤزیۆن کەوتە کایەوە

با لە دەست ژن و ماڵ تێر بخۆین جوێن
نایەی بە ماڵدا بێ تەلەڤزیۆن

ئەگەر خەفەتی دنیاش بنۆشی
ئەبێ بەرەکەی ژێرمان بفرۆشێ

زوو بۆمان بدەی بە تەلەڤزیۆن
خۆت ڕزگار بکەیت لە دەست شەڕەجوێن

ئەی قوڕ بەسەرم هاوار بە ماڵم
لەسەر چی بنون کۆرپە و مناڵم

ئافەرەت تۆ پارە بدە بە عەبا
تۆ و تەلەڤزیۆن کوجا مەرحەبا

کوڕە پێی ناوێ ئەم بگرە و بەردە
یا تەلەڤزیۆن یاخود سێ بەردە

٤

**من و هەژاری**

ئەوا پایز ڕۆیشت بۆمان هات زستان
هەژار هەڵلەرزێ بێ جێ و دەرەتان

چۆن بژی خۆی و یەک رەشە خێزان
چۆن ڕزگاری بێ لە سەرمای زستان

لە تاو بێ ئیشی سەری سوورماوە
لەناو ماڵیشدا زۆر ناتەواوە

شان و مل رووتە چەکەی کەوشەکەی
قوڕ لێی پرژاوە تا پشتێنەکەی

مناڵی ڕووت و برسی و سەرگەردان
پێی ئەڵێ بابە کەی وایە ژیان؟

هەواڵنامەی کتێب

ئـەویش کـــــز و مـــــات پێـی ئـەڵـێ ڕۆڵـە
ئـەی نەتزانیـــوە فـــەقـــیـــر کـــڵـــۆڵـە

بـەڵام بزانـە رزقـی هـەمــــــــوومـــــــان
بە دەست کـەس نیـیـە تـەنهـا هـەر یەزدان

٥

## من و نەوت زستانی ٩٦٨

هـیـچ ســوودی نـیـیــە ئێــوە وا ئـەکــەن
بـە تـەنـەکـــــەوە بـۆ نـەوت ڕائـەکــــەن

هـەمـــیـــشـــە چاوتـان لە گـــرانیـــیـــە
چاو لـە برســـیـــەتـی و دووره نانیـــیـــە

تـۆ وا ئـەزانـی ئـەمـــرین لـە ســـەرمـــا
وا ئـەڕۆینـەوە بەرەو ڕووی گـــەرمـــا

دەســا تـۆ هـەر نـەوت بخـــەرە عـــەمـــار
بیـبـــە بۆ لادێ بیــفــرۆشـــە لە شـــار

بیـــدزە و بیـــمـــژە بـەری ڕەنجـــمـــان
پێـی گـولـۆڵـە بیت بیـــدەی بـە دەرمـــان

ئـەو ڕۆژە نـەمـــــا کــــــە تـۆ ئـەیزانـی
بـەلـەدیە ئـیـــــشـی خـــۆی زووتـر زانـی

بـە لـۆری نـەوتـی گـــەیـانـە نـاو شـــــار
گـــەرم بـوونـەوە فـــەقـــیـــر و هـەژار

هەولێرنامەی کینگ

پێڕست


دیموکراسیی لاواز لە بۆسەی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم و هەژموونخوازیدا ........ 3
ڕۆهەڵاتناسی بە تێڕوانینێکی ڕۆهەڵاتییانە ........ 24
ڕۆهەڵات وەک پەناگە و ڕزگاربوون ........ 34
کوردناسی لە ڕووسیا هەڤپەیڤینێک لەگەڵ پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار ........ 49
مەکیاڤیللی لە تای تەرازوودا ........ 74
فاکتی تاوانی جینۆساید لە ڕۆئاوای کوردستاندا ........ 96
لە گەنجینەکانی ئەرشیڤی کتێبخانەی نیشتمانیی پاریس–ەوە ........ 108
ژیانێک، ڕاپەڕینێک، مەنفایەک ........ 130
کورد و وڵاتەکەی ........ 146
لە لاپەڕەکانی دۆزی کوردەوە ........ 160
دوورخستنەوەی ناوی یەحموور لەناوی شا بەهرام گوور ........ 178
بنەواکانی ڕۆژنامەوانی ........ 195
فۆکس نیوز دەزگایەکی ڕاگەیاندنی خێزانی و پیاوکوژانەیە ........ 234
تورکیا و ئیسرائیل لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا ........ 240
گۆرباتشوف: من لە پوتین نیگەرانم ........ 249
چاوپێکەوتنێک لەگەڵ نووسەر و بیرمەندی ناسراوی هیندی ئارونهاتی رۆی ........ 254
تاک و تایبەتمەندییەکانی ........ 265
چەند ئامۆژگارییەک بۆ نووسەرێکی گەنج ........ 269
(نووسەرێکی گێل) و ئاوڕدانەوەیەکی مێژوویی لە ئێستا ........ 274
دانا ڕەئووف لە لێکۆڵینەوەیەکی شانۆیی بیانیدا ........ 282
بۆچی چیرۆک دەنووسین؟ ........ 284
ئۆرهان پامۆک! بۆ کێ دەنووسیت؟ پرسیار ئەمەیە ........ 293
بالێی فندقشکێن ........ 300
ڕێبوار سەعید نووری خەریکە ناوی ئەو پەیکەرتاشە ........ 303
بەیتی: سیامەند و خەجێ "دەق و لێکۆڵینەوە" ........ 321
چیرۆکی مەم و زین دڵدارییەکی پاک و خاوێنی گیانی بە گیانی سەودایەکی ........ 361
ترش و شیرین لە گاڵتە و قسەی بەتوێکڵ ........ 376